# هیچ ئەرکێك مەحاڵ نییە

## ئەرکە مەرگهێنەکانی هێزە تایبەتەکانی ئیسرائیل



مایکل بارزۆهار و نیسیم میشال

به کوردی کردنی
کەریم قادر

هیچ ئەرکێك مەحاڵ نییە
ئەرکە مەرگهێنەکانی هێزە تایبەتەکانی ئیسرائیل
مایکل بارزۆهار و نیسیم میشال
٢٠٢٢

NO MISSION IS IMPOSSIBLE
THE DEATH-DEFYING MISSIONS
OF THE ISRAELI SPECIAL FORCES

MICHAEL BAR-ZOHAR
AND NISSIM MISHAL

"هێرش و پەلامارەکانمان مەبەستی مۆراڵی و فێرکردنیشی هەیە، جووە نیشتەجێبووەکانی نزیک سنوور کە لە عێراق، کوردستان و باکوری ئەفریقا..... هاتوون دڵنیا دەکەینەوە کە گەلی جوو خاوەن دەوڵەت و سوپایە، ژیان و موڵکیان بەهای هەیە، دەبێت ئێمە شکۆ و گیانی سەربەخۆیی و شانازی لەناویاندا بڕوێنین، چونکە ئەوانە هاووڵاتیی وڵاتێکی سەربەخۆن و لە بەرامبەر ژیان و سەلامەتیاندا خۆی بە بەرپرس دەزانێت.

"بێن گۆریۆن"



**مایکل بارزۆهار** یەکێکە لە نووسەرە دیارەکانی ئیسرائیل و خاوەنی ژمارەیەک ڕۆمان و پەڕتووکی یادەوەرییە، ئەندامی کنێست و شاندی ئەنجوومەنی ئەورووپا بووە. یەکێک لە شارەزا دیارەکانی بواری سیخوڕییە و نووسەری فەرمی بایۆگرافەری داڤید بێن گۆریۆن و شەمعون پێرسە.



**نیسیم میشاڵ** کەسایەتییەکی تەلەفزیۆن و ئەندامی دەستەی تەلەفزیۆنی ئیسرائیل بووە و وەک پەیامنێری سیاسی کاری بۆ واشنتۆن کۆرسپۆندت کردووە و دواجار ئەرکی بەڕێوەبەری گشتی لە ئەستۆ گرتووە.

# هیچ ئەرکێک مەحاڵ نییە

## ئەرکە مەرگهێنەکانی هێزە تایبەتەکانی ئیسـرائیل

مایکل بارزۆهار و نیسیم میشال

بە کوردی کردنی

کەریم قادر

- ناوی کتێب: هیچ ئەرکێک مەحاڵ نییە، ئەرکە مەرگهێنەکانی هێزە تایبەتەکانی ئیسـرائیل
- نووسینی: مایکل بارزۆهار و نیسیم میشال
- بە کوردی کردنی لە ئینگلیزییەوە: کەریم قادر
- دیزاینی ناوەوە: یاسین فاریق سێلکی
- دیزاینی بەرگ: دیار پیرانی
- سەرپەرشتی چاپ: مستەفا نەجم
- ساڵ و شوێنی چاپ : ٢٠٢٢- هەولێر
- چاپخانە: ڕۆکسانا
- تیراژ: ٢٠٠٠

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان ژمارەی سپاردنی (....) ساڵی ٢٠٢٢ی پێدراوە.

پێشـکەشـە:

- بەو هەڤاڵە مردوو و زیندووانەی لە جەنگی شەش ڕۆژەدا لە شاڵاوی سینادا لە یەک سەنگەردا بووین.
- بەو قارەمانانەی لە ڕۆژی کیپووردا لە سوێس پەڕینەوە.
- داکۆکیکارانی ئاشتی لە جەلیل.
- بەوانەی خەونی ئاشتیان لەناو دڵیاندا ڕواندووە.

**"مایکل بارزۆهار"**

- بە نەوەکانم ئیدان، یوئاڤ، ئور، نائوم و نوا. لە پەروەردگار دەپاڕێمەوە ئەو ڕۆژە بێت کوتری ئاشتی و لقە زەیتوون ببینن.

**"نیسیم میشال"**

ناوەڕۆک


بەرایی: دوو جەنگ ---------------------------------------- ٩

پاژی یەکەم عانتابی ١٩٧٦ ------------------------------------ ١٣

بەشی یەکەم: چۆن ئەوانە هەمووی دەستیان پێکرد؟---------------- ٤٩

پاژی دووەم ڕزگارکردنی ئۆرشەلیم، ١٩٤٨-------------------------- ٥١

پاژی سێیەم تیری ڕەش ١٩٥٥------------------------------------ ٦٣

بەشی دووەم: هەڵمەتی سینا------------------------------------- ٧٥

پاژی چوارەم، ئەم فڕۆکەیە بهێنە خوارەوە ١٩٥٦---------------------- ٧٧

پاژی پێنجەم، قادش١٩٥٦--------------------------------------- ٩١

بەشی سێیەم: شەڕی شەش ڕۆژە-------------------------------- ١٠٩

پاژی شەشەم، ژیان یان مردن، ئۆپەراسیۆنی چەق١٩٦٧ -------------- ١١١

پاژی حەوتەم، چیای پەرستگا لە دەستماندایە ١٩٦٧ ----------------- ١٢٧

بەشی چوارەم: شەڕی خوێناوی ------------------------------------ ١٤٣

پاژی هەشتەم، هێرشی سەر دورگەی کەسک ١٩٦٩------------------ ١٤٥

پاژی نۆیەم، بۆمبارانی ئیسرائیلییەکان بکە ١٩٦٩-------------------- ١٥٧

پاژی دەیەم، بۆ بۆمبارانی بکەین ئەگەر توانای گرتنیمان هەیە ١٩٦٩---- ١٧١

پاژی یازدەم، دوژمن بە ڕووسی دەدوێ ١٩٧٠ ----------------------


هەواڵنامەی کتێب

١٨٣

پـاژی دوازدەم، فریشـتەی سـپی لەسـەر پەیـژەی یـاقوب ١٩٧٢------------
١٩٣

پـاژی سـێزدەم، بوەسـتە، نەبـزووی و دەسـت بەرزبـکەوە ١٩٧٢ ----------
٢١٥

پاژی چواردەم، ئەو خاتوونەی واتە کێشە ١٩٧٣ ------------------- ٢٢٧

بەشی پێنجەم: شەڕی ڕۆژی کیپوور ------------------------------- ٢٤٥

پـاژی پـازدەم، نەبەردیـیەک لە ئەفریقـا ١٩٧٣ -----------------------
٢٤٩

پاژی شازدەم، فەرماندە کوژرا... جێگری فەرماندە کـوژرا... جێگری دووەمـی فەرماندە١٩٧٣------------------------------------------------------ ٢٦٥

پـاژی حەڤـدەم، دەریـاچەی تەبەریـاس دەبیـنم! ١٩٧٣-----------------
٢٨١

پاژی هەژدەم، چاوەکانی نەتەوە ١٩٧٣ ---------------------------- ٢٩٧

بەشی شەشەم: مەترسی نیوکلیاری --------------------------------- ٣٠٧

پاژی نۆزدەم، "ئـۆپێرا" لە بەغـدا و "ئەریزۆنـا" لە سـوریا ١٩٨١ و ٢٠٠٧ ----
٣١١

بەشـــی حەوتەم: شــــەڕی لوبنـــان -----------------------------------
٣٢٧

پاژی بیستەم، ئایا ڕەشاشیان هەبوو، ١٩٨٢-------------------------- ٣٣١

پـاژی بیسـت و یەکەم، کۆنسـێرتێکی گەورەی پـڕ لە ئـامێر ١٩٨٢ --------
٣٤٣

هەواڵنامەی کتێب

بەشـــی هەشــــتەم: شــــەڕی تیرۆریــــزم ---------------------------------- ٤٥١

پــاژی بیســـت و دووەم، ئەبـــو جیهــاد ئــێمەی نــارد ١٩٨٨ --------------- ٣٥٥

پاژی بیست و سێیەم، کەشتیەکە لە کوێیە؟ ٢٠٠٢ ------------------ ٣٦٩

پاژی بیست و چوارەم، ساڵیادی هۆلۆکۆست لە چادرگەی نابلوس ٢٠٠٢ -- ٣٨٥

پــاژی بیســت و پێــنجەم، چیرۆکــی نەبــڕاوەی غەززە ٢٠٠٨، ٢٠١٢، ٢٠١٤ -- ٣٩٧

کۆتایی: گەڕانەوەی هۆزێکی ونبوو ---------------------------------- ٤٢١

لەنــاو جەرگەی ئەفریقــاوە بــۆئۆرشــەلیم: ئۆپەراســیۆنی موســا (١٩٨٤) و ئۆپەراسیۆنی سۆلۆمۆن (١٩٩١) ------------------------------- ٤٢٣

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

## بەرایی: دوو جەنگ

لە شەڕی سەربەخۆییەوەڕا، سوپای ئیسرائیل هەمیشە لەناو دوو جەنگی نەبڕاوەدایە. جەنگێک لە بەرەکانی پێشەوە لەگەڵ دوژمنانی ئیسرائیل کە هەرگیز نەوەستاوە، جەنگێکی ناوخۆیش- بۆ دارشتن و چەسپاندنی مۆراڵ و پرەنسیپە مرۆییەکان کە لە سوپای دیکەدا وێنەی نییە.

وەک پێشتر جەنگی ناو بە ناوی لەگەڵ دوژمنانیدا تا هەتایێ دەمێنێتەوە. لە ١٩٤٨ ئەو کاتەی دەوڵەتی ئیسرائیل دامەزرا، ژمارەی دانیشتوانەکەی تەنیا ٦٥٠ هەزار کەس بوو، دەبوو بەرامبەر هێرشی پێنج دەوڵەتی عەرەبی بوەستێتەوە کە ژمارەیان لە سەرووی سی ملیۆن بوو. لە ٢٠١٥ کاتێک ژمارەی دانیشتوانی ئیسرائیل بوو بە ٨ ملیۆن کە لە ٨٠٪ی جوو و ٢٠٪ی عەرەب پێکهاتبوو کە بە هیچ جۆرێک بەشداری خزمەتی سەربازی ناکەن، کاتێک ژمارەی دانیشتووانی وڵاتانی دەوروبەری بووە ١٤٠ ملیۆن، کەلێنەکەش هەر گەورە و گەورەتر بووەوە. پێویستە هەرێک لە مسر و ئوردن لەم هاوکێشەیە بهێنرێنە دەرەوە کە پەیمانی ئاشتیان لەگەڵ ئیسرائیل واژوو کردووە، بەڵام هێزێکی نوێی ترسناک پەیوەندی بە بەرەی دوژمنەوە کردووە: ئێرانی بە هێزی ٧٥ ملیۆن کەس کە سەرکردە ئیسلامییە توندڕۆکانی بە بەکارهێنانی چەکی قەدەغەکراو یان نەکراو سوێندی سڕینەوەی ئیسرائیلیان لەسەر نەخشە خواردووە.

بەر مەبنای ئەم هاوکێشەیە پێویستە هێزی بەرگری ئیسرائیل(IDF) بەردەوام پەرە بە تەکنیکی سەربازی بدات تا قەرەبووی ئەو کەلێنە ترسناکەی نێوان خۆیی و دوژمنانی بکاتەوە. ئەمەش بەر مەبنای دارشتنی ستراتیژی شەڕی جڵەوکردنی دوژمنەکانی لە دوو بەرەدا بە پڕ چەککردنی سوپا بە پێشکەوتووترین و ئاڵۆزترین چەک بە جێگەیەندراوە کە زۆربەیان لە ئیسرائیل

هەواڵنامەی کتێب

بەرهەمهێنراون، لە کاتێکدا لە بەرەی سێیەمدا لە چوارچێوەی بونیادنانی هێزێکی ئاسمانی زەبەلاح و هەواڵگرییەکی نایاب کاری کردووە، بە تایبەتی لە ڕێگەی پێکهێنانی چەندین یەکەی هێزی تایبەت کە لە خۆبەخشی خوێنگەرمی هۆشمەند و ڕاهێنانێکی ناوەندی پێکهاتووە، لە سەرووی هەموو ئەوانەوە بەهۆی نەخشە و پلانە داهێنەرەکانی، هەر کات دەتوانێت دوژمن بتاسێنێت و گوورزی خۆی بوەشێنێت. لە چوارچێوەی ئەم نەخشانە بوار بە ژمارەیەکی بچووکی سەرباز - هەندێک جار تەنیا چەند کەسێک- دەدرێت ئەرکێک جێبەجێ بکەن کە لە باری ئاساییدا، جێبەجێکردنی پێویستی بە چەندین پۆڵ و بەتالیۆن هەیە. وەک چۆن یەکەی ١٠١ی پەڕەشوتوانانی کۆماندۆی تایبەت لە یەکەی سایەرەت ماتکال، شایتیت ١٣، کینگفیشەر، دوڤدەڤان، شەمشون، ماگلان و یەکەی کۆماندۆی هەر لیوایەکی هێزی بەرگری ئیسرائیل و ئیدیکە پێکهاتووە کە بە نۆرەی خۆیان ئەزموون و تاکتیکەکانیان لەگەڵ تەواوی سوپا هاوبەشی پێدەکەن. وەک ئەوەی لە پاش جەنگی شەش ڕۆژە ژەنەڕاڵێکی بە دیلگیراوی مسری ددانی پێدا ناو و گوتی:" ئێمە دەرەقەتی ئێوە نایێن، ئێوە سوپای کۆماندۆکانن."

لە هەردوو سەردەمی ئاشتی و شەڕدا، جەنگی مۆڕاڵی لەسەر بنەمای ئەو کۆدە ئاکارە جێبەجێ کرا کە هاگانا لە سەردەمی کاری نهێنیدا بەر لە دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل دایهێنابوو. ئەو چەمکە، چەمکی "پاکیەتی بەکارهێنانی چەک" لە لایەن هاگانا دارێژرا بەو مانایەی نابێ جەنگاوەران ئازاری کەسانی سڤیل، ئافرەت، منداڵ یان سەربازی بێ چەک بدەن. بەپێی ئەم فەرمانە، چ لە ڕابردوو و چ لە ئێستادا چەندان سەربازی هێزی بەرگری ئیسرائیل دادگایی کراون. دادگایەکی بەناوبانگ قسە لەبارەی "پەرچەمی ڕەش"ی هەر فەرمانێکی سەربازی دەکات کە دژ بەم یاسا بێت، سەربازان لەبری جێبەجێکردنی، دەبێت بەرهەڵستی بکەن. ئەم چەمکە لە لایەن هێزی

بەرگـــری ئیســـــرائیل جێبەجـــێ کـــرا، هەر ســــەرپێچیکردنێک کە لە دوا ڕووبەڕووبوونەوەی فەڵەستینییەکان لە غەززەوە ڕوویدا، ڕاپێچی بەردەم دادگا کران.

لەگەڵ ئەوەی هێـزی بەرگـری ئیســرائیل هەوڵـی پاراسـتنی دوژمـنە بـێ چەکەکانی دەدا، هاوکات خەباتی بۆ پاراستنی خۆشی دەکات. بەر مەبنـای ئەو پرەنسیپەی لە شەڕی سەربەخۆیی چەسپا، لە ژێر هـیچ بارودۆخێکـدا پشـت لە سەربازانی بریندار و بـێ دەرەتـان لە نـاوچەی دوژمـن نەکـات، بەڵکـو بە هەر نرخێـک بێـت، دەبێـت ڕزگاریـان بکـات. هەروەهـا ڕزگـارکردنی ئەو جـوو و ئیسـرائیلیانەی لە دەرەوە لە ژێر مەترسـیدابوون، ئەویـش فەرمـان و ئەرکێکـی سەرەکی بـوو، لە شـێوەی بارمتەکـانی تیرۆریسـتان لە عانتـابی (١٩٧٦) یـان لە شێوەی جووانی ئەسیوپیا کە لە ١٩٨١ و ١٩٩١ لە ژێر مەترسیدا بوون.

زاراوەیەکـی دیـکەی بـاو و بەرچـاوی سـوپا، گـوزارەی "وەرە دووم" بـوو، ئەفسـەرانی یەکەی تـایبەت بە تەنیـا ڕاهێنانیـان بە پیـاو و ژنەکـان نە دەکـرد، بەڵکـو دەبــوو لە بەرەنگـاربوونەوەی دوژمـن سـەر کـاروان بـن و لە پـێش سەربازەکانیان بن بۆئەوەی لە ئازایەتی و قارەمانیـدا نموونەیەکی کەسـیان پـێ بدەن. زاراوەی "وەرە دووم" بووە جەنگی زوڵاڵی سـوپای ئیســرائیل و ڕێـژەی قوربانی زۆر لە ڕیزەکانی ئەفسەرانی ئیسـرائیل، ئەوە دەسەلمێنێ.

بەهاکـان، هانـدەری بەهێـز، ڕاهێنـانی تـایبەت و سـتراتیژی نـا تەقلیـدی هێزەکانی بەرگری ئیسـرائیل، هەمووی بە سەریەکەوە سەربازێکیان بەرهەمهێنا کە بە لایەوە هیچ ئەرکێک مەحاڵ نییە.

لە ٦ی ئۆکتــۆبەری ١٩٧٦ لە ڕۆژی کیپــووردا، ســوریا و مســـر هێرشـێکی کوشندەیان کردە سەر ئیسـرائیل، لە یەک کاتدا پەلامـاری بەرزاییەکـانی جـۆلان لە بـاکور و نـیمچە دورگەی سـینایان لە باشـوردا. دوای زیـانێکی بە ئـازار و بە

نرخێکـی گـران ئیســرائیل دوژمنـی تێکشـکاند. سـێ سـاڵ دوای شـەڕی ڕۆژی کیپوور، لە کاتێکـدا هێشـتا برینەکـانی بەهـۆی لە دەسـتدانی ٢٧٠٠ سـەرباز و بەشێکی زۆر لە هێزە بەرپەرچدانەوەکانی خوێنیان لێ دەچـۆڕا، گۆڵـدا مـائیری سـەرۆک وەزیـران دەسـتی لە کـار کێشـایەوە و شـوێنەکەی لە لایەن ئیسـحاق ڕابین گیرایەوە، جێگەی مۆشی دایان، وەزیری بەرگـری لە لایەن شـیمۆن پێـرس گیـرایەوە، هەرچەنـدە ڕابـین و پێـرس متمانەیـان بە یەکـدی نەبـوو و چـارەی یەکدیشـیان نە گەرەکبـوو، بەڵام لە بەرامـبەر هێـرش و پەلامـارە نەبڕاوەکـانی گرووپە تیرۆریستەکان بۆ سەر ئیسـرائیل، دەبوو پێکەوە مامەڵە بکەن.

هەواڵنامەی کتێب

# پاژی یەکەم
## عانتابی، ١٩٧٦

لە ٢٧ی حوزەیرانی ١٩٧٦ لە فڕۆکەخانەی ئەسینا، ژن و مێردێکی ئەڵمانی سواری فڕۆکەی هێڵی ئاسمانی فەڕەنسا بوون و لە کورسییەکانی پلە یەک جێی خۆیان گرت و جانتا گەورەکانیان لە ژێر کورسی پێش خۆیان دانا. پیاوەکە یەکێکی باریکەلە بوو، پرچ و ڕدێنە قاوەییەکەی و سمێڵەکەی کە بەسەر چەناگەی شۆڕببۆوە لەگەڵ چاوە زەنگیانەکانیەوە سیمایەکی کەشخەیان پێیدابوو. کەسێکی ماندوو دیاربوو، هەر زوو پاڵی بە کورسییەکەیدا و چاوەکانی داخستن. هاوڕێکەی کە پانتۆڵێکی هاوینەی لەبەربوو، ئافرەتێکی باڵابەرزی قژکاڵی دەموچاو جوانبوو، بەڵام بە هۆی شەویلاگە قۆقزەکەیەوە کەمێک گڕە دیاربوو.

ئێرباسی A٣٠٠ گەشتی ژمارە ١٣٩ لە تەلئەڤیڤەوە بۆ پاریس ٢٤٦ نەفەری هەڵگرتبوو، لەوانە ١٠٥یان جوو و ئیسرائیلی بوون لەگەڵ ١٢ کەسەکەی تاقمی فڕۆکە، بەڵام لە کورتە وەستانێکیدا لە ئەسینا خەڵکی زیاتر سواربوون. سەرنشینە تەلئەڤیڤیەکان چاویان لەسەر دوو کەسە ڕوخسار ڕۆژهەڵاتییە جلک ڕەشەکان نەبوو کە بە زەردەخەنەی گاڵتەئامێزەوە سەیری سەرنشینی پلەی ئابوریان دەکرد.

کاتژمێر ١٢:٣٥ی دوای نیوەڕۆ تەنیا چارەگێک دوای فڕینی فڕۆکەکە لە ئەسیناوە، دوو ئەڵمانییەکە جانتا دەستییەکانی خۆیان کردەوە، پیاوەکە پاکەتێکی گەورەی شیرینی دەرهێنا و قەپاغە تەنەکەکەی لادا، ئافرەتەکەش بوتڵێک شامپانیای هێنا و بە دەستەکانی خەریکی بادانی سەرەکەی بوو. لە

هەواڵنامەی کتێب

هیکرا پیاوەکە لەناو پاکەتە شیرینییەکە ڕەشاشێکی دەرهێنا و هەستایەوە و بەرەو کابینەی فڕۆکەوانان ڕۆیشت، لوولەی چەکەکەی لە فڕۆکەوانەکان کرد. لە هەمان کاتدا ژنەکە بنی بوتڵە شامپانیاکەی شکاند، دەمانچەیەک و دوو نارجۆکی دەرهێنا.

ژنەکە لە سەرنشینی پلەی یەکەمی خوڕی و هاواری کرد: دەست بەرز کەنەوە! کەس نەجوڵێ.

هەمان دەنگیش لە پلەی ئابوورییەوە بیسترا، دوو پیاوە ڕوخسار ڕۆژهەڵاتیە جلک ڕەشەکان لە کورسییەکانیانەوە بازیاندا و ڕووی ڕەشاشە بچووکەکانیان لە سەرنشینەکان کرد و بە ئاسانی ملکەچیان کردن، دەنگی ئافرەتە ئەڵمانییە ڕفێنەرەکە لە بڵندگۆی فڕۆکەکەوە دەنگی دایەوە و بە ئەکسێنتێکی ئینگلیزی خۆی بە کاپتنی نوێی فڕۆکەکە و بە باسل کوبەیسی فەرماندەی "کۆماندۆی جیڤارا لە کەرتی غەزە"ی سەر بە بەرەی ڕزگاریخوازی میللی فەڵەستین ناساند. ترس و تۆق باڵی بەسەر سەرنشینەکاندا کێشا، هەبوو لە ترسان و تورەییدا هاواری دەکرد و لە گشت کورسییەکان هاواری گریان و پاڕانەوە بەرز بوویەوە، سەرنشینە زراو ڕژاوەکان لەوە گەیشتن کە ڕفێندراون و بوونەتە زیندانی دەستی تیرۆریستان. کاپتنە نوێیەکە و هاوڕێکانی فەرمانیان بە سەرنشینەکان کرد، هەر چ چەکێکیان پێیە فڕێ دەنە ڕاڕەوی ناو فڕۆکەکە، تەنانەت هەندێکیان قەڵەمبڕی گیرفانیشیان فڕێدا. دەستبەجێ ڕفێنەران کەوتنە پشکنینی پیاوەکان، لەم کاتەشدا فڕۆکەکە سوڕایەوە و ڕووی لە باشور کرد.

لە نیوەی کۆبوونەوەی کابینەی حکوومەت لە ئۆرشەلیم بە بێدەنگی پارچە کاغەزێک درایە دەست شیمۆن پێرس. وەزیرە بەرگرییە تەمەن ٥٣ساڵی یاریدەرە دڵسۆزەکەی داڤید بێن گۆریون بوو، ساڵی ١٩٥٦پێرس بۆ جێبەجێکردنی "ئەرکی مەحاڵ" هاوپەیمانێتیەکی لەگەڵ فەرەنسا دروست کردبوو- بۆ بونیادنانی کورەی نهێنی ئەتۆمی لە نزیک باشوری شارۆچکەی

دیمونە.

پێرس، پارچە کاغەزەکەی ڕەوانەی پێش ئیسحاق ڕابینی سەرۆک وەزیران کرد، ئەویش چاویلکەکەی لە چاوی کرد و خوێندییەوە. ڕابین ساڵێک لە پێرس گەورەتر بوو، پیاوێکی قژکاڵ و دەموچاو پەمبەیی بوو، ڕابین لە شەڕی سەربەخۆییدا جەنگاوەری پاڵماچ بوو کە دەستەیەکی سەر بە سوپای ئیسرائیل بوو، لە ساڵی ١٩٧٤ ئەو پۆستەی وەرگرت، پێشتر سەرۆک ئەرکانی سوپای ئیسرائیل و باڵیۆزی ئیسرائیل لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بوو. سەرەتا وەک ڕکابەری پێرس لە سەر حزبی کار خۆی بۆ پۆستی سەرۆک وەزیران کاندید کرد، سەرەڕای پشتیوانی دامودەزگاکانی حزب، بەڵام تەنیا بە چەند دەنگێکی کەم بردییەوە. وێڕای ئەوەی ئەو دوو پیاوە چارەی یەکدیان نەدەویست، ئەگەرچی پێچەوانەی ویستی خۆی بوو، بەڵام بەهۆی گوشار ئەوی بە وەزیری بەرگری قبوڵ کردبوو.

سەرەڕای پەیوەندی تفتوتاڵی نێوانیان، بەڵام لە بەرامبەر بابەتەکانی پەیوەست بە ئاسایشی ئیسرائیل، دەبوو هاریکاری یەکدی بن. هەر یەک لە ڕابین و پێرس، ڕێکخراوی بەرەی میللیان باش ناس دەکرد کە ڕێکخراوێکی تیرۆریستییە و لە لایەن دکتۆر وەدیع حەدادەوە سەرکردایەتی دەکرا، پزیشکێکی لەدایکبووی سەفەد و وازی لە پیشەکەی هێنابوو و ژیانی خۆی بۆ تێکۆشان دژی دەوڵەتی جوولەکە تەرخان کردبوو. ئەو پیاوە بە بەکارهێنانی کەسانی بیانی لە شێوەی کارلۆسی بەدناو چەندین کردەی ڕفاندنی خوێناوی کردبوو. کارلۆس تیرۆریستێکی بە ڕەگەز ڤەنزوێلی خاوەن تۆمارێکی گەورەی دانەوەی بۆمب و ڕفاندن و تیرۆر بوو، ئەمانە ببوونە هۆی ئەوەی لە کن ئەورووپییەکانەوە داواکراوترین کەس بێت. حەداد لە ساڵی ١٩٦٨ کەسی یەکەمی ڕێکخستنی ڕفاندنی فڕۆکەیەکی ئیسرائیل بوو، هەروەها بە کەسێکی تەڵەکەباز، دڕندە و توندڕۆ ناسراوبوو.

هەواڵنامەی کتێب

بە شـێوەیەکی بنەڕەتـی، شـەڕی شـەش ڕۆژەی سـاڵی ١٩٦٧ سرووشـتی پەیوەنـدیی نێـوان ئیسـرائیل و دوژمنەکـانی گـۆڕی. لە حـوزەیرانی ١٩٦٧ لە بەرامبەر هەڕەشەی جەمال عەبـدولناسر، سـەرۆکی مسـر و هاوپەیمانەکانیـدا، ئیسـرائیل هێرشێکی خۆپـارێزی کـرد کە بەهـۆیەوە سـوپاکانی مسـر، سـوریا و ئـوردنی تارومـار کـرد و بە کـۆنترۆڵکردنی هەردوو نـاوچەی سـینا و جـۆلان و کەرتـی ڕۆژئـاوای فەڵەسـتین شـەڕەکەی بـردەوە. دوای سـەرکەوتنە سەرسـوڕهێنەکەی ئیسـرائیل، جـێگەی سـوپاکانی عەرەب بە بانگەشـەی درێژەدان بە تێکۆشانی جیهانی عەرەب دژ بە ئیسـرائیل لە لایەن ڕێکخراوێکـی نوێی تیرۆریستی پڕکرایەوە کە جەنگی مەیدانی بە ڕفانـدن، بۆمـب دانـانەوە و تیرۆرکردنـی بە کەسـانی سـڤیلی ئیسـرائیل پـڕ کـردەوە. بەرەی میللـی وەدیـع حەداد، یەکێـک لە گـرووپە هەرە دڕەنـدەکان بـوو کە ئیسـرائیل ڕووبەڕووی بێتەوە.

دوای گەیشـتن و وەرگرتنـی هەواڵـی ڕفانـدنەکە، ڕابـین و پێـرس داوای کۆبوونەوەیەکی بە پەلەی ئەنجـوومەنی وەزیران و بەرپرسە باڵاکانیـان کـرد. کاتێک گرووپەکە کۆبوونەوە، زانیاری زیاتر لەبارەی ڕفاندنەکە گەیشـت. لەنێـو ئەو پەنجـا و شـەش سەرنشـینەی لە ئەسـینا سـواری فـڕۆکە بـوون، چواریـان سەرنشینی ترانزێـت بـوون کە لە کـوێتەوە لە ڕێـگەی گەشـتی هێڵـی ئاسـمانی سەنگاپورا بە پاسـپۆرتی سـاختە گەیشـتبوونە یۆنـان. هەر زوو مۆساد(ئاژانسـی هەواڵگری نیشتیمانی ئیسـرائیل) ناسنامەی پیاوە ئەڵمانییەکەی(ولفرێـد بۆسـە) دیاریکرد کە دامەزرێنەری شـانەی گرووپـی تیرۆریسـتی شۆڕشـی ئەڵمانیـایە و پێشـتر هاوکـاری کـارلۆس بـووە، ئێسـتاش هاوکـاری بەرەی میللیـیە، هـاوڕێ مێینەکەشی ناوی بریجێت کوهلمانە، ئەندامی تاخمی تیرۆریستی بادر مـاینهوفە. دوو پیـاوەکەی دیـکەش کە بە ڕەگەز فەڵەسـتینی بـوون، ناویـان ئەبـو خالیـد ئەلحەلایلی و عەلی ئەلمیاری بوو.

ڕاپۆرتە هەواڵگرییەکانیش ئاماژەیان بەوەدابوو کە کارمەندانی ئاسایشی فڕۆکەخانەی ئەسینا بە شێوەیەکی ڕۆتینی جانتای سەرنشینەکانیان ڕۆنیوە، بۆیە هەستیان بە بوونی ڕەشاش و نارنجۆکی ناو پاکێتە شیرینەکەی و بوتڵە شامپانیاکە نەکردووە، بێ لەوە هەندێک بەستەی دیکەی تەقینەوەش لەناو جانتا دەستییەکانی ڕفێنەران شاردرابۆوە.

لە نیوەشەودا، لە کاتێکدا هێشتا ئاراستەی فڕۆکەکە بەرەو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستبوو، پێرس لەگەڵ یەکوتیل ئادەم"کوتی" سەرۆکی ئۆپەراسیۆنەکانی هێزی بەرگری ئیسرائیل کۆبۆوە کە ژەنەراڵێکی تەمەن چل و نۆ ساڵەی بیرتیژ و سمێڵە بابڕەکەشی بەڵگەی بنەچەی خانەوادە قەوقازییەکەی بوو. کاتێک فڕۆکە ڕفێندراوەکە لە فڕۆکەخانەی بێن گۆریۆندا نیشتەوە بۆ هەڵکوتانە سەر فڕۆکەکە لە تەیارکردن و سازدانی هێزەکانی بەرگری ئیسرائیل بوون، سواری جیپێکی سەربازیبوون بەرەو بنکەی سایەرەت ماتکاڵ هاژووتیان کە یەکەیەکی کۆماندۆی دەستەی هێزەکانی بەرگری ئیسرائیلە و بە کردەنی لەسەر هەڵکوتانە سەر ئێرباسەکە دەستیان بە ڕاهێنان کردبوو لە حاڵەتێکدا ئەگەر فڕۆکەی ڕفێندراو لەسەر خاکی ئیسرائیل بنیشێتەوە.

یۆنی نەتنیاهۆ، فەرماندەی تازە دامەزراوی تەمەن سی ساڵەی سایەرەت کە یەکێک بوو لە سێ براکەی نەتەنیاهۆ، بە گوتەی پێرس سێ برا ئەفسانەکەی وەک شێر دەجەنگن و قسە و کرداریان یەکە. سێ براکە یۆناتان، بنیامین و ئیدۆ کوڕی بێنزیۆن نەتەنیاهۆی گەورە توێژەر بوون کە لە ئێستا و پێشوودا ئەندامی سایەرەت ماتکال بوون. یۆنی لەدایکبووی نیویۆرکبوو، لێیتونانتێکی ڕوحسووکی قژبژی خاوەن لێهاتووی سەربازی و خۆشەویستییەکی قوڵی بۆ ئەدەب بەتایبەتی هۆنراوە هەبوو. یۆنی دوای شەڕی شەش ڕۆژە پێش ئەوەی بگەڕێتەوە خزمەتی سەربازی بۆ ماوەی ساڵێک لە هارڤارد و شەش مانگ لە زانکۆی عیبری خوێندی. ئەم شەوە پێرس و ئادەم هیواداربوون لە بنکەی

ســـایەرەت بیـــدۆزنەوە، بەڵام لەوێ نەبـــوو، بە دەســـت خـــۆی نەبـــوو بە سەرکردایەتی ئۆپەراسیۆنێک لە سینابوو، بۆیە سەرپەرشتی مەشقەکە بە مـوکی بێتزەری جێگری درا کە یەکێک بوو لە جەنگاوەرە هەرە باشەکانی سایەرەت.

زۆر لەوێ نەمـانەوە، چـونکە بە مـاوەیەکی کـورت لە گەیشـتنیان پێـرس ئاگادار کـرایەوە کە فـڕۆکە ڕفێـنراوەکە بە مەبەسـتی وەرگرتنـی سـووتەمەنی لە شـاری بەنغـازی لیبیـا وەسـتاوە، دواتـر بەرەو شـوێنی خـۆی لەنـاو جەرگەی ئەفریقـا: فڕۆکەخـانەی عانتـابی لە دەرەوەی کامپـالای پـایتەختی ئۆگەنـدا بەردەوام بـوو. یەکەم هەواڵ کە لە عانتـابی هـات ئاشـکرای کـرد کە ژەنەراڵ عیدی ئەمین دیکتاتۆری ئۆگەندا بە "میوانان بە خێربێن" پێشوازییەکی گەرمـی لە تیرۆریستان کردووە. بەمەش دەردەکەوێت پێشتر بۆ نیشتنەوەی لە عانتـابی لەگەڵ عیدی ئەمین هەماهەنگی کراوە.

ئەمـین، حـاکمێکی دڕنـدە و بەسـام بـوو، بە دەسـتی ئاسـنینەوە وڵاتەکەی بەڕێـوە دەبـرد، پیـاوێکی کەتەی نـاقۆڵا بـوو، بەرۆکـی پۆشـاکەکەی بە دەیـان مێدالیاوە ڕازابۆوە، هەروەها لە گۆڤـاری تـایم بە: "پیـاوە کێـویەکەی ئەفریقـا" ناوزەدبوو. لە بارێکی تـایبەتییەوە یەک بە یەک پلەکـانی سـەربازی بڕیـووە تـا بـــووەتە ســـەرۆکی ئەرکـــان، دواتـــر لە کودەتـــایەکی خوێناویـــدا دەســـەڵاتی گرتەدەست و ناوی لە خۆی نا "حەزرەتی سەرۆکی ژیـان فیڵـد مارشـاڵ حـاجی دکتۆر عیدی ئەمین دادا، گەورەی هەمـوو بـوونەوەرانی سـەر زەوی و هەمـوو ماسییەکانی دەریـا، ڕزگـارکەری ئیمپراتـۆری بەریتانیـا لە هەمـوو ئەفریقـا و بە تایبەتی لە ئۆگەندا." تـا ئەو دواییـانە، ئەمـین هـاوپەیمانی ئیسـرائیل بـوو، لە ئەکادیمیـای پەرەشـوتوانی هێزەکـانی بەرگـری ئیسـرائیل مەشـقی کـردووە و بووەتە میوانی مۆشی دایانی وەزیـری بەرگـری، پێرسـیش لە ئێوارەخوانێکـدا لە ماڵی دایان چاوی پێکەوتووە و بەیـادی هـاتەوە لە چەشـنی نهێنـی سرووشـتدا وەک جەنگڵستان هەم کەسێکی سەرنجڕاکێشە هەم تۆقێنەرە.

کاتێک گۆڵدا مائیری سەرۆک وەزیران ڕەتی کردەوە فڕۆکەی فانتۆمی پێ بفرۆشێت، ئەمین پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی لەگەڵ ئیسرائیل پچڕاند و گشت ئیسرائیلییەکانی لە وڵاتەکەی دەرکرد و بووە دۆستی دوژمنترین وڵاتی ئیسرائیل- دەوڵەتانی عەرەبی ناحەز و ڕێکخراوە تیرۆریستەکان. لە شەڕی ڕۆژی کیپووری ساڵی ١٩٧٣ لە دژی هێزەکانی بەرگری ئیسرائیل یەکەی سوپای ئۆگەندای بۆ شەڕ نارد. ئێستاش ئەو زاڵمە بێ ویژدانە لە فڕۆکەخانەی عانتابی کە ٢ هەزار و ٥٠٠ میل لە ئیسرائیلەوە دوورە گیانی ٢٥٠ بارمتەی لەناو دەستی خۆی هەڵگرتووە.

کاتێک وەک ڕەشەبایەک هەواڵەکە لە ئیسرائیل بڵاوبۆوە، ئیسرائیلییەکان لە تووڕەیی و بێ ئومێدییەوە ڕژانە سەر شەقامەکان، لە میدیاش لەبارەی کاردانەوەیەکی گونجاو مشتومڕێکی گەرم دەستی پێکرد. زۆرێک لە کەسوکارانی بارمتەگیراوەکان بۆ گوشار خستنە سەر حکوومەت هاریکاربوون و هەموویان یەک داواکاریان هەبوو: "ئازیزانمان ئازاد بکەن."

هەواڵنامەی کتێب

لە ڕۆژانی دواتردا بارودۆخەکە ڕوونتر بوویەوە، لە عانتابی تیرۆریستی زیاتر لە چاوەڕوانی گەیشتنی فڕۆکەکەدا بوون، ئەمین بۆ هێنانی وەدیع حەداد و هەندێک لە پیاوەکانی فڕۆکە تایبەتیەکەی خۆی ڕەوانەی سۆماڵ کرد. بارمتەکان لە کۆنە تێرمیناڵێکی فڕۆکەخانەکە دەست بەسەرکرابوون و لە لایەن تیرۆریستان و سەربازانی ئۆگەنداوە پاسەوانی دەکران. دواتر تیرۆریستان سەرنشینە جووەکانیان لەوانی دی جوداکردەوە. ئەمەش بە نۆرەی خۆی شاڵاوی بەدناوی هۆڵۆکۆستی بە بیرهێنانەوە کە لە شەڕی دووەمی جیهان لە لایەن نازیەکانەوە ئەنجامدرابوو. یەکێک لە تیرۆرستە ئەڵمانیەکان بەناوی بریجت کولمان زۆر دڵڕەقانە بە قسەی ناشیرین سووکایەتی بە سەرنشینە جووەکان کرد.

لەگەڵ گەیشتنیدا وەدیع لیستی ناوی تیرۆرستانی ناو زیندانەکانی

ئیسرائیل و وڵاتی دیکەی لەناو دەستی ئەمین دانا بۆئەوەی بە بارمتەکان بگۆڕدرێنەوە و دوا هۆشداریشی تێدابوو: ئەگەر ئیسرائیل مل بۆ داواکارییەکەی حەداد نەدا بەر لە کۆتایی وادەی دیاریکراو، پیاوەکانی بارمتەکان دەکوژن، ئەمینیش لیستەکەی وەک خۆی ڕەوانەی ئیسرائیل کرد.

سەرۆک وەزیران بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ تەنگژەکە لیژنەیەکی وەزاری پێکهێنا، لە کۆبوونەوەی ڕۆژی ٢٩ی حوزەیراندا ڕابین پرسیاری لە ژەنەراڵ مۆردەخای گۆر "مۆتا"ی سەرۆک ئەرکان کرد کە ئایا بیری لە ڕێگەچارەی سەربازی کردۆتەوە؟

گۆر بۆ خۆی ئەفسانەیەک بوو، دوای شەڕی سەربەخۆیی پەیوەندی بە ریزەکانی هێزی پەڕەشووتوانەوە کردبوو و لە پاڵ ئارییێل شارۆن بەشداری لە چەندین جەنگدا کردبوو. لە ساڵی ١٩٥٥ لە جەنگێک دژ بە هێزی سەربازی مسر بریندار بوو. لە ساڵی ١٩٦٧ فەرماندەیی لیوای ٥٥ی پەڕەشووتوانی کرد بۆ داگیرکردنی ڕۆژهەڵاتی ئۆرشەلیم و یەکەم سەربازی ئیسرائیل بوو گەیشتە تێمپڵ ماوەنت و لە لاسلکیەکەی خۆیەوە هاواری کرد و گوتی: تێمپڵ ماونت لە دەستماندایە، کاتێک زرێپۆشە نیوتۆنەکەی لای گەلی جوو لە پیرۆزترین شوێن دەرکەوت. دوای شەڕی ڕۆژی کیپوور بە دەیەمین سەرۆک ئەرکانی سوپای ئیسرائیل دامەزرا، هەرچەندە ڕابین زۆر ڕێزی لێ دەگرت، بەڵام پێیوانەبوو گۆر هیچ چارەسەرێکی بۆ کێشەی عانتابی هەبێت.

لە وەڵامدا گوتی: "بەڵێ ڕێگەچارەی سەربازی هەیە." ئەم وەڵامەی گۆر بۆ هەر کەسێک مایەی سەرسوڕمان بوو، چونکە پێشنیاری دابەزینی یەکەیەکی هێزی بەرگری ئیسرائیلی لە شوێنێکی نزیک فڕۆکەخانەی عانتابی بە تایبەتی دەریاچەی ڤیکتۆریا کرد بۆئەوەی سەربازەکانی هێرش بکەنە سەر تیرۆرستان و دەرفەتی هێنانەوەی هەموویان بۆ ئیسرائیل بڕەخسێت، بەڵام لیژنەکە پلانەکەیان ڕەتکردەوە: یەکەم، لەبەرئەوەی گەیشتن بە فڕۆکەخانەکە سەختە،

هەواڵنامەی کتێب

دووەم، پلانەکە هیچ چارەسەرێکی لەخۆ نەدەگرت کە چۆن بارمتەکان بۆ ئیسرائیل دەهێندرێنەوە. دواتر ڕابین ئەو پلانەی بە نەخشە سەقەتەکەی ساڵی ١٩٦١ی ئەمەریکا لە کوبا چوواند و بە "کەنداوی بەرازان"ی ناوزەد کرد.

هەر لە سەرەتاوە ڕابین و پێرس شەڕی توندی یەکتریان دەکرد. ڕابین پێیوابوو جگە لە گفتوگۆکردن لەگەڵ ڕفێنەران و ڕازیبوون بە ئازادکردنی تیرۆرستانی فەلەستین هیچ ڕێکارێکی دی لە ئارادا نییە، بەڵام پێرس لەبەر لێکەوتە خراپەکانی ئەم مامەڵەکردنە لە هەردوو ئاستی نێودەوڵەتی و خەبات دژی تیرۆرستان لەسەر ملنەدان بۆ ئازادکردنی تیرۆرستان سووربوو. بەهۆی ناتەبایی پەیوەندییە کەسییەکانی نێوانیان درزی نێوان ئەم دوو پیاوە قوڵتر بوویەوە کە بەهۆیەوە کەشێکی گرژ باڵی بەسەر کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی وەزیراندا کێشابوو.

دوای کۆبوونەوەکە پێرس نووسینگەی خۆی لە نهۆمی دووەمی باڵەخانەی وەزارەتی بەرگری جێهێشت و لە دەرگایەکی نزیکەوە چووە بەشی ڕۆژهەڵاتی باڵەخانەکە کە نووسینگەی ئەفسەرانی ئەرکانی گشتی هێزی بەرگری ئیسرائیلی لێبوو، پێرس داوای کوبوونەوەیەکی بە پەلەی سەرۆک ئەرکانی گشتی و هەندێ لە ژەنەڕاڵەکانی کرد.

بە گرووپی ژەنەڕاڵە قات زەیتوونییە هاوینەکانی گوت: "من دەمەوێ گوێبیستی ئەوە بم کە چ پلانێکتان هەیە"

کوتی ئادەم وەڵامی دایەوە: "هیچ پلانێکمان نییە."

پێرس گوتی: "من دەمەوێ گوێبیستی ئەوە بم کە ئێوە چتان نییە."

هەرچەندە بە خێرایی ئاشکرابوو کە هیچ پلانێکی فەرمی دانەڕێژراوە، بەڵام هەندێک لە پیاوەکان بیرۆکەیان هەبوو. کوتی ئادەم پێشنیازی ئۆپەراسیۆنێکی هاوبەشی لەگەڵ سوپای فەڕەنسا کرد و گوتی: هێڵی ئاسمانی فەڕەنسی،

کۆمپانیایەکی فەرەنسییە و دەبێت حکوومەتی فەرەنسا بەشدار بێت. بێنی پێلید فەرماندە تەمەن چل و هەشت ساڵەکەی هێزی ئاسمانی ئیسرائیل بیرۆکەیەکی "شێتانە" بەڵام ئۆریجناڵی هەبوو. پلانەکەش بەو شێوەیەبوو: ژمارەیەکی زۆر لە سەربازە دەستەبژێرەکان بچن ئۆگەندا داگیری بکەن و بارمتەکان ئازاد بکەن و بیانگێڕنەوە نیشتمان. بۆ ئەوەش پێویستە پۆلێکی ١٤ فڕۆکەی گەورەی "ڕینۆ" بخرێتە خزمەت. لە ئیسرائیل بەرەو عانتابی بچن و دواتر بگەڕێنەوە.

پێرس لە سەردانێکی چەند ساڵەی پێشتریدا بۆ جۆرجیا لە ویلایەتە یەکگرتووەکان چەند فڕۆکەیەکی ڕینۆی کڕیبوو، هەر ئەوکاتەش پەرتووکەکەی خۆی بەناونیشانی (مەنجەنیقەکانی داود) پێشکەشی جیمی کارتەر کرد و ئەوکاتە کارتەر بە پێرسی گوت: داود ئەوکات پێویستی بە مەنجەنیق بوو، بەڵام ئەمڕۆ پێویستییەکانی داود لە مەنجەنیق زیاترە و پێویستی بە ڕینۆکانە! کارتەر لەبارەی کڕینی چەندان ڕینۆی دروستکراوی جۆرجیا لەگەڵ پێرس گفتوگۆی کرد.

پێرس بە بێلید سەرسامبوو، لە یەکەم تێڕوانیندا پلانەکە هەم بە لای خۆی هەم بۆ ئەوانی دی شێتانەبوو، بەڵام دوای هەڵسەنگاندنی خێرا ڕێکارەکانی پلانەکە پێدەچوو پلانێکی "تەواو واقیعی" بێت. هەرچەندە هەڤاڵان بەشداریان لە هەڵسەنگاندنەکەی پێرس نەکرد، بەتایبەتی مۆتا گۆر زۆر لاسار بوو، چونکە پێیوابوو ئەو پلانەی ڕاگەیەندراوە نا واقیعییە و لە خەیاڵ زیاتر هیچی دی نییە، گەرەکە بێتە هەڵوەشاندنەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا، پێرس گشت گومانەکانی خستە لاوە و لە گفتوگۆگانیدا لەگەڵ ئەو گرووپە بچووکەی ئەفسەرە باڵاکان بەردەوامبوو کە لە نێوانیاندا سەرۆک ئەرکان، جەنەڕاڵ کوتی ئادەم، بێنی پێلید و جێگرەکەی، ڕافی هارلێف، شۆمرون (سەرۆکی هێزی پیادە) شلۆمۆ گازیت (سەرۆکی هەواڵگری سەربازی)

یانۆش بێنگال (یاریدەدەری ئۆپەراسیۆنەکانی هێزی بەرگری ئەمریکا) و چەند کۆلۆنێلێکی دیکەی وەک یەهود باراک ( ئەفسەری بیرتیژ و سەرۆکی پێشووی سایەرەت ماتکال و سەرۆک وەزیرانی ئایندەی ئیسرائیل) ئامادەبوون، بەڵام کۆبوونەوەکە لەوپەڕی نهێنیدا بەڕێوەدەچوو.

بەیانی ڕۆژی گفتوگۆکان، پێرس لیستی تیرۆرستە زیندانیکراوەکانی بە دەست گەیشت کە داوای ڕفێنەران بوو. دۆخەکە زۆر ئاڵۆز بوو. چل لەو زیندانیانە لە ئیسرائیل بوون لە نێویاندا کۆزۆ ئۆکامۆتۆی گەورە تیرۆرستی ژاپۆنی هەبوو کە تاخمەکەی لە مانگی ئایاری ١٩٧٢ لە کردەیەکدا لە فڕۆکەخانەی لۆد، بیست و چوار کەسی کوشت و حەفتاو هەشتی دیکەش برینداربوون. هەروەها شەش تیرۆرستی دیکەشی تێدابوو کە لە کینیا زیندانیبوون و دەسەڵاتی خۆجێیی نکۆڵی دەکرد لە لایان بێت، پێنجی دیکەشیان لە ئەڵمانیا بوون لە نێویاندا سەرکردەی چەتەکانی بادر مێینهوف هەبوو. یەکێکیان لە فەرەنسا بوو، ئەوانیدی لە سویسرا بوون. بە چاو پێداخشاندنێکی خێرای لیستەکە پێرس درکی بەوە کرد کە ئەوە مەحاڵە، ئاخر، چۆن دەتوانێ ئازادکردنی ئەو تیرۆرستانە ڕێکبخات کە بە یاسای جودا و تاوانی جوداوە لەو وڵاتانە گیراون؟ باشە چ دەقەومێ ئەگەر هەندێک یان هەموو ئەو وڵاتانە ڕەتیان کردەوە ئازادیان بکەن؟

لە لای خۆشیەوە ڕابین بەردەوامبوو لەسەر ئەوەی دەبێت ئیسرائیل دەستبەجێ گفتوگۆ بکات، ترسی لەوەبوو نەبادا کاتێک وادەکە تەواو بێت، تیرۆرستان دەست بە کوشتنی خەڵکە بێ گوناهەکان بکەن، بەڵام پێرس پێداگربوو دەبێت ئیسرائیل ئەو وادەیە دوا بخات کە تیرۆرستان کاتژمێر یازدەی پێشنیوەڕۆی ڕۆژی پێنجشەممە ١ی حوزەیرانیان دانابوو. لە هەمان کاتدا بە بڕیاری گفتوگۆکردن ڕازیبوو، بەڵام جەختی کردەوە کە تەنیا وەک "مانۆڕێک" بۆ بەدەستهێنانی کات ئەوە دەکات.

ڕۆژی چوارشەممە ٣٠ی ئایار، پێرس بڕیاری کردنەوەی گۆشەیەکی دیکەیدا و بانگهێشتی سێ ئەفسەری هێزەکانی بەرگری ئیسرائیلی کرد کە لە ئۆگەندا لەگەڵ عیدی ئەمین کاریان کردبوو، داوای لێکردن باسی خەسڵەت، ڕەفتار و هەڵوێستەکانی ئەمین بەرامبەر بیانیانی بۆ بکەن. ئەو ئەفسەرانە پێیانوابوو ئەمین بوێری کوشتنی بارمتەکانی نییە، بەڵام دڵنیاش بوون ئەمین ڕووبەڕووی تیرۆرستان نابێتەوە. پێرس داوای لە کۆلۆنێل "بۆرکا" بارلیڤ کرد کە هاوڕێیەتی لەگەڵ عیدی ئەمین هەبوو، تەلەفۆنی بۆ بکات، وێڕای دووبارەکردنەوەی هەوڵەکان بارلیڤ نەیتوانی پەیوەندی پێ بکات و تەلەفۆنەکەی بەر دەست نەبوو.

هاوکات جارێکی دی پێرس ئەفسەرە باڵاکانی بانگهێشت کردەوە، دووبارە پلانەکەی بێنی بێلیدیان تاوتوێ کرد، بەڵام بە دیقەتێکی زیاترەوە، ئامانجی ئێستا داگیرکردنی ئۆگەندا نییە، بەڵکو زیاتر کۆنترۆڵکردنی فڕۆکەخانەی عانتابی و ئازادکردنی بارمتەکان و گێڕانەوەیان بۆ ئیسرائیل بوو، بێلید پلانە داڕێژراوەکەی خستە سەر مێز کە تێدا داوای هەزاران پەڕەشووتوانی کردبوو بە دە فڕۆکەی ڕینۆ دابەزێنرێنە خوارەوە. هەریەک لە شۆمرۆن و بێنگال مەزەندەیان کرد ئەم پلانە بە دووسەد پیاو و سێ ڕینۆ بە سەرکەوتوویی جێبەجێ دەکرێت.

دان شۆمرۆنی پەروەردەی کیبووتز و پەڕەشووتوان و پاڵەوانی شەڕی شەش ڕۆژە دژی هەر دابەزینێکی پەڕەشووت وەستایەوە و بە بێلیدی گوت: "لەوکاتەی یەکەم پەڕەشووتوانت دەگاتە سەر زەوی کەست بۆ ڕزگارکردن نامێنێ." چونکە پیاوە نەرم و زارخۆش و توندەکەی سەرۆک ئەرکانی داهاتوو دڵنیابوو کاتێک تیرۆرستان دەبینن پەڕەشووتوانەکان دادەبەزن تەواوی بارمتەکان دەکوژن. لەگەڵ ئەوەشدا شۆمرۆن بە هەماهەنگکاری سەرەکی پلانی نیشتنەوەی ئەو فڕۆکانە دانرا کە ڕاستەوخۆ سەربازەکان بۆ فڕگەی

عانتـابی هەڵـدەگرن. هەروەهـا گـوتی ئـادەم ئامـاژەی بە پێویسـتی بـنکەی وەسـتانێک لە نزیـک ئۆگەنـدا کـرد بەو مەرجەی حکـوومەتەکەی پەیوەنـدی دۆستانەی لەگەڵ ئیسـرائیلدا هەبێـت و ڕقـی لە عیـدی ئەمـین بێتەوە. پێـرس داوای لە ژەنەڕاڵ ئیسـحاق هـۆفی "هاکـا"ی سـەرۆکی مۆسـاد کـرد بە نهێنـی پەیوەندی بە کینییەکانەوە بکات کە ئاخۆ وڵاتەکەیان لە فڕۆکەخانەی نـایرۆبی ڕێگەی ئەو وەستانەمان پێ دەدات، هەرچەندە "هاکا" بەرامبەر ئەو هەنگـاوە ڕەشبین و بە گومان بوو.

لێـــژنە پێکهـــاتووەکە لە دۆزیـــنەوەی دوژمنێکـــی گرنـــگ و کەلەڕەق بەردەوامبوو: مۆتا گۆر، سەرۆک ئەرکان کە بڕوای بە سەرکەوتنی پلانەکە نەبوو، لە نەگرتنەبەری ڕێگەچارەی سەربازی سووربوو. دووپـاتی لە کەموکوڕییەکـانی هەواڵگری کردەوە کە چ لە عانتابی دەقەومێ. بۆیە ناوی گرووپەکەی پێرێسـی بە "ئەنجوومەنی خەیاڵ پلاوان" ناوبرد.

لەو سـەروبەندەدا، یەکێـک لە تـوخمە بەدیهـاتووە دوورەکـانی پـلانەکە پێشکەوتنی بەخۆوە بینی- دواجار بۆراک بـارلیڤ پەیوەنـدی تەلەفـۆنی لەگەڵ عیـدی ئەمـین چێکـرد. هەرچەنـدە گفتوگۆکـان هانـدەرنەبوون، چـونکە فەرمانڕەوای ئۆگەندا ئامۆژگاری بۆراکی کرد، پێویستە ئیسـرائیل بـێ دواخسـتن داواکاری ڕفێنەران قبوڵ بکات.

ئەوە بیرۆکەی ڕابینیش بوو کە ئێستا پشتەوانی کابینەشـی هەیە بـۆ ئەوەی هەر ئێستا گفتوگۆکان دەست پێبکەن، هەروەهـا بە وەزیرەکـانی ڕاگەیانـد کە مونـاحیم بـێگن، سـەرکردەی ئۆپۆزیسـیۆن بە بڕیـاری دەسـتکردن بە گفتوگـۆ ڕازیـیە. ڕابـین لەسـەر بەکارهێنـانی "برووسـکە دیماگۆییەکـان و گـوزارە بـێ ماناکـان" پێرسـی ڕەخنەبـاران کـرد. لە ڕاسـتیدا ڕابـین وەڵامەکـانی پێرسـی بـۆ تەنگژەکە بە دیماگۆجی دانا، تەنانەت بڕوای نەدەکرد پێرس بزانێـت چ دەڵێـت. زۆریـنەی وەزیرەکـان کۆکبـوون کە ئیسـرائیل نابێـت ڕێگەچـارەی سـەربازی

بگـرێتەبەر. ڕابـین بە تـوڕەییەوە داوای كـرد پێویسـتە هەر ئێسـتا فەڕەنسـا ڕازیبوونی ئیسـرائیل لەسـەر مەرجەكـان بە تیرۆرسـتان ڕابگەیەنـێ، بـۆئەوەی وەزیری دەرەوەی فەڕەنسا دەستبەجێ پەیوەندی لەگەڵ عانتابی چێ بكات.

لە نێوەندی ئەو هەموو دڕدۆنگییە سیاسییەدا، لە ١ی تەمـووز هەواڵێكـی خۆش گەیشت: تیرۆرسـتان لە لای خۆیـانەوە وادەكەیـان تـا ڕۆژی یەكشـەممە ٤ی تەمووز درێـژ كـردۆتەوە كە بەهـۆی سـەردانی عیـدی ئەمـین بـۆ وڵاتێكـی ئەفریقی بە مەبەستی بەشداربوون لە كۆنفرانسـی مۆریشـیوس بـوو. مەزەنـدە وابوو لە ماوەی دوو ڕۆژدا دەگەڕێتەوە. تیرۆرستان دەیانویست كاتێك دەست بە گفتوگـۆ دەكەن ئەمـین لەوێ بێـت. كەواتە هەنـووكە پێـرس و ئەنجـوومەنە خەیاڵ پڵاوەكەی كاتێكی زیاتریان لەبەر دەستدایە.

كاتی هاتبوو، كـوتی ئـادەم و دان شـۆمرۆن ئەو پـلانە پێشـكەش بـكەن كە دایانڕشـتبوو: ئەركەكە بە شـەو دەبێـت لە شـەوەزەنگدا ڕینۆكـان لە عانتـابی دەنیشـنەوە، هێزەكـانی بەرگـری ئیسـرائیل كـۆنترۆڵی فڕۆكەخـانە دەكەن و تیرۆرستان دەكوژن و بارمتەكانیش ئازاد دەكەن.

دان شۆمرۆن جەختی كردەوە هەموو ئۆپەراسیۆنەكە لە كاتژمێرێـك زیـاتر ناخایەنێت، ئەگەری بەكارهێنانی هەر سەرپرایز و خێـراییەک هەیە. یەكەمجـار ڕینۆكان بێ وەرگرتنی مـۆڵەت لە تـاوەری كـۆنترۆڵ دەنیشـنەوە، بەڵام دەبێـت كاتژمێر یـازدەی شـەو بـگەن، ڕێـک لەوكـاتەی چاوەڕوان دەكـرێ فڕۆكەیەكـی ئاسـمانی بەریتانیـا بنیشـێتەوە. لەكـاتی نیشـتنەوەی ڕینـۆكە لە ژێـر پەردەی فــڕۆكەی بەریتــانی، ڕاداری فڕۆكەخــانە نــاتوانێ ئاشــكرای بكــات، دوو زرێپۆشەكەی كۆمانـدۆكان لە ڕینـۆكە دێـنە دەرەوە و بەرەو تێرمینـاڵە كـۆنەكە دەچن كە بارمتەكانی لێ گلـدراوەتەوە. پێـنج یـا دە خـولەک دواتـر ڕینـۆیەكی دیكە دەنیشێتەوە و دوو ئۆتۆمبیلی دیكەش دەردەپەڕن و سـەربازەكانی نـاوی دەسـت بەسـەر تێرمینـاڵە نـوێیەكە و فـڕگەی سـەرەكی و تـانكی سـووتەمەنیدا

دەگرن. دوای ئەوەی پیاوەکان دەست بە جێبەجێکردنی ئەرکی خۆیان دەکەن، دوو ڕینۆی دیکە دەنیشنەوە و بارمتەکان هەڵدەگرن و بەرەو وڵات دەگەڕێنەوە .

پێرس بۆ ڕا وەرگرتن، پرسیاری لە سەرۆکی مۆساد کرد، بەڵام هۆفی هەر جەختی لە مەترسییەکان دەکردەوە، چ دەقەومێ ئەگەر سەربازانی ئۆگەندا بە ئاڕ پێ جی یان بە ڕەشاش تەقەیان لە تانکی بەنزینی ڕینۆکە کرد و تەقاندیانەوە؟ لە وەها ڕووداوێکدا ڕەنگە یەک دوو فڕۆکە لە دەست بدەین. دواتر ئەگەری خەسارەتی بەشەریش هەیە. باشە چ ڕوودەدات ئەگەر سەرباز و بارمتەکان کوژران یان برینداربوون؟ چ ڕوودەدات ئەگەر تیرۆرستان تێرمیناڵە کۆنەکەیان بە تێکرای بارمتەکانەوە تەقاندەوە؟ هوفی زۆر پەرۆش نەبوو.

ئەنجوومەنەکەی پێرس تەواوی وردەکارییەکانی ئەرکەکەی تەتەڵە کرد، ئەو ئاستەنگانە چین کە دێنە پێشەوە. ئایا ئەگەر یەکەم ڕینۆ لێدرا یا پەکخرا، فڕۆکەکانی دی دەتوانن بگەڕێنەوە، باشە چ ڕوودەدات ئەگەر لە فڕۆکەخانە چەکی دژە فڕۆکەی هەبێت، ئەگەر فڕۆکەی مێگی ئۆگەندی لە فڕۆکەخانە جێگیر کرابن، ئایا دەبێت بەنزینی تەواو هەبێت تا لە عانتابیەوە بفڕنەوە؟...

دواتر پێرس بە مەبەستی وەرگرتنی بۆچوون پرسیاری لە عەسکەرەکان کرد، دان شۆمرۆن گوتی: ئەگەر ئێمە لە نیوەشەو لە عانتابی دەست بەکار بین، دەتوانین کاتژمێر یەکی بەیانی بگەڕێینەوە و مەزەندەی دەرفەتی سەرکەوتنی بە نزیکەی سەتا سەت کرد، بەڵام پێنی بێلید مەزەندەی سەتا هەشتای کرد، کوتی ئادەم ڕێژەی پەنجا تا هەشتای دانا.

لە کۆتاییدا پێرس پلانەکەی پەسند کرد و دوا وادەی جێبەجێکردنی دانا کە شەوی شەممەی ڕۆژی ٣ی تەمووز بوو، شەوێک پێش کۆتایی دوا وادەی

کەوالنامەی کتێب

تیرۆستان. تەواوی ژەنەراڵەکان ڕازیبوون تەنیا مۆتا گوور نەبێت کە هێشتا لاسارانە دژ بوو و گوتی: ئەو جۆرە ئۆپەراسیۆنە بێ زانیارییەکی وردی هەواڵگری جۆرێک لە قۆڵبڕی و ساختەیە.

پێرس گوتی: مۆتا ڕای خۆت گوڕیوە؟

" بێ هەواڵگری ناکرێت لەسەر ئەو ئۆپەراسیۆنە ڕازی بم، هەندێک لەو قسانەی لێرە گوێبیست بووم لەگەڵ بۆچوونی هیچ کەسی ستافی گشتی سوپا یەک ناگرێتەوە. ئەگەر ئێوە پەنجەی زێڕینتان دەوێ، ئەوە مژارێکی دیکەیە، بەڵام ئەگەر جێیمس بۆندتان دەوێ، ئەوە لەگەڵ من نا!

پێرس گۆری ڕاکێشایە ناو گفتوگۆیەکی قوڵ کە بە درێژایی شەو بەردەوامبوو، بەڵام گۆر هەر ملی نەدا، دیارە بێ پشتیوانی سەرۆکی ئەرکانیش پێرس نەیدەتوانی پرۆژەکەی ڕادەستی حکوومەت بکات.

وێڕای بەرهەڵستی کردن، بەڵام گۆر لەسەر کۆبوونەوەی هێزی کار (سایەرەت ماتکال، پەڕەشوتوانان و یەکەکانی دیکە) لە ناوەندی مەشق بە مەبەستی ئامادەکاری بۆ هێرش کردن ڕازیبوو، تەنیا ئەوکاتە دەچێتە واری جێبەجێکردن، ئەگەر بارودۆخ گۆڕانکاری بەسەردا بێت. بۆ دزە نەکردنی کارەکان دەرگەی ناوەندەکە مۆرکرا و ڕێگەی هاتنەدەرەوە بە کەس نەدەدرا. شۆمرۆن بە فەرماندەی ئەو ئەرکە دامەزرێنرا کە پۆستێکی پێشکەوتوو بوو و لەناو فڕۆکەیەکی گەورەی بۆینگ دامەزرا تا لە ئاسمانی ئۆگەنداوە یاوەری ڕینۆکان بکات و لە ئاسمانەوە کۆنترۆڵی ئۆپەراسیۆنەکە بکات. لەناو ناوەندەکە نموونەی هەردوو تێرمیناڵە کۆن و نوێیەکەی فڕۆکەخانەی عانتابی دروست کرا، سەربازەکانیش لەسەر شێوازی هێرش و ڕزگارکردن ڕاهێنانیان پێکرا.

لە لای خۆیەوە پێرس کەوتە سڕکردنی گشت هەوڵەکانی گەیشتن بە چارەسەرێکی مامناوەندی لەگەڵ ڕفێنەراندا. ئارثەر بێن ناتان، باڵیۆزی پێشووی

هەواڵنامەی کتێب

ئیسرائیل لە فەرەنسا بە مەبەستی وتوێژ لەبارەی دەستپێشخەرییەکی هاوبەش لەگەڵ بەرپرسانی فەرەنسا بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ تیرۆرستاندا گەیشتە فەرەنسا، ئارثەر هاوڕێیەکی دێرینی پێرس و بەڕێوەبەری گشتی پێشووی وەزارەتی بەرگریبوو. پێرس تەلەفۆنی بۆی کردوو لە ئاماژەیەکی شاراوەدا بە بەکارهێنانی دەربڕینێکی "گاڵتەئامێزانەی" پاریسیانەدا تێیگەیاند کە وتوێژەکانی لەگەڵ فەرەنسییەکاندا دوا بخات و ئامۆژگاری کرد، "ئەگەر ئەمشەو کچێکی فەرەنساویت بینی، تکایە زۆر خۆت هیلاک مەکە، ئەوپەڕی حەزی خۆت بە دەستبازییەکی مژاوی تێر بکە، من نەک تەنیا وەک هاوڕێ ئەوەت پێدەڵێم: "جلەکانت دامەکەنە." بێن ناتان لە قاقایدا، بەڵام بە تەواوی لە کرۆکی پەیامەکە تێگەیشت کە لە "دەستبازییەکەیدا" لەگەڵ فەرەنسیەکاندا نابێت هیچ شتێک بێتە دەرەوە.

بۆ بەیانی ڕۆژی دواتر ٢ی تەمووز دوو ڕاپۆرتی هاندەر گەیشتن، یەکەمیان لە هۆفی سەرۆکی مۆسادەوە بوو کە تێیدا بە پێرسی ڕاگەیاند، کینیای هاوسێی ئۆگەندا بە وەستانی فڕۆکەکانی ئیسرائیل لەسەر خاکەکەیدا ڕازیبووە، ڕاپۆرتی دووەمیان لە سەرچاوەیەکی چاوەڕوان نەکراو (پاریس)ەوە بوو کە مێیجەر ئەمیرام لیڤین، پلاندانەری ئۆپەراسیۆنی سایەرەت ڕەوانەی فەرەنسا کراوە بە مەبەستی وەرگرتنی دەنگوباس لەو بارمتە نا ئیسرائیلیانەی ئازاد کراون، بەڵام زۆربەیان هێشتا شڵەژاو و شێواو دیارن و ناتوانن زانیاری بە سوود بدەن، لەنکاو پیرەمێردێکی فەرەنسی خۆی لە لیڤین نزیک کردەوە و خۆی بە کۆڵۆنێلی پێشوو لە سوپای فەرەنسا ناساند و گوتی: دەزانم ئێوە چیتان دەوێت. لە تەنیشت لیڤین دانیشت و کورتە وەسفێکی لەبارەی تێرمیناڵە کۆنەکە باس کرد کە بارمتەکانی تێدا گلدراوەتەوە، ئەو کۆلۆنێلە باسی لە هۆڵە جۆراوجۆرەکان و شوێنی تیرۆرستان کرد، هەروەها وردەکاری نەخشەی بینایەکەی بۆ لیڤین کێشا.

سەرچاوە جۆراوجۆرەكان ئاماژەیـان بە ژمـارەی تیرۆرسـتان دەدا كە سـێزدە كەسن لەگەڵ دوو ئەڵمانیـیەكە و كەسـێكی باشـووری ئەمەریكـا كە پێـدەچێت فەرمانــدەی ڕفێــنەران بێــت، تیرۆرســتەكانی دی هەموویــان فەڵەســتینین كە چواریان لە بەشدارانی ڕفاندنەكە بوون، ئەوانی دی لە عانتابیەوە لە چاوەڕوانی گەیشتنی فڕۆكەكەدا بوون كە نێوانیان لەگەڵ ئۆگەندییەكان خۆشبوو. ڕفێنەران چەند ڕەشاشێک و نارنجۆكیان پێبوو، بارمتەكـان لە هـۆڵە گەورەكەی تێرمینـاڵە كۆنەكە گلدرابوونەوە، تاخمی فـڕۆكە فەڕەنسـیەكە كە (دەرفەتـی ئازادبوونیـان بـێ ئـازادی سەرنشـینەكان ڕەتكردبـۆوە) لە ئاودەسـتی تـایبەت بە ئافرەتـان پەسترابوون.

بە پێــی ڕاپۆرتەكــانی پێشــتر، ژمــارەی ئەو یەكە ئۆگەنــدییەی چــاودێری زینـدانییەكانی دەكـرد شەسـت كەس بـوون، بەهێزبـوون، بەڵام لە بەتالیۆنێـک كەمتر بوون. لە تێرمیناڵە كۆنەكەدا دیوارێكی سـندوقی هەڵـنراوە و تیرۆرسـتان بانگەشەی ئەوەیان دەكرد پـڕ لە تەقیـنەوەیە، بەڵام سـەرچاوە هەواڵگرییەكـان ئاماژەیـــان بەوە دەكـــرد كە ســـندوقەكان بە هـــیچ وایەرێک(ســـیمێک) نەبەستراونەتەوە، پێشناچێت هیچ ئامادەكارییەک بۆ تەقینەوەیان كرا بێت.

دەبوو لە ئامادەكاری ئەركەكەدا مۆساد گڵۆپی سەوزی بۆ داگیرسـێندرێت و فڕۆكەیەكی بیـانی بە پاسـاوی كێشـەی میكـانیكی بنێـرێتە عانتـابی. لەوكـاتەی فــڕۆكە لەســـەر فڕۆكەخــانەكە دەخــولێتەوە، داوای یــارمەتی بكــات و لە ئاسمانەوەش وێنەی بیناكە، فڕگە و ئامێرەكـان بگرێـت، هەروەهـا وێـنەی ئەو فڕۆكە سەربازییانەش (دوو هەلیكۆپتەر و هەشت مێـک ٢١ەكـان) بگرێـت كە لە فڕۆكەخانەكە جێگیركرابوون.

بەو هەموو زانیاریانەوە، پێرس بە هەڵەداوان خۆی گەیاندە ئۆفیسی گـۆر و ڕاپۆرتە نوێیەكانی خستە بەردەستی، گۆر لەوكاتەی گوێی لە هەواڵەكان گرتبوو، سەیری كردن و (چاوەكانی ئەبلەق بوون)، سەرۆكی ئەركان خرۆشان گرتی و بە

هەڵوێستەکەی خۆیدا چۆوە. گۆر دووپاتی کردەوە ئێستا زانیارییەکان پڕ و تەواون، سەرەنجام بووە لاگیرێکی سەرسەختی ڕزگارکردنی عانتابی.

پێرس بە پەلەپروزێ خۆی گەیاندە ئۆفیسی سەرۆک وەزیران، بارەگای ڕابین لە خانوویەکی بچووک بوو تەنیا مەودای بەردهاوێشتنێک لە وەزارەتی بەرگری دووربوو، لەو ژوورە هاکەزاییە پڕ پەرتووکەی داڤید بێن گۆریۆن کە لە شەڕی سەربەخۆیدا پلانی جوڵانەوە گەورەکانی داڕشت. پێرس باسی پلانەکەی بۆ ڕابین کرد، وەڵامی سەرۆک وەزیران شیلەتێن بوو، جگەرەیەکی داگیرساند و گوتی: باشە چ ڕوودەدات کاتێک فڕۆکەکە نیشتەوە، ئۆگەندییەکان ناسییانەوە و تەقەیان لێکرد؟

پێرس پێی گوت فەرمانەدەی هێزی ئاسمانی ئیسرائیل دڵنیایە بێ هیچ وەڵامدانەوەیەک لە زەوییەوە فڕۆکەکە دەنیشێتەوە. هۆفی کە هاتە ناو کۆبوونەوەکە بۆ یەکەمینجار بە پارێزەوە پشتیوانی بۆ ئۆپەراسیۆنەکە دەربڕی.

لە کۆبوونەوەی دواتری ئەنجوومەنی خەیاڵ پڵاواندا یەکێک لە ئەفسەرەکان پێشنیازی ئامادەکردنی (هاوشێوەی) عیدی ئەمینی کرد. کاتێک ڕینۆکان لە عانتابی دەنیشنەوە، ئەمین هەر لە کۆنفرانسی وڵاتانی ئەفریقایە، ڕەنگە مارسیدسێکی ڕەشی وەکی ئەوەی ئەمین بۆئەوەی لە پێش سەربازە ئیسرائیلییەکاندا بڕوات، سەربازێکی ئیسرائیلی لەناویدا بێت بەو مەرجەی دەموچاوی خۆی ڕەش بکات، سوودی هەبێت. لە نیوەشەودا ئۆگەندییەکان هێندە دیقەتی کەسەکەی ناو "ئۆتۆمبیلی سەرۆکایەتی" نادەن و بۆ ڕێزگرتن لە سەرکردەکەیان ڕێگەی بۆ چۆڵ دەکەن. لەم سۆنگەوە، گوور فەرمانی بە پیاوەکانی کرد مارسیدێکی ڕەشی گەورەی بۆ پەیدا بکەن.

گوور دووپاتی کردەوە یەکەی دەستەی هەڵبژێردراو بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکە بێ پچڕان لە مەشق و ڕاهێنان بەردەوامن، فەرمانەدەکانیان لە پلانی

ئۆپەراسیۆنەکەدا حساب بۆ هەر مەترێک و هەر خولەکێکیش دەکەن، هەروەها ئەرکی هەر سەربازێک و ڕێڕەوی هەر ئۆتۆمبیلێکیش دیاریکراوە. هەڵبەت ساتە گرنگەکە، نیشتنەوەی یەکەم ڕینۆیە، گۆڕ وردەکاری خشتەکاتی ئەرکەکەی خستەڕوو: "هەر لە داگیرساندنی لایتی نیشتنەوەی فڕۆکەکەوە تا ڕاوەستانی- دوو خولەک. دوو خولەکی دیکە بۆ هاتنەدەرەوەی پیاوەکان لە فڕۆکەکەوە. پێنج خولەک بۆ گەیشتن بە ئامانجەکە، پێنج خولەکی دیکە بۆ تەواوکردنی ئۆپەراسیۆنەکە...."

پێرس، گوور و هۆفی بە هەڵەداوان خۆیان گەیاندە نووسینگەی ڕابین، گۆر وردەکاری پلانەکەی خستەڕوو و وەڵامێکی بە پارێزی لە ڕابین وەرگرت و ڕایگەیاند لە کۆبوونەوەی نائاسایی ڕۆژی شەممەی ئەنجوومەنی وەزیرانی دوا بڕیاری لەسەر دەدرێت، بە ماوەیەکی کورت پێش ئەوەی فڕۆکەکان بەرەو عانتابی بڕۆن. کۆدی ناوەکەش (برووسک) بوو.

لە کۆبوونەوەکەدا، پێرس تێبینییەکی نووسی و ڕەوانەی پێش ڕابینی کرد:

ئیسحاق ئەمە دوا پاکنووسی پلانەکەیە: لەبڕی ئۆتۆمبیلی سەربازی لەسەر زەوی، مارسیدیسە گەورەکە بە ئاڵاوە لە فرۆکەکە دێتە دەرەوە کە گوایە عیدی ئەمین لە مۆریشیوسەوە گەڕاوەتەوە وڵات، من نازانم ئاخۆ ئەوە سەر دەگرێت یان نا، بەڵام مایەی سەرسوڕمان و خۆشە.

پلاندانەرانی هێزی بەرگری ئیسرائیل چەندی گەڕان نەیانتوانی مارسیدیسێکی ڕەنگ ڕەش لە چەشنی ئەوەی عیدی ئەمین پەیدا بکەن، بەڵام مارسیدیسێکی ڕەنگ سپییان بە هەمان قەبارە لە غەززە دۆزییەوە، هەرزوو ئامادە کرا و هێنرایە ناوچەی ڕۆیشتن و بە ڕەنگی ڕەش بۆیەکرا. هاوشێوەی ئەمینیش بەردەست بوو کە سەربازێکی یەکەی سایەرەتە و ئامادەی ڕەشکردنی دەموچاویەتی.

پاشـــان، دوای ئەوەی هەمـــوو پارچەکـــانی ئۆپەراســـیۆنەکە بە زۆری پێکەوەنران، کێشەیەکی پێشبینی نەکراو سەریهەڵدا. چاوەڕوان دەکرا پێرس بـۆ ئێوارەخوان لە ماڵەکەیدا پێشوازی لە میوانێکی ناسراوی بیانی بکات: پرۆفیسۆر زبیگنیـو برژنڤینسـکی ئەمەریکـی بە ڕەگەز پۆڵەنـدی، ڕاوێژکـاری داهـاتووی ئەمنی قەومی ئەمریکا لە سەردەمی ئیـدارەی کـارتەردا. گـووریش بانگهێشـتی ئەو ئێوارەخـوانە کرابـوو، بەڵام بە هـۆی مردنـی خەزووریـیەوە نەچـووە ئێوارەخوانەکە.

زۆر بە گەرمی پێشـوازی لە برژنڤینسـکی کـرا، سـۆنیای هـاوژینی پێـرس بە تـایبەتی خـواردنێکی بـۆی ئامـادەکرد: مریشـک بە هەنگـوین، بەڵام لە سـەر خوانەکەدا برژنڤینسکی بە پرسیارێکی ڕاستەوخۆ خانەخوێکەی سەراسیمە کرد:

ئێوە بۆ ڕزگارکردنی بارمتەکان بۆ سەربازی ئیسـرائیلی نانێرنە عانتابی؟

بـۆ سـاتێک وەزیـری بەرگـری قسـەی نەکـرد و حەپەسـا، بەڵام بڕیاریـدا نهێنییەکە بپارێزێ، دواتر ڕوونی کردەوە کە بۆچی ئەو ئەرکە مەحـاڵە: عانتـابی لێرەوە تەواوەک دوورە، ئیسـرائیل زانیاری هەواڵگری تەواوی نییە و فڕۆکەکانی مێگ و بەتالیۆنەکی ئۆگەندا لە فڕۆکەخانەکە جێگیرکراون.

برژنڤینسکی قەناعەتی نەهات.

بەشـداربووانی کۆبـوونەوەی ئەنجـوومەنی خەیـاڵ پـلاوان (فانتـازی) لە سەرکەوتنی ئەرکەکەدا تەواو دڵنیابوون، لە دوا خولەکەکانـدا ئەفسـەران چەنـد پرسـیارێکیان لە پێـرس کـرد: ئەگەر تـاوەری کـۆنترۆڵ داوای ناسـنامەی لە فڕۆکەکەمان کرد، ئایا وەڵامی بدەینەوە؟

پێرس و گۆر بڕیارياندا نابێت وەڵامیان بدەنەوە.

ئەدی چ لە تاقمی فڕۆکە فەڕەنسیەکە بکەین؟

پێرس گوتی: ئەوانیش ڕزگار بکەن و بیانهێننەوە وڵات، بە هەموو ڕێگـایەک دەبێت وەک ئیسـرائیلییەکان مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت.

لەگەڵ نزیکبوونەوەی دوا کۆبوونەوەی ئەنجـوومەنی وەزیرانـی تـایبەت بە بڕیاردان لە ئەنجامدانی ئەرکەکە، پێرس پرسیاری لە گۆر کـرد: "کەی فڕۆکەکـان هەڵدەستن"؟

دوای سەیرکردن، سـەرۆکی ئەرکـان وەڵامـی دایەوە: "لە فڕۆکەخـانەی بـێن گۆریـۆنەوە بـۆ شـەرم ئەلشـێخ لە سـینا - یەکـی پاشـنیوەڕۆ، دواتـر لە شـەرم ئەلشێخەوە - لە نێوان کاتژمێر ٤ و ٥ی پاشنیوەڕۆوە."

ئەوەش بەو مانـــایە دێـــت دەبێـــت فڕۆکەکـــان بەر لە کۆبـــوونەوە یەکـلاکەرەوەکەی ئەنجـوومەنی وەزیـران هەڵسـن، دواتـر پێـرس دەسـەڵاتی هەڵسـانی بە فڕۆکەکانـدابوو بەرلەوەی ڕەزامەنـدی لە سـەرەوە وەربگرێـت و گوتی، ئەگەر هاتوو ئەنجـوومەنیش دژی ئەرکەکە بڕیاریـدا، دەکـرێ فڕۆکەکـان بادەنەوە و بگەڕێنەوە.

کـاتژمێر ٢:٣٠ی پاشـنیوەڕۆی ڕۆژی شـەممە ئەنجـوومەن کۆبـۆوە، ئەمەش زۆر نائاسـایی بـوو. ئـاخر، لە مێـژووی ئیسـرائیلدا تەنیـا چەنـد جارێـک ئەوە ڕوویداوە، ڕابین پشتیوانی تەواوی خۆی بۆ ئۆپەراسیۆنەکە دەربڕی. واتە ئێسـتا هەر سێ یاریزانە سەرەکییەکە- سەرۆک وەزیـران، وەزیـری بەرگـری و سـەرۆک ئەرکـان- یەکـدەنگ و یەکگرتـوون. دوای گفتوگـۆیەکی کـورت و پوخـت، ئەنجوومەن بە پڕانیا دەنگان بڕیاریدا و ئۆپەراسیۆنی برووسکی پەسند کرد.

کاتژمێر ٣:٣٠ی پاشنیوەڕێ شـەرم ئەلشـێخ مژدەیەکـی خۆشـی پێگەیشـت، چوارده خولەک دوای فڕینی فڕۆکەکان کە ١٨٠ سەربازیان بە چەک و کەلوپەل و مارسیدیسـە ڕەشـەکەوە هەڵگرتبـوو، سـەربازەکان لەنـاو فـڕۆکەکە خۆیـان گرمـۆڵە کـرد و ویسـتیان سـەر خەوێـک بشـکێنن. کەمێـک دواتـر فەرمانـدەی

بارەگـای ئاسـمانی بە فڕۆکەیەکـی ئـۆریکس هەسـتا، هەروەهـا ئۆریکسـێکی دیکەش کە تیم و کەلوپەلی پزیشکی هەڵگرتبوو بەرەو نـایرۆبی فـڕی، بەمەش گەشتە چوار هەزار کیلۆمەترییەکە دەستی پێکرد.

کـاتژمێر یـازدەی شـەو گلۆپەکـانی فڕۆکەخـانەی عانتـابی لە تـاریکییەوە دەبریسکانەوە، فڕۆکە ڕینۆکـان لە بەرزایەکـی زۆر دەفـڕین بـۆئەوەی سـەر لە ڕادارەکـان بشـێوێنن. خولەکێـک دواتـر یەکەم فـڕۆکەی ڕینـۆ لە فڕگەیەکـی درەوشاوە لە پەنای فڕۆکەیەکی هێڵی ئاسمانی بەریتانیاوە نیشتەوە کە کەمێک پێشتر نیشـتبۆوە، بەمەش خـۆی لە ڕاداری ئۆگەنـدییەکان ون کـرد. بە پەڕجـوو بێـــئەوەی کەســـێک لە تـــاوەری کـــۆنترۆڵەوە تێبینیـــان بکـــات بە فـــڕگەکە بەرەوپێشەوە ڕۆیشت.

سـەربازانی هەردوو یەکەی دۆرۆن و تـالی لە فـڕۆکەکە خۆیـان هەڵـدایە خوارەوە و بە هۆی ڕۆناکی فڕگەکە بەر پێی خۆیان دەبینی، پێیـان وابـوو دوای چەنـــد خولەکێـــک وەک ڕێوشـــوێنێکی بەرگـــری ئۆگەنـــدییەکان گلۆپەکـــان دەکوژێننەوە، بۆیە تەنیا تۆرچەکانیان دەتوانێت فڕگەی فڕۆکەکـانی دی ڕۆشـن بکاتەوە، سەربازەکان لە بەرایی ڕینۆکان دەڕۆیشتن و ناوە ناوە بە تۆرچەکانیان بە درێژایی ٥٤٠ یارد ڕێگەکەیـان ڕۆشـن دەکـردەوە. دواتـر فـڕۆکەکە وەسـتا و مارسیدیســە ڕەشــەکە و دوو جێــب لانــدڕۆڤەر هــاتنە دەرەوە، بەرەو کـۆنە تێرمینـاڵەکە خشـین. لەنـاو مارسیدیسـەکە لە تەک کـابرای دەموچـاو ڕەشـکراو "عیدی ئەمین"، هەریەک لە یۆنی نەتەنیاهۆ، مـوکی بێتـزەر، گیـۆرا زوسـمان و پیاوەکانی دانیشتبوون.

تەنیا سەد مەترێـک لە کـۆنە تـاوەری کـۆنترۆڵەوە دووربـوون، کاتێـک دوو سـەربازی ئۆگەنـدی لە پێشـیاندا پەیـدابوون. یەکیـان ڕایکـرد، بەڵام ئەویـدی لوولەی تفەنگەکەی لە مارسیدیسەکە کرد و هەوڵیدا ڕایگرێـت. یـۆنی و گیـۆرا دەمانچە بێـدەنگەکەیان هەڵکێشـا، بەڵام مـۆکی هـاواری کـرد "تەقەی نەکەن"

چونكە دڵنیابوو لەوەی ئۆگەندییەكان تەنیا جوڵە و ئاماژە دەكەن و لەوانەیە تەقە نەكەن، بەڵام كە سەربازەكە لوولەی تفەنگەكەی نەهێنایە خوارەوە، هەردوو پیاوەكە، یەكێكیان بە دەمانچە، ئەویدیش بە كڵانشكۆف هاتنە كوشتن. تەقەكان لە بێدەنگی شەودا دەنگی دایەوە، ئەمەش بۆ ئیسرائیلییەكان سەرپرایز بوو، ئۆتۆمبیلەكان لەبری ئەوەی بگەنە دەرگەی كۆنە تێرمیناڵەكە، ناچاربوون تەنیا پازدە یارد دوور لە كۆنە تاوەری كۆنترۆڵ بوەستن و كۆماندۆكان خۆیان هەڵدا خوارەوە و بەرەو بیناكە ڕۆیشتن و سەربازێكی دیكەی ئۆگەندیان كوشت كە هەوڵیدا ڕێگەیان پێ بگرێت.

موكی و پیاوەكانی لە دەرگای تەنیشتەوە هەڵیان كوتایە سەر كۆنە تێرمیناڵەكە، كۆنە هۆڵی ڕۆیشتن ڕووناك بوو، بارمتەكان لەسەر زەوی ڕاكشابوون و زۆربەیان خەویان لێكەوتبوو، بە دەستڕێژییەک موكی و پیاوەكانی چوار تیرۆرستیان پەلەواژ كردەوە كە پاسەوانیان لە هۆڵەكە دەكرد، تەنیا یەک تیرۆرست تەقەی كردەوە، ئەوانی دی بەرلەوەی پێڕابگەن چەكەكانیان هەڵكێشن هەموویان كوژران. بە بڵندگۆ و بە زمانی عیبری سەربازەكان بارمتەكانیان ئاگادار كردەوە لە شوێنی خۆیان بمێننەوە. بە داخەوە هەندێكیان هەستانەوە و یەكسەر كوژران، شەشیان بریندابوون و سێشیان كوژران. وێڕای ئەو لە دەستدانە تراژیدییە، قۆناغی یەكەمی ئەركەكە سەركەوتوو بوو، تەنیا بە تێپەڕبوونی پازدە چركە یا زیاتر لە نێوان كوشتنی یەكەم ئۆگەندی و دەستگرتن بەسەر هۆڵی ڕۆیشتن، قۆناغی یەكەم تەواوبوو، هەروەها لاشەی چوار تیرۆرستیش بە كوژراوی لەوێ كەوتبوو.

لەوكاتەی موكی بێتزەر خەریكی پشكنینی هۆڵی ڕۆیشتن بوو، لە ڕادیۆكەیەوە لە لایەن تامیر پاردۆی تەمەن بیست و سێ ساڵەی ئەفسەری پەیوەندییەكانی سایەرەتەوە كە لە دواتر بووە سەرۆكی مۆساد، پەیوەندییەكی پێگەیشت و پێی ڕاگەیاند كە یۆنی بریندارە و لە باخچەكەی نزیک دەروازەی

هۆڵەکەیە، پاردۆ بە پەلە گوتی؛ "خۆت فەرماندەییەکە بکە" کە هەر ئێستا ئەو سەربازە ئۆگەندییەی کوشتبوو کە تەقەی لە یۆنی کردبوو، دواتر هەندێک بانگەشەی ئەوەیان کرد، گوایە لە کۆنە تاوەری کۆنترۆڵەوە تەقە لە یۆنی کراوە، هەندێکی دی باوەڕیان وابوو کە لە لایەن تیرۆرستانەوە تەقەی لێکراوە.

دەمودەست پزیشکی هێزەکانی بەرگری گەیشت و یۆنی ڕاکێشرایە ناو ڕینۆکە، موکی ئامێری ڕادیۆکەی هەڵگرت و ڕایگەیاند، خۆی فەرماندەیی دەکات.

کۆماندۆکانی دی بە شێوەیەکی سیستماتیکی کەوتنە کێوماڵکردنی پێچ و هۆڵەکانی دیکەی بیناکە. لە "هۆڵێکی بچووک" لە پشت هۆڵی ڕۆیشتن کەسیان نەدۆزیەوە، بەڵام کاتێک موکی چووە ناو هۆڵی (ڤی ئای پی) بەڕانگژی دوو سەربازی ئۆگەندی هات و هەردووکیانی پەلەواژ کردەوە. لەنکاو دوو پیاوی ڕوخسار ئەوڕووپی لەبەردەم ئیسرائیلییەکان زەقینەوە و خۆیان لەو لێخوڕینەی موکی لە سالۆسیدا کە داوای خۆناساندی لێیان کرد. سەرەتا کۆماندۆکان وایان مەزەندە کرد، ڕەنگە بارمتە بن، بەڵام کاتێک وەڵامی بانگەوازی ئیسرائیلییەکانیان نەدایەوە، کۆماندۆکان تێگەیشتن ئەوانە تیرۆرستن و یەکسەر تەقەیان لێیان کرد. یەکێکیان نارنجۆکێکی هەڵگرتبوو و تەقیەوە، دەمودەست هەردووکیانی کوشت.

لەکاتی کێوماڵکردنی هۆڵی ڤی ئای پی، هۆڵی گومرگ و نهۆمی دووەم، ژمارەیەک سەربازی دیکەی ئۆگەندی کوژران، بەڵام لەو شەست و شەش ئۆگەندییەی لە فڕۆکەخانەکە جێگیرکرابوون نزیکەی هەموویان قوچاندیان و ڕایانکرد. بە تێکڕایی دوازدە ئۆگەندی لە شەڕە تەقەی جیاوازەوە کوژران.

لەنکاو ڕوناکی لە تەواوی فڕۆکەخانەکە کوژایەوە و عانتابی نقومی تاریکیبوو، لە شانسی ئێمەدا ئەو فڕگەیەی یەکەم فڕۆکەی لێ نیشتەوە بەهۆی

لایتی کۆماندکانەوە ڕۆشن بوو، بەهۆیەوە فڕۆکە ڕینۆکانی دی بە ئاسانی نیشتنەوە و سەرباز و ئۆتۆمبیلی زیاتریان هێنا.

لە ئیسرائیل، هەر یەک لە ڕابین، پێرس و گۆر بە پەرۆشەوە ڕاستەوخۆ گوێیان لەو ڕاپۆرتانە بوو کە بە ئامێری ڕادیۆ لە عانتابی دەنێردران. کاتژمێر ۱۱:۱۰ خولەکی شەو گوێبیستی دەنگی دان شۆمرۆن بوون و گوتی: "هەموو شتێك باشە، دواتر بە ڕاپۆرت بۆتان دەنێرم ."دوای تێپەڕبوونی هەشت خولەکی دی شۆمرۆن پەیوەندی کردەوە" ئاستی لافاو دابەزیووە" ئەمەش کۆدبوو کە هەموو فڕۆکەکان بە سەلامەتی نیشتوونەتەوە، دواتر کۆدی "فەڵەستینییەکان"ی بەدوادا هات و پەلاماری سەر کۆنە تێرمیناڵەکەی ڕاگەیاند. شۆمرۆن خۆی جێبەکەی بۆ ئەو بینایە لێخوڕی و لەوێوە لە فەرماندەیی بەردەوامبوو.

شەڕە تەقە لە ناو و دەرەوەی کۆنە تێرمیناڵ بەردەوامبوو، یەکە تازە گەیشتووەکان دەست بە کاربوون. هێزەکانی مێیجەر شاوڵ مۆفاز بەدەست ڕێژێکی وێرانکەر تەقەکەرانی کۆنە تاوەری کۆنترۆڵیان بێدەنگ کرد. لە دوو پێکداداندا تیمێکی پەڕەشووتوانی دیکەی مۆفاز هەشت سەربازی ئۆگەندەیان کوشت و لەگەڵ ئەو هێزە یەکیان گرتەوە کە کۆنە تێرمیناڵیان پاک دەکردەوە. دواتر کۆلۆنێل ماتان ڤیلنای بە سەرکردایەتی هێزێکەوە ڕووەو تێرمیناڵە نوێیەکە ڕۆیشت، دوای چوونە ژوورەوە تەواوی بینا ڕووناکەکە بووە تاریکستان، بەڵام دەبوو ئۆپەراسیۆنەکە هەر بەردەوام بێت، تەنانەت ئەگەر ڕووناکیش نەبێت. بە پێی پلانەکە نەدەبوو پیاوەکانی ڤیلنای تەقە لە ئۆگەندییەکان بکەن، ئەگەر شەڕ نەکەن، تەنانەت ڕێگەی هەڵاتنیش بۆیان مەیسەربوو. لە دوو حاڵەتدا ئۆگەندییەکانیان دەستگیر کرد و لە نووسینگەی تێرمیناڵدا دەرگایان لەسەر گاڵەدان، بەڵام ڤیلنای لە بەشی باکوری تێرمیناڵەکەدا گوێی لە دەنگی دوو تەقەبوو، لەسەر پێبیلکەکان سەربازێکی خۆی (نەقیب

سورێن هێرشکۆ)ی بینی بە برینداری کەوتووە، پێدەچوو بە تەقەی ئاسایشی ئۆگەندا پێکرا بێت. بە خێرایی هێرشکۆ لەوێ بردرا دەرەوە و کۆماندۆکان لە پێشڕەوی خۆیانداببوون، بەڵام بەهۆی تاریکیەوە هەرچەندی کردیان دەروازەی چوون بۆ تێرمیناڵەکەیان نەدۆزیەوە. وێڕای ئەو بارە شپرێوە ڤیلنای و پیاوەکانی لە هەوڵەکانیان بەردەوامبوون، جەنگەکە خەریکبوو دەگەیشتە کۆتایی، هێزەکانی بەرگری دەستیان بەسەر فڕۆکەخانەکەدا گرت و کۆماندۆکان گەیشتنە لای کۆگای سووتەمەنی، بەڵام بڕیاردرا لە عانتابی بەنزین تێ نەکەن، چونکە دوو کاتژمێری دوا دەخستن. هەر یەک لە ڤیلنای، کۆڵۆنێل شانی و کاپتنی فڕۆکە ئامۆژگاری شۆمرۆنیان کرد، ئەگەر زۆر پێویست نەبێت، نابێت ڕۆیشتنەوە دوا بخات. شۆمرۆن بەوە ڕازیبوو لە نایرۆبی بەنزین تێ بکات، نەخاسمە یەکەیەکی سەر بە هێزەکانی بەرگری ئیسرائیل بە فەرماندەیی یەهود باراک لەگەڵ نەخۆشخانەیەکی ئاسمانی بە دوازدە پزیشک و دوو ژووری نەشتەرگەرییەوە کە لە ئیسرائیلەوە ڕاهاتبوون لەوێ لە چاوەڕوانیدا بوون.

لە کۆنە تێرمیناڵی عانتابی بارمتە ڕزگارکراوەکان لە خێرا و چووست گەیشتنی ئیسرائیلییەکان و کوشتنی تیرۆرستان حەپەسان، لە خۆشیان لە چواردەوری سەربازەکان کۆڕیان گرت و لە ئامێزیان دەگرتن، هەندێ دەگریان و هەندێکی دیکەش نوێژیان دەکرد، بەڵام سەربازەکان بە پەلە کۆتاییان بەو شادییە هێنا و داوایان لە بارمتەکان و تاخمی فڕۆکە فەڕەنسییەکە کرد هەرچی زووە کەلوپەلەکانی خۆیان گردوکۆ بکەن و لە بیناکە بچنە دەرەوە. بەو تاریکە ئەوانیان بردە دەرەوە و یەک بە یەکیان دەژمارد بۆئەوەی لە ژمارەیان دڵنیا ببنەوە.

کاتژمێر ١١:٣٢ خولەک وشەی نهێنی "جیفرسۆن" لە ڕادیۆی وەرگرەوە(رسیڤەرەوە) لە تەلئەڤیڤ دەنگی دایەوە، ئەوەش بەو مانایەبوو کە

کردەی ڕزگارکردنی بارمتەکان دەستی پێکردووە، خولەکێک دواتر: "هەموو شتێک بۆ جەلیل گوازرایەوە" ئەوەش بەو مانایەبوو کە بارمتەکان سواری ڕینۆکان کران.

سەربازەکان، بریندار و لاشەی ئەو بارمتانەیان بردە ناو فڕۆکەکان کە لە شەڕە تەقەکاندا پێکرابوون. لەم نێوەندەدا ئافرەتێکی بە تەمەنی ئیسرائیلی بە ناوی دۆرا بلۆج دیار نەبوو کە پێشتر بەهۆی نەخۆشبوونی گواسترابۆوە نەخۆشخانەی کەمپالا.

خڕ شتەکانی دی بەپێی پلانەکە بەڕێوەچوون، بەڵام کاتژمێر ١١:٥٠ خولەکی شەو هێزی ئاسمانی لە وەزارەتی بەرگری لە تەلئەڤیف، پەیامێکی جێ نیگەرانی لە "ئەلمۆند گرۆڤ"ی سایەرەتی یۆنی نەتەنیاهۆ بۆ ئەفسەری یەکەی پزیشکی لە عانتابی وەرگرت. داواکە بۆ "توو ئێکاترینا" بوو، کۆدەکە بە مانای "دوو بریندار" بوو، بەڵام لەبارەی ناسنامەی بریندارەکانەوە هیچ نە گوترابوو.

ئۆتۆمبیل و یەکەکان گەڕانەوە ناو ڕینۆکان، سەربازەکانی لێیتونانت ئامر بارلیڤ، کوڕی سەرۆک ئەرکانی پێشوو، هەشت فڕۆکەی مێگی تەقاندەوە کە لە فڕۆکەخانە جێگیرکرابوون (پارک کرابوون) نەبادا پەلاماری ئەو ڕینۆیانە بدەن کە بە هێواشی بەرەو وڵات بە ڕێگەبوون.

کاتژمێر ١١:٥١ خولەکی شەو لە پەیامێکی رادیۆییەوە هاتبوو، ئەوەی هەموو خەڵکی تەلئەڤیف نزایان بۆی دەکرد، دواجار هاتەدی "ماونت کارمێل" ئەوەش بە مانای کۆتایهاتنی کردەی ڕزگارکردنەکە بوو. واتە ئۆپەراسیۆنەکە تەواوبوو و خڕ فڕۆکەکان فڕین.

پێرس لە یادەوەرییەکانیدا نووسیویەتی"دڵ لە خۆشیان بێ ئۆقرەبوو"

دوای ئەوەی فڕۆکەکان لە عانتابییەوە فڕین، پێرس ڕێنوێنی بە بۆراک بارلیڤی کۆنە هاوڕێی عیدی ئەمیندا تەلەفۆنی بۆ بکات، پێرس وای بۆچوو بوو،

هەڵبەت دیکتاتۆری ئۆگەندا لە ماریتیوس گەڕاوەتەوە. ئەوەی بۆ بۆراک مایەی سەرسوڕمانبوو، ئەمین خۆی تەلەفۆنەکەی هەڵگرت کە کەمێک پێشتر گەڕابۆوە کامپالا.

بۆراک بە شێوەی سیناریۆیەکی بونیادنەر قسەی لەگەڵ کرد و وای پێشاندا کە ئەمین بە نهێنی لە کردەی ڕزگارکردنەکە بەشداربووە بەو ئومێدەی ناکۆکییەک لە نێوان ئەمین و تیرۆرستان دروست بکات کە بە پەرۆشەوە یارمەتی دان. پەیوەندییە تەلەفۆنییەکە لە لایەن هێزەکانی بەرگری ئیسرائیل تۆمار دەکرا.

"جەنابی سەرۆک بۆ سوپاسکردن لە بەرامبەر ئەوەی کردت، تەلەفۆنم بۆ کردی!"

ئەمین گوتی: "بەڵێ، من ئامۆژگاریم کردن داواکاری برادەرەکانم قبوڵ بکەن."

بۆراک گەڕایەوە و گوتی: "من دەمەوێ سوپاست بکەم لە بەرامبەر ئەوەی بۆ ڕزگارکردنی بارمتەکان کردتان."

ئەمین گوتی: بەڵێ، بەڵێ. "دەبێت ئێوە لەگەڵ برادەرەکانم گفتوگۆ بکەن و گۆڕینەوە بکەن، ئەوکاتە هەم بارمتەکان، هەم زیندانییەکان ئازاد دەکرێن."

ئەم قسەکردنە بۆ چەند خولەکێک بەردەوامبوو تا بۆراک تێگەیشت: ئەمین نازانێ بارمتەکان ئازادکراون! ئەو تا ئێستا لە کۆشکەکەیەتی و باس لە هوشداری و گفتوگۆ دەکات، هیچ لەبارەی ئەو ڕاستییە نازانێت کە ئیسرائیلییەکان لە عانتابی بوون و بارمتەکانیان ئازاد کردووە و فڕیون، چونکە هیچ یەکێک لە ئەفسەرەکانی بوێری ئەوەیان نەبوو پێی ڕابگەیەنن کە چەند میلێک لە دووری کۆشکەکەیەوە شەڕە تەقەبووە و تیرۆرستان کوژراون و بارمتە ئیسرائیلییەکانیش لە ڕێگەی گەڕانەوەی ماڵەوەن.

"سوپاس گەورەم"، بۆراک منگەیەکی کرد و تەلەفۆنەکەی داخستەوە.

خـێر فڕۆکەکـان بە سـەلامەتی لە نـایرۆبی نیشـتنەوە. کاتێـک فڕۆکەکـان بەنزینیـان تێـدەکرد، تیمـی پزیشـکی سـەر بە هێزەکـانی بەرگـری ئیسـرائیل برینداره‌کانی دەرمان کرد. کەمێک دواتر فڕۆکەکان بەرەو ئیسـرائیل لە شەقەی باڵیاندا.

لەو گەشتە دوورودرێژەدا تەنیا چەند بارمتەیەکی ڕزگارکراو خەوتـن، دەنـا زۆربەیان بەو ئەزموونە لە ڕادەبەدەرە کەیفخـۆش بـوون. کـاتێکیش گـوتەبێژی هێزەکانی بەرگـری ئیسـرائیل لە کـورتە پەیامێکـدا لەبـارەی ئەرکەکە ڕایگەیانـد "ئەمشەو هێزەکانی بەرگری ئیسـرائیل بارمتە و تـاخمی فڕۆکەوانـی فەڕەنسـای لە فڕۆکەخـانەی عانتـابی ڕزگـارکرد." جـۆش و خرۆشـێکی چـاوەڕوان نەکـراو سەرانسەری وڵاتی گرتەوە.

خۆشـییەکی گەورە ئەرکـانی گشـتی هێزەکـانی بەرگـری ئیسرـئیلی تاسـاند، کاتێک مۆتا گۆر مژدەی سـەرکەوتنی ئەرکەکەی بە ئەفسـەرانی ئەرکـانی گشـتی ڕاگەیانـد و لە وتەیەکـدا گـوتی: "نـاتوانم ئۆپەراسـیۆنەکە هەر لە قۆنـاغە بەرایـیەوە بـێ لە ویسـت و کـاریگەری یەک پیـاودا کـۆ نەکەمەوە...... کە بە هەموو شێوە و هەوراز و نشێوێکدا کاری بۆ جێبەجێکردنـی کـرد، ئەم پیـاوەش وەزیری بەرگرییە و شایەنی هەموو ڕێزێکە."

لە نووسینەگەی سـەرۆک وەزیـران هەر یەک لە ڕابـین و پێـرس پیرۆزبـایی گەرمیان لەگەڵ ئەندامانی کنێست، بـێگن، ئلـیمەلچ ڕیمالـت، ئیسـحاق نـاڤۆن، سەرۆکی لێژنەی کاروباری بەرگری و دەرەوە گۆڕیەوە. ڕابین، سەرۆک و گۆڵـدا مائیری ئاگادار کردەوە، پێرسیش سۆنیای هـاوژینی لە خەو هەسـتاند. هەرزوو هەواڵەکە بە جیهـان بڵاوبـۆوە و لە هەمـوو لایەکەوە بە لێشـاو پەیـامی دەستخۆشـی گەیشـتن، بەڵام چەنـد کاتژمێرێـک دواتـر ئەو خۆشـییە ڕەویەوە،

چونکە گۆر هاتە نووسینگەی وەزیری بەرگری، ئەوکاتە شیمۆن پێرس لەسەر تەختە باریکەکەی پاڵ کەوتبوو تا سەر خەوێک بشکێنێ و چاو گەرم بکات. گۆر گوتی: :شیمۆن یۆنی تەواو بوو " کە لە پشتەوە گوللەیەکی بەرکەوتبوو، پێدەچوو بەهۆی ئەو گوللەیە زامدار بووبێت کە لە کۆنە تاوەری کۆنترۆڵەوە کرابوو. پێرس خۆی پێ نەگیرا و لە هاڕژنی(پرمەی) گریانیدا.

ڕۆژی دواتر لە ٤ی تەمووزی ١٩٧٦ (کە یادەوەری دووسەد ساڵەی دامەزراندنی ویلایەتە یەکگرتووەکان بوو) فڕۆکە ڕزگارکەرەکان لە ئیسرائیل نیشتنەوە و لە لایەن جەماوەر بە ئاهەنگ و بەرزکردنەوەی ئاڵاوە پێشوازی کران. ئۆپەراسیۆنەکە لەناو ئیسرائیل و دەرەوە بە ئەفسانە ناوبرا، بە وتار، پەرتووک، بەرنامە و فلیمەوە باس لە پیرۆزی ئۆپەراسیۆنەکەی سەربازانی هێزەکانی بەرگری ئیسرائیل کرا، وڵاتانی بیانی ئۆپەراسیۆنەکەیان بە سیمبوڵی ئازایەتی و توانای بێوێنەی سەربازی ناوبرد.

سەرجەم ئەو تیرۆرستانە کوژران کە لە ڕفاندن و زیندانی کردنی بارمتەکان لە عانتابی بەشداربوون، جگە لە وەدیع حەداد، سەرۆکی بەرەی میللی نەبێت کە بەر لە پەلامارەکەی هێزەکانی بەرگری ئیسرائیل عانتابی بە جێهێشتبوو، بەڵام دەیزانی تازە بووەتە ئامانجی ئیسرائیل، بۆیە پەنای بۆ بەغدا برد بەو ئومێدەی لەوێ پارێزراو بێت. نزیکەی ماوەی دوو ساڵی خایاند تا ئیسرائیل توانی دواجار دەستی پێی بگات. سیخوڕەکانی ئیسرائیل خاڵی لاوازی حەدادیان ئاشکرا کردبوو: کە زۆر حەزی بە چوکلێتی نایابی بەلجیکییە. مۆساد لە ڕێگەی دەستەمۆکردنی جێدارێکی جێ متمانەی حەدادەوە پاکەتێک گۆدیڤیان بە لیکاوێکی ژەهراوی بۆی نارد. حەداد هەموو چوکلێتەکانی بە تەنێ خوارد. چەند هەفتەیەک دواتر باری تەندروستی تێکچوو، بۆیە بە پەلە گەیەنرایە نەخۆشخانەکانی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات و لەوێ لە ئاداری ١٩٧٨ مرد.

هەر ئەو ساڵە، لە سەرینی ئەو شەڕەی بە تانزانیای هاوسێی فرۆشت،

ڕژێمی ئەمین ڕووخا. بۆیە ڕایكردە لیبیا و دواتر لە عەرەبی سعودی گیرسایەوە تا لە ۲۰۰۳ مرد.

ئەركەكەی هێزەكـــانی بەرگـــری ئیســـــرائیل لە عانتـــابی ســـەركەوتنێكی سەرسـوڕهێنەر بـوو، هەرچەنـدە مردنـی یـۆنی نەتەنیـاهۆ سـێبەرێكی ڕەشـی بەسەر خۆشییە جەمـاوەریەكە جێهێشـت، بەڵام هێزەكـانی بەرگـری ئیســـرائیل نـاوی ئۆپەراسـیۆنەكەی لە (برووسـك)ەوە بە ئۆپەراسـیۆنی (یۆناتـان) گـۆڕی. پێرس لە ڕێوڕەسمی بە خاكسپاردنیدا زۆری پیاهەڵدا:

"ئەو بارگرانییە چیبوو كە ئێمە نەمانتوانی لەسـەر شـانی یـۆنی و هەڤـاڵانی هەڵبگرین؟ لە مەترسـیدارترین ئەركەكـانی هێزەكـانی بەرگـری ئیســـرائیل، لەو ئەركـــانەی لە وڵات دوور و لە دوژمـــن نزیكبـــوون، لە شـــەوەزەنگی تەنیـــایی جەنگاوەردا، ریسك كردنـی چەنـدبارە و چەنـدبارە لە كـاتی ئاشـت و لە كـاتی شـــەڕدا، لەو كاتـانەی چارەنووسـی وڵات پشــت بە بەشـێك لە خۆبەخشـــەكان دەبەستێ.... یۆنی فەرماندەیەكی بوێر و چاو نەترس بوو، بە ئازایەتییەكـانیەوە بەسەر دوژمنەكەی زاڵبوو، بە حیكمەتەكانییەوە دڵی هاوڕێكانی داگیر كردبوو، لە مەترسییەكان نە دەترسا، سەركەوتنەكانیش ئەویان وەلا نەنا، بە مردنـی ئەو سەری تەواوی میللەت بەرز بۆوە."

شیمۆن پێرس بەیتێكی سەردوڵكەی مەلیك داودی دووبـارە كـردەوە كە بـۆ جۆناتانی هاوڕێی هۆنیوەتەوە: "براكەم جۆناتان من بـۆ تـۆ خەمبـار و پەژارەم، تۆ زۆر خۆشیت بە من بەخشی، خۆشەویستی تۆ بۆ من زۆر جوانبوو."

شیمۆن پێرس، دواتر بووە نۆیەم سەرۆكی ئیســرائیل

"لە یەكەم ساتدا بڕیارمدا مل بۆ داواكاری تیرۆرستان نەدەم، ئێمە دەبێـت ڕێـــگەیەك بـــۆ ڕزگـــاركردنی بارمتەكـــان بـــدۆزینەوە. مـــن لە لایەن كۆمەڵێـــك

ژەنەڕاڵــی بە توانــای وەک: شــۆمرۆن، ئــادەم، پیلیــد، گازیــت و دۆســتە نزیکەکانیانەوە پشتەوانیم هەبوو. لە بەرایـیەوە پلانەکەمـان تەمـومژاوی بـوو، کاتژمێر دوای کاتژمێر دەستمان بە پرۆژەکەماندا دەهێنـا و باشـترمان سـاز کـرد، بەڵام هەستم کرد لەو مژارەدا تەواو تەنیام.

سەرۆک وەزیران ئامادەی گۆڕینەوەی تیرۆرستە بەندکراوەکان بە بارمتەکان بوو، زۆرینەی کابینەکە لەگەڵیدا هاوڕابوون، تەنانەت موناحیم بێگنی بـوێریش لەگەڵیدا بوو. مۆتا گوور سەرۆک ئەرکانی هێزەکانی بەرگری ئیســرائیل گـاڵتەی بە گـرووپە بچـووکەکەم دەکـرد و پـلانەکەی ئـێمەی بە جێـیمس بۆنـد بەراورد دەکرد و ئێمەشی بە "ئەنجوومەنی خەیاڵ پـلاوان" نـاوبرد. مـن ئەوەم دەزانـی ئەگەر پلانێکی زۆر باشیشـم هەبێـت بەهـۆی بەرهەڵسـتی سـەرۆک ئەرکـان و سەرڕەقی سـەرۆک وەزیـران نـاتوانم لە ئەنجـوومەنی وەزیـران ڕەزامەنـدی بە دەســت بهێــنم. بـۆیە هەوڵمـدا پشـتیوانی هەنـدێک لە وەزیرانــی کـابینە بە دەسـتبهێنم، بـۆ ئەم مەبەسـتە سـەردانی حـایم تـزادۆک وەزیـری دادم کـرد کە لاگیرێکی بەهێـزی سـەرۆک وەزیـران ڕابـین بـوو، بەڵام پیـاوێکی هۆشـمەند و بابەتیانە بوو، بەوپەڕی نهێنی پـلانەکەم بـۆ ئاشـکرا کـرد. لە بەرامـبەردا گـوتی: پلانێکی فرە باشە، لە کۆبوونەوەی کابینەدا پشتەوانی لێ دەکەم.

هەروەهـا هانـدان و پشــتەوانییەکی دیکەشــم لە هــاوڕێم مۆشــی دایــان، وەزیـری پێشـووی بەرگـری پێگەیشـت، مۆشـێم لە چێشـتخانەی کاپریسـیۆ لە تەلئەڤیڤ بە هاوڕێیەتی میوانانی ئوستراڵی بینی، مـن ڕێـز لە دایـان دەگـرم و بۆچوونەکـانی بە هەنــد هەڵــدەگرم. ئــێمە داوای دوو بەرداخ وایــنمان کــرد و چووینە مێزێکی نزیک لەو ناوە، لەبارەی پلانەکە قسەم بـۆی کـرد. ئێسـتاش لە بیـرمە چـۆن چاوەکـانی زەق کـردنەوە و گـوتی: ئەوە پلانێکـی مەزن و نایـابە، سەت لە سەت پشتەوانی لێ دەکەم.

بەڵام مۆتـا گـۆر لە سـەر ڕەتکـردنەوەی پـرۆژەکە مکوڕبـوو، تەنیـا لە دوا

ساتەکاندا لە بەیانی هەینیدا، ڕاپۆرتێکی نوێ و دوورودرێژی هەواڵگریم لەبارەی عانتابی، بارمتەکان و تیرۆرستە پاسەوانەکان بۆ هاورد، ئەم ڕاپۆرتە وایکرد بۆچوونی خۆی بگۆڕێت و ببێتە پشتەوانێکی سەرسەختی جێبەجێکردنی ئەرکەکە و گوتی: ئێستا، لە کۆتاییدا دەتوانین بچینە لای ڕابین و داوای پشتەوانی لێ بکەین."

تامیر پرادۆ، ئەفسەری پەیوەندی سایەرەت ماتکال کە دواتر بووە سەرۆکی مۆساد

لەم ئەرکەدا پاڵەوانگەلێک هەبوون. هەر کەسێک بەشداری لەم ئەرکەدا کردووە – لە هەر پلە و پایەکدا بێت- لە پانتیۆنی عانتابی شایەنی شوێنێکە. پلانەکە بە شێوەیەکی باش ئامادەکرابوو، بەڵام ئەو کوڕگەلانەی پلانی هێزی ئاسمانیان داڕشتبوو، شایەنی ڕێزێکی تایبەتن، لەبەرامبەر: فڕین و نیشتنەوەی چوار فڕۆکەی ڕینۆ بۆ ناوجەرگەی ئەفریقا بێ ئەوەی ببینرێن و ئاشکرا بکرێن، دابەزینی هێزەکە بێ ئەوەی تەقەیان لێ بکرێ، تەنانەت یەک تەقەش و بشگەڕێنەوە دوای ئەوەی بارمتەکان ڕزگار دەکەن. ئەمەش کارێکە شایەنی پەسن کردنمانە. ئیدۆ ئەمبار کۆلۆنێلی هێزی ئاسمانی ئیسرائیل و سەرۆکی تیمی پلاندارێژەران شایەنی ڕێزێکی گەورەیە. ڕاستە، هەمیشە فەرمانەکانی سەربازی لە لایەن ژەنەڕاڵ و فەرماندە باڵاکانەوە مۆر دەکرێ، بەڵام ئەو پیاوە زیرەک و چەلەنگانەی دەهێنرێنە ناو ئەرکەکە کە شەو و ڕۆژ کار دەکەن، هەندێجار لە سێبەردا دەمێننەوە.

ئێمە ڕاهێنانی باشمان کردبوو، هەر یەکێک لە ئێمە باش دەیزانی شوێنی لە کوێیە و ڕۆڵی لە ئۆپەراسیۆنەکەدا چییە. بە درێژایی گەشتەکە ئەوەی کردم هەوڵدانی خەوتن و نە ڕشانەوە بوو بەهۆی هەڵبەز و دابەز و هەژان و سوڕانەوە زۆرەکانی فڕۆکە.

من کاپتنێکی تەمەن بیست و سێ ساڵی بووم. لە پەلاماردانی کۆنە تێرمیناڵدا لەناو یەکەم جێب ڕۆڤەر بووم، ئەو جێبەی لە پێش مارسیدیسەکە دەڕۆیشت، کاتێک هێرشەکەمان دەست پێکرد من لە پاڵ یۆنی بووم کە کوژرا تەنیا یاردێک لە منەوە دوور بوو. لە بەردەممان سەربازێکی ئۆگەندی وەستابوو و تەقەی لێمان کرد. من ئەوم کوشت، پێموابوو ئەو بوو تەقەی لە یۆنی کرد، بەڵام چیرۆکێکی دیکەش هەیە کە یۆنی بە تەقەی سەربازێکی کۆنە تاوەری کۆنترۆڵ یان تیرۆرستێک کوژراوە.

من ڕێزێکی بێپایانم بۆ یۆنی وەک فەرماندە هەبوو. من ئەوم لە کاردا بینیوە و بەشێکی زۆر گرنگی سەرکەوتنی ئەرکی عانتابی بوو. کاتێک کەوت، چەمامەوە سەری و بینیم زۆر بە سەختی زامداربووە، دەستبەجێ پزیشکم ئاگادار کردەوە و تێلم بۆ موکی بێتزەری جێگری کرد تا فەرماندەییەکە لە ئەستۆ بگرێت. دواتر پەیوەندیم بە گیۆرا زوسمانەوە کرد و پێکەوە چووینە ناو کۆنە تێرمیناڵەکە. هەر بۆ خۆشی ئۆپەراسیۆنەکە چەند خولەکێکی خایەند.

ڕۆژی دواتر بە بارمتەکانەوە گەڕاینەوە ئیسرائیل و ڕەوانەی ئۆرشەلیم کرام بۆ ماڵی بنەماڵەی نەتەنیاهۆ تا دوا ساتەکانی یۆنییان پێ ڕابگەیەنم، ئەمەش کارێکی سەخت و بە ئازاربوو."

## بەشی یەکەم
## چۆن ئەوانە هەمووی دەستیان پێکرد؟

**لە ١٤ی ئایاری ١٩٤٨، دوای سی ساڵ حکومڕانی سوپا و ئیدارەی بەریتانیا فەڵەستینی جێهێشت. نیوەڕۆی هەمان ڕۆژ سەربەخۆیی ئیسرائیل لە لایەن بێن گۆریون لە تەلئەڤیڤ لە مۆزەخانەی هونەری ڕاگەیەندرا. شەش مانگ پێشتر لە ٢٩ی نۆڤەمبەری ١٩٤٧ لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بڕیار لە دابەشکردنی فەڵەستین بۆ دامەزراندنی دوو دەوڵەت، دەوڵەتێک بۆ عەرەب و دەوڵەتێک بۆ جوولەکە درابوو، بەڵام عەرەبەکان دابەشکردنەکەیان ڕەتکردەوە، عەرەبەکانی فەڵەستین و هەر یەک لە سوپاکانی مسر، سوریا، لوبنان، ئوردن و عێراق، هەروەها یەکە خۆبەخشەکانی سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ**

وێرانکردنی دەوڵەتی ئیسـرائیل دەستیان بە هێرش کرد. داڤید بـێن گۆریـون بە سەرۆک وەزیران و وەزیری بەرگـری هەڵبژێـردرا و یگایـل یـادنش بە وەکـالەت بوو بە سـەرۆک ئەرکـان، کە دواتـر بـووە زانـایەکی بەناوبـانگی شوێنەوارناسـی جیهانی.

# پاژی دووەم
# ڕزگارکردنی ئۆرشەلیم، ١٩٤٨

**لە ٢٤ی ئایـاری ١٩٤٨، هەرچەنـدە شـەڕی سـەربەخۆیی لە گەرمەی بـوو، داڤید بێن گۆریون بانگی ئیگائیل یادنی کرد و لەو نەخشەیەی ئیسـرائیل نزیک کەوتەوە کە لە دیواری نووسـینگەکەیدا هەڵیواسیبوو، ئامـاژەی بە چارڕیانێـک کرد کە بە "لاتروون" دیاریکرابوو.**

**بە ڕەقی گوتی: هێرش بکە! بە هەر نرخێک بێت هێرش بکە.**

**یادن داواکەی ڕەتکردەوە.**

بێن گۆریون "پیرە پیاو"ی تەمەن شەست و دوو ساڵەی بونیاد پتەوی بە ڕەچەڵەک پۆڵەندیی دەموچاو گرژی چەناگا بەرزی چاو قاوەیی بە دوو داوی پرچ سپییەوە بەسەر نەخشەکەوە دەفڕین، یگائیلیش نیو تەمەنی ئەو بوو، پیاوێکی باریکەلەی لاوازی سەر کەچەڵی سمێل بابڕبوو، وەکی باوکی کە شوێنەوارناسێکی دیاربوو، پێش شەڕی سەربەخۆیی لە زانکۆی عیبری ئارکیۆلۆژی خوێندبوو.

بێن گۆریون بەهۆی بارودۆخی ئۆرشەلیم سەری لێ وێکهاتبووە یەک، چونکە بەشە ئیسرائیلییەکەی لە لایەن لەشکری ئوردنەوە گەمارۆ درابوو، هەروەها برسێتی، تێنویەتی و نەبوونی چەکی پێویست بە دەست بەرگریکارانەوە تەنگی پێیان هەڵچنیبوو، واتە ئۆرشەلیم لە لێواری کەوتنیدابوو، بێن گۆریون باوەڕی وابوو ئەگەر ئۆرشەلیم بکەوێت، دەوڵەتی ساوای ئیسرائیلیش بە پێوە نامێنێتەوە. قەڵای لاترونی نزیک پەرستگای ترایپیست کە کۆنترۆڵی بەسەر ڕێگە کەنار دەشتاییەکان تا ئۆرشەلیم هەبوو لەژێر هەژموونی یەکەی دەستەبژێری عەرەبان بوو، بۆیە دەبوو بۆ شکاندنی گەمارۆکە لاترۆن داگیر بکرێت.

هەرچی یادن بوو بیرۆکە و پێشینەیەکی دی هەبوو، چونکە هێزەکانی عەرەب هاتبوونە ناو قوڵایی ناوچەی ئیسرائیل، سوریەکان گەیشتبوونە گەلی ئوردن، عێراقییەکان لە کەناری دەریای ناوەڕاست نزیک کەوتبوونەوە، هەڕەشەی دوو لەتکردنی دەوڵەت لە ئارادابوو، هێزەکانی پەیدۆزی مسری کەمپیان لە کەنارەکانی رووباری لاکیش بە دووری سی و پێنج کیلۆمەتر لە تەلئەڤیڤ قایم کردبوو. بۆیە پێیوابوو سەرەتا دەبێت مسرییەکان بوەستێنرێت.

بێن گۆریون دووبارەی کردەوە لاترون دەبێت بگیرێت، هیچ شتێکی دی هێندەی ئەوە گرنگ نییە، شەڕە قسەیەکی گەرم لە نێوانیان ڕوویدا، یادن بە

تورەیی ناولەپەکی لە جامی سەر مێزی بێن گۆریۆندا و وردوخاشی کرد، بەڵام ئەو پیاوە پیرە خۆی لە گووره نەبرد، چونکە ڕێزی لە یادن دەگرت و بە خەسڵەتە توڕییەکەی سەرسامبوو، هەروەها دەستی دایە تفەنگەکەی. دواجار یادن ملیدا، لە برووسکەیەکدا بۆ لیوای حەوت فەرمانەکەی بێن گۆریۆنی دووبارە کردەوە "بەهەر نرخێک بێت هێرش بکە!"

لە هەفتەکانی داهاتوودا سەربازانی ئیسرائیل پۆڵ دوای پۆڵ پەلاماری قەڵای لاترونیاندا، بەڵام جار لە دوای جار هەڵمەتەکەیان شکست بەشی بوو، بەسەدان سەربازی ئیسرائیل کوژران و برینداربوون و سوپای عەرەبانیش بەرپەرچی پەلامارەکانیان دایەوە. لەوکاتەدا شاندی (یو ئێن) لە نێوان عەرەب و جوو لە هەوڵی ئاگربەستێکی کاتیدا بوو، بێن گۆریون دەیزانی لە چەند بەرەیەکەوە ڕێککەوتنی ئاگربەست بارودۆخەکە "سڕ" دەکات. ئەوەش بەو مانایە دێت ئەگەر ئاگربەست بەدی بێت و ئۆرشەلیم هەر لەژێر گەمارۆدا بێت و بە ڕاپۆرتی (یو ئێن) بە کۆتا بێن، ڕێگەش بە ئیسرائیل نەدرێ یارمەتی و چەک بۆ ئۆرشەلیم دابین بکات، شاری پیرۆز و ئیسرائیلیش لەگەڵیدا دەکەوێت.

هەرچەندە هێشتا ڕێگەی قەڵای لاترون داخراوبوو، ئاریا تێپەر، فەرماندەی پۆڵ لە لیوای حاریل کە لە نزیک ئۆرشەلیم شەڕی دەکرد، داوای مۆڵەتی لە فەرماندەی لیوا ( ئەفسەری لاو ئیسحاق ڕابین) کرد تا بە پیادە خۆی بگەیەنێتە دەشتایی کەنارەکە و گوتی: براکەی لە شەڕدا کوژراوە و دەیەوێ سەردانی دایکە جەرگ سووتاوەکەی بکات، ڕابین نەک تەنیا داواکەی پەسند کرد، بەڵکو سێ سەربازی دیکەشی بە گەڵدا، شەو هەر چوار سەربازەکە بە پێچە سەختەکان و ناو بەستەکاندا بێئەوەی هیچ دەورییەکی دوژمن هەستیان پێ بکات لە دەشتاییەوە گەیشتنە کیبووتزی هولدا. ئەندامانی کیبووتز واقوڕمای بوون و وایان مەزەندە کرد ڕەنگە لە دوا پێکدادانەکانی ئەم دواییە

ئیســـرائیلیەکان دەســـتیان بەســـەر هەنـدێ نـاوچەی نێـوان هولّـدا و نزیـک ئۆرشـەلیم و ڕۆژئـاوای لاترونـدا گرتبێـت و لە شـیوەکانەوە خۆیـان لە چـاوی دوژمن شاردبێتەوە. تـا ڕادەیەک دۆزینـەوەی ئەم ڕێـگەیە جێـی بـاوەڕ نەبـوو: لەوانەیە دەرفەتی پەرەپێدانی ڕێگەی چوون بۆ ئۆرشەلیم هەبێت و تەجـاوزی ڕێگە بکوژەکەی قەڵای لاترون بکرێت.

چەند ڕۆژێک دواتر بەو ڕێـگە نـوێیەوە ١٥٠ سـەرباز گەیشـتنە ئۆرشـەلیم، ئەمەش یەکەم هێـزی یارمەتیـدەربوو بـۆ لیـوای حـاریلی ڕابـین. لەگەڵ ئەوەی هێشـتا هێزەکـانی بەرگـری ئیســـرائیل پێویسـتیان بە کـوێرە ڕێ نەبـوو، بەڵام لەبەرئەوەی ڕێـگەی دروسـتی گواسـتنەوەی چەک بـۆ شـارە گەمـارۆدراوەکە داخرابـوو، ژەنەڕاڵ داڤیـد مـارکۆس، فەرمانـدەی بەرەی پێشـەوە بڕیاریـدا بە جێبەکەی لە دەشتاییەوە بچێتە ئۆرشەلیم. مارکۆس پیاوێکی باڵابەرز، ڕووخۆش و زیرەک بوو، لە بنەڕەتدا کوڕی کۆڵۆنێل بروکلینی ئەمەریکی بوو. هەروەهـا بەشـی مـافی لە وێسـت پۆینـت خوێنـدبوو. لە شـەڕی دووەمـی جیهانـدا بە خۆبەخش چووبووە ڕیزەکانی سوپای ئەمەریکا و بە پەڕەشـووت لەگەڵ هێـزی ئاسمانی ١٠١ دابەزیبووە نۆرمەندی داگیرکراو. دوای بینینی کەمپە مەرگییەکانی ئەڵمانیا بووە زایۆنی و پێیوابوو کاتێک گەلی جوو بۆ دادگاکانی نورمبێرگ خـۆی ئامـادە دەکـات، دەبـێ ببـنە خـاوەن وڵاتـی خۆیـان. بـۆیە جـارێکی دی وەک خۆبەخش بە ناوی خوازراوی میکی سـتوون بەشـداری لە شـەڕی سـەربەخۆیی ئیســـرائیل کــرد و لە لایەن بــێن گۆریــون بە یەکەم ژەنەڕاڵــی ئیســـرائیلی دامەزرێنـدرا و ئێسـتاش لە هێزەکـانی بەرگـری ئیسـرائیل ئەفسـەرێکی بـاڵایە، لەبـارەی بـایەخی ڕزگـارکردنی ئۆرشــەلیم لەگەڵ بیرۆکەکـانی بـێن گۆریـون هاوڕابوو.

شەوێکیان لەگەڵ دوو ئەفسەری دیکەی لیوای حاریل بە ناوەکانی گافروش ڕاپۆرت، بێت ئەلفـا و ئـاموس هـۆریڤی ژەنەڕەڵـی داهـاتوو، بە جێبـێکەوە لەو

دەشتاییە بە ڕێکەوت، جێبەکە لە میانەی دۆڵ و گردەکانەوە بەرە بەرە چووە پێش و ڕێگەیەکی سەخت و دژواری مامزانیان دۆزیەوە کە دەیگەیانەدە ئۆرشەلیم، بێئەوەی بە قەڵای لاترون تێپەڕن. شەوی دواتریش هۆریڤ و گافرۆش گەشتەکەیان دووبارە کردەوە، دوای گەشتێکی سێ کاتژمێری سەخت ڕووبەڕووی جێبێکی دی بوون کە لە ئۆرشەلیمەوە ڕاهاتبوو کە دوو ئەفسەری دیکەی لیوای حایلی تێدابوو. کاتێک یەکدیان بینی، یەکتریان لە ئامێز گرت و سەلماندیان کە دەکرێ بە جێب لەو دەشتاییە بگەنە ئۆرشەلیم.!

دوای چەند سەرنەکەوتن و ڕووداوێک جێبەکان بەو ڕێگە نوێیە جوڵەیان کرد، تەنانەت هاوەنی قوڕسیش گەیاندرایە ئۆرشەلیم. لەپێناو کورتکردنەوەی پرۆسەکە جێبەکان بارەکانیان دەگایەندە خاڵی بە یەک گەیشتن، لۆریەکان لە ئۆرشەلیمەوە دەهاتن خۆراک و کەلوپەلەکانیان بار دەکرد و دەیانگواستەوە، لە گەڕانەوەشدا جێبەکان برینداز و سڤیلەکانیان لە ئۆرشەلیمەوە دەهێنایە دەشتاییەکە. وەلی زوو دەرکەوت جێبەکان ناتوانن خواردنی پێویست بۆ هاوولاتیانی سڤیلی ئۆرشەلیم بگوازنەوە کە تووشی برسێتییەکی گەورە هاتبوون. دۆڤ جۆزێف(بێرنارد) حاکمی سەربازی شارەکە چەندین داواکاری بۆ ئاو و سووتەمەنی ناردبوو.

بەشی ئەندازیاری لیوای حەوت هەرچی کەلوپەل و ئامێرێکی قوڕسیان هەبوو لە دروستکردنی ڕێیەکی ڕاستەقینەی بەکارهێنا تا لۆرییەکان بتوانن پێیدا تێپەڕن، بەڵام لۆفەی بێت سووسین، پاژنەی ئەخیلی ئەم ڕێگەیە بوو کە بەهۆی چوار سەد پێی نشێوەوە هەردوو ڕێگەکەی لێک دادەبڕی.

بە فەرمانی بێن گۆریون سەدان کۆڵبەر ئامادە کرا کە هەندێکیان خەڵکی تەلئەڤیف بوون و نزیکەی دوو سەد کەسیشیان خۆبەخشەکانی ئۆرشەلیم بوون، هەر یەکەیان بارێکی بیست کیلۆگرامی ئارد، شەکر و پێویستی دیکەیان هەڵگرتبوو، شەو لە دوای شەو بە لۆفەکان هەڵدەگەڕان و خۆراکیان دەگایەندە

ئۆرشەلیم. سوپاش لە لای خۆیەوە چەند ئێسترێک و سێ حوشتری بەکارهێنا، بەڵام ئەوانە زۆر یارمەتیدەر نەبوون.

کات تێدەپەڕی، بێن گۆریون فەرمانی بە ئەندازیارانی گشتی کرد هەڵمەتێک بکەنە سەر لۆفەی بێت سووسین و هەر پارچە ئامێرێکیان لە ئیسرائیل لە: بلدۆزەر، تراکتۆر، کۆمپرێسەر دەست دەکەوێت ببەنە شوێنەکە. سۆلێل بۆنچ، گەورە کۆمپانیای بنیاتنانی ئیسرائیل باشترین ئەندازیار و کرێکارەکانی خۆی نارد، بەردشکێنە شارەزاکانی ئۆرشەلیمیش سازکران، ئیدی بە شەو و ڕۆژ کارکردن لە دروستکردنی ڕێگەکە بەردەوامبوو. قیرتاوکردنی ڕێگەکە تەنیا هەوڵێکی تەکنیکی نەبوو، بەڵکو کارێکی پاڵەوانانەش بوو، چونکە بە سەدان سەرباز و خۆبەخش باری قورسیان لە پشتێ دەناو بەو لۆفە سەختانە سەر دەکەوتن و پاڵیان بە لۆریەکانەوە دەنا. ئیسحاق هالیڤی هێرزۆگ، حاخامی سەرەکی ئۆرشەلیم ڕێگەی کارکردنی لە ڕۆژانی شەموانیشدا و تەنانەت گوتی: کارێکی چاکە.

لەگەڵ ئەوەشدا، تاکە ڕێگەی بڕینی ئەو گردە سەختە ئەوە بوو کە کرێکارەکان دەبوایە بە زیکزاک لە شێوەی ڕێی مار ڕێگەکە ببڕن تا لۆریەکان بتوانن بگەنە سەری سەرەوە.

لەنکاو، شەوێکیان لە تەقینەوەی بڕینی ڕێگەی گردەکانی ئۆرشەلیم لەشکرە عەرەبییەکان لە نزیک پێگەکانیان هەستیان بە چالاکییەک کرد، بەڵام فەرامۆشیان کرد و بایەخیان بەوە نەدا کە ئیسرائیلیەکان لەوێ چ دەکەن، بەڵام بۆمبارانێکی چڕی ناوچەکەیان کرد و بە چڕی کەوتنە بۆمباران کردنی سەربازانی هێزەکانی بەرگری ئیسرائیل و خۆبەخشەکان کە بە هۆیەوە خەسارەتێکی زۆریان لێکەوتەوە، هەروەها فڕۆکە سپیتفایەرەکانی مسریش چەندین جار ناوچەکەیان بۆردومان کرد.

لەگەڵ ئەوەشـدا لە دروسـتکردنی ڕێـگەکە بەردەوامبـوو و لەگەڵ کـات لە پێشبڕکێدا بوون، لە چەند ڕۆژێکدا (یو ئێن) ئاگربەستێکی دەمکی ڕاگەیانـد کە بە پێی ئەو ئاگربەستە هەموو چـالاکییەکی سـەر زەوی وەسـتا، دروسـتکردن و قیرتاوکردنی ڕێگاکانیش قەدەغەبوو تا ئاگربەست بەردەوام بێت. ئەگەر ڕێگەی چوون بۆ ئۆرشـەلیم نەکـرێتەوە، بە مانـای ئەوە دێـت بە درێژایـی ئاگربەسـت شارەکە لەژێر ئابلوقەدا دەمێنێتەوە، ڕەنگە پێش ئەوەی شەڕ دەست پێبکاتەوە بە تەواوی بکەوێت. هەروەها ئەگەر لە کاتی ئاگربەست ئیسـرائیل بیەوێـت لە دابینکردنی ئۆرشەلیم بەردەوام بێت، سەرەتا دەبێت بۆ نەتەوە یەکگرتووەکانی بسـەلمێنێ کە ڕێـگەیەک بـۆ ئۆرشـەلیم هەیە و بە تەواوی لەژێـر کـۆنترۆڵی هێزەکانی بەرگری ئیسـرائیلدایە.

چـل و هەشـت کـاتژمێر پـێش ئاگربەسـت، کرێکـارانی ڕێـگە بە سـەردانی گرووپێک لە پەیامنێرانی بیانی بۆ شـوێنەکە حەپەسـان کە لە لایەن ئەفسـەری ڕاگەیاندنی ئیسـرائیل هێنرابـوونە شـوێنی ڕێـگە نـوێیەکە، بـێ ویسـتی خۆیـان پەیـامنێران بـوونە یارمەتیـدەرێکی گەورەی ئیســرائیل بەهـۆی بڵاوبـوونەوەی ڕاپۆرتەکانیـان لە ڕۆژنـامە جیهانییەکـان کە ئیســـرائیل بە نهێنـی ڕێـگەی جێگرەوەی بۆ ئۆرشەلیم دروسـت کـردووە، ئەوەش بەو مـانەیە دێـت کە ئیـتر شارەکە لەژێر گەمارۆدا نییە.

کنیث بیلب، پەیامنێری نیویۆرک هێراڵـد تریبـۆن نـاوی ڕێـگە نـوێیەکەی بە ڕێگەی بۆرما ناوبرد، دوای ئەوەی لە ساڵانی ١٩٣٧ بـۆ ١٩٣٨ ڕێـگەی سـەرەکی نێوان بۆرما و چین دروست کرا کە وێـڕای گەمـارۆی ژاپـۆن، بەڵام بەو ڕێـگەیە توانرا پێداویستی بۆ سوپای چین دابین بکرێت.

شەوێک پێش ڕاگەیاندنی ئاگربەست ڕێگە نوێیەکەی ئیسـرائیل تەواو بـوو، لە یازدەی حوزەیرانی ١٩٤٨ کارکردن تا ١٤ی تەمـووز بە تەواوی بەردەوامبـوو، کاتێک چـاودێرانی (یـو ئـێن) سـەردانی شـوێنەکەیان کـرد و بینیـان لۆریەکـانی

ئیســـرائیل بـۆ ئۆرشـەلیم بە ڕێـگەوەن، پاشـتر كە ڕێـگەی بۆرمـا قیرتـاوكرا و بە فەرمی كرایەوە ناوەكەشی گۆڕا و كرا بە ڕێگەی ڤالۆر.

هەرچەندە داڤید ماركۆس بەشدارییەكی بەرچاوی لە ڕێگەی ڤـالۆر هەبـوو، بەڵام تەمەن مەودای نەدەدا تەواوكردنـی ڕێـگەكە ببینـێ، لەبەرئەوەی شـەوی پێش ئاگربەست نەیتوانی بخەوێت، بەتانییەكی لە خۆی پێچـاو لە چـواردەوری بارەگای فەرماندە دەسوڕایەوە، بەڵام پاساوانەكە كاتێک كەسـێكی بەو بەتـانییە سپییەوە بینی وایزانی دوژمـنە و هـاواری لە پیـاوە سـپی پۆشـەكە كـرد و داوای وشەی نهێنی شـەوی لێكـرد، بەڵام مـاركۆس نەیتـوانی بە وشـە نهێنـیەكە خـۆی بناسێنێت و پاسەوانەكەش یەک تەقەی لێكرد، دەمودەست ماركۆس كەوتە سەر زەوی و بە ســـەختی برینـــدار بـــوو. دواتـــر تەرمەكەی ڕەوانەی ویـــلایەتە یەكگرتووەكـــان كـــرایەوە و لە ڕێوڕەســـمێكی ســـەربازی بە خـــاک ســـپێردرا. سەربازێكی بچووكی ناسراوی هێزەكانی بەرگری ئیســـرائیل كە چـاوی چەپـی بە پینەیەكی ڕەش داپۆشرابوو تەرمی ماركۆسی بردەوە ئەمەریكـا، ئەو سـەربازەش ناوی مۆشی دایان بوو.

چەند ساڵ دواتر چیرۆكی ماركۆس بەناونیشـانی **Cast a Giant Shadow** كرا بە فلیم. چەند كاتژمێرێک بەر لە دەست پێكردنی ئـاگر بەسـت، لۆرییەكـان لەسەر ڕێگەی بۆرما ڕیزیان بەستبوو، بەمەش ئۆرشەلیم ئازاد كرا.

ئیسحاق ناڤۆن، دواتر بوو بە پێنجەمین سەرۆكی ئیسـرائیل

"لە كاتی گەمـارۆی ئۆرشـەلیمدا، مـن سـەرۆكی هەواڵگـری تیپـی عەرەبـی بووم، لەگەڵ بەرپابوونی شەڕ، چیتر نەمانتوانی بەكرێگیراوە عەرەبەكـان بەكـار بهێنـین، بـۆیە بە شـێوەیەكی سـەرەكی پشـتمان بە چـاودێری كردنـی گفتوگـۆ تەلەفۆنییەكانی دوژمنەكانمان دەبەست. بۆ نموونە، كاتێک جەنگاوەرەكانمـان لە

نێوانیاندا ژەنەڕاڵی داهاتوو دادۆ ئلازار و ڕافوڵ ئێیتان لە سەروپاژی کشانەوە لە دێر سان سیمۆن لە گەڕەکی خاتەمون بوون، گوێمان لە فەرماندەیەکی عەرەب بوو، دەیگوت: سەربازەکانی تەواو شەکەتن و بڕیاری پاشەکشەی داوە، لە ئەنجامدا ئێمە چووین و دەستمان بەسەر خاتەموندا گرت، هەمان شتیش لە کەمپی ئەلێنبی بەسەر ئێمەدا هات. بە پێچەوانەوە، کاتێک ئێمە دەستمان کرد بە گفتوگۆکردنی پلانی دانانەوەی کەمین بۆ کاروانی فریاگوزاری بلۆک ئیتزیۆن( بلۆکی نیشتەجێبووانی جوو لە باشوری ئۆرشەلیم) ئێمە ئەوەمان بە ستافی سەربازی خۆمان ڕاگەیاند، بەڵام هیچ حسابێکیان بۆ ئێمە و ڕۆیشتنی کاروانە سەربازییەکە نەکرد، لە کاتی گەڕانەوەیدا لە نەبی دانیال لە لایەن عەرەبەکانەوە پەلامار دران و ئەنجامێکی کاولکاری لێکەوتەوە. ئەوکاتە من لە پۆستەکەم دەستم کێشایەوە، چونکە سوودی هەواڵگری چی دەبێت، ئەگەر زانیارییەکانی وەبەرنەهێنرێت؟ بەڵام بڕوای مانەوەمیان پێم هێنا.

گەمارۆکە دۆخێکی زۆر سەختبوو، دۆڤ جۆزێف، پارێزگاری ئۆرشەلیم بە حکوومەتی ڕاگەیاند کە خۆراکی کۆگاکراوی تەنیا بەشی پێنج ڕۆژ ماوە، ڕۆن بۆ چوار ڕۆژ، هەڕشتە بۆ دە ڕۆژ ماوە، ڕێژەکەشی دیاریکردبوو، لە ڕۆژێکدا دووسەد گرام نان بۆ هەر کەسێکی باڵق(لەگەڵ یەک هێلکە بۆ هەر منداڵێک) هەفتانە پەنجا گرام ڕۆن، یەک قوتییە ساردین بۆ هەفتەکانی دی، سەد گرام پاقلەمەنی لەگەڵ پازدە گرام شەکر و برنج. ئێمەش تۆڵەگەی کێڵگەکانمان دەخوارد و شۆرباشمان لە گیا دروست دەکرد، ئاویش بە بەرداخان بە حساب دابەش دەکرا.

بەڵام دواتر ئەم گەمارۆیە لە ڕێگەی بۆرماوە شکێندرا!

ڕۆژێک بۆ لێپرسینەوە لە زیندانییەکان بە ڕێگەی بۆرما چوومە تەلئەڤیڤ، بەڵام بووە مایەی سەرسوڕمان، چونکە توانیم هەرچەندی بخوازم موم، شقارتە و ساردین بکڕم، وای چ جەژنێک بوو!"

شەڕی سەربەخۆیی بە سەرکەوتنی ئیسـرائیل تاجی لەسەر نرا. لە کۆتایی

ساڵی ١٩٥٣ بێن گۆریۆن، سەرۆک وەزیران لە تەمەنی شەست و حەوت ساڵیدا دەستی لە کار کێشایەوە و لە کیبووتزی سدی بوکەر نەقەب نیشتەجێ بوو، بەڵام لە شوباتی ١٩٥٥ قەناعەتی پێ هێنرا لەژێر دەسەڵاتی مۆشێ شارێتی سەرۆک وەزیران، بە وەزیری بەرگری بگەڕێتەوە. بێن گۆریۆن، شارێتی میانڕۆی بە لاواز و نا بەرپرس دەزانی، ئەوە ڕای مۆشێ دایانی تەمەن چل ساڵەی سەرۆک ئەرکانیش بوو کە هاوپەیمانێکی نزیکی شیمۆن پێرسی تەمەن سی و دوو ساڵەی بەڕێوەبەری گشتی وەزارەتی بەرگری بوو. دزەکردنی تیرۆرستان بۆ ناو ئیسرائیل و هەڕەشە پەرەسەندووەکانی شەڕێکی نوێی گشتی لە لایەن جەمال عەبدولناسری سەرۆکی مسر، وای لە بێن گۆریون کرد بەرامبەر دراوسێیەکانی ئیسرائیل پێڕەوی لە سیاسەتێکی توند بکات. دوای هەر کارێکی تیرۆرستی ئیسرائیل بەرپرسیارێتییەکەی دەخستە ئەستۆی ئەو دەوڵەتەی کە تیرۆرستەکە لەسەر خاکەکەیدا هاتووە و هێرشی کردووەتە سەر بنکە سەربازییەکانی.

# پاژی سێیەم

## تیری ڕەش، ١٩٥٥

**لە ٢٨ی شوباتی ١٩٥٥دا دوای داکەوتنی شەو، شەش پەڕەشووتوانی هێزەکانی بەرگری ئیسرائیل لەژێر فەرماندەی کاپتن سادیا ئیلکەیام(سوپاپۆ) لە سنوور پەڕینەوە ناوچەی غەززەی داگیرکراو لە لایەن مسرەوە. سنوورەکە تەلبەند نەکرابوو تەنیا بە تراکتۆر کەندرێکی قوڵ هەڵکەندرابوو. تیمە بچووکەکەی سوپاپۆ بە ئەسپایی بە نێوان دوو پێگەی سوپای مسری ڕەتبوون، بەڵام دوو سەربازی مسری لە کەمینێکی شاراوەی سەرووی ڕێگەکەوە تەقەیان لە ئیسرائیلییەکان کرد، سوپاپۆ و پیاوەکانی بە نارنجۆک و ڕەشاش**

برێنەوە هەردوو سەربازەکەی مسریان کوشت و لە پێشڕەوی بەردەوامبوون. هەر زوو ستوونێکی پەڕەشوتوانانی بەتالیۆنی ٨٩٠ چوونە پاڵیان کە لە سەروویانەوە ئەفسەرێکی بەناوبانگ بەناوی ئارییێل شارۆن (ئەریک) هەبوو.

شارۆن لە لایەن دوو ئەفسەر و جێگرەکەیەوە پاسەوانی دەکرا کە جێگرەکەی ئهارۆن داڤیدی کەسێکی هێمن و بە ڕدێن بوو لە تەلئەڤیڤ لەدایکببوو و خۆشی لە پاڵماچ خۆبەخش بوو(لە شەڕی سەربەخۆییدا لە یەکەی ڕەشابای هێزەکانی بەرگری ئیسرائیل بوو) هەر لە تەمەنی چواردە ساڵیدا داڤیدی نازناوی (باشترین سەربازی ئیسرائیلی) پێدرا، لە شەڕدا پشوودرێژییەکەی ئەفسانەیی بوو، تەنانەت لە گەرمەی شەڕشیدا ئەو ئەفسەرە پێشووەی پاڵماچ ئەرکەکانی خۆی بێ دواخستن جێبەجێ دەکرد، هەروەها گوللە، نارنجۆک و بۆمب جێی نیگەرانی ئەو نەبوون. کەس نەیدەزانی داڤیدی پێش هەر جەنگێک ڕاهێنانی فیزیکی دەکرد تا لەبەرچاوی سەربازەکانی یارمەتی شاردنەوەی ترسەکەی بدات. گیرفانەکانی پر لە وردکە نان بوون و لە جەنگەکاندا دەیکرۆشتن، بە دوای خواردن هیلاک نەبوو و بە هێمنی وێنەی دەکێشان، سەربازەکانی پێی سەرسامبوون و هەوڵیان دەدا لاسایی بکەنەوە.

کاتێک شارۆن و دێڤیدی ستوونەکەی بەرەو غەززە برد، یەکەیەکی دیکەی پەڕەشوتوانان بە سەرکردایەتی دانی ماتی لە نزیک سنووری کیبووتز بەحری، تەواوەک دوور لە باشور پەڕیەوە، ئەوان بە کن چەند گوندێک تێپەڕیبوون و بۆ ڕێگە گرتن لە گەیشتنی هەر هێزێکی یارمەتیدەر بە غەززە کەمینەیەکیان لەسەر ڕێگەی غەززە-ڕەفح دانابۆوە.

دوای ڕۆیشتنی دوو کاتژمێری سەخت پەڕەشووتوانەکان بە فەرمانی شارۆن بۆ چەرچکردنەوەی پەڕەشووتوانەکان لایانـدایە ناو ڕەزێک کە بەسەر هێڵی ئاسنی و بنکەی سەربازی مسریدا دەیڕوانی، چونکە ئۆپەراسیۆنی تیری ڕەش بەڕێوەبوو کە هێرشی غەززەشی پێ دەگوترا.

دوای چەندین ڕووداو لەسەر سنووری غەززە حکومەتی ئیسـرائیل بڕیـاری پەلامـاری تیـری ڕەشـیدا. بە پێـی زانیـارییە کۆکراوەکـانی هەواڵگـری مسـری دواترین زانیاری ئەوەبوو کە بە مەبەستی ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی تێکـدەرانە و کوشـتنی هاووڵاتیـانی سـڤیلی لە نزیـک ڕێهۆڤـۆت غەزووی نـاو ئیسـرائیل دەکەن. کاتێک ناسنامەی ئەنجامدەران ئاشکرا بوو، هێزەکانی بەرگری ئیسـرائیل بڕیاریدا گورزێکی کەمەرشکێن لە لەشکری مسـر بدات.

لەم ساڵانەی دوایدا لە سنوورەکانی ئیسـرائیل چەندان ڕووداو قەومابوون و چەند کەسێک دزەیان کردبووە ناو ئیسـرائیل و دزیان لە خەڵکی سڤیل کردبوو، هەروەهـا خەڵکـی سـڤیلیان کوشـتبوو. هێـزی بەرگـری ئیسـرائیل هەوڵیـدا لە ڕێگەی هێرشی ئاسمانی بۆ سەر ناوچەی دوژمن تۆڵەی ئەمـانە بکـاتەوە، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو. ناوی تەواوی ئەو گونـدانەی عەرەبـان و پـێگەی سـەربازیان هەمووی کۆکرابوویەوە و لە لیستێکی دوورودرێژدا تۆمار کـرا بـۆئەوەی هێـزی بەرگری ئیسـرائیل لەناویان ببات. لو هەموو ئۆپەراسـیۆنە شکسـتخواردووەکان، ئەو شکستە گەورەیە بوو کە لە گوندی فالامەی ئوردندا بەسەر ژەنەڕاڵ مۆشی دایانـدا هـات. لە ٢٨ی کـانوونی دووەمـی ١٩٥٣، ١٥٠ سـەرباز پەلامـاری گوندەکەیاندا کە تەنیا لە لایەن خەڵکـی خـۆجێیەوە بەرگـری لێکـرا، بەڵام دوای چوار کاتژمێر و نیو بێ جێبەجێکردنی ئەرکەکە پاشەکشەیان کـرد. دایـان ئـاگری گـرت و فەرمـانێکی نـوێی دەرکـرد: لە داهـاتوودا، ئەگەر فەرمانـدەی هەر یەکەیەک لە جێبەجێکردنـی ئەرکەکەیـدا شکسـت بهێنـی گـوایە نەیتوانیـووە بەسەر هێزی دوژمن سەربکەوێت، ڕوونکردنەوەکانی قبوڵ ناکرێت تەنیا ئەگەر نیوەی هێزەکەشی لە دەست دابێت.

ئەمەش فەرمـانێکی زۆر دژوار بـوو، بەڵام شـتەکان هـیچ گۆڕانکـارییەکی بەسەردا نەهات تا ئەو کاتەی ئەریک شارۆن لەسەر شانۆ پەیدابوو.

ئەریک کـوڕی جوتیـارێکی ڕووسـی لەدایکبـووی گونـدی هەرەوەزی کفـار

مالال(مۆشـاڤ) بـوو، کەسـێکی تەواو جـودا بـوو. هەر لە بـوونیەوە کەسـێکی یاخی، ئازا و چاونەترس بوو، ئەو ئەفسەرە چەلەنگە تەمەنی تەنیا بیسـت سـاڵ بـوو کاتێـک لە جەنگـی لاتـرون بە سـەختی زامـدار بـوو. بە برینـداری لەنـاو تەبارەکی گەنم کەوتبوو و خوێنی لێ دەچۆڕا، بە چـاوی خـۆی ئەو عەرەبـانەی بینی کە لە گردەکان دەهاتنە خوارەوە و بە تفەنگ و قەممە چۆن ئیسـرائیلییە زامـدارەکانیان دەکوشـت، بەڵام سـەربازێکی برینـداری ئیسـرائیل کە گـوللە بە شەویلاکی کەوتبوو و قسـەی پـێ نەدەکـرا بنبـاڵی ئەریکـی گـرت بەرەو هێڵـی ئیسـرائیلی ڕاکێشا، هەردووکیان بهەڤرا بە بێدەنگی و بە خشکەیی لە گۆڕەپانی جەنـگ هـاتنە دەرەوە، بەڵام ئاهونـاڵەی هەڤـاڵە جێماوەکـان لە گوێیـان دەزرنگـایەوە. ئەم ئەزمـوونە کـاریگەرییەکی بەردەوامـی بەسـەر شـارۆن جێهێشـت، هەر ئەمەش وایکـرد لە ئاینـدەدا هـیچ سـەربازێکی برینـدار لە گۆڕەپانی جەنگ جێ نەهێڵێت.

دوای ئەوەی چـاکبوویەوە، گەڕایەوە بەرەکـانی جەنـگ، بەر لەوەی ببێـتە قوتابی لە زانکۆی عیبری لە ئۆرشەلیم، پێشتر چوار ساڵی لە سوپا بردبووە سەر، بۆیە دڵی لە خوێنـدن نەبـوو. ئێـوارەیەک لەبەر دەرگەی نووسـینگەی سـەرۆک وەزیـران لە ئۆرشـەلیم چـاوەڕێ بـوو، کاتێـک مۆشـێ دایـان هـاتە دەرەوە تێبینییەکی کورتی دایە دەستی: ئێستا مـن قوتـابیم، بەڵام واز دەهێـنم، ئەگەر ئۆپەراسیۆنێکت لە هزر دایە، من ئامادەم.

دایان ئەوەی بە بیرهاتەوە ئەوکاتەی فەرماندەی ناوچەی باکور بوو، شارۆن ئەفسـەری هەواڵگـرییەکەی بـوو. جارێکیـان لەشـکری ئـوردنی دوو سـەربازی هێزەکانی بەرگری ئیسـرائیلیان دەستگیر کرد و ڕەتیان کـردەوە ئازادیـان بـکەن، دایان کە لە کۆبوونەوەی ئەرکانی گشتی گەڕابۆوە، هەر بە سادەیی لە شـارۆنی پرسی،" پێم بڵێ، ئایا دەکرێ دوو سـەربازی لەشـکرەکانی ئەو دەوروبەرە وەک بارمتە دەستگیر بکرێ."

ئەریک وەڵامی دایەوە و گوتی: "من چارەی ئەوە دەکەم."

یەکسەر لەگەڵ ئەفسەرێکی دی سواری پیکەپێک بوو و بەرەو لیوای شێخ حوسێن لەسەر سنووری ئوردن لێیخوڕی و بە دوو سەربازی فەیلەقەکان گەڕایەوە. دایان تاسا و گوتی: "من تەنیا پرسیم کە ئاخۆ ئەوە دەکرێ، بەڵام ئەو ڕۆیشت و بە دوو کەسەوە گەڕایەوە وەک بڵێی چووبێتە ناو باخچە و میوەی ڕنی بێت."

ئێوارەیەک لە ئۆرشەلیم، کاتێک ئەریک لەبارەی دۆق گۆدفری دو بۆیلۆن دەیخوێندەوە کە لە سەدەی حەڤدەم سەرکردایەتی خاچپەرستەکانی بۆ فەڵەستین کردبوو بانگی نووسینگەی کۆلۆنێل میشائیل شاهام فەرماندەی ناوچەی ئۆرشەلیم کرا. شاهام داوای لێکرد تیمێکی بچووک پێکەوە بنێ بە مەبەستی پەڕینەوەی سنوور بۆ تەقاندنەوەی ماڵی مستەفا ساموئیلی سەرکردەی چەتەکانی فەڵەستین لە گوندی نەبی ساموئێل. ئەریک گرووپێکی بچووکی لە هاوڕێیان لە شەڕ- شلۆمۆ باوم لە کفار یەهزکەل، ئیسحاق(گولیڤەر) بێن مینانەحەم و یەهودا دایان لە زانکۆ، ئوزی و یەهودا پیامێنتا لە ئۆرشەلیم، یۆرام لاڤی لە کفار مالالا و سەیدیا لە بەشی ئەندازیاری پاڵماچ پێکهێنا. بێئەوەی کەس بیانبینێ ئەو گرووپە لە سنوور پەڕینەوە و گەیشتنە گوندی نەبی ساموئێل، ئەرکەکە تەواو سەرکەوتوو نەبوو، چونکە خانووێکی هەڵەیان تەقاندەوە و ساموئێلی دەربازی بوو. لە بەرامبەردا ئۆردنییەکان تەقەیەکی زۆریان لە پیاوەکانی ئەریک کرد، بەڵام بە ڕێگەیەکی ئاسایی بە سەلامەتی گەڕانەوە. وێڕای شکستەکە، بەڵام کۆتاییەکە ڕوون بوو: پیاوەکان بە باشترین شێوە ئەرکەکەیان جێبەجێکرد، ئەگەر ڕاهێنانی باشتریان کردبوا، بێگومان سەرکەوتوو دەبوون.

ئەریک پێشنیاری پێکهێنانی یەکەیەکی نهێنی تایبەت بە پەڕینەوەی سنووری پێشکەشی کۆلۆنێل شاهام کرد، وێڕای بەرهەڵستی هەڤاڵانی، بەڵام

مۆشێ دایـان بە بیـرۆكەكە سەرسـامبوو، لەسـەر ئەو بنەمـایە لە ئـابی ١٩٥٣دا یەكەی ١٠١ لەدایكبوو.

یەكەی ١٠١ بووە ئەفسانە، هەرچەندە یەكەیەكی بچووک بـوو، تەنیـا پێـنج مانـگ بـوو دامەزرابـوو، بەڵام هـیچ ئەركێكـی نـا ڕێكخـراوی ڕەت نەكـرایەوە: پەیدۆز لە قوڵایی نـاوچەی دوژمـن، پەلامـاردانی تیرۆرسـتان لە حەشـارگەكانی خۆیاندا، ئۆپەراسیۆنی مەترسیدار لە نێوەنـدی جەمـاوەری نـاحەزدا. بەرە بەرە گرووپێكی جەنگاوەری بەرهەمهێنا كە ڕوحـی نـوێی بە تەواوی سـوپادا. " سـێ پیاو شۆڕشیان لە هێزەكانی بەرگری ئیسـرائیل خوڵقاند" یەكێـک لە جەنگـاوەرە دێرینەكانی یەكەی ١٠١ پێیگوتین: ئەو فەرمانـدەیەی لە سـەرەوەڕا گۆڕانكـاری كرد و بڕوای پێی هەبوو، مۆشێ دایـان بـوو. ئەو ئەفسـەرەی ئۆپەراسـیۆنەكانی دەست پێكرد و چاونەترسـانە شـەڕی دوژمنـی كـرد، ئەریـک شـارۆن بـوو. ئەو جەنگـاوەرەی میتـۆدی نـوێی داهێنـا و بە پـلانە تاكتیكییەكـانی مامۆسـتای هەموومان بوو، مێیر هارزیۆن بوو.

مێیر هـارزیۆن لاوێكـی چاونەترسـی كیبـووتز بـوو كە خـاوەن بەهرەیەكـی تـایبەتی، مێشـكێكی داهێـنەر و زانیـارییەكی فـرەوان لەبـارەی جیوگرافیـای ئیســـرائیل و فەڵەســتین هەبــوو. لە تەمەنــی حەڤــدە ســاڵی كاتێــک لەگەڵ شۆشانای خوشكی خۆیان لە دەریـاچەی تیبریـاس لە بـاكور شـاردبۆوە لە لایەن سوپای سوریا دەسـتگیر كرابـوو. دوای ئـازادكردنی لەگەڵ كـچە هـاوڕێیەكی لە سنووری ئوردن پەڕیبۆوە و سەردانی شاری مێژوویی پەترای كرد، وێڕای ئەوەی لە ساڵی ١٩٥٠ دەورییەكی ئوردنی چواردە سەركێشكارانی ئیسـرائیلی كوشتبوو.

مێیـر لە لایەن شـارۆن لەگەڵ شـیمۆن كاهانەر(كاتچـا)ی هـاوڕێی و چەنـد هەڤاڵێكی دیكە هێنرانە ڕیزەكانی سوپا و چەندین دزەكردنی بوێرانەیان بۆ نـاو وڵاتـانی دراوسـێ ئەنجامـدابوو. لە یەكێـک لە ئەركە شـەوانەكانیاندا بە پیـادە گەیشـتن بــوو بە هیبرۆن(خەلیـل) كە لە سـنووری ئیســـرائیل بیســت و یەک

کیلـۆمەتر دووربـوو بە مەبەسـتی کوشـتنی تیرۆرسـتان و تەقانـدنەوە و گەڕانەوەی بیست و یەک کیلۆمەتری دیکە. ئەرکەکەیان سەرکەوتوو بـوو، بەڵام لە ڕێـگەی گەڕانەوەیانـدا بەرانگـژی چەکـدارانی ١٠١ی یەکەیەکـی گەورەی پاسـەوانی نیشـتیمانی ئـوردنی بـوونەوە. مێیـر پەلامـاری ئوردنییەکانیـدا و سەرکردەکەیانی کوشـت و سـەرکردایەتی گەڕانەوەی هاوڕێکـانی بـۆ ئیسـرائیل کرد و لەگەڵ خۆیدا تفەنگی ئوردنییە کوژراوەکەشی هێنابوو.

هەرچەندە شـارۆن و هـارزیۆن بە پـاڵەوان هەژمـار دەکـران، بەڵام لایەنـی ئەرێنیشیان هەبوو. بێن گۆریۆن، شارۆنی بە مەزنـترین چەنگـاوەری ئیسـرائیل هەژمار دەکـرد، بەڵام لە یادەوەرییەکانیـدا ئەوەی دووبـارەکردبۆوە کە شـارۆن "ڕاستییەکان ناڵێت" لەو تۆمەتەدا زۆر گەورە ئەفسەری دیکە هاوڕای بوون.

مێیر هـارزیۆن لە لایەن هاووڵاتیـانی سـڤیل و سـەرکردە سـەربازییەکانەوە تۆمەتی زۆری دەخرایە پاڵ بۆ کـارە تۆڵەسـەندنەوە کەسـییەکانی لەنـاو خـاکی دوژمنـدا. جارێـک شۆشـانای خوشـکە خۆشەویسـتەکەی دەسـتگیرکرا و کـوژرا کاتێک لەسـەر سـنووری ئـوردن لەگەڵ دڵـدارە ڕەوەنـدەکەی بەیەکەوەبـوون. لەسەرینی ئەمەوە مێیر لەگەڵ سێ لە هەڤاڵەکانی سـنووری بەزانـد و پێـنج لە بکوژەکانی دەستگیر کرد، هەر لەوێ چواریانی کوشت و پێنجەمیشی ئازاد کـرد بـۆئەوەی بچێـتەوە هەواڵـی تۆڵەسـەندنەوەکە بگەیەنـێ. دوای گەڕانەوەی یەکسەر شارۆن دەستگیری کرد و دواتر بـۆ مـاوەی شـەش مانـگ لە ڕیزەکـانی سوپا دەریکرد.

لە کۆتایی ساڵی ١٩٥٣دا مۆشێ دایان بە سەرۆک ئەرکانی هێزەکانی بەرگری ئیسـرائیل دامەزرا، بە مـاوەیەکی کـورت دوای ئەوە یەکەی ١٠١ لەگەڵ پەڕەشووتوانەکان یەکی گرت و شارۆن بوو بە فەرماندەیان و لە شەوی شوباتی ١٩٥٥ سەرکردایەتی پەڕەشووتوانەکانی بۆ غەززە کرد.

شارۆن ئەركەكانی بەسەر ئەفسەرەكان دابەش كرد، هێزی (بـی) بە بەرپـرس لە دابینكردنی ئاسایشی ڕێگەی چوون و هاتنە دەرەوەی سەربازەكان بۆ غەززە دانا. هێزی (سی) كەمین بۆ هەر هێزێک دادەنێـتەوە لە ڕەفـحەوە دێـت كە لە لایەن دانـــی مـــات فەرماندـــەیی دەكـــرا و لە جەنگـــاوەرە دێرینەكـــانی ١٠١ پێكهاتبوو، هێـزی (دی) هێرشـی سـەر وێسـتگەی شـەمەندەفەر دەكـات كە لە لایەن ئەفسـەری گەنـج مۆتـا گـوور سـەركردایەتی دەكـرا. هێزێكـی دیـكەی پێكهاتوو لە بیست پەڕەشووتوان هێزی یەدەگی ئەریک بوو.

هێزی (ئەی) بەرپرسی ئەركی گەورە بوو، وەک هێرش كردن و وێرانكردنـی بنكەكانی مسـر بە فەرماندەیی سوپاپۆ بوو. سوپاپۆ ئەفسەرێكی بوێر بوو، واتە ڤێرژنێكی نوێی شارۆن بـوو، ئەسپەشـەڕ بـوو، هەمیشـە بـۆ ئەركە ترسـناكەكان خـۆبەخش بـوو، پەڵەی برینـی شـەڕ بەسـەر هەمـوو جەسـتەیەوە بـوو، بەڵام گاڵتەی پێدەهات و دەیگوت: "ئەو گوللەیەی من دەكوژێت، هێشـتا دروسـت نەكراوە" یاوەرە پـلە یەكەكـانی هەمیشـە بەرپرسـی ئەركە ترسـناكەكان بـوون، بەڵام بەری چەند هەفتەیەک، كاتێک ئەریک بڕیاریدا لە بـری یـاوەرانی (ئەی) یاوەرانی (دی) مۆتا گۆر بنێرێتە سەر بێت زوریف، گردەكانی هیـبرۆن، سـوپاپۆ لە هاڕژنی گریانیدا و بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک قسەی لەگەڵ مۆتا نەكرد.

ئەو شەوە سوپاپۆ زۆر دڵشاد بوو. ئەریک ڕێنـوێنی پێـدا بـنكە مسـرییەكە داگیر بكات و لە بناغەوە بیتەقێنێتەوە، سەر لە بەیانییەكەی دانی مات سوپاپۆ و بـووكە شـۆخەكەی لە تەلئەڤیـڤ بینـی كە بە ڕێـگەی وەرگرتنـی كلیلـی ئەپارتمانتەكەیانەوە بوون، سوپاپۆ زۆر بە فیز دیاربوو.

هەرچەندە ئێسـتا سـەركردایەتی پیاوەكـانی دەكـات، بەڵام هەڵەیەكـی زۆر كوشندەی لە وێستگەی پەمپی ئاو كرد كە بە چادر و بارەگای سەربازی دوژمن دەوردرابوو. میپەلەكانی بنكەكە بە چەكی ئۆتۆماتێكی ڕووبەڕووی هێرشبەران بوونەوە، دوای شەڕێكی كورت پەڕەشوتوانان دەستیان بەسەر كەمپەكەدا گرت،

بەڵام لەنکاو لە بارەگایەکی تاریکی ئەوبەری ڕێگەکە وەک باران گوللە باریە سەر پەڕەشوتوانان، سەربازان گوێیان لە دەنگی داڤیدی بوو "سوپاپۆ، ئەوە هەڵەیە! کەمپەکە لە دەستە ڕاستە!"

چەکە قورسەکان لە تەقە کردن بەردەوام بوون، یاوەرانی (بی) شپرزە و سەرگەردان بوون و هەستی دۆڕاندن بەسەر پیاوەکاندا زاڵبوو. دەستبەجێ داڤیدی لە تەکیان پەیدابوو، لەسەرخۆ بەسەر ڕێگەکەوە دەڕۆیشت، وەک بڵێی گوللەی مسری بە دەوروبەریدا ویزەیان نایەت. لە تەنیشت دار کالیپتۆزەکە وەستا کە لە تەقەی دوژمن ئاشکرابوو. ئوزی بازیدا و لە تەنیشتی وەستا.

داڤیدی گوتی: ئوزی ئەوە چ قەوماوە؟

سوپاپۆ کوژرا و ئێمەش چەندێکمان برینداریین.

داڤیدی پرسیاری کرد: لە کوێوە تەقە دەکەن؟

ئوزی بە دەست ئاماژەی کرد کە لێرە و لەوێ تەقە دەکرێت.

داڤیدی و ئوزی نارنجۆکیان هەڵدایە ناو بارەگاکەی مسرییەکان و یەکێک لە سەربازەکان سەنگەری نزیک ڕەشاشەکەی تەقاندەوە، داڤیدی هاریکارەکانی کۆکردەوە و ئوزی بە دەنگی بەرز هاواری کرد، ئەوانەی بریندار نین، دوام کەون. چونکە ئەو و چوار لە پیاوەکانی کونێکیان لە پەرژینی کەمپەکە دۆزیەوە و لێوەی چوونە ژوورەوە. پەڕەشووتوانێک کوژرا، بەڵام ئوزی لە پشتەوەڕا لێیان سوڕایەوە و یەک لە دوای یەک بارەگاکەیانی تەقاندنەوە. چەندین مسری کوژران و چەندانی دیکەش هەڵاتن. لە ماوەی چەند خولەکێکدا پەڕەشوتوانان تەواوی بارەگاکەیان داگیر کرد. بەتالیۆنی ئەندازیاری هەموو تەقەمەنییەکانی هەڵگرت و هێنایەوە ناو کەمپەکە و بە ماوەیەکی کەم هەموو بینایەکانی تەقاندەوە. داڤیدی دارەمەیتی بۆ پیاوە بریندار و مردووەکانی سوپاپۆ ئامادە کرد. داڤیدی هەر بە هێمنییەکەی خۆی پیاوەکانی

بە شێر ناوبرد و گوتی: "وەک ئەوەی تا ئێستا کردووتانە، پڵنگئاسا هەڵمەت بەرن.!"

لە بەری خوارووی بارەگاکە چوار ئۆتۆمبیلی سەربازی پڕ لە هێزی یارمەتیدەر لە ڕەفحەوە هاتن، بەڵام پیاوەکانی دانی مات دەست لەسەر پەلاپیتکە ساز و ئامادەبوون. کاتێک یەکەم ئۆتۆمبیل لێیان نزیکبۆوە، دانی بازیدا و یەکسەر لوولەی تفەنگەکەی لە شوفێری ئۆتۆمبیلەکە بردە ژوورە و بە ناچاری ئۆتۆمبیلەکە وەستا و پەڕەشووتوانەکان بە ڕەشاش بڕێن و نارنجۆکەوە هەڵیان کوتایە سەر مسرییەکان. پیاوێکی دیکە بازیدایە سەر چادری ئۆتۆمبیلەکە و دەستڕێژییەکی گەورەی لە مسرییەکان کرد. ئۆتۆمبیلەکانی دیکە وەستان و سەربازە مسرییەکان ڕایان کردە ناو کێڵگەکانەوە و لە دوورەوە دەستیان کرد بە تەقەکردن، بەڵام بوێری نزیک بوونەوەیان نەبوو.

یەک لە دوای یەک هاریکارە پەڕەشووتوانەکان بەرەو سنوور گەڕانەوە لەگەڵ خۆشیاندا هەشت کوژراو و بیست برینداره‌کەیان هەڵگرتبوو. شارۆن بە بێتەل ڕایگەیاند "ئێمە بە ڕێگەوەین و بارمان قورسە." ئەو ستافەی لە چاوەڕوانیاندا بوون لەو پەیامە نەگەیشتن، بەڵام مارگالیتی هاوسەری(گالی) کە بۆ چاودێری کردنی برینداره‌کان هاتبوو، تێگەیشت کە باری ئەوان بەهۆی مەینەتییەوە قورسە. زۆر لە برینداره‌کان لەسەر ئەو دارەمەیتانە هەڵگیرابوون کە لە تفەنگ و کراس دروست کرابوون. لە دوا ساتدا پاش تێپەڕاندنی گەلیە گەورەکە و لە سنوور نزیک کەوتبوونەوە، ئوزی گوێی لێبوو کە یەکێک لە برینداره‌کان جێماوە، بە ڕاکردن گەڕایەوە و مێجەر میکائیل کارتنی بینی کە تیمی چاودێر بوو تا ئیسرائیل لە پشتێی کرد بێئەوەی بزانێ دەمێکە مردووە.

لەم شەڕەدا مسرییەکان سی و شەش کەسیان لێ کوژرا لەگەڵ بیست و هەشت بریندار کە بیست و دوویان بە دەستی پیاوەکانی دانی مات کوژرابوون.

دوای جەنگەکە، مۆشێ دایان مەدالیای ئازایەتی(ڤالوری) بە سێ جەنگاوەر بەخشی: ئوزی ئیلام، ئەهارۆن داڤیدی و سوپاپۆ.

هەفتەیەک دوای جەنگەکە، بێن گۆریون سەردانی بنکەی پەڕەشوتوانانی کرد و قسەی بۆ کردن و نازناوی ترایلبلێزەرسی پێدان، خۆبەخشەکانی لە پێش میللەتەوە دەڕۆن.

تیری ڕەش هێرشی شەوانەی دەست پێکرد. لێرە بە دواوە هێزەکانی بەرگری ئیسرائیل وەڵامی هەر کارێکی کوشتن و تێکدەرانە بە پەلاماردانە سەر بنکەکانی سوپا و ئامانجە سەربازییەکان دەدەنەوە کە لە لایەن عەرەبەکانەوە ( فیدائین) ئەنجام دەدرێن. ئەم ئەرکە کاریگەری زۆری لە کارە تیرۆرستەکان کرد و پەلاماردان و هەڵمەتی تۆڵەسەندنەوە تا هەڵمەتی سینا لە ساڵی ١٩٥٦ هەر بەردەوامبوو.

بێن گۆریون بۆ پەیامنێرێکی ڕوونکردەوە کە "ئەم پەلامارانە مەبەستی مۆراڵی و فێرکردنیشی هەیە، ئەو جووانەی لە عێراق، کوردستان، باکوری ئەفریقا هاتوون..... لەوێ خوێنیان بە خۆڕایی بوو، لێرە ئێمە دڵنیایان دەکەینەوە کە گەلی جوو دەوڵەت و سوپایان هەیە، ژیان و ماڵ و موڵکیان بەهای هەیە، دەبێت ئێمە شکۆ و گیانی سەربەخۆیی و شانازی لەناویاندا بروێنین، چونکە ئەوانە هاووڵاتی وڵاتێکی سەربەخۆن کە بەرامبەر ژیان و سەلامەتیان خۆی بە بەرپرس دەزانێت.

ئوزی ئیلام، دواتر بووە بەڕێوەبەری گشتی کۆمیسیۆنی وزەی ئەتۆمی ئیسرائیل

"کاتێک سوپاپۆ کوژرا، من تەنیا سی پێ لەولاتر بووم. لەنکاو داڤیدی لە تەنیشتم پەیدابوو، بە هێواشی لەژێر ئەو تەقە خەستە دەڕۆیشت. من لە پاڵی

وەستام، چونکە کارێکی جوان نەبوو جێگری فەرماندەی بەتالیۆن بە پێ بوەستێ، تۆ دابنیشی. من لەو فێری خۆڕاگری و ئارامی لە کاتی جەنگ بووم، ئەمەش متمانەیەکی گەورە بە خەڵک دەدات کە دەزانێ تۆ چیت دەوێت و دەتەوێت بۆ کوێ بچیت.

من بڕیارمدا بە چوار سەربازەوە هێرش بکەم، تەنیا بەو سەربازانەی یەکەکەم کە بریندار نەبوون. ئێمە پەرژینەکەمان بڕی و لە پشتەوەڕا بنکەکەمان پاک کردەوە، لە کۆتاییدا تەنیا لەگەڵ یەک سەربازی دی گەیشتمە بینایەی فەرماندە. دوو پۆڵە سەربازی مسری لێبوو کە بەشێکیان هەڵاتن. دواتر بە داڤیدیم گوت دەکرێ بیتەقێنینەوە، هێزی ئەندازیاری بەتالیۆن گەیشتن و هەردوو بینایە و وێستگەی ئاوەکەمان تەقاندەوە.

دوای ئۆپەراسیۆنەکە، بە مەبەستی ئەنجامدانی نەشتەگەری بۆ دەستم لە نەخۆشخانە بووم و ڕەوانەی ناوەندی چاکبوونەوە کرابووم، من قوچاندم و لە کاتی کردەی حوسان( پەلامارێکی تۆڵەسەندنەوە) من لە بەچکە شێرانی سەری لەشکر بووم. لە سەردەمی هەڵمەتی سینا من لەگەڵ مۆتا بە فەرماندەی پۆڵ دامەزرام و پزیشک نوێنەرایەتییەکەی بڕیم.

دوو مانگ دوای هەڵمەتی سینا لە خزمەتی سەربازی دەرچووم. سێ ساڵ دواتر کاتێک ژنم هانی کیبووتزم جێهێشت. ئەوان زۆر لێم تووڕە بوون، ئەوکاتە "لێیان بووریم" کاتێک لە شەڕی شەش ڕۆژەدا بەشداریم لە ڕزگارکردنی ئۆرشەلیم کرد."

## بەشی دووەم
## هەڵمەتی سینا

لە پـایزی ١٩٥٥دا مسـر گرێبەسـتێکی گەورەی کڕینـی چەکـی لەگەڵ چیکۆسـلۆڤاکیای بریکـاری یەکێتـی سـۆڤیەت واژوو کـرد. بە گـوێرەی ئەو گرێبەسـتە مسـر سـەدان فـڕۆکەی شـەڕکەر، بۆمـب، تانـک، تـۆپ و چەکـی جۆراوجـۆری دیـکەی وەرگـرت کە بە هۆیـانەوە دەتوانێـت ئیسـرائیل لەسـەر نەخشـە بسـڕێتەوە. لە بەرامـبەردا بـێن گۆریـون ویسـتی هێـرش و شـەڕێکی پێشوەختە لە دژی مسـر ئەنجـام بـدات. لە تەمـووزی ١٩٥٦دا نـاسر سـەرۆکی مسـر نۆکەنـدی سویسـی خۆمـاڵی کـرد، لەنکـاو ئیسـرائیل لە پـاڵ خـۆی دوو هاوپەیمانی گەورە(فەڕەنسا و بەریتانیای مەزن)ی بۆ پەلامـاردانی مسـر بەدی

کرد کە دەیانویست دەست بەسەر نۆکەندەکەدا بگرن و ناسر بڕوخێنن. لە ئۆکتۆبەری ١٩٥٦ بە نهێنی هەر سێ وڵات بۆ پەلاماردانی مسر ڕێککەوتن.

## پاژی چوارەم
## ئەو فڕۆکەیە بهێنە خوارەوە ١٩٥٦

**لە شـەوێکی ئەنگوسـتەچاوی ئۆکتـۆبەری ١٩٥٦دا، یـواش تزیـدۆن(چاتۆ)ی فـڕکەوان لە هێـزی ئاسـمانی ئیسـرائیل بە میتیـۆرە ١٣ەکەی شـەڕکەری شـەو، فـڕۆکە جـوانە بەریتـانییە لـووت ڕەشـە قـوچەکیەکەیەوە کە ئـامێرێکی ڕاداری بازنەیی هەڵگرتبوو لە بنکەکەیەوە هەڵسا.**

**یواش درکی بە ترسناکی ئەم ئەرکەی کردبوو کە بـۆ یەکلاکـردنەوەی شـەڕی داهـاتووی ئیسـرائیل چەنـدە چارەنووسـاز و گـرنگە کە فـڕۆکەوان ئلیاشـیڤ برۆش"شیبی" یاوەری بوو، هەردووکیان ئەوەیان دەزانـی ئەگەر ئەرکەکەشیان**

سەرکەوتوو بێت، بەڵام بۆ چەندان دەیەی دادێ هەر دەبێت لەوپەڕی نهێنیدا بمێنێتەوە. چاتۆ پێشتر ئەوەی دەزانی کە ڕۆژی دواتر، واتە ٢٩ی ئۆکتۆبەر ئیسرائیل هێرش دەکاتە سەر مسر. وەک گاڵتەجاڕییەک نازناوی پۆڵەکەی "شەمشەمە کوێرە" بوو کە هێشتا بە هیچ ئەرکێکی گرنگ ڕانەسپێردرا بوو، بەڵکو دوجار بۆ ئۆپەراسیۆنی کەڵەشێر ڕاسپێردرا.

چاتۆ لە ئەرکی مەترسیدار ڕاهاتبوو، چونکە لە تەمەنی حەڤدە ساڵیدا لە ڕیزی یەکەی دەریاوانی جەنگاوەری پاڵماچ بوو، لە ناوەڕاستی ١٩٤٥ وەک دامەزرێنەری گیدیۆن کە گرووپێکی بێتەلی نهێنی بوو، فەرماندەیی تۆڕی پەیوەندی لە نێو ئالیا بێت ( کۆچی نایاسایی بەر لە دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل) لە ئەوروپا و کەمپە نایاساییەکانی پەنابەران و پاپۆرەکانی دەریا و بارەگای سەرەکی ئالیا بێتی بەڕێوە دەبرد. هەروەها یاوەری کەشتی کۆچبەرە نا یاساییەکانی دەکرد، وێستگەیەکی نهێنی بێتەلی لە قوبرس لەناو کەمپی گلدراوەکان دامەزراند و لە ئەرکی تێکدان دژ بە گەمیی ئۆشن ڤیگۆری بەریتانی بەشداربوو کە لە دەرکردنی کۆچبەری نایاسایی گلابوو. لە قوبرس چاوی بە ڕایسا شاریرای پەرستیاری ئیسرائیلی کەوت کە دواتر بوو بە هاوژینی. لە سەردەمی شەڕی سەربەخۆییدا چاتۆ فەرماندەی کاروانێکی سەربازی بوو بۆ ئۆرشەلیم، لە کۆتایی شەڕدا لە یەکەم پۆستەی بەرنامەی مەشقی فڕۆکەوانی لە ئیسرائیل ناوی تۆمار کرا.

وەک فڕۆکەوانێکی جەنگاوەر گوازرایەوە بەشی فڕۆکەی دوکەڵدار و لە ساڵی ١٩٥٥ بە ڕاهێنەری پۆلی فڕۆکەی "شەڕکەرانی شەو" لە هەموو بارودۆخێکدا دامەزرا، بە پۆڵەکەی دەگوترا سفر بین.

لە دوا هەفتەی ئۆکتۆبەری ١٩٥٦، بە پەلە لە ئینگلتەرەوە بانگ کرایەوە کە لەوێ ڕاهێنانی لەسەر شەڕی شەو تەواو کردبوو. لە ئیسرائیل بەرپرسەکانی لەبارەی هەڵمەتی دادێی سینا یان ئۆپەراسیۆنی کادیش "لە دوو ڕۆژی

داهاتوودا" قسەیان بۆی کرد و گوتیان: شەڕێکمان دەبێت.

لە ٢٨ی ئۆکتۆبەردا چاتۆ گوازرایەوە بنکەی ئاسمانی تێل نوف کە لە شانۆی شەڕی داهاتوو نزیک بوو، کاتژمێر ٢ی پاشنیوەڕۆ لەوێ ئامادەبوو، بەڵام بە پەلە بانگی بارەگای سەرەکی هێزی ئاسمانی ئیسرائیل لە ڕامەڵلا کرا، هەرچەندە ڕێگەی نێوان تێل نوف بۆ ڕامەڵلا بە ئۆتۆمبیل بیست خولەک بوو، بەڵام فەرماندەی هێزی ئاسمانی بۆ دەستبەجێ هێنانی فڕۆکەی پایپیری بە دوایدا نارد. کۆڵۆنێل شلۆمۆن لاهات، سەرۆکی بەشی ئاسمانی دەرگەی نووسینگەکەی کلۆمدا و ئەرکەکەی بۆ چاتۆ ڕوونکردەوە.

لاهات، دوای ئەوەی سوێندی پاراستنی نهێنییەکەی بە چاتۆ خوارد، بە کورتی گوتی: تۆ دەزانی، بەم دواییە لە لایەن مسر، ئوردن و سوریا پەیماننامەی سەرکردایەتی هاوبەش واژوو کراوە، ئێمە ئاگادارین لە دیمەشق سەرۆک ئەرکانی سوپای مسری و سوورییەکان لە گفتوگۆدان و گشت بەرپرسە باڵاکانی هێزی دەریایی و ئاسمانی سوپای مسر لەو گفتوگۆیەدا بەشدارن و لە لایەن مارشاڵ عەبدولحەکیم عامر، سەرۆک ئەرکانی سوپای مسر بەڕێوە دەبرێت.

لە درێژەی قسەکانیدا لاهات گوتی: "سەرچاوە باوەڕپێکراوەکانی هەواڵگری ڕایانگەیاندووە، ئەمشەو شاندی مسری بە فڕۆکەی ئیلیوشن١١-١٤سۆڤیەتی دەگەڕێتەوە قاهیرە و ئەرکی تۆ هێنانە خوارەوەی ئەو فڕۆکەیە."

چاتۆ درکی بە بایەخی ئەرکەکە کرد. ئەگەر لەو سەروبەندەی شەڕدا لە فڕۆکەکە بدات و بیخاتە خوارەوە، هێزە چەکدارەکانی مسر بێ ئەرکان و فەرماندەی باڵای سەربازی دەمێنێتەوە. واتە ڕەنگە تەواوی ململانێکە لەسەر سەرکەوتنەکەی ئەو وەستا بێت.

لاهات پێشبینی کرد لەوانەیە فڕۆکە مسرییەکە لە دەرەوەی مەدای فڕۆکە

جەنگییەکان ڕێگەیەکی دوور لە ئیسرائیل بگرێتەبەر، بۆیە پێشنیاری بۆ چاتۆ کرد بە فڕۆکەکەیەوە هەڵسێت و لەسەر دیمەشق بخولێتەوە و لە ئاسمانەوە چاوەڕێی فڕینی فڕۆکە ئیلیوشنەکەی مسر بکات.

چاتۆ لەگەڵ پێشنیارەکە تەبا نەبوو و گوتی: ئەگەر ئاشکرام بکەن، ڕەنگە لەگەڵ فڕۆکەکانیان تووشی کێشە بم یان لەوانەیە بەر لەوەی ئەوان بفڕن بەنزینم تەواو بێت. لاهات پرسی: ئایا هیچ پێشنیارێکی دیکەت هەیە؟

چاتۆ دەیزانی لە ڕێگەی یەکەی تایبەتی هێزەکانی بەرگری ئیسرائیل کە کاریان گوهداری کردنی کەناڵی پەیوەندییەکانی نێوان مسری و سوورییەکانە زانیاری نوێی پێدەگات. تزیدۆن گوتی: نیو کاتژمێر دوای فڕین پەیوەندیم پێ بکە، کاتێک فڕۆکەکە لە مەودای ڕادارەکانمان لەسەر دەریای ناوەڕاست بوو.

لاهات بە سەرسوڕمانەوە سەیری کرد و لە کۆتاییدا گوتی: ئەوە بکە کە پێتوایە باشترینە.

دەستبەجێ فڕۆکەی پایپەر چاتۆی هێنایە بنکەی ئاسمانی ڕامات داڤید کە میتیۆرەکەی لێبوو. شیبی بروشی فڕۆکەوانیش لەوێ بوو، هەردووکیان فڕۆکەکەیان سازکرد، تەنانەت پرۆڤەی شەڕی شەوانەشیان کرد. چاتۆ ئەوەی دەزانی کە کێشە بنچینەکە ئەوەیە، فڕۆکەی ئیلیوشن ١١ - ١٤، فڕۆکەیەکی تەپە، بەڵام میتیۆرەکەی ئەو خێرایە، بۆیە بۆ لێدانی ئیلیوشن دەبێت تا پێی دەکرێ خێرایی فڕۆکەکەی هێواش بکاتەوە، چونکە ڕەنگە فڕۆکەکەی لووزی بەرز بێتەوە و دواتر بکەوێت و تێک بشکێت. بەڵام بیرۆکەیەکی بە مێشکیدا هات کە چۆن بە کەمکردنەوەی زمانەی نیشتنەوە بەسەر ئەو کێشەیەدا زاڵ بێت و لە ئاسماندا پراکتیزەی کردبوو.

شەو داکەوت، چەند کاتژمێرێک دوای خوانی ئێوارە تەلەفۆن کرا، چاتۆ توانی بۆ ماوەی نیو کاتژمێرێک بخەوێت، کاتێک خەبەریان کردەوە کاتژمێر دە

و نیـو بـوو و پێـی گـوترا فـڕۆکە میـپەلەکە لە دیمەشـقەوە هەڵسـاوە و بە کەوانەیەکی فرەوانەوە ڕووەو دەریا پێچی کردەوە و لە دامێنـی مەودای کـاری میتیۆرە بە بەرزایی دە هەزار پێ بەرەوە مسـر دەڕوات.

کاتژمێر ١٠:٤٥ چاتۆ و شیبی بەو شەوە فڕین، هەموو ئیسـرائیل تـاریکبوو، چاتۆ هەرگیز تاریکستانی وای نەدیبوو.

میتیۆر بە کـزە ڕۆنـاکییەک بەنـاو تاریکسـتانی ڕۆیشـت بـۆ بینیـی شـەوانە بەهۆی ڕادیۆ دوو شەپۆڵەکەوە گوێی لە ناوەندی کـۆنترۆڵی سـەر زەوی بـوو و لە لای خۆیـانەوە بەهـۆی دەنـگە هـێمن و نیـانەکەیەوە دان تۆڵکۆڤسـکی فەرماندەی هێزی ئاسمانی ئیسـرائیلیان ناسیەوە.

دواتر یەکەم کێشە ڕوویدا، چاتۆ بۆی دەرکەوت بەنزین لە تانکی یەدەگەوە ناگوازرێتەوە تـانکی سـەرەکی، فـڕۆکەکە دوو تـانکی یەدەگـی هەبـوو کە هەر یەکێکیان ٣٥٠ لیتری دەگرت، بەڵام چاتۆ تێگەیشت کە لە لای هێروە حەوسـەد لیتری لە دەستدا، چونکە جگە لە لێکردنەوەی هەردوو تانکیەکە لە فـڕۆکەکە و تورهەڵدانیان بۆ ناو دەریا نەبێت، هیچ ڕێکارێکی دیکەی نەبوو، کەمێک دواتر لە بێتەلەکەیەوە گوێی لە دەنگە بە جۆشەکەی شیبی بـوو، دەڵـێ: پەیوەنـدی! پەیوەندی! پەیوەندی!

چاتۆ پەیوەندی بە دەستەی کۆنترۆڵی سەر زەوەی کرد و گوتی، پەیوەندی!

شـیبی ڕێنماییەکـی پـوختی بـۆی نـارد: بـووگی(فڕۆکەیەکی نە نـاسراو) لە کـاتژمێر دوو، لە هەمـان بەرزی، سـێ میـل لەولاوە، ڕاسـت لە پێشـەوە، بەرەو کاتژمێر سێ دەڕوات، ئێستا بەرەو کاتژمێر چوار ڕۆیشت، ئەوپەڕی لای ڕاسـتی گرتووە. خێراییت کەمکەوە! هەشیار بە، تۆ بە خێرایی لێی نزیک دەکەویتەوە.

چاتۆ هیچی نە دەبینی، تەنیا دوای ڕێنوێنییەکەی شیبی کەوتبوو، بۆیە هیچ بیـری لەو کێشـەیە نەکـردەوە کە دروسـت دەبێـت کاتێـک پێویسـتی بە

کەمکردنەوەی خێرایی خۆی دەبێت بۆئەوەی هاوشانی ئەو فڕۆکەیە بێت کە بە هێواشی دەڕوات.

شیبی لە پێدانی ڕێنوێنی بەردەوامبوو و گوتی، "کاتژمێر یازدە، پێنج سەد دابەزە، خێرایت دابەزێنە، دووری: حەوسەد پێ."

چاتۆ چاوی ڕەشکەوپێشکەی کرد. سەرەتا تارمایی وێنەی فڕۆکەیەکی مسری هاتە بەرچاو، دواتر گوڕییە ئاگرێکی بینی لە ئەگزۆزی مەکینەکە هەڵدەستێ.

"پەیوەندی چاو" پەیامی بۆ کۆنترۆڵی سەر زەوی نارد.

لە هێدفۆنەکەیەوە دەنگی تۆلکۆڤسکی دەنگی دایەوە: "من ناسنامەی تەواوی ئەو فڕۆکەیەم دەوێت کە شوێن پێیت هەڵگرتووە، دەرفەتی گومان مەهێڵەوە، تێگەیشتی؟" فەرماندەی هێزی ئاسمانی دەیویست لە هەر هەڵەیەک دوورکەوێتەوە کە ڕەنگە بێ هیچ هۆیەک گیانی بەشەری تیابچێت.

نووکە چاتۆ ڕێک لە پشت فڕۆکە میپەلەکەیە، لە دەرەوەی گۆشەی چاویەوە چاودێری کرد و بەرەو لای چەپ وەرگەڕا و لەو فڕۆکە مسرییە نزیک کەوتەوە کە بۆی دەهات و دەرکەوت" جگە لە باڵ بۆ باڵ زیاتر هیچی دیکە نییە"

بەرە بەرە تارمایی وێنەی فڕۆکەکە پوکایەوە. شێوەی پەنجەرەکانی بەشی سەرنشینەکان هاوشێوەی پەنجەرەکانی فڕۆکەی داکۆتایە، بەڵام پەنجەرەی بەشی کاپتنەکانی گەورەترە کە تایبەتە بە فڕۆکەی ئلیوشین ١١-١٤. هەروەها چاتۆ توانای ناسینەوەی کلکی ئلیوشینی هەبوو.

کاتێک لە پەنجەرەکان نزیک کەوتەوە، خەڵکێکی بە یونیفۆرمی سەربازی بینی بە نێو کورسیەکاندا دێن و دەچن، ئەوانەی سەر کورسیەکانیش

یونیفۆرمی سـەربازیان لەبەردا بـوو. فـڕین بە نزیـک ئلیوشـینەوە بە لانـی کەم بەنزینــی دە خــولەکی لە دەســتدا، بەڵام پێویســتبوو دووپــات لە ناســنامە بەراییەکەی بکاتەوە.

پەیامی بۆ کۆنترۆڵی سەر زەوی نارد و گوتی: "من دووپاتم لە ناسـنامەکەی کردەوە."

تۆلکۆڤسـکی ئاگـاداری کـردەوە و گـوتی: "تەنیـا ئەوکـاتە دەسـەڵاتی تەقە کردنت هەیە، ئەگەر هیچ گومانێکت نەمێنیت."

کاتی تاقیکردنەوەی ئەو مانۆرانە هاتبوو کە چاتۆ پێشتر هەوڵی بۆی دابـوو. زمانەی نیشتنەوەی بۆ سێیەک دابەزاند بۆئەوەی ماتەڵکردن نەهێڵێت.

بە بێتەڵ ڕایگەیاند و پەنجەی بە پەلەپیتکە وەنا و گوتی: "بیتەقێنە."

دەسـتبەجێ دوو کێشــە ڕوویــدا: یەکەمیــان، ئەو کەسـەی تـۆپەکەی پــڕ فیشەکی کردبوو، گوللەکانی جووتی کرد. کێشـەی دووەم، گیـران و داخسـتنێک لە لای ڕاستی تۆپەکە هەبوو کە هەمان کاریگەری تێکشکانی مەکینەی هەبوو، میتیـۆر بە چـواردەوری خـۆی سـوڕایەوە، بەڵام چـاتۆ کـۆنترۆڵ و ڕاسـتەڕێی کردەوە. هەرچەندە ئلیوشـینەکە لە تاریکـدا هـاتبوو، بەڵام بـزری نەکـرد و ئەو گوڕییە ئاگرەشی دەبینی کە لە لای چەپی ماکینەکەیەوە هەڵدەسـتا و پەیـامی لێدانەکەی نارد.

تۆلکۆڤسکی فەرمانیدا و گوتی: "بەهەر نرخێک بێـت، کۆتـایی پـێ بهێـنە و دووبارەی دەکەمەوە بە هەر نرخێک بێت." چاتۆ تێگەیشت ئەگەر هەر ئێسـتا فــڕۆکەکە نەهێنێــتە خــوارەوە، ئیســـرائیل لە ڕۆژانــی داهــاتوودا لە کــاتی هێرشەکەیدا بۆ سەر مسـرییەکان هۆکارە سەرپرایزەکەی لە دەست دەدات.

نووکە ئلیوشینەکە بە یەک ماکینەوە دەفڕێت، زۆر لە خێرایـی نیشـتنەوەی

میتیـــۆر هێواشـــترە. دووبـــارە بیتەقێـــنە لەگەڵ گـــوورزێکی نـــا هاوســـەنگی ڕەشاشـــەکەوە کە ئێســـتا گیـــراوە، بێگومـــان میتیـــۆرەکە دەســـوڕێنێتەوە. چـــاتۆ دووبارە زمانەکانی نیشتنەوەی دابەزاندەوە و پێی بە بەنزینەوە وەنا و هێرشی کـردە سـەر ئلیوشـینەکە. لەنکـاو مەترسـییەکی دیـکە سـەریهەڵدا: پـێککەوتن لەگەڵ فڕۆکە میپەلەکە.

چاتۆ ترسی لە بیر خۆبردەوە و بەرەو ئلیوشینەکە پێی پێوەنا، کاتێـک تەنیـا پەنجا مەتری مابوو بیگـاتێ، گـوێی لە هـاواری شـیبی بـوو" ئاراسـتەکە بگـۆڕە، ئاراستەکە بگۆڕە، خەریـکە پێـی دەکەویـن، لە هەردوولاوە شـوێنی کاپتنەکـان دەبینم."

لەوانەیە فەرمانەکەی شیبی هەردووکیانی ڕزگار کرد بێت. نەخاسـمە لە دوا ساتدا، چاتۆ پەلەپیتکەکەی گووشی و لەنکـاو خـۆی لەنێوەنـدی ئـاگری دۆزەخ دۆزییەوە.

تەنیا چەند پێـیەک لەولای لـوولەی ڕەشاشـی میتیـۆرەکەیەوە تۆپەکـانی بە ئلیوشینەکە تەقیـنەوە و ئـاگری لە فـڕۆکە مســـرییەکە هەسـتاند و بـووە تـۆپە ئاگرێک. بەشە گڕگرتووەکان بە تەک میتیۆرەکە تێپەڕین. فـڕۆکە گڕگرتـووەکەی مســـری ســـوڕایەوە و نقومبـــوو، بەڵام بەهـــۆی ناهاوســـەنگییەکەی ڕەشاشـــە گیراوەکەی هەردوو فڕۆکەکە کەوتن، تۆپە ئاگرەکە و فڕۆکە ڕەش هەڵگەڕاوەکە یەک لە تەنیشـــت ئەویـــدی و لەســـەر یەکـــدی دەخـــولانەوە، دواتـــر چـــاتۆ نووسیبووی: "هەردووک لە کۆنترۆڵ دەرچووبوون، وەک بڵێـی نمایشـی سـەمای قێزەون و سوریالی دەکەن."

لە دوا ســاتدا، چــاتۆ تــوانی لە بەرزایــی ١٥٠-٣٠٠ مەتــر لەو خــولانەوەیە دەربچێـت، لە هەمانکاتـدا تێکشـکانی ئلیوشـینەکەی بینـی کە بە شـەپۆڵەکانی دەریای ناوەڕاستدا تەقیەوە.

چاتۆ بۆ پازدە هەزار پێ بەرزبۆوە و پەیامی خۆی نارد "کارەکە تەواوبوو!"

تۆلکۆڤسکی ویستی دڵنیا بێتەوە و گوتی: "تۆ تێکشکاندنەکەیت بینی"

" بە دڵنیایی تێکشکاوە" دواتر چاتۆ سەیری گێچی بەنزینەکەی کرد و گوتی: "بەنزینم زۆر کەمە و ئاراستەی نزیکترین بنکەم بدەنێ"، چونکە خۆی نەیدەزانی لە کوێیە، تاکە ڕاداری شوێنی میتیۆرەکەی دیاری کرد، ئامێرێک بوو لە بنکەی ئاسمانی هاتزۆر، بۆیە فەرماندەکە ئاراستەکردنی هێڵی نیشتنەوەی "شەمشەکوێرەکەی" لە ئەستۆ گرت.

چاتۆ هەواڵی دایەوە کە تا بەنزینی مابێت بەو ئاراستەیە دەفڕێت.

یەکەی کۆنترۆڵ بە گومانبوو و گوتی: ئایا پێتوایە ئەوەت پێ دەکرێ.

چاتۆ هەوڵیدا شتەکان بە سووکی بهێڵێتەوە و گوتی: لە چەخماخەکەی شیبیەوە تانکیەکەم پڕ لە بەنزین کردووە.

تۆلکۆڤیسکی قسەکەی پێ بڕی و گوتی: ناوان مەهێنە.

گێچی بەنزین هاتە خوار سفر، خولەکێک، دووان، سێیان.... لەنکاو چاتۆ توانی گلۆپی فڕگەی هاتزۆری ببینێت کە وێڕای تاریکییەکە ڕێگەکەی بۆ ڕۆشن کردەوە و فڕۆکەکە بەرەو هێڵی نیشتنەوە شۆڕبۆوە و چاتۆ گەیشتە سەر زەوی.

لەوکاتەی فڕۆکەکە گەیشتە سەر فڕگەکە، مەکینەکان یەک لە دوای یەک وەستان، چونکە یەک دڵۆپە بەنزینی تێدا نەمابوو، بەڵام میتیۆرەکە گەیشتبووە سەر زەوی، هەر زوو لاوێکی میکانیکی گەیشتە لای فڕۆکەکە و پرسیاری کرد، "تۆ کاری خۆت کرد."

بەڵێ، "ئەوە شەڕیش دەستی پێکرد"

ئـایزەر وایزمـان، فەرمانـدەی بـنکە و بـرازای یەکەم سـەرۆکی ئیسـرائیل دەستبەجێ گەیشتە ئەوێ و گوتی: پیرۆزە، هەرگیـز نابێـت کەسـێک دەرفەتـی خۆدەرخستن لە دەست بدات، ئەوە بـزانە، تەنیـا هـاتزۆر بـوو تـۆی هێنـایەوە. ئەوان لە بارەگای سەرەکی چاوەڕێت دەکەن، دیارە کێشەیەک هەیە.

لە بارەگـای سـەرەکی هەر یەک لە لاهـات، تۆڵکۆڤسـکی و مۆشـێ دایـان، سەرۆکی ئەرکان لە چاوەڕوانی چاتۆ و شیبیدا بوون. دەستی یەکدیان گووشی.

چاتۆ پرسیاری کرد: کێشەکە چییە؟

لە دوا خولەکـدا، عـامر بڕیاریـداوە بە فـڕۆکەی ئیلیوشـین نەفڕێـت و بە فڕۆکەی داکۆتا فڕیوە.

گیانی جەنگ بەسەر چـاتۆ زاڵبـوو و ئەوەی خسـتەڕوو: ئەگەر کـات هەیە، بەنزین تێدەکەین و  بۆ جاری دووەم دەڕۆینەوە و شیبیش سـەری ڕەزامەنـدی لەقاند.

دایان گوتی: بە پێی سەرچاوە هەواڵگرییەکان ڕوون و ئاشکرایە، لێـیگەڕێن. سڕینەوەی ئەرکانی گشتی بە مانای بـردنەوەی نیـوەی شـەڕ دێـت. دەی بـا بـۆ نیوەکەی دیکەی بخۆینەوە.

دایان بوتڵە واینێکی هێناو و هەموو دەستیان بە ئاهەنگگێڕان کرد.

تـازە شـەڕی ١٩٥٦ دەسـتی پێکردبـوو، تەنیـا ژمـارەیەکی کەم لە خەڵکـی ئیسـرائیل پێیان دەزانی. ئۆپەراسیۆنی کەڵەشیر بۆ مـاوەی سـی و سـێ سـاڵ بە نهێنی مایەوە تا لە ساڵی ١٩٨٩وردەکارییەکانی گەیشـتن. مسـرییەکان هەرگیـز باسیان لە کەوتنەخوارەوەی فڕۆکەی خۆیان نەکردبوو، ڕەنگە لەبەر بێ ئاگاییان بێت کە بە ئامانج گیرابوو. لە قاهیرە پڕۆپاگەندەی ئەوە هەبوو کە فڕۆکەکە لە نزیک بیابانەوە تێکشکاوە و تاقمی باڵای سەربازیی هێشتا لەوێ لە چاوەڕوانی

ڕزگاربوونی دان. مارشال عامر کە لەوکاتدا سەرۆک ئەرکانی مسری بوو، دوای شەڕی شەش ڕۆژە خۆی کوشت.

یۆئاش تزیدۆن(چاتۆ)، فڕۆکەوانی شەڕکەر

لە ئاداری ١٩٩٣، چوار ساڵ دوای بڵاوکردنەوەی وردەکاریی ئۆپەراسیۆنی کەڵەشێر، کوڕە گەنجێکی مسری بەناوی (ئەحمەد جەعفەر نەسیم) کوڕی ڕاوێژکاری سەرۆک ناسر کە لە ئۆپەراسیۆنی کەڵەشیر کوژرابوو، بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو پەیوەندی بە چاتۆ تزیدۆنەوە کرد. دیدارێکی دراماتیکی لە نێوان کوڕەی باوک کوژراو و چاتۆ لە تەلئەڤیف هیلتۆن بەڕێوەچوو. دواتر لەبارەی دیدارەکەدا چاتۆ گوتی: سۆز باڵی بەسەر کەشوهەوای دیدارەکە کێشابوو نەک تفت و تاڵی. جەعفەر پیاوێکی پەککەوتەی سەر عارەبانە بوو، دەیویست بزانێت ئایا ڕاستە باوکی بە دیلی دەستگیرکراوە دوای ئەوەی فڕۆکەکەی بە ناچاری نیشتۆتەوە، بەڵام دواتر لە ژێر ئەشکەنجە گیانی سپاردووە. چاتۆ بۆی ڕوونکردەوە کە هیچ بە ناچاری نیشتنەوەیەک نەبووە، بەڵکو پرۆسەکە خزمەتێکی دەرگە بە دەرگەوە بووە.

دوو ساڵ دواتر، چاتۆ یارمەتی جەعفەر نەسیمیدا لە نەخۆشخانەی ڕامبام لە رامەڵلا چارەسەری بۆ بکرێت، ئەم ویستەی یارمەتیدانی چاتۆ بۆ نەسیم لە دەربڕینی هەستی پەژارەیی بۆ مردنی باوکی سەرچاوەی گرتبوو "کە ڕەنگە ڕۆژێک کوڕەکەی منیش خۆی لە هەمان دۆخدا ببینێتەوە."

ئەوە تەنیا ڕێگەیەک بوو چاتۆ بەهۆیەوە هێڵێکی نائاسایی هەستی بەرامبەر ئەوانی دی نیشان بدات. رایسای هاوژینی یادەوەرییەکانی سەردەمی شەڕی ١٩٥٦ بە بیر دەهێنێتەوە و دەڵێ: لە ئێوارە خوانێک لە ماڵی برادەران لە لەندەن، چاتو چاوی بە خوشکی خانەخوێ کەوت کە یەکێک لە ڕزگاربووانی

کوشتارگەی ئۆشفیتز بوو کە دەهاتەوە ئیسرائیل، بەڵام زۆر حەزی بە بینینی پاریس بوو.

چاتۆ لێی پرسی: باشە بۆ لەسەر ڕێگەی خۆت لانادەیتە ئەوێ؟

ئافرەتەکە وەڵامی دایەوە و گوتی: من منداڵێکی یەک ساڵەم هەیە و ناتوانم.

چاتۆ گوتی: چارەسەرێکم هەیە، منداڵەکە لەگەڵ خۆمدا دەبەمە ئیسرائیل.

ئیدی بەمشێوەیە چاتۆ بەرپرسیارەتی کچە بچووکەکەی لە ئەستۆ گرت و لەناو فڕۆکە خۆی خواردنی پێدەدا. کاتێک بۆ کورتە وەستانێک لە ڕۆما دابەزی چووە باشترین هوتێل و منداڵەکەی دایە دایەنی هوتێل. ڕۆژی دواتر بە منداڵەکەوە بەرەو ئیسرائیل فڕی. هاوژینەکەی لە فڕۆکەخانە چاوەڕێی دەکرد، بەڵام کاتێک پیاوێکی بە قاتێکی تویدەوە بینی و منداڵێکی لەگەڵە، هەر نەیناسیەوە.

ڕایسا گوتی: چۆن بەرپرسیارەتی ئەو منداڵەت لە ئەستۆ گرتووە؟

چاتۆ بە سەرسوڕمانەوە سەیری کرد و گوتی: دایکی هەرگیز پاریسی نە دەبینی.

لە ئۆكتـۆبەری ١٩٥٦ لە كاتێكـدا یەكێتـی سـۆڤیەت لە شۆڕشـی وارسـۆ و بوداپێســت لە دژی دیكتــاتۆریەت تێوەگلابــوو، ویــلایەتە یەكگرتووەكــانی ئەمریكاش لە دوا قۆناغی هەڵمەتی هەڵبژاردنی سەرۆك دویت ئایزنهاوەر بـوو كە بـۆ دووەمجـار خـۆی پـاڵاوتبوو. ئیســرائیل هێرشـی كـردە سـەر مســر و ســەركەوتنێكی بەرچــاوی بەدەســتهێنا و مۆشــێ دایــان بــوو بە قارەمــانی ئەفســانەیی، بەڵام لە هەڵمەتەكەیانـدا هەر یەك لە بەریتانیـا و فەڕەنسـا بـۆ داگیركردنی نۆكەندی سوێس شكستیانهێنا.

# پاژی پێنجەم

## کادیش، ١٩٥٦

**کـــاتژمێر ٤:٥٩ پاشـــنیوەڕۆی دووشـــەمە ٢٩ی ئۆکتـــۆبەری ١٩٥٦،**

ڕائیـد(مێیجەر) ڕافائیـل(ڕافول) ئایتـان لە فـڕۆکەی داکۆتـا لە ڕۆژهەڵاتـی سـینا دابەزی، بەمەش ئەرکی کادیش دەست پێکرد.

دوای ئەو، ٣٩٤ پەڕەشووتوانی دیکە بە شازدە فڕۆکەی دی دابەزین کە دوو کاتژمێر پێشتر دوو فڕۆکەی جۆری موسـتانگ بە مەبەسـتی تێکـدانی سیسـتمی پەیوەنـدی مســرییەکان لە ڕێـگەی پەروانە و باڵەکانیـانەوە گشـت هـێڵە تەلەفۆنەکانی سینای پچڕاندبوو.

لە تەلئەڤیـڤ مۆشـێ دایـان سـەرۆک ئەرکـانی ئیسـرائیل بەیاننـامەیەکی فەرمی بۆ ڕادیۆی کۆڵی ئیسـرائیل نارد:

"گوتەبێژی هێزی بەرگـری ئیسـرائیل ڕایگەیانـد، هێـزی بەرگـری ئیسـرائیل چوونەژوورە و لە ڕەئـس ئەلـنەقەب و کـونتیلا هێرشـی کـردۆتە سـەر یەکەی فیداییەکان و دەستی بەسەر چەند شوێنێکی نزیک نۆکەندی سوێسدا گرتووە."

یاریزانی سەرەکی دابەزاندنی پەڕەشوتوانان لە نزیک نۆکەندی سـوێس و لە قــوڵایی خــاکی مســـر، کــردنەوەی دەروازەی هەڵمەتــی ســینا و کۆتــایی ئۆپەراسیۆنێکی نهێنی سیاسی هەر یەک لە بێن گۆریۆن، دایان و پێرس بوو.

لە سێپتەمبەری ١٩٥٥ ئیسـرائیل گـورزێکی ئازاربەخشـی پـێکەوت، کاتێـک یەکێتـی سـۆڤیەت بـۆ ڕاییکردنـی سـەودایەکی گەورەی چەک لەگەڵ مســردا، چیکلۆسلۆڤاکیای بەکارهێنـا. بە پێـی ئەو سـەودایە یەکێتـی سۆڤیەت نـزیکەی ٢٠٠ فڕۆکەی شـەڕکەری میـگ و ئیلیوشـینی بۆمبهـاوێژی ١١-٢٨ و ڕاهێنـان و فڕۆکەی کارگۆ، ٢٣٠ تانک، ٢٠٠ زرێپۆشی سەرباز هەڵگر. ٦٠٠ تۆپ و جۆرەهـا گەمی دەریایی٠ بەلەمی تۆرپیـدۆ، وێـرانکەر و ٦ ژێردەریـایی بە مسـردا. ئەو چەک و تفـاقەی مســر لەســەروپاژی وەرگرتنیــدا بــوو لەڕووی جـۆرایەتی و چەنــدایەتییەوە بێــوێنە بــوو کە بەهــۆیەوەی باڵانســی هێــز لە ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاست دادەڕمـا و ئیســرائیل مەترسـی لە دەسـتدانی هێـزەکەی هەبـوو کە

گەرەنتی بە پێوە مانەوەی بـوو. هۆکـارێکی دیـکەی دڵەڕاوکـێکە دامەزرانـدنی فەرماندەی هاوبەشی سوپای مسـری و سوری بوو.

تەمی نیگەرانی باڵی بەسەر ئیسـرائیلدا کێشـا، چـونکە تەنیـا سـی فـڕۆکەی شـەڕکەری هەبـوو. ژمـارەی تانـک، سـەرباز هەڵگـر و تۆپەکـانی بەراورد بەو چەکـانەی مســر لەبەر وەرگرتنیـدا بـوو، مـایەی گـاڵتەبوو. لە لای خۆیـانەوە ئیسـرائیلە نیگەرانەکان پارە، زێڕوخشڵ، موڵک و ماڵیان بە "سـندوقی بەرگـری" بەخشی کە بۆ کڕینی چەک هاتبووە دامەزراندن. بێن گۆریون ئاگری دەکردەوە و دەیویست دەمودەست هێرش بکـاتە سـەر مســر. مۆشـێ سـارێت، وەزیـری دەرەوە، کە کەســێکی کۆترئاســا و میــانڕۆ بــوو، لە کۆبــوونەوەی کــابینەی حکوومەتدا حزبەکەی شکستی بە پرۆسەی دەنگدان هێنا. چەند مانگێک دواتر بێن گۆریون لە کابینە لایدا و گۆڵدا مائیری بە وەزیری دەرەوە دامەزراند.

هاوزەمان، شیمۆن پێرس بۆ دامەزراندنی هـاوپەیمانی لە نێـوان فەڕەنسـا و ئیســرائیل هەوڵێکــی گەورەیـدا. وێـڕای ڕەخنەکـان و گاڵتەکـانی نـاو بـازنەی حکوومەت و وڵات، بەڵام هەوڵەکانی لەگەڵ فەڕەنسـا بەرهەمـداربوو. چـونکە تــوانی لە بەدەســتهێنانی بڕێکــی گەورەی چەک و دامەزرانــدنی پەیوەنــدی دۆسـتایەتی لەگەڵ حکـوومەتی فەڕەنسـا و ئەفسـەران و ئەنـدامانی پەرلەمـان سەرکەتوو بێت. لە حوزەیرانی ١٩٥٦دا ئیسـرائیل بۆ دابینکردنی چەکێکی زۆر و قەبە توانی سەودایەکی بەرز لەگەڵ فەڕەنسا واژوو بکات.

مانگێـک دواتـر، لە هەنگـاوێکی سەرسـوڕهێنەردا، جەمـال عەبـدولناسری سەرۆکی مسـر، نۆکەندی سوێسی خۆماڵی کرد. فەڕەنسا و بەریتانیـا کە پشـکی گەورەیان لە نۆکەندی سوێسدا هەبوو بە مەبەستی گێـڕانەوەی نۆکەنـدەکە بـۆ ژێر ڕکێفـی خۆیـان دەسـتبەجێ پلانـی ئۆپەراسـیۆنێکی سـەربازیان دژی مســر دارِشت. ژەنەڕاڵەکانی بەریتانیا و فەڕەنسـا لە سـۆنگەی سـەنگەرەکانی شـەڕی دووەمـی جیهـانەوە گفتوگـۆی پلانـی هێرشـی بەردەوامیـان کـرد. لـێ هەرزوو

فەڕەنسییەکان درکیان بەوە کرد بەریتانیا بێ پاساوێکی بەرجەستە و بەهێز هێرش ناکاتە سەر مسر. بۆیە بۆ لای ئیسرائیل بایاندایەوە.

لە ٢٢ی ئۆکتۆبەری ١٩٥٦دا کەمێک پێش خۆرئاوابوون، ژمارەیەک ئۆتۆمبیل لە پێش ڤێلایەکی لاتەریک لە شارۆچکەی سیڤەری قەراغ پاریس وەستان. سەرنشینەکانی کە لە جای مولێ، سەرۆک وەزیرانی فەڕەنسا، کریستیان پینۆ وەزیری دەرەوە، مۆریس بۆرگی مۆنری وەزیری بەرگری، سەرۆک ئەرکانی سوپا و ژمارەیەک ژەنەڕاڵ پێکهاتبوون بە خشکەیی لە دەرگەی خانووەکە چوونە ژوورەوە، میوانە نهێنییەکانیان کە بە فڕۆکەیەکی تایبەتی گەیشتبوون لە بێن گۆریون سەرۆک وەزیران ئیسرائیل، ژەنەڕاڵ مۆشێ دایان و شیمۆن پێرس پێکهاتبوو. هەردوو شاندەکە لە کەشێکی دۆستانە کوبوونەوە. درەنگانی ئێوارە سلوین لویدی وەزیری دەرەوەی بەریتانیاش گەیشتە لایان.

بە گەیشتنی لوید کزەبایەکی سارد لە ڤێلاکەیدا، وەزیری دەرەوەی بەریتانیا ئەوەی لە بیر نەکردبوو کە هەشت ساڵ بەری بەریتانیا فەرمانڕەوای فەلەستین بوو و بێن گۆریۆنیش گەورەترین ناحەزبوو. مۆشێ دایان دەنووسێ، "ڕەنگە وەزیری دەرەوەی بەریتانیا کەسێکی زارخۆشی ئەمیبائاسا بێت، چونکە لە شاردنەوەی شتەکاندا نیمچە بلیمەتێک بوو، بە ڕەفتارییەوە دیاربوو کە بێزی لە شوێن و هاوەڵەکان و بابەتەکە دەبێتەوە."

لویدیش لەو کۆبوونەوەیە بەشداربوو کە نهێنیترین کۆبوونەوەی پاش جەنگی دووەمی جیهان بوو لەو ئاستەدا بەڕێوەبچێت.

لە دوای گەڕی یەکەمی گفتوگۆکان کە شەویش بەردەوامبوو، لوید بە مەبەستی ئاگادارکردنەوەی ئەنتۆنی ئایدن سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا کۆبوونەوەکەی جێهێشت. ئەو شەوە پێرس ئەو تێبینییەی نووسی، "پێدەچێت لوید نەکەوتبێتە داوی عەشقی بێن گۆریۆن، بەڵام هیچ گومانی تێدا نەبوو کە

لەو ساتەی یەکدیان بینی ئەو هەستە دوولایەنە هەبوو."

کۆنفرانسەکە بۆ ڕۆژی دواتریش بەردەوامبـوو، ژمـارەیەک بیـرۆکە لەبـارەی پاساوی هێرشی ئەنگلۆ فەرەنسی تاوتوێکران، جۆرەهـا فێـڵ یەک لە دوای یەک ڕەتکرانەوە. بەریتانیا و فەڕەنسا پێشنیاری ئەوەیان کرد ئیسـرائیل هێرش بکاتە سەر مسـر و سینا داگیر بکـات و هەڕەشـە لەسـەر نۆکەنـدی سـوێس دروسـت بکات. ئەو دەمە فەڕەنسا و بەریتانیا بۆ "پاراسـتنی" نۆکەنـدەکە دەسـتێوەردان دەکەن، بەڵام بێن گۆریون ڕەتیکردەوە بـۆ دروسـتکردنی پاسـاو بـۆ فەڕەنسـا و بەریتانیا هێرشێکی گشتگیر بکاتە سەر مسـر، هەروەها لەوەش ترسا ئیسـرائیل بە تەنێ بۆ چەند ڕۆژێک، ڕەنگە چەند هەفتەیەک بـارگرانی ئەو شـەڕە لەسـەر شانە لاوازەکانی هەڵگرێت تا دەستێوەردانی فرانکۆ بریتیش دەست پێدەکات.

لە ڕۆژی دواتــردا، لە کاتێکــدا فەڕەنســاوی و ئیســـرائیلییەکان فراوینیــان دەخوارد، ژەنەڕاڵ مۆریس شاڵ، جێگـری سـەرۆک ئەرکـانی فەڕەنسـا پێشـنیاری کـرد لە قۆنـاغی یەکەمـدا هێـزی ئاسـمانی ئیسـرائیل هێـرش بکـاتە سـەر بیـئر شەڤا(سەبع) و شارەکە بۆمباران بکات، بەمەش دەکرێ مســر تاوانبـار بکرێـت، دەسـتبەجێ هێزەکـانی ئەنگلـۆ فەڕەنسـی دەسـت لە دۆخەکە وەربـدەن. بـێن گۆریون لە تورەییانـدا دەموچـاوی سـوور هەڵـگەڕا لەسـەر کورسـیەکەی خـۆی هەڵبەزیـیەوە و گـوتی: "ئیســـرائیل بەهێـزە، چـونکە شــەڕ بـۆ دۆزێکـی ڕەوا دەکـات، مـن نە بـۆ ڕای گشـتی جیهـانی و نە بـۆ کەسـێکی دی درۆ نـاکەم." بێـدەنگییەکی کشـومات بـاڵی بەسـەر ژوورەکە کێشـا و شـاڵ لە جێـی خـۆی دانیشتەوە و لە ڕووگیریدا دەموچـاوی سـوور هەڵـگەڕا، ئەوانـی دیـش لـووتی خۆیان لە بن قاپەکانیان شاردەوە، پێدەچوو کۆنفرانسەکە بەرەو دارمان بڕوات.

دواتر مۆشێ دایان بە شێوازێکی سـیحراوی گەیشـت. دایـان کە لە کیبـووتز داگانــا لەدایکببــوو، هەروەهــا لە گونــدی هەرەوەزی نەهــالال گەورە ببــوو، قارەمانێکی کاریزمای ئیسـرائیل بوو، ئەندامی هاگانا بوو (هاگانا، ڕێکخراوێکـی

نهێنــی ئیســـرائیل بــوو لەســەردەمی مانــدێتی بەریتانیــا)، لە نێــو دراوســێ عەرەبەکانی نەهالال گەورە ببوو، زۆربەیانی باش دەناسی و ڕێزی دەگـرتن. لە جەنگــی دووەمــی جیهانــدا لە لوبنــان لە دژی هێزەکــانی ڤیچــی فەڕەنســادا بەشداری لە کردەوەی ئێشـگرییەکی بەریتـانی کردبـوو. بە گـوللەی قەناسـێکی دوژمن چاوی چەپی بریندباربوو کە بەهۆیەوە چـاوەکەی لە دەسـتدا، بەڵام بەو پـارچە پەڕۆ ڕەشـەی کە جـێگەی چـاوی گـرتەوە، لە سەرانسـەری ئیســرائیل و جیهاندا دەموچـاوی دایـان نـاسراو و بە ناوبانـگ بـوو. جـگە لە بەهـرەداری لە گوتاردان، عاشقە شیعر و شوێنەوار و مێبـازی، شـەڕڤانێکی چاونەترسـیش بـوو. وەک سەرۆک ئەرکان هێزەکانی بەرگری ئیســرائیلی کردبـووە هێزێکـی لاسـاری توند و فەرمانی هێرشی تۆڵەسەندنەوەی دژ بە دوژمنە گێرەشێوێنەکان دەکرد، بەڵام کە درکی بەوە کرد تۆڵەسەندنەوەکان ناتوانن گـرژییە پەرەسـەندووەکانی نێـوان ئیســرائیل و هاوسـێکانی چارەسـەر بـکەن، بەتـایبەتی لەگەڵ مســردا. پشتەوانی لە بیرۆکەی هێرشکردنە سەر مسر کـرد پـێش ئەوەی بێـتە خـاوەنی ئەو چەکە زۆرەی لە بلــۆکی ســۆڤیەت دەســتی دەکەوێــت و یەکێــک لە بەشدارەکانی کۆنفرانسی سیڤەر بوو.

هەرچەنـدە بـێن گۆریـون لە ڕەتکـردەوەی هێرشـێکی گشـتگیر دژی مســر بەردەوامبوو. کەواتە، چۆن شەڕ بێ دەست پێکردنی شـەڕ، دەسـت پێـدەکات؟ لە سـاتە گرنگەکانـدا، کاتێـک گشـت کـۆنفرانس پشـتی بە چارەسـەری گرفتـی هێنانەوەی پاساوێک بەستبوو، دایان بە پلانـێکەوە هەسـتایەوە و گـوتی: بـا لە کۆتاییەوە دەست بە شەڕ بکەین. هەروەهـا پێشـنیاری دابەزانـدنی گرووپێکـی بچـووکی هێزەکـانی ئیســرائیلی لە سـینا بە دەوروبەری سـی میـل دوور لە ڕۆژهەڵاتی نۆکەندی سوێس کرد کە هەڕەشەیەکی ڕوون لەسـەر ڕێـگەی ئـاوی دروسـت بکـات. فەڕەنسـا و بەریتانیـای مەزن ڕایـبگەیەنن نۆکەنـدەکە لەژێـر مەترسیدایە و ئاگادارینـامەیەک بـۆ هەر یەک لە مســر و ئیســرائیل بنێـرن بـۆ

پاشەکشەکردن بۆ هێڵێکی نوێ بە دووری دە میل لە هەر لایەکی نۆکەندەکەدا. ئەمەش بە مانای داواکردن لە مسر دێت تەواوی بیابانی سینا چۆڵ بکات و ڕێگە بە ئیسرائیل دەدات داگیری بکات و بگاتە ڕۆخ نۆکەندەکە. دیارە ئیسرائیل ئاگادارینامەکە قبوڵ دەکات، لە کاتێکدا بە دڵنیاییەوە مسر ڕەتیدەکاتەوە. ئەمەش دەبێتە پاساو بۆ هەر یەک لە فەڕەنسا و بەریتانیا سی و شەش کاتژمێر دوای ئیسرائیل هێرشی سەربازی لە دژی مسر بکەن.

بێن گۆریون دوودڵ بوو، دوای شەوێکی بێ خەوتن پلانەکەی مۆشی دایانی قبوڵ کرد. کاتێک بەیانییەکەی لە باخچەی ڤێلاکە چاوی بە هەر یەک لە دایان و پێرس کەوت، لە دایانی پرسی نەخشەی پڕۆژەکەی بۆ بکێشێ، کەسیان هیچ پەڕە کاغەزێکیان پێ نەبوو، بۆیە پێرس پاکەتی جگەرەکەی دڕاند و دایان نەخشەی بیابانی سینای لەسەر کێشا؛ هێڵە نوقتە نوقتەکان گوزارشت لە فڕینی فڕۆکە دەکەن کە پەڕەشووتوانەکان دادەبەزێنێ و سێ تیرەکە بەرە سەرەکییەکانی هێرشە یەک لە دوای یەکەکانی ئیسرائیل نیشان دەدەن. بێن گۆریۆن، پێرس و دایان واژوویان لەسەر کرد و لە قاقای پێکەنینیاندا، ئەو پارچە بچووکەی پاکەتە جگەرە بووە یەکەم نەخشەی هەڵمەتی سینا.

بە گەڕانەوە بۆ ناو ڤێلاکە، بە ڕاپنیا دەنگان پشت بە پلانەکەی دایان بەسترا و لە ٢٤ی ئۆکتۆبەر ڕێککەوتنێکی نهێنی لەنێو فەڕەنسا، بەریتانیای مەزن و ئیسرائیل واژووکرا. لە ڕێگەی گەڕانەوەیدا بۆ تەلئەڤیڤ بێن گۆریون داوای کۆبوونەوەی کابینەی حکوومەتی کرد، لە کۆبوونەوەکەدا باسی لە گەشتەکەی بۆ فەڕەنسا یان ڕێککەوتننامەکەی بۆ وەزیرەکانی کابینەکە نەکرد کە کۆپییەکی لە باخەڵی هەڵگرتبوو. لەگەڵ ئەوەشدا ڕەزامەندی ئەنجوومەنی وەزیرانی بۆ هێرش لە دژی مسر بەدەستهێنا. وەک هەمیشە لە سەروپاژی گرژییەکاندا، بێن گۆریون هەستی بە نەخۆشی و تایەکی گەرم دەکرد، بەڵام ئەو شەوە بۆ یەکەمجار لە ژیانیدا موناحم بێگنی ڕکابەرە سەرسەختەکەی بێن گۆریون

بانگهێشتی ماڵی بێن گۆریون کرا. لە کاتێکدا بێگن لەسەر کورسیەکەی تەنیشت تەختەکەی بێن گۆریون دانیشتبوو، پیاوە پیرەکە باسی بڕیاری شەڕکردنی بۆ کرد و بێگن پیرۆزباییەکی گەرمی لێکرد.

لە ٢٩ی ئۆکتۆبەردا ڕافول ئایتان و پەڕەشووتوانەکانی لە قوڵایی پشت هێڵەکانی دوژمن دابەزین و بۆ شەوەکەی خەندەقیان لێدا. لە چەند کاتژمێری دواتردا فڕۆکەکانی ئیسرائیل جێب، تفەنگ و تۆپی قورسیشی دابەزاند.

لەکاتێکدا پیاوەکانی ڕافول هێشتا لە ئاسمانبوون، ئەریک شارۆن بە زرێپۆشێکەوە بە لیوایەکی پەڕەشووت و پشتەوانی تانکی ماکس سنووری مسر بڕی، ڕەتلەکە بەرەو سینا پێشڕەوی کرد و لە جەنگێکی دژواردا چەند سەنگەرێکی مسری داگیر کرد و دوای سی کاتژمێر لە بارەگای ڕافول نزیک کەوتەوە.

لە کاتێکدا چاوەڕێی ئەریک بوو، ڕافوڵ بۆ گاڵتەکردن پارچە مقەبایەکی چەقاند و لەسەری نووسی "بوەستە". کەمێک دواتر، لە کاتژمێر ١٠ی پاشنیوەڕۆی ڕۆژی ٣٠ی ئۆکتۆبەر ڕەتلەکە گەیشتە نزیک پارچە مقەباکە. سەرتاپای جەستەی داڤیدی و شارۆن لە تۆزی بیابان نقوم ببوو، لە جێبەکانیان هەڵبەزینە خوارەوە و ڕافولیان لە باوەش گرت و ئەرکەکە تەواو بوو.

پێدەچوو شارۆن بیرۆکەی دیکەی هەبێت، دوو ساڵ بەری هێزی پەڕەشوتوانانی کردبوو بە یەکەیەکی کۆماندۆی دەستەبژێری ئەنجامدانی زۆربەی کردەوە تۆڵەسەندنەوەکان دژ بە دراوسێکانی ئیسرائیل. بەهاکەی قورس بوو، چونکە زۆر لە شەڕڤانە باشترینەکانی کوژران، تەنانەت لە پەلامارەکەی ڕەحوا لە سێپتەمبەری ١٩٥٦دا خودی مێیر هارزیۆن نیوە مردبوو، لەبەرئەوەی گوولەیەکی بە هەوکی کەوتبوو و لە ئاوزینگاندا بوو کاتێک مۆریس ئینکلیڤیتز لە یەکەی پزیشکییەوە گەیشتە سەری و قەڵەمبڕەکەی

دەرهێنا و لە بۆڕی هەوای ڕاکرد و لە ژێر ئەو شەڕە تەقەدا کونی هەناسەی بۆی کردەوە و ژیانی ڕزگار کرد.

وێڕای ئەو کوشتن و برینداره‌ی هەبوو، بەڵام خەڵکی بە لێشاو بە خۆبەخش دەهاتنە ڕیزەکانی یەکەی پەڕەشوتوانان کە زۆربەیان ئەندامی کیبووتز و لە نیشتەجێبووانی کۆمەڵگە کشتوکاڵییە هەرەوەزەکان بوون. بەتالیۆنەکە بووە لیوا، ئەودەم پلەی سەربازی شارۆن لێیتونانت کۆلۆنێل بوو کە یەکێک لە باشترین شەڕڤانی هێزەکانی بەرگری ئیسرائیل بوو. دایان زۆری خۆشدەویست و بێن گۆریون زۆر بە کارامەیی و تواناکەی سەرسام بوو. وێڕای ئەوەی لە ٣٠ی ئۆکتۆبەری ١٩٥٦دا ڕەخنەی لە دەستپاکیەکەی گرت، بەڵام شارۆن وەک هەمیشە برسی چەنگ بوو.

کەمێک بوو لە لەباوەشگرتنی ڕافول ببۆوە، کاتێک بڕیاریدا گەرووی بە ناوبانگی میڵتا داگیر بکات کە لەمپەرێکی چیایی تەنگی پێچاوپێچی ئەو نزیکە بوو بۆ ئەوەی یەکەم کەس بێت لەگەڵ پەڕەشووتوانەکانیەوە بگاتە نۆکەندەکە.

پێدەچوو گەرووەکە هیچ هێزێکی دوژمنی لێ نەبێت، چونکە ڕۆژی پێشتر کاروانێکی زرێپۆش کە لە مسر ڕاهاتوو، لە نۆکەندەکە پەڕیەوە و گەرووەکەی بڕی، بەڵام فڕۆکە شەڕکەرەکانی ئیسرائیل پەلاماریدا و بە تەواوی تێکوپێکی شکاند کە تا هەنووکە بە درێژایی ڕێگەی میڵتا دوکەڵ لە پەیکەری ئۆتۆمبیلە سووتاوەکان بەرز دەبێتەوە.

شارۆن پەیامێکی رادیۆیی نارد تێیدا داوای مۆڵەتی داگیرکردنی گەرووی ماڵتای کرد، بەڵام ئەرکانی گشتی فەرمانێکی ڕوونی بۆی ناردەوە: "نەچیە پێش، لە کوێی؟ لەوێ بمێنەوە." ئاخر، شارۆن، ڕافول و فەرماندەکانی دی هیچیان لەبارەی ئامانجی دابەزاندنی پەڕەشوتوانان لە نزیک میڵتا نەدەزانی کە بۆ شەڕکردن و داگیرکردن نییە، بەڵکو وەک پاساوێکە بۆ دەستێوەردانی ئەنگلۆ

فەڕەنسی.

سـەر لەبەیـانی زووی ڕۆژی دواتـر پەیـامێكی دی لە ئەركـانەوە گەیشـت: "نەچـنە پـێش" بەڵام ئەریـک نە وەسـتا و وازی نەهێنـا. كـاتژمێر ١١ی بەیـانی كۆڵۆنێـڵ ڕەهاڤـام زیئڤی(گانـدی)، سـەرۆكی فەرمانـدەی ئەركـانی باشـور بە فڕۆكەیەكی بایپیر گەیشتە بارەگا، دووبـارە ئەریـک داوای مـۆڵەتی چـوونە نـاو میلتای كرد، بەڵام گاندی تەنیـا ڕێـگەی نـاردنی دەورییەكـی پێـدا بەو مەرجەی خۆی نەخاتە تەڵەی شەڕ كردنەوە.

ئەریک دەستبەجێ بە فەرماندەیی مۆتا گوور تیمی دەوریيەی خڕكردەوە و لەسەرووی ڕەتلەكە شەش ئۆتۆمبیلی نیوتۆنی، لە پشتیانەوە شـەش نیـو هێـزی تانكی بە فەرماندەیی زڤی داهاب و دانی مات، سێ تانكی پڕ لە پەڕەشـووتوان و سەكۆیەكی تۆپی قورسـی ١٢٠ ملـی و ژمـارەیەک لـۆری هەڵگـری كەلـوپەل جێگیـر كـرد. پەڕەشـووتوانە كۆمانـدۆكان وەک گەشـتكار بـۆ گەشـتی بینینـی نۆكەندەكە نەک وەک هێزێكی شەڕڤان پەیوەندیان بە ڕەتلەكە كرد، داڤید هەر بۆ گـاڵتە بە بیـانووی خـۆ پاراسـتن لە گەرمـای هەتـاو شـەپقەیەكی لە ڕۆژنـامە دروسـت كردبـوو. ئەریـک ئەو هێـزەی نـاو نـابوو "دەوریـیە" كە لە قەبـارەی بەتالیۆن بوو.

كاتژمێر ١٢:٣٠ی پاشـنیوەڕۆ كـاروانەكە چـووە نـاو گەرووەكە، هەرزوو بەرەو تەنگـبەرە تەسـكەكەی نێـوان دوو لـوتكە چیـاكە پێشـڕەوی كـرد و لەوێ مسـرییەكان لە چاوەڕوانیدا بوون.

لەوێ سەدان سەربازی مسـری لەناو خەندەق، ئەشـكەوت و پشـت تاشـە بەردەكـان سـەنگەریان گرتبـوو. لە تەنیشـت ڕێـگەدا لەنـاو دارە دڕكاوییەكـان، ئۆتۆمبیلی تۆپهاوێژ و ڕەشـاش بـڕێن وەسـتابوون و لە سـەروویانەوە سـەربازە هاوەڵەكانیان شـوێنی خۆیـان گرتبـوو كە بە چەكـی بازوكـا، دژە تانـک و تـۆپی

مامناوەندی چەکداربوون، لە هێڵی سێیەم لە سەرەوە سەربازە چەکدارەکان بە چەکی ئۆتۆماتیکی خۆیان لە کەلێنە بەرد و سەنگەرەکانەوە مەڵاسدابوو.

لە کاتژمێر ١٢:٥٠ خولەک ئەو ئۆتۆمبیلە نیو تۆنانەی چووبوونە ناو گەرووەکە درانە بەر دەستڕێژییەکی سەخت، گوللە و هاوەن وەک باران دەڕژانە سەریان. یەکەم نیوتۆنی پێچی کردەوە و کەمێک چووە پێش و چەقی و شوفێر و فەرماندەکەی کوژران، سەربازەکانی دی کە هەندێکیان برینداربوون لە لۆریەکە بازیاندا و هەوڵی دۆزینەوەی پەناگەیەکیاندا.

نیو تۆنەکەی مۆتا گۆر تەنیا ١٥٠ یاردێک لە پشتیانەوە بوو و فەرمانی بە پیاوەکانی کرد بەرەو لای ئۆتۆمبیلە تێکشکاوەکە پێشڕەوی بکەن. سێ لەوان گەیشتنە کن ئۆتۆمبیلە وەستاوەکان کە ئەوانیش پێکرابوون، مۆتا بەسەریاندا سوڕایەوە و هەوڵیدا خۆی لە کەمینەکە ڕزگار بکات، بەڵام ئەویش پێکرا و خۆیی و پیاوەکانی خۆیان هاوێشتە ناو خەندەقێکی قەراغ ڕێگەکە.

هاکا کە لە ناوەڕاستی ڕەتڵەکەبوو، تێگەیشت کە پیاوەکانی تووشی کەمینێکی کوشندە بوونەتەوە، فەرمانی بە داڤیدی کرد بکشێتەوە و ئۆتۆمبیلەکان بوەستێنێ کە هێشتا نەچوونەتە ناو گەرووەکە. داڤیدی تۆپەکانی سوار کرد و تەقەی بە ئاراستەی گردەکە کرد، هاکی خۆی بە یاوەری دوو تانک چووە ناو هێڵەکانی دوژمن، ئۆتۆمبیلە تۆپهاوێژەکان بە تەک نیو تۆنەکان تێپەڕین و لەوبەری گەرووەکە بە دووری دوو کیلۆمەتر لە خوار ڕێگەکەوە دەرکەوتنەوە.

میڵتا کە پڕ لە ئۆتۆمبیلی سووتاوی کاروانێکی مسری هێرشێکی ڕۆژێکی پێشتر بوو، ئێستە بووەتە کوشتارگەی پەڕەشوتوانانی ئیسرائیلی، چوار فڕۆکەی میتیۆری مسری بەرەو ڕەتڵەکە بەرزبوونەوە و هەشت ئۆتۆمبیلیان تەقاندەوە کە پڕ لە سووتەمەنی و تەقەمەنی بوون، هەروەها ژمارەیەک تۆپی

قوڕسیشیان تێکشکاند.

مۆتـا برووسـکەیەکی بە پەلەی بـۆ هـاکی نـارد و داوای لێکـرد بگەڕێـتەوە گەرووەکە و سـەربازە گیرخواردووەکـان ڕزگـار بکـات. هەروەهـا داواشـی لە داڤیدی کرد دەبێت کۆماندۆی میخا کاپوستا لە پشـتەوەڕا هێـرش بـکەنە سـەر سەنگەری مسـرییەکان.

کۆماندۆی مێخا کە باشترین یەکەی پەڕەشووتوان بوون بەسەر گردۆڵکەکـان سەرکەوتن و بـۆ وێـران کردنـی سـەنگەری مسـرییەکان فەرمانـدەی پۆڵەکـانی بەرەو پێچی باکور جوڵاندەوە، بەڵام نا تێگەیشتنێکی کوشندە ڕوویدا. کۆماندۆ شەڕڤانەکانی کە سەنگەرەکانی دوژمنیان خاپور کـرد لە پێچەکـانی بـاکورەوە بە ڕوونی ڕێگاکەیان بینی تێبینی ئەوەیان نەکردبوو کە پێچەکە دەبێتە ڕووتەنێک و زۆرینەی مسـرییەکان لەوێ خۆیان مەڵاسداوە. هەروەهـا لە تێبینـی کردنـی سەنگەری دیـکەی مسـریش شکسـتیان هێنـا کە کەوتبـوونەتە پێچـی باشـوری ئەوبەری ڕێگاکە.

لەنکاو پیاوەکانی میخا لە پێچی باشورەوە کەوتنە بەر دەستڕیژی گـوللە و مووشەکانەوە، میخا پێیوابوو ئەوە پەڕەشووتوانە گیرخواردووەکـانن تەقەیـان لێدەکەن، بۆیە بە توڕەییەوە لە بێتەلەکەیەوە بە سـەر داڤیـدی هـاواری کـرد و پێویسـتە کارێـک بکـات سـەربازەکانی مۆتـا تەقە ڕابگـرن، لە کاتێکـدا مۆتـا نەیدەتوانێ سەنگەرەکانی دوژمن لە پێچی باشوردا ببینـێ کە تەقە لە کۆمانـدۆ دەکەن.

بە ڕاستی ئەمانە ساتێکی تراژیدی بـوون، داڤیـدی هـاواری لە میخـا دەکـرد "بـڕۆن، هێـرش بەرن" لەکاتێکـدا میخـا کەوتنـی پیاوەکـانی دەبینـی. لەگەڵ ئەوەشدا پەڕەشوتوانان لە ژێـر ئەو ئاگربـارانەدا هەر بەرەو پێشـەوە دەچـوون، هەنـدێکیان گەیشـتنە دامێنـی تاشـەبەردەکە بێـئەوەی تێبینـی ئەوە بـکەن کە

شوێنەکە ڕێک بە بەرچاوی ئەو مسـریانەن کە تەقەیان لێدەکەن.

بـۆیە ڕووبەڕووی تەقەیەکـی زۆر بـوونەوە، میخـا بە ناچـاری بڕیـاری کشانەوەی بۆ گردۆڵکەکانی ئەو نزیکانەدا، بەڵام هێزێکی دیکەی ئیسـرائیلی لە تۆقی گردەکە دەرکەوتن و بە هەڵە تەقەیان لە پیاوەکانی میخا کـرد، تـوڕەیی و ئازاری میخـا لە هـۆکی تـۆکیەوە دەنگـی دەدایەوە کە سـەربازەکانی لە گشـت لایەکەوە لە لایەن مســری و ئیســرائیلییەکانەوە کەوتـوونەتە بەر دەسـتڕێژی تەقەوە.

دواجار، داڤیدی لەو تێکەڵییە و ڕاپۆرتی دژ بەیەکی مۆتا و میخا تێگەیشـت و بڕیارێکی چارەنووسسازیدا: جێبێک بنێرە بۆ سەرنجڕاکێشـانی تەقەی دوژمـن لە گەرووەکەدا، تـا بەهــۆیەوە چاودێرەکـانی داڤیــدی شــوێنی ســەرچاوەی تەقەکانی مسـریی دیاری بکەن.

جێبەجێکردنی ئەم ئەرکە پێویستی بە خۆبەخشێک بوو ئامادە بێت قوربانی بە ژیانی خۆی بدات.

داڤیدی گوتی: کێ بۆ هێنانەوەی مۆتا گیانی خۆی دەبەخشێت؟

ژمارەیەک پیاو لە جێی خۆیان قیتبوونەوە.

داڤیدی، کێن درۆری شوفێری خۆی هەڵبـژارد، کـێن درۆری دەیزانـی بەرەو مردن دەچێت، جێبەکەی ئیش پێکـرد و بە خێرایـی بەرەو گەرووەکە ڕۆیشـت، هەرزوو بـووە ئامـانجی تەقەیەکـی چـڕ و قـوڕس، جێـبەکە تێکشـکا و کـێن درۆریش لە تەکیەوە کەوت، قوربانیدانەکەی بە خۆڕایی چـوو، چـونکە مۆتـا و میخا لە دەستنیشان کردنی سەرچاوەی تەقەکانی دوژمن سەرکەوتوو نەبوون.

ئەمجارە داڤیدی نیوتۆنییەک و چوار سـەرباز و لێیتونـانتێکی بـۆ گەرووەکە نارد، ئەوان گەیشتنە مۆتا و برینـدارەکانیان بـارکرد و بـێ زیـان گەڕانەوە، بەڵام

هێشتا سەرچاوەی تەقەکان نە دۆزرابۆوە.

دووبارە داڤیدی داوای لە میخا کرد دەستڕێژی لە سەنگەری مسرییەکان بکات و سەربازەکانی جارێکی دیکە بەرەو خوار پێچەکە ڕایان کرد، لە گردەکانی باشورەوە پۆلێکی دیکە کەوتە بەر تەقەی پچڕ پچڕ و میخا لەنکاو شیوێکی لە بەر پێی خۆیدا بینی و تێگەیشت کە سەنگەری مسرییەکان لە کوێیە.

لەو ساتەدا گوللەیەکی بەرکەوت و لە سنگی چووە دەرەوە، هەناسەی لەبەر بڕی و هەستی کرد ئیدی تەواو دەمرێت.

بانگی لە جێگرەکەی کرد و گوتی: "دۆڤیک، کاروبارەکان لە ئەستۆ بگرە."

گوللەیەک بەر سەری دۆڤیکیش کەوت، هەردوو پیاوە بریندارەکە بە خشین چوونە پەنا گردەکە و پەڕەشووتوانی دیکەیان لەبەردەمی خۆیاندا بینی، لەوەش ترسان بە هەڵە کۆماندۆکانیان تەقەیان لێ بکەن و بە دەنگێکی گڕ هاوریان کرد: داڤیدی، داڤیدی.

کاتژمێر ٥:٠٠ زرم و هۆڕی تۆپی تانکەکان لە دەربەندە تەنگەکە دەنگی دەدایەوە، دوو تانکی هاکای لە دەروازەی ڕۆژئاوای گەرووەکەوە گەڕانەوە، سەرەتا لوولەکانیان لە گردۆڵکەکانی باشور کرد و هێرشیان کردە سەر ژمارەیەک سەنگەری دوژمن. سەربازە مسرییەکان بە نارێکی دەستیان بە هەڵاتن کرد، بەڵام لە خوارەوە پەڕەشوتوانان ڕێگەیان لێگرتن، هاوکات دوو تیمی دیکەی پەڕەشوتوانان گەیشتنە سەر تۆقەرەی گردەکانی هەردوو بەری گەرووەکە، ئەوان لە دەروازەی ڕۆژئاوای گەرووەکەوە ڕاهاتبوون و هاوکات سەنگەری مسرییەکانیان پاک کردەوە و ڕێککەوتن کە هێڵی کۆتایی لەناوبردنی نیوەی مسرییەکان لە ناوەڕاستی دەربەندەکە دەبێت، ئەگەر شەڕڤانی دی لە ڕۆژهەڵاتەوە بێن و سەنگەرەکانی دیکەی دوژمن، ئەوانەی لە

باکور و باشوری گردەکە ماون، لەناو ببەن.

لە شەودا، پەنجا پەڕەشووتوان سەرکەوتنە سەر گردەکان، نیوەیـان لە لایەن ئۆڤێد لادیژانسکی فەرماندەی دێرینەوە فەرماندەیی دەکـران، بەرەو گردەکـانی باشــوور وەرگەڕان، نیــوەکەی دیــکەش لە لایەن لیڤــی هۆفیشــی بــاریکەلە و زارخۆشی ئەنـدامی کیبـووتزەوە سـەرکردایەتی کـران و هێرشـیان کـردە بەرەی بــاکور، ئامانجیــان گەیشــتن بە نیوتــۆنییە ســووتاوەکان و لە پشــتەوە بە جــێ نەهێشتنی هیچ سەربازێکی مسـری بوو.

یەکەکەی ئۆڤید بە بێدەنگی و بێ تەقە بەسەر گردەکە کەوتـن و گەیشـتنە سەنگەری ڕەشاشێک کە لەناو بەرد هەڵکەندرابوو و لە خوارەوەڕا بە نارنجۆکان هێرشـیان کـرد، بەڵام هەنـدێکیان لە بەردەکە هەڵـدەزەقینەوە و دەتەقیـنەوە. ئۆڤید بە ئاراستەی ڕەشاشەکە نارنجۆکێکی هەڵدا، بەڵام نارنجۆکەکە غلۆر بۆوە، ئۆڤید چرپاندییە گوێی ئەو سەربازەی تەنیشتی و پاڵی پێوەنا و خۆی بەسەریدا دادا و گوتی: "بۆمان گەڕایەوە"، نارنجۆکەکە بەرامبەر سنگی ئۆڤید دەقـیەوە و کوشــتی، بەڵام یەکێــک لە کۆمانــدۆکان لە هەڵــدانی نارنجۆکێــک بــۆ نــاو سەنگەرەکە سەرکەوتوو بـوو و تەقـیەوە و تەواوی تـاخمە مســرییەکەی نـاوی کوشت.

سەربازەکانی یەکەی ئۆڤید لە پێشڕەوی و وێرانکردنی سەنگەرەکانی دوژمن بەردەوامبوون، لە گردەکانی باشور لیڤی هۆبیش هەمان شتی کرد و درکی بەوە کـرد کە مســرییەکان هێزەکانیـان بە ســێ ڕیـزی یەک لەســەر یەکـدی جێگیـر کردووە. بۆیە سەربازەکانی دابەشی سێ کەرت کرد تـا هەر یەکێکیـان هێڵێکـی دوژمـن پـاک بکـاتەوە. شــەڕێکی بــێ هــودە بــوو، مســرییە گیرخواردووەکـان هیچیان نەبوو لە دەستی بدەن، پەڕەشوتوانان دوو کاتژمێریان پێچوو تا توانیان سێسەد یارد بچنە پێش. کەمێک پێش کاتژمێر هەشـتی پاشـنیوەڕۆ لیڤـی کـاری خۆی تەواو کرد و تەرمی نەوەد کوژراوی مسـری لە دوای خۆی جێهێشت.

هەنـووکە پەڕەشـوتوانان بەسـەر تەنـگەی میڵتـا بـاڵا دەسـتن، لە شـەودا فڕۆکەیەکی کارگۆ لە نزیک ئەو نـاوە نیشـتەوە و برینـدارەکانی(دۆڤیک، میخـا، دانی مـات و ١٢٠ پەڕەشـووتوانی دیـکەی) هەڵگـرت. هەروەهـا یەهـودا کـێن درۆر لەنێو برینداره سەختەکاندا بوو کە تەنیا داوێک بە ژیانی گرێدابوو، بەڵام دوای چەند مانگێک بەهۆی برینەکەیەوە مرد.

لە جەنگـی میڵتـادا سـی و هەشـت پەڕەشـووتوان و دوو سـەد سـەربازی مسـری کوژران. دواتر چوار ئیسـرائیلی دیکەش بەهۆی سەختی برینەکانیـانەوە مـردن. مۆشـی دایـان لە تورەییانـدا ددانـی چیـڕ دەکـردنەوە و شـارۆنی بە لەدەستدانی گیـانی ئەو ژمـارە زۆرەی سـەربازەکان لە جەنگێکـی نـا پێویسـتدا تۆمەتبار کرد. بێن گۆریون ڕەتیکردەوە دەست لە ناکۆکی نێوان دوو ئەفسـەری باڵای وەربدات کە بە تایبەتی هەردووکیانی خۆشیانی دەویست، بەڵام جەنگی میڵتـا شـارۆنی بـۆ نەفیکردنێکـی نـا فەرمـی نـارد و پێشـکەوتنی لە هێزەکـانی بەرگری ئیسـرائیل بۆ چەندین ساڵ دوا کەوت.

بە کردەنی جەنگی میڵتا بێ پاساوبوو، بەڵام شەڕێکی ئازایـانە بـوو، چـونکە پەڕەشووتوانەکانی شارۆن دەستبەرداری هەڤاڵەکانی مەیدانی جەنگ نەبوون و پرەنسیپی خۆیان نیشاندا، تەنانەت ئەگەر بەهاکەی ژیانی مرۆڤەکانیش بێت و تیمی هێزی بەرگری ئیسـرائیل نەچەمین و نە وەستان و پاشەکشەیان نەکـرد تـا ئەرکەکەی بە جێنەگەیاند.

شـاڵاوی سـینا حەوت ڕۆژان درێـژەی کێشـا و بە سـەرکەوتنی ئیسـرائیل کۆتاییهـات. ئیسـرائیل گـورزێکی کوشـندەی لە سـوپای مسـریدا و تەواوی نیمچەدورگەی سینای داگیر کرد. لە لایەکـی دیـیەوە هێرشـی ئەنگلـۆ فەڕەنسـا شکستێکی خراپی بینی. سەرکەوتنی ئیسـرائیل بووە سەرەتای ئاشتییەکی یـازدە ساڵە لە سنووری باشوور کە بە شەڕی شەش ڕۆژە بە کۆتاییهات.

ڕافائیل(ڕافوڵ) ئایتان، فەرماندەی یەکەی ٨٩٠ی پەڕەشوتوانان، دواتر بووە بەتالیۆن و پاشانیش سەرۆک ئەرکان

(لە پەرەگرافێکی پەڕتووکەکەیدا بە ناونیشانی، چیرۆکی سەربازێک: ژیان و بەرخودانی پاڵەوانەکانی شەڕی ئیسرائیل، لەگەڵ دۆڤ گۆڵدستین ، ماریڤ، ١٩٨٥ نووسراوە)

"لە نزیک دەرگەی فڕۆکەکە وەستابووم، هەمیشە لە شوێنی خۆهەڵدانە خوارەوە جۆرە شڵەژانێک دەتگرێت، تەنانەت ئەگەر پێشتر چەندجاری دی ئەوەشت کردبێت. لە سەرەتای هەر شاڵاوێکی سەربازی گشتگیر لە دووریيەکی ئاوا لە ئیسرائیل بارودۆخ خراپ دەشڵەژێ، چونکە تۆ خۆت هەڵدەدەیتە ناوچەیەکی نە ناسراوی دوژمن. کابینەی فڕۆکەی دادێ ڕاستەوخۆ چەند پێیەک ئەولاتر لە من تێپەڕی، دەستم بۆ یاریدەری فڕۆکەوانەکە هەڵشەقاند، ئەو بە هەردوو دەستی سەری خۆی گرت و وەک ئەوەی بیەوێ بڵێ، دەتەوێ چ بکەی...؟

گلۆپی سوور، گلۆپی سەوز، من لە ئاسمانم و بەسەر چارڕیانی میڵتادا دەسوڕێمەوە، کاتژمێر پێنجی پاشنیوەڕۆیە، زەردەپەڕە و خۆر لەسەر ئاوابوونە، گوێت لە چەند تەقەیەک دەبێت، پێیەکانم بەر زەوی کەوتن، خۆم لە پەڕەشووتەکەم ڕزگار کرد و بە خێرایی ڕێکمخستەوە، تفەنگەکانمان لە جانتاکانەوە دەرهێنا و شوێنی دەست پێکردنمان لە ناوچەکە گرت. هاوەڵانت بڵاوەیان کردووە و خۆشی هەر تاریکە. بەربەست لە شوێنەکە دادەنێین و مینەکان دادەنێینەوە، لێرە و لەوێ خەندەق لێدەدەین و خەندەقی سەردەمی تورکەکان لەوێ هەیە، ئەمە کارەکەمان ئاسانتر دەکات. دوو لە هێزەکانمان لە ڕۆژهەڵاتی پارکی یادەوەرییەکان و باکوری ڕێگەی بیر حەسەن سەنگەر

دەگرن. ئێمە بۆ وەرگرتن و پێشوازی کردن  لەوانەی دەخوازین بنێردرێنە خوارەوە.

لە شەودا دەخەوم... مرۆ دەبێت خاوەنی هێزەکەی بکات پێش ئەوەی گووشاری جەنگ تاقی بکاتەوە. مرۆ پێویستە سترێسەکان و سۆزەکان بۆ گۆشەیەکی لاتەریک بەلاوە بنێت. خەندەقێکم بۆ خۆم هەڵکەنان و پڕم کرد لەو پارچە کارتۆنانەی لە یەک دوو پەڕەشووت کەوتبوونە خوارەوە، خۆم لەناوی گرمۆڵە کرد. شەوتان شاد لە نزیک میڵتاوە."

## بەشی سێیەم
## شەڕی شەش ڕۆژە

شاڵاوی نۆکەندی سوێس لەگەڵ خۆیدا یازدە ساڵ ئاشتی بۆ ئیسرائیل هێنا، لە ١٩٦٣ بێن گۆریون دەستی لە کارکێشایەوە و لە لایەن لیڤی ئەشکۆڵ جێگەکەی گیرایەوە. ئیسحاق ڕابین سەرۆک ئەرکان بوو. بێن گۆریۆن، دایان و پێرس سەرکردەی پارتێکی بچووک(ڕافی) بوون کە دوای پێکدادانێکی توندوتیژ لە نێوان بن گۆریۆن و ئەشکۆڵ دامەزرا. لە ١٥ی ئایاری ١٩٦٧دا عەبدولناسری سەرۆکی مسر لەنکاو پەنجەی بە پەلاپیتکەی جوڵاندنی سەربازی وەنا و هەڕەشەی سڕینەوەی لە ئیسرائیل کرد و ڕایگەیاند: کۆتایی ئیسرائیل نزیک بۆتەوە. هەوڵەکانی ئیسرائیل بۆ بەدەستهێنانی پشتەوانی لە زلهێزان بە شکست کۆتاییهات.

سەرۆک دیگۆڵ گەورە هاوپەیمانی ئیسرائیل بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو ئابلوقەی بەسەر ناردنی چەک بۆ ئیسرائیل سەپاند. بە گووشاری جەماوەر، ئەشکۆڵ بە ناچاری لە حکوومەتی یەکێتی نیشتیمانیدا مۆشی دایانی بە وەزیری بەرگری دامەزراند، هاوکات موناحیم بێگنی سەرکردەی ئۆپۆزیسیۆن وەزیری بێ وەزارەت بوو، ئیسرائیل هەستی کرد، جگە لە هێرش کردنە سەر مسر نەبێت بەرلەوەی پەلامار بدرێت و هێرشی بکرێتە سەر هیچ ڕێکارێکی دیکەی لە پێشدا نییە.

# پاژی شەشەم

# "ژیان یان مردن" ئۆپەراسیۆنی چەق ١٩٦٧

**٥ی حوزەیرانی ١٩٦٧**

**کاتژمێر٠:٣٠٤ی سەر لە بەیانی، هەموو فڕۆکەوانێکی هێزی ئاسمانی ئیسرائیل وەئاگا هێنرابوون و لە بنکەکانی ئاسمانی ڕامات داڤید، هاتزۆر، تێل نوف و هاتزەریم، تەنانەت فڕۆکەخانەکانی تایبەت بە سڤیلان بە پڕکراو لە بەنزین و چەک بۆ هەستان ساز و لەسەر پێبوون. قەدەغە کرابوو فڕۆکەوانەکان کار بە سیستمی پەیوەندییەکانیانەوە بکەن، بۆیە متەقیان لە خۆیان بڕیبوو، تاوەرەکانی کۆنترۆڵیش مات و بێدەنگ بوون. تەنانەت وەرگرتنی ئاماژەی فڕین لە هەر کەس و هەر شوێنێک قەدەغەبوو. ئەو تاخمەی لەسەر زەوی ئاراستەی فڕۆکەکانیان دەکرد لە ڕێگەی فانۆسی ڕەنگاوڕەنگەوە ئەو کارەیان دەکرد. کاتژمێر حەوت و چواردە خولەک، کۆنە فڕۆکەی ئۆراگانی فەڕەنسی لە شەقەی باڵیدا، دوو خولەک دواتر ئۆراگانێکی دی فڕی. دوای ئەوەی بەو بەرەبەیانە بە ئاسمانەوە فڕین، بە پێی ئەو خشتە کاتییەی بۆ دوا خولەکیش دانرابوو، هەریەک لە ڤۆتور، میستڕێ و سوپەر مستڕێ و میراژ فڕین. فڕۆکەکان لە یەککاتدا لە چەندین بنکەی ئاسمانییەوە بە فریکوێنسی هەر فڕۆکەیەک یەک خولەک؛ لە بنکەی ئاسمانی هاتزۆر لە ماوەی نێوان حەوت و چواردە خولەک - هەشت و چارەگێک حەفتا و حەوت فڕۆکە فڕین، بە تێکڕایی هەر یەکێک بە چل و هەشت چرکە فڕیوە، زۆر بە خێرایی ١٨٣ فڕۆکە لە ئاسمان بوون، لە ڕاستیدا تەواوی هێزەکانی ئاسمانی ئیسرائیل لە ئاسمان بوون. چوار قۆڵیەکیان پێکهێنا و هەر یەکەیان بە ڕێگەی فڕینی خۆی بۆی دەرچوو. هەروەها بۆ پاراستنی ئاسمانی ئیسرائیل دوازدە میراژ هێڵدرانەوە.**

فڕینی ئەو فڕۆکانە سەرەتای دەست پێکردنی شەڕی شەش ڕۆژە بوو.

سێ هەفتە پێشتر شەڕ یاخەی ئیسرائیلی گرتبوو، لە ١٥ی مایس، ڕۆژی سەربەخۆیی ئیسرائیل، لەنکاو تیپێکی سوپای مسر هەڵی کوتایە سەر نیمچەدورگەی سینا و بە درێژایی سنووری ئیسرائیل بنکە و بارەگای خۆی داکوتی. جەمال عەبدولناسر، سەرۆکی مسر چاودێرانی نەتەوە یەکگرتووەکانی لە سینا دەرکرد و گەرووی تیرانی داخست، هەروەها ڕێککەوتنی سەربازی لەگەڵ سوریا و ئوردن واژوو کرد، تەنانەت عێراقیش ڕایگەیاند پەیوەندی بەو ڕێککەوتنە دەکات. لە کاردانەوەی ئەم ڕێککەوتنەدا شەقامی عەرەبی بە ڕێپێوانی گەورە و بەرزکردنەوەی ئاڵا و پۆستەر ڕژانە مەیدانەکان و شادی خۆیان بە دروشم و هوتافکێشان لە دژی ئیسرائیل دەربڕی. وێنەی ناسر لە بنکەی ئاسمانی بیر گیفگافە بە پێکەنین و متمانە بەخۆ لە میدیاکان دەرکەوت کە چوار دەوری بە فڕۆکەوانە شەڕکەرەکانی مسر و بازێکی گەنج بەسەر یونوفۆرمە سەربازییەکانیانەوە دەبریسکایەوە. بە ئاوڕدانەوەی بۆ کامیرای تەلەفزیۆنەکان، ناسر لێدوانە مێژووییەکەیدا؛ "ئەگەر ئیسرائیل شەڕ دەخوازێ، ئەهلەن وە سەهلەن!"

لە سەرانسەری جیهانی عەرەبیدا ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەکان باسیان لە نەمان و سڕینەوەی ئیسرائیل کرد. بەریتانیا و ویلایەتە یەکگرتووەکان نەیانتوانی ڕێگەچارەی چارەسەرکردنی تەنگژەکە و دووبارە کردنەوەی گەرووی تیران لەبەرامبەر هاتوچۆی کەشتییەکانی ئیسرائیلدا بدۆزنەوە. چارڵس دیگۆڵ سەرۆکی فەڕەنسا دەستبەرداری هاوپەیمانەکەی بوو و گەمارۆی چەکی بەسەر هێزەکانی بەرگری ئیسرائیل سەپاند.

گەلی ئیسرائیل بۆنی بە مەترسی ئەو نەمان و سڕینەوە کرد کە بە بان سەریدا دەخولایەوە. لیڤی ئەشکۆڵی سەرۆک وەزیران و حکوومەتەکەی دوو دڵ و ئیفلیج دیاربوون، هەوڵی بە دەستهێنانی کاتی دەدا، گوشاری ڕای گشتی

سەرکردەکانی ناچاری پێکهێنانی حکوومەتێکی نیشتیمانی کرد، لە سەرینی ئەم گوشارەوە مۆشی دایان، پاڵەوانی بە نێوبانگی شاڵاوی سینا بە وەزیری بەرگری دامەزرا.

لە ٤ی ئایار حکوومەت بڕیاری شەڕکردنیدا، هەنگاوی یەکەم لەسەر چەقی ئۆپەراسیۆنی هێزی ئاسمانی دەبێت، چونکە بردنەوەی شەڕ پشت بە سەرکەوتنەکانی ئەو ئۆپەراسیۆنە دەبەستێت. چەقی ئۆپەراسیۆن بە شێوەیەک دارێژرابوو کە تەواوی هێزی ئاسمانی مسری یان ئەگەر پێویستبوو گشت هێزە ئاسمانییەکانی دوژمن لە سەر زەوی تەفروتونا بکرێت. ڕافی سیڤرۆن کاپتنی لاو پلانێکی ڕەسەنی (ئۆریجناڵ)ی ئامادە کردبوو کە بە هێرشی کتوپڕ بۆ سەر فڕۆکەخانەکانی دوژمن و بۆردومانی فڕگەی فڕۆکەکان بە مەبەستی ڕێگە گرتن لە هەستان و نیشتنەوەیان و لەناوبردنی فڕۆکەکان لەسەر زەوییەوە پشت قایمبوو. لەساڵی ١٩٦٥ سیڤرۆن کە لە لایەن ڕائید یوسی ساریج، فەرماندەی پێشووی پۆلی ١١٠ی فڕۆکەی ڤایتور کە بە سەرۆکی بەشی هێرش لە بەشی ئۆپەراسیۆنەکان دامەزرا، ڕۆڵە نوێیەکە وەک دەستکێش لەگەڵ سیرگ گونجاوبوو. پێشتر بە شەو و ڕۆژ ژمارەیەک ئەرکی لە چەشنی وێنە گرتن و چاودێری بە سەر زۆربەی فڕۆکەخانە عەرەبییەکان لە مسر، ئوردن، سوریا و لوبنان ئەنجامدابوو. وەک پشتی دەستی خۆی فڕۆکەخانەکانی دەناسین. لەبەر ڕۆشنایی ئەو گۆڕانکارییە ڕیشەییانەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لەناو هێزەکانی ئاسمانی ناوچەکە ڕوویاندابوو. ساریج تەواو بەناو وردەکاری و گۆڕینی بەردەوامی پلانی ئۆپەراسیۆنەکە ڕۆچبوو، فاکتۆری سەرسوڕهێنەر دەبێتە مەرجی سەرەکی سەرکەوتنی پلانەکە. هاوکات پێویستە فڕۆکە هێرشبەرەکان بە کتوپڕی و بە وردی گشت فڕۆکەخانەکانی مسری بکوتن، دوا بە دوای ئەوە پێویستە بە بێدەنگ کردنی ڕادیۆ لە نزمترین ئاستی ڕێ تێچوو و لە خوار زۆنی بە ڕادار چاودێریکراودا بنیشنەوە و بفڕن لەگەڵ

گەیشتن بە ئامانجەکانیان لە هەمان کاتدا. زۆربەی هەستانەکان دەبێت لەسەر دەریای ناوەڕاستەوە بن بۆئەوەی لە باکورەوە بە مسر بگەن. ئەوانی دی کە بۆ دوورترین فڕۆکەخانەکان ئاراستەکراون، دەکارن بەسەر بیابانی نەگەفی(نەقەب) ئیسرائیل و دەریای سوورەوە هەستن و گرنگی بە گرتنەبەری ڕێگەی فڕینی پوخت و خشتەی کات و مەشقی بێ پایانی فڕین و نیشتنەوە بدەن لە بەرزی سەد پێ لەڕووی دەریاوە.

هەرچەندە، هێزی ئاسمانی تەنیا دوو سەد فڕۆکەی هێرشبەری هەبوو، بەڵام لە جێبەجێکردنی پلانەکەیدا پێویستی بە ٥٣٠ فرۆکە هەبوو. ڕێگەچارەکە زادەی لێدوانێکی بێن گۆریون بوو لە میانەی سەردانێکیدا بۆ بنکەی ئاسمانی ڕامات داڤید، کاتێک لە فەرماندەی بنکەکەی پرسیاری کرد، ئامادەکردنی فڕۆکەیەک چەند دەخایەنێت کە تازە لە ئەرکێکی دی گەڕابێتەوە؟

ماوەی بەنزین تێکردن لەتانکیەکانەوە، هێنانی بارهەڵگرەکانی تەقەمەنی و شتی زیاتر لە نێوان کاتژمێرێک تا کاتژمێر و نیوێکی پێویستە. لێدوانەکەی بێن گۆریۆن بانگەوازێک بوو بۆ بە ئاگاهێنانەوەی ستافی هێزی ئاسمانی کە بڕیاری کورتکردنەوەی کاتی ئامادەکاری هەر فڕۆکەیەکیان پێش فڕینی داهاتوویدابوو. بۆڕی بەنزین و خەرتومەکان لە ژێرزەمین لە شوێنی پارک کردنی فڕۆکەکان جێگیرکران بۆئەوەی کە گەیشتن دەستبەجێ پڕ لە بەنزین بکرێن. لە هەر مۆڵێکی شوێنی پارک کردنەکەدا بارە تەقەمەنی و بۆمب بەشی یەک دوو ئەرک ئامادەکراوبوون، لەو ساتەی بارەکە لە فڕۆکەکە جێگیر دەکرا، بۆ فڕینی داهاتوو بارێکی دی بۆ شوێنەکە دەنێردرا. تاخمی زەوی مەشقی گشت جۆرە ئامادەکارییەک و ڕۆنینی کاتی تۆمارکراویان کردبوو. فەرماندەکانیان بە کاتژمێرێکی قورمیشکراوەوە لە تەک فڕۆکەکانیان وەستابوون و ڕێگەکانی بڕینی خولەک و چرکەی زیاتریان دەنرخاند. هەروەها جۆرە پێشبڕکێیەکیش لە نێو تاخمی پۆڵە ئاسمانییەکان و بنکە جوداکانەوە دەستی پێکردبوو.

ماوەی ئامادەکردنی هەر فڕۆکەیەکی شەڕکەر لە نێوان پێنج تا حەوت خولەک کورت ببۆوە؛ لە ئەنجامدا توانای هێزی ئاسمانی چەند بەرامبەر زیادی کرد، هەروەها ژمارەی فڕۆکەکان بۆ دوو بە قەد ژمارەی ئەو ئەرکانە زیادی کرد کە دەبوو جێبەجێ بکرێن. فڕۆکەی هێزە عەرەبیەکان لە ماوەی نێوان فڕینەکاندا ماوەیەکی درێژتریان دەویست، ئەمەش دەرفەتی بۆ هێزی ئاسمانی ئیسرائیل ڕەخساند بە ژمارەیەکی کەمتری فڕۆکەوە چەندان هێرش بکەن.

نەخشەی بۆمباباران کردنی فڕۆکەخانەکان داڕێژرابوو، فڕگەی هەندێک فڕۆکەخانە کۆنکریتڕێژ کرابوو، هەندێکی دیکەیان قیرتاو کراوبوون، واتە تێکدانی هەر جۆرە فڕگەیەک چەکێکی جیاوازی گەرەکبوو. هێزی ئاسمانی بۆمبی کێش ١١٠، ١٥٤، ٥٥١ و ١١٠٢ ڕەتڵی هەبوو، هەروەها پێویستی بە جۆرە تەقینەوەیەکی هاوسەنگ و فڕۆکەی هێرشبەری هەبوو. هەندێک لە فڕۆکەخانەکان یەک فڕگەیان هەبوو، بەڵام فڕۆکەی مێگی مسری دەکارا لە فڕگەی تەریبیش بفڕێت، بۆیە گرنگبوو هێڵەکانیش تێک بدرێن. لە فڕۆکەخانەکانی دی فڕگەی چارڕیانی هەبوو، ژمارەیەکیان جۆرە فڕگەیەکی ١،٨٥ میلیان هەبوو، تەنانەت فڕۆکەی مێگ سێیەکی ئەو دورییەی پێویستبوو، لە وەها باردا، پێویستبوو فڕگەکان دابەشی سێ بەش بکرێن و هەر بەشێک بە تەنیا بە وردی بکوترێت.

تاقیگەی تۆژینەوەی پیشەسازی سەربازی ئیسرائیل لە لایەن ئەندازیار ئەڤراهام ماکۆڤ بەڕێوە دەبرا و سەرپەرشتی پەرەپێدانی بۆمبی بڕەڕی فڕگەکانی دەکرد کە دەتوانرا لە بەرزایی ٣٣٠ پێوە هەڵبدرێتە خوارەوە، یەکسەر پەڕەشووتێکی بچووک دەکرایەوە و لە گۆشەی شەستەوە بۆمبەکەی بەرەو زەوی ئاراستە دەکرد. هاوکات لە کلکییەوە مووشەکێک بە تەکانێکی زۆرەوە بەرەو فڕگەکە دەردەپەڕی. بۆمبە ١٥٤ پاوەندەکە کۆنکریتەکەی دەبڕی و شەش چرکە دواتر دەتەقیەوە، بە قوڵایی پێنج پێ و تیرەی شەست پێ

شوێنەواری جێدەهێشت. هەروەها پیشەسازی سەربازی ئیسرائیل بۆمبێکی دیکەی دژە فڕگەی دروست کرد کە زۆر بەهێزتر بوو. لە دەستپێکی شەڕدا توانی ٦٦ بۆمبی گەورە و ١٨٧ بۆمبی گچەکەی بداتە هێزی ئاسمانی.

پرسیار ئەوەبوو چۆن فڕگەکە بۆمباران بکرێت، ئایا هەر فڕۆکەیەک دوو بۆمب هەڵگرێت و لەیەککاتدا هەڵیبداتە خوارەوە یان دەبێ یەکێکی دی هەڵگرێت؟ باشە ئەگەر بایەکی بەهێز هەڵی کرد، چارە چییە؟ دەبێت چانسی بایەکی بەهێزی بەیانیان چی بێت؟ بۆمبەکان چ کاولکارییەک بەسەر فڕگەکە دەهێنن؟

لەپێناو بەدیهێنانی ئەو تاقی کردنەوەیە، بڕیاردرا هێزی ئاسمانی ئیسرائیل بۆمبارانی بنکەی ئاسمانی هاتزۆنی ئیسرائیل بکات کە بە مەبەستی چاک کردنەوە، بنکەکە لە کار کەوتبوو. بنکەکە لە خێزانی تاخمی فڕۆکەخانەکە چۆڵ کرا و بە شەو هێزە ئاسمانی ئیسرائیل هەڵیانکوتایە سەر هاتزۆر و فڕگەکەیان بۆمباران کرد، دوای ئەوەی ئەنجامەکە هەڵسەنگێندرا، هێزی ئاسمانی حسابی ئەوەشیان کرد کە مسرییەکان چەندیان پێدەچێت تا چاڵەکانی سەر فڕگەکە چاک بکەنەوە و ئەو فڕۆکەخانەیە ببوژێننەوە کە بۆمباران کراوە. مەزەندەی کاتەکە بە چل خولەک کرابوو لەوکاتەی فەرماندەی بنکەی مسری سواری جێبەکەی دەبێت بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی ئەو وێرانکارییە و پڕکردنەوەی کەلێن و قۆرتەکان، بەڵام هێزی ئاسمانی حەزیان لێبوو چاک کردنەوەکە دوو کاتژمێر بخایەنێت بۆئەوەی دووبارە فڕۆکەکان بۆمبارانی بکەنەوە.

ڕێگەچارە: دەکرێ بۆمبی قورمیشکراو بێئەوەی بتەقێتەوە لە قووڵایی دابنرێتەوە. هیچ گومانی تێدا نییە فەرماندەکەی مسر یەکسەر فەرمانی داپۆشین و پڕکردنەوەی قۆرتەکان دەدات و دوای کاتی قورمیشکراو بۆمبە داپۆشراوەکان دەتەقنەوە و وێرانی دەکەن و جارێکی دیکە فڕگەکە ئیفلیج دەبێتەوە. ئیدی ڕێککەوتن کە هەر فڕۆکەیەک دەبێت یەک یان دوو بۆمبی

قورمیشکراو هەڵگرن.

دیسان ئەو پرسیارە هاتە پێشەوە، چـۆن بەرگـری لە ئیســرائیل بکرێـت لە کاتێکدا هەمـوو فڕۆکەکـانی لە مســرن؟ مۆردەخـای هود(مـۆتی)، فەرمانـدەی هێزی ئاسمانی ڕیسکێکی گەورەی کرد کە تەنیا دە تـا دوازدە فـڕۆکەی میـراژی بۆ چاودێری ئیسـرائیل جێهێشت. هەروەها هێزی ئاسمانی بڕیاریـدا ژمـارەیەک لە میراژەکان هێرش بکەنە سەر ئەو بنکە ئاسمانییانەی دوژمن کە لە ئیسـرائیل نزیکن بۆئەوەی دەسـتبەجێ بگەڕێـنەوە و لەکـاتی پێویسـتدا بەرگـری لە وڵات بکەن.

دوا پرسیار ئەوەبوو: کەی هێرش بکرێت؟ هەندێک لە فەرمانـدەکان کـاتی بەر لە خۆرهەڵاتیان(گزنگیان) بەلاوە پەسندبوو، چونکە دەیانزانی مسـرییەکان بە شـــەو نــافڕن، بەڵام ڕاپــۆرتە هەواڵگرییەکــان ڕایانگەیانــد کە فۆکەســی ئامادەســازییەکانی هێـزی ئاســمانی مســر لەســەر یەکەم تیشــکی گەزەنــگە. فڕۆکەوانەکــان زوو لە خەوڕابــوون و بە ئەرکــی پەیــدۆزییەوە چووبــوونەتە دەرەوە، دەوروبەری کــاتژمێر ٧:٣٠ بەیــانی (٦:٣٠ بە کــاتی ئیســـــرائیل) لە بنکەکانیان نیشتنەوە. دواتر چوون قاوەیەک بخۆنەوە و نانی بەیانی بخـۆن. لە هەمانکاتدا فەرماندە و ئەفسەرانی ستافی گشتی بنکەکان بە ڕێگەی چوون بـۆ نووسینگەکانیان بوون، هۆد ڕوونی کردەوە و گوتی: "کاتێک من کـاتژمێر ٧:٤٥ خولەک لە مـاڵەوە لە تزاهـالاوە بەرەو بارەگـا چـووم لە مۆتـۆڕێلاکەمەوە پـێم دەڵێن، کێشەیەک هەیە، ناتوانم هیچ بکەم"

بڕیاردرا: هێرشەکە کاتژمێر ٧:٤٥ خولەکی بەیانی بێت.

بێ پایان مەشق لەسەر پلانەکە کرابوو، هەموو شتێک ساز و ئامادە کرابـوو، بەڵام هیچ شەڕێک لە ئاسۆ دەرنەکەوت تـا ١٥ی ئایـاری ١٩٦٧ هەمـوو شـتێک گۆڕا.

ساریگ بە مەبەستی وەرگرتنی فـڕۆکەی سـکایهۆک بـۆ پـۆلێکی نـوێ بەرەو ویلایەتە یەکگرتووەکان ڕۆیشـت، بەڵام دە ڕۆژ دواتـر داواکـارییەکی بە پەلەی پێگەیشـت و داوای لێکـرا دەسـتبەجێ بگەڕێـتەوە ئیسـرائیل. ڕاسـتەوخۆ لە فڕۆکەخانەی لۆردەوە یەکسەر بۆ ئەو شوێنەی پێـی دەگـوترا "پیـت" ناوەنـدی فەرمانـدەی ئۆپەراسـیۆنی نهێنـی لە بارەگـای هێزەکـانی بەرگـری ئیسـرائیل لە تەلئەڤیـــڤ کە پۆســـتەکەی پێشـــووی بە دەســـتهێنایەوە و دەســـتی بە نوێکردنەوەکان کرد. ڕاپـۆرتە هەواڵگرییەکـان ڕایانگەیانـد، هێزەکـانی ئاسـمانی ئیسـرائیل ئاستی هوشیارییەکانی گۆڕیوە و قـازیفەی تۆپۆلیـڤ تـی یـو ١٦ بـۆ شـوێنی دوورتـری فڕۆکەخـانە گـوێزراونەتەوە وەک لوخۆر(ئەقسـەر) و ڕەئـس باناس.

هۆد، ساریگ و ئایزەر وایزمان، جێگری سەرۆک ئەرکانی هێـزی بەرگـری ئیسـرائیل و فەرماندەی پێشووی هێـزی ئاسـمانی ئیسـرائیل لە کـۆڕی ئەرکـانی گشـتی دەرکەوتـن و سـاریگ چەقـی ئۆپەراسـیۆنی پێشـکەش کـرد. ژەنەڕاڵ هەرزەل شافیر پرسی: "ئەدی چ لە سوریا و ئوردن دەکەی؟"

ساریگ وەڵامی دایەوە: سێ کاتژمێر دواتر، ئـێمە جەخـت لەسـەر سـوریا و ئوردنیش دەکەینەوە.

ژەنەڕاڵ ئیسـحاق هـۆفی خـۆی تێهەڵقوڕتانـد و گـوتی: تـۆ سـەیری ئەو کوڕگەلانەی هێزی ئاسمانی بکە، ئـایزەر وایزمـان و مـۆتی هـود وەک هەمیشـە خۆیان هەڵدەکێشن، بەڵام هەنووکە ڕائیدیش بەهەمان شێواز قسە دەکات.

شەوی ٤ی حوزەیران دوا دانیشـتن لەگەڵ فەرمانـدەی بنکەکـان ئەنجامـدرا، فەرمـان بـۆ فڕۆکەوانەکـان دەرچـوو ئاگایـان لە کپکردنـی ڕادیۆکانیـان بێـت "تەنانەت ئەگەر کێشەیەکیشیان لەگەڵ مەکینەکانیاندا هەبێت، ئەگەر بخـوازی بگەڕێــتەوە یــان واز لە ئەرکەکەشــت بێنــی، سیســتەمی پەیوەنــدیەکەت

هەڵــمەکە." فڕۆکەوانەکــان ڕێــگەی بەکارهێنــانی کــاتژمێر و قیبلەنــامە و نەخشەیان هەبوو، ئەگەر لە ئاراستەکردن بەرەو ئامانجەکانیـان لە مســر هـیچ هۆیەکی دیکەی یارمەتیان بەر دەست نەبـوو. هەروەهـا بـۆ بۆمببـاران کردنـی فڕگەکان و ئەنجامدانی سێ هێرشی دیکە بـۆ سـەر فڕۆکەخـانە و ئامانجەکـانی دی پێنج تا حەوت خولەکیان بۆ تەرخان کرابوو.

فڕۆکەوانەکان زوو بۆ خەوتن نێردران بۆئەوەی بۆ بەیانی چوست و گـوورج بن، بەڵام زۆریان نەیانتوانی بـخەون بە حـوکمی ئەو ئۆپەراسـیۆنە قەبەیەی کە ئامانجی وێران کردنی تەواوی هێزەکانی ئاسمانی مســری بـوو، چـونکە ئاکـامی شەڕەکە و تەنانەت بوونی ئیسـرائیل لەسەر ئەو ئۆپەراسیۆنە وەستابوو.

یـائیر نیومـان کە یەکێـک بـوو لە فڕۆکەوانەکـان لە تیانووســی پۆڵەکەیـدا نووسیبووی، "٥ی حوزەیرانی ١٩٦٧، ڕۆژێک پـێش کەوتـنە مەزنەکەی مســر و پاشکۆکانی، دەستم دەلەرزێ!"

جێــی باســە (نیومــان لە یەکەم ڕۆژی شــەڕدا کــوژرا)، فڕۆکەوانێکــی دی نووسیبووی، "ئێمە هەستمان دەکـرد چارەنووســی تەواوی گەلـی ئیســرائیل لە ئەســتۆی ئـێمەدایە." یەکێکــی دیــکەش یاداشــتی کردبــوو، "بە دوو دڵییەکــی زۆرەوە چاوی گشت جووەکانی جیهان لەسەر ئێمەیە." هاوڕێکەشی ئەوەی بۆ زیاد کرد، "خوا لەگەڵ جوواندایە- گڕ و تانکی سووتاو لە سینا دەبێت."

کاتژمێر حەوت و چواردە خولەک یەکەم فڕۆکە بەرەو ئاسمان فڕی و دواتـر ١٨٢فڕۆکەی دیکە بە دوایدا فڕین. تەواو بە کپکردنی ڕادیۆکانەوە پابەنـدبوون، هەروەهـا بـۆئەوەی مســرییەکان هـیچ گومانێکیـان لە کـن دروسـت نەبێـت ژمارەیەک فڕۆکەی مەشق لە جـۆری فۆیگـا فـڕین و فڕۆکەوانەکانیـان بە ڕادیـۆ ئەو جۆرە قسانەیان دەکرد کە لە ڕاهێنانی ڕۆتینیدا فڕۆکەکـانی میسـتر و میـراژ لەسەر ئیسـرائیل دەیان کـرد. تەنـانەت ئەگەر مســرییەکانیش گوێبیسـتی بـان

لەوە بێ خەم دەبوون کە تەنیا ڕۆژێکی ئاسایی هێزی ئاسمانی ئیسرائیلە.

کاتێک فڕۆکەکان لە ئاسمانی مسر نزیک کەوتنەوە، سیستەمی ئەلەکترۆنی جەنگی هێزی ئاسمانی ئیسرائیل بۆ کپ کردن یان پچڕاندنی تۆڕی گواستنەوە و ڕاداری مسری چالاک کرا، لە ژووری ئۆپەراسیۆن لە سەر ئاو و ئاگر چاوەڕوان بوون.

کاتژمێر ٧:٤٥ خولەکی بەیانی فڕۆکەکان لە سەر ئامانجەکانیان بوون سەدو هەشتا و سێ فڕۆکە بەرەو فڕۆکەخانەکانی مسر بە ئاسمانەوە بوون، ئامادەکاری ورد، پلان، حساباتەکان و ڕاهێنان بەرهەمداربوو. لەنکاو پابەندبوون بە کپکردنی ڕادیۆکان شکێندرا و تۆڕی پەیوەندی هێزی ئاسمانی ئیسرائیل لە ئاسمانی سەر مسر پڕ لە هەواڵی شادی خۆشیبوو. مسرییەکان تەواو حەپەسابوون و ئەنجامەکە زۆر لەوە باشتربوو کە پێشبینی دەکرا. یەک لە دوای یەک یازدە فڕۆکەخانەی مسری تەقێندرانەوە و دوکەڵ و ئاگر لەسەریان هەڵدەستا. سەد و حەفتا و سێ فڕۆکە هێرشیان کردە سەر فڕۆکەخانەکانی ئەلعەریش، ئەلسیر، بیر جیفجافا، بیر تەماندا، کیبریت، فاید، ئەبو سوەیر، ئینشاس، نێودەوڵەتی قاهیرە، ڕۆژئاوای قاهیرە و بەنی سوەیف. ئەرکی دە فڕۆکەکەی دی ئەنجامدانی دەورییە و پەیدۆزبوو.

یەکەم بۆمبی دژە فڕگە لە فڕۆکەخانەی کیبریت کەوتەوە، فڕۆکەوانەکان فڕگەی ئەلعەریشیان کردە یەدەگ بۆئەوەی خزمەت بە هێزی ئاسمانی ئیسرائیل بکات کاتێک لەشکری زرێپۆش دەستی بەسەردا گرت. لە فڕۆکەخانەی جیفجافا پێنج مێگ تێکوپێک شکێنرا تەنیا دانەیەکیان دەربازی بوو. لە ڕۆژئاوای قاهیرە پازدە توپۆلیف تی یو ١٦ و ئیدیکە تێکوپێک شکێنرا. لە ئینشاس هەموو مێگەکان لەناوبردران، هەرچەندە تەمومژی بەیانی ئاستەنگی بینینی دروست کردبوو. یەکێک لە پێکهاتەکانی ئیسرائیل بە ڕێکەوت گەیشتە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی قاهیرە، بەڵام کاتێک لە نێو فڕۆکە

بازرگانییەکاندا تێبینی فڕۆکە شەڕکەرەکانی کرد، زۆری لێ کوتین. فڕۆکەخانەی ئەبو سوەیر بەرگرییەکی جیاکاری دانابوو، بۆیە ژمارەیەک لە مێگەکانی توانیان دەرباز بن و هێرش بکەنە سەر فڕۆکەکانی ئیسرائیل. بیست و حەوت دەرچوون ئەنجامدرا و ۱۰۲ بۆمب هەڵدرایە خوارەوە. لەو هێرشانەدا کاپتن بێن زیۆن زۆهار دەرکەوت کە بە ڤایتۆرەکەیەوە خەریکی مێگەکان بوو، تەنانەت لە ڕێگەی گەڕانەوەیدا بۆ ئیسرائیل بۆمببارانی سەکۆی زەوی بە ئاسمانی کرد و بە دوا دڵۆپە بەنزینەوە نیشتەوە.

یەکڕاست دوای ئەوەی شەپۆڵی دووەم بۆ ئاسمان فڕین- ١٦٤ فڕۆکە بۆ سەر شازدە فڕۆکەخانە بۆی دەرچوون کە هەندێکیان لە یەکەم شەپۆڵدا هێرشیان نەکرابووە سەر، وەکی لوخۆر کە هەندێک لە فڕۆکە مسرییەکان هەڵاتبوون، دواتر شەپۆڵی سێیەم، چوارەم و پێنجەمی بە دوادا هات، دوا هێرش گەیشتە دوورترین فڕۆکەخانە لە جیفجافا و راس باناسدا.

لە شەپۆڵی سێیەمدا، ئاشکرابوو کە مێگەکانی سوریا و هەنتەرەکانی ئوردن هەوڵ دەدەن هێرش بکەنە سەر ئیسرائیل. هۆد فەرمانی بە گرووپێک لە فڕۆکەکان کرد ئاراستەیان بگۆڕن چەقی ئۆپەراسیۆن لە ئوردن و سوریاش بکەن. هێزی ئاسمانی تەواوی هێزی ئاسمانی ئوردنی تەفروتونا کرد و زۆربەی هەرە زۆری فڕۆکەکانی سوریاشی لەناوبرد.

لە ئۆپەراسیۆنەکەدا چەند هەڵەیەک ڕوویدا، لە هەموویان تاڵتر هێرش کردنە سەر فڕۆکەخانەی ئێچ ٣ی عێراق بوو. لە سەرینی ئەمەوە مێگ، هەنتەر و تەنانەت بۆمبهاوێژەکانی توپۆلیڤیش لە کێڵگەکانەوە بۆ هێرش کردنە سەر ئامانجەکان لە ئیسرائیلدا کەوتنە کار. ئەو فڕۆکەخانەیە لە لای کەس باش ناسراو نەبوو و لە لای کەسیش ڕوون نەبوو کە ڕەنگە وەک بنکەیەک لە دژی ئیسرائیل بەکاربێت. فڕۆکەوانەکان سێ هێرشیان کردە سەر فڕۆکەخانەکەی عێراق، لە هێرشی یەکەم و دووەمدا سەرکەوتنیان بە دەستهێنا، بەڵام

عێراقیەکان خۆیان گرتەوە و کاتێک فڕۆکە ئیسرائیلییەکان بۆ سێیەمجار پەیدابوونەوە کەوتنە ناو کەمین، دوو ڤاوتور و میراژێک لێدران و تێکشکێندران و یەکێک لە فڕۆکەوانەکان بە برینداری دەستگیرکرا، سێ فڕۆکەی دی بە نیمچە تێکشکاوی گەڕانەوە ئیسرائیل، بەڵام شکستەکە نەیتوانی ئەو سەرکەوتنە مەزنەی ئۆپەراسیۆنی چەق بە تارمایی بکات، چونکە لە چەند کاتژمێرێکدا هێزی ئاسمانی دوژمن تەفروتونا کرا و لە شەڕی شەش ڕۆژەدا ئۆپەراسیۆنەکە بووە توخمی یەکلاکەرەوەی سەرکەوتنی ئیسرائیل. یەکێک لە سەرکردەکانی هێزی ئاسمانی نووسیبووی: "خۆبادانی چواردەوری ئەم چیرۆکە بە ئاسانی نابڕێتەوە، هەندێک هەن بانگەشەی ئەوە دەکەن ئەمە تاجی سەرکەوتنی گشت ئەرکەکانی هێزی بەرگری ئیسرائیلە."

ژەنەڕاڵ ئاڤیهو بێن نون، فەرماندەی گشتی پێشووی هێزی ئاسمانی

'پێش ئۆپەراسیۆنی چەق، ئیسحاق ڕابین سەرۆک ئەرکانی هێزی بەرگری ئیسرائیل سەردانی بنکەی پۆلی کرد، لەگەڵ فڕۆکەوانان کۆبۆوە و پێی گوتن ئەو ئەرکە "ژیان یان مردنە" و بوون و مانەوەی ئیسرائیل لەسەر ئەمە وەستاوە. ڕابین و ئایزەر وایزمان ئەو گیانەیان لە لای ئێمە ڕسکاند کە هەموو شتێک لەسەر ئێوە وەستاوە، ئەگەر ئێمە لە ئەرکەکەماندا سەرکەوتوو نەبین، ئەم وڵاتەش ئایندەی نابێت.

من سەرکردایەتی پێکهاتەی ئەو چوار فڕۆکە میسترەم بۆ سەر فڕۆکەخانەی فاید کرد، هەر فڕۆکەیەک دوو بۆمبی هەڵگرتبوو، کێشی هەر یەکیان حەوت سەد و نەوەد و چوار پاوەند بوو. لە ڕێگە لەسەر دەریا فڕۆکەی ژمارە چوارم لێ ونبوو، لەسەر دڵم هەستم بە بوونی کوچکە بەردێک دەکرد، لە بارداویل لە کەناری سینا لە بەرزایی هەزار پێ هەور دەرکەوتن و کوچکە بەردێکی

دیكەشی هاتە سەر، بەڵام كە گەیشتینە فاید ئاسمانێكی كەمێك شـینم بینـی و هێرشمان كرد. بۆمبەكانم هەڵدایە سەر فڕگەكە و لە گەڕی دواتـردا لە دامێنـی فڕگەكەدا دوو مێگم كوتین و گوڕییە ئاگریان لی بەرزبوویەوە.

لە ناكاو فڕۆكەیەكی گواستنەوەی ئەن ئەنتۆنۆڤ ئێن ١٢ لە پێشم پەیدابوو، سوڕایەوە و بەرەو باشوور تێی تەقاند. گرفتم هەبوو، چونكە هێنانە خوارەوەی دە چركەی دەویسـت، بەڵام رەنـگە مـن بـابەتی سـەرەكی لە دەسـت بـدەم كە تێكوپێك شكاندنی فڕۆكەكانی سەر زەوی بوو. دواجار، بڕیارمدا جەخت لەسەر مێگەكان بكەمەوە و شازدە فڕۆكەی مێگمان لەنـاو بـردوو و سـەكۆیەكی ئـێس ئای ٢مان لەوبەری نۆكەند تەقاندەوە. تەنانەت لە كۆتاییدا ئێمە فڕۆكەی ژمارە چواری خۆمان دۆزیەوە- كە بەهۆی كێشـەیەك لە سیسـتەمی سـووتەمەنییەوە گەڕابۆوە. كاتێك نیشتمەوە پێم ڕاگەیەندرا كە یۆناتان شاحار فەرمانـدەی پـۆڵ پێكراوە و منیان لە شوێنی داناوە.

چەند ساڵ دواتـر، ڕۆژنـامەی ئەل ئەهرامـی قـاهیرە لە وتارێكیـدا باسـی لە خەڵاتكردنی فڕۆكەوانێك لە هێزی ئاسمانی مسـری كردبوو كە لە ٥ی حوزەیران توانیبـووی لە دەسـت ئەو فـڕۆكەیە هەڵبێـت كە ڕاوی ئەنتۆنـۆڤەكەی نـابوو. تەواوی ئەركانی گشتی مسـری لەسەر پشتی ئەو فـڕۆكە ئەنتۆنۆڤـایە بـوون كە من نەمهێنایە خوارەوە. ئەمەش خۆشی و شادی زۆری بۆ من نەهێنا.

لە سـێیەم ڕۆژی شـەڕدا، ئـێمە بەسـەر ئۆرشـەلیمدا فـڕین و ڕادیـۆ گـۆرانی "ئۆرشەلیمی زێڕینی" دەچڕی. ئەوەش تاكەجار بوو كە لەكاتی فڕیندا بگریم.

داگیرکردنـی ڕۆژهەڵاتـی ئۆرشـەلیم یەکێـک لە ئامانجەکـانی شـەڕی شـەش ڕۆژەی ئیسـرائیل نەبـوو. هێرشـی سـەرەکی بـۆ سـەر سـینا بـوو، بەڵام کاتێـک تۆپەکانی ئوردن ئیسـرائیلیان تۆپباران کـرد، هێـزی بەرگـری ئیســرائیل هێرشـی کرد و کەرتی ڕۆژئـاوای داگیـر کـرد، هەروەهـا بـۆ ڕزگـارکردنی ئۆرشـەلیم دوو وەزیری حکوومەت گووشـاری زۆریـان بـۆ ئەشـکۆڵی سـەرۆک وەزیـران هێنـا. سەرەتا ئەشکۆڵ دوودڵ بوو، هەروەها مۆشی دایانیش. دواجار لە سێیەم ڕۆژی شەڕدا گلۆپی کەسکی بۆ هێزی بەرگری ئیسـرائیل پێکرد.

# پاژی حەوتەم

## پەرستگای چیا لە دەستمان دایە، ١٩٦٧

**دووبارەم کردەوە، کارتی سوور! کارتی سوور!**

**سەر لە بەیانییەکی زووی ٥ی حوزەیرانی ١٩٦٧، کەمێک پاش ئەوەی هێزی ئاسمانی ئیسرائیل زۆربەی فڕۆکەکانی مسری لەسەر زەوی لەناوبرد، لە بێتەلی هێزە وشکانییە پەلکێشکراوەکانی سنوورەکانی مسر فەرمانی "کارتی سوور" دەنگی دایەوە، هەزاران تانک، ئۆتۆمبیلی سەرباز هەڵگر، ژمارەیەک چەکی ئۆتۆماتیکی، جێب و لۆری لە سنوور پەڕینەوە و بنکە و بنەگەی مسرییەکانیان لە سینا لوولدا.**

**شەڕی شەش ڕۆژە دەستی پێکرد.**

**ئیسرائیل خواستی نەبوو لەگەڵ ئوردن بکەوێتە شەڕ، بۆیە ئابا ئیبان وەزیری دەرەوە، ژەنەڕاڵ ئۆد بوڵ، سەرۆکی ستافی سەرپەرشتکاری ئاگربەستی سەر بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانی لە ئۆرشەلیم ئاگادار کردەوە و داوای لێکرد پەیامێکی بە پەلە بۆ شا حوسێنی ئوردن بنێرێ: "ئیسرائیل پەلاماری ئوردن نادات، ئەگەر ئوردنییەکان هێمنی بپارێزن، بەڵام ئەگەر ئوردن دەستدرێژی بکات، ئیسرائیل بە هەموو توانایەکییەوە وەڵام دەداتەوە." پەیامەکە درایە دەست شا حوسێن، بەڵام بێ سوود بوو. لە ٣٠ی ئایار شا حوسێن پەیمانێکی سەربازی لەگەڵ ناسر واژوو کرد و بڕوای وابوو ئەمجارە**

عەرەب جوو وردوخاش دەکەن، فەرمان بە لەشکری ئوردن کرا هێرش بکاتە سەر ئیسرائیل.

کاتژمێر ١٠:٤٥ خولەکی بەیانی لەشکری ئوردن تۆپبارانی هێڵی ئاگربەستی لەگەڵ ئیسرائیل کرد وەک هێڵەکانی؛ ناتانیا، کفر سابا. ئۆرشەلیم، ڕامات داڤید و تۆپی دوورهاوێژی تۆمی لە نزیک قەلقیلە و جەنین لە کەرتی ڕۆژئاوا داکوتی و دەستی بە تۆپباران کردنی ناوەندە ئاوەدانییەکانی ئیسرائیل کرد و فڕۆکەکانی ئوردن بەرەو ئامانجەکانی ئیسرائیل فڕین، هێزی وشکانیشی دەستی بە شەڕ کرد و فەرمانگەی حکوومەت، بارەگای ئۆد بۆڵی لە ئۆرشەلیم داگیر کرد. لیوای ئۆرشەلیمی سەر بە هێزی بەرگری ئیسرائیل بە پشتەوانی تانک هێرشی پێچەوانەی کرد و بینایەکانی وەرگرتەوە، دواتر هەوڵیدا پەیوەندییەک لەگەڵ ئەو بەشە داخراوەی ئیسرائیل لە چیای سکۆپس دابمەزرێنێ کە دەیڕوانییە سەر ئۆرشەلیم و یەکەیەکی بچووک پاسەوانی لە نەخۆشخانە و کۆنە کەمپی زانکۆی عیبری دەکرد.

ژەنەڕاڵ ئوزی نارکیس، فەرماندەی ناوەندی سەربازی دەڤەرەکە بڕیاری ناردنی پەڕەشووتوانانی بۆ ئۆرشەلیمدا کە ئەوکات ئەریک شارۆن فەرماندە ئەفسانییەکەیان چیدی سەرۆکیان نەبوو، لە کۆتاییدا لە لایەن ئیسحاق ڕابینی سەرۆک ئەرکان پلەکەی بۆ ژەنەڕاڵ بەرز کرابۆوە و ببووە فەرماندەی فرقە لە سینا. نارکیس لیوای ٥٥ی تازە دروستکراوی بە فەرماندەی کۆڵۆنێڵ مۆتا گوور، شەڕڤانی دێرین نارده ئۆرشەلیم کە لە پەڕەشووتوانە یەدەگەکان پێکهاتبوو.

مۆتا تێکەڵەییەکی سەیر بوو، چونکە کەسێکی خوێندەوار و بە زگماک شەڕڤان بوو. لە سەردەمی شەڕی سەربەخۆیدا تەمەنی هەژدە ساڵ بوو، کاتێک ڕاهێنانەکەی لە ئەکادیمیای ئەفسەران پچڕا و لەگەڵ هەڤاڵەکانی بۆ داگیرکردنی بیئر شیڤا نێردرا و لە شەڕی نەگەف(نەقەب) دژی مسرییەکان جەنگا. حەزی لەوە بوو باسی پیرۆزی شەڕی خۆی بۆ سەربازەکانی بکات و

گوتی: لە یەکەم جەنگدا تەنیا گەنجێکی ترسنۆک(قەلەزراو) بووە و کاتێک گوللە لە دەوروبەریدا ویزەیان هاتووە، لەنکاو هەستی بە تەڕبوونی ناوگەڵی کردووە و زۆر شەرمی لە خۆی کردۆتەوە. دەبێ میزی بە خۆیدا کردبێت؟ دەبێ هێندە ترسنۆک بێت؟ هەر کە جەنگ بڕاوەتەوە غاری داوەتە لای گۆشەیەکی لاتەریک و جلوبەرگەکانی پشکنیوە، دواتر هەناسەیەکی ئاسودەی هەڵکێشاوە، چونکە گوللەیەکی مسری بەر مەتارەی ئاوەکەی کەوتووە و ئاوەکەی ڕژاوەتەوە ناوگەڵی.... ئیدی لەوە بەدوا ترس میوانی نەبووە.

دوای شەڕێکی دژواری خوێناوی کە هەندێ لە هاوڕێ هەرە باشەکانی لە دەستداوە، سوپای جێهێشتووە و لە زانکۆی عیبری خۆی ناونووس کردووە. لەوێ چاوی بە ئەریک شارۆن دەکەوێت، بەڵام پێی کاریگەر نابێت. هەرچەندە گوێبیستی دامەزراندنی یەکەی ١٠١ ببوو، بەڵام بڕیاریدابوو درێژە بە خوێندنی خۆی لە بواری مێژووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کەلچەر بدات تا لە ڕۆژێکی ساڵی ١٩٥٥ چاوی بە ئەهارۆن داڤیدی کۆنە هاوڕێی سەربازی لە جەنگی نەگەف دەکەوێت.

داڤیدی گوتی: هەنووکە ئەمن لەگەڵ پەڕەشوتوانانم.

لەوێ چ دەکەیت؟

داڤیدی بە شێوازە نەرمونیان و سەر ڕاستەکەی لەبارەی ئەرکەکانی یەکەکە قسەی بۆ کرد، باسی لە هێرشە تۆڵەسەندنەوەکان، چوونە قوڵایی ناوچەی دوژمن و گیانی نوێی بە جۆشی "کوڕگەلانی بووت سوور"ی کرد. مۆتا لە خۆشیان گەشایەوە و گوتی: منیش دێم و پەیوەندی بە ڕیزەکانی پەڕەشوتوانانەوە کرد.

وەک فەرماندە داڤیدی لە زۆربەی هێرشە تۆڵەسەندنەکان شەڕی کردووە و لە چەنگێکدا لە غەززە برینداربووە و لە لایەن مۆشێ دایان مەدالیای ئازایەتی

پێ بەخشرا، بەڵام ئێستا بووەتە یەکێک لە ڕەخنەگرە ئاشکراکانی شارۆن و دوای شەڕی دەرپاژی میڵتا تۆمەتی زۆر قێزەونی دایە پاڵ فەرماندەکەی و گوتی: 'کاتێک شەڕی دوژمنمان دەکرد، هیچ کاتێک من پشتی شارۆنم نەبینیوە' ئەوەش بەو مانایە دێت کە سەرۆکی ئەفسانەیی پەڕەشوتوانان هەرگیز پاڵەوان نەبووە. لەگەڵ ئەوەشدا لە ڕیزەکانی پەڕەشوتوانان ماوەتەوە و بە لێهاتوویی ئەرکی خۆی ڕاپەڕاندووە. پاش شالاوی سینا کە لە میڵتا شەڕی کرد بۆ خوێندنی باڵا ڕەوانەی قوتابخانەی سەربازی لە پاریس کرا. لەوێ لە پاڵ خوێندنەکەیدا لەگەڵ ڕیتای هاوژینی خۆیان بە دۆزینەوەی کەلتووری فەڕەنسی: شانۆ، مۆزەخانە، پەرتووکەکانی کامۆ، سارتەر و گیری دۆکس خەریک کرد. دوای گەڕانەوەی لە ڕیزی سوپادا ژمارەیەک پێگەی پڕکردۆتەوە، ئێوارانیش چیرۆکی بۆ چوار منداڵەکەی دەگێرایەوە و حەزی لە نووسینیان بوو، پەرتووکی منداڵەکانی لەبارەی "ئەزیت" سەگی پەڕەشوتوانان لە پڕفرۆشترین پەرتووکەکانی ئیسرائیل بوو، تەنانەت بوو بە فلیمی منداڵانیش.

لە ٥ی حوزەیران لە جەنگی ئۆرشەلیمدا سەرکردایەتی لیوایەکی تایبەت بە جەنگاوەرە بە ئەزموونەکانی کرد.

پاشنیوەڕۆی ئەو ڕۆژە هەردوو وەزیر یێگال ئالۆن و موناحیم بێگن چوونە نووسینگەی لیڤی ئەشکۆڵی سەرۆک وەزیران. ئالۆن فەرماندەی پێشووی پاڵماچ، سەرکردایەتی باڵی چەپڕۆی حزبی هائاڤۆدا بوو؛ بێگنیش سەرۆکی کاریزمای باڵی ڕاسترۆی حزبی هەروت، بەڵام هەردووکیان لە هەڵۆ سیاسەتکارەکان بوون و دنەی ئەشکۆڵیاندا کە شاری کۆن ڕزگار بکات. بەرانەکینێ ئاستەنگێکی گەورەیان لە پێشدا وەستابوو: مۆشی دایان وەزیری بەرگری لە ئەگەری وێرانبوونی پیرۆزترین شوێنی جیهان و کاردانەوەی نێودەوڵەتی لە بەرامبەر داگیرکردنی شاری کۆن دوودڵبوو. لەوە دەترسا ڕەنگە لە ئەنجامی هەر شەڕێک لەناو ئۆرشەلیم گوشاری دەرەکی لەسەر ئیسرائیل

دروست بێت کە کاریگەری بە سەر شاڵاوی دژی مسر هەبێت و لەبەردەم ئیسرائیل ببێتە ڕێگری بەدیهێنانی تەواوی ئامانجەکانی شەڕەکە. مۆشی دایان ئەوەشی دەزانی کەوتنی چیای سکۆپوس بە دەست ئوردنییەکان بە گوورزێکی کوشندەی لێدان لە شانوشکۆی ئیسرائیل دادەنرێت. بۆیە دەسەڵاتی بە هێزی بەرگری ئیسرائیل تەنیا ڕێگەی سکۆپوس لە باکوری ڕۆژهەڵاتی ئۆرشەلیم داگیر بکات.

دوا بە دوای فەرمانی دایان، مۆتا ئەرکی سێ بەتالیۆنە هێرشبەرەکەی سەر ڕۆژهەڵاتی ئۆرشەلیمی دیاریکرد: بەتالیۆنی ٦٦ی یوسی یافی پەلاماری ئەکادیمی پۆلیسی ئوردن دەدەن و ئەکادیمەکە و گردە نزیکە پڕ لە تەقەمەنییەکە و هوتێلی باڵیۆز داگیر دەکات. دوو بەتالیۆنەکەی دی لە پەلامارێکی دوو لاییدا دەست بە سەر مۆزەخانەی ڕۆکفێلدا بگرێت. ئوزی ئیلام پاڵەوانی تیری ڕەش بە سەرکردایەتی بەتالیۆنی ٧١٥وە بەناو ژمارەیەک گەڕەکی عەرەبان و کۆڵۆنای ئەمەریکا لە مۆزەخانەی ڕۆکفێلە نزیک دەکەوێتەوە. هەرچی بەتالیۆنی ٢٨ی یوسی فرادیکنە بە درێژایی شەقامی سەلاحەدین، شادەماری عەرەب لە ئۆرشەلیم، زیاتر دەچێتە پێش، دەبێ مۆزەخانە و ناوچەکانی دەوروبەری دیواری شاری کۆن داگیر بکرێت. لە ئەنجامی ئەو هێرش و پەلامارانەدا هێزی پەڕەشووتوانان بە پشتەوانی تانک و تۆپ ڕێگەی چیای سکۆپوس داگیر دەکات. هەموو ئامانجی پەلاماری پەڕەشووتوانەکان عەرەبی ئۆرشەلیم بوو کە هیچ یەکێکیان لەناو شاری کۆن نەبوو.

دوا کۆبوونەوەی فەرماندەکان لە ماڵی بنەماڵەی کۆهین بوو لە گەڕەکی بێت حەکەرەم. لە کاتی کۆبوونەوەکەدا پیرەژنێکی خاوەن ماڵ هاتە ناو کۆبوونەوەکە و ئاڵایەکی کۆنی ئیسرائیلی دایە دەست کاپتن یۆران زاموش، بە دەنگێکی لەرزۆکەوە بە پەڕەشوتوانانی گوت لە شەڕی سەربەخۆییدا ئەو ئاڵایە

لەسەر بانی ماڵەکەی لە شاری کۆن دەشەکایەوە، بەڵام کاتێک ناچارکرا دەست لە ماڵەکەی بەر بدات، ئاڵاکەی لەگەڵ خۆی هەڵگرتووە و هێناوەتی، داوای لە ئەفسەرەکان کرد ئەو ئاڵایە لە سەر دیواری ڕۆژئاوا هەڵکەن.

هەرچەندە تا ئەوکات هیچ بەڵگەنامەیەکی فەرمی دانەڕێژرابوو، بەڵام ئەم داواکارییە ئاگری لە دڵی سەربازەکان کردەوە، چونکە ئەو خاتوونە بەو تەمەنە خۆڕسکانە بڕیاری لە ئامانجی ئەرکەکەیاندا.

کاتژمێر ٢:٣٠ی بەیانی، ئوزی ئیلام سەرکردایەتی بەتالیۆنەکەی بۆ ئۆرشەلەیم کرد، پەرژینە فرەوانەکانی بڕی و دوای شەڕێکی سەخت کۆڵۆنای ئەمەریکی داگیر کرد و لە مۆزەخانەی ڕۆکفێلە نزیک کەوتەوە، بەڵام بەتالیۆنەکانی دی بەو ڕێگەدا نەچوون کە پلانی بۆ دانرابوو. پەڕەشوتوانان هیچ شارەزاییەکیان بە کوچە و کۆڵانەکانی ئۆرشەلیم نەبوو، هەروەها ڕاپۆرتە هەواڵگرییەکانی تایبەت بە بارەگا و هێزە شەڕکەرەکانی هێزە عەرەب ورد نەبوون. بەتالیۆنی ٢٨ کە بڕیاربوو لە دوو لاوە بەشی دووەم تەواو بکات ناوچەی قەدەغەی بەزاند و بەرەو مۆزەخانەی ڕۆکفێلە ژمارەیەک تانکیشی دوا کەوتبوو، بەڵام لە چارڕیانی نزیک دیوارەکە ڕێیەکەی لێ ونبوو، لەبری ئەوەی ڕاستە و ڕاست بە شەقامی سەلاحەدین ئەیوبی بچێتە پێش، بەتالیۆنەکە چووە ڕێگەی نابلوس. سەرەنجام تووشی تەڵەیەکی کوشندە هات.

بەهۆی تاریکی ڕێی نابلوس و تۆکمەیی پەرژینی شاری کۆن لە لایەن سەربازە ئوردنییەکان بە جۆرەها چەک وەک تۆپی قورس، هاوەن، بازوکە و چەکی ئۆتوماتیکی لە پەڕەشووتوانەکان هاتنە دەست و زیانێکی زۆری پێگەیاندن. شلۆمۆ ئیپستۆنی برینپێچ لەوکاتەی برینی یوسف هاگۆئیلی دەرمان دەکرد، گوێی لە هاشەی مووشەکێکی نزیک بوو، بۆ پاراستنی هاگۆئیل خۆی هاوێشتە سەری، مووشەکەکە جەستەی پارچە پارچە کرد، بەڵام هاگۆئیل سەلامەت دەرچوو، هەروەها لێیتونانت مۆردەخای فریدمان کاتێک دەستی

بەرزکــردەوە بــۆئەوەی نــارجۆکەکەی هەڵــداتە نــاو چەپەری دوژمــن کە لە کۆڵانێکی تاریک بوو، بەڵام بە فیشــەکی ڕەشــاش بــرێنێکەوە لێدرا و کەوت و نارنجۆکەکە لەناو دەستیدا تەقیەوە.

فەرمانــدەی بەتــالیۆنەکە داوای بەهانــاوەچوونی کــرد و ژمــارەیەک تانــک گەیشتنە شەڕەکە، بەڵام هەندێکیان هەرزوو پێکــران و ئەوانــی دیــش چەقــین. پاش حەوت کاتژمێر شەڕ، پەڕەشوتوانان توانیان تەواوی ڕێگەکە پــاک بــکەنەوە کە کەمتر لە یەک میل درێژبوو و گەیشتنە هوتێلی کۆڵۆمبیا، بەرامبەر دەرگەی نابلوس و ڕیڤۆلی تەنیشت دەرگەی هێرۆد، ئەو سەربازانەی لە سـەر دیــوارەکە سەنگەریان گرتبــوو، ڕووی تەقەیــان لە ڕیڤــۆلی بــوو، حــایم ڕوســاک هەوڵیــدا هاوڕێیەکی برینداری ڕزگار بکات، بەڵام خــۆی بە دەســتی ئوردنییەکــان کــوژرا. ناتان شیشتەری برینپێچ ویستی ڕزگاری بکات، بەڵام هەوڵەکەی بێ سوود بوو، دواتر شیشتەر خۆی لە شەڕی مۆزەخانەی ڕۆکفێلە کوژرا.

لەوکاتەی شەڕ لە ڕێگەی نابلوس لەوپەڕیدا بوو، بەتالیۆنی ٦٦ بە شــەڕێکی ســەختەوە ســەرقاڵبوو. پەڕەشــوتوانانیش چــوونە نــاو شــارێکی عەرەبــی و بە سەرۆکایەتی پۆڵی گیۆرا ئەشکەنازی هەڵیانکوتایە سەر ئەکادیمای پۆڵیس کە لە پێشــڕەویەکەدا بە بــۆمبی درێــژی بۆڕیئاســا ئاگریــان لە تەڵبەنــد و ڕێــگە ئاگریــاوییەکەی کــێڵگەی مــین بەردا، پــۆڵی دۆدیــک ڕۆتنبێــرگ بە دوای گیــۆرا کەوت و پەلاماری سەنگەرە تۆکمەکان و بینایەی ئەکادیمایدا، پۆڵی گابی ماگال و دیــدی یــاکوب بیناکەیــان پــاک کــردەوە و وێســتێکیان کــرد، شــوێنی گردێــک تەقەمەنییان دۆزیەوە.

گــردەکە چەپەرێکــی گەورە و تــۆکمە بــوو کە لە ســەردەمی مانــدێتی بەریتانییەکان بۆ جبەخانەی چەکی کیمیاوی ئەکادیمای پۆڵیس بەکــار دەهــات، ئوردنییەکان کردبوویان بە سەنگەرێکی تۆکمە، چواردەوری گردەکە بە پەرژیــن و بە خەندەقی پێچاوپێچی لە تاشەبەرد دروستکراو تەنرابوو کە دواتر هەنــدێ

نووسەر بە تۆپەڵە ڕیخۆڵەیان وەسف کرد. زۆربەی سەنگەرەکان داپۆشراوبوون و لە نێوان هەر سەنگەرێکدا عەمبارێکی کۆنکریتی هەبـوو، هەروەهـا لە هەر ئینجێکـی گـردەکە ژمـارەیەک تەقەکەر دانرابـوو، گـردەکەش لە لایەن باشـترین هێزەوە بەرگری لێدەکرا کە باکیان بە مردن نەبوو و دەیانزانی هیچ ڕێگەیەکیان نییە جگە لە شەڕ کردن تا مردن نەبێت.

دیدی یاکوپ بۆ داگیرکردنی گردەکە سەرکردایەتی پەڕەشـووتوانەکانی کـرد، بەڵام زوو درکیان بەوە کـرد کە لە هەمـوو لایەکەوە گەمـارۆ دراون، تەقە وەک برووسک بەسەریاندا دەتەقـیەوە و لە هەمـوو لایەکەوە بە بۆمـب و نـارنجۆک لێیـان درا، هـاوار و نـاڵەی برینـدار و کوژراوەکـان ئەو نـاوەی پـڕ کردبـوو، پەڕەشوتوانان لە خەندەقی تەنگ چوونە پێش، بەڵام لە چاو ئاگربارانی بارەگای عەمبارەکـان شـتێکی دی بـوو، پـۆڵەکە بـوونە چەنـد یەکە و هەموویـان ڕووبەڕووی چارەنووسێکی نادیـار بـوونەوە. تیمـی عەریـف مئیـر مـالمودی لە روبەڕوونەوەیەکدا بە تەواوی لەناوچوون، یۆرام ئلیاشـیڤی هـێمن و لەسـەرخۆ لەسەرووی پۆڵەکەیەوە کـوژرا و گـوللەیەکیش بە نێـوچەوانی یرمـی ئەشـکولی جێگری دیدی کەوت، زوو هەر پاش دەست پێکردنی شـەڕ زۆربەی پیاوەکـانی دیـدی یـان کـوژران یـان برینـداربوون، داوای یـارمەتی لە دۆدیـک کـرد، بەڵام بەرلەوەی هێزی پشتەوانی بگات، هەندێک لە سـەربازە زینـدووەکانی زۆر بە سـەختی برینـداربوون و بەسـەر لاشـەی کوژراوەکـان بەرەو پێشـەوە بـۆ خەندەقەکان ڕایان کرد.

هەمان چارەنووس چـاوەڕوانی سـەربازەکانی دۆدیـک بـوو، یۆئـاڤ تـزوری فەرماندەی پۆڵ پیاوەکانی بەرەو ئەو خەندەقە ئـاوەڵایە بـرد کە سـەربازەکانی مالمودی لێـی لەنـاوچوون. ئەویـش گـوللەیەکی بەرکەوت و کـوژرا، نیـر نیتـزان پۆڵێکی دیکەی بەرەو بەشی ڕۆژئاوای خەندەقەکە برد و داوای لە ئیتـان ناڤـای کوڕە مۆشاڤەکە کرد لە خەنـدەقەکە هەسـتێتەوە و بە پـێش پەڕەشـووتوانەکان

بکەوێت و بە ڕەشاشە بچوکەکەیەوە تەقە لە دوژمن بکات. ناڤا دەیزانی ئەوە خۆکوشتنە، بەڵام بێ دوودڵی ئەوەی کرد. لە خەندەقەکە هەستایەوە و بەرە پێشەوە ڕایکرد و بە بەردەوامی تەقەی لە ئوردنییەکان کرد، هەرچەندە لە هەموو لایەکەوە تەقەی لێدەکرا. هاوڕێکانی هاواریان لێی کرد "بازدە ناو خەندەقەکە، چونکە دەکوژرێی!"بەڵام لە ڕاکردن بەردەوامبوو، پێش ئەوەی بکوژرێ سی سەربازی ئوردنی کوشت.

ئیسرائیل زوریئێل کە سەربازێکی دی بوو، یەکسەر لە خەندەقەکە بازیدا و شوێنی ناڤای گرتەوە، سەرەڕای هەموو سەختیەکان رزگاریبوو.

زۆربەی برینپێچەکانی کە لە خەندەقەکانەوە بریندارەکانیان دەرمان دەکرد یان برینداربوون یان کوژران، دیدیار گوتاڵ لە یەکێک لە خەندەقەکاندا قۆڵێکی لە جەستەی بۆوە، یگال ئاراد کە برینپێچێکی دی بوو وەکو شێتان لە نێوان برینداراني دوو پۆڵدا ڕاکە ڕاکەی بوو.

لە زۆر لاوە سەربازەکان لە ژێرزەمینە سەرەکییەکە نزیک کەوتنەوە. زیڤی ماگین جێگری فەرماندەی پەل تەکانی لە سەربازەکانیدا بچنە پێشەوە و نارنجۆک هەڵدەنە ناو سەنگەری دوژمن و دواتر بە ڕێژنە گوولەیەک کوژرا. هاوکات بە هەڵاتنی خۆر لە ڕۆژهەڵاتەوە پەڕەشووتوانەکان کەوتنە بەر گوللەی قەناسچیان و دەستڕێژی ڕەشاشەکان، بەڵام هەر شەڕیشیان دەکرد و ئینج ئینج لە ژێر زەمینە چەپەڵەکە دەچوونە پێشەوە کە ژێرزەمینێکی دووقات بوو و بەهۆی پارچە کۆنکریتێکی هەشتا ئینجی ئەستوورەوە پارێزگاری لێ دەکرا. سێ پەڕەشووتوان (یاکی هیتز، داڤید شالۆم و یەهودا کەندەل) لە هەردوو لاوە لە ژێرزەمینەکە نزیک کەوتنەوە. هەموو هەوڵێکیان بۆ وێرانکردنی بە بەکارهێنانی چەکی ئۆتۆماتیکی و بازووکە و نارنجۆک شکستی هێنا، فەرماندەکەیان فەرمانی پێکردن جانتایەک تەقەمەنی لەگەڵ خۆیاندا بهێنن کە بە دیواری ژێرزەمینەکەیاندا هەڵواسیووە و بە تەقینەوەیەکی گەورە

ژێرزەمینەکەیان خاپور کرد، هەروەها لە روبەڕووبوونەوەیەکدا پێنج سەربازی دیکەی دوژمنیان کوشت و خۆشیان بە پەیجور دەربازیان بوو.

شەڕ، کاتژمێر شەش و چارەگی بەیانی کۆتایهات، لە شەڕی گردی تەقەمەنیدا سی و شەش پەڕەشووتوان و حەفتا سەرباز کوژران. هەندێ سەرباز بە دیل گیرابوون و یەکەم کاریان بە خاکسپاردنی هاوڕێ کوژراوەکانیان بوو، لەسەر گۆڕەکانیان پەڕەشووتوانەکان کێلێکیان چەقاندبوو: لێرە ٢٨ سەرباز نێژراون. چەکدارێکی دی ئاماژەکەی ڕاست کردبۆوە "...٢٨ گۆڕی سەربازان."

دواجار گردی تەقەمەنی کەوتە بن دەستی پەڕەشوتوانان، بەڵام بە چ نرخێک! لە دوو پۆڵدا تەنیا چەند کەسێک ڕزگاریان بوو. یۆرام تاهارلیڤ شاعیرێکی ئیسرائیلی ئەم شیعرەی لەبارەی جەنگەکەوە نووسیووە:

حەوت کەس گەڕانەوە شارەکە

دوکەڵ لە گردەکە بەرز دەبۆوە

خۆر لە بەندەنی بەرزی ڕۆژهەڵات بوو

لەسەر گردی تەقەمەنی.

لە هەموو ژێرزەمینە کۆنکریتییەکانی ئەوێندەرێ

بۆ هەموو هەڤاڵە ئازیزەکانمان لە سوپادا

بۆ هەتا هەتایێ گەنجێتیان

لەسەر گردی تەقەمەنیدا لە دوای خۆتان جێهێشت.

نووکە پەڕەشووتوانەکان ئەکادیمای پۆلیس، گردی تەقەمەنی و مۆزەخانەی ڕۆکفێلەریان لە بن دەستە کە لە لایەن بەتالیۆنی حەوتی ئیلام و پۆلی ٢٨ەوە دەستی بەسەردا گیرابوو. ڕێگەی چیای سکۆپوس کراوەیە؛ کە هەموو بەیانیەک

دایـان و ژمـارەیەک ئەفسـەری بـاڵا سـەردانی ئەو نـاوچە گەمـارۆدراوەی ئیسـرائیلیان دەکرد. فەرمان بە پەڕەشووتوان و یەکەکانی دی لەو بەرەیە کرا لە هەموو لایێکەوە تەوقی شـاری کـۆن بـدەن تـا "وەکـو بەری میـوەی پێگەییـو" دەکەوێت. لیوای ئۆرشەلیم داگیرکردنی گەڕەکی ئەبو تـۆری لە باشـوری شـاری کۆن تەواو کرد؛ کۆڵۆنێل ئوری بێن ئاری کە فەرماندەی لیوایەکی زرێپـۆش بـوو هەردوو گردی میڤتـار و فەڕەنسـی لە بـاکوری ڕۆژهەڵاتـی نزیـک شـاری کـۆن داگیر کرد. فەرماندەیەکی باڵای ئوردنی بە پەلە هێزی ئەرکی بە پشـتیوانی چـل و دوو تـانکی بـاتۆنەوە ڕەوانەی ئۆرشـەلیم کـرد، بەڵام فـڕۆکە شـەڕکەرەکانی ئیسـرائیل هەر لە ڕێگاوە هەموویانی تێکشـکاند، تەنـانەت بەرلەوەی نـزیکیش بکەونەوە.

شەو مۆتا گوور یەکەیەکی تانک و کۆماندۆی پەڕەشووتوانی میچا کاپوستای بـۆ سـەر دوا گـردی بـاکوری ئۆرشـەلیم لە چیـای زەیتـوون و بارەگـای ئۆگسـتا ڤیکتۆری نارد، بەڵام جارێکی دی ئیسـرائیلییەکان بە ڕێگەیەکی هەڵەدا چـوون؛ تانکەکـان لەسـەر پـردی کیـدرۆن کریـک بەرامـبەر بارەگـای لەشـکری دوژمـن چەقـین و ڕووبەڕووی تۆپبـاران و تەقەیەکـی زۆر هـاتن: هەنـدێ لە کۆمانـدۆ شەڕکەرەکان کوژران، هەندێکیان کەوتنە نـاو کۆنـدڕەکە و چەنـد جێبەکیشـیان وەرگەڕان یان سووتان. میچا کاپوستا بە پەلە بۆ لای بەشە وشکەکەی کۆندڕەکە ڕای کرد تا پیاوەکانیان ڕزگار بکەن. هەر ئەوکات مێیر هارزۆن پێیـان گەیشـت، هەرچەنـدە ئەو لە ئەرکێکـی چالاکـدا نەبـوو، بەڵکـو بە پەلە خـۆی گەیانـدە ئۆرشەلیم تا لەگەڵ کۆماندۆکانی بێت. کوشـتارگەی کۆنـدڕی کیـدرۆن بـۆ مۆتـا گـوور زۆر سـەخت بـوو کە لە بارەگـای فەرمانـدە نـوێکەیەوە لە مۆزەخـانەی ڕۆکفێلەرەوە بە دواداچوونی کرد؛ لەپاڵ کێشەکانیدا لەگەڵ کۆنـدڕی کیـدرۆن، ئێستا کەوتۆتە ژێر ئاگری ئوردنیەکانیشەوە، تەنانەت دەنگی هاوارکردنی بەسەر پیاوەکانیشـی لە دەسـتدابوو، لەسـەر عەردی لە نێویـان دانیشـتبوو بە دەسـت

ئێشوئازاری لە دەستدانی ئەو هەموو سەربازە باشانەی دەتلایەوە، بەڵام زوو ورەی دایەوە بەر خۆی؛ چونکە لە ئێوارەی ٦ی حوزەیران پێدەچوو ئوردنییەکان داڕمان بن.

کاتژمێر ٤:٠٠ بەیانی مۆناحیم بێگن لە ڕادیۆی بی بی سی هەواڵێکی بیست کە جەنگ لە سینا بەرەو کۆتاییە و ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەوڵی ڕاگەیاندنی ئاگربەستە، بێگن هەواڵەکەی بۆ هەر یەک لە ئەشکوڵ و دایان نارد. ئەوانیش هەواڵەکەیان بە جدی وەرگرت کە ئەگەر دەستوبرد نەکەن، ئەوا شاری کۆن وەک گەمارۆدراوێکی ئوردنییەکان لە ناوچە داگیرکراوەکانی ژێر دەستی ئیسرائیلدا دەمێنێتەوە، بۆیە وازیان لە دوودڵییەکەیان هێنا و بڕیاری داگیرکردنی شاری کۆنیاندا.

لە بەرەبەیاندا پەڕەوشووتوانەکانی مۆتا بە پشتیوانی ژمارەیەک تانک ئۆگوستا ڤیکتۆریا و چیای زەیتوونیان داگیر کرد، گیۆرا ئەشکەنازی یەکێک لە قوربانییەکانی ئۆگوستا ڤیکتۆریای فەرماندەی پۆڵ بوو کە شەوی پێشتر لەگەڵ پیاوەکانیدا هەڵیانکوتانە سەر ئەکادیمای پۆڵیس. بارەگای پێشەوەی مۆتا لە چیای زەیتوون لە نزیک هوتێڵ ئینتەرکۆنتینێنتاڵ دانرابوو.

ئۆرشەلیم وەک وشەیەکی سحراوی گیانی شەڕ کردنی لە نێو سەرجەم سەربازانی لیواکە بوژاندەوە، بەتالیۆنی ٧١ لەسەر چیای زەیتوون خۆی دووبارە ڕێکخستەوە، هەروەها بەتالیۆنی ٦٦ لە سکۆپوس و بەتالیۆنی ٢٨ لە دیواری شاری کۆن ئەوانیش ڕایانگەیاند کە ئامادەی جەنگن.

کاتەکەی هاتبوو، بۆیە مۆتا لە ڕێگەی بێتەلەوە فەرمانی بە پیاوەکانی و تانکە پشتیوانکارەکانی کرد، "هەڵبکوتنە سەر شاری کۆن!"

مۆتا خۆی هەڵدایە ناو نیو تۆنییەک  و بەرەو دەرگای شێرانی دیواری شاری کۆن پێی پێوەنا، لە ڕێگادا لە تانکەکان تێپەڕی و لە بەرایی پەلەکە دەرکەوت،

شـوفێرەکەی سـەربازێکی بە کەلەشـبوو، بە نـاوی بێنتـزور، وەک شـێت لێـی دەخوڕی و مۆتا بە شێوەیەک هاواری لێ دەکرد کە وشـەکانی "بـڕۆ، بێنتـزور، بڕۆ" لە نەریتی ئیسـرائیلدا ناوبانگی پەیدا کردووە.

نیوتۆنەکە گەیشـتە دەرگـای شـێران، لەوانەیە دەرگـاکە بـۆمبڕێژکراو بێـت و ڕەنگە سەربازە عەرەبەکان لە دۆڵە تەنگ و ڕکەکەوە چاوەڕوان بـن؛ دووریـش نەبـوو مینیـان لەسـەر ماتۆڕسـکیلەکانی چەقـی ڕێگـاکە دانێبێـتەوە و ڕێـگەی بەردەم مۆتایـان بلـۆک کردبێـت، بەڵام ئەو بیـری لە هـیچ لەمـانە نەکـردەوە و فەرمـانی بە شـوفێرەکەی کـرد بەسـەر ماتۆرسـکیلەکان کەوێـت و بەرەو چیـای پەرسـتگا لێخوڕێـت کە هەزاران سـاڵە نەخشـەی سلێمان(سـۆڵۆمۆن)ی لـێ چەقێنـدراوە، دووبـارەی کردەوە"بـڕۆ، بێنتـزور، بـڕۆ" مێشـکی تەنیـا بە یەک بیـرۆکە سـەرقاڵبوو: ڕوثـی کـچە بچـووکەکەی چ دەڵێـت کاتێـک گوێبیسـتی داگیرکردنـی چیـای پەرسـتگا دەبێـت؟ نیوتـۆنەکە بەسـەر شـەقامە تەسـکەکان سەرکەوت و لەنکاو لەسەر تۆقەرەی چیایەکە لە گۆڕەپانێکی بەریـن دەرکەوت و گومبەتە زێڕینەکەی مزگەوتی عومەر لەبەردەمی دەتریسکایەوە.

دەنگی مۆتـا وەک حـیلەی ئەسـپ لە تەواوی بێـتەل و وۆکـی تۆکییەکـانی سـوپا دەنگیـدایەوە و هەرزووش لە تەواوی ڕادیۆکـانی ئیسـرائیل و جیهـان دووبارە کرایەوە، "چیای پەرستگا لە دەستماندایە!"

مۆشا ستێمبڵی جێگر و دۆستی نزیکی مۆتـا لەگەڵ یـۆرام زامـوش و چەنـد پەڕەشـووتوانێکی دی بەرەو ڕۆژئـاوای دیـوارەکە ڕایـانکرد کە دوا پاشـماوەی هەیکەلـی سلێمان(سـۆلۆمۆن) بـوو. زامـوش ئـاڵایەکی لوولـدراوی لەنـاو بەرکی(باخەڵی) دەرهێنا کە کـاتی خـۆی لە سـاڵی ١٩٤٨ ئەو ئـاڵا کـۆنە خـاتوو کـۆهین لە گەڕەکێکـی کـۆنی ئۆرشـەلیمەوە لەگەڵ خـۆی هێنـابووی و چەنـد کاتژمێرێک پێش دەست پێکردنی جەنگی ئۆرشەلیم ڕادەستی کردبـوو، زامـۆش و هاوڕێکانی ئەو ئاڵایەیان لەسەر دیوارەکە بەرز کردەوە.

گەلـی جـوو لە ئیســرائیل و لە هەندەرانـدا وایـان هەسـت کـرد کە خەون دەبینن، سەرەنجام نزا و پاڕانەوەی چەند ساڵەیان هاتەدی.

لە جەنگی ئیسـرائیلدا سـەدو هەشـتا و دوو سـەرباز کە نەوەد و هەشـتیان پەڕەشووتوان بوون کوژران.

سـێ ڕۆژ دواتـر، شــەڕی شــەش ڕۆژە کۆتاییهـات. ئیســرائیل هەر یەک لە ئۆرشەلیم، بەری ڕۆژئاوا، نیمچە دورگەی سینا و بەرزاییەکانی جۆلانی داگیرکرد.

ئایا ئاشتی هیچ نزیکتر بووەتەوە؟

ژەنەڕاڵ مۆردەخای گوور(مۆتا)، فەرماندەی پێشووی لیوای ٥٥

(ئەمەی خــوارەوە لە دەقــی ئەو وتەیەی وەرگێــڕدراوە کە لە ڕێوڕەســمی سـەرکەوتنی پەڕەشـوتوانان لەسـەر چیـای پەرسـتگا لە ٦ی دێسـەمبەری ١٩٦٧ کردوویەتی)

"بۆ پەڕەشووتوانە ڕزگارکارەکانی ئۆرشەلیم:

کاتێک چیای پەرستگا لە لایەن گریکەکانەوە داگیرکرابوو، ماکەبیس ڕزگـاری کرد، بـار کۆچڤـا و دەمارگیرەکـان دووەم شـەڕی وێرانکردنەکـانی پەرسـتگایان کرد. بۆ ماوەی دوو هەزار ساڵ چیای پەرستگا لە جووان قەدەغەکرابوو.

تا ئێوەی پەڕەشووتوان هاتن و بۆ نـاو دڵـی نەتەوەتـان گێـڕایەوە. دیـواری ڕۆژئاوا کە هەموو دڵەکان بەو ئاراستەیە لێـدەدەن، دووبـارە لەنـاو دەسـتمان دایە.

بە درێژایی مێژووی دوورودرێژمان جووگەلێکی زۆر بۆ گەیشتن و ژیانکردن لە ئۆرشــەلیم گیـانی خۆیـان خسـتۆتە مەترسـییەوە. چەنـدەها گـۆرانی بـۆ

شادبوونەوە بە ئۆرشەلیم لە ناو دڵی جوو چڕدراون.

لە شــەڕی ســەربەخۆییەوە، گەلێــک هەوڵــی فەلامەرزانە بــۆ بەدیهــاتنی گێڕانەوەی دڵی نەتەوە(شاری کۆن و دیواری ڕۆژئاوا) دراون.

گەورەتــرین نــزیککەوتنە لەو بــازنەیە و گەڕانــدنەوەی پایتەختەکەمــان و ناوەندە پیرۆزەکەمان بۆ گەلەکەمان لە سەر شانی ئێوەبوو.

زۆرێک لە پەڕەشووتوانەكان، لە نێویانــدا كۆمانــدۆ باشــترینەكان و هەرە بە ئەزموونەكان لە میانەی ئەو جەنگە دژوارە مردن، لە ڕاستیدا شەڕێکی ســەخت و دژواربــوو، بەڵام ئێــوە بە یەک دڵ و گیــان بەرەو پێشــەوە هەڵمەتتــان بــرد و گشت لەمپەرەكانتان تێکشکاند بێئەوەی بایەخ بە برین و ئازارەكان بدەن.

ئێوە گللەیتان نەکرد و داوای هیچتان نەکرد، تەنیا بەرەو پێشــەوە چــوون و ئێوە ڕزگارتان کرد. ئۆرشەلیم بۆ هەتا هەتایێ ئی ئێوەیە."

# بەشی چوارەم
# شەڕی خوێناوی

بە داگیرکردنی سینا، کەرتی ڕۆژئاوا، ئۆرشەلیم و بەرزاییەکانی جۆلان، شەڕی شەش ڕۆژە کۆتاییهات. ئیسرائیل پێشبینی ئەوەی دەکرد عەرەبە دراوسێکانی لەپێناو بە دەستهێنانەوەی خاکە لە دەستچووەکانیان بیر لە گفتوگۆی ئاشتی بکەنەوە، بەڵام سەرکردە عەرەبەکان لاسارانە پێکۆڵیان لە هەڵوێستەکانی پێشوویان دەکردەوە: نەخێر بۆ گفتوگۆ، نەخێر بۆ چارەسەری و نەخێر بۆ گفتوگۆ لەگەڵ ئیسرائیلدا. مسر لە لای خۆیەوە شەڕی خوێناوی لە دژی ئیسرائیل دەست پێکرد.

لە ئیسرائیل هەندێ لە یاریزانە سەرەکییەکان گۆڕابوون، لە شوباتی ١٩٦٩ ئەشکۆل کۆچی دوایی کرد و گۆڵدا مائیر شوێنی گرتەوە. ئیسحاق ڕابین لە واشنتۆن بووە باڵیۆز و پۆستی سەرۆک ئەرکان لە لایەن ژەنەڕاڵ حایم بارلیڤ پڕکرایەوە کە بە ڕەفتار و گفتولفتە هێمن و نەرمەکانی، دەمارگرژییە پۆلاینییە مەیلدارەکەی بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی بوێر شاردبۆوە و لە لایەن مۆشێ دایانی وەزیری بەرگری پاڵپشتی تەواو دەکرا.

# پاژی هەشتەم

## هەستم كرد دەخنكێم: هێرشی سەر دورگەی سەوز ١٩٦٩

گوێم لە نزيكبوونەوەی ترپەی پێی ئەندامانی سايەرەت ماتكاڵ بوو، بانگم لێ كردن تا زووە لە شوێنی خۆيان جێگير بن. لەنكاو نارنجۆكێك لە تەنيشتم تەقيەوە و هەستم بە لاكەلەكەی ڕاستم نەكرد، هەرچەندە قۆڵ و باسكم عەيبيان نەبوو، بەڵام هەستم بە شتێكی گەرم لە گەردنم كرد و وام هەست كرد دەخنكێم. بە ڕاستی مايەی بەرگە گرتن نەبوو، چونكە لە لرخەكەيەوە هەستم كرد مردن لە گەرووم دێتە دەرێ، ئەو لرخەيە يەكسەر دەنگە بە ترس و سامەكەی سەربازێكی مسری وەبيرهێنامەوە كە خولەكێك پێشتر گوللەيەكی بەركەوتبوو. هەر لەوێ بانگی ئامی ئايەلۆنی كۆماندۆی دەرياوانيم كرد كە پێشتر بەشداری شەڕی دورگەی سەوزی كردبوو و برينداريش ببوو، دواتر مەداليای ئازايەتی پێ بەخشرا .

هاوينی ١٩٦٩ لە شەڕی خوێناويدا بە مەبەستی شكاندنی متمانەی ئيسرائيل، مسرييەكان لە سينا پەلاماری سەنگەرەكانی هێزی بەرگری ئيسرائيلياندا و زيانێكی گەورەيان پێگەياند. هەفتەيەك بەر لە هێرشی دورگەی كەسك مسرييەكان پەلاماری بارەگايەكی سەربازی هێزی بەرگری ئيسرائيليان لە بەرامبەر تەوفيقدابوو، لەو پەلامارەدا حەوت سەربازی هێزی

بەرگری کوژران لەگەڵ پێنج بریندار و یەکێکیش بە دیل گیرا و سێ تانکیش تێکشکێندرابوو. لە سەرینی ئەمەوە کەشێکی خەفتبار باڵی بەسەر ئەرکانی گشتی کێشابوو، لەپێناو بەدەستهێنانەوەی ورە و متمانە، هێزی بەرگری ئیسرائیل بڕیاری ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنێکی کاریگەر و ناچاریدا.

زیئیڤ ئالمۆنگ، فەرماندەی یەکەی کۆماندۆی شایەت ١٣ پلانی هێرشکردنە سەر دورگەی کەسکی هۆنیەوە و ڕادەستی داڤید ئیلازەری(دادۆ) ئەفسەری سەرۆکایەتی ئۆپەراسیۆنەکانی ئەرکانی گشتی کرد. دورگەی کەسک قەڵایەکی سەربازی تۆکمە بوو کەوتبووە باکوری کەنداوی سوێس کە لە بنەڕەتەوە ئەرکی بەرگری کردن لە دەروازەی باشوری نۆکەندی سوێس بوو، نزیکەی سەد سەربازی مسری و ڕاداری دژە فڕۆکە و چەکی قورس و مامناوەند و سووک لەسەر بانی قەڵایەکە جێگیرکرابوو، هەروەها سەکۆیەکی تۆپی عیار ١٣٠ملمی مسریش لە کەنار ئاوەکەدا هەبوو.

ئامانج لە پەلامارەکە ڕووخاندنی ورەی مسرییەکان بوو کاتێک ببینن لە قوڵایی خاکیانەوە لەو شوێنەی بە لایانەوە ئەمین و پارێزراوە پەلامار دەدرێن. هاوکات بۆ بەرزکردنەوەی هێزی بەرگری ئیسرائیلی بوو کە بەهۆی زیانە زۆرەکانی لە نۆکەندەوەکە پێیان کەوتبوو، ورەیان لە کزیدابوو. هەروەها ئەو ئەگەرەش هەبوو کە ڕەنگە پەلامارەکە مسرییەکان نەرم بکات بە پیر ڕێگەچارەی گفتوگۆ بێن و ڕێز لەو ئاگربەستە بگرن کە لەگەڵ ئیسرائیل هەبوو، ئامانجێکی دیکەی پەلامارەکە لە کارخستنی سیستەمی ڕاداری مسری بوو کە بەهۆیەوە ئەرکی هێزی ئاسمانی ئیسرائیل بۆ سەر ئامانجەکانی مسری ئاسانتر دەبوو.

ئەرکی دەست بەسەرداگرتنی دورگەکە بە فەرماندەیی موناحیم دیگلی بە یەکەی شایەت ١٣ و سایەرەت سپێردرا و ڕافوڵ ئایتانی سەرۆکی ئەفسەرانی پەڕەشووتوانان سەرپەرشتی ئۆپەراسیۆنەکە بوو کە ساڵی ١٩٥٦ وەک ڕائیدێک

لە هەڵمەتی سینا سەرکردایەتی پەڕەشووتوانانی کردبوو و ڕۆڵی خۆی لە شەڕی شەش ڕۆژەدا بینیبوو، ئێستاش بووەتە ژەنەڕاڵ. ئەو درکی بەوە کرد کە بۆ ئەم ئۆپەراسیۆنە چل سەرباز پێویستە، وەک دیارە پەلاماردانی قەڵایەکی تۆکمە پێویستی بە هێزی ئاوی و وشکانی و شەڕی دەستەیەخە و ڕیسکی گەورەی گیان لە دەستدان هەیە.

بەپێی پلانەکە، دەبوو هێزی پەلاماردەر بە دوازدە قایەغی چوپی بپەڕنەوە، بیست کۆماندۆی سەر بە شایەتەت هێزی دزەکردن پێکدەهێنن و یەکەمجار دەنیشنەوە و دەبنە یەکەم لە پێنجەکان و تەواوی بەلەمەکانی دیش بیست سەربازەکەی سایەرەت هەڵدەگرن. شەڕڤانانی شایەتەت ڕێنوێنی کرابوون کە بە لایەنی کەمی سێ هەزار پێ بچنە ناو دورگەکەوە، دواتر لەوێوە بە مەلەوانی و خۆ نقوم کردن بچنە پێشەوە. لەو ساتەی توانیان پەرژینەکان بشکێنن و پێ لەسەرعەردی دورگەکە دابنێن تەواوی بەلەمەکانیان ئاگادار کردەوە تەنیا میلێک واوەتر لە چاوەڕوانیدا بن. لەسەر سەربازانی شایەتەت پێویستبوو بە چەک و کەلوپەلە سەربازەکانیانەوە کە کێشیان لە هەشتاو هەشت پاوەند زیاتربوو بە مەلەوانی بپەڕنەوە و بە پەتێک بە سەرکردەی فەرماندەکەوە ببەسترێتەوە. ئەمەش ئەرکێکی سادە و ئاسان نەبوو.

دوای دروستکردنی نموونەی دورگەکە و مەشق پێکردنی تیمی پەلاماردەر، بڕیاردرا لە شەوی ١٩ی حوزەیران لە نێوان کاتژمێر ١:٣٠ بۆ ٢:٣٠ ئۆپەراسیۆنەکە ئەنجام بدرێت. بە ماوەیەکی کورت بەر لە کاتژمێری سفر، ئایم بارلیڤی سەرۆکی ئەرکان کە پیاوێکی سووکەڵەبوو بەردەوام شەپقەیەکی ڕەشی سەربازی گولەنەبڕی لەسەر دەکرد گەیشتە خاڵی گردبوونەوە. لە ئاخافتندا، بارلیڤ کەسێکی هێمن و لەسەرخۆبوو، بۆیە قسەکانی هەر زوو کاریگەریان لەسەر گوێگرانی جێدەهێشت. لە گفتوگۆیەکدا لەگەڵ سەربازەکاندا جەختی لە زیان و قوربانییەکان کردەوە و ڕایگەیاند ئەگەر ژمارەی قوربانیان لە ڕێژەی

سـەدا دە زێـتر بـوو، واتە ئۆپەراسـیۆنەکە شکسـتخواردووە. ئەو لێدوانەشـی لەسـەرینی ئەو زیـانە گەورانە بـوو کە لە نۆکەنـدەکەدا وەبەر هێـزی بەرگـری ئیسـرائیل کەوتبـوو، چـونکە بە لای سـەرۆک ئەرکـان ئەنجامـدانی ئەرکێـک بە قوربـانییەکی زۆرەوە مەترسـییەکی گەورە لەسـەر ورە و سـوودەکانی دەسـت بەسەرداگرتن دروست دەکات.

کـاتژمێر ٨ی پاشـنیوەڕۆی ڕۆژی ١٩ی حـوزەیران بەلەمەکـان و ژێرئـاوە گچکەکان کە بە "پیگ" ناسراوبوون خزینە ناو ئـاوەکە و سـەربازەکانیش بەرەو شوێنەکەیان ملی ڕێیان گرت، شـەڕڤانانی شـایەتەت ئامـادەی چـوونە ژێـر ئـاو بوون و جلوبەرگی ژێرئاویان لەبەر کردبوو، هەموو پێداویستییەکی چوونە ژێـر ئاویـان پێبـوو هەر لە ئۆکسـجینەوە تـا چـاکێتی ڕزگـاربوون و نـارنجۆک و ڕەشاشەوە. کاتژمێر یازدەی پاشنیوەڕۆ گەیشتنە خاڵی چوونە ژێرئاو، سێ هەزار پـێ دوور لە ئامانجەکەیـانەوە و بەرەو دورگەکە دەسـتیان بە مەلەوانـی کـرد. دواتر ئاڵۆز و سەختییەکان دەستیان پێکـرد: بیسـت سـەربازەکەی شـایەتەت بە دوو پەتەوە ڕیزیان بەستبوو کە هەر یەکیان دە سەربازی ڕادەکێشا و نـزیکەی نەوەد پاوەنـــد کێشـــیان بـــوو، کێشـــەکان گـــران و ژمـــارەکەش گەورەبـــوو، شەپۆڵەکانیش زۆر لەوە بەهێزتربـوون کە مەزەنـدە کرابـوو، بـۆیە هاوسـەنگی خۆیـان لە دەسـتدا، هەنـدێک لە پیاوەکـان پەرشـوبڵاو بـوون و بە زەحـمەت هەوڵی چوونە پێشەوەیان دەدا. دۆڤ بار، فەرماندەی شەپۆڵی یەکەم بڕیاریـدا زووتر لەوەی پلانی بۆ دانرابـوو بچنەژێـر ئـاو، بەڵام دەرکەوت کە ئەمە ئاسـان نییە. هێزەکە بەهۆی گوڕی شەپۆڵەکانە لە ڕێچکەی خۆیان لایاندا، نیو کـاتژمێر دواتر کاپتن بار هاتە سەر ڕووی ئاو و بۆی ئاشـکرابوو کە ئەوان دوو هەزار پـێ لە ئامانجەکە دوورن. کاتژمێر ١٢:٣٠ی بەیانی بوو، ئایتـان و ئـالمۆگ چـاوەڕێی هەواڵـی تـازە بـوون و لە بێـتەلەوە بانگیـان ڕادێـرا و پێشـبینی گوێبیسـتی ئەوەبوون کە پەرژینەکە دەمێکە بڕاوە تا ڕێگە بە سـەربازانی سـایەرەت بـدەن

ببردرێنە گۆڕەپانی جەنگ، بەڵام هێزەکە تەنانەت نەگەیشتبووە دورگەکەش.

لە لای خۆیەوە باڕ بڕیارێکیدا: بڕیارم داوە هەر دەبێت بە ئامانجەکە بگەم، بۆیە بە لامەوە گرنگ نییە چ ڕوویدات. بانگەوازی لە هەمووان کرد بێنە سەر ئاو و بە مەلەوانی لە ڕۆیشتن بۆ پێشەوە بەردەوام بن، ئەمەش پێچەوانەی پلانە پەسندکراوەکە بوو کە بەرلەوەی بگەنە ئامانجەکە جارێکی دی بڕۆنە ژێر ئاو. هەروەها تریفەی مانگە شەو مەترسییەکی دیکەی ئاشکرابوونیان بوو، بەڵام باڕ هەر هێمن بوو. دواجار پاش نیو کاتژمێری دیکەی مەلەوانی بە دورگەکە گەیشتن.

کاتژمێر ١:٣٨، کاتێک جلی چوونە ژێر ئاویان داکەند، دوای هەشت چرکە لە وادەی دیاریکراوی دەست پێکردنی ئۆپەراسیۆنەکە، تیمی ئۆپەراسیۆن بە ئاسانی یەک پەرژینیان بڕی، بەڵام دووی دیکەیان بەدیکرد کە بڕینیان کاتی زیاتری دەویست. لە یەکەم تێبینیدا پلانداڕێژەران بەو ئاکامە گەیشتن ڕەنگە کەلێنی دی لە نزیک ئەو پەرژینە هەبێت. یەکێک لەو سێ سەربازەی لە بن پردە بچووکە بوون جگەرەی لە دەستبوو، پێدەچوو پاسەوانی مسری بن، بۆیە ئەگەر هەیە پەرژینی ناوبراو پێ بزانن، ڕێک لە خوار سەنگەری مسرییەکان بوو. سەرۆکی تیمی دزەکردن ترسی لە ئاشکرابوونی هێزەکە هەبوو، بۆیە بڕیاریدا بە دەستڕێژی سەراسیمەیان بکات، بۆ ئەنجامدانی ئەمەش یەکەم تەقەی دەست پێکردنی ئۆپەراسیۆنەکەی کرد. بەم تەقەیە شەڕەکە دەستی پێکرد.

دەستبەجێ مسرییەکان وەڵامی تەقەکەیان دایەوە و گوللە بەسەر سەری کۆماندۆکان ویزەیان دەهات، کەمتر لە خولەکێک گولەی ڕۆناک کەرەوەیان هەڵدایە ئاسمان و تەواوی دورگەکەی ڕوناک کردەوە، هێزەکەی ئیسرائیلیش بە بازووکە ئامانجەکەیان داکوتا.

هەر یەک لە ئاڵموَگ، دیگلی و ئایتان بە بیست سەربازەوە لە چاوەڕوانی ئاماژەی هاتنە گۆڕەپانی جەنگ بوون، بەڵام هیچ ئاماژەیەکیان بۆ نەهات، بۆیە کاتێک دەنگی تەقەیان بیست و تیشکی ڕۆناکیەکەیان بینی، ئاڵموَگ بڕیاریدا چیتر چاوەڕوان نەکات و فەرمانی بە بەلەمەکان کرد بەرەو دورگەکە پێشڕەوی بکەن.

بۆ ماوەی بیست خولەک، کۆماندۆکانی شایەتەت بە تەنێ جەنگان، هەرچەندە بڕیاربوو جەنگاوەرانی سایەرەت لە تەکیاندا شەڕ بکەن، دوای بڕینی پەرژینەکە ئەندامانی شایەتەت پێشڕەویان کرد و بە نارنجۆک و تەقە کەوتنە وێزەی ئەو سەربازە مسریانەی کە بە ڕێچکەی ئەواندا دەپەڕینەوە. ئیدی بەمشێوەیە گەیشتنە ناوەندی بیاناکە و یەکسەر تیمێک بەرەو سەربانەکە ڕۆیشت و تیمێکی دی بە مەبەستی کێوماڵ کردن بۆ ژوورەکان گەڕایەوە. سەربازێکی باڵابەرزی بە کەلەش بەناوی یاگوب پەندیک وەک مێڕەوینە(پێبلیکانە) لە ژێر سەربانەکە وەستا، دواتر نازناوی یاگوب مێڕەوینەی بەسەردا سەپا.

ئامی ئایلۆن لێیتونانتی یەکەم چووە سەر شانی و گەیشتە سەربان و تیمەکەی ڕایانسپارد تۆپ و ڕەشاشەکەی سەنگەرەکەی سەربانی قەڵاکە تێکبشکێنێ، چونکە لە کاتی مەشقکردنی تایبەت بەو ئەرکە شارەزایی لەبارەی سەنگەری جیاجیا پەیدا کردبوو. کاتێک گەیشتە سەربان یەکسەر پارچەیەک بەر نێوچەوانی کەوت و برینداربوو، دواتر لە گێڕانەوەیەکدا گوتی: "یەکسەر بە مەبەستی دروستکردنی پەنایەکی بچووک نارنجۆکێکی دوکەڵدارم هەڵدا و هاوارم لە زەڵی(زەڵمان ڕووت) کرد خۆی بگەیەنێتە سەربان تا پێکەوە بکەوینە وێزەی دوژمن، بەڵام نارنجۆکەکە نەتەقیەوە. ئەمجارە نارنجۆکێکی دیکەم بە ئاراستەی ئەو سەنگەرە هەڵدا کە تەقەی لێوە دەکرا، ئەویش نە تەقیەوە. زەڵی لە لای چەپەوە نارنجۆکێکی هەڵدایە سەر سەنگەرەکە لەگەڵ دەستڕێژییەکی

زۆر، منـیش ڕامکـردە سـەر سـەنگەری دووی مســرییەکان، ئەمجـارە تەقە لە سەنگەری ١٠ەوە هات کە پێشـتر تەقەی لـێم کردبـوو، بـۆیە گەڕاینـەوە دواوە، ئەو مسـرییەی بە چەکی ئۆتۆماتیکی تەقەی لێدەکردین، کەوت و سـەنگەرەکە گڕی گرت.

کاتێـک ئـایلۆن و ڕۆت کەوتبـوونە وێـزەی سـەنگەری تـۆپەکەی سـەربان، مسـرییەکان بە ڕەشاش تەقەیان لێیـان کـرد. ڕۆت هـاواری کـرد کە پەنجەکـانی پەڕیـون، بەڵام لە شەڕکردنیشــدا هەر بەردەوامبــوو. یەدیــدیا یائاری(دیــدی) گەیشــتە لای کۆمانــدۆکانی ســەربان بــۆ لێــدانی تــۆپی ســێیەم، بەڵام زوو برینداربوو: "گولەکەم لە قـاچی دەرهێنـا و وەکـوو کەروێشـک کەوت... ئەوان منیان بردە لایەک و جارێکی دیکەش دەموچاو و جەسـتەم پـارچەی نـارنجۆکی بەرکەوت و کەڕ و کوێری کردم... دەموچاوم دەسـووتاوە و نیـوە بە هۆشـبووم، بەڵام تێنەدەگەیشتم کە چی ڕوویداوە."

لەوکاتەدا شـەڕڤانانی سـایەرەت لە دورگەکە نیشـتنەوە و گەیشـتنە نـاو شەڕەکە. تەقەمەنی شایەتەت بەرەو تەواوبوون بوو. لەگەڵ ئەوەشـدا بـاڕ هەر لە گوشاری درێژەدان بە شەڕ بەردەوامبوو، دوو شەڕڤانی ناردە سەر سەنگەری پێـنج، بەڵام دەسـتبەجێ بە نارنجۆکێـک کـوژران، هەروەهـا نارنجۆکێشـیان بـۆ ئـایلۆن هەڵـدا و سـگوردی بە سـەختی برینـداربووبوو، تـا ئەو ڕادەیەی گـوێی لە لـرخەی خـۆی بـووە، بـۆیە بیـری کـردەوە کە نـۆرەی ئەوە، یەکسـەر گەڕایەوە دواوە و خۆی گەیاندە بەلەمی تیمەکەی.

هەندێ لە سەربازانی سـایەرەت چـوونە شـەڕی سـەربان. کـاپتن ئیهـود ڕام فەرماندەی تیم چووە پێش و خۆی لەسەربان درێژ کرد، کاتێک ڕاپۆرتی یەکێک لە پیاوەکانی وەرگرت گـوللەیەک بەر نێـوچەوانی کەوت و کـوژرا. دوای ئەوەی ڕام کوژرا دوو تیم بە مەبەستی خاوێن کردنەوەی گۆڕەپانەکە هاتنە خوارەوە و هەر لەوێ یەکێک لە پیاوەکان برینداربوو. دواتر بەهۆی سەختی بـرینەکەیەوە

مرد.

کاتژمێر ٢:١٥ی بەیانی، یالمۆگ فەرماندەی ئاگادار کردەوە کە تەقەکردنی مسرییەکان کپ بووە، بەڵام هێزەکەشی دووچاری کوشتن و برینداربوونێکی زۆر بووە. ئێستاش شەڕڤانان ١٧٦ کۆگای تەقەمەنیان لە باکوری قەڵاکە تەقاندۆتەوە، تەقینەوەیەکی گەورە ئەو دورگە بچووکەی هەژاند و هەرچی تۆپ و ڕەشاش هەبوو هەمووی لەناوبرد، خولەکێک دواتر ئایتان فەرمانی چۆڵکردنیدا. مسرییەکان لە سەنگەری سەرەکی دورگەکەوە تۆپبارانێکی قورسیان کرد و یەکێک لە بەلەمەکانی شایەتەتی تەقاندەوە.

دانی ئەڤینون کە یەکێک لە برینداەکانبوو دەڵێت: "کاتێک پرۆسەی چۆڵکردن دەستی پێکرد، من بۆ خۆم هەموو ڕاستییەکم دەزانی، چونکە بریندار و کوژراوەکان بە کن من تێدەپەڕین، ئێمە یەدیدیا یائارئامنمان هەڵکێشایە ناو بەلەمەکە و بڕوامان هەبوو مردووە و لە ڕێی بێتەلەوە ئەوەمان بە بارەگای سەرەکی ڕاگەیاند، بەڵام دواتر دەرکەوت تەنیا بریندارە.

دەوروبەری کاتژمێر ٣ی بەرەبەیان، لە کۆتایی جەنگدا بەلەمەکان بەرەو وڵات گەڕانەوە و شەڕڤانە کەترەکان و شەش کوژراو و یازدە برینداری هەڵگرتبوو. ژمارەی کوژراوەکانی مسر لە سەرووی سی کەس دەبوو.

لە ئاکامی ئەنجامدانی لێپرسینەوە لە ئۆپەراسیۆنەکە زیاتر لە چەند شکستێک ئاشکرا بوون، ڕاپۆرتە هەواڵگرییەکانی پەیوەست بە تەوژمی ئاو وەکو پێویست ورد نەبوون، ژمارە و ناسنامەی سەربازە جێگیرکراوەکانی مسری و ڕادارەکە و چەکی قورسی ماوە بەسەرچوو لە دورگەکەدا، هیچیان دروست نەبوون.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، ئۆپەراسیۆنی کەسک بە یەکێک لە سەرکەوتنە سەربازییە نایابەکانی هێزی بەرگری ئیسرائیل هەژمار دەکرێت تەنانەت

هەنـدێک کەس لەڕووی ئامادەکـاری و جێبەجێکردنـی لە گۆڕەپانـدا بە خـاڵی وەرچەرخـانێکی مێژوویـی توانـای سـەربازی ئیسـرائیلی دادەنـێن. لەوبـارەوە ئایتانیش قسەی خۆی کردووە "جێبەجێکردنی پەلاماری دورگەی کەسک شتێکی جیاکاری سەرکەوتنەکان بـوو، بەهـۆی ئەو ئۆپەراسـیۆنە ئـێمە ڕێـگەی میتـۆدی شەڕکردنمان تەخت کرد کە ئاسایشـمان بەهێزتـر دەکـات، چـونکە مسـرییەکان خەونیشیان بەو ئۆپەراسیۆنە ئازایە نە دەبینـی، بە ئەنجامـدانی توانـا و ئاسـتی خۆمـان پێشـاندا کە دڵنیـام لە بیردانـی چەنـد نەوەی دادێـدا بە زینـدوویی دەمێنێتەوە و بووە بیروەرییەکی دیار."

ڕۆژی دوای کۆتاییهـاتنی ئۆپەراسـیۆنە، وەک پیشـەی خۆیـان ڕۆژنامەکـان کەوتـــنە پیـــا هەڵـــدان: ڕووداوێـــک لە لایەن چەنـــدین نەوە یـــاد دەکرێتەوە...چیرۆکێکی ئەفسانەیی... پەلامارێک بـۆ سـەر قەڵایەکـی سـەختی دروستکراو لە بەرد و مەرجان... ڕووداوێک هاوشێوەی پەلامـاری بەریتانیـا بـۆ سەر دورگەی ناڤارۆن لە دەریای ئیجە لە شەڕی دووەمی جیهانیدا...

جێی وەبیرهێناوە، ئەو چەکـانەی ناڤـارۆن لە خەیـاڵی نووسـەر داهێـنراوە، بەڵام چەکەکانی دورگەی کەسک چیرۆکێکـی ڕاسـتەقینە بـوو، ڕۆژێـک دادێـت وەک ئەفسانە دەگێڕدرێتەوە.

مسـرییەکان بە بایەخەوە مامەڵەیـان لەگەڵ ئۆپەراسـیۆنەکەدا کـرد، ئەوەتە د. مســتەفا کابهـا لە لێکۆڵینەوەیەکیـدا بە ناونیشـانی" شـەڕی خوێنـاوی وەک ئەوەی لە ســەرچاوەکانی مســـری دا هــاتووە" نووســیویەتی: " لە شـــەڕی خوێناویـدا، ئەم ئۆپەراسـیۆنە خـاڵی وەرچەرخانێـك پێکـدەهێنێ، هەمـدیس سمبوڵی دەستپێکی قۆناغێکی نوێی شەڕە کە زۆربەی مســرییەکان بە قۆنـاغی شەڕی دژە خوێناوی ناو زەدیـان کـردووە و دەستپێشـخەری شـەڕی لە دەسـتی مسـرییەکان دەرهێنا و خستە ناو دەستی ئیسـرائیلییەکانەوە."

ئەدمیراڵ ئامی ئایلۆن، دواتر بوو بە فەرماندەی گشتی هێزی دەریایی

"كاتێك گەیشتمە سەربان، بە پێچەوانەی ئامادەكارییەكانی كردبوومان، بۆم ڕوون بوویەوە هیچ پەردە و پەنایەك نییە، چونكە مـن بە تەواوی لەبەرچـاو و سێرەی مسـرییەكاندا دیـاربووم. هەركە سـەرم بەرز دەكـردەوە گـولله بەسـەر سەرمدا گڤەی دەهات. دركـم بەوە كـرد كە ئیـدی مـن لە نێـوان ژیـان و مـردن دام... لەگەڵ ئەوەشدا بڕیاری درێژەدانمدا، دوای مـن زالـی هاوڕێشـم درێـژەی پێـدا، هەردووكـمان بە جـووتە هەڵمانكوتـایە سـەر چەپەرەكەی دوژمـن. هەر لەوێ دوو سەربازی مسـریم پەلەواژ كردووە، زاڵیش دووەكەی دیكەی پەلەواژ كردەوە... لەوێوە لە پێشڕەوی كردن ڕووەو چەپەرەكە بەردەوام بووین...

بە گـــوزارەی ئەمڕۆكینـــێ، نیشـــانەی پرســـیارێكی گەورە هەیە كە ئایـــا پێویستبوو ئەم ئۆپەراسیۆنە ئەنجام بـداربا؟ مـن پێمـوا نەبـوو، نە پاشەكشـە بە شەڕی خوێناوی بكات و نە توانای پیشـەگەری یـان نمایشـی ئاسـتێكی تـایبەتی پێشان بدات، وەك ئەوەی دوای ئۆپەراسیۆنەكە ئەو قسانە كران، بەڵام لەبارەی مـتمانە بە خۆكردنمـانەوە، لە ئەمـڕۆدا ئۆپەراسـیۆنەكە كـاریگەرییەكی گەورەی بەســەر هێــزی بەرگــری ئیســـرائیل و مــۆراڵی كــۆمەڵگەی ئیســـرائیل و هێــزە مســرییەكانی كەنارەكە جێهێشتووە.

لە گۆشـەنیگای شـایەتەوە دەخـوازم دان بەوەدا بنـێم، ئەم ئۆپەراسـیۆنە عەیبوعـاری پیشـەگەرەكانمانی خسـتەگۆڕی، چـونكە ئەم ئۆپەراسـیۆنە لەڕووی تایـپ و لە مێـژووی شـەڕدا یەكەمجـار بـوو هێـزی دەریـایی حـیلەی ژێرئـاو بەكاربهێنی بۆئەوەی لە ژێرئاو بە ئامانجی دوژمن بگات و لەوساتەی سەری لە ئاو دەرهێنا شەڕ دەست پێ بكات."

دوای شەڕی شەش ڕۆژە پەیوەندییەکانی نێوان ئیسرائیل و ویلایەتە یەکگرتووەکان پێشڤەچوونێکی دراماتیکیان بەخۆوەبینی. لە سەردەمی فەرمانڕەوای هەر یەک لە سەرۆک جۆنسۆن و نیکسۆن ویلایەتە یەکگرتووەکان بووە دابینکاری سەرەکی چەک بۆ ئیسرائیل، دوای ئابڵوقەکەی دیگۆڵ کە لە لایەن جۆرج پۆمپیدۆی جێگرەوەکەی دیگۆڵ توندتر بوو.

# پاژی نۆیەم
# وەزیری بەرگری فەڕەنسا: بۆمبارانی ئیسـرائیلییەکان بکە"
# ٢٤ی دێسەمبەری ١٩٦٩

خـاوەنی کـافێی دو پـاریس لە شـاری چێربـۆرگی کەنـاری فەڕەنسـادا بە دوودڵـــیەوە چـــاوی لە دەروازەکە بڕیبـــوو. ئەو ئێـــوارەیە ژمـــارەیەکی زۆری کڕیاریـاران کە ڕوویـان لە چێشـتخانەکەی کـرد، خواردیـان و خواردیـانەوە و گۆرانیـان گـوت، بەڵام ئەو چـوارده میـوانەی بـۆ ژەمـی کریسـماس مێزێکیـان گرتبـوو، نەهـاتبوون و هەتـا دوای نیوەشـەو، کـولێرەی فـۆی گـراس، قەلـی سوورەوەکراو و شامپانیاکان لەسەر مێزەکە بێناز مابوونەوە. خاوەنە کڵۆڵەکەی چێشـتخانەکە بـێ ئاگـابوو لەوەی ئەو چـوارده کەسـە لەگەڵ ١٠٦ هـاوڕێی دیکەیاندا ئێوارەکەیان لەناو پێـنج بەلەمـی مووشـەکی لە بەنـدەرێکی سـڤیلی شاردا لەگەڵ باهۆزی هاروهاجی شەپۆلەکاندا بەسەر دەبرد و نزایان دەکرد ئەو باهۆزە بە خێرایـی بەسـەر ئیسـرائیل تێپەڕێـت. بـاهۆزە گەورەکە هەڕەشـەی نغرۆبوونی لە بەلەمێکی ئیسـرائیلی خودان گـرنگترین ئەرک کـرد کە بە فەرمـی پێـی دەگـوترا ئۆپەراسـیۆنی (Noa)، بەڵام دواتـر لە ئاسـتی میللیـدا بە نـاوی "بەلەمەکانی چێربۆرگ" ناوندێر کرا.

کێشەکە دوو ساڵ و نیو پێشتر لە مانگی حوزەیرانی ١٩٦٧ دەستی پێکردبوو، لە سەردەمی شەڕی شەش ڕۆژەدا، چارڵس دیگۆڵ سەرۆکی فەڕەنسا، دەستبەرداری سیاسەتی پرۆ ئیسرائیل بوو و ئابڵوقەی فرۆشتنی چەکی بەسەر ئیسرائیلدا سەپاند. نوێنەرانی وەزارەتی بەرگری ئیسرائیل بە یارمەتی هاوپشتەکانیان لەناو سوپای فەڕەنسادا بۆ ئاودیوکردنی چەکە چالاکەکان لە فەڕەنساوە بۆ ئیسرائیل شەو و ڕۆژیان بەسەریەکەوە گرێدابوو، بەڵام بەشێک لە داواکارییەکان هێشتا لە کارگەکانی فەڕەنسادا تەواو نەببوون لەگەڵ پازدە فرۆکەی شەڕکەری میراژ و دوازدە بەلەمی تیژڕۆوە. کارگەی دروستکردنی بەلەمەکان لە لایەن فلێکس ئامۆیت بەڕێوەدەبرا کە دۆستی ئیسرائیل بوو، نزیکەی دوو سەد ئیسرائیلی بە فەرمانبەرانی هێزی دەریایی و خێزانەکانیانەوە لە چێربۆرگ دادەنیشتن، لە لایەن خەڵکەکەوە زۆر بە گەرمی پێشوازی کرابوون، ئەمە مایەی سەرسوڕمان نەبوو، چونکە دروستکردنی بەلەم ژیان و گوزەرانێکی باشی بۆ هەزاران خێزانی فەڕەنسی مەیسەر کردبوو.

لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا چەند ڕێگەیەک بۆ شکاندنی ئابڵوقەکەی فەڕەنسا هەبوو و ئیسرائیل دوای تەواکردنیان لەو دوازدە بەلەمە پێنج بەلەمی وەرگرتبوو، بەڵام لە ٢٨ی دێسەمبەری ١٩٦٨ دوا بە دوای هێرشێکی تیرۆرستی دژ بە کۆمپانیای ئەئال لە ئەسینا کە لە لوبنانەوە ڕاهاتبوون، سەرلەبەری دۆخەکە ئاوەژوو بوو، چونکە ڕافوڵ ئایتان و پەڕەشووتوانەکانی لە فرۆکەخانەی بێروت نیشتنەوە و سێزدە فرۆکەی هێڵی ئاسمانی سەر بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی تەقاندەوە. ئەمەش دیگۆڵی تووڕە کرد، چونکە پەڕەشوتوانان هەلیکۆپتەری فریلۆنی فەڕەنسیان بەکارهێنابوو. لە سەرینی ئەمەوە یەکسەر برووسکە بۆ سەرجەم ئەو کارگە فەڕەنسیانە بە تایبەتی چێربۆرگ کرابوو کە چەکیان بۆ ئیسرائیل دروست دەکرد. دۆستە فەڕەنسیەکانی ئەدمیراڵ مۆردەخای لیمۆن(مۆکا)، سەرۆکی شاندی وەزارەتی

بەرگری ئیسرائیل لە پاریس، بابەتی برووسکەکەیان پێڕاگەیاندبوو، ئەویش بە نۆرەی خۆی داوای لە کۆڵۆنێل هادار کیمچی، ئەفسەری بەرپرسی پرۆژەی دروستکردنی بەلەمەکان کرد دەستبەجێ بەلەمە تەواوکراوەکان(ئاکۆ Akko) و (تێمپیستی sa,ar) کە لە دوا قۆناغی تەواوکردندابوون بۆ ئیسرائیل بنێردرێن، بەڵام لیمۆن فەرماندەی پێشووی هێزی دەریایی ئیسرائیل فەرمانی کرد کە دەبێ بە پەنجا تۆن سووتەمەنیەوە بار بکرێن. لێیتونانت کۆلۆنێل مۆسی تاباک بەلەمەکەی بە تەواوی پێویستەکان ئامادەکرد وەک ئەوەی داواکرابوو بە مەبەستی مەشق چووە ناو زەریاوە. چەند ڕۆژێک دواتر ئاکۆ و تێمپیست گەیشتنە ئیسرائیل.

بەلەمە مووشەکییەکان بارێکی تایبەتیان هەبوو: پارەی هەمووان بە تەواوی درابوو(بێجگە لە پێنج بەلەمی تیژڕۆ نەبێت کە تەواو نە ببوون) مۆڵکایەتیان بۆ ئیسرائیل دەگەڕایەوە، وێڕای ئابلوقەکەی دیگۆڵ، بەڵام دەستیان بە ڕۆیشتن کرد. لە سەرینی ئەمەوە ئەفسەرە فەڕەنسییەکانی چێربۆرگ بە دوورخستنەوەیان لە بەندەری سەربازییەوە بۆ ناوچە سڤیلەکان بڕیاری سزادانی هێزی دەریایی ئیسرائیلیاندا. ئەوەش ڕوون بۆوە کە ئابلوقەکە لەسەر پێنج بەلەمە تەواو نەکراوەکەش دەمێنێتەوە کە لە دوا قۆناغی دروستکردندا بوون. ئەم سیاسەتە تەنانەت لە ڕۆژانی سەرۆک پۆمپیدۆش بەردەوامبوو.

شەڕی خوێناوی ئیسرائیل لەگەڵ مسر کە لەوپەڕیدا بوو، پێویستی بە زیادکردنی بە پەلەی یارمەتی دەریایی هەبوو. هەر ئەوکات لیمۆن کە پیاوێکی هێمن و سەنگین بوو بەرەو ئیسرائیل فڕی و بۆ بە دەستهێنانی بەلەمەکان سێ ڕێگەچارەی خستە بەردەم سەرۆکی دامەزراوەی بەرگری ئیسرائیل.

یەکەم: دەبێ ئارام بگرین تا ئەو ئابلوقەیە هەڵدەگیرێت کە ڕەنگە چەند ساڵێک درێژە بکێشێت.

دووەم: ئاودیوکردنیان لە چێربۆرگەوە بە ڕێگای نایاسایی.

سێیەم: داڕشتنی پلانێکی یاسایی بۆ فریودانی حکوومەتی فەڕەنسا و بە دەستهێنانی هەر پێنج بەلەمەکە لە ڕێگەی فرۆشتنیان بە لایەنی سێیەم بۆئەوەی دواتر ڕادەستی ئیسرائیلیان بکات.

مۆشی دایان، وەزیری بەرگری و تزڤی تزوری جێگری بۆ خۆ بەدوور گرتن لە یاسا شکێنیدا مەیلیان لە گرتنەبەری ڕێگەی سێیەم نەبوو، بەڵام ژەنەڕاڵ ئەڤراهام پۆتزەری(چیتا)، فەرماندەی گشتی هێزی دەریایی و ژەنەڕاڵ بنیامین تەلەمی(بینی) جێگری لەگەڵ پلانەکە هاوڕابوون کە پێویستە تا ئامادەبوونیان چاوڕوان بن بەرلەوەی بیانهێننەدەرەوە. کۆمپانیای کەشتیەوانی ئیسرائیل دوو بەلەمی(دانی و لیای) خستە خزمەت پرۆسەکەوە و دوو تانکی گەورەی سووتەمەنی لەسەریان دانا بۆئەوەی سووتەمەنی بە بەلەمە مووشەکیەکانی هێزی دەریایی بدات کە لە ڕێگەی چێربۆرگەوە بۆ ئیسرائیل دێن. یەکێک لە بەلەمەکان لە پشت جەبەلتاریقەوە چاوەڕوان بێت ئەوەی دی لە باشووری ماڵتاوە. کۆمپانیای زیم دوو کەشتی دیکەی بە ناوەکانی(ناتانیا و تیبەریاس) بۆ حاڵەتی ترسناک لەناو دەریادا دروست کرد. یەکێکیان بۆ ڕاکێشانی بەلەمە مووشەکە لەکارخراوەکان، ئەوی دی بۆ دەربازکردنی تاقمی دەریایی.

لە ئاخروئۆخری ئابی ١٩٦٩ کارکردن لەسەر دروستکردنی چوار لە پێنج بەلەمەکە تەواوبوو. باهۆز(سوفا)، ڕم(هاتین)، بورکان(گائیش) و شمشێر(هەرەڤ)، بەلەمی پێنجەم کە ناوی تیر(هەتز) بوو، قەولبوو لە دێسەمبەر ڕادەست بکرێت.

لە مانگی سێپتەمبەر، لیمۆن چاوی بە مۆردەخای فریدمانی دۆستی، سەرۆکی جێبەجێکاری کۆمپانیای نیتیڤی نەفت کەوت کە کۆمپانیایەکی دەوڵەتی ئیسرائیلی بوو نەوتی لە ئەبورودیس لە سینا دەگواستەوە. لیمۆن و

فریـدمان بەدوای نێوەنـدکارێک دەگەڕان بەلەمەکـان لە فەڕەنسـا بکڕێـت، بـۆ ئەمەش چاویان لەسـەر کۆمپانیـای ئەکەرزی نەرویجـی بـوو کە بە دوای نەوت دەگەڕا و سەرۆکەکەشـی نـاوی مـارتن سـیم، ئەنـدازیار و پـاڵەوانێکی جەنگـی دووەمـی جیهـانی بـوو و پێشـتر سـەرکردایەتی جـوڵانەوەیەکی نهێنـی دژ بە نازییەکانی لە نەرویج دەکرد و دۆستێکی نزیکی فریدمان بوو.

دواجار لیمۆن بەو ئاکامە گەیشت کە باشـترین کـاتی وەرگرتنـی بەلەمەکـان جەژنی کریسماسـی ١٩٦٩ -٥، چـونکە ئەو شـەوە فەڕەنسـییەکان بە یـادەکەوە سەرقاڵن و ئێشکگری لە کزی دەدات و لەو کاتەشدا تیر ئامادەی چوونە ناو ئاو دەبێت.

لە مـانگی ئۆکتـۆبەر لیمـۆن و فریـدمان لە کۆبنهـاگن سـیمیان بینـی و پێیراگەیانـدن نەرویجییەکـان ڕەزامەنـدی کـڕینە خەیـاڵییەکەی بەلەمە مووشـەکدارەکانیان داوە، بەڵام نـاتوانن لە ڕێـگەی ئـاکەرزەوە ئەو سـەودایە ئەنجام بدەن، بەڵکـو لە ڕێـگەی کۆمپانیـای سـتاربۆت ئەوە دەکەن کە لە پەنـا تۆمار کرابوو.

ئۆپەراسیۆنی نوا بەردەوامبوو، کۆمپانیای سـتاربۆت پەیوەنـدی بە ئـامیۆت کردوو و گرنگی خۆی بە بەدەستهێنانی چـوار بەلەم لە شـەش بەلەمە تیـژڕۆکە نیشاندا تا لە گەڕان بە دوای نەوت لە باکوری دەریا (هەر بە ڕێکەوت) بەکاری بێنێت، دواتر لیمۆن بە چاو داگرتن پێیراگەیانـدین، "داواکارییەکـانی سـتاربۆت لەگەڵ خەسڵەت و تواناکانی بەلەمەکانی چێربۆرگ دێتەوە."

ئـامیۆت وەڵامـی دایەوە کڕیـاری بـۆ ئەوانە هەیە کە ئەو بەلەمانەیـان دروست کـردووە، بەڵام ئەگەر کڕیارەکـان وازیـان لە کڕینـی بەلەمە تیژڕۆکـان هێنـا، ئەوە بە کۆمپانیـای سـتاربۆتیان دەفرۆشـێت. وەزیـری بەرگـری فەڕەنسـا کەسێکی زۆر بە جۆش بوو، ئەگەر ئیسـرائیل بە دەست هەڵگرتن لە بەلەمەکان

ڕازی بێت و بە لایەنی سێیەمی بفرۆشن پرسێکی وەڕسکار چارەسەر دەبێت. لە لای خۆیەوە، لیمۆن وای نیشاندا کە لەو سەودایە بە گومانە و دوای سێ هەفتەی دی ئەوجا بە داواکەی فەڕەنسا قایلبوو. سەوداکە تەواو بوو و پێپیەڕەکان واژوو کران. بەناوی ستاربۆت لە تەنیشت بەلەمە مووشەکیەکان تابلۆ دانرا و بە کەرەمێکی زۆرەوە لیمۆن ڕازیبوو کە تاخمی بەلەمەوانی ئیسرائیلی، بەلەمەکان لێخوڕن. لیمۆن و سایمن بە نهێنی ڕێککەوتنی هەڵوەشانەوەی تەواوی سەوداکەیان لەگەڵ فەڕەنسییەکان واژوو کردبوو.

بە قسەی کیمچی، فەرماندەی ئۆپەراسیۆنەکە، گرێبەستی سەوداکە دورودرێژ و پڕ لە وردەکاری بوو، بەڵام ئاماژەی بەوەشدا "دوا مەنزڵگەی" بەلەمەکان کۆمپانیایەک بوو کە کاری گەڕان بە دوای نەوت لە نۆکەندی سوێس بوو، لە ڕاستیدا ئیسرائیل بوو. سەرەنجام، بەر لەوەی بیرۆکراسە فەڕەنسییەکان بە قوڵی لە گرێبەستەکە بکۆڵنەوە، پێویستبوو پەلەپروزێ لە شتەکان بکرێ و بەلەمەکان لە فەڕەنسا دەربهێنرێنە دەرەوە.

لەوپەڕی نهێنیدا، هەشتا لە ئەفسەرە هەرە باشەکانی هێزی دەریایی ئیسرائیل و دەریاوانان بردرانە چێربۆرگ، ئەوانە بە جلوبەرگی سڤیلی بە شەمەندەفەر گەیشتنە بەندەری شار لە پاریس. لە نێو خۆیاندا قەدەغە بوو بە زمانی عیبری بئاخڤن بۆئەوەی سەرنجی کەس بە لای خۆیاندا ڕانەکێشن. هەر لەبەرئەوە لە چێربۆرگ لە ئەپارتمانی تایبەتی دابەزین و لەناو بەلەمەکانی خۆیاندا مانەوە. ژمارەی هەر تاخمێک بیست و چوار کەس بوو و کۆی گشتیشیان بۆ هەر پێنج بەلەمە مووشەکدارەکان ١٢٠ دەریاوان بوو. لە پاڵ ئەو هەشتایەی لە ئیسرائیلەوە ڕاهاتبوون، پێشتر لە چێربۆگ لە نێو هێزی دەریایی ئیسرائیل چل دەریاوانی دی هەڵبژێردرابوون. کاتێک ڕۆژی دیاریکراو نزیک بۆوە، دەریاوانەکان بە بێدەنگی لە زۆر شوێندا خۆراکێکی زۆریان بۆ بەشی ١٢٠٠ ڕۆژ کڕی بەرمەبنای ئەو ١٢٠ دەریاوانەی بۆ ١٠ ڕۆژ لەناو دەریا

دەمێنــــنەوە. لەبەرئەوەی سیســـتەمی پەیوەنـــدی کردنـــی بەلەمەکـــان تەواو نەکرابوون، ئیسـرائیلییەکان بەناو شـار بڵاوەیـان کـرد و هەوڵـی بەدەسـتهێنانی وۆکی تۆکی مەودا سێ چـارەگ میلیـان دەدا. دواجـار لە کۆگـایەکی کەلـوپەلی یــاریکردن دەســتیان کەوت، شـــەوانە دەریاوانەکـــان کاریـــان بە مەکیـــنەی بەلەمەکان دەکرد بە بانگەشەی ئەوەی لە شوێنی لەنگەرگرتندا کەموکورتی وزە هەیە و خەڵکی شاریش لە گوێگرتنی بەردەوامی نەڕەنەڕی مەکینەکـان ڕابـێن. ئەو دەمەی کەشتییەکانی کۆمپانیای زیم دەستیان بە سەوڵ لێـدان کـرد، ئەوان لە پێشی پێشەوە شوێنی خۆیان بگرن.

لە شەوی کریسماسـدا هەمـوو شـتێک ئامـادەبوو. تیمەکـان چووبـوونە نـاو بەلەمەکان. ئەدمیراڵ لیمـۆن، هـادار کیمچیـی جێگـری، ئەزرا کەدەم(شـارک) و فەرماندەی هەر پێنج بەلەمەکە لە ماڵی فەرماندەی شمشـێر دانیشـتبوون. ئەو ڕۆڵەی بە فەڕەنسـییەکان سـپێردرابوو بە تەواوی دەیـانگێڕا و بە دیـار جەمـی کاتژمێری دیاریکراوی ئاهەنگەکە دانیشتبوون.

تاکە هۆکار کە ڕۆڵی خۆیان نەگێڕا: سەقا بوو.

بـاهۆزێکی دژوار لە دەریایـدا و لە ڕۆژئـاواوە شـەپۆلێکی قەبە بەرزبـۆوە، دەریاوانەکان بە ڕێژەی ٧-٩ یـان مەزەنـدە کـرد کە کارەسـاتێکی وێـرانکەرە بـۆ هەر کەسێک دژی بوەستێتەوە.

کات تێدەپەڕی و دەریاوانەکـان هەمـوو زانیارییەکەیـان لەبـارەی شـوێن و جـووڵەی بـاهۆزەکە کـۆکردەوە. لیمـۆن بڕیاریـدا ئەو شــەوە وەڕێ بکەوێــت، ئەگەرنا تەواوی پلانەکە دادەڕما، بەڵام بێگومان دوا بڕیـار لە کـن کیمچـی بـوو. کاتژمێر ١٠ی بەیانی، ١١ی پاشنیوەڕۆ، نیوەشـەو... بـاهۆزەکە بە گـوڕتر بـوو و گرژییەکان پەرەی سەند، کیمچی بڕیاریـدا دوا بڕیـاری بـۆ کـاتژمێر ٢ی بەیـانی دوابخات. دوای کاتژمێر ١ی بەیانی نوێکردنەوەی باری سەقا گەیشت و هیـوای

دەریاوانانی بوژاندەوە، ئاراستەی با دەگۆڕێ و باهۆزەکە ڕووی لە سکۆتلاند و ئەسکەندەناڤیایە، دە خولەک دواتر پێشبینییەکی دیکەی سەقا گەیشت: بە کردەنی با ڕێڕەوی خۆی گۆڕی.

تاخمی دەریاوانان بە گەرموگوڕییەوە بەلەمەکانیان بۆ ڕۆیشتن ئامادەکرد. مەکینەی بەلەمەکان بە نەڕەنەڕ وەگەڕکەوتن و کاتژمێر ٢:٣٠ فەرمانی ڕۆیشتن درا. سەرەتا شمشێر، دواتر چوار بەلەمەکەی دی بەرەو دەریا فرەوانەکە وەجووڵە کەوتن، کاتێک لە تاریکیدا لەبەرچاوان دیار نەمان، لەپێناو پوچەڵکردنەوەی هەر پشکنینێکی لەنکاوی پۆلیس، ئۆتۆمبیلی شاندی وەزارەتی بەرگری ئیسرائیل دەروازەی بەندەرەکەیان داخست. لە هوتێلی ئەتلانتیک کە دەیڕوانیە دەریا، لە پەنجەرەکانەوە بە پچڕ پچڕی گلۆپەکان دادەگیرسان و دەکوژانەوە، وەک بڵێی خێزانی هەندێ لە دەریاوانەکان کە لەوێ دەژیان ماڵئاوایی لە ئازیزانیان بکەن.

بەندەرەکە چۆڵ بوو، لیمۆن دوا کەس بەندەرەکەی جێهێشت. کاتژمێر ٣:٣٠ ئامیۆتی لە خەو هەستاند و پێیڕاگەیاند کە بەلەمەکان بەرەو ئیسرائیل وەڕێکەوتن، ئامیۆت بە توندی لیمۆنی لە باوەش گرت و لە پرمەی گریانیدا. لیمۆن چەکێکی بە ٥ ملیۆن دۆلار دایێ کە دوا چەکی هەقدەستی دروستکردنی بەلەمەکان بوو.

پێنج بەلەمەکە بەناو دەریا هاروهاجەکە کەوتنە ڕێ و شەڕێکی سەختی شەپۆڵەکانیان کرد، چەندبارە پەیوەندیان بە بارەگای سەرەکی دەریاوانی ئیسرائیل پچڕا و مەکینەکان بە ڕێکوپێکی کاریان نە دەکرد. هەرچەندە پلانە ئۆڕیجنالەکە جێبەجێکرا؛ لە ٢٦ی دێسەمبەر دیدارەکەیان لەگەڵ لیئاه ڕوویدا و بەنزینی خۆیان وەرگرت، بەڵام لەبەر ئاڵۆزییەکی پێشبینی نەکراو زۆر هێواش دەڕۆیشتن، دووەم بەنزین تێکردن لە باشووری ماڵتا ڕوویدا. ناخۆشترین گرفت ئەوەبوو کاتێک ئاو چووە ناو مەکینەی تیر، لەبەر نەبوونی پێوەری گونجاو،

دەریاوانەکان ناچاربوون سووتەمەنیەکە تام بکەن تا بزانن، ئایا بە هۆی سوێری ئاوی دەریاوە تێکچووە یان نا، نەبادا مەکینەکان پەکبخات. دوای چەند جار تام کــردن، کێشــەکە چارەســە بــوو، بەلەمەکــان لە ڕۆیشــتن بە ڕێــگەی خۆیانــدا بەردەوامبوون.

بــاهۆز لە دەریــای ناوەڕاســت هێوربــۆوە، بەڵام لە جێگەیەکــی نــوێ لە (ڕاگەیاندنی نێودەوڵەتی) هەڵیکردەوە: نزیکەی دوو ڕۆژ بەسەر ئاهەنگەکـانی کریســماس و زانینــی جیهــان بە ســەر دیارنەمــانی بەلەمەکــان لە چێربــۆرگ تێپەڕیبــوو. پەیــامنێران لە پــاریس لە کارمەنــدانی باڵیۆزخــانەی ئیســرائیلیان دەپرسی: بەلەمەکان لە کوێن؟

دیپلۆماتکارەکان بە سەر پێیی وەڵامیان دەدانەوە کە "بەلەمەکان چیـتر ئـی ئێمە نین، ڕەنگە بەرەو نەرویج ڕۆیشتبن"، بەڵام هەلیکۆپتەری ئیسپانی و دواتر فڕۆکەی سووکی بـی بـی سـی ئاشـکرایان کـرد کە بەلەمەکـان لەنـاو دەریـان و ڕاگەیاندنی جیهـانیش بڵاویـان کـردەوە "بەلەمەکـانی چێربـۆرگ بە بـن لـووتی فەڕەنسییەکان تێیان تەقانـدووە." مانشـێتی سـەرەکی لاپەڕەی یەکەم و وتـاری گەورەی نەخشــێنراو بە وێــنەی لە ئاســمان گیــراودا ڕۆژنامەکــانی جیهانیــان داپۆشیبوو. ئیسـرائیل بەو ئۆپەراسیۆنە ئاڵۆزە ناوبانگی پەیـدا کـرد، بەڵام گـاڵتە بە فەڕەنسا دەکـرا. کاتێـک ڕۆژنامەکـان ئاشـکرایان کـرد بەلەمەکـان لە ڕێـگەی دەریـای ناوەڕاسـتەوە بەرەو ئیســرائیل دەڕۆن، هەڵلایەکـی گەورە لە ئۆسـلۆ قلیشایەوە و سیم ناچـاربوو وەڵامـی پرسـیارە قـوڕس و ڕووگیرەکـان بـداتەوە، هەروەها لە پاریس کە حکـوومەتی فەڕەنسـا خـۆی وا هـاتە بەرچـاو کە فێڵـی لێکراوە و چەواشە کراوە. میشێل دیـبرێ، وەزیـری بەرگـری فەڕەنسـا کە پێشـتر پشــتیوانکارێکی سەرســەختی ئیســرائیل بــوو، بەڵام داوای کــرد دەبــێ بــۆ وەستاندنی بەلەمەکان سەرۆک ئەرکانی گشتی هەمـوو ئـامرازێکی پێویسـت بە کاربهێنێـت، تەنـانەت ئەگەر بە بۆمبارانکردنیـان لە ئاسـمانەوەش بێـت، بەڵام

جاک چابان دەڵماس، سەرۆک وەزیران داواکەی ڕەتکردەوە.

دوو لە بەلەمەکان بەهۆی کێشەی کلاچەوە لە دواوە شەلە شەلیان بوو و سێشیان لە بەرایی کاروانەکە بەرەو ئیسرائیل دەڕۆیشتن کە تەواوی وڵات لە چاوەڕوانی گەیشتنیان بوو. لە کۆتاییدا لە حەیفا لەنگەریان گرت و لە لایەن وەزیری بەرگری، سەرۆکی ئەرکانی گشتی و فەرماندەی گشتی هێزی دەریاییەوە بە گەرمی پێشوازی کران.

ئۆپەراسیۆنی نوا بە پێی ئەو پلانە بەڕێوەچوو کە دانرابوو، ژمارەیەک ژەنەراڵی فەڕەنسی باجی ئەوەیاندا و پیشەکەیان لە دەستدا، سیم بە کارێکی لاوەکی بۆ ویلایەتە یەکرتووەکان دوورخرایەوە و لیمۆن ناچار کرا فەڕەنسا جێبهێڵێت.

وێڕای سەرکۆنەی توندی فەڕەنسا، ئۆپەراسیۆنەکە بۆ ئیسرائیل شەپۆڵێک سەرسوڕمانی لێکەوتەوە، هەرچەندە بۆ چەندان ساڵ سیاسەتی فەرمی فەڕەنسا بە سارد و سڕی و دوورە پەرێزی مایەوە.

هادار کیمچی، جێگری فەرماندەی گشتی هێزی دەریایی

"ناخۆشترین سات بۆ من بڕیاری گرتنەبەری ڕێگە بوو، دواجار بڕیارمدا ڕۆیشتنەکە کاتژمێر ٨ی ئێوارە بێت، بەڵام ڕەشابەیەکی بەهێز هەڵیکرد و ڕۆیشتنەکەم دواخست. بەلەمەکان نوێ بوون، تاخمەکە گەنج بوون و لەو بەلەمانە بێ ئەزموون بوون، هەروەها لە زۆربەی بەلەمە تیژڕۆکان کەموکوڕی لە کەلوپەکی ستانداردی پەیوەندیکردن و ڕادار هەبوو. من نەمدەتوانی ریسک بکەم، بۆیە ڕۆیشتنەکەم تا کاتژمێر دە، دواتر تا نیوەشەو و لە کۆتاییدا تا دووی بەیانی دوا خست.

کاتژمێر ١ی بەیانی لە ڕادیۆوە هەواڵ گەیشت کە ڕەشەبایەکە بەرەو باکور وەرچەرخاوە. هەمووانم ئاگادار کردەوە کە: کاتژمێر ٢:٣٠ جووڵە دەکەین. ئەمەش بڕیارێکی سەختبوو. ئێمە بۆ ماوەی دوازدە کاتژمێر ململانێمان لەگەڵ شەپۆڵەکان کرد. بەلەمەکان هەڵبەز و دابەزیان بوو، هەمووان تووشی سەرەسوڕەی دەریا بوون. لە هیکرا فڕۆکەکان لەسەر سەرمان پەیدابوون و وێنەیان گرتین. لە ڕادیۆوە رامانگەیاند: هەمووتان پرچتان شانە بکەن، ئەوانە وێنەمان دەگرن! لە کاتی گەشتەکەدا چەند مەکینەیەک پەکیان کەوت، کاتێک گەیشتینە دەریای ئیجە لە رادیۆوە داوام کرد دەبێت بۆ ڕاکێشانمان کەشتییەکانی ئیسرائیل لە ناوچەکەدا ئامادە بن. یەکەم کاپتن کە وەڵامی دامەوە پێی گوتم، من ئامادەم، ئەوە بۆ وڵاتەکەمانە، من لە خۆمەوە ئەوە دەکەم. بەوە زۆر دڵخۆش بووم، لێم پرسی، تۆ لە کوێی؟ وەڵامی دامەوە، لە نزیک کۆپنهاگنم...

لە دوای ئەو، لە شەش بەلەمی دی هەمان ئۆفەرم بۆ هات.

لە کۆتاییدا، ئێمە بە سەلامەتی گەیشتینە بەندەری کیشۆن. پێنج ساڵ دواتر دووبارە سەردانی چێربۆرگم کردەوە و زۆر بە گەرمی پێشوازی کرام. فەڕەنسا گوتی، تۆ قوچاندت، بەڵام تۆ ڕێکلامێکی سەرسوڕهێنەرت بۆ کردین. بەهۆی تۆوە گریکەکان و ئێرانییەکان بەلەمی مووشەکداریان لێ کڕین و کۆمپانیای دروستکردنی مەکینە گەلێک داواکاری پێگەیشت."

لە هەردوو لاوە شەڕی خوێناوی بە درێژایـی نۆکەنـدی سـوێس قوربـانییەکی زۆری لـــێکەوتەوە. یەکێتـــی ســـۆڤیەت لە بە دەســـتهێنانەوەی ڕووەتە لە دەستچووەکەی لە جیهانی عەرەبدا ڕژدبوو، بۆیە نـوێترین کەلـوپەلی سـەربازی هەر لە تانک، فڕۆکە، مووشەک و پێداویستی ئەلیکترۆنی بە مسـردا.

## پاژی دەیەم
## بۆ بۆمبارانی بکەین، ئەگەر توانای گرتنیمان هەیە ١٩٦٩

**شەوی ٢٦ی دێسەمبەری ١٩٦٩ سێ هەلیكۆپتەری فریلیۆن سەر بە هێزی ئاسمان ئیسرائیل لە كەنداوی سوێس پەڕینەوە ناو مسر و لەسەر لمەكانی راس غەریب نیشتنەوە. دوای دابەزین لە پشت هێڵەكانی دوژمن، پۆلێك لە پەڕەشوتوانان بە كپ و بێدەنگییەكی تەواو بۆ شوێنی مەبەست بۆی دەرچوون و ئۆپەراسیۆنێكی بێوێنەی بەڕێوەبرد كە هەرگیز لە لایەن هێزی بەرگری ئیسرائیلەوە مەزەندەی نەكرابوو.**

**ڕۆژانی شەڕی خوێناوی، شەڕی شەش ڕۆژەی بەدوادا هات و بەهۆیەوە ئیسرائیل كۆنترۆڵی سینای كرد كە كرۆكی ئەو ململانێیە بێ كۆتاییە پێكدادانی نێوان هێزی بەرگری ئیسرائیل و سوپای مسر بوو بە درێژایی كەنداوی سوێس: تۆپبارانكردن، پەلاماری كۆماندۆیی، ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆن لە قوڵایی مسر، جەنگی ئاسمانی، بۆسەدانەوە و چاندنی مین. ژمارەی قوربانییەكانی ئیسرائیل**

بەردەوام لە هەڵکشـاندا بـوو، مسـریيەكان شـوێنی كەلـوپەلە سـەربازییە تێكشكاوەكانیان بە چەكی كارامەی سۆڤیەتی وەكو تانک و زرێپـۆش، فڕۆكەی مێـگ، مووشـەكی زەوی بە ئاسـمان و ڕاداری كـارامە پڕكـردەوە كە لە لایەن یەكێتی سۆڤیەتەوە بۆی دابینكرا، بۆیە چەندان جار هێـزی ئاسـمانی ئیسـرائیل بە مەبەستی پەكخستنیان لە ئاسمانەوە هێرشیان كردە سەر بنكەی ڕادارەكان.

لە لایەن بنكەی پی ١٢ ەوە كێشەی زۆر بۆ هێـزی ئاسـمانی دروسـتكرابوو، چـونكە توانـای ئاشـكراكردنی ئەو فڕۆكانەشـی هەبـوو كە لە ئاسـتێكی نـزمەوە دەفڕین. بنكەكە لە شوێنێكی ئەمین و پارێزراوی نـاوچەی ڕاس غەریـب بـوو، بەڵام لە ناوەڕاستی ئۆكتۆبەر هێزی ئاسمانی ئیسـرائیل هێرشێكی سەركەوتووی بۆ سەر ئەو بنكەیە ئەنجامدا و بنكەكەی بە تەواوی وێران كرد. چەنـد ڕۆژێـک دواتر كە مـایەی سەرسـوڕمانی ئیسـرائیل بـوو، دەركەوت بـنكەكە لە كـاركردن بەردەوامە؛ دواتـر پسـپۆرانی هێـزی ئاسـمانی بۆیـان دەركەوت كە بنكەیەكـی وەهمیان تەقاندۆتەوە و فریودراون و بنكە ڕاستەقینەكە لە شوێنێكی شاراوە لە بیابان دانراوە و كار دەكات.

لە ٢٢ی دێسەمبەر هێزی ئاسمانی ئەركی پەیدۆزی وێنەگرتنـی ئاسـمانی لە نـاوچەكە ئەنجامـدا. دوو عەریـف لە یەكەی تەكنیكـی هەواڵگـری تـایبەت بە كردنەوەی وێنە كۆدییەكان، عەریف ڕامی شالیڤ كە بە وێنەكاندا دەچـووەوە، لە ناكاو هاواری كرد كاتێک سەیری وێنەكانم دەكرد، چاوم كەوتە سـەر بـنكەی ڕاسـتەقینەی ڕادار لە ڕاس غەریـب و دۆزیـمەوە، بە خـۆمم گـوت، بنكەیەكـی ڕادارتان لێرە هەیە، دەزگاكە زۆر بە دانابیەوە بە دوو چـادری كـۆچەران لەنـاو جەرگەی بیابـان داپۆشرابـوو كە لە ڕاسـتیدا دوو كـۆنتێنەری گەورۆنە بـوون و لەسەر زیلـی سـۆڤیەتی جێگـر كرابـوون. هەروەهـا بـنكەكە نە ئەمـین بـوو نە بەرگـری لێكـراو بـوو تەنیـا پـۆلێكی هـاوەن بە دووری چەنـد كیلۆمەترێـک لە بـاكورییەوە جێگیـر كرابـوو، بـۆئەوەی شـوێنەكە سـەرنجڕاكێش نەبێـت لە

دەوروبەری هیچ چەكێكی دژە فڕۆكەی لێ جێگیر نەكرابوو. بە پێچەوانەوە لەگەڵ ئەوەی بنكە وەهمییەكە بۆردومان كرابوو، بەڵام بە هێزێكی پەنجا سەربازی مسری و بە جۆرەها چەك و مووشەكی دژە فڕۆكە دەوردرابوو.

یاشیل هالیۆر، لێتوناتی یەكەم لە یەكەی تەكنیكارەوە وێنەكانی بۆ كۆلۆنێل یاشەیاهۆ باركات، سەرۆكی بەشی هەواڵگری ئاسمانی هێنا. كۆلۆنێل داڤید ئایڤری، سەرۆكی ئۆپەراسیۆنی هێزی ئاسمانی ئیسرائیل لە كۆبوونەكە بەشداربوو، باركات، بە مەبەستی بۆمباران كردنی وێستگەكە كێشانی وردەكاری نەخشەی ئامانجەكانی سپاردەی هالیۆر كرد.

هالیۆر گوتی: بۆ بۆمبارانی بكەین كە توانای گرتنیمان هەیە؟

`قسەكەی هالیۆر گڕی لە مەزەندەی فەرماندەكەی كردەوە و گوتی: بیگرە- تەواوی بنكەی ڕادارەكە لە بن لووتی مسرییەكان ڕامالن و بیهێننە ئیسرائیل، بەڵام ئایا دەشێت تەواوی وێستگەكە بە كەنداوی سوێس بگوازینەوە، نەمازە دوو كۆنتێنەرە قورسەكە ئاریەلی درێژیان هەیە؟ وێستگە بە هەلیكۆپتەر ماوەی پازدە خولەك لە سیناوە دوورە كە ژێر كۆنترۆڵی ئیسرائیل بوو. ئایڤری پرسیاری كرد، ئاخۆ هەلیكۆپتەرەكان ئەو ئەركەیان پێ جێبەجێ دەكرێت. لە ٢٤ی دێسەمبەر ڕائید نەهەمیا داگان، فەرماندەی باڵی سیكۆرسكی(یاسوور) لە پۆلی هەلیكۆپتەردا پێیڕاگەیاند كە ئەمە دەشێت. ئەوكاتە تەنیا سێ یاسوور دەیانتوانی ئەم ئۆپەراسیۆنە ئەنجام بدەن - تازە هەلیكۆپتەری سیكۆرسكی نوێ گەیشتبوونە ئیسرائیل. داگان مەزەندەی ئەوەی كرد ئەگەر دوو كۆنتێنەرەكەی بنكەی ڕادارەكە لەبەریەك هەڵوەشێندرێنەوە، ڕەنگە بشێ بە هەلیكۆپتەر بەرز بكرێنەوە و بهێندرێنە ئیسرائیل. بە پێی مەزەندەكان كێشی كۆنتێنەرە سەرەكییەكە، "دڵی" بنكەكە بە نزیكەی چوار تۆن خەملێندرابوو، لە كاتێكدا یاسوور تەنیا توانای هەڵگرتنی سێ تۆنی هەیە، كێشی كۆنتێنەرەكەی دی كەمتر بوو، نزیكەی دوو تۆن و نیو بوو.

مۆتی هۆد، فەرماندەی هێـزی ئاسـمانی پرۆپـۆزەڵەکەی بـۆ هـایم بـارلیڤ، سەرۆکی ئەرکانی گشتی بەرزکردەوە و جێبەجێکردنی ئۆپەراسیۆنی وشکانی بە پەڕەشوتوانان سپارد کە نـاوەکەی ئۆپەراسـیۆنی کەڵەشـیر ٥٣ بـوو. لێیتونانـت کۆڵۆنێــل ئاریــا تزیمێل(تزیــدۆن)، ســەرۆکی بەتــالیۆنی ٥٠ی بە فەرمانــدەی ئۆپەراسیۆنەکە دانا.

تزیمێـل، هێـزی هەڵکوتکـاری کـۆکردەوە و دوو جـۆر شـەڕڤانی بەکارهێنـا: ئەوانەی ئەزموونی جەنگیان هەبوو و زۆرینەیـان لە ئەفسـەر و ئەو سـەربازانە پێکهــاتبوو کە تەکنیکــار بــوون و توانــای لەبەریەک هەڵوەشــاندنەوەی دوو کۆنتێنەرەکەی بنکەی ڕادارەکەی سەر پشـتی زیلەکـان و پچڕانـدنی پەیوەنـدی نێوانیان و هێنانە خوارەی ئەنتێلەکانیان هەبوو.

ئلیزەر کۆهین(چیتا)، یەکێک لە فڕۆکەوانە باڵاکـانی هەلیکـۆپتەر ئـاوڕی لە عەریف ئیزرای پسپۆری ڕادار دایەوە و پێی گوت: "بە دوای ئەو نمـوونەیەم کە فڕۆکەوانەکانی هەلیکۆپتەر بۆ مەشق بەکاری دەهێنن."

ئیزرا پرسیاری کرد، چ پێویست بە نموونە دەکات، ئەگەر تۆ ڕاداری ڕووسـی ئامادەت هەبێت؟ کە لە نێو کەلوپەلە دەست بەسەرداگیراوەکانی دوژمـن، ئەو ڕادارەی ڕووسی کە لە شەڕی شـەش ڕۆژە گیـرا، لە بـنکەی تـزریفنە؛ تەنـانەت پارچەکانی ماوەیان بەسەرچووە و لە قەبارە و شـێوەدا لەوانەی پـی١٢ دەچـن. هەر زوو کـۆهین، ئیـزرا و لیڤـی هـۆفیش، جێگـری فەرمانـدەی پەڕەشـوتوانان بەرەو تـزریفن تێیـان تەقانـد. لەجیـاتی ئەوەی بـۆ لای ئەفسـەری خانەسـازی گشتی هێزی بەرگری ئیسـرائیل بزڤڕنەوە و ڕێسا بیرۆکراسـیەکان و ئەگەری دزە کردنی نهێنییەکان جێبەجێ بکەن، هەر سێکیان بەرزکەرەوەکیـان بانـگ کـرد و کۆنتێنەرەکەیان "دزی" هەر ئەوکـات گواسـتیانەوە بنکەیەکـی ئاسـمانی و دوو فڕۆکەوانــی یاســوور بە ناوەکــانی نەهەمیــا داگــان و زیــڤ ماتــاس لەگەڵ تاخمەکانیــان کە مەشــقپێکراوی چــۆنیەتی بەســتنەوە و بەرزکردنەوەیــان بە

هەلیکــــۆپتەر بـــــوون. هاوکــــات، پەڕەشــــووتوانەکانی مەشــــقی گــــرتن و لەبەریەک هەڵوەشاندنەوەی بنکەی ڕاداریان کردبوو، ئەو کلیلەیان وەدەستهێنا کە بۆ پچڕاندنی کێبڵ و تانکییەکانی ئۆکسیجین و وڵـدنەکان کە لەگەڵ پێـوەرە ڕووســـیەکان و مقەســـتی تەکنیکـــی تێکیـــان دەکـــردەوە، لە بارێکـــدا ئەگەر مقەستەکان کاریان نەکرد. مـارتن لێیبـۆڤیچ ڕەقیبـی یەکەمـی بەتـاڵیۆنی ٥٠ لە لایەن فەرماندەی پۆڵ بانگ کرا، یەکسەر بە چاو بەستراوەیی بە سواری جێبێک بۆ فڕگەی فڕۆکەخانەیەکی دووری برد.

وێـــڕای ئیـــزرا و لێیبـــۆڤیچ، ژمـــارەیەک شـــارەزای تەکنیکـــاری دی بـــۆ ئۆپەراسیۆنەکە دانران، لەگەڵ کوڕێکی گەنـج کە شـارەزایی لە لێخـوڕینی زیـلە ڕووسیەکاندا هەبوو لە بارێکدا ئەگەر بڕیار بدرێت زیلەکان بە کۆنتێنەرەوە بۆ قەراغ نۆکەنـــدەکە بگـــوازرێنەوە. ئەو ئامادەکارییـــانە هەمـــووی لە مـــاوەی ٢٤کاتژمێردا تەواو کران.

شەوی دواتر سێ فڕۆکەی سوپەر فریلۆن لە کەنـداوی سـوێس پەڕینـەوە و بارەکەیان لە نزیک بنکەی ڕادارەکە داگرت کە ٦٦ کۆماندۆز بوون.

لەبەرئەوەی تـریفەی مـانگە شـەو بـوو، پەڕەشـووتوانەکان جلێکـی ڕەنـگ کاڵیان پۆشی و چەکەکانیان بە پارچە قوماشێکی کاڵ پێچابۆوە بۆئەوەی لەگەڵ ڕەنگی ملی بیابان جیـا نەبێـت و بە ئاسـانی لێـک نەکـرێتەوە. سـەرەتا کەوتـنە تاقیب و چاودێری وێستگەیەکی نزیک سەکۆکەیان کرد و بە پەلە و لەسـەر زگ خۆیان گەیاندە شوێنەکە. هێزەکە بەسەر دوو بەش دابەشـکرا، هێزێکـی ڕێگـر، هێزێکی پەلاماردەر. کاتێک پاسـەوانێکی مسـری دەسـتڕێژی لە هێـزی یەکەم کرد، هێزی دووەم هاتەهاری و دوای شەڕێکی کورت و کوژرانی چوار سەربازی مسـری و بریندارکردنی دووی دیکە و هەڵاتنی سـێیەکەی دی، پەرەشـووتوانان دەستیان بەسەر دامەزراوەکەدا گرت. لە کۆگـا و چادرەکـانی پشـت وێسـتگەکە تەواوی فایـــل و ڕێنمایـــی تـــایبەت بە چـــۆنیەتی کـــارکردن بە ئـــامێرە

ئەلیکترۆنییەکانی وێستگەکەیان دۆزییەوە.

دواتر کەوتنە لەبەریەک هەڵوەشانەوەی دەزگاکە، بەڵام کلیل و مقەستەکان بێ کەڵکبوون، دواجار وڵدنەکە کاری خۆی کرد، هەروەها ئەو کێبڵەی هەردوو کابینەکەی بە یەکەوە بەستبۆوە، دەبوو لە یەک کاتدا بپچڕێندرێت. ئەنتێلەکەش لەسەر بنکەیەکی پۆڵا داکوترابوو و بەرزاییەکەی نزیکەی ٧٠ پێ دەبوو، بۆیە بە ئاسانی لە جێی خۆی نەدەجوڵا تا ژمارەیەک پەڕەشووتوان بە ناچاری سەرکەوتنە سەرەوە و بۆ هێنانە خوارەی خۆیان پێوەی شۆر کردەوە. هەرچەندە مەزەندە وابوو لەبەریەک هەڵوەشاندنەکە نیو کاتژمێر بخایەنێت، بەڵام زیاتر لە کاتژمێرێک درێژەی کێشا. لە هەمانکاتدا سکایهۆکەکانی هێزی ئاسمانی ئیسرائیل بە مەبەستی سەرلێشێواندن پەلاماری ئامجەکانی مسریاندا. دواجار ئەرکەکە کۆتایهات و کاتژمێر ٢:٤٥ی بەیانی یەکەم باسوور داگان پەیدا بوو کە کۆنتێنەرە سەرەکییەکە بە هامهۆک لەسەری قایم کرابوو، لە کاتی هەستاندا داگان تێگەیشتبوو کە کێشی دروستی کۆنتێنەرەکە لەو پێشبینە زیاتربوو کە مەزەندەیان کردبوو، چونکە کێشی دروست ١/٤ تۆن بوو، لەکاتێکدا باسوور تەنیا توانای هەڵگرتنی ٣ تۆنی هەبوو. کاتێک هەلیکۆپتەرەکە کۆنتێنەرەکەی هەڵگرت، سەربازەکانی سەر زەوی لە کەیفخۆشیدا هاواریان کرد.

جۆش و خرۆش گەیشتە کن ئەو فەرماندە باڵایانەی لە بەرەکەی دیکەی کەنداو لە چاوەڕوانیدا بوون، بەڵام زۆری نەخایەند و دوودڵییەکی قوڵ جێگەی گرتەوە. لە کابینەی فڕۆکەوانەکاندا گلۆپێکی سوور دادەگیرسا و دەکوژایەوە. داگان وای بۆچوو هەردوو سیستەمە هایدرۆلیکییەکەی هەلیکۆپتەرەکە بە تەواوی لە کار کەوتبن. پێدەچێت ئەو کێبلانەی بارەکەیان پێ بەستراوەتەوە بەهۆی زیادە کێشەوە زۆر توووند کرابن و بۆڕی ڕۆنیان تێکدا بێت، ئەمەش بە نۆرەی خۆی سیستەمی لێخوڕینی هایدرۆلیکی هەلیکۆپتەرەکە پەک دەخات.

بە گوێرەی ڕێنمایی، داگان ناچارە دەستبەجێ بارەکە هەڵداتە خوارەوە، ئەگەرنا ڕیسک بە ڕووداوێکی کوشندە دەکات، بەڵام داگان بڕیاریدا بەردەوام بێت. لە ناوەندی فەرماندەییەوە لە کەنارئاوی ئیسرائیل لە سیناوە لەسەر ئاو و ئاگر بوون، چونکە ئەوان لە مەترسی ئەو ڕیسکە دەگەیشتن کە کردبووی، درێژەدان بە فڕین بەو بارە زیادەوە کە لە توانای یاسوور قورسترە و تەنیا بەیەک سیستەمی هایدرۆلیکی کارا. دواتر داگان گێرایەوە "فڕۆکەکە دەهەژایەوە، بەڵام ئێمە کەنداوی سوێسمان تێپەڕاند و لەسەر عەردی نیشتینەوە."

هاوکات ماتاس کە باری دووەمی هەڵگرتبوو و لەوەی یەکەم سووکتربوو گەیشتە جێی خۆی، ئەوکاتەی لەسەر کەنداو بە ئەنتێلەوە بە ڕێگەوە بوو، یاسوور خراپ ڕەتی برد، بەڵام ماتاس توانی کۆنترۆڵی بکات و بە سەلامەتی بگاتەوە جێ. پاشان هەر سێ سوپەر فریلۆنەکان لە دوای یەکدی لە تەنیشت ڕاداری گۆڕین بە هێنانەوەی کۆماندۆزەکانەوە نیشتنەوە.

لە کاتی گەڕانەوەیاندا پەڕەشووتوانەکان لە لایەن ڕافوڵ ئایتان پێشوازی کران و لەبارەی ئەرکێکی هاوشێوە کە لە شەڕی دووەمی جیهان کۆماندۆزەکانی بەریتانیا ئەنجامیاندا بوو، قسەی بۆ کردن و گوتی: سەربازەکان لە بنکەیەکی ئەڵمانی لە پاریس نیشتنەوە، بەڵام تەنیا چەند پارچەیەکیان لە وێستگەی ڕادارەکە لەگەڵ خۆیاندا هێنابوو و زۆریشیان کوژران. هێزی ئاسمانی ئیسرائیل و پەڕەشووتوانەکانی تەواوی وێستگەی ڕادەرەکەیان بە دەستهێنا بێ ئەوەی یەک کەسیان لێ ببێتە قوربانی کە لە جۆری خۆیدا تاکە ئۆپەراسیۆنە لە جیهاندا. هەر بەو بۆنەوەیە مۆشی دایان، وەزیری بەرگری وەک دیاری گەڕانەوەی تیمەکە دوو بوتڵە شامپانیای بۆ فەرماندەی پۆڵی هەلیکۆپتەرەکان نارد.

نهێنی ئەرکەکە بۆ چەند ڕۆژێک بە پارێزراوی مابۆوە تا لە لایەن ڕۆژنامەی دەیلی پرێسی لەندەنیەوە بڵاوکرایەوە. لە ڕۆژنامەکانی ئیسرائیل کە لە ژێر

سانسۆری توندی سەربازیدا بوون، بە کاریکاتۆر وێنەی هەلیکۆپتەرەکانی ئیسرائیل کێشرابوو کە ئەهرامەکان و سفینکس(ئەبو هۆڵ) دەگوازنەوە.

دواتر شارەزایانی هێزی ئاسمانی ئیسرائیل سیستەمی ڕادەرەکەیان شیکردەوە و لە پرەنسیپی میتۆدی سۆڤیەتی فێربوون. بەرمەبنای دۆزینەوەکانیان میتۆدی نوێی جەنگی ئەلیکترۆنیان پەرە پێدا، هەروەها نهێنی ڕادارەکەیان بۆ ئەمەریکییەکان ئاشکرا کرد.

هەر بەو بۆنەیەوە مەدالیای خزمەتگوزاری نایاب بە داگان بەخشرا و بارلیڤ، سەرۆک ئەرکان قسەی بۆ ئەو پەڕەشووتوانانە کرد کە بەشداری ئەرکەکەیان کردبوو و گوتی: "ئێوە ئاڵۆزترین، بوێرترین و سەرسوڕهێنەرترین کارتان کرد کە تا ئێستا هێزی بەرگری ئیسرائیل ئەنجامیدا بێت."

نەهمیا داگان، فڕۆکەوانی شەڕکەر

"لە مانگی ئەیلوول یەکەم دوو یاسوور لە ئەمریکاوە ڕاگەیشتن، لە ماوەی مانگێکدا ئێمە کەوتینە ناو شەڕێکی خوێناوی. ئێمە چوار فڕۆکەوان و پازدە تەکنیکار ڕاهێنامان کرد. من لە چوارچێوەی پۆڵی فریلۆن بە فەرماندەی باڵی یاسوور دامەزرام.

لە بارەگای سەرەکییەوە تەلەفۆنیان کرد و لەبارەی بەرزکردنەوەی کۆنتێنەری ڕادارەکانەوە قسەیان لەگەڵدا کردم. بە فەرمی بە یاسوور دەتوانم ٢.٩ تۆن بەرز بکەمەوە، زیڤیک ماتاس و من تەنیا بۆ ماوەی یەک ڕۆژ مەشقمان لەسەر بەرزکردنەوەی کۆنتێنەری ڕادار کرد، پێیان گوتم: "کێشی کۆنتێنەری ڕادارەکە ٢.٣ تۆنە." من گوتم: "کوڕینە سەیر کەن، ئەوە قورسترە." وەڵامیان دایەوە: نەهمیا ئێمە بە کێشەکانی خۆت ماندوو مەکە."

ئـێمە ئـامێری شـەوبینینمان نەبـوو، بـۆیە پێویسـتمان بە تـریفەی مـانگە شـەوبوو، هەروەهـا لە نزمـی دەفـڕین، مـن ترسـم لە بەسـتن و شـەتەکدانی کۆنتێنەرەکان هەبوو کە لە بەرزایی لەسەر پشتی لۆرییەکە بـار دەکـرێن، بەڵام بۆم دەرکەوت لۆریەکە عەردی بۆ هەڵکەنراوە، بـۆیە دەبـوو لە ئاسـتی ڕوویـدا بسوڕێمەوە.

کۆنتێنەرەکانم بەرزکردەوە و بینیم کێشی ٤.١ تۆنە، واتە ٢.١ تۆن لە کێشی ڕێگە پێدراو زیاترە. لەوکاتەی بەرزم کردەوە، ڕیزێـک گڵـۆپی سـوور پێبـوون و گوتم: سیستەمی هایدرۆلیکەکەم پەکی کەوت، لە وەها دۆخدا هەمـوو شـتێک دەکوژێتەوە و پەکی دەکەوێت.

بڕیارمــدا بەردەوام بــم. بە ترۆنــی یاریــدەدەری فــڕۆکەوانم گــوت کە سەرقافلەی شارەزایانی میکانیکی فـڕۆکە بـوو: بـا ڕێـگەی گەشـتەکەمان کـورت بکەینەوە. گەیشتمە سەر دەریای سوور و فەرمانم بە میکانیکی فـڕۆکە کـرد لە پەنجەرەوە سەیر بکات کە ئـاخۆ ئـاگر لە مەکیـنەکەی هەڵدەسـتێت. لەوبەری کەنداوەکە نیشتمەوە، ئەو ساتەی زڤیک ماتـاس کـۆنتێنەری دووەمـی لە بەری ئــێمە دادەگــرت و دەســتبەجێ ناردیــان کــۆنتێنەرەکەی ئــێمە ببــات کە لە پاسێجەکەوە زۆر بە خراپی هەژا. من مەدالیام وەرگرت، بەڵام بڕوام پـێ بـکەن من لە ئۆپەراسیۆنی زۆر لەوە مەترسیدارتر بەشداریم کردووە."

لە سـاڵی ١٩٧٠ دەسـتێوەردان و پەلهاوێشـتنی سـۆڤیەت لە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت بە شـێوەیەک زیـادی کـرد، خەریکبـوو بگـاتە ئاسـتی ڕووبەڕووبوونەوەی چەکداری لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکاندا.

## پاژی یازدەم
## دوژمن بە ڕووسی دەدوێ! ١٩٧٠

**لە ١٨ی نیسانی ١٩٧٠، لە گەرمەی شەڕی خوێناویدا، لەوكاتەی هەر دوو فڕۆكەوانی فانتۆم (ئیتان بێن ئیلیاهو و ڕامی هارپازی) لە ئەركی پەیدۆزی وێنەگرتن لەسەر مسر لە ڕێگەی گەڕانەوە بوون كە شەڕی خوێناوی بە ماوەیەكی كورت لە دوای شەڕی شەش ڕۆژە هەڵگیرسابوو. لە دەستپێكدا، شەڕكردن بە زۆری لەسەر ناوچەی دەوروبەری كەنداوی سوێس بوو، بەڵام زوو تەشەنەی سەند و هێزی ئاسمانی ئیسرائیل چەندین هێرشی قارەمانانەی بۆ ناو قوڵایی خاكی مسر ئەنجامدا.**

**ئەو بەیانییەی، كاتێک بێن ئیلیاهو و هارپازی بەرەو مسر فڕین، ژمارەیەک**

مێگ۲۱ی مسـری  لە بەرزایی ئاسمان پەیدابوون، شتێکی تایبەت لەبـارەی ئەم بەگژداچوونەوەیە لە ئارادا نەبوو، بەڵام ئەمجارە، ئامێرە گۆهدارییەکانی یەکەی ٥١٥ی هەواڵگری(دواتر بووە یەکەی ٨٢٠٠) هێزی بەرگری ئیسـرائیل دەنگێکـی نامۆیان ڕیکۆرد کردبوو کە بە زمانێکی نە نـاسراو قسـە دەکەن. ئەو کەسـەی لە زمانەکە دەگەیشت گەنجێک بوو بە ناوی داڤید کە لە بـنکەی ئـوم حەشـیبە لە سینا لە خزمەتدابوو. ئەو گەنجە یەکڕاست تەلەفۆنی بۆ مێیجەر توڤیا فێینمانـی فەرماندەی کردبوو و بە خرۆشەوە پێـی ڕاگەیانـدبوو کە "ئەوان گـوتەی نێـوان فڕۆکەوانە شەڕکەرەکانی سۆڤیەتیان ڕیکۆرد کردووە."

فێیمان بە جۆرەها نەفرەتی فرەڕەنگەوە وەڵامی دابـۆوە و پێیوابـوو ئەوەی سـەرباز و هاوڕێکـانی ڕیکۆردیـان کـردووە، گفتوگـۆی نێـوان ئەو تەکنیکـار، ڕاهێنەر و ڕاوێژکارە ڕووسیانە کە لە مسـر کار دەکەن.

داڤید وەڵامی دایەوە: نەخێر توڤیا، ئەوە شتێکی دیکەیە.

فێیـنمان دەسـتبەجێ هەلیکـۆپتەری بێلـی نـاردە ئـیم حەشـیبە تـا کاسـێتە ڕیکۆردکراوەکـان بهێنێـت کە گفتوگۆکـانی لەسـەرە، چـونکە خـۆی ڕووسـیەکی ڕەوانی دەزانی، کاتێک گوێی بۆ کاسـێتەکە ڕادێـرا بەرەو لای ژەنەڕاڵ ئەهـارۆن یـارڤی، سـەرۆکی هەواڵگـری سـەربازی قوچانـدی. کـاتژمێر ٨ی ئێـوارە یـارڤی کۆبوونەوەیەکی چڕوپڕی دەگەڵ گوڵدا مائیری وەزیـر هەبـوو، هەر ئەو شـەوە کاسێتە ڕیکۆردکراوەکەی بۆ سەرۆک ڕیچارد نیکسۆن نارد.

ڕیکۆردەکـان بەڵگەیەکـی سـەلمێنراو بـوون: سـۆڤیەتەکان تەنیـا چەک بە مســرییەکان نـادەن، بەڵکـو بە نهێنـی عەسـکەر و چەکداریشـی بـۆ دەنێـرن. فڕۆکەکـان لۆگـۆی هێـزی ئاسـمانی مسـریان پێـوە بـوو، بەڵام فـڕۆکەوانە سۆڤیەتییەکان لێیان دەخوڕین.

ئەمەش وەرچەرخـانێکی مەترسـیداری بەڕێوەچـوونی ڕووداوەکـان بـوو،

چونکە ئیسـرائیل نەیدەخواست لەگەڵ زلهێزێک ململانێ بکات. لە ناوەڕاسـتی پەنجاکان بە سەرەوە یەکێتی سۆڤیەت بۆ هەر یەک لە مسـر و سـوریا (دواتـر عێـراق) سـەرچاوەی دابینکردنـی چەک بـوو، دووبـارە کاتێـک لە سـاڵی ١٩٦٧ سوپای مسـری لە بەرامبەر هێزی بەرگری ئیسـرائیل شـکا، مۆسـکۆ بە نـاردنی شـارەزایانی سـەربازی، ڕاوێژکـاران، فـڕۆکەوان و باڵادەسـتی ئاسـمانی وەڵامـی داواکاری سەرۆکی مسـری دایەوە. ئەم ڕاستیانە تا ئیسـرائیل ئاشـکرای نەکـرد، هەر بە نهێنی مابوونەوە.

سی و چوار سەربازی بە بنەچە ڕووسی هەواڵیان لە بوونی سۆڤیەتدا کە لە یەکەی ماسرەگـا (دەرزی) خزمەتیـان دەکـرد و لە لایەن مێـیجەر فێیـنمان فەرمانـدەیی دەکـرا. ئەو سـەربازانە سـەرەڕای مەشـقی هەواڵگـری کۆڕسـێکی پێشـکەوتووی زمـانی ڕووسیشـیان خوێنـدبوو، بـۆ خۆشـیان لەگەڵ گـۆرانییە نهێنییەکانی ڕووسیا، شیعرەکانی پۆشکین، خـواردنەوەی ڤۆدگـا و چیرۆکەکـانی ڕووسـیا لە پـاش وەزیـری بەرگـری ڕووسـیا کەلتـوورێکی تایبەتیـان بە نـاوی "گریچکۆس" چێ کردبوو. کاتێک هەواڵی تێوەگلانی سـۆڤیەت لە مسـر پەرەی سـەند ڕەوانەی لیـوای ٥١٥ کـران کە لە سـینا بـوو، لەوێ بەرە بەرە باڵادەسـتی خۆیـان بەسـەر ئەو زاراوە سـەربازییانە پەیـدا کـرد کە لە لایەن ڕووسـەکانەوە بەکـار دەهـاتن؛ هەرچەنـدە تـا ١٨ی نیسـان تەنیـا گفتوگۆکـانی نێـوان تـاخمی تەکنیکارەکانیـان ڕیکـۆرد کردبـوو. ڕۆژێـک لەنکـاو ئەو دەنـگەی لە ئـامێری ڕادیۆکەیانەوە دەرچوو بە گفتوگۆی نێوان فڕۆکەوانەکان پەیوەستبوو.

ئەمەش نـاکۆکی شـاراوەی نێـوان ئیسـرائیل و یەکێتـی سـۆڤیەتی گەیانـدە ئاستێکی مەترسیدار، بەڵام ئیسـرائیل هەوڵیدا پەرەی پێ نەدات و توونـدی نە کات. مۆشێ دایان، وەزیری بەرگـری ڕێنـوێنی بە مـۆتی هـود، سـەرۆکی هێـزی ئاسمانیدا پەلامارەکان بۆ قوڵایی مسـر بوەسـتێنێ، ویـلایەتە یەکگرتووەکـانیش هەشیارانە ئامۆژگارییەکیدا؛ دوای هەموو ئەمانە گوتیان، ئیسـرائیل ناخوازێـت

ڕووبەڕووی زلهێزێـک ببێـتەوە، بەڵام مـتمانە بە خـۆکردنی سـۆڤیەتیەکان لە هەڵکشاندا بوو، سەکۆی مووشـەکەکانیان بـۆ کەنارئاوەکـانی کەنـداوی سـوێس گواستەوە و فڕۆکەکانیشیان ڕاوی فڕۆکەکانی ئیسـرائیلیان دەنا کە بۆ وێنەگـرتن پەیـدۆزی ئاسـمانیان دەکـرد و هەوڵیـان دەدا بە جەنـگ سـەرقاڵیان بـکەن. لە بۆنەیەکـدا بە مووشـەکی ئاسـمانی لە کلکـی فڕۆکەکـی سـکایهاوکیاندا، بەڵام فڕۆکەوانەکە توانی لە بنکەی ڕێفیدم لە سینا بنیشێتەوە.

مێیر و دایان هەر دوو دڵ بوون، بەڵام کاتێک لە ٢٥ی تەمموز لە کەنـداوی سوێس سکایهاوکەکانی ئیسـرائیل هێرشیان کردە سەر چەپەرێکی مسـرییەکان، مێگەکانی سۆڤیەت لە ئاسمان پەیدابوون و تا سینا سەریان لە دوویان نا، مێیـر لە بەرخۆیەوە گوتی: "زلهێـزە یـان نـا"  فەرمـانی کـرد وەک ئەوەی شـایەنن لە ڕووسەکان بدەنەوە.

هۆد بڕیاری داڕشتنی ئۆپەراسـیۆنێکی دژ بە ڕووسـەکانیدا: بۆسـەیەکی ئاسـمانی بـۆ ڕاکێشـانی ئەو فڕۆکەوانـانە دانـا کە زیـاتر لە جارێـک هـاتبوونە نـاوچەکە. داڤیـد پـۆرات کە پێشـتر نەخشـەی بۆسـەکەی داڕشـتبوو، دەسـت نیشانکرا کە شتێکی تایبەت کۆبکاتەوە، بەڵام چۆن لە ئاسمانێکی شینی بێگەردا بۆسە دادەنرێتەوە؟

هۆد لە باشترین فڕۆکەوانانی هێزی ئاسمانی تیمێکی دەستەبژێری دروسـت کرد و لە ٣٠ تەممووزی ساڵی ١٩٧٠ فەرمانی چێکردنی تەڵەیەکی لێ کـردن. ئەو ناوچەیەی وەک مەیدانی جەنگ دیاریکرا، سێیەم ڕێگەی نێوان قاهیرە و شـاری سوێس نزیک بـنکەی ئاسـمانی قەتـامییە بـوو کە ڕووسـەکان فڕۆکەکانیـان لـێ ڕادەگرت. وشەی نهێنی دەست پێکردنی ئۆپەراسیۆنەکەی ئیسـرائیل ڕیمۆن ٢٠ بوو کە چوار فڕۆکەی فانتۆم بە ڕێنوێنی بێن ئیلیاهۆ لە بنکەی ئاسمانی ڕامـات داڤیدەوە بۆی دەرچوون. فڕۆکەکان لە کەنداوی سوێس پەڕیـنەوە و پەلامـاری چەپەری میپەلەکانیـان لە تەنیشـت ئەدەبیـادا. فـڕۆکە فانتۆمەکـان توانـایەکی

باشــی بۆردومــان کردنیــان بە فــڕۆکە ســکایهۆک هەبــوو، بەڵام لە چــاو مێگــی ڕووســـیا کەم توانــاتر بــوون. فانتۆمەکــان لە "بــازنەیەکی هینــدی" لەســەر ئامانجەکان دەسـوڕانەوە و لاسـایی بـازنەی کـاوبۆ هینـدییە ئەمریکییەکانیـانی سەر پشتی ئەسپیان دەکـردەوە بە یەک فـڕۆکەوە بەرەو ئامـانجەکە دەچێـت و بــۆمبەکەی خــۆی فــڕێ دەدات و دەگەڕێــتەوە. ئەمە تــاکتیکێکی کلاســیکی سکایهۆک بوو. لە وێستگەی ڕادارەکانیانەوە مسـری و ڕووسەکان چوار خاڵیان بینی بەسەر ئەدەبیا دەسوڕێنەوە و لە لای کۆنترۆڵی زەوی ئاشکرا دیاربوون کە ئەوانە سکایهاوکسن.

هاوکات خاڵێکی ڕوناک بە بەرزایـی بیسـت هەزار پـێ لەسـەر شاشـەکەیان دەرکەوت لە بــاکورەوە بەرەو باشــور دەچــوو. دەســتەی کــۆنترۆڵ خــاڵەکە و فڕۆکەیەکــی میراژیــان ناســیەوە وەک بڵێــی لە ئەرکێکــی پەیــدۆزدا بــن، ئیسـرائیلییەکان ئاگـاداری بـوونی ئەوان لەو شـوێنە نەبـوون. لە ڕاسـتیدا خـاڵە "تاقانەکە" لە چوار میراژ پێکهاتبوو کە هێندە بە پێکهاتەیەکی توند بە یەکەوە دەفڕین وەک بڵێی یەک فڕۆکە بێت. تەنانەت فڕۆکەوانەکانی میـراژ لە ڕێـگەی ڕادیـۆوە هەواڵیـان لەبـارەی پێشـڤەچوونی پەیـدۆزەکەیان دەدا. پـێکەوە هەر چواریان وەک چوار فڕۆکەی بێ چەکی پەیدۆز دەرکەوتن، فەرماندەی پۆلەکەی ڕووسیا بڕیاریدا بە ڕێگەیەکی ئاسان فڕۆکەوانەکانی دەرچوێنێ.

ڕووسەکان نەیانـدەزانی چـوار فـڕۆکەی دیـکەی میـراژ لە بـنکەی ئاسـمانی ڕامات داڤیدەوە هەڵساون و لە خوار چیاکە لە سینا لە بەرزاییەکی نزم دەفڕن بۆئەوەی وێسـتگەی ڕادارەکانیـان نەیـان بینێـت. لە کاتێکـدا چـوار میـراژی دی گڕیان لە مەکینەکانیاندابوو و لەسەر فڕگەی فڕۆکەخانەی بیـر گیفگافـا لە سـینا ئامادەی فڕین بوون. وەک ئەوەی ئهـود یۆنـای لە پەرتووکەکەیـدا (پەراوێزێـک بۆ هەڵە نییە: دروستکردنی هێزی ئاسمانی ئیسـرائیل) نووسیویەتی، پـۆرات لە ڕێگەی فێڵی شاردنەوەی چوار میراژ و چوار فانتۆم لە ئاسمانێکی شینی هـاوین

و هەشت میراژی دی کە زۆر دوور نەبوون، سەرکەوتووبوو.

ڕووسـەکان لە فڕۆکەخـانەی بەنـی سـوەیف و کـۆم ئۆشـیم چـوار کـۆمەڵە فڕۆکەی مێگیان نارد، یەکەمیان بە سەرکردایەتی کاپتن کەمینیڤ بەرەو باکور بە ئاراسـتەی "سـۆلۆ' میـراژی پەیـدۆز فـڕی بـۆئەوەی لە گەشـتەکەیدا روبەڕووی بێتەوە. دووەمیان بە سەرکردایەتی فەرماندەی پۆل کاپتن نیکۆلۆلای یورچەنکۆ بـوو، بـۆئەوەی بە مانۆڕێـک لە باشـورەوە لە میـراژەکە نزیـک کەوێـتەوە. سێیەمیان بە سـەرکردایەتی کـاپتن سـارانین بـوو تـا لە ڕۆژئـاواوە لێـی بـدات، فـڕۆکەی چـوارەم لە پـۆلە فـڕۆکەکە بەرەو سـکایهۆکزەکان بایـدایەوە؛ چەنـد خولەکێک دواتر چوار فڕۆکەی دیکەی مێگ هەڵسان. لە سـەرکردایەتی بـنکەی ئاسمانییەوە هۆد پلی بە دوگمەی کاتگرەکەیەوە وەنا و فەرمانی هێرش کردنـی بە فڕۆکەوانەکانی کرد.

کاتێک لەنکاو ڕووسەکان بینیان میراژە "تاقانەکە" بـوو بە چـوار حەپەسـان کە تانکییە سووتەمەنییەکانیان هەڵدایە خوارەوە و بەرەو لای فـڕۆکە مێگەکـان بایاندایەوە. کتوپڕ چوار سکای هۆکسەکان بەرەو ئاسمان هەڵکشان و خۆیان وا پیشاندا کە فڕۆکەی مۆدیل تازەی فانتۆمن. دواتر ئەو چوار میراژەی لە سیانەوە لە خـوار چیاکـان دەسـوڕانەوە، ئەوانـیش بـۆی دەرچـوون لەگەڵ ئەو چـوارەی لەسـەر فڕگەکەکـانی بیـر گفگافـا ئامـادەی فـڕین بـوون، لە هیکـڕا دەنگـی سۆڤیەتەکانی کۆنترۆڵی سەر زەوی کپ بـوو کاتێـک یەکەی ئەلیکترۆنـی هێـزی ئاسمانی ئیسـرائیل کەناڵەکانی ڕادیۆکانی بلۆک کـرد. فـڕۆکەوانە سـۆڤیەتییەکان کە هەمیشە بەپێی ڕێنوێنی کۆنترۆڵی سەر زەوی دەفڕین تووشی سـەرگەردانی هاتن و نەیاندەزانی چ بکەن.

ئاشـەر سـنیر، فڕۆکەوانـی میـراژ یەکەم فـڕۆکەی مێگـی خسـتە خـوارەوە، فـڕۆکەوانەکەی تـوڕ هەڵـدا و پـارچەی پەڕەشـووتەکەی لە ئاسـمانی جەنـگ بڵاوبۆوە کە سی و شەش فرۆکە شەڕیان بـوو، هەر یەک لە ئەڤیهـو بـن نـون و

ئەڤیەم سێلا ئەوانیش دوو فڕۆكەیان خستە خوارەوە، هەروەها ئەڤراهام سالمون و ئیفتاچ سپێكتەر ئەوانیش دوو فڕكەی دیكەیان خستە خوارەوە.

فڕۆكەوانە ڕووسییەكان لە شەڕی ئاسمانی ڕانەهاتبوون و هیچ كۆنتڕۆڵێكی زەویش نەبوو ڕێنوێیان بكات، وەک سەرەتا ڕادیۆكانیان نقەیان لێوە نەدەهات، بەڵام كە شەڕ بەردەوامبوو، ترسیان لێ نیشت و هەیانبوو هاواری لێ هەڵسابوو، تیمی ڕووسیەكەی كۆنترۆڵی زەویش ئۆقرەیان لەبەر بڕابوو و هەوڵیان دەدا پەیوەندی بە فڕۆكەوانەكانیان بكەن و بەناوی خۆیان بانگیان دەكردن. ژمارەیەک لە فڕۆكەوانەكان دوركەوتنەوە و بەرەو بنكەكان قوچاندیان، ئەوانیدی هەوڵیان دەدا خۆ لە ئیسرائیلییەكان بە دوور بگرن، بەڵام فڕۆكە ئیسرائیلییەكان سەریان لە دوویان نابوون، پاش دوو خولەک و نیوی شەڕ، هۆد سەیری كاتگرەكەی گرد و فەرمانی ڕاوەستانیدا، لەوكاتەدا لە ڕادیۆوە دەنگی تیمی كۆنترۆڵی زەوی ئیسرائیل هات و ڕێنمایی كردن "پەیوەندییەكانتان بپچڕێنن و لێک جودابنەوە و ئەو ناوە جێ بهێڵن."

بە كردەنی دەستبەجێ ئاسمان پاک بووەوە و فڕۆكە ئیسرائیلییەكان بەرەو بنكەكانیان گەڕانەوە، لە دوای خۆشیان چوار فڕۆكەی مێگیان بە سووتاوی لە بیابانی مسرییەكاندا جێهێشت كە سێ لە فڕۆكەوانە ڕووسیەكان توانییان بە پەڕەشووت خۆیان هەڵدەن، بەڵام دوویان كوژران.

مۆسكۆ شۆكبوو، بۆ ڕۆژی دواتر مارشاڵ پاڤێل ستێپانۆڤیچ كوتاخۆڤ فەرماندەی هێزی ئاسمانی سۆڤیەت بۆ دڵنیابوون لە شكستی فڕۆكەوانەكان گەیشتە مسر، هەرچەندە لێكۆڵینەوەكان لەوپەڕی نهێنیدا بوون، ئاهەنگێكی ساكار لە بنكە ئاسمانییەكانی ئیسرائیل بەڕێوەچوون و فەرماندەی هێزی ئاسمانی لە بیری نەكرد چەند بوتڵە شامپانیایەكیان بۆ بنێرێت. بەشداربووە نهێنییەكانی ڕێوڕەسمەكە فڕۆكەوانانی هێزی ئاسمانی مسرییەكان بوو كە ببوونە مایەی گاڵتەجاڕی فڕۆكەوانە ڕووسییەكان، ڕووسەكان گاڵتەیان بە بێ

توانایيان دەکرد کە توانای هێـزی ئاسـمانی ئیسـرائیلیان نەبـوو، بـۆیە ئەمە بـۆ مسـرییە گـاڵتە پێکراوەکـان سـاتێکی بە چێـژی شـیرینی تـۆڵەکردنەوە بـوو لە سۆڤیەتی هاوپەیمانیاندا.

لە چەنـد ڕۆژێکـدا هەواڵەکـان دزەیـان کـردە ڕۆژنـامە بیانییەکـان و لە سەرانسەری جیهان چیرۆکی ڕیمۆن ٢٠ بووە مانشێتێکی دراماتیکی تەقیەوە.

ژەنەڕاڵ ئامیر ئەشێل، فەرماندەی گشتی هێزی ئاسمانی

"بانگەوازی فڕۆکەکـانی سـۆڤیەت بهێنـنە خـوارەوە دەخـوازێ ڕووداوێکـی شەڕی سەربەخۆیی بە بیر بهێنینەوە، کاتێک ئەندامانی بەرایی دەستەی هێـزی ئاسمانی پێنج فڕۆکەی بەریتانیایان هێنایە خوارەوە کە پەڕی بوونەوە باشووری ئیسـرائیل. ئەوانە پێمان دەڵین، هێزی ئاسمانی ئیسـرائیل باشـە، بەڵام تەنیـا لە دژی هێزی ئاسمانی لە نـاوچەکەدا کە لە ئاسـتی خۆیـدا نەبێـت. کەچـی ئـێمە لەنکاو شەڕی زلهێـزێکمان کـرد کە ڕکـابەری تەواوی بەرەکەی دیـکەیە و ئـێمە ئەوەمان کرد و لە هەردوو باری نرخ و دژە پاشخانی ئەو سـەردەم ئەنجـامێکی جیاکارمان بە دەستهێنا. هەر ئەو سەردەم ئەمریکا بە شـەڕی ڤێتنـام و نـاکۆکی دی سەرقاڵبوو و نەیانتوانیبوو ئەنجامی ئـاوا بە دەسـت بهێـنن. هاوکـات ئەوتە ئێمە لە جەنگێکدا – جەنگی بووم-

ڕەشبینەکان دەڵێن: "ئێوە بۆسەتان بۆ فڕۆکەوانە مامناوەنـدەکان دانـایەوە، ئەمە دروست نییە. ئەو سـۆڤیەتیانەی لە مسـر دەفـڕین دەیـانزانی چ دەکەن، ئەوان دەبەنگ نەبوون و دەیـانزانی شکسـت قەدەغەیە، بەڵام کارەکـانی ئـێمە وای کرد توانا پیشەگەرییەکان و ڕژدی هێزی ئاسمانی ئیسـرائیلی دەرکەوێت.

دەوڵەتـی ئیســرائیل باشـترین سـەرچاوەکانی لە خـزمەت هێـزی ئاسـمانی دانابوو، ئێمە توانای گەیشتن بەو شـوێنانە و ئەنجامـدانی کارمـان لەوێ هەبـوو کە کەسـانی دی نەیانـدەتوانی بیگەنـێ و بـیکەن. فـڕۆکەی هێـزی ئاسـمانی دەزانێت چۆن پەلاماری تاران بدات و دەتوانێت هەمان شـت لە غەززە بکـات، چونکە بە دەست کەسانی لێهاتووە.

ئۆپەراسیۆنی ڕیمۆن کـارامەیی زیرەکـی و تواناکـانی ئـێمەی دەرخسـت کە جۆرێکە لە نیشانە ڕێی سەکۆکانمان."

دوای ئەوەی ســـوپای عەرەب لە ١٩٦٧ بەجارێـــک داڕووخـــا، ژمـــارەیەک ڕێکخراوی تیرۆریستی خۆیـان خزانـدە نـاو بۆشـاییەکە و هەوڵیانـدا لە ڕێـگەی کـردەی ڕفانـدن و بۆمـب و تیرۆرکـردن ئـازاری ئیسـرائیل بـدەن. یەکێـک لە گەورەترین ئەو گرووپە تیرۆریستیانە ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەڵەستینی یاسر عەرەفات و هێزە گورزوەشێنە نهێنییەکەی بەناوی بلاک سێپتەمبەر بوو.

## پاژی دوازدەم
## فریشتەی سپی لەسەر پەیژەی یاقوب، ١٩٧٢

**ڕیگینالد لیڤی فڕۆکەوانی بۆینگ ٧٠٧ی هێڵی سابێنا لە برۆکسلەوە بە هەستێکی خۆش بەرەو تەلئەڤیڤ فڕی، چونکە ئەمڕۆ ٨ی ئایاری ١٩٧٢ پەنجایەمین ساڵیادی لە دایکبوونی بوو و بە ڕێگەوە بوو لەگەڵ دێبۆراهی هاوژینی ئەو یادە بکاتەوە کە لە یەکەم کورسی پشتیەوە دانیشتبوو. لیڤی فڕۆکەوانی پێشووی هێزی ئاسمانی بەریتانی بوو، لە بلاکپوڵ لە باوکێکی جوو هاتبووە دنیا و هەستی بە پەیوەندییەکی تایبەتی بەرامبەر خاکی ئیسرائیل دەکرد، بێگومان بە لایەوە ئۆرشەلیم نیشانە ڕێی ژیانی بوو.**

بۆینـگ لە بەرازییەکـی بەرزی ئاسـمانی یۆگۆسـلاڤیا دەفـڕی کاتێـک کتـوپڕ هەستی بە لوولەی تفەنگێـک لەسـەر سـکوردی کـرد، نەیتـوانی پەلامـاردەرەکە ببینــێ، بەڵام کاتێـک بە تیەچاوێـک سـەیری تەنیشـتی خـۆی کـرد، ژان پیـایر ئیرانسی یاریدەری بینی لەسەر کورسییەکەی کەوتـووە و پیـاوێکی سـمێڵ بـابڕ دەمانچەی لەسەر سەری ڕاگرتووە. ئیـدی زوو تێگەیشـت فـڕۆکەکەی لە لایەن ئەو چوار فەڵەستینیە دەستی بەسـەردا گیـراوە کە لە برۆکسـلەوە بە پاسـپۆرتی سـەختەی ئیســـرائیلەوە سـواربوون. سەرنشـینەکانی دی هەرگیـز مەزەنـدەی ئەوەیان نەکرد کە لە ڕاستیدا زهریا گرید (عەبدولعەزیز ئەترەشـە) سـارا بیتـۆن (ڕیما تانوسە) و مریەم حەسون (تێریسا هالسایە)، هەروەها سەردەسـتەکەیان کە زوو خـۆی بە کـاپتن ڕەفـعەت ناسـاند لە ڕاسـتیدا نـاوی (عەلـی تەهـا ئەبـو سـنێنایە). هەر چـوار ڕفێنەرەکـان ئەنـدامی بـلاک سـێپتەمبەر بـوون کە ڕێکخراوێکـی کوشـندەی نهێنـی بـوو تـازە لە لایەن یـاسر عەرەفـات دروسـت کرابوو. ئەمەش یەکەم کردەوەی دژ بە ئیسـرائیلیان بوو.

پێش ئەوەی دەست بەسەر فـڕۆکەدا بگـرن، هەر چـوار ڕفێـنەرەکە یەک لە دوای یەک بۆ دەرهێنان و ئامادەکردنی چەکەکانیان کە لە ناو جەستەی خۆیـان شاردبوویانەوە گەرماوی فڕۆکەکەیان بەکارهێنـا: دوو دەمـانچە، دوو نـارنجۆک، دوو پشتێنی تەقینەوە کە کێشی هەر یەکەیان دوو کیلۆگرام بـوو لەگەڵ چەنـد پاترییەک.

ڕەفعەت و ئەترەش لە ناو کـابینەی فڕۆکەوانەکـان وەسـتا بـوون و لـوولەی چەکەکانیان لە سەر فڕۆکەوانەکان ڕاگرتبوو. ڕەفعەت بە دەنگێکی گڕ لە لیڤـی خـوڕی: "بەرەو تەلئەڤیـڤ بفـڕە و فرتوفێـڵ نەکەی، تەقیـنەوە و نـارجۆکمان وێیە." لیڤی بە ورتە ورت گوتی: "بەڵام هەر خۆی من بەرەو ئیسـرائیل دەفڕم"

"بەڵی، دەزانم، بەڵام لێرە بە دواوە تۆ دەبێت دوای فەرمانەکانم بکەویت."

لە بەشی گەشتیارانەوە کچێکی قژڕەشی جوانکیلە کە فستانێکی کورتی گوڵداری لەبەربوو، بە نیانی خۆی خزاندە کورسییەکی تەنیشت هێرشل و ئیدا تۆربێرتی بە ساڵاداچوو کە دوای بیست ساڵ دابڕان بە مەبەستی دیدار و بینینی خزم و ناسیاوانیان سەردانی ئیسرائیلیان دەکرد، کاتێک کچەکەیان بینی بە وایەرێکی درێژ سندوقێکی ڕەشی لە تەنگەی خۆی بەستووە، ئەبڵەق بوون.

لەولاشەوە لە کابینەی فڕۆکەوانەکاندا ڕەفعەت پتی بە مایکرۆفۆنەکە ناو و گوتی: "ئاگاداری، ئاگاداری، پێویستە هەمووتان لە شوێنی خۆتان بمێننەوە و نەجوڵێن. من کاپتن کەمال ڕەفعەتم و سەر بە بلاک سێپتەمبەرم، ئێمە نوێنەری گەلی فەڵەستینین، ئێستاش ئەو فڕۆکەیە لە ژێر فەرمانی ئێمە دایە و دەبێ ملکەچی فەرمانەکانمان بن."

لە هەموو لایەکی فڕۆکەکەوە هاوار و گریان دەنگی دەدایەوە. هێرشل تۆربێرت هەترەشی لە کچە فستان گوڵدارەکە چوو، کاتێک لە کورسیەکەی خۆیەوە هەڵبەزیەوە و سندوقەکەی لەسەر سەری ڕاگرت، لە بن لێوان پرتاندی و گوتی: "ئەی خودایە ئەوە چ کارەساتێکە" لە کورسییەکەی پشتیەوە ئافرەتێکی ئیسرائیلی تەمەن مامناوەنجی بە ناوی برێیندڵ فریدمان کە دانیشتووی ئۆرشەلیم بوو ئەو دەمەی دوو کەسی چەک بە دەستی بینی لە کابینەی فڕۆکەوانەکە هاتنە دەرەوە و دەموچاوی خۆیان بە گۆرەوی شاردبۆوە کە وەک دڕندە وابوون، لە ترسان قیژاندی، یەکێکیان دەمانچەک و نارجۆکێکی لەناو دەست بوو، ئەویدیان کە کەمێک کورتە باڵاتر بوو و دەموچاوێکی لەڕولاوزی هەبوو، بەڵام تۆقەیەکی ڕەشی لە قژیدابوو کە برێیندڵ پێیوابوو قژەکەی بارۆکە بوو.

هەر ئەوکات ڕفێنەرێکی دیکەی ئافرەت لە نێو کورسیەکان پەیدا بوو، قاتێکی ڕەنگ کاڵی لەبەربوو، پاسپۆرتی سەرنشینەکانی کۆکردەوە و مایکرۆفۆنەکەی گرتە دەست و گوتی: "ئەگەر ئەوەی داوای دەکەین ئیسرائیل

جێبەجێی نەکات، ئەم فڕۆکەیە دەتەقێنینەوە و ئێوەش خڕ دەمرن." هەندێک لە سەرنشینەکان لە هاڕژنی گریانیاندا و ئافرەتێک بە عیبری هاواری کرد: "خودایە بە فریامان بکەوە، ئەمە ڕێک ڕۆژی کۆتاییە."

هەواڵی ڕفاندنی فڕۆکەکە گەیشتە مۆشێ دایان، وەزیری بەرگری کە ئەوکاتە بە هەلیکۆپتەر سەنگەرەکانی ئیسرائیلی لە نۆکەندی سوێس بەسەر دەکردەوە. یەکسەر بە فڕۆکەوانەکەی گوت" بۆ لۆد بڕۆ، بەڵام یەکەم کەس کە گەیشتە فڕۆکەخانەی لۆد (دواتر ناوەکەی بووە فڕۆکەخانەی بێن گۆریۆن) ژەنەڕاڵ ڕێحاڤام زئیڤی(گاندی)، فەرماندەی ناوەندی سەربازی محوەرەکە بوو.

زئیڤی هاوشێوەی ئیسحاق ڕابین، حایم بارلیڤ و زۆر لە ئەفسەرە باڵاکانی دی، ئەندامی پێشووتری یەکەی پالماچ بوون کە لە سەردەمی ماندێتی بەریتانیا لە ڕێکخراوێکی نهێنی چەکدار و هێزێکی دەستەبژێری شەڕی سەربەخۆیی بوون. زئیڤی هێندە چرووچە بوو تەنیا ئێسک و دەمار بوو، کاتێک شەوێکی هەینی بەسەر و جەستەی ڕووتی بە خاولییەوە لە ژووری نانخواردنی کیبووتزەکەی پەیدا بوو، ئامادەبووان حەپەسان، هەر ئەودەم نازناوی گاندیان پێدا و بووە بەشێک لە ژیانی. ئەو پیاوە هەستێکی سەیری خۆ بە مەزنزانی هەبوو تا بووە فەرماندەی سەربازی محوەرێک کە لۆگۆکەی شێر بوو، تەنانەت دوو بەچکە شێری لەناو قەفەز هێنایە بارەگاکەی و لە دەروازەی نووسینگەکەی دانابوون.

لەگەڵ ئەوەی سەربازێکی لێوەشاوە و بوێر و فێڵباز بوو، بەڵام دوو ساڵ پێشتر ژمارەیەک تیرۆریست چوار فڕۆکەی هێڵی ئاسمانی ئەمریکایان ڕفاند و لە ئوردن و مسر نیشتنەوە و تەقاندیانەوە. گاندی ستافی نووسینگەکەی کۆکردەوە، لە نێو گرژنە گاڵتەجاڕەکاندا داوایەکی لێ کردن کە وەڵامیان بۆ نیشتنەوەی تیرۆریستەکان لە فڕۆکەخانەی لۆد و بە بارمتەگرتنی سەرنشینەکانی چییە. وەڵامەکانی بە لاوە پەسند نەبوو، خۆی بە ناوی

(ئیسۆتۆپ) وەستاندنی فڕۆكە و دەستبەسەرداگرتنی ڕفێنەران پلانێكی دارِشت. كاتێک مۆشێ دایان و شیمۆن پێرس، وەزیری گواستنەوە گەیشتنە فڕۆكەخانە، ئیسۆتۆپ جێبەجێ كرابوو و كۆماندۆزەكان شوێنی خۆیان گرتبوو و فەرمانیش بە فڕۆكەكە كرابوو ئاراستەی ڕێڕەوی ٢٦ بگرێت كە لە تێرمینالّی سەرەكییەوە تەواوێک دووربوو.

ژمارەیەک ئەفسەری باڵای هێزی بەرگری ئیسرائیل بە پەلە گەیشتن و لە ژوورێكی بچكۆڵانەی نهۆمی سێیەم كۆبوونەوە و ببووە بارەگای گەڕۆک، لە تەنیشت دادۆ ئلیازەر، سەرۆكی نوێی ئەركانی گشتی، مۆتی هۆدی سەرۆكی ئۆپەراسیۆنەكانی هێزی ئاسمانی ئیسرائیل و ئەهارۆن یارڤی سەرۆكی هەواڵگری و ژمارەیەک ئەندامی شاباک، دەزگای ئاسایشی ناوخۆ بە جلوبەرگی مەدەنی وەستابوون، دایان لەگەڵ سەرۆک وەزیران گۆڵدا مائیر لە پەیوەندی دابوو و بەردەوام لە پەرەسەندنەكان ئاگاداری دەكردەوە.

كاتژمێر ٧:٥ی پاشنیوەڕۆ فڕۆكەكە گەیشت و پیلانەكەی ڕفێنەران قومارێكی بوێرانەبوو، ئاخر نیشتنەوە لە لۆد لەناو دەمی شێر ئالینگاریی ئیسرائیل بوو، نەخوازەڵا هەڕەشەی تەقینەوەی فڕۆكەكە بە تەواوی سەرنشینە بێ گوناهەكانییەوە كە تیرۆریستەكان چەكیان لەسەر سەری ئیسرائیلییەكان ڕاگرتبوو بۆئەوەی پەلە لە جێبەجێكردنی داواكارییەكان بكەن، بەڵام پلانە زیرەک و بوێرەكەیان خەوشێكی هەبوو: بێ ئاگا بوون لەوەی مۆشێ دایان و هەڤاڵانی ناخوازن لە لایەن ئەو تیرۆریستانە بشكێن كە لەسەر خاكی خۆی هەڕەشە لە ئیسرائیل بكەن كە جیهان هەمووی دەیبینێت.

كاپتن ڕەفعەت لە ڕێگەی ڕادیۆی فڕۆكەكەوە داواكارییەكانی خۆی ڕاگەیاند: دەبێت ئیسرائیل ئەو ٣١٧ فەڵەستینییە ئازاد بكات كە لە زیندانەكانی دان و دەبێت دەستبەجێ بۆ مسر بفرن. فڕۆكەكەی كۆمپانیای سابێنا لە فڕۆكەخانەی لۆد چاوەڕێ دەبێت تا فەڵەستینییەكان لە قاهیرە دەنیشنەوە، دواتر بەرەو

قاهیرە دەفڕێت و لەوێ ڕفێنەران بارمتەکان ئازاد دەکەن.

دایانی سارد و گاڵتەچی کۆنترۆڵی ئۆپەراسیۆنەکەی گرتە دەست، ئامانجی سەرەکی بۆ کۆتایهێنانی گفتوگۆ، ماندووکردنی تیرۆریستان و داڕشتنی پلانی ئۆپەراسیۆنێکی سەربازی بوو وەک دوا چارەسەر، ژەنەڕاڵ یارڤی بە گفتۆگۆکردن لەگەڵ ڕەفعەت سەرقاڵبوو، دواتر ڤیکتۆر کۆهینی سەرۆکی بەشی لێکۆڵینەوەی شاباک چووە ناو گفتوگۆکەوە کە عەرەبیەکی ڕەوانی دەزانی، یارڤی بە ڕێزەوە لە ڕەفعەتی پرسی: بۆ جێبەجێکردنی داواکارییەکانت چەند کاتمان دەدەیتێ؟

ڕەفعەت گوتی: "دوو کاتژمێر، ئەگەر لە ماوەی ئەو دوو کاتژمێرە داواکارییەکان بە جێ نەهێنن، ئێمە فڕۆکەکە دەتەقێنینەوە."

یارڤی بە ناڕازیبوونەوە گوتی: "بەڵام من بە دوو کاتژمێر بە حاڵ دەتوانم پازدە کەس بگەینمە ئێرە."

لە ڕاستیدا هێزی بەرگری ئیسرائیل لە سەرووی پەنجا کەسی هێنابووە ئەوێ، بەڵام ئەو خەڵکانە نەبوو کە ڕەفعەت لە مێشکی خۆی دانابوون. هێنراوە نوێکان ئەندامی یەکەی ٢٦٩ی سایەرەت ماتکاڵی ئەفسانەیی بوون کە باشترین تیمی کۆماندۆی هێزی بەرگری ئیسرائیل بوو، تەنیا لە سەربازە هەرە بوێر و جۆرایەتییەکان پێکهاتبوو. یەکەی سایەرەت لە ساڵی ١٩٥٧ هاتبووە دامەزراندن و ئەندام و فەرماندەکانی لای کەس ناسراو نەبوون و ئەرکەکانیشیان ئاشکرا نە دەکران و بە سانسۆرێکی زۆر توند پارێزراوبوو. ئەو سەربازانەی لە ڕیزی سایەرەت خزمەتیان دەکرد زۆر بە دیقەت هەڵبژێردرابوون و جۆرەها تاقیکردنەوەیان پێ دەکرا و لە بنکەی نهێنیدا مەشقیان دەکرد. سایەرەت بۆخۆی خێوێک بوو. ساڵی ١٩٧٢ کۆڵۆنێل یەهود باراکی سەرشێت سەرکردایەتی دەکرد.

هەرزوو میشـــمار هاشـــارۆنی پەروەردەی کیبـــووتز بە زیرەکـــایەتی و بوێرییەکەیەوە بووە مایەی چاوتێبڕین، بۆ خۆشی براوەی خەڵاتی پیـانۆ بـوو و بە کەسـێکی حەز لە لێکهەڵوەشـانەوە و کـۆکردنەوەی کـاتژمێر نـاسراوبوو. لە بەرامبەر ئازایەتی و پـاڵەوانییە سـەربازییەکانی کە هەنـدێکیان تـا ئێسـتاش بە نهێنی ماونەتەوە، هەرزوو بوو بە یەکێک لەو سـەربازانەی زۆرتـرین مەدالیـای لە هێزی بەرگری ئیسـرائیل وەرگرتـووە، دواتـر بە مەبەسـتی خوێنـدنی فیزیـا و ماتماتیک لە زانکۆی عیبری، ڕیزی سوپای جێهێشت و بڕوانـامەیەکی دیـکەی لە زانکۆی ستانفۆرد بە دەسـتهێنا، بـۆ مـاوەیەکیش لە ویـلایەتە یەکگرتووەکـان لە ئینسـتیتوتی وایزمـان کـاری کـرد و لە کۆتاییـدا دووبـارە لە سـاڵی ١٩٧١ بە فەرماندەی سایەرەت دامەزرایەوە.

شەوی ٨ی ئایار، هەرچەنـدە یـاریڤ و کـۆهین لەگەڵ ڕەفـعەت خەریکـی گفتوگۆ بوون، یەکەی سایەرەت لە ناوچەیەکی دوور لە فڕۆکەخانەوە ڕاهێنانی لەسەر هێرشی سەرسـوڕهێنەر بـۆ سـەر فـڕۆکەی ٧٠٧ی بۆینـگ دەکـرد کە لە لایەن پیشەسـازی فـڕۆکەی ئیسـرائیل خرابـووە خزمەتیـان. لەبەر ڕۆشـنیایی تیشکی کزی چراکان کۆماندۆزەکان لە ڕێگەی کابینەی فڕۆکەوانەکـان و چـوونە دەرەوەی لەنکـاو ڕاهێنانیـان لەسـەر هەڵکوتـانە سـەر فـڕۆکەکە دەکـرد. لە ئەنجـامی ئەو شـەڕە تەقەی دەکەوێـتەوە، دەبێـت تیرۆریسـتەکان بکـوژرێن بەرلەوەی پێڕابگەن سیمی ئامێری تەقینەوەکانیان ڕاکێشن.

کە شــەو داهــات نیگەرانــی هەرە گەورەی دایـان ئەوەبـوو چـۆن جـوڵەی فڕۆکەکە لەسەر زەوی پەکبخات و ڕێگەی فڕینی لێ بگرێـت، بنیـامین تۆلیـدۆ کە میکـانیکێکی دێرینــی کۆمپانیـای ئەل ئـال بـوو بە یـاوەری بـاراک و چەنـد سەربازێکی دی خـزینە پشـتەوەی فـڕۆکەکە. تۆلیـدۆ خـۆی خشـاندە بـن زگـی فڕۆکەکە و شـارەزایانە وەلفـی کـۆنترۆڵ کردنـی سیسـتمی هایـدرۆلیکی گێـڕی نیشتنەوەی لابرد. ڕۆنەکە دەستبەجێ ڕژایە سـەرفڕگەکە. چەنـد سـاتێک دواتـر

تۆلیدۆ بە هێمنی وەلفەکەی لە پێش دایان دانا.

هێشتا دایان تەواو دڵنیا نەبوو، پێنج خولەک دواتر تۆلیدۆ و میکانیکێکی دی بە ناوی ئارێلی جارێکی دیکە خشینە بن زگی بۆینگەکە، ئامانجی ئەمجارەیان تایەکانی فڕۆکەکەبوو، کاتێک هەواکەیان هێنایە خوارەوە، فڕۆکەکە چەند ئینجێک دابەزی بێ ئەوەی کەس تێبینی بکات، تەنیا کاپتن لیڤی هەستی بە داگیرسانی گلۆپی سووری ڕۆنی هایدرۆلیک کرد و پەیوەندی بە تاوەری کۆنترۆڵ کرد و باسی کێشەکەی بۆ کردن، کەمێک دواتر هەواڵی کێشەی تایەکانیشی پێڕاگەیاندن.

دایان بە لیڤی گوت: "بەو کوڕانە بڵێ، ئەوان ناتوانن بفڕن"

لیڤی گوتی: دەمێکە پێیانم گوتییە و داوام کردووە کەسێک بێت هایدرۆلیکی گێرەکە چاک بکاتەوە. دایان گوتی: ئەوە کاتی دەوێت، دەسەڵاتدارانی فڕۆکەخانە دەبێت بچن کەسێکی شارەزا لە تەلئەڤیقەوە ڕابهێنن، کاپتن ڕەفعەت ڕازیبوو چاوەڕێ بکات، بەڵام داوا دەکات هەر ئێستا قسە لەگەڵ نوێنەرانی خاچی سوور لە ئیسرائیل بکات. دیسان گەیشتنی ئەوانیش دوا دەکەوێت. کاتژمێر ١:٣٠ی بەرەبەیان ڕەفعەت ئارامی لەبەر بڕا و هەڕەشەی لە ئیسرائیلییەکان کرد ئەگەر لە ماوەی یەک کاتژمێردا فڕۆکەکە چاک نەکرێتەوە، یەکسەر دەیتەقێنێتەوە، بەڵام کۆهین بە هێمنی وەڵامی دایەوە کە بۆ بەم شەوە فڕۆکەکە چاک ناکرێتەوە، دواجار ڕەفعەت ڕازیبوو تا ٨ی بەیانی چاوەڕێ بکات.

لە ژێر پەردەی تاریکیدا جەنگاوەرانی سایەرەت لە فڕۆکەکە نزیک کەوتنەوە و بۆ هەڵکوتانە سەر فڕۆکەکە ئامادەبوون، بەڵام دایان پێی باش بوو ماوەیەکی دیکە چاوەڕوان بن. هاوکات بە ژەنەڕاڵ ئیلئازری گوت؛ "هەر لە ئێستاوە خۆت بۆ کردەوەکە ئامادە بکە."

دەوروبەری کـاتژمێر ٣ی بەرەبەیـان، ئەو هێمنیـیە کـاتییەی بـاڵی بەسـەر فڕۆکەخانەکەدا کێشابووم هەروەهـا ژمـارەیەک ئەفسـەری ئیسـرائیلی لەسـەر کورسییەکانیان خەویان لێکەوتبوو، دایـان لە ژووری کـۆنترۆڵ پەنـایەکی پەیـدا کردبـوو، بەڵام هەر زوو بە هـۆی شوڕەشـوڕی ئاودەسـتە نـزیکەکە ئەوێـی جێهێشت، دواجار لەسـەر قەنەفەیەک لە ژووری یـاری منداڵانـدا پـاڵکەوت کە زەڕافەیەکی پلاستیکی و بوکەشوشە لە چواردەوری بوو.

لە گەڵ خۆرهەڵاتندا بەرپرسانی خاچی سوور گەیشـتن و ڕێـگەی سـەردانی کردنی فڕۆکەکەیان درایێ. کاتژمێر ٩ی بەیـانی گەڕانەوە تێرمینـاڵ و بە مۆشـێ دایانیان گوت، ڕەوشی ناو فڕۆکەکە مـایەی بەرگە گـرتن نیـیە، ئـاو و خۆراکیـان تەواو بـووە و ئێرکۆندشـنەکە کـار ناکـات، سەرنشـینەکان دوودڵ و پەرێشـانن، ڕفێنەرەکان توندو تیـژن. شـاندەکەی خـاچی سـوور بە دایـانی گـوت: "ئایـا تـۆ زینـدانییەکان ئـازاد دەکەیـت؟" لە وەڵامـدا گـوتی: "ئـێمە بە گفتوگـۆکردن ڕازیبووین."

شـتێکی نـا مـاقوڵ لە بـارودۆخەکەدا هەبـوو، ڕۆژێکـی هەتـاو بـوو، فڕۆکەخـانەی لـۆد لەسـەر چـالاکی خـۆی بەردەوامبـوو: فـڕۆکە هەڵدەسـتان و دەنیشتنەوە، هۆڵی تێرمیناڵ لە کەسانی گەیشتوو و سەفەرکەر جمەی دەهات، بە بەرچاوی هەمووانەوە لە کۆتایی فڕگەکە سەد بارمتە لەناو فڕۆکەیەکی پڕ لە تەقەمەنی گلدراونەتەوە کە ئەگەر هەیە لە هەر ساتێکدا بتەقێتەوە.

کـاپتن لیڤـی لە کـابینەی فڕۆکەوانـان بە تەنیـا بـوو، کاتێـک ئەتـرەش لێـی وەژوور کەوت و هەستی کرد ئێستا کاتیەتی یـان هەرگیـز ڕوونـادات، یەکسـەر خۆی لە فەڵەستینییەکە ڕووکرد و پڕی دایە تفەنـگەکەی و ڕووی تێکـرد و بـاقە نەجـمەی ڕاکێشـا و دەسـتی بە پەلاپیـتکە وەنـا، بەڵام نەتەقـی، جـارێکی دی ڕایکێشایەوە، دیسان هیچ. ئیدی تێگەیشت کە دوگمەی ئەمان داخراوە.

ئەتـرەش ڕامبێـزی کـردێ و تفەنـگەکەی لە دەسـت ڕاپسـکاند و دوگـمەی ئەمانەکەی لابرد و تفەنگەکەی لەسەر سەری لیڤی دانا. لیڤی لەبەری پاڕایەوە: "تەقە نەکەی، نەکەی بیتەقێنی، ئەگەر بمکوژی هەموو شتێک کۆتایی دێت."

بە سەرسوڕمانێکی زۆر و زەردەخەنەیەکی گەورە دەموچاوی ئەترەشـی گرتەوە و بە هێواشی گوتی؛ "دەتوانم بتکوژم، بەڵام تۆ ڕاست دەکەیت، چونکە ئێمە هێشتا پێویستمان بە تۆیە لێرەمان ببەیتە دەرەوە."

کـاپتن ڕەفـعەت هـاتە جێـی فڕۆکەوانـان و گومـانی لە دواخسـتنی گفتوگۆکەی ئیسـرائیل هەبوو، لەبەرئەوەی پێیانوانییە فـڕۆکەکە دەتەقێنێـتەوە. جانتـایەکی پلاسـتیکی بچـووکی خسـتە نـاو دەسـتی لیڤـی کە هەنـدێک لەو تەقینەوانەی تێدا بوو کە هێنابوویە ناو فـڕۆکەکە و داوای لێکـرد بچێـت لەگەڵ تاوەری کۆنترۆڵ قسە بکـات. لیڤـی ورتەی لێوەنەهـات، هەروەهـا پێـی گـوت، "بـڕۆ پێیـان بڵـی فـڕۆکەکە پـڕ لەوانەیە، ئـێمە نەک بەشـی تەقیـنەوەی یەک فڕۆکەمان هەیە، بەڵکو دەتوانین پێنج فڕۆکە بتەقێنـنەوە. ئەگەر بە وەڵامێکـی نەرێنی گەڕایتەوە یان هەر نەگەڕایتەوە، ئێمە فڕۆکەکە دەتەقێنینەوە.'

ئۆتۆمبیلێکی خاچی سوور لیڤی بردە لای دایان. فـڕۆکەوانەکە بە بێـدەنگی ئەرکەکەی جێبەجـێ کـرد، لە ئەنجـامی تـاقیکردنەوەیەکی سـەر پێیـی لە لایەن دوو ئەفسەر دەرکەوت ئەوەی ناو جانتـا پلاسـتیکەکە تەقینەوەیەکـی بەهێـزە. هاوکـات ڕاپـۆرت لە لایەن شـیکەرەوانی شـاباک لەبـارەی ناسـنامەی دروسـتی ڕەفعەت گەیشت، ئەو پیاوە ڕفێنەری زنجیـرە فـڕۆکەیەکە، هەر ئەوبـوو سـاڵی ١٩٦٨ فڕۆکەیەکی کۆمپانیای ئەل ئـالی بـۆ جەزایـر و سـاڵی ١٩٧٢فڕۆکەیەکـی کۆمپانیای لوتانزای بۆ عەدەن ڕفاند.

کاتێک لیڤی چاوی بە دایان و ژەنەڕاڵەکـانی دی کەوت، ڕاپـۆرتێکی ڕوون و وردی لەبارەی دۆخی نـاو فـڕۆکەکە و تیرۆریسـتەکان و جێگەیـانی دانـێ، دوو

ڕفێنەرە ژنەکان پشتێنە تەقینەوەکانیـان لە پـێش و دواوی فـڕۆکەکە و کـابینەی فڕۆکەوانان داناوە و نارنجۆکیان لە دەستە. دواتر جەنگـاوەرانی سـایەرەت زۆر کەڵکیـان لەو ڕاپـۆرتە وەرگـرت. کاتێـک قسـەیان دەکـرد، چاودێرێـک کە لە سەربانی تێرمیناڵەکە جێگیرکرابوو، ناسنامەی یەکێک لە ڕفێنەرەکـانی دیـاریکرد و بە ئاسانی بە کراسە ڕەنگاوڕەنگەکەی دەناسرێتەوە.

کاتێک لیڤی باسی ڕووبەڕووبوونەوەی خۆی لەگەڵ ئەتـرەش و بڕیـاری نەکوشتنی لە لایەن فەڵەستینیەکە بۆ دایان کرد، دایان لە خۆشیان گەشـایەوە. ئەمەش دووپـــات لە کـــارایی دواخســـتنی گفتوگـــۆکە و هێنـــانە خـــوارەوەی تێرۆریستان دەکات. دایان لەسەر هەق بوو: تیرۆریستیان نایانەوێ خۆبکـوژن، دەیانەوێ بژین، بۆیە لیڤیان نەکوشتووە.

دایان بڕیاری خۆیدا و بە لیڤی گوت: بگەڕێـوە و پێیـان بڵـێ، ئـێمە لەسـەر بەردانی زیندانییەکان ڕازیـن، ئـێمە دەیـانهێنیە فڕۆکەخـانە تـا ئەوان بە چـاوی خۆیان بیانبینن و فڕۆکەکە چاک دەکەینەوە پێی بڕۆنە قاهیرە.

لیڤی کەمێک ئاسـودە بـوو، بەڵام دایـانی بـردە لایەک و گـوتی: 'دوا ئـاواتم ئەوەیە، ئەگەر لەوە بە زیندوویی دەرنەچووین، ئایا دڵنیای ئیسـرائیل بایەخ بە خوێندنی کچەکانم دەدات"؟

دایان بەڵێنی دایێ. بەرلەوەی لیڤی بڕوات، دایـان پرسـیاری لـێ کـرد: ئایـا هیچ کەسێکی نەخۆش لەناو فڕۆکەکە هەیە؟

نەخێر نییە.

ئایا هیچ ژنی دووگیان هەیە؟

لیڤـــی بە پێکەنیـــنەوە گـــوتی: تـــا ئێســـتا نیـــیە. تەنـــانەت لەو ســـاتە چارەنووسسازەشدا کوڕە گاڵتەچییەکان لە گاڵتەی خۆیان نەکەوتبوون.

دایـان زۆر بە بـوێری فـڕۆکەوانەکە کـاریگەر بـوو، بەڵام ئـاوڕێکی لە دادۆ ئەلعازر دایەوە کە نوکتەچییەکی دێرین بوو، دادۆ گـوتی: هەتـا کـاتژمێر چـوار دەرفەتی ڕزگارکردنی سەرنشینەکانت هەیە، دەنـا دەبێـت دەوروبەری کـاتژمێر پێنج بگەڕێمەوە نووسینگە، چونکە ژوانێکم هەیە.

لیڤـی گەڕایەوە نـاو فـڕۆکە ڕفێـنراوەکە، کەمێـک بەر لە کـاتژمێر چـوار، تیرۆریسـتەکان دیمەنێکـی سەرنجڕاکێشـیان بینـی: تراکتـۆرێکی بچـووک فڕۆکەیەکـی بۆینـگ TWA ڕادەکێشـێتە نزیـک فڕۆکەکەیـان کە ڕەنـگە ئەو فـڕۆکەیە بێـت تیرۆریسـتە ئازادکراوەکـان بـگەیەنەتە قـاهیرە! ڕەفـعەت و هاوڕێکانی پاسەکانیان بینی زیندانییە کەلەپچە کراوەکانیان هەڵگرتووە، بۆیـان ئاشکرابوو کە ئەوانە تیرۆرستەکانن و بەو زووانە ئازاد دەبـن، ڕەفـعەت و سـێ لە هاوڕێکانی قیژەیەکی سەیریان کرد و لە خۆشـیان هەڵـدەپەڕین و یەکتریـان لە ئامێز دەگرت و هاواریان دەکرد "زایۆنییەکان ملیاندا".

لە ڕاسـتیدا ئەوان هەڵەبـوون، زینـدانییەکانی نـاو پاسـەکان پەڕەشـوتوانانی کۆڵۆنێل ئیسحاق مۆردەخای بوون کە بە فێڵ ئەو جلوبەرگانەیان لەبەرکرابـوو و دەستیان بەسترابۆوە. هەرچی فڕۆکە بۆینگەکە بوو، ئەوە تەنیا بەدەنەیەک بوو کە بەو دوایـیە لە لایەن پیشەسـازی دروسـتکردنی فـڕۆکەی ئیسـرائیلەوە کڕدرابوو، تەنانەت هێشتا مەکینەشی لەسەر نەبەسترابوو.

پلانـی ئۆپەراسـیۆنەکە ئامـادەبوو، بە پێـی ڕێککەوتنێـک لەگەڵ تیرۆریستەکاندا، شاندێک بە ئۆتۆمبیلێکی فیتەرانەوە لە فـڕۆکەکەی کۆمپانیـای سابێنا نزیـک دەکەونەوە و ئەو میکانیکانەیـان هەڵگرتـووە کە فـڕۆکەکە چـاک دەکەنەوە، بەڵام لە هەقیقەتـدا "تەکنیکارەکـان" شەسـت جەنگـاوەری یەکەی سایەرەتبوون، باراک پیاوەکانی خۆی بەسـەر دوو دەسـتەی پەلامـاردەر دابەش کردبوو کە لە نێو فەرماندەکانیان ئوزی دایانی بـرازای مۆشـێ دایـان هەبـوو کە دواتر بووە فەرماندەی سایەرەت. هەرچەنـدە بەهـۆی نەخۆشـیەوە لە مـاڵەوە

بوو، بەڵام بۆ خاتری بەشداری کردن لە ئەرکەکە گەڕابۆوە. دانی یاتۆم سەرۆکی داهاتووی مۆساد، مۆردەخای ڕاحامیم و بنیامین (بیبی) نەتەنیاهۆ.

لە دوا ساتدا مشتومڕێک لە نێوان هەردوو بـرا (یـۆنی و بیبـی نەتەنیـاهو) ڕوویدا کە هەردووکیان ئەندامی سایەرەت بوون ( ئیدۆی برایان کە لە ئەمریکا دەیخوێند، لە ساڵانی داهاتوودا ئەویش پەیوەندی بە ڕیزەکانی سایەرەت کـرد) ئەوانە کـوڕی پرۆفیسـۆر بێنزیـۆن نەتەنیـاهۆ، زانـای بەناوبـانگی ڕاسـتڕەوی ئیسـرائیلی بـوون. ئەم دوو لاوە لە ئیسـرائیل و ئەمریکـا گەورە ببـوون و بە ئازایەتی ناوبانگیان دەرکردبوو، هەردووکیـان دەیانویسـت بەشـداری لە ئەرکـی سابێنادا بکەن، بەڵام باراک دەیویست تەنیا یەکێکیان بەشداری پێ بکات، یۆنی پەلاماری ڕوتبەی برا گەورەکەیدا و ڕایکێشـا، بەڵام دواجـار بـاراک بیبـی قبـوڵ کرد.

لەپێنـاو ئەوەی فـێڵەکە کـاری خـۆی بکـات، کۆمانـدۆزەکان جلـوبەرگی سپیان پۆشیبوو کە بە پەلەپروزێ لە نەخۆشخانەی تەل هاشـۆمەریان هێنـابوو، ئەوان سـواری ئۆتـۆمبیلی خزمەتگـوزاری بـوون، بەڵام لە لایەن گانـدی بەرهەڵستی کرا کاتێک بینی بەدلەکانیان زۆر سپی و پـاکن، چـونکە شـیاو نیـیە فیتەر ئاوا بێت و گـوتی: لەوانەیە لەم ڕێـگەوە تیرۆرسـتان بە فـێڵەکە بـزانن و تەواوی پلانەکەمـان لەبـار بچێـت. گانـدی فەرمـانی بە سـەربازەکان کـرد خـۆڵ بەسەری خۆیاندا بکەن و خۆیان لە عەردی فـڕگەکە وەربـدەن بـۆئەوەی وەک فیتەرێکی ماندووی ڕۆژەکار دەربکەون، هەمدیس هەندێ فیتەری هەقیقـی و بە تەمەنیشی بۆ تیمەکە زێدە کرد نەبادا دەموچاوە گەنجەکانی کۆمانـدۆزەکان گومان دروست بکات.

بەکارهێنـانی دەمـانچە ئەو ئالینگـارییە گـرنگە بـوو کە ڕووبەڕووی جەنگاوەرانی سـایەرەت بـووەوە، لەبەرئەوەی دەبـوو پەلامـارەکە بە دەمـانچە جێبەجێ کرابا، بەڵام جەنگاوەرەکان ڕاهێنانیـان لەسـەر جۆرەهـا چەک کردبـوو

تەنیا لەسەر دەمانچە نەبێت. دواتر نەتەنیاهۆ دانی بەوەدا نا و گوتی: " لە ژیانمدا یەکەمجار بوو دەمانچە هەڵبگرم." لەپێناو زاڵبوون بەسەر ئەو لەمپەرە بڕیاردرا ژمارەیەک جەنگاوەری یەدەگ بهێنرێت کە وەک سکیوریتی لە کۆمپانیای ئەل ئال کاریان دەکرد. ئەو سکیوریتانە ڕاهێنانێکی چڕیان لەسەر بەکارهێنانی دەمانچە کردبوو و بە شارەزای بەکارهێنانی دەمانچە دەژمێردران. یەکێک لەوانە مۆردەخای ڕاهامیم بوو، تەنانەت بووە پاڵەوان کاتێک بە تەنێ ڕامبازی چوار تیرۆریستی کلاشینکۆف و نارنجۆک بەدەستیدا کە لە زیورخ پەلاماری فڕۆکەیەکی کۆمپانیای ئەل ئالیاندا بوو. ڕاهامیمی بونیاد وەرزشی لە کوردستان لە دایک ببوو لە فڕۆکەکە بازیدابوو و یەکێک لە تیرۆریستەکانی کوشت و تەقەی لە سێیەکەی دیش کرد تا سیکیوریتی سویسری گەیشتن. ئەوکاتە ڕۆژنامە جیهانییەکان بە شانوباڵی ئەو کوڕە لاوەیاندا هەڵگوت کە تەنیا بە دەمانچەکەی سێ تیرۆریستی کلاشینکۆف بە دەستی کوشتووە، ڕاهامیم و دەمانچە بێرێتا عیار ٠.٢٢ کەی لە ئیسرائیل دەنگیان دایەوە بە ناوبانگ بوون.

لە دوا ساتدا داوا لە ڕاهامیم کرا پەیوەندی بە کۆماندۆی سابێنا بکات، هەندێک لە ئەندامانی سایەرەت لە تێرمیناڵ لە چاوەڕوانی دانران و هەر کاتێک فڕۆکەی ئەل ئال نیشتەوە خۆیان ڕەگەڵ سیکیورەتیەکان بدەن و تێکەڵاوی تیمەکە بکەن.

نیگەرانی گەورە تەقەمەنیەکان بوو، فەرماندەکانی ئەرکەکە دەیانزانی ئەگەر ئامێرەکان بتەقنەوە، فڕۆکەکە دەبێتە تەڵەی مردن. ئەرکی یەکەمی تیمی ڕزگارکەر لەکارخستنی پشتێنە بۆمبڕێژکراوەکان بوو. خولەکێک بەر لە جێبەجێکردنی ئەرکەکە، ئیلازار سەرۆکی ئەرکان ڕاهامیمی بردە لایەک و بە سۆزەوە گوتی: "مۆردوخ" نازناوی ڕاهامیم بوو، هەڵکوتە سەر فڕۆکەکە و تەقینەوەکان بدۆزەوە.

دواجار، شاندە بچووکەکە ڕێگەی خۆیان گرتەبەر و وردە وردە لە فڕۆکەکە نزیک کەوتنەوە، تیرۆریستەکان فەرمانیان بە میکانیکیەکان کرد یەک لە دوای یەک بە پێش کابینەی فڕۆکەوانان تێپەڕن کە کاپتن ڕەفعەت بە تفەنگەوە وەستابوو و سەیری دەکردن. لەسەر زەوی لە تەنیشت میکانیکیەکان نوێنەرانی خاچی سوور وەستابوون. هەر جەنگاوەرێک دەبوو بەدلەکانی والا بکات کاتێک بە پێش فڕۆکەکە ڕەتدەبوون بۆئەوەی پیشان بدەن کە چەکدار نین. لە هەقیقەتدا هەموویان دەمانچەکانیان لە پشت پشتێنەکانیان شاردبۆوە. نوێنەرانی خاچی سوور دەمانچەی سەربازەکانیان بینی، بەڵام هیچ قسەیەکیان نەکرد.

سەربازەکان بە سندوقی ئامراز و کەرەستەکانیانەوە بە چواردەوری فڕۆکەکە سوڕانەوە، بەنهێنی پەیژەکانیان کۆکردەوە کە بۆ چوونە ناو فڕۆکەکەیان بەکار هێنا و ڕاهامیم گوتی: "من دڵنیام بە زیندوویی لەم فڕۆکەیە نایەمە دەرەوە."بۆیە بە چرپە بە هاوڕێکانی ڕاگەیاند دوای مردنی چ بە خێزانەکەی بڵێن.

دواتر لەنکاو کێشەیەکی نوێ سەریهەڵدا، یاکوڤ تزور کە یەکێک لە سیکیورەتیەکان بوو کە هەر ئێستا لە گەشتە دوورودرێژەکەی ئەل ئال گەیشتبوو و ڕایگەیاند کە ئاوا کار ناکرێت، دەبێت پشوویەک بدەم، ئەو هەموو ڕێگەیە گەڕاومەتەوە ئیسرائیل و ئێوەش ڕاستەوخۆ لە فڕۆکەکەوە دەمرفێنن. دەبێت من دابێمەوە و شتێکی تایبەت بە خۆم بکەم. ئەم ڕووداوە هەم مایەی ڕووگیری و هەم نوکتە بوو، بەڵام کەس تاقەتی پێکەنینی نەبوو. چونکە حساب بۆ هەر خولەکێک دەکرا، هەڤاڵەکانی تزور پێوەبوون باوەڕی پێ بهێنن کە دەبێت ئەرکەکە زۆر کورت بێت، دواتر هەرچەندی کاتی دەوێت با بە دڵی خۆی بکات. نەتەنیاهۆ سەرۆکی وردەکاری لێی پرسی: یاکوڤ تۆ یەکێکی بچووکت دەوێت یان گەورە؟ بەڵام تزور چاوەڕێی نەکرد، پانتۆڵەکەی

داکەنـد و لە بـن فـڕۆکەکە لێـی دایکـوتی، گشـت جەنگـاوەرانی سـایەرەت، ژەنەڕاڵەکان، خەڵکی ئیسـرائیل بە ئارامی چاوەڕێیان کرد تا تزور هەسـتایەوە و دوگمەی پانتۆڵەکەی داخستەوە.

دواجار کۆماندۆزەکان جێی خۆیان لەسەر پەیژەکـان گـرت، کـاتژمێر ٤:٢٤ی پاشنیوەڕۆ گوێیان لە فیتە تیژەکەی باراک بوو کە ئاماژەی دەست پێکردن بـوو، لە چەند چرکەیەکدا بە دەرگەی چونەدەرەوە و دەروازەی کابینەی فڕۆکەوانـان ســەرکەوتن، یەکەم کەس لە دەرگەی چــوونەدەرەوەی چەپەوە چــوونە نــاو فڕۆکەکە، مۆردەخـای ڕاهـامیم و دانـی ئەردیتـی بـوون، مۆردەخـای ڕووبەڕوو خـۆی لەبەردەم ئەتـرەش دۆزیەوە کاتێـک تەقەی لێکـرد، مۆردەخـای تەقەی لێکردەوە، بەڵام نەیپێکا. هاوکات بیبـی و ئەریـک لە دەرگـای چوونەدەرەوەی ڕاسـتەوە هـاتنە نـاو فـڕۆکەکە، لە کاتێکـدا هەر یەک لە ئـۆمەر ئیـران و دانـی برونەر لە دەرگەی پشتەوەی چوونە دەرەوەی لای چەپەوە هاتنە ناو فڕۆکەکە، ئۆمەر ئەترەشی بینی و تەقەی لێکرد و کوشتی.

دانــی یـاتۆم نەیتـوانی لە دەرگەی پێشــەوە بچێـتە نـاو فـڕۆکەکە، چـونکە گـاڵەدرابوو دوای ئەوەی کـاپتن ڕەفـعەت تەقەی لە کۆمانـدۆزەکان کــرد. لەو کـاتەدا ئـوزی لە دەرگەی پشـتەوە هـاتە ژوورەوە، ئـوزی لەبەردەمـی خـۆی پیـاوێکی پێسترەشـی بینـی و تەقەی لێـی کـرد و پێیوابـوو ئەوەش یەکـێکە لە تیرۆریستەکان. لە ڕاستیدا بازرگانێکی ئەڵماسـی بەلژیکـی بـوو، هەرچەنـدە بە ســەختی برینــداربوو، بەڵام چارەســەر کــرا و ژیــا. لە هەمــووان بەدبەختــتر سەرنشـینێکی ئیســرائیلی بە نـاوی هـۆڵتزبێرگ ئەندرسـۆن بـوو کە لەو شـەڕە تەقەیە بەرکەوت و بە دژواری برینـدار بـوو. ئەرکـی ئـوزی دۆزینـەوەی ڕیـما تانوسی ڕفێنـەر بـوو کە بە پشـتێنە بـۆمبڕێژکراوەکەیەوە لە جێگەیەکـی پشـت کابینەکە بوو، لە ناکاو سەرنشینێک بەناوی مارسێلا ئیینی بە دەست ئاماژەی بە بوونی ئافرەتێک کرد کە لە نێو کورسییەکان خۆی گرمۆڵە کردبوو و نارنجۆکێکی

بە دەستەوە گرتبوو، ڕیما پاڕایەوە و گوتی: تەقەی نەکەی، تەقەی نەکەی."

ئوزی دەستی گرت و گوشی تا بە وریایی نارنجۆکە زیندووکەی لە نێو پەنجە پتەوەکانی ڕاپسکاند، " پەنجە لە دوای پەنجە" و چەشنەی نارنجۆکەکەی فڕێ دایە دەرەوەی فڕۆکەکە و ڕیماشی هێنایە دەرەوە.

لە هەمان کاتدا مۆردەخای ڕاهامیم وردە وردە بەرە پێشەوە دەچوو، ڕەفعەت لە دەرگەی کابینەی فڕۆکەوانانەوە تەقەی لێ کرد، ڕاهامیم تەقەی لێ کردەوە تا مەخزەنەکەی بەتاڵ بوو، دواتر خۆی دایە پەنا کورسییەک تا مەخزەنەکەی پڕ کردەوە، هەرچەندە مەخزەنەکەی پر دەکردەوە هەوڵیشیدا ئەو ئافرەتە هەترەشچووە هێور بکاتەوە کە لە تەنیشتی دانیشتبوو: بە ئینگلیزی منگاندی و گوتی، مەشڵەژێ، هەموو شتێک باش دەبێت. بەڵام بێ ئاگا بوو لەوەی ئەو ئافرەتە ڕێگیناڵدی هاوژینی لیڤیە. لە گەرمەی شەڕە تەقەدا ڕەفعەت ڕایکردە ناو تەوالێت، ڕاهامیم دوای کەوت و لەوێ کوشتی.

بیبی و مارکۆ ئەشکەنازی ئەوانیش بەرەو پێشەوە ڕۆیشتن بە دوای ترێزا هالسا دەگەڕان، بیبی ترێزای لە لای چەپی کابینەکە گرت و مارکۆش لە بن جلەکانیدا پاتری چالاککردنی چەشنەی تەقینەوەکەی دۆزیەوە، هەرچەندە ترێزا خۆی پچڕیەوە، بەڵام کاتێک مارکۆ بە توندی پێی کێشا و تفەنگەکەی لە دەست کەوت و تەقیەوە و بەهۆیەوە ترێزا و بیبی بریندار بوون، ئیدی بەم شێوەیە کارەکە کۆتاییهات.

دەست بەسەردا گرتنی فڕۆکەکە تەنیا نەوەد چرکەی خایاند، هەردوو پیاوە ڕفێنەرەکان کوژران و ئافرەتەکانیش دەستگیرکران، سەرنشینەکان لە خۆشیاندا هەڵپەڕین و یەکتریان ماچ کرد.

دایان و ستافەکەی بەشداری خۆشییەکەیان کرد و پیرۆزبایی لە پیاوەکانی کرد و سواری سەیارەکەی بوو. کاتێک گەیشتەوە نووسینگەکەی لە تەلئەڤیڤ و

سـەیرێکی کـاتژمێرەکەی کـرد و کـاتژمێر ٥:٥ی پاشـنیوەڕۆ بـوو، ڕێـک کـاتی ژوانەکەی بوو.

هێرشێل و ئیدا نـۆربێرت لە خۆشەویسـتی کەسوکاریاندا نقومبـوون، بەڵام نـۆربێرت دیمەنـی هێرشـی سـایەرەتی لە بیـر نەدەچـۆوە کە لە پەنـجەرەی فڕۆکەکە کەسانی سپی پۆشی بینیبوو کە بەسەر پەیژەکان سەر دەکەوتنە سـەر باڵی فڕۆکەکە و دەهاتنە خوارەوە، ئەوەش پەرتووکی سفری تەکوینی ئینجیلـی وەبیر هێنایەوە کە لە وەسفی پەیژەی یاقوبدا بـاس دەکـات چـۆن فریشـتەکان سـەردەکەوتن و دەهـاتنە خـوارەوە، بەکردەنـی بـۆ ئەو و سـەد سەرنشـینەکە، ئەوانە فریشتە بوون.

بنیامین نەتەنیاهۆ، جەنگاوەری سایەرەتی ماتکاڵ و دواتر سەرۆک وەزیران

ئەوەی تـا نهـا کـززە لە یادەوەریمـدا هەڵدەسـتێنێ، سـاتی بەر لە دەسـت پێکردنی پەلاماردانەکەیە، کاتێک ئێمە بە پۆشـاکی سـپی میکـانیکییەوە لەسـەر بـاڵی فـڕۆکەکە ڕاوەسـتابووین و چـاوەڕێی مـۆڵەتی هەڵکوتانەکەمـان دەکـرد. هەمـوو ئەوانەی بە تـاقیکردنەوەی هەڵکوتـانی چەکـداری دژ بە ئۆپۆزیسـیۆن تێپەڕی بـوون، ئەوە دەزانـن لەو کاتـانەدا هەر جەنگاوەرێـک هەوڵ بـۆ خـۆی دەدات.

بەر لە کـــازیوە گەیشـــتمە لای یەکەکە، هێشـــتا کەس لەوێ نەبـــوو، وا تێگەیشـتین لەوانەیە شـتێک لە فڕۆکەخـانە ڕوویـدابێت، بـۆیە بە پەلەپـرۆزی چوومە ئەوێ و خۆم لە ڕیـزی تـیمەکە ڕێکخسـت. یـۆنی بـرام هـات و گـوتی "منـیش دەخـوازم بەشـدار بـم"، هۆکارەکەشـی بـۆ ڕوون کـردمەوە، چـونکە بە ئەزمـوونترین جەنگـاوەرە. دیـارە ئەوە مـایەی مشـتومڕ نەبـوو، چـونکە ڕاسـتی دەکرد. لە وەڵامدا پـێم گـوت، دەبێـت مـن سـەرکردایەتی سـەربازەکانم بـکەم،

بەڵام لەسەر ڕەتکردنەوەی فەرمانەکەم بەردەوامبوو و منیش ڕەتم کردەوە، دواتر گوتی "مادام وایە ئێمە هەردووکمان بەشداری لە ئەرکەکە دەکەین." لێم پرسی: "باشە ئەگەر یەکێکمان شتێکی بەسەرهات چۆن وەڵامی باوانمان بدەینەوە" لە کۆتایدا بۆ بڕیاردان و یەکلاکردنەوەی ئەوە گەڕاینەوە لای یەهود باراک. یەهود بڕیاریدا کە دەبێت من لەگەڵ سەربازەکانمدا بڕۆم.

کاتێک ئاماژەی هەڵکوتانەکە درا، ئێمە لەسەر باڵەکە لە دەرگەی تەنگاڤی چووینە ژوورەوە و کەوتینە سەر فڕگەکە، گوللەی تیرۆریستان بە دەوروبەرماندا ویزەی دەهات و گوللەیەک بەر مریام هۆڵتزبێرگ ئەندرسۆنی بارمتە کەوت کە تا ئەمڕۆ لە یادەوەریم زیندووە.

کاتێک بە دوای دۆزینەوەی تیرۆرستان دەگەڕاین، یەکێک لە سەرنشینەکان پەنجەی بۆ ئافرەتێک درێژ کرد کە خۆی لە مابەینی کورسییەکان گرمۆڵە کردبوو و هاواری کرد "ئەوە تیرۆریستە" هەر لە قژیەوە ڕامکێشا، دەرچوو قژەکەی بارۆکە، دووبارە ڕامکێشا و لێم پرسی: کوا تەقینەوەکان لە کوێن؟ مارکۆ ئەشکەنازی بە ڕاکردن هاتە لامان و گوتی: خەمت نەبێت من چارەی دەکەم. دەمانچەکەی دەستیم بینی کە گولەی لەبەربوو، لەبەرئەوەی تیرۆرستەکە بێ چەک بوو، گوتم: مارکۆ نەکەی! بەڵام کار لە کار ترازابوو، کاتێک بە دەمانچەکەی پیای کێشا، هەردووکمان بریندار بووین.

یەکێک لە گرنگترین سەرنجەکانی ئۆپەراسیۆنی سابێنا، تۆکمەیی پرەنسیپ بوو، کاتێک ڕێگەچارەی سەربازی بێتە ئارا، ئێمە بێ سێ و دوو جێبەجێی دەکەین. ئۆپەراسیۆنی سابێنا، لە گۆشەنیگای چۆنیەتی بەرەنگاربوونەوەی ڕفێنەران و شەڕی تیرۆرستان ئۆپەراسیۆنێکی بێ وێنە بوو. لە هەنگینرا میتۆدی تیرۆرستان گۆڕاوە و لەگەڵیشیدا بەهای پڕ لە ئازاری گورزوەشاندنەکان لە ڕێگەی کردەی خۆکوژی و مووشەک و ئەوانی دیش گۆڕاون، تیرۆر بنبڕ نابێت تا ئێمە شەڕیان نەکەین، ئەگەر چارەسەریشی نەکەین مەترسییەکانیش هەرگیز

ون نابن."

کۆدێکی تایبەت بە ئتیکی هێزی بەرگری ئیسرائیل هەیە کە دەڵێت: نابێت هیچ سەربازێکی ئیسرائیلی لە مەیدانی جەنگ یان بە دیلێتی لە پشت هێڵەکانی دوژمن جێبهێڵدرێت و وازی لێ بهێنرێت.

# پاژی سێزدەم

## "بوەستە، نەبزووی، دەست بەرزکەوە!" ١٩٧٢

لە ٢١ی حوزەیرانی ١٩٧٢ یەکەی سایەرەت ماتکال ئۆپەراسیۆنی کرێیت ٣ی ئەنجامدا، ئامانج لەو ئۆپەراسیۆنە ڕفاندنی گەورە ئەفسەرێکی سوپای سوریا لە خاکی لوبنان بوو بۆئەوەی بە سێ فڕۆکەوانی ئیسرائیلی بگۆڕدرێتەوە کە ماوەی زیاتر لە دوو ساڵ، لە سوریا دیل بوون.

ژەنەڕاڵ ئوزی دایان، جێگری فەرماندە و دواتر سەرۆکی سایەرەت ماتکاڵ گێڕایەوە و گوتی: "ئۆپەراسیۆنی کرێیت دوای ئەوە لەدایکبوو کە ئێمە بۆ چۆنیەتی ئازادکردنی فڕۆکەوانەکان ژمارەیەک پلانی شێتانەمان پێشکەشی ئەرکانی گشتی کرد و هەموویان ڕەتکرانەوە. ڕۆژێک بە تووڕەیی هەستام و چوومە وەزارەتی بەرگری و پێم گوت، دیارە تۆ لەوە پیرتری لەوە تێبگەی، بەڵام دیلکراوەکان هاوڕێمانن، هیواداربووین بارودۆخ هەڵگێڕاوە با، دڵنیا بووین ئەوان هەموو شتێکیان بۆ ئازادی ئێمە دەکرد."

مۆشێ دایان مامی ئوزی دایان وەزیری بەرگری بوو، داڤید ئلیزار سەرۆکی ئەرکان ئەویش پەرێشانی هەر سێ فڕۆکەوانەکە- گیدرۆژی ماگن، پینچاس ناچمانی و بوئاز ئیتان- بوو کە لە زیندانەکانی سوریا لە ژێر ئازار و ئەشکەنجەی زۆردا بوون. سەرۆک ئەرکان بۆ خێراکردنی گفتوگۆی گۆڕینەوەی زیندانیکراوەکان بە دوای ڕێگەیەک دەگەڕا، بۆیە فەرمانی پێشکەشکردنی پرۆپۆزەڵی ڕفاندنی ئەفسەرانی سوریایدا. بەمەش دواجار گوێ بۆ بیرۆکەکەی سایەرەت هەڵخرا و لە لایەن گۆڵدا مائیر سەرۆک وەزیرانیش پەسند و مۆر کرا.

بۆچوونەکە ئاوا بوو، ڕەنگە لە بەرامبەر ئەو سەودایەدا ئەندامانی باڵای دەزگای هەواڵگری سوری بە ئازادکردنی سێ فڕۆکەوانەکە قایل بن و کاریگەری لە مسری هاوپەیمانیشی بکات ئەو دە دیلەی لە مسر زیندانین ئازاد بکات.

ئۆپەراسیۆنی کرێیت ١ دوای ئەنجامدانی ژمارەیەک ئەرکی چاودێری چووە واری جێبەجێکردن و لە لایەن کۆماندۆزەکانی سایەرەت لە کەرتی چیای دۆڤ

لە سنووری لوبنان ئەنجامدرا. ئەو شوێنەی بۆ جێبەجێکردنی ڕفاندنەکە دەستنیشان کرا، ڕێگەیەکی پیس و پڵتۆخی لوبنان بوو، چونکە لە باکوری چیاکە لە پێچێکدا دەبوو ئۆتۆمبیلەکان هێواش بکەنەوە. کۆماندۆزەکانی سایەرەت لە شەوێکی ئەنگوستەچاودا دزەیان کردە ناو لوبنان و گەیشتنە ناوچەی ئامانج. دارو بارێکی چڕ قەدپاڵی چیاکەی داپۆشیبوو، کۆماندۆزەکانی سایەرەت لەگەڵ یەهود باراک وەک فەرماندەی تیمی پەلاماردەر و بنیامین نەتەنیاهۆ وەک سەرۆکی تیمی ڕێگە داخستن بۆسەیان دانا و بۆ چەند کاتژمێرێک چاوەڕوان بوون، بەڵام سورییەکان هەر دەرنەکەوتن، بۆیە ئەرکەکە هەڵوەشێندرایەوە.

ڕۆژی ١٩ی حوزەیران بۆ ئەنجامدانی دووەم هەوڵی ڕفاندنەکە، ئۆپەراسیۆنی کرێیت ٢ لە بەری ڕۆش هەنیکرا لە سەرووی جەلیل دیاریکرا، ئەمجارە لە چەندین ڕێگەی جیاواز لە ناو خاکی لوبنان بۆسە دانرایەوە، دووبارە هەمان تیم و هەردوو براکەی بیبی نەتەنیاهۆ، یۆنی و ئیدو تێیدا بەشدار بوون، ئیدۆ نەتەنیاهۆ گوتی؛ "ئەوە تەنیا ئۆپەراسیۆن بوو کە بیبی، یۆنی و من پێکەوە بەشدار بین. لە هەقیقەتدا ئەوە کارێک بوو کە لە هێزی بەرگری ئیسرائیل ڕێگە پێدراو نەبوو. لە ڕاستیدا هێزی بەرگری ئیسرائیل لە ترسی کوشتن یان برینداربوونیان، هەرگیز ڕێگەی نەدا چەند برایەک لە هەمان ئەرک بەشداربن."

ڕۆڵی تیمی ڕێگە داخستن بۆ ئەوەبوو نەهێڵێت هێزی پشتیوان بگەنە ناوچەی کردەکە و هەموو ئەوانەش دەستگیر بکات کە لە ڕووبەڕووبوونەوەی باراک هەڵدەهاتن. کاتێک ئەوان لە بۆسە لە چاوەڕوانیدا بوون، شوانێکی لوبنانی لەو ناوە پەیدابوو و ئەو تێلدڕەی بینی کە لە لایەن یەکێک لە ئەندامی تیمەکانەوە پانکرابۆوە، خۆی و ڕانەکەی بەسەر پیاوە شاراوەکان هەڵگوتن، بیبی نەتنیاهۆ پەیوەندی بە باراک کرد و ڕێنمایی بە پیاوەکانی کرد دەستبەجێ

شوانەکە پەلبەست بکەن. کۆماندۆزەکان خۆیان تێکرد و گرتیان و لە تەنیشت خۆیان درێژیان کرد. شوانەکە ترسا بمرێت، بێگومان خەریکبوو بمرێت. ئیدۆ نەتنیاهۆ گێڕایەوە و گوتی: "بە عەرەبی پێم گوت "اسکت" بێدەنگ بە، هەروەها بە دەست ئاماژەم پێدا ئەگەر بێدەنگ نەبێت سەرت دەبڕین." شوانەکە لە پەیامەکە گەیشت و فزەی لەبەرەوە نەهات.

دواتر بابەتێکی نوێ سەریهەڵدا: زرێپۆشێکی لوبنانی کە تۆپێکی لەسەر بوو لەگەڵ چەند ئۆتۆمبیلی دیکە بە دوری ١.٢٥ میل لە دوای کاروانی ئەفسەرەکە بوون، دوو لە ئۆتۆمبیلەکان لە تەنیشت شوێنی بیبی نەتەنیاهۆ وەستان و کاروانەکەش لە ڕۆیشتن بەرەو چیایەکە بەردەوامبوو. نەتەنیاهۆ بە چرپە ئەو هەواڵەی بە باراک ڕاگەیاند، ئەویش ڕێنوێنی کرد لە خۆشاردنەوە بەردەوام بێت، بە نۆرەی خۆی باراک هەواڵەکەی گەیاندە ژەنەڕاڵ مۆتا گوور کە فەرماندەی ناوچەی باکور بوو، هەروەها بە سەرۆک ئەرکانیشی ڕاگەیاند، سەرۆک ئەرکان ڕێنوێنی دایێ، دەستبەجێ ئۆپەراسیۆنەکە بوەستێنێت و بکشێتەوە ئیسرائیل.

باراک هەوڵیدا مشتومڕی لەگەڵدا بکات، بەڵکو باوەڕ بە فەرماندەی باڵا بهێنێت کە دەرفەت هەیە بێ هیچ ڕیسکێک دەستبەجێ ئۆپەراسیۆنەکە ئەنجام بدەن، بەڵام وەڵامەکە هەمووی هەر ڕەتکردنەوە بوو. بیبی نەتەنیاهۆی بە نامرادی ڕێنوێنی بە سەربازەکانیدا خۆیان بۆ ڕۆیشتنەوە ئامادە بکەن. ئەمەش دوا ئەرکی بوو پێش ئەوەی لە سوپا تەسریح بێت و زۆریش حەزی بە سەرکەوتنی بوو.

ئوزی دایان گوتی؛ 'لە کۆتاییدا، کاروانەکە بە چەند مەترێک دوور لێمانەوە تێپەڕین و ئێمەش زەقەی چاومان دەهات. "دواتر دەرکەوت جگە لە سەرۆک ئەرکانی سوپای لوبنان، هیچ گەورە ئەفسەرێکی سوریا و لوبنان لە کاروانەکەدا نەبوو."

کاتێک سەربازانی ئیسرائیل گەڕانەوە ناوچەی گردبوونەوەی تەنیشت کیبووتزی هەنیتا، قڕە و مشتومڕەکان درێژەیان کێشا، باراک لە سەرۆک ئەرکان و ئەفسەرە باڵاکانی لەگەڵیدا بوون، پرسی: "بۆ ڕاتانگرت؟ ئێمە زۆر لێیانەوە نزیک بووین، بێ کێشە دەمانتوانی ئەرکەکە جێبەجێ بکەین، ئەوان لەناو دەستمان بوون و ڕێگەماندا بڕۆن."

ئلیزار هەوڵیدا هێوری بکاتەوە و گوتی؛ "من نامەوێ سەربازانی بۆسەکە بخەمەوە خەتەرەوە، چونکە ئەگەر هەبوو ئۆتۆمبیلە زرێپۆشە لوبنانییەکان ئاشکرایان بکەن."

باراک ڕەدی دایەوە و گوتی: "ئێوە ناچارمان دەکەن ڕاستییەکان نەڵێین. ئەگەر بمزانیبا ئەرکەکە هەڵدەوەشێندرێتەوە، هەرگیز هەواڵی ئۆتۆمبیلە لوبنانییەکانم پێ ڕانەدەگەیاندن، دەبوو متمانە بە بیرۆکەکەم بکەی، ئاخر من پێم ڕاگەیاندی کە ئێمە بە سەرکەوتوویی ئەرکەکە جێبەجێ دەکەین. لە داهاتوودا لەبارەی ئۆتۆمبیلە زرێپۆشەکانەوە هیچت پێ ناڵێم."

دوای دوو ڕۆژ لە ٢١ی حوزەیران مۆڵەتی ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆن کێیت ٣ درا، ئەوکات بیبی نەتەنیاهۆ بیست و چوار کاتژمێربوو، ببوو بە کەسیکی سڤیل، یۆنی نەتەنیاهۆ بە فەرماندەی تیم و ئوزی دایان بە جێگری هاتنە دامەزراندن.

ئەمجارە بۆ دوورکەوتنە لە لەبارچوون و دووبارە هەڵوەشاندنەوەی ئەرکەکە، باراک بڕیاریدا خۆی لە ناوەندی بەرەی پێشەوە پێکەوە لەگەڵ ژەنەڕاڵ گوور بمێنێتەوە کە دواتر بۆ سەروبەر کردنی ئۆپەراسیۆنەکە ئیسحاق هۆڤی جێی گرتەوە.

ئەمجارە گرووپی بەشدار گەورەتر بوو، چونکە هێزەکانی سایەرەت لە لایەن تیمێکی نهێنی پەڕەشووتوانەکان هاوڕێیەتی کرا کە لە یەکەیەکی

زرێپۆش و ئەندامانی یەکەی کۆماندۆی ئیگوز پێکهاتبوو، سەرەڕای دابینکردنی تانک و دژە تانکی پشتیوانی. پێدەچوو ئەمجارە کەس نەکارێت چانسێک وەربگرێت.

ئیدۆ نەتەنیاهۆ گێڕایەوە و گوتی: "لە سەرەتای دەستپێکردنی ئەرکەکەماندا بە فەرماندەیی یۆنی ڕاهێنانێکی تێر و تەژیمان لەبارەی دەست بەسەرداگرتن و چۆنیەتی ڕاکێشانی کەسێک لەناو ئۆتۆمبیلێکی جوڵاو بۆ دەرەوە و شتی دیکە کرد. یۆنی بۆ ئەو نمایشە لەنێو تیمەکەدا کەسێکی هەڵبژارد کە کوڕێکی منداڵکارەی داماو بوو. لە کاتی نمایشەکە یۆنی بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو پەلاماری ئەو سەربازەیدا کە لەناو ئۆتۆمبیل دانیشتبوو، یەکسەر قامکی لە قژی گیرکرد و ڕایکێشایە دەرەوە و فڕێی دایە سەر زەوی. هەرچەندە مانۆرەکە بە سەرکەوتوو هەژمار کرا، بەڵام لەوێ ڕۆژەوە ئەو کوڕە تووشی ژانەسەر هاتووە.

لە بەرەبەیاندا، هێزەکان پەرژینی سنووریان بەزاند و دزەیان کردە ناو لوبنان. یۆنی نەتەنیاهۆ لە بەرایی ڕۆیشت و ئەو ڕێچکەیەی پشکنی کە مینی لێ نییە. کاتژمێر ١١:٠٠ی پێشنیوەڕۆ کاروانی ئەفسەرانی سوری دەرکەوت کە دوو ئۆتۆمبیلی زرێپۆش و دوو لاندرۆڤەر یاوەری بوون. کاروانەکە بە ئاراستەی گوندی ڕامیش ڕۆیشتن و بە دووری کەمتر لە میلێک لە باکورەوە وەستان.

کاتژمێر ١١:٢٥ کۆماندۆزەکانی سایەرەت بە دوو ئۆتۆمبیلەوە لە حەشارگەکەی خۆیان دەرچووبوون و لە شوێنی سنوور بەزاندنەکە نزیک کەوتنەوە و لە تەنیشتی وەستان، سەربازەکان خۆیان وا نیشاندا کە ئۆتۆمبیلە پەککەوتەکەیان چاک دەکەنەوە؛ ئا لەوکاتەدا کاروانی سورییەکان بەرەو پێشەوە جوڵا.

نیوەڕۆکەی کاروانەکە لە گوندی ڕامیا تێپەڕی، یۆنی فەرمانی وەرگرت بچێتە ناو بۆسەی سەر ڕێگەکە، تیمەکەی ئوزی دایان لە پاڵ ئۆتۆمبیلەکە چەپەری

گـرت، تەواوی ئەنـدامانی یەکەکە بە درێژایـی ڕێـگە بە ئاراسـتەی گەیشـتنی کاروانە سورییەکان بڵاوەیان کرد.

دواتر شتگەلێکی چاوەڕوان نەکراو ڕوویاندا: هەندێک لە گوندیانی لوبنـانی ئیسـرائیلییەکانیان بینیبوو و ئەو ڤۆکسواگۆنەیان ڕاگرت کە لە بەرایی کاروانەکە بـوو و شـوفێرەکەیان لە بـوونی سـەربازە ئیسـرائیلییەکان لە نـاوچەکە ئاگـادار کردەوە، شوفێرەکە چەند پێیەک هاتە پێشەوە و بە خێرایـی بایـدایەوە و بەرەو ڕۆژهەڵات قوچانـدی. سـەربازەکانی لە پـێش شـوێنی بۆسـەکە ئامـادە بـوون و چـاوەڕێی کاروانەکەیـان دەکـرد، ڤۆکسـواگۆنەکەیان بینـی کە بە چووسـتی بایـدایەوە و دوورکەوتەوە. یەکێـک لە کۆمانـدۆکان ڕایکـردە کـن نەتەنیـاهۆ و ئەوەی بینیبووی پێی ڕاگەیاند، کاتێک نەتەنیاهۆ هەواڵی لە فەرماندەی ناوەنـد وەرگرت کە کاروانەکەش بایدایەوە و دەیەوێت بگەڕێتەوە دواوە.

لەوبـارەوە دایـان گـوتی: "کاتێـک تێگەیشـتین کە ئەوان بایانـدایەوە، دەستبەجێ بەرەو لایان ڕامانکرد، جێبەکەی یۆنیش نیو خولەک دواتـر گەیشـتە ئەوێ. سەرەتا لەوە نەگەیشتین کە چ دەقەومێت، لەوانەیە وایان بیرکـردبێتەوە کە ئێمە یەکەیەکـی جـودای لوبنـانین. بە عەرەبـی هـاوارم لێکـردن: "بوەسـتە! نەبزووی! دەست بەرزکەوە!"

ئەوە ساتێکی یەکلاکەرەوەبوو: یەکەمجار کێ دەست بە پەلاپیتکە دەنێـت؟ دایان تەقەی ئاگادارکردنەوەی بە بن پێی سوری و لوبنانییەکان تەقاند، سـەرەتا واقوڕمایبوون، دوای ساتێک ئەوانـیش تەقەیـان کـرد، هەرچەنـدە پێکـدادانەکە کورت بوو، بەڵام چوار سـەربازی لوبنـانی کـوژران کە یەکێکیـان ئەفسـەر بـوو. ئەفسەرێکی سوری و کۆماندۆیەکی ئیسـرائیلیش برینداربوون.

لە نێو ئەم پشێویەدا، سورییەک و لوبنانییەک بەرەو بـاکور تێیـان تەقانـد و لە نێو دار و پووشەکاندا گومبـوون، تەواوی ئەفسـەرەکانی دی بە دیـل گیـران:

ئەفسەرێکی هەواڵگری بە پلەی لیوا؛ دوو کۆڵۆنێلی تۆپخانە کە سەر بە باڵی ئۆپەراسیۆنەکانی سوریادا بوون؛ لەگەڵ دوو فڕۆکەوان بە پلەی کۆڵۆنێل و سەر بە هەواڵگری هێزی ئاسمانی سوریا بوون. ئەو ئەفسەرە سورییەی توانی ڕابکات، سەرۆکی هەواڵگری مەیدانی سوریا بوو.

تیمەکانی یونی، دایان و موکی بێتزەر بۆ گەڕان بە دوای سوری و لوبنانییە هەڵاتووەکە کێومالێکی فرەوانی ئەو ناوەیان کرد، بەڵام نەیاندۆزینەوە. سەرەڕای ئەفسەرەکان، مارسیدێکی ڕەنگ کەسکیش هەڵاتبوو، تیمی ڕێگەداخستنی ڕۆژهەڵات بە بێتەل ئاگادار کرایەوە بە دوای مارسیدیسەکە بکەون و سەری لە دوو بنێن، دواتر ئۆتۆمبیلەکە بە جێهێڵدراوی لە تەنیشت گوندی ڕامیا دۆزرایەوە، بە گوللە کون کون ببوو. وا پێدەچوو ڤۆگسواگنەکە و مارسیدیسەکە بە ڕێکەوت بەسەر ناوچەی شەڕە تەقەکەدا کەوتبن و هیچ پەیوەندییەکیان بە کاروانی ئەفسەرەکانەوە نەبوو بێت.

کەمێک بەر لە کاتژمێر ١:٠٠ی پاشنیوەڕۆ ئەرکەکە تەواوبوو، سەربازەکان تەنیا نۆهەد و سێ خولەک لە لوبنان بوون و بە سەربەرزی و دڵخۆشیی گەڕانەوە ئیسرائیل. دواتر دایان وەبیری هاتەوە و گوتی: "لە ڕێگەی گەڕانەوەماندا بۆ ئیسرائیل لە ڕادیۆوە گوێبیستی هەواڵەکان بووین کە ئۆپەراسیۆنێک لەناو لوبنان ڕوویداوە. من بە شۆفرلێتێکی ئیمپالایەوە گەڕامەوە و لە بیرمە لە دڵەڕاوکێی پڕکردنەوەی جێی ئەو گوللانە بووین کە بە لاندرۆڤەر و ئیمپاڵاکەوە کەوتبوون، ئەوەی دواییان بۆ چەند ساڵێک لە بەشی خزمەتگوزاری هەواڵگری مایەوە."

بۆ سبەینەکەی ڕۆژنامەی ئەلرەئی ئوردنی لە کۆمێنتێکدا نووسیبووی: "لە مێژووی ململانێی عەرەب - ئیسرائیلدا، ئەمە مەزنترین سەرکەوتنی هەواڵگری ئیسرائیلییە کە گورزێکی هەواڵگری وا قورس لە سوپای سوریا بوەشێنی"

دوابەدوای ڕفانـــدنەکە ســـوریا داوای گەڕانەوەی بـــێ مەرجـــی ئەفسەرەکانی لە ئیسـرائیل کرد، چونکە ئەوانە دیلی شەڕ نین.

دوای ساڵێک هەردوولا لەسـەر گـۆڕینەوەی دیلەکانیـان ڕێککەوتـن، لە ٣ی حـوزەیرانی ١٩٧٣ سـێ ئەنـدامەکەی تـاخمی هێـزی ئاسـمانی گەڕانەوە ئیسـرائیل. لە بەرامبەردا ئیسـرائیل ئەفسەرە ڕفێندراوەکان و چـل و یەک دیلـی دیکەی سـوریی و لوبنـانی ئـازاد کـرد. هەروەهـا ئیســرائیل لە کەمـاڵ کنجـی، سەرکردەی درووزەکـانی مەجـدال شەمسـی بـاکوری جـۆلان خۆشـبوو کە بەری چەند مانگێک بە تۆمەتی سیخوڕی کردن بۆ سوریا بۆ ماوەی بیست و سێ ساڵ حوکمدرابوو.

ئوزی دایان، دواتر جێگری سەرۆکی ئەرکان

"ئەز بۆ خۆم فڕۆکەوانە دیلەکانم باش نـاس دەکـرد کە دەمانویسـت لە دوای ڕفاندنی ئەفسەرەکانی سوریا ئازاد بن. پینی نـاچمانی لە مۆشـاڤا یۆکنیـام گەورە ببـــوو و دایکیشـــی منـــی دەناســـی. هەروەهـــا لەگەڵ ئـــامۆزاکەم لە ئەکادیمیـای هێـزی ئاسـمانیدا مەشـقی کردبـوو. یەکێـک بـوو لە سـەرکردە پێشـڕەوەکانی هەلیکـۆپتەری سیکۆرسـکی سـەر بە پـۆلی ١١٤ و بەشـداری لە چەندان ئۆپەراسیۆن کردبوو کە یەکەکەی ئەنجامیـدا بـوون. لە ڕێـگەی ئەوەوە گیدیۆن مێگانی فەرماندەی پۆلی فانتۆمم ناسیبوو کە ئەویش بە دیلگیرابوو.

کاتێک فڕۆکەوانەکان ئـازاد بـوون، ئـێمە لە بـنکەی ئاسـمانی ڕامـات داڤیـد ئەوانمان بینی و یەکەم قسەی نەچمانی ئەوەبوو: " دەمزانی دواجار ئێـوە ئـێمە دەردەهێنن، پێدەچوو لە لایەن ڕۆچـالای هـاوژینیەوە نـۆژەن کـرابێتەوە کە لە ڕێگەی خاچی سوورەوە نامەی بۆ نووسیبوو و لە نامەکەدا پێی ڕاگەیاندبوو: لە دەریاچەی کفر باروچ ڕاوە ماسیمان کرد و بە پێنج ماسی قەڵەوەوە گەڕاینەوە.

نەچمانــی باشــی دەزانــی هــاوژینەکەی حەزی بە ماســی نیــیە، بــۆیە لەبــارەی ئۆپەراسـیۆنەکەی ئەم دوایـیە قسـەی لەگەڵ نـوێنەری خـاچی سـوور کردبـوو، ئەویـــش بە نـــۆرەی خـــۆی ئەو ڕۆژنـــامەیەی بـــۆ هـــاوردبوو کە باســـی لە ئۆپەراسیۆنەکە کردبوو....

مەزنێتــی ئەو ئەرکە لە مکــوڕی ئــێمە بــۆ جێبەجێکردنــی ئەرکەکە بــوو کە هەرگیز ڕادەسـت نەبـووین. ئـاخر، بەر لە سـەرکەوتنی ئۆپەراسـیۆنەکە سـێجار گەڕابـــووینەوە، بـــێ وێنەیـــی ئەو ئۆپەراســـیۆنە لەوەدا بـــوو کە ئەرکـــی بە دەستهێنانی زانیاری یـان گـورز وەشـاندن لە دوژمـن نەبـوو، بەڵکـو مەبەسـتی ڕزگارکردنی فڕۆکەوانە زیندانیکراوەکانی ناو زیندانی سوریا بوو."

دوای کۆکوژی وەرزشوانە ئیسرائیلییەکان لە ئۆڵەمپیکی میونخدا، ئەهارۆن یارڤی، ڕاوێژکاری دژە تیرۆری گۆڵدا مایێر و زڤی زامیر، سەرۆکی مۆساد بە سەرۆک وەزیرانیان ڕاگەیاندبوو، ئەگەر ئیسرائیل سەرکردەی بلاک سێپتەمبەر غافڵکوژ بکات، ڕێکخراوەکەیان بوونی نامێنێت. ژمارەیەک جەنگاوەری ئۆپەراسیۆنەکانی ئیسرائیلی لە ئەوڕووپا دەستیان لە ئەنجامدانی کوشتنی فەرماندەکانی بلاک سێپتەمبەر هەبوو، بەڵام تا هەنووکە فیگەرە گەورەکانیان لە بەیروتی پایتەختی لوبنان بە زیندوویی تێ دەسوڕێنەوە.

# پاژی چواردەم
# ئەو خاتوونەی بە واتای کێشە، ١٩٧٣

**شەوی ٩ی نیسانی ١٩٧٣، مانگ لە بەیروتی پایتەختی لوبنان چواردە بوو.**

**درەنگانێکی دوای نیوەشەو لە شەقامی ڤێردون جووە دڵدار و دوڵبەرێک وەدەرکەوتن، پیاوەکە، کەسێکی کەڵەگەت و تیکسمڕاو و پۆشاک کەشخە بوو، ئافرەتەکەش، ئافرەتێکی وردیلەی قژڕەش بوو کە کراسێکی ڕەشی لەبەردابوو، جەستە باریک و سنگە زلەکەی داپۆشیبوو. کاتێک دوو جەندرمە لە هەمان ئەو سایدەی ئەوانی لێبوو، نزیک بوونەوە، جووتە دڵدار بە سۆزەوە یەکدیان لە ئامێز گرت، ئامێزگرتنە بە سۆزەکەیان درێژەی کێشا تا جەندرمەکان لە چاو ونبوون. دواتر لە پیاسەی خۆیان بەردەوامبوون تا گەیشتنە بەردەم ئەپارتمانتی باڵەخانەیەکی نایاب؛ لەم خاڵەدا لێک جودابوونەوە. پیاوەکە لەگەڵ چەند کوڕگەلێکی دی و ئافرەتێکی قژکاڵ کە لە تاریکیدا پەیدابوو، بە چووستی خۆیان کرد بەناو باڵەخانەکەدا. ئافرەتە کراس ڕەشەکە لەسەر شەقام مایەوە و کچێکی دیکەی پرچ قاوەیی سووربباو هاتە لای.**

**لەوبەری شەقامەکە ئۆتۆمبیلێکی ڕەنگ سوور لە جۆری دوفینی وەستابوو، پاسەوانێکی کەتە لە ئۆتۆمبیلەکە هاتە دەرەوە و بە گومانەوە سەیری دوو خانمەکەی کرد. یەکسەر دەمانچەکەی دەرهێنا و لە شەقامەکە پەڕیەوە، بەڵام ئەوەی مایەی سەرسوڕمان بوو، هەردوو خانمەکە لەژێر شاڵەکانیانەوە ڕەشاشە ئوزییەکەیان دەرهێنا و کابرایان وەبەر فیشەکاندا، پاساوانەکە بازیدایە پەنایەک و خۆی دا پشت پەرژینە نەویەکەوە. فیشەکێک وەبەر ستێرنی دوفلینەکە کەوت و هۆڕنی ئۆتۆمبیلەکە خامۆشی شەوی شکاند.**

**ئۆپەراسیۆنی بەهاری جوانان دەستی پێکرد**

جووتە کوڕ و کچەکەی جەندرمەکان لێیان تێپەڕبوون، دڵدار و دوڵبەری یەکدی نەبوون، ئەو دووانە، پیاوە کەڵەگەتەکە موکی بێتزەر، یەکێک لە جەنگاوەرە هەرە باشەکان و دولبەرەکەشی یەهود باراکی فەرماندەی سایەرەت بوون. باراک بارۆکەیەکی ڕەشی لەسەر نابوو، دەموچاوی جوان مکیاژ کردبوو، سنگە زلەکەشی پڕ لە نارنجۆک و کۆنە گۆرەوی بوو. لەژێر شاڵەکەشیدا چەک و وۆکی تۆکی حەشاردابوو. کچەکەی دیکەش ئەمیرام لێڤین فەرمانەدەی داهاتووی سایەرەت و ژەنەڕاڵی هێزی بەرگری ئیسرائیل بوو. لەبەرئەوەی هەردووکیان قوتە و باریکەلە بوون، بۆیە خۆیان کردبوو بە مێینە؛ هەروەها لۆنی ڕافائیل ئەو کچە قژکاڵەکەی لەگەڵ پیاوەکان چووە ناو باڵەخانەکەوە، ئەوانە هەر هەموویان جەنگاوەری سایەرەت بوون.

ئۆپەراسیۆنی بەهاری جوانان زادەی ئەوپەڕی شەڕی نهێنی ئیسرائیل بوو کە دژی گرووپی تیرۆریستی بلاک سێپتەمبەر بەرپای کردبوو، ئەو گرووپە لەسەر دەستی یاسر عەرەفاتی سەرۆکی ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی ئیسرائیل دروست کرابوو، دوای ئەوەی لە سێپتەمبەری ١٩٧٠ شا حوسێنی مەلیکی ئوردن هەزاران ئەندامی ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەڵەستینی لە ئوردن کۆکوژ کرد، ئیدی لەسەرینی ئەمەوە "بلاک سێپتەمبەر"دروستبوو.

سەرەتا ڕێکخراوەکە ئامانجی تەنیا سەرکردە و کارمەندانی ئاسایشی ئوردنی بوو، دواتر ڕووی خۆی لە دژی ئیسرائیل وەرگەڕاند: فڕۆکەی بۆینگی ٧٠٧ی کۆمپانیای سابێنای ڕفاند ( بڕۆنە پاژی دوازدەم) و ساڵی ١٩٧٢ یازدە وەرزشوانی ئیسرائیلی لە ئۆڵەمپیکی میونخ کۆکوژ کرد. دوابەدوای ڕاوێژەکانی زڤی زامیر، سەرۆکی مۆساد و ئەهارۆن یاریڤی، ڕاوێژکاری دژە تیرۆری سەرۆک

وەزیران، گۆڵدا مائیر بۆ ئەنجامدانی کردەی نهێنی لە ئەورووپا، دەستی تیمی ئۆپەراسیۆنی مۆسادی دژ بە سەرکردەکانی بلاک سێپتەمبەری والاکرد، لەبەرئەوەی زامیر و یاریف پێیانوابوو بە پاکتاوکردنی سەرکردەکانی، ڕێکخراوەکە ئیفلیج دەبێت و دواتر گرووپە تیرۆریستەکان کۆتاییان دێت. بۆیە بە گورجی ژمارەیەک ئۆپەراسیۆنی کەمەرشکێنی لە ڕۆما، پاریس، ئەسینا و قوبرس لە دژی سەرکردەکانی ئەو ڕێکخراوە ئەنجامدا. لەگەڵ ئەوەشدا مۆساد و هێزی بەرگری ئیسرائیل پێیانوابوو ئەوە بە تەنیا داد نادات، پێویستە سەرکردەکان لەناو ماڵەکانیاندا لە بەیرووتی پایتەخت بێنە پاکتاو کردن، چونکە بەیرووت ببووە بنکەیەکی لە بن نەهاتووی گرووپ و ڕێکخراوە تیرۆریستەکان کە بەوپەڕی پارێزپاژییەوە چالاکی خۆیان دەکرد. بۆیە کاتی ئەوە هاتووە سەرکردەکان تێبگەن کە ئیسرائیل دەستی درێژە و هیچ شوێنێکی بەر هەتاو نییە دەستی پێ ڕانەگات.

ئامانجی ئۆپەراسیۆنەکە کوشتنی سێ سەرکردەی گەورەی بلاک سێپتەمبەر و (ڕ.ڕ.ف.) بوو: کەمال ناسر، گوتەبێژی سەرەکی ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەڵەستین(ڕ.ڕ.ف.)؛ کەمال عدوان، فەرماندەی ئۆپەراسیۆنەکانی (ڕ.ڕ.ف.) کە بە ئەنجامدانی چالاکییەکان لە ناوچە داگیرکراوەکانی ژێر دەسەڵاتی ئیسرائیل بەرپرسبوو لەگەڵ خودی محەمەد ئەلنەجاڕ (ئەبو یوسف)، فەرماندەی گشتی بلاک سێپتەمبەر. ئەو هەرسێکە لە ئەپارتمانتێکی باڵاخانەیەکی بڵندی شەقامی ڤێردون دادەنیشتن، ناسر لە نهۆمی سێیەم، عدوان لە نهۆمی دووەم و ئەبو یوسف لە نهۆمی شەشەمی بەشی باکور بوون. بیرۆکە بنەڕەتییەکە ئەوەبوو کە لە لایەن هێزی بەرگری ئیسرائیل پەلامارێکی فرەوان ئەنجام بدرێت لەگەڵ دابەزینی یەکەیەکی دەستەبژێری گەورە بۆ سەر ماڵەکە، بەڵام یەهود باراک پلانەکەی هەڵوەشاندەوە و بە سەرووی خۆی گوت: ئەوها پلانێک بە مانای لە دەستدانی گەورەترین هۆکارگەل دێت کە سەرکەوتنەکە پشتی پێ دەبەستێ،

ئەویش فاکتۆری سەرسوڕمانە. هێزەکانی سایەرەت بە چواردە جەنگاوەر دەتوانێت ئەم ئەرکە بە جێبگەیەنێت کە بە بێدەنگی دزە بکەنە ناو بەیرووت و بخزنە ناو ماڵەکە و هەڵکوتنە سەر تیرۆریستەکان.

مۆشی دایان پلانەکەی قبوڵ کرد، بەڵام داوای فرەوانکردنی کرد و گوتی: ئێمە هەموو ڕۆژێک دانابەزینە ناو بەیرووت، بۆیە دەبێت ئەرکەکە تەواو دەگمەن بێت، کەواتە با باشترین ئەنجامی هەبێت و لەیەک کاتدا ژمارەیەک ئامانج بپێکێت. دادۆ ئیلازار، سەرۆکی ئەرکان و کۆڵۆنێل مانۆ شاکید، سەرۆکی ئەفسەرانی پەڕەشووتوانان بڕیاریاندا کاتێک سایەرەت چارەی سێ سەرکردەکەی (ڕ.ڕ.ف.) دەکات، تیمێکی دیکەی بەتالیۆن پەنجای کەتیبەی ئاسمانی هەڵکوتنە سەر بارەگای سەرەکی نایف حەواتمەی سەرۆکی بەرەی دیموکراتی میللی کە ڕێکخراوێکی تیرۆریستی ماوی بوو. تیمی بەتالیۆن پەنجا لە لایەن کۆڵۆنێڵ ئامنون لیپکین-شاهاک سەرکردایەتی بکرێت کە ساڵی ١٩٦٨ لە ئەنجامی پەلاماردانی بنکەیەکی ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەڵەستیندا بە ناوی ئۆپەراسیۆنی ئینفێرنۆ بە ئەفسەرێکی سەرشێت و سەرکردەیەکی ئازای مەیدانی ناسراوبوو.

پلانەکە بەمشێوەیە بوو: پەڕەشووتوانەکانی لیپکین پاسەوانەکانی دەروازەی بارەگای تیرۆریستان لە شەقامی خەرەتووم دەکوژن و بە دووسەد کیلۆ تەقەمەنییەوە باڵەخانەکە دەتەقێننەوە و هەموو ئەوانەی ناوی دەکوژن، هاوکات تیمێکی دیکەی پەڕەشوتوانان لە دەرەوەی بەیرووت دادەبەزن و بۆ خافڵاندن کردەی بچووکتر ئەنجام دەدەن.

تیمەکەی سایەرەت و بەتالیۆنی پێنج بە بەلەمی مووشەکی سەر بە هێزی دەریایی لە کەنارئاوەکانی لوبنان نزیک دەکەونەوە و بە بەلەمی بچووک لە لێواری بەیرووت دادەبەزن. تیمێکی بچووکی سەر بە مۆساد کە لە شارەکانی ئەوروپاوە دەفڕنە بەیرووت لە ڕۆخ دەریاوە چاوەڕوانی ئەوان دەبن. دەبێت

چەنـد ڕۆژێـک بەر لە دەسـت پێکردنـی ئۆپەراسـیۆنەکە تـیمەکەی مۆسـاد بە پاسپۆرتی ساختەوە بـگەنە ئەوێ، ئۆتۆمبیـل بە کـرێ بگـرن و گەڕیـانەک بەنـاو شاردا بکەن بۆئەوەی ئاشنای شەقام و ڕێگاکان بن. شەوی ئەرکەکە سەربازەکان دەگەیننە لای ئامانجەکان و دوای تەواوبوونی ئۆپەراسیۆنەکە بـۆ کەنارئـاوەکە دەگەڕێـنەوە. بـاراک داوای بە کـرێ گرتنـی سـێ ئۆتـۆمبیلی ئەمەریکـی کـرد بۆئەوەی جێگەی چوارده پیاوەکەی ببێتەوە.

کۆمپیـوتەری هێـزی بەرگـری ئیسـرائیل نـاوی نهێنـی ئەرکەکەی نـا: بەهـاری جوانان

ڕاستەوخۆ بۆ ئەم ئەرکە ڕاهێنانێکی چڕ دەسـتی پێکـرد، هەر یەک لە مـانۆ شاکید و ئـیلازار سـەرۆکی ئەرکـان زۆربەی کاتیـان لەگەڵ جەنگـاوەران بەسـەر دەبرد. شـاکید شەخسـیەن دەیویسـت لەوە دڵنیـا بێـت کە پەڕەشـووتوانەکانی تەواو بە شەقامەکانی بەیرووت ئاشنا بن. بۆیە لە ڕاهێنانەکەدا وێنەی ئاسمانی و نەخشەی بە یەکێک لە بەشداران نیشان دەدا، دواتر کەسەکە دەبوو پشت لە نەخشەکە بکات و پرسیاری لێ دەکرد: لە لای ڕاستت چ هەیە؟ لە لای چەپت چ هەیە؟ باوەڕی وابوو دەبێت کوڕەکان بە "چاو داخراوی" لە دەوروپشتی ئەو شوێنەی کردەوەی لێ ئەنجام دەدەن، هەست کردن بە ئاراسـتەکان بە دەسـت بهێنن.

پەڕەشووتوان و سایەرەت ڕاهێنانیان لەسەر دابەزین لە دەریـا و جـوڵانەوە بەرەو ئامانجەکان بە پیادەیی یان ئۆتۆمبیلی سڤیل، دواتر گەڕانەوە بۆ کەنـار و ڕۆیشـتن بـۆ دەرەوە بە بەلەمـی بچـووک کـرد. نمـوونەی ئەو خـانووەی کە سـایەرەت پەلامـاری دەدا لە بنکەیەکـی دووره دەسـتی سـەربازی لە دار دروستکرا، کۆماندۆزەکانی هەڵیان دەکوتایە ئەپارتمانتەکان فیشەکی زیندوویان

بەکار دەهێنا. هەروەها لە بنکەیەکی چۆڵی پۆلیس لە ساماریا ڕاهێنیان کرد. تیمەکەی بەتالیۆنی پەنجا وەک نموونەی بەیرووت گەڕەکی لامیدیان لە تەلئەڤیڤ بەکارهێنا. هەندێک لە خانووەکانی ئەو ناوچەیە هێشتا هەیکەل بوون و دەکرا بێئەوەی دراوسێکان گومان ببەن بۆ مەبەستی ڕاهێنان بەکاربێن.

یان فەرماندەکان وایان بیر دەکردەوە

شەوێکی ئاداری ١٩٧٣، دانیشتووانی گەڕەکی لامید لە تەک پەنجەرەکانیان ڕووینشتبوون، چەند کەسێکی گومانلێکراویان لە نێوان خانووەکان بینی لەسەر زگ دەخشن و گوێیان لە تەپەی پێ و ورتە ورت بوو. یەکڕاست پۆلیسیان ئاگادار کردەوە، پۆلیس دەستبەجێ گەیشت، مانۆ شاکید لە بڕوا پێهێنانی ڕۆیشتنیان تووشی زۆر کێشەبوو. هەروەها لە لایەن خاوەنی کۆگایەکی پیاوان لە شەقامی دیسینگۆف گومانێکی دی سەریهەڵدا. کاتێک پیاوەکان یەک لە دوای یەک دەهاتنە کۆگاکەی و داوای بەدلەی سایزێک گەورەتر لە سایزی خۆیان دەکرد. خاوەن کۆگاکە نەیدەزانی ئەوانە پەڕەشووتوانن دەبێت بە جلوبەرگی سڤیلی سایز گەورەتر ئاودیوی بەیرووت بن بۆئەوەی بتوانن چەکەکانیان لەژێر چاکەتەکانیاندا بشارنەوە. کابرای خاوەن کارگەکە دەستی بە پرسیاران کرد و پەڕەشووتوانەکان بڕوایان پێهێنا چی گوێ لێبووە و چی فرۆشتووە و ئەوەی لێی کڕیووە لە بیر بکات.

سڤیلەکان تەنیا کەس نەبوون پرسیار بکەن، شەوێک دوای چەند کاتژمێرێک ڕاهێنانی دابەزین لە باکوری تەلئەڤیڤ، پەرەشووتوانە ماندووەکان لە لێوار دەریا ڕووینشتبوون و چاوەڕێی بەلەمە چووپەکانیان دەکرد. یەکێکیان بەناوی لێیتونانت ئاڤیدار شۆر لە سەرۆک ئەرکان نزیک کەوتەوە و گوتی: "گەورەم دەکرێت قسەت لەگەڵدا بکەم؟"

لە هـیچ سـوپایەکی جیهانـدا ئەفسـەرێکی بچـووک بـوێری ئەوە ناکـات لە سەرۆک ئەرکان نزیک کەوێتەوە، بەڵام ئیسـرائیل جودایە.

ئیلازار بە کوڕە خورتەکەی گوت؛ "بیتەقێنە"

ئاڤیـدار ئەنـدامی کیبـووتزی شـۆڤاڵ بـوو، یەکێـک لە جەنگـاوەرە هەرە باشـەکانی پەڕەشـووتوانەکان بـوو، ئـازایەتی خـۆی لە هێرشـی تەرابلوسـدا سەلماندبوو. کاتێک یەکەکەی ۱۳۳ میل لە ئەولاتـری کەنـاری بیابـانی سـەرووی سـنووری ئیسـرائیل دابەزیبـوو، پەلامـاری چـوار بـنکەی تیرۆریسـتانیدا و تەقاندنیەوە و بە سەلامەتی و بێ زیـان گەڕایەوە. ئاڤیـدا بە کەسـێکی خـاوەن پرەنسیپ و بەها بەرزەکان ناسراوبوو. دەفتەرێکی بچووکی لە باخەڵی دەرهێنا و بە ئیلازاری گوت؛ ئێمە پلانمـان بـۆ تەقانـدنەوەی بارەگـای بەرەی دیمـوکراتی میللی بە دووسـەد کیلـۆگرام تەقەمەنـی داڕشـتووە، بەڵام مـن حسـاباتی خـۆم کردووە و بۆم دەرکەوت دەتوانین تەنیا بە سەد و بیست کیلۆگرام خانووەکە لە بناغەوە هەڵتەکێنین.

ژەنەڕاڵ ئیلازار پرسی؛ ئەوە چ جیاوازییەک دروست دەکات؟

ئاڤـدار بە گـرانییەکەوە گـوتی: "جیـاوازییەکە لەوە دایە کە باڵەخـانەیەکی حەوت نهـۆمی دیـکە لە تەنیشـت بارەگـای بەرەی دیمـوکراتی میللـی هەیە و دەیان خێزانی سڤیلی تێدا دەژی. پێموایە دەبێت تەقەمەنی کەمتر بەکاربهێنین بۆئەوەی لە نێـوان سـڤیلەکان کارەسـات نەقەومێـت و دەبێـت تیرۆریسـتەکان بزانن ئێمە لێرە بووین و دەتوانین ئەرکەکە جێبەجێ بکەین، بەڵام ئێمە ئـازاری ئافرەت و منداڵان نادەین."

ساتێک بێدەنگی باڵی کێشا، دواتر ئیلازار گـوتی: "ئەوەت لـێ دەکـڕم و سەد و بیست کیلۆگرام دەبێت."

لە ١ تا ٦ی نیسـان ژمـارەیەک گەشـتیار گەیشـتنە بەیـرووت: گیلـبەرت ڕیمباود، دێتەر ئاڵتنودەر، ئەندریۆ ویچیلۆ، چارڵس بووسـارد، جـۆرج ئیلـدەر و ئەندریۆ ماسی، زۆربەیان پاسپۆرتی بەریتانی و بەلجیکیان هەڵگرتبوو کە دواتر لە لایەن سـەرچاوە بیانییەکـان بە کارمەنـدی مۆسـاد ناسـێندران. لە ژمـارەیەک هـوتێلی جیـا دابەزیـن و لە نووسـینگەی ئـاجیس و لێنـا ئۆتۆمبیلیـان بە کـرێ گرتبـوو، بە لانـی کەمـی سـێ لەو ئۆتـۆمبیلانە ئەمەریکـی بـوون، وەک ئەوەی باراک داوای کردبوو: ئۆتۆمبیلێکی بیووک سکایلارک، پلایماوس و ڤالیەنت.

لە ٥ی نیسان نۆ بەلەمی مووشەک و "دابور" بەلەمی تیژڕۆی دەوریـیە لە بەندەری حەیفاوە چوونە ناو دەریا کە تیمی سـایەرەت، بەتـالیۆنی پەنجـا و فلۆتیلا١٣ - هێزی دەریاوانی بەرگری ئیسـرائیلیان هەڵگرتبـوو، بەر لە ڕۆیشـتن دوا وێـنەی ئاسـمانی بەیـرووت، ئەو کەنـارەی لێـی دادەبەزن و باڵەخـانەی بە ئامانج گرتوو بە سەربازەکان نیشاندرا. جەنگاوەرانی سایەرەت وێنەی هەر سێ سەرکردە تیرۆریستەکانیان وەرگرت کە دەبوو بکوژرێن. هەنـدێک لە پیاوەکـان دەمـانچەی بێـدەنگی بێرێتایـان وەرگـرت. ئامانجەکـان بە نـاوی ئـافرەتەوە دیارکرابوون؛ ئەڤیڤا، گیلا، ڤاردا، تزیلا و یودیش.

پشتی نیوەشەو بەلەمەکان لە بەیـرووت نزیـک کەوتـنەوە؛ شـار لەنـاو ڕونـاکی مەلەی دەکـرد، یـانە شـەوانەکان و ڕێسـتوڕانتەکان جمەیـان دەهـات. هاوکات لەناو بەلەمە ئیسـرائیلییەکانەوە سەربازە دەریاییەکان، جەنگاوەرانیـان بە تەبەقەی پلاستیکی گەورە داپۆشیبوو بۆئەوەی جلە سڤیلەکانیان تەڕ نەبێت و مکیاژی ئەوانەش تێک نەچێت کە میکیاژیـان کردبـوو. ئەوانە سـواری دوازدە بەلەم بوون و کەمێک پێش نیوەشەو گەیشتنە کەنارەکانی (ڕەملەت ئەلبەیزا و دۆڤ) کە دوو ناوچەی دابەزین بوون. کەنارئاوەکـان چۆڵبـوون. بە شـێوەیەکی گشـتی کەنارەکـان کـپ و بێـدەنگبوون، بەلەمەکـان وەک خێـو لەنـاو دەریـا ڕەشەکە پەیدابوون.

سایەرەتی باراک و تیمی لیپکین شاهاک بە کرێ لە بەلەمەکان دابەزین. هاوکات تیمی دیکەی پەڕەشوتوانان بۆ دابەزین لە هەندێ ئامانجی لاوەکیدا ئامادە کرابوون. تیمی فلۆتیلا ١٣ لە گەڕەکی ئەلعوزی و بەرەو دەزگای مینی دەریایی و بنکەی تیرۆریستان دادەبەزن، تیمێکی دیکەی پەڕەشوتوانان پەلاماری جبەخانەی بەندەری بەیرووت دەدەن و دەیتەقێننەوە، لە کاتێکدا یەکەی کۆماندۆکانی هێزی پەڕەشوتوانان هەڵدەکوتنە سەر کارگەی چەک لە باکوری سەیدا. لە لایەن مانۆ شاکید سەرۆکایەتی بارەگای کەرتەکان دەکرا و یەکەی ڕزگارکەری پەڕەشووت بە دوو بەلەمەوە لە کەناری بەیرووت نزیک کەوتنەوە . هەموو شتێک لە جێی خۆیدا بوو.

لە کەنارەکە ئۆتۆمبیلە بەکرێگیراوەکان بە شوفێرە مۆسادەکانەوە لە چاوەڕوانیدا بوون، سەربازەکان لە بەلەمە تیژڕۆکانەوە خۆیان هەڵدایە خوارەوە و بە پەلە بەرەو ئۆتۆمبیلەکان قوچاندیان. یەکێک لە جەنگاوەرانی تیمەکەی باراک یۆنی نەتەنیاهۆ بوو، باراک هەستی کرد قەرزاری یۆنیە و پێویستە قەرەبووی بکاتەوە دوای ئەوەی لە ئەرکی بارمتەکانی سابێنا بیبی برا بچووکی بەسەریدا پەسند کرد. سەربازەکانی سایەرەت ئۆتۆمبیلە ئەمەریکییەکەیان پڕ کرد کە بەرەو شەقامی ڤێردون لێیخوڕی و لە شەقامی ئین ئەلوەلید نزیک باڵەخانەی بە ئامانجگیراو وەستا. سەربازەکان دابەزین و بە گرووپی بچووک بەرەو خانووە گەورەکە ڕۆیشتن. سێ ئۆتۆمبیلەکەی دی پەڕەشوتوانانی لیپکین شاهاکیان بەرەو شەقامی غانا هەڵگرتبوو و بە پەنادزێ بەرەو بارەگای بەرەی دیموکراتی میللی لە نزیک شەقامی خەرتوم جوڵان. لە کاتژمێر ١:٢٩ی بەیانی هەردوو تیمەکە لە شوێنی دیاریکراو بوون.

کاتێک ژن و مێردە نامۆکە - یەهود باراک و موکی بێتزەر- گەیشتنە ناو خانووەکەی شەقامی ڤێردون، بینیان دەرگەی باڵەخانەکە دانەخراوە و پاسەوانەکانیش لەوێ نین؛ بۆیە چوونە ژوورەوەی باڵەخانەکە کێشەیەک

نەبـوو. هەرچەنـدە ڕاپـۆرتە هەواڵگرییەکـان ئەوەیـان دەستنیشـان کردبـوو کە سـیکورەتییەکان لەنـاو مارسیدیسـە خۆڵەمێشـییەکەی ئەوبەری شـەقامەکە دادەنیشن، بەڵام هیچ مارسیدیسێک لەو ناوە دیار نەبوو. تیمەکانی سـایەرەت چوونە ناو باڵەخـانەکە و بـۆ ئەپارتمـانتی تیرۆریسـتان بە پەیژەکـان سـەرکەوتن تەنیـا بـاراک و لیڤـین لە دەرەوە مـانەوە. لە ناکـاو بۆیـان دەرکەوت کە سیکیورەتییەکان لەناو دۆفینێکی سوور ڕوینشتوون لەگەڵ ئەو پیاوە کردیان بە شـەڕەتەقە کە لە ئۆتـۆمبیلەکە دابەزی هـۆڕنی دوفلیـنەکە کە گـوللەیەکی بەرکەوتبـوو لە گەڕەکە خەوتـووەکە دەنگـی دایەوە و کـاریگەرییەکە لە دەستچوو.

موکی بێتزێـر، یـۆنی نەتەنیـاهۆ و دوو سـەربازی دی گەیشـتنە ئەپارتمـانتی ئەبو یوسف و بە بۆمب دەرگاکەکەیـان تەقانـدەوە. بە لای بێتزێـرەوە ئەو دوو چـرکەیەی نێـوان سـوارکردنی بـۆمبەکە و تەقیـنەوەکە چـرکەی نەمـری بـوون. دەرگـاکە بە چوارچێـوەوە تەقـیەوە و کۆمانـدۆزەکان خۆیـان هاوێشـتە نـاو ئەپارتمانتەکەوە، کوڕە شازدەساڵییەکەی ئەبو یوسفیان دۆزیەوە و یەکێکیان بە عەرەبـی پرسـی: "کـوا باوکـت" مێردمنـداڵەکە هەترەشـی لەو کەسـە نـامۆیە دەمامکدارانە چوو و ڕایکردە ژوورەکەیی و بە بۆڕی ئـاو خـۆی بـۆ ئەپارتمـانتی هاوڕێکەی شۆڕ کردەوە کە لە نهۆمی پێـنجەم بـوو. چـوار منـداڵەکەی دیـکەی ئەبو یوسف لە ئەپارتمانتەکە بوون و کەس دەسـتی لـێ نەدان. لەنکـاو دەرگەی ژووری نووستن لەبەردەم سـەربازەکان کـرایەوە و ئەبویوسـفی سـەرۆکی بـلاک سـێپتەمبەر بە بێجـامەوە دەرکەوت، یەکڕاسـت خـۆی هەڵـدایە دواوە و دەرگەکەی داخسـت. مەهـای هـاوژینی هەوڵیـدا لەنـاو چەکـمەجەکەوە دەمانچەی هاوسەرەکەی بهێنێت، بەڵام جەنگاوەران دەرگەکەیـان گـوللە بـاران کرد و موکی بە پێیەک دەرگەکەی کردەوە، ژمارەیەک گـوللە بە ئەبـو یوسـف و مەها کەوتبوون کە لە پشت هاوسەرەکەی وەستابوو، یۆنی و سەربازێکی دیکە

کوشتیان. ئەبو یوسفی بەرپرسیار لە کۆکوژییەکەی میونخ بە کوژراوی کەوتە سەر عەردەکە.

موکی ئەپارتمانتەکەی جێهێشت و بە خێرایی بە پەیژەکان هاتە خوارەوە، پیاوەکانیشی لە دوای هاتن

لە سویتەکەی دیکەی ئەپارتمانتەکەدا دوو تیمی دیکەی سایەرەت لە ئەپارتمانتی عدوان و ناسر نزیک کەوتنەوە، چەند جەنگاوەرێک بە سەرکردایەتی ئەمیتای ناهمانی گەیشتنە ئەپارتمانی عدوان و یەکێکیان بە پێ دەرگاکەی کردەوە، عدوان بە کلاشینکۆفەوە لە بەردەمیان وەستابوو، بۆ چرکەیەک شڵەژا، دواتر خۆی هەڵدایە پشت پەردەکە و تەقەی لە ئیسرائیلییەکان کرد و یەکێکیانی بریندار کرد. ئەو سەربازەی لە دەرەوەی باڵەخانەکە بە بۆڕی ئاو هەڵگەڕابوو، بازیدایە ناو ژوورەکە. هەر لەو کاتەشدا ناهمانی، عدوانی کوشت. سەربازەکان ئەپارتمانتەکە گەڕان و ڕێگە نەدرا ئازار بە هاوژین و دوو منداڵەکەی عدوان بگات. فایل و دۆکیومێنتەکانیان لەناو دوو جانتا ئاخنی و دەرپەڕینە دەرەوە.

لە هەمان ساتدا تیمی سێیەم بە سەرکردایەتی زڤی لیڤنی دەرگەی ئەپارتمانتی کەمال ناسری تەقاندەوە و سەربازەکان چوونە ژووری نووستن تەنیا دوو ئافرەت لەسەری خەوتبوون و ناسر لەوێ نەبوو؛ پیاوەکان تەقەیان لە ژێر سیسەمەکە کرد و دەستیان بە سۆراغکردنی کرد، دواجار گوتەبێژی ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەڵەستنیان لە ژووری نانەدین دۆزیەوە و هەر لەوێ کوشتیان. کاتێک هاتنە دەرەوە لەنکاو دەرگەی ئەپارتمانتەکەی بەرامبەر دابەزینەکە کرایەوە. یەکێک لە پیاوەکان هەر لە خۆڕا تەقەی کرد و پیرەژنێکی ئیتاڵی بریندار کرد کە بە دەنگی تەقەکان وەئاگا هاتبوو.

لەو کـاتەدا شـەڕە تەقە لە شـەقامەکە بەرزبـۆوە. بنکەیەکـی جەنـدرمە لە نزیک گۆشەکە بوو؛ چەند خولەکێک دوای دەسـت پێکردنـی شـەڕەتەقە لەگەڵ سکیوریتەکان جێبێکی لەندرۆڤەری جەنـدرمەکان گەیشـتە شـوێنەکە، بـاراک و لیڤین تەقەیان لێی کـرد و شـوفێرەکەیان پێکـا و جێـبەکە خـۆی بەو ئۆتـۆبیلانە کێشـا کە لە شـەقامەکە وەسـتابوون، لە لایەن بـاراک و لیڤـین تەواوی سەرنشینەکانی پێکێندران و هەرزوو پەیوەنـدیان بەو سـەربازانەوە کـرد کە لە باڵەخانەکە دەرکەوتبوون. جێبێکی دیکەی ژەندرمەکان هاتە سەر شـەقامەکە و سـەربازەکان دایـانە بەر دەسـترێژان و ئەویـش چەقـی. بـاراک فەرمـانی بە پیاوەکانی کرد سواری ئۆتۆمبیلەکانیان بن، جێبی سـێیەم پەیـدابوو، ئەویـش لە لایەن بێتزەرەوە درا بەر گوللە و نارنجۆکان. جەندرمەکان لە جێـبە گڕگرتـووەکە دابەزین و بەرەو دەروازەی ماڵە نزیکەکە تێیان تەقاند.

سەربازەکان ڕایانکردە ناو ئۆتۆمبیلەکان، دوا کەس یۆنی سـواری ئۆتـۆمبیلی سێیەم بوو. تەواوی ئۆپەراسیۆنەکە نیو کـاتژمێری خایانـد، ئۆتۆمبیلەکـان بەرەو کەنارەکە پێیان پێوەنا، بەڵام کاتێک لە سەیرانگەی کەنـارەکە نزیـک کەوتـنەوە، دوو جێبـی جەنـدرمان لە پێشـیان پەیـدابوون و لەسـەرەخۆ دەڕۆیشـتن و ناوچەکەیـان دەنـۆڕی. ئۆتـۆمبیلە ئەمەریکییەکـان زۆر بە ڕێکـی لە دوای لاندرۆڤەرەکە خۆیان گرمۆڵە کـرد تـا جێبەکـان لە فـولکەکە بایانـدایەوە. تیمـی سایەرەت بە سەلامەتی گەیشتنە کەنارئاوەکە.

لە هەمان کات لە بەشێکی دیکەی بەیرووت؛ پەڕەشوتوانانی لپکین شاهاک لە بارەگای بەرەی دیموکراتی میللی نزیک کەوتنەوە کە چـواردە کەس بـوون و هەر چـوار تـیم لە دوو پەڕەشـووتوان، لپکـین شـاهاک، یەکەی پزیشـکی، جەنگـاوەرانی فلـۆتیلا ١٣ و سـێ شـوفێر پێکهـاتبوو. دوای ئەوەی دوو پەڕەشـووتوان لە پاسـەوانەکان نزیـک کەوتـنەوە و بە دەمـانچەی بێـدەنگ هەموویـان دەکـوژن، یەکسـەر ئۆپەراسـیۆنەکە دەسـت پێـدەکات. ئەو دوو

پەڕەشـووتوانەی بـۆ ئەم کـارە هەڵبژێردرابـوون هەر یەک لە ئاڤیـدا شـۆڕ، ئەو کەسەی باوەڕی بە ئیلازار هێنا لەم ئۆپەراسیۆنەدا بڕی تەقینەوەی کەمتر بەکـار بێت و هاگای معیانی هاوڕێی بوو کە پەروەردەی کیبووتزی ماجن بوو.

سـاڵدانە سـاڵدانە بە شـەقامی خەرتـووم دەڕۆیشـتن، بە مەبەسـتی داگیرساندنی جگەرەکانیان لە دەروازەی باڵەخانەی تیرۆریستان وەستان، شـۆڕ بە زمانی ئینگلیزی بە یەکێک لە پاسەوانەکانی گـوت: "بـێ زەحـمەت". کاتێـک پاسەوانەکە ئاوڕی لە کابرای ئیسـرائیلی دایەوە، شۆڕ و مەعیان دەمانچەکانیـان هەڵکێشا و هەموویان کوشت، کاتێک یەکێک لە پاسەوانەکان بەربۆوە هـاواری کرد و گوتی" "ئەڵڵا"

هیچ کەسێک تێبینی دوو پاسەوانەکەی دیـکەی نەکردبـوو کە لەنـاو جێـب فیئاتەکەی ئەوبەری شەقام ڕوینشتوون و دۆشکەی ڕووسی لەسەر بوو. لەنکاو تەقەیـان لە هەردوو پەڕەشـووتوانەکە کـرد. ئاڤیـد دەسـتبەجێ تەواو بـوو و معیانیش دواتر خۆی بە دەستەوەدا. ئیگـال پریسـلەر کە پەڕەشـووتوانێکی دی بوو، دوای ئەوانە ئەویش برینـداربوو. لیپکـین بە ڕادیـۆ قسـەی لەگەڵ شـۆڕ و معیـان کـرد، بەڵام هیچیـان وەڵامیـان نەبـوو، بـۆیە ئەمەی بە لاوە گرفتێکـی ڕاستەقینە بوو کە وەڵام نادەنەوە. مەعیان بە برینداری لەسەر شەقام کەوتبوو، ئیگال خوێنی لەبەر دەڕۆیشت، هێشتا دەبێت باڵەخانەکە بتەقێنینەوە.

لە بـانیژە و پەنجەرەکـانەوە، تەنـانەت لە شەقامیشـەوە، تیرۆریسـتان بە تفەنگ و کلاشینکۆف و ڕەشاشـەوە تەقەیەکـی چڕیـان لە پەڕەشـووتوانەکانیان کرد کە بەلای لیپکین شاهاک دۆزەخی ڕاستەقینە بوو، پەیوەندی بە مانۆ شاکید کرد و گوتی: "دۆخەکە ئاڵۆزە"

ئایا پێویستیت بە یارمەتی هەیە؟

نەخێر، بۆ ئەو ساتە پێویستیم بە یارمەتی نییە. شاکید یەکڕاست بۆ لایەکـی

دی هێرشـی کـرد بـۆئەوەی سـوپای لوبنـانی کـۆت بکـات نەبـادا بێـتە نـاو شەڕەکەوە. بەلەمە چوپیەکان کە پـڕ لە سـەرباز بـوون سـێ خـولەکی بەهـادار پێش شەڕەکە، ڕووەو کەنارەکە ڕۆیشتن.

لە شەقامی خەرتووم شەڕ لە نێوان پەڕەشـوتوانان و تیرۆریسـتان لەوپەڕی گەرمیـدا بـوو. سـەربازەکان پێوەبـوون ئیگـالی برینـدار بگەینـنە شـوێنێکی سەلامەت، بەڵام یەکێک لە تیرۆریستان وایزانی ئیگال لە خۆیانە، بۆیە هەوڵیدا ڕایکێشـێتە نزیـک پەنـاکەوە، دوای ململانێیەکـی سـەخت لەگەڵ ئەڤیشـای، جەنگـاوەری ژێرئـاوی فلـۆتیلا ١٣، ئینجـا دەسـتی لـێ بەردا. تەقیـنەوە و دەستڕێژییەکان تێکەڵ بە هاواری تیرۆریستان ببـوو کە دەیـان گـوت "یەهـود، یەهـود". ئەوەی بەلای ئیسـرائیلییەکان سەرسـوڕهێنەر بـوو، لە گەرمەی ئەو شەڕەدا کە شەقامەکان لەرزیان گرتبوو، خەڵکە سـڤیلەکە بە هێمنـی دەچـوونە ناو باڵەخانەکانی ئەو نزیکانە و دەهاتنە دەرەوە یان لە بـانیژەی خانووەکانیـان وەستابوون و سەیری شەڕەکەیان دەکرد.

لەژێر تەقەیەکـی چڕەوە چـوار لە پەڕەشـوتوانان توانیـان بچـنە نـاو هـۆڵی باڵەخـانەکەوە، دەسـتڕێژی دوورودرێژیـان دەکـرد و نارنجۆکیـان هەڵـدەدا، بە بەردەوامی ئەو تیرۆریستانەشیان دەکوشت کە بە پەیژەکان دەهـاتنە خـوارەوە و کـۆنترۆڵی تەواوی هۆڵەکەیـان کـرد، ئەهـارۆن سـاباگ کە یەکێـک لە پەڕەشـووتوانان بـوو لەسـەر شاشـەی ئەسانسـۆرەکە هەسـتی بە ڕونـاکی هاتنەخوارەوەی کـرد و ژمـارەی چوار...سـێ...دوو...یەکی بینـی کاتێـک وەسـتا تەواوی مەخزەنەکەی لە کابینەی ئەسانسۆرەکە بەتاڵ کرد و کەس بە زیندوویی نەهاتە دەرەوە.

هەر لەو کاتە ئەو ئۆتۆمبیلەی تەقیـنەوەکەی هەڵگرتبـوو خـۆی کـرد بەنـاو هـۆڵەکەدا و شـارەزایانی تەقیـنەوە دەسـتوبرد چەشـنی تەقینەوەیـان بە چـوار کۆڵەگەکە جێگیر کرد و سەربازەکانیش فیوزەکانیان لەسەر ١٨٠ چرکە دانایەوە،

دواتر پاشەکشەیان کرد. هەرچەندە هەڤاڵەکانیان بە تەقە کردن بە ئار پێ جی، بـازووکە، هـاوەنی هەشـتا و یەک ملیمـی و نـارنجۆکی فرمێسـکڕێژ ئەوانیـان پاراست، پەڕەشووتوانەکان جەستەی ئاڤیدار شۆڕ و هاگـای معیانیـان بـردە نـاو یەکێـک لە ئۆتۆمبیلەکـان و معیـان هەناسـەی لەبەردا مـابوو. شـوفێرەکان فەرمانەکەی لیپکین شاهاکیان فەرامۆش کرد کە چاوەڕێ بکەن، یەکسـەر بەرەو کەنارئـاوەکە پێیـان پێوەنـا. جەنگاوەرەکـان بە مەبەسـتی دواخسـتنی ئەو ئۆتۆمبیلەی دوایان دەکەوێت بزماری ئاسنیان فڕێدایە سـەر شـەقامەکە، دواتـر هەموویان سـواری دوو ئۆتـۆمبیلەکەی دیـکە بـوون، بە خێراییەکـی زۆر بەرەو کەنـارەکە لێیـان خـوڕی. تەواوی ئۆپەراسـیۆنەکەش بیسـت و چـوار خـولەک درێژەی کێشا.

هەلیکۆپتەرەکانی ئیسـرائیل لەسەر بنکەی ڕاملێت ئەلبەیـزا پەیـدا بـوون و برینداڕەکانیان برد، لە کاتێکدا پیاوەکانی دی سواری بەلەمە چووپەکان بـوون و بەرەو بەلەمە مووشـەکدارەکان ڕۆیشـتن. چـوار کارمەنـدەکەی مۆسـادیش ئۆتـۆمبیلە بە کرێگرتووەکانیـان لەسـەر کەنـارەکە ڕاگـرت و بە ئـیش پێکـراوی سویچەکانیان لەسەر جێهێڵان، دواتر خۆیان هەڵـدایە نـاو بەلەمە تیژڕۆکـان. لە ڕێـگەی کۆمپانیـای ئەمەریکـان ئێکسپرێسـەوە لە چەنـد ڕۆژی دواتـردا کرێـی ئۆتۆمبیلەکـان بە خـاوەن نووسـینگەکان درا. هەر ئەوکـاتە ئۆپەراسـیۆنە سەرقاڵکەرەکەی پەڕەشوتوانان و فلۆتیلا ١٣ تەواو بوو و سـەربازەکان گەڕانەوە سەر کەشتییە دایکانەکەی کەنارەکەی دیکە.

ئامۆن لیکپین شاهاک گەڕایەوە دواوە و وەکو هاوژینەکەی لووت لە بایبل، دوکەڵێکـی چـڕی لەسـەر باڵەخـانەی بەرەی دیمـوکراتی میللـی بـۆ ڕزگـاری فەڵەستین بینی بەرز دەبێتەوە.

لە بەنـدەری حەیفـا دایـان و ئـیلازار لە چـاوەڕوانی کۆمانـدۆزەکان بـوون، ئەرکەکە تاجی سەرکەوتنی لەسەرنا. بارەگای بەرەی دیموکراتی میللی وێران بوو

و لاشـــەی چەنـــدان گەورە تیرۆریســـت کەوتە ژێـــرییەوە. لەم ئەرکەدا ســـێ ســـەرکردەی بـــاڵای فەتـــح و بـــلاک ســـێپتەمبەر مـــردن. ڕاگەیانـــدنی جیهـــانی لە لاپەڕەی یەکەمی خۆیاندا باسیان لەو دەستکەوتە سەرسوڕهێنەرەی ئیســـرائیل کرد. لە ڕۆژانی دواتردا لەسەرینی کوشتنی سەرکردە باڵاکانیان بلاک سێپتەمبەر بە تەواوی داڕووخا و دواتر بوونی نەما.

مانۆ شاکید بە هێمنـی لیپکـین شـاهاک لە مەیـدانی شـەڕدا سەرسـام بـوو، مەدالیای دووەمـی پـێ بەخشـی. یەهـود بـاراک و سـێ جەنگـاوەرەکەی دیـش خەڵات کران.

کەمـتر لە شـەش مانـگ دوای بەهـاری لاوان، شـەڕی ڕۆژی کیپـور لە ڕۆخەکانی کەنداوی سوێس و بەرزاییەکانی جۆلان دەتەقیەوە.

یەهـود بـاراک، فەرمانـدەی سـایەرەت ماتکـاڵ، دواتـر وەزیـری بەرگـری و سەرۆک وەزیران

"نـــزیکەی چـــوار مانـــگ پێشـــتر، ژەنەڕاڵ کـــووتی ئـــادەم، ســـەرۆکی ئۆپەراسـیۆنەکان پێـی گـوتین: ژمـارەیەک سـەرکردەی فەتـح لەو باڵەخانـانە لە بەیرووت دەژین و داوای کرد ئەگەر کارێک بەرامبەریان بکەیـن. ئـێمە گوتمـان هەمـــوو کارێـــک دەکرێـــت، پرســـیارەکامنان گەیانـــدە مۆســـاد و وەڵامەکـــان وەرگیـرانەوە، بەڵام پرسـەکە دەنگـی نەمـا. ئـێمە پلانـی دیکەمـان داڕشـت – هەڵکوتـانە سـەر یـانەی ئەفسـەران لە سـوریا و ڕفانـدنی فڕۆکەوانەکـان لە زیندانەکەی نزیک دیمەشق.

لەگەڵ هاوژینەکەم لە بەسەربردنی پشووی کۆتایی هەفتە بووین لە ئیلات، کاتێک بانگهێشتی نووسـینگەی سـەرۆک ئەرکـان کـرام. دادۆ هەنـدێک وێـنەی فۆتۆگرافی نیشـاندام و پێـی گـوتم، "ئەوەتە، ئەوە باڵەخانەکـانە". مـانۆ شـاکید

سەرۆکی ئەفسەرانی پیادە و پەڕەشوتوانان پێشنیاری کرد کە ئێمە لەگەڵ هێزی ئەرک لە لیوای سی و پێنج هێرش بەرین. بە لای منەوە ئەوە وەک پەلاماردانی سەنگەرێکی تۆکمە و پتەو وابوو- تۆ بە چل کوڕگەلەوە بگەیت و لە ڕۆخ جادە دابنیشیت و هەڵکوتییە سەر هەموو ماڵێک.... گوتم: بەو هێزە گەورەیە ئەوە مەحاڵە. ئێمە توخمی سەرسوڕمانمان گەرەکە، ئێمە دەمانەوێت بە چواردە یان پازدە کەس بە پۆشاکی سڤیلەوە ئەوە بکەین بە بەکارهێنانی سێ ئۆتۆمبیلی ئەمەریکی و هەموویان بکوژین، ئەمەش قبوڵ کرا.

بە خەڵکەکەی خۆم گوت، ئێمە لەسەر جێگە ئەوان دەکوژین، بەڵام دوو فەرماندەی تیمەکە پێیان گوتم، مەبەستت لەمە چییە؟ ئێمە خەڵک لەناو جێدا بکوژین؟ هەرچیەک بکەن کوشتنیان پاساو دەدات؟ ئایا ئەوە لەگەڵ پرەنسیپی "پاکێتی لە سوپادا" تێک دەکاتەوە؟

گوتم: ئەوانە کەسانی خراپ و مەترسیدارن، لەگەڵ عەرەفات کار دەکەن. گوتیان: جوانە، بەڵام تۆ دەسەڵاتی ئەوەت نییە. ئێمە دەمانەوێت بزانین کە سەرۆک ئەرکان چۆن بیر لە ڕەوایەتی ئەوە دەکاتەوە. من گوتم: باشە، بەڵام ئەوەم لە بیر خۆم بردەوە. ئەوان چەندجار ئەوەیان بە بیرم هێنایەوە، دواجار ئەوانم بردە کن سەرۆک ئەرکان و ئەویش بۆیانی ڕوونکردەوە.

زۆر بە باشی ئەرکەکەیان جێبەجێ کرد و هەردووکیان لە شەڕی ڕۆژی کیپووردا کوژران."

ئامنۆن لیپکین-شاهاک، فەرماندەی بەتالیۆنی پەڕەشووتوانان، دواتر سەرۆک ئەرکان

"لە کاتی شەڕەکەدا، ئێمە لاشەی ئیگال پرێسلەر و ئاڤیدار شۆرمان خستە ناو یەکێک لە ئۆتۆمبیلەکانمان کە یەکەمیان برینداربوو، دووەمیشیان کوژرابوو، بەڵام لەنکاو ئۆتۆمبیلەکە بە شوفێرەکەوە دیار نەما کە پیاوێکی بە تەمەنی مۆساد بوو. ئێمە هەموومان سواری دوو ئۆتۆمبیل بووین و بە خێرایی بەرەو کەنارەکە دامانەوە ڕێگە، کاتێک بینیمان شوفێرەکە بە خۆیی و ئۆتۆمبیلی سێیەم لەوێیە. لێم پرسی چ ڕوویدا؟ لە وەڵامدا پێی گوتم: لە کاتی شەڕی سەربەخۆییدا لە قەڵای کۆوچ لە جەلیل شەڕی دەکرد، فەرماندەکەی پێی گوتووە، لێرە نەجوڵێیتەوە. ئەویش لە جێی خۆی نەبزووتییە و شەڕی کردووە، تەنانەت کاتێک هاوڕێکانی پاشەکشەیان کردووە تا عەرەبەکان سەرکەوتن، بەڵام خۆی لەناو لاشەکان شاردۆتەوە و بەم شێوەیە ڕزگاری بووە. دواتر لە شوێنی خۆ شاردنەوەکەی هاتووتە دەرەوە و توانیویەتی هەڵبێت.

ئێستا لە کاتی شەڕکردن لەگەڵ تیرۆریستاندا، سەردەمی شەڕی سەربەخۆیی بەیاد هاتەوە کە خەریکبوو بمرێت لەبەرئەوەی تا کۆتایی ماوەتەوە، پێی گوتم، من پێموابوو ئێوە لەوێ بە سەلامەتی دەرنایەن و منیش بڕیارمدا بەرەو ئەو کەنارە بڕۆم کە لێی دابەزین بەو هیوایەی کەسێک ڕزگارم بکات."

"هەر بە سانایی تێی دەقاندبوو"

# بەشی پێنجەم

# شەڕی ڕۆژی کیپوور

لە شەڕی شەش ڕۆژەی ساڵی ١٩٦٧ بەدواوە، مسر و سوریا پلانی تۆڵەکردنەوەیان داڕشتبوو. ئیدی لە ٦ی ئۆکتۆبەری ١٩٧٣، ڕۆژی کیپوور پەلاماری ئیسرائیلیاندا. سەرکردەکانی ئیسرائیل نەگۆڕابوون و هەمان سەرکردەی جاران بوون و داڤید ئیلازار سەرۆک ئەرکان بوو، بەڵام سەرکردەکانی عەرەب گۆڕابوون: ناسری مسر مردبوو، جێگەکەی لە لایەن ئەنوەر سادات پڕ کرابۆوە، سەلاح ئەلجەدیدی سوری دوای کودەتا سەربازییەکەی حافز ئەسەدی وەزیری بەرگری لە زیندان پەسترابوو، مەلیک حوسێن ئەندامێکی ئەو هاوپەیمانێتییەی نێوان سادات و ئەسەد نەبوو، بە پێچەوانەوە بە نهێنی سەرکردەکانی ئیسرائیلی لەو هێرشە ئاگادار کردبۆوە، بەڵام بە داخەوە ئاگادارکردنەوەکەی بە هەند وەرنەگیرا.

# پاژی پازدەم
# نەبەردییەک لە ئەفریقاوە، ١٩٧٣

کاتژمێر ٤:٣٠ی ئێوارەی ڕۆژی ١٥ی ئۆکتۆبەری ١٩٧٣، پەڕەشووتوانەکانی لیوای ٢٤٧ یەدەک سەرکەوتنە سەر ئۆتۆمبیلە نیوتۆنییەکانیان. لە دوای کۆبوونەوە، عەریفەکان بە پەلەپروزێ بە نەخشەی ئۆپەراسیۆنەکە ڕایانکردە لای نیوتۆنی فەرماندەکانەوە، سەربازێک قەپاغی قوتییە تەزییە گولاشەکەی لە دەستی هاوڕێیەکەی هەڵپچڕی. یەکێک لە نووسەرانی ئەم پەرتووکە بە دەنگێکی لەرزۆکەوە گوتی: "شتێک بخۆ، ڕەنگە ژەمی داهاتووت لە ئەفریقا بێت."

ئەفریقا، ماوەی نۆ ڕۆژ بوو هەزاران سەرباز و ئەفسەری ئیسرائیل لە چاوەڕوانی ئەو ئەرکە بوون: ئەو دەمەی سوپاکەیان هێڵی مسرییەکان دەبەزێنێت کە لە سینا دروستیان کردبوو و دەپەڕنەوە نۆکەندی سوێس و لە پشت هێڵی دوژمن سەردەردەهێنن. ئەوەشیان دەزانی کە ئەم ئەرکە تەرازووی شەڕ دەگۆڕێت، پێشیانوابوو بە دزەکردنی کەلێنی هێڵی مسرییەکان، کاتێک بە نێوان بارەگای دوو لەشکرگەلی مسرییەکان دەچنەپێش و دەگەنە نۆکەندەکە، قومارێکی شێتانە دەکەن، بەڵام بەهۆی بوێری و بێباکی لە ڕیسکی گەورە چانسی گەورەی لەسەرنانی تاجی سەرکەوتنیان هەبوو. هەڵبەت مسرییەکان مەزەندەیان نەکردبوو بەر لە تێکشکاندنی دەروازەی هێزەکانیان لە بەری

ڕۆژهەڵاتی نۆکەندەکەوە هێزی بەرگری ئیسـرائیل ڕیسکی وا بکات.

شـەڕی ڕۆژی کیپـوور، لە ٦ی ئۆکتـۆبەری ١٩٧٣ دەسـتی پێکـرد. کـاتژمێر ٢:٠٠ی پاشـنیوەڕۆ لە یەک کاتـدا سـوپای سـوریا و مسـر لە دوو قـۆڵەوە - لە بەرزاییەکـانی جـۆلان و نۆکەنـدی سـوێس، هێرشـیان کـردە سـەر هێزەکـانی ئیســــرائیل. لە بەرزاییەکــــانی جــــۆلان هێزەکــــانی ســــوریا تەنیــــا بە ڕووبەڕووبوونەوەی بڕێک لە ئازایەتیی و کەمێـک خـۆڕاگریی لە جێـی خۆیـان چەقین. لە باشوور، مسـرییەکان لە ڕێگەی کەنداوی سـوێس پەڕیـنەوە سـینای داگیرکراو و بە درێژایی نۆکەندی سوێس زۆربەی سەنگەرەکانی هێـزی بەرگـری ئیسـرائیلیان گرت و بە قوڵایی پێنج میل بنکە و بارەگای خۆیان لە سینا داکوتی و گورزێکی کوشندەشیان لە ئیسـرائیل وەشاند. مۆشی دایان، وەزیـری بەرگـری پەست و پەشۆکاو دیاربوو، ترسی خۆی لە ئەگەری داڕمانی "پەیکەری سـێیەم" نەشـاردەوە کە هـێمای دەوڵەتـی ئیســرائیل بـوو. هەڕەشــە و گوڕەشــە لە خۆباییەکـانی ئـیلازار، سـەرۆک ئەرکـان کە گـوتی: "پشـتیان دەشـکێنین" وەک هەڵمی هەوای گەرم بوو .

لە ٨ی ئۆکتــۆبەر دژە هێرشــی فیــرقەی ١٦٢ بە فەرمانــدەیی ژەنەڕاڵ ئەڤرەهــام ئــادان(برێن) ئەنجـام درا، بەڵام شـکا، بە مەبەسـتی پەڕیـنەوە لە نۆکەندەکە بەرانگژی سوپای مسـری بوویەوە، بەڵام بەرپەرچی درایەوە. بە بـێ ویستی ئەو ئەرکەکە ڕادەستی فیـرقەی ١٤٣ی ژەنەڕاڵ ئەریـک شـارۆن کـرا کە لیوای بەناوبانگی ٢٤٧ی یەدەگی پەڕەشوواتوانای پێشتر (لیوای ٥٥ بوو) لە خـۆ دەگرت و لە شەڕی شەش ڕۆژەدا ئۆرشەلیمی داگیر کرد.

شارۆن دوای چەندان ساڵ لە وردە پۆستدا لە تەمەنـی چـل و پێـنج سـاڵیدا گەڕایەوە سـەر زیـن کە دواجـار بەهـۆی ئیسـحاق ڕابینـی سـەرۆک ئەرکـان لە سڕبوونیدا گەڕێندرایەوە، بـێن گۆریـون خـۆی داوای لە ڕابـین کـرد "ئاگـاداری" شارۆن بێت، وێڕای ڕەفتارە شاشییەکانی، بەڵام خۆشی دەویست. پلەی شـارۆن

بــۆ ژەنەڕاڵ بەرزکرابــوویەوە، چــونکە لە شــەڕی شــەش ڕۆژەدا بە هێرشــە هاوبەشەکەی بۆ سەر قەڵای ئەبوو عەجیلە لە سینا بلیمەتـی خـۆی نوانـدبوو و لە کـۆلیژە سـەربازییەکان لە سەرانسـەری جیهانـدا دەخـوێنرا. شـارۆن، دوای وەرگرتنی فەرماندەیی ناوچەی باشوور، ساڵی ١٩٧٣ سوپای جێهێشـت و ڕووی لە مەیدانی سیاسەت کرد و پەیوەندی بە ڕیزەکانی حزبی لیکۆدەوە کـرد، بەڵام کە شــەڕی ڕۆژی کیپــوور هەڵگیرســا بە فەرمانــدەی فیــرقەی ١٤٣ گەڕایەوە. هاوکـات شـارۆن دووچـاری دوو تراژیـدیاش هـاتبوو: مارگـالیتی هـاوژینی بە ڕووداوی ئۆتۆمبیل مردبـوو، هەروەهـا کـوڕە نـۆ ساڵییەکەی بەنـاوی گـووڕ بە هـۆی گەمەکـردن بە کـۆنە تفەنگێـک گیـانی لە دەسـتدابوو. لەگەڵ ئەوەشـدا شارۆن پرسەی خۆی لە باوەشی لیلی، خوشـکە بچـووکەکەی گـالی بینـیەوە کە دواتر هێنایی و دوو کوڕی پێ بەخشی و بە درێژایی ژیـانی بـووە پشـتیوانێکی زۆر سەیری.

لە ڕاسـتیدا سـەرانی هێـزی بەرگـری ئیســرائیل نەیاندەویسـت شـارۆن لە نۆکەنـدەکە بپەڕێـتەوە، بەڵام شـارۆنی یـاخی و خۆسـەپێن و خـۆدەرخەر کە مــاوەیەکی زۆر نەبــوو پەیوەنــدی بە ڕیزەکــانی پــارتێکی ڕاســترۆ کردبــوو. هەرچەنــدە زۆربەی ســەرانی ئەو پــارتە بە ئــیلازاری ســەرۆک ئەرکانیشــەوە ئەندامی پێشووی باڵی چەپڕۆی پاڵماچ بوون، بەڵام دوای شکستەکەی ئـادان لە ٨ی ئۆکتۆبەر و خۆ هەڵقورتانـدنی دایـان بە بەرژەوەنـدی دامەزرێـنەری ١٠١، هیچ ڕێکارێکی دیکەیان لە پێشدا نەبوو، جگە لە گەڕانەوە بۆ شارۆن نەبێت.

شارۆن لەسـەر پەڕینـەوەی خـۆی لە نۆکەنـد مکوڕبـوو، بـڕوای بە پلانێکـی تەواو شێتانە هەبوو. لە دەوریەکـدا لە نـاوچەی دوژمـن، بەتـالیۆنی پەیـدۆزی فیرقە ڕاستییەکی سەرنجڕاکێشیان ئاشکرا کرد، ئەو هێزە مسـرییانەی لە نۆکەنـد پەڕیبوونەوە و بە قوڵایی پێنج میل بە درێژایی نۆکەندیان گرتبوو دابەشی سەر دوو لەشکر بوونە. بەتالیۆنی پەیدۆز بۆیان دەرکەوتبـوو کە هـیچ وشـکانییەکی

دانەبــڕاو لە نێــوان ئەم دوو لەشــکرەدا نیــیە، بەڵکــو تەنیــا نــاوچەیەکی قەدەغەکراوی تەسک لێکیان دادەبڕێت. ئەمەش بیرۆکەی نـاردنی لیـوایەکی بە درێژایـی هێڵـی بەیەکگەیشـتنی ئەو دوو لەشـکرە لە لای شـارۆن دروسـتکرد. دوای ئەوەی دەگەنە کەنــــاڵەکە و دەپەڕنەوە، دەکرێـــــت لە پشـــــتەوەی مسـرییەکان پردێک لەسەر کەنداوی سوێس دابنـێن و شـەڕ ببەنە نـاوجەرگەی مسـرییەکان. لە ڕاستیدا بیرۆکەیەکـی گەمژەییـانە بـوو- هێنـدە گەمـژانە بـوو هیچ کەسێکی مێشک ئاسایی باوەڕی نەدەکرد ئەمە ئەنجام بدرێت.

مایکـل بارزوهـار، یەکێـک لە نووسـەرانی ئەم پەرتـووکە لە سـەرکەوتنیاندا بەسەر لوتکەی گردێکی رووتەن یـاوەری شـارۆن و کۆڵۆنێـل ئـامنون ڕیشـیف، فەرماندەی لیوای زرێپۆش بوو، شارۆن فەرمانی بە ڕیشێف کرد بە دووری ٥٠٠ مەتر لە هێڵی بەیەکگەیشتنی نێوان هەردوو لەشکرەکەی مسر چەند تـۆپێکی فســفۆریان تێبگرێــت. کاتێــک تۆپبــارانەکە دەســتی پێکــرد، شــارۆن لە دووربیـنەکەیەوە سـەیری دوکەڵە سـپییە کـوارگییەکەی دەکـرد کە بە درێژایـی هێڵـی بەیەکگەیشـتن بە کەنـاڵەکەی تەنـیەوە، لە نەبـوونی هـیچ جـوڵەیەک دەرکەوت لە ناوچەی قەدەغەی نێوان دوو لەشکرەکە هیچ یەکەیەکـی مسـری لێ نییە. ئـاخر، ئەگەر زرێپۆشـی مسـری لەبەری ئەفریقـای کەنـاڵەکە بـوونی هەبێــت، هــیچ پەڕیــنەوەیەک ڕێــی تێنەدەچــوو، لەبەرئەوەی بە ئاســانایی دەیتوانی پردەکە وێران بکات و هەر یەکەیەکی هێزی بەرگری لەناوبەرێـت کە بیەوێت ڕێگە ئـاوییەکە ببڕێـت. دەبـوو شـارۆن چـاوەڕێی پەڕیـنەوەی یەکەی دەســتەبژێری مســـری لە کەنــاڵەکە و تێکگیرانــی لەگەڵ یەکەی زرێپۆشــی ئیسـرائیلی بکات، زرێپۆشی ئیسـرائیلیش ئامادەبوو.

پێویست بە چاوەڕوانی زۆر نەبوو، چونکە لە ١٤ی ئۆکتۆبەر سەدان تـانکی مسـری لەگەڵ بەشێکی گەورەی فیرقەی ٤ی شکێنەر لە کەنـداوەکە پەڕیـنەوە، شـەڕێکی دژوار قەومـا و پـاش چەنـد کاتژمێرێـک بـۆدی ٢٥٠ تـانکی مســری

سوتێندراو لەناو لمی بیابانی سینا گومبوون. لەو شەڕەدا تەنیا ٢٥ تانکی هێزی بەرگری ئیسرائیل تیاچوون. ئیدی کاتی دەستکردن بە پلانەکەی شارۆن هاتبوو کە ناوە نهێنییەکەی نەبەردەکان بوو.

لە ڕاستیدا نەبەردەکان لە پەرەشووتوانە یەدەگەکان پێکهاتبوون کە لە زۆربەی هەرە زۆری شەڕەکانی ئیسرئیلدا بەشداربوون و قارەمانێتیان بە داگیرکردنی ئۆرشەلیم تاجرێژ کرابوو، بەڵام مۆتا گۆر هیچی دی فەرماندەیان نەبوو، چونکە لە باڵیۆزخانەی ئیسرائیل لە واشنتۆن بە پاشکۆی سەربازی هاتبووە دامەزراندن. سەرکردەی لیوای ٢٤٧ فەرماندەیەکی دیکەی ئەفسانەیی بوو بە ناوی دانی مات.

دانی لە کۆڵۆنی ئەڵمانیا لەدایکببوو و لە مۆشاڤی ئایینی لە پێدەشتی کەنارئاوەکە گەورە ببوو، هەر لە تەمەنی شازدەساڵییەوە پەیوەندی بە ڕیزەکانی پاسەوانی کەنارئاوەکانی بەریتانیاوە دەکات و دواتر لە سوپای بەریتانیا ناونووس دەکرێت و بەشداری دوا قۆناغی شەڕی دووەمی جیهانی دەکات. کاتێک گەڕایەوە ئیسرائیل پەیوەندی بە ڕیزەکانی پاڵماچەوە دەکات و لە کیبووتزی ئین زوریم لە گوندێکی هەروەزیی بەناوی بلۆک ئیتزیۆن لە باشوری ئۆرشەلیم ئاکنجی دەبێت. لە ١٢ی ئایاری ١٩٤٨، دوو ڕۆژ بەر لەوەی ئیسرائیل بێتە دامەزراندن، حەشامەتێکی قەبەی عەرەبە چەکدارەکان پەلاماری بلۆکەکەیاندا، ژمارەیەک لە ئاکنجیبووەکانیان کوشت، دانی لە پەنایەکی نزیک لە ئێن زوریم خۆی چەپەرەدابوو، بەڵام هەر ئەوەندەی زانی ڕووبەڕووی سەدان هەزار عەرەب بۆتەوە کە هاواریان دەکرد و تفەنگ و تەور و سیکاردیان لە دەستە و بەو ناوە بڵاو بوونەتەوە، دانی سێزدە نارنجۆکی لە تەنگەی خۆی بەستبوو و ڕەشاشێکیشی دەستکەوتبوو و تەقەی لەو حەشاماتە کرد کە شاڵاویان بۆ پێشەوە دەهێنا. شەپۆلی یەکەمی تەخت کرد، بەڵام هەرزوو شەپۆلێکی دی جێگەی گرتەوە، هەموویان هاواریان دەکرد و ڕوویان

لە شوێنە لاتەریکەکە بوو، بەڵام دانی لەوە ئاگادار بـوو ئەگەر ئەوانە دەسـتیان پێی ڕابگات هەنجن هەنجنی دەکەن، بۆیە بەردەوام دەیڕشـاندن و پـۆل دوای پۆل دەیخستن، دواتر بە دەستی ڕاستی نارنجۆکەکانی تێـدەگرتن و بە دانەکـانی چەشـنەکەی لێـدەکردەوە و هەڵیـدەدایە پێشـیان و بە دەسـتی چەپەشـی بە ڕەشاشەکە تەقەی لێیان دەکرد، جۆخینێـک لاشـەی لە پـێش خـۆی هەڵـدابۆوە. کاتێک فیشەکی تەواو بوو، ڕەشاشەکەی تـوڕ هەڵـدا و چەشـنی دوو نـارنجۆکی هەڵکێشـا و نـارنجۆکەکەی خسـتە سـەر سـەری و بەرەو کیبـووتزی ڕێڤـادیم قوچانـدی حەشـامەتی عەرەبەکـان لەبەرامـبەر ئەو پیـاوە سەرشـێتە بە ڕدێـنە نارنجۆک بە دەسـتە دابڕبـوون، دواجـار گەیشـتە کیبـووتز و حەشـاماتە تـوڕە و ئاگراوییەکەشـی هەر بە دواوە بـوو. خەڵکانێـک ڕایانکێشـایە نـاو ماڵەکانیـان و هەندێکی دی بە جووتە مقەسێکەوە ڕدێنە درێژەکەیان بۆی هەڵپاچی و کەسی سێیەمیش بێ ئاو و سابوون بە مووسـێکی کـول ڕدێـنەکەی تراشـی کە هەمـوو دەموچاوی بڕیبوو، عەرەبەکانی دەرەوەش هاواریان دەکرد و دەیـانگوت: "کـوا کابرای بە ڕدێن؟ بکوژ لە کێندەرێیە؟ بکوژمان ڕادەست بکەن.

بەخـــت یــاوەری بـــوو، لەوکــاتەدا هێزێکـــی ئـــوردنی گەیشـــتن و تەوای نێرەوزەکانی کیبووتزەکەیان ڕاپێچی زیندان کـرد. دانـی چـاویلکەیەکی گەورەی هەتـاوی لە چـاو کـرد و خـۆی ڕەگەڵ هەڤاڵەکانیـدا. کەس ئەوی نە ناسـییەوە، وەک زیندانی شەڕ ساڵێکی ڕەبەق لە ئوردن مایەوە. دوای گەڕانەوەی جـارێکی دی ڕدێنی بەردایەوە و پەیوەندی بە ڕیزی پەڕەشوتوانانەوە کرد و فەرمانـدەیی دەستەبژێرێکی دەکرد، بەشداری گشـت پەلامـارە تۆڵەسـەندنەوەکان بـوو و لە جەنگی میتلا زۆر بە سـەختی برینـداربوو. هەروەهـا دوو ساڵیشـی لە کـۆلێژی شەڕ لە پاریس خوێند، دواتر لە شەڕی شەش ڕۆژە بوو بە یەکێک لە کارەکتەرە دیارەکان و لە کۆتاییدا سەرکردایەتی لیوای بەناوبانگی ٢٤٧ی وەرگرت.

لە ١٥ی ئۆکتـۆبەر لەگەڵ زەردەپەڕ، ژمـارەیەک یەکە بە مەبەسـتی سـەر

لێشێواندن پەلامارێکیان دژ بە هێزەکانی مسر ئەنجامدا، لە کاتێکدا لیواکەی دانی هەموو سواری ئۆتۆمبیلە نیوتۆنییەکان ببوون و بە ناوی نهێنی سپایدەر (جالجالۆکە) بەسەر باریکە ڕێگەیەکی قیرتاوکراو بەرەو کەنداوی سوێس بزووتن. هەرچەندە یەکێک لە بەتالیۆنەکانی لیوای ٢٤٧ درەنگتر گەیشتە ناوچەی گردبوونەوە، بەڵام دانی ڕەتی کردەوە ئەرکەکە دوابخات و بە دوو بەتالیۆنەوە پێشڕەوی کرد. پلانەکە بەمشێوەیەبوو: کاتژمێر ٨:٠٠ی ئێوارە پەڕەشووتوانەکان و ئەوانەی ناو بەلەمە چووپەکان و ئەوانەی بە ڕێگەی ئاوی نزیک دیڤەرسۆر پەڕیونەتەوە، لەو شوێنەی ئاوی نۆکەندەکە دەڕژێتە ناو دەریاچە. شارۆن زۆر لە پشت فەرماندەیی نیوتۆنییەکاندا دوور نەبوو.

هەرچەندە، هێندەی نەمابوو بەهۆی جەنجاڵی ترافیکەوە زۆربەی پەڕینەوەکان شکست بهێنن، چونکە ئۆتۆمبیلە نیوتۆنییەکانی پەڕەشوتوانان لە ناوەڕاستی سەدان ئۆتۆمبیل، بارهەڵگر، جیب و پیکابەکان و تەنانەت ئۆتۆمبیلی تایبەتی چەقیبوون کە بە درێژایی باریکە ڕێگەکەوە چواردەوریان بە حەشاماتی سەربازە یەدەگەکان دەوردرابوو، ڕێگەیان لە کاروانەکەی دانی داخستبوو. هەرچەندە تاو نا تاوێک، ئۆتۆمبیلەکانی پەڕەشوتوانان تەکانێکی دەدا و دوو مەترێک دەچوونە پێش، دواتر جارێکی دی مۆڵ دەبوونەوە. دەنگە شڵەژاوەکەی شارۆن و جێگرەکەی بە بەردەوامی لە ڕادیۆی فەرماندەی لیواکەوە دەنگی دەدایەوە کە ئەرکە هەرە گرنگەکەی شەڕەکە شکست دەهێنی لەبەرئەوەی هێزەکانی بەرگری ئیسرائیل ناتوانن بەسەر جەنجاڵی ترافیکەوە زاڵ بن.

تەنیا دوای نیوەشەو توانرا ڕێگەکە بکرێتەوە، ئیدی لایتەکان کوژێندرانەوە و کاروانەکە بە ڕێگەی سپایدەر بەرەو تیشکە سوورەکان و شوێنی بەرزبوونەوەی دوکەڵە سپییەکەی نزیک گردۆڵکەکان و پەڕینەوەی نۆکەندەکە پێیان پێوەنا. لە چارڕیانەکەوە یەکەیەکی هێزی دەریایی ژمارەیەک بەلەمی

چوپی لە نیوتۆنییەکان بارکرد. سەرەتا تۆپخانەی هێزی بەرگری ئیسرائیل بۆ دەرپەڕاندنی ئەو سەربازە مسرییانەی کە ئەگەر هەبوو لەوێ سەنگەریان گرتبێت، تۆپبارانی ناوچەی پەڕینەوەی کرد. بە مەبەستی پاراستنی کاروانەکە بەتالیۆنی تانکەکان و کۆماندۆکانی ناو نیوتۆنییەکان لە لیوایەکی دی لە بەرایی کاروانەکە پەیدابوون.

یەکەمجار پاسەوانەکان کەوتنە بەرێ، ئەو تانکانەی لە پێش پەڕەشوتوانان بوون بەسەر بۆسەیەکی مسرییەکاندا کەوتن، زۆربەی تانکەکان و نیوتۆنەکان گڕیان گرت و بوونە گوڕییە ئاگر. زیانەکان قەبە بوون، بەڵام کاروانەکەی دانی بە تەک تۆپە گڕگرتووەکان ڕەتبوو و لە پێشڕەوی خۆیدا بەرەو نۆکەندەکە بەردەوامبوو. بە پەڕجوو مسرییەکان تێبینی یەکەی پێشڕەویان نەکرد و بە سانایی گەیشتە لیواری نۆکەندەکە، بەڵام کاتێک تەواوی کاروانەکە لەگەڵ نیوەلۆری فەرماندەی لیوا نزیک کەوتنەوە ڕووبەڕووی تەقەیەکی قوڕس بوونەوە، چونکە سەربازە مسرییەکانی لەشکری دووەم و سێیەم لە ناو گۆڕاییە تەختە ماوییەکەی لێوار نۆکەندەکە چەپەریان گرتبوو و نیو لۆرییەکەی ماتیان بینیبوو کە بە لایتەکانی پێشەوە ئاماژەی بە شارۆندا بوو کە لە گردۆلکە نزیکەکەوە سەیری کاروانەکەی دەکرد. کۆمەڵێک ئەنتێن لەسەر تۆپی ئۆتۆمبیلەکە ئاماژەیەکی دی بوو کە ئەوە نیوتۆنی فەرماندەیە، مسرییەکان بە بازووکە، ڕەشاش و چەکی دیکەوە پەلاماری کاروانەکەیاندا، مووشەک لە تەنیشت ئۆتۆمبیلەکان وشەی دەهات و پەڕەشووتوانەکانیش وەڵامیان دانەوە. وەک ئەوەی شارۆن پێشبینی کردبوو مسرییەکان تەواوێک دووربوون و زۆربەی تەقەکان بێ کاریگەر بوون.

دوای ژمارەیەک پێچ و پێچکردنەوە بە ڕێگەکە تەقەی دوژمن لاواز بوو. کاروانەکە لە شوێنێکی مەیدانئاسا وەستا کە بە چەپەری لێژی ماوو دەوردرابوو، سەربازەکان بە ڕۆژئاوای چەپەرەکە سەرکەوتن و لە لایەکەی دی هاتنە

خوارەوە، لە ژێر پێیانەوە هێڵە زیوینەکەی نۆکەندی سوێس دەبریسکایەوە، بە چووستی بەلەمە چووپەکان داگیرانە خوارەوە و بردرانە ناو ئاو. پەڕەشووتوانەکان خۆیان هەڵدایە ناویان و بەلەمەکان یەک لە دوای یەک بەرەو کەناری ئەفریقا ئاوەکانی سوێسیان تەی کرد. کاتژمێر ۱:۲۵ دانی مات بە بێتەل وشەی "ئەکوارڕۆژی" ڕاگەیاند، کە بە مانای ئەوە بوو بەلەمەکان لە ناو ئاوەکەدان. دواتر سواری بەلەمێک بوو و بارزوهار لە تەنیشتی دانیشت، لەگەڵ جوڵەی خێرای بەلەمەکە چەند تۆپێک تەقێندران، زۆربەی جەنگاوەران شاد و بەختیاربوون و هەستیان کرد ساتێکی دراماتیکیان ئەزموون کرد، دوور نییە بەو گەمە گۆڕینە پارسەنگی شەڕ بگۆڕێت.

هێمنییەکەی دانی ماتی گرفتێکی گەورەی لە هەناوی خۆی شاردبۆوە، لە ژیانیدا هەرگیز بەرپرسیارێتی وای نەبینیبوو. دواتر گوتی: "ئێمە ئەرکێکمان ئەنجامدا کە ئەگەری گۆڕینی ئەنجامی شەڕی هەبوو. وام هەست دەکرد تەواوی میللەتی ئیسرائیل چاوی لەسەرمانە."

بەلەمەکان لە لای نزمە دیوارێکی لە بەرد هەڵچنراو لەنگەریان گرت. پەڕەشووتوانەکان لە هێڵە لمییەکە پەڕینەوە کە بە پووش و پەڵاش داپۆشرابوون، دانی هەرگیز خۆی لە دووبارەکردنەوەی وشەی نهێنی:ئەکاپولکۆ" بۆ جێگرتن لە کەناری ئەفریقای نۆکەندەکە دانەبڕاند.

لەکاتێکدا ئەفسەرە باڵاکان پیرۆزباییان لە مات کرد، پەڕەشووتوانەکان ناوچەکەیان پشکنی و لە نێوجەرگەی بارەگایەکی تۆکمەی مسرییەکان: پەرژینی لمی، دیواری بەرد و کۆنکریتی، ناوچەیەکی چەکدار و پەناگەی ژێر زەوی دایانکوتی. بۆیە ئەگەر مسرییەکان بمێننەوە و ڕووبەڕووی پەڕەشووتوانەکان ببنەوە شەڕێکی خوێناوی دەقەومێت، بەڵام دیاربوو ئەوان بەهۆی تۆپبارانە خەستەکان هەڵاتبوون. ساڵانی دواتر مێژوونووس و نووسەران سەرسوڕمانی خۆیان دەربڕی کە ئەو هێزە پەڕەشووتوانەی پردەکەیان چێکرد

هێندە بچووک بوون بە حاڵ ژمارەیان دەگەیشتە ٧٦٠ کەس.

کۆمەڵێک دار سنەوبەر، کاڵیپتۆس و دارخورما لە پشت بارەگەکە هەبوون، یەکەیەکی بچووکی پەڕەشوتوانان لەسەر پەرژینە لمییەکان سەنگەریان گرتبوو.

ئەریک ئاشمۆن، یەکێک لە جێگرانی مات بە مەبەستی بینینی هاوڕێکەی وەستا و خەنیەوە و "یەکێک لەو کەسانە بوو کە بە یەکەم بەلەمەکان بەرەو ئەفریقا پەڕیبۆوە و ئەمە شتێک بوو لە ژیانی ئەم پیاوەدا."

لەبەری ڕۆژهەڵاتی نۆکەندەکە دەنگی تەقە دەبیسترا، پەڕەشووتوانەکان نەیاندەزانی کە لە نێوان لیوای زرێپۆشی ڕێشیف و هێزێکی گەورەی مسرییەکان جەنگێکی خوێناوی هەڵگیرساوە. شەڕەکە لە دەوروبەری ڕێگەی تیرتور بە هاوتەریبی ڕێگەی سپایدەر بوو کە پیاوەکانی مات بۆ گەیشتن بە نۆکەندەکە بەکاریان دەهێنا، شەڕە خوێناویەکە تەشەنەی سەند تا گەیشتە "کێڵگەکانی چینی" هەروەها بووە هۆی دواخستنی پەڕینەوەی هێزێکی گەورەی ئیسرائیلی، لەبەرئەوەی پردە لوولەکیەکە کە دەستکردی ئیسرائیل بوو و لە لایەن هەژدە تانکەوە ڕادەکێشرا نەیدەتوانی پێش ١٧ی ئۆکتۆبەر بگاتە نۆکەندەکە.

شارۆن تەسلیم نەبوو، دوو بلدۆزەری گەورە گەیشتبوونە نۆکەندەکە و ڕاڕەوێکیان بۆ ئۆتۆمبیلە قوڕسەکان کردبۆوە، ماوەیەکی زۆر لە پێشتر لە لایەن شارۆن، کاتێک فەرماندەی ناوچەی باشوور بوو، شوێنی فڕگەکە ئامادە کرابوو و خشتی سووری بۆ دەستنیشانکردنی پەرژینە پووکەکان بەکارهێنابوو کە بە ئاسانی دزەیان لێوە دەکرا. ژمارەیەک پانتوونی ڕەوانەی شوێنی شکاندنەکە کرد تا هەموویان پێکەوە پردێکی سەرئاو دروست بکەن، بەڵام کاتێک هەندێک لە پانتوونەکان لە پشتەوە مانەوە، ئەندازیارەکان 'کرۆکۆدایل" گوازەرەوەی زەبەلاحی تانکیان بەناوی "گیلویس" هاورد کە لە لایەن ئەفسەرانی

فەڕەنسییەوە داهێنرابوون، ماوەیەک پێشتر وەزیری بەرگری ئیسرائیل کۆنە گیلویسەکانی لە کۆگاکانی ناتۆ کڕیبوو، لە بەرەبەیانی ١٦ی ئۆکتۆبەر، بە کرۆکۆدایل یەکەم تانکی لیوای زرێپۆشی حایم ئیریز بۆ ئەوبەری نۆکەندەکە گوێزرایەوە.

مەیدان و سەر پردەکە جمەی دەهات، مسرییەکان لەوە بێ ئاگابوون کە هێزێکی ئیسرائیل لە پشتیانەوە دابەزیووە، دوای زیاتر لە دوو ڕۆژ ئەوجا فەرماندەی باڵای مسر بۆیان ئاشکرابوو کە یەکەکانی ئیسرائیل لە بەری ڕۆژئاوای نۆکەندەکە چەپەریان داناوە. ڕۆژی ١٦ی ئۆکتۆبەر ئەنوەر ساداتی سەرۆکی مسر لەبەردەم دانیشتنێکی تایبەتی پەرلەماندا ڕایگەیاند، فەرمانی بە کارکردن لەسەر نۆکەندی سوێس کردووە لە پێناو دووبارە کردنەوەیدا بە ڕووی کەشتی نێودەوڵەتیدا کە لە شەڕی شەش ڕۆژەوەڕا داخرابوو. پاشنیوەڕۆی هەمان ڕۆژ، بە بیستنی لێدوانێکی گۆڵدا مائیر لە کنێست حەپەسا کە گوتی: یەکەکانی هێزی بەرگری ئیسرائیل لە بەری ڕۆژئاوای نۆکەندەکە لە کردەوەدان، بەڵام تا ئەوکاتیش مسرییەکان وایان مەزەندە کردبوو ئەوە تەنیا شاڵاوێکی سنوورداری یەکەی کۆماندۆکانە لە ناو خاکی خۆیاندا.

لە بەری ڕۆژهەڵاتی کەنارەکە لە شەڕێکی سەخت دژ بە مسرییەکان، هەندێک لە ئەندامانی یەکەی کۆماندۆی شارۆن کە پێشڕەویان کردبوو، بریندار ببوون، تەنانەت شارۆن خۆشی بە سووکی زامداربوو. بۆ سەربازەکان بەستنی پارچە پەڕۆیەکی سپی لە هەنیەی ببووە هێمای پەڕینەوەی لە نۆکەندەکەوە. لە سەنگەرەکەی خۆیەوە لە مەیدانەکەدا شارۆن پێوەبوو سەرووی خۆی قایل بکات ڕێگە بە فیرقەکەی بدەن لە نۆکەندەکە بپەڕێتەوە و سەرکەوتنی بەرایی بۆ خۆیان قۆرغ بکات، ئاماژەی بەوەدا کە حایم ئیریز بە بیست و حەوت تانک لەسەر پشتی کرۆکۆدایلەکانەوە لە نۆکەندەکە بە ئاراستەی ڕۆژئاوا پەڕیونەتەوە، بەڵام بێکەس ماونەتەوە. ئیریز ژمارەیەک

بنکەی مووشەکی زەوی بە ئاسمانی تەخت کردووە و ئاسمانیشیان بۆ فڕۆکە جەنگییەکانی ئیسرائیل پاک کردۆتەوە، بەڵام هێشتا کاری زۆر ماوە: تا ڕادەیەک ئیریز ڕووبەڕووی هیچ بەرگرییەک نەبۆوە و ئەو هەستەی لە کن دروست ببوو کە ڕێگەی قاهیرە لە بەردەمیدا کراوەیە و بە بێتەل بە شارۆنی ڕاگەیاند "دەتوانم بچمە نیل"، بەڵام بەرپرسانی سەروو بە توونـدی دژی پەڕینەوەی شارۆن وەستانەوە و ڕەتیان کردەوە بپەڕێتەوە. یەکەم، داوای دانانی پردێکی دیکەی سەر ئاو و کردنەوەی ڕێگاکانی بەرەو نۆکەندەکەیان دەکرد، چونکە لەوە دەترسان مسرییەکان ڕێگەی نۆکەندەکە دابخەن و پەڕەشووتوانەکانی سەر پردەکە لەناو ببەن، مادامەکی ئاسایشی ڕێگاکان دابین نەکراوە و پردەکانیش دانەنراون. هەروەها داوایان لە شارۆن کرد لە مەیدانەکە بمێنێتەوە و بۆ دەوردانی لەشکری سێیەم ڕێگە بە تیپی ١٦٢ ئادانا بدات لە نۆکەندەکە بپەڕنەوە. داواکارییە دووبارەکانی شارۆن بۆ ڕێگەدان بە پەڕینەوە بێهودەبوون، هەندێک مکوڕبوون کە هۆکاری سیاسی لە پشت وەستاندنی شارۆن هەبوو، بەڵام لەم کاتەدا مسرییەکان درکیان کردبوو کە هێزی ئیسرائیل لە نۆکەندی سوێس پەڕیونەتەوە و بنکەیان لە بەری ئەفریقا داناوە. هەنووکە قۆناغێکی نوێی شەڕ دەستی پێکرد: هەوڵە بێ هیواکانی سوپای مسری بۆ تەختکردنی پردەکە. هەر لە دووەم ڕۆژی دوای پەڕینەوە تا ئاگربەس و نۆ ڕۆژ دواتر، پەڕەشووتوانەکانی مات لە ئەفریقا و یەکەکانی دیکەی شارۆن لە مەیدانەکەدا کەوتبوونە بەر لێزمەی تۆپبارانەکانەوە و مەینەتی زۆری لێکەوتەوە. مسرییەکان بە تۆپ و هاوەن پەلاماری جەنگاوەرانی شارۆنیاندا و فڕۆکە شەڕکەرەکانیشیان لە ئاسمانەوە بۆمبارانی دەکردن. هەلیکۆپتەرەکانیشیان بە شەو و ڕۆژ ناپاڵمی بەسەردا بەردەدانەوە. پەڕەشووتوانەکان لەبەر ڕۆشنایی تۆرچەکانەوە لە پەڕینەوە بەردەوامبوون؛ پردە پانتوونیەکان تەواو بوون، دواجار پردە لوولەییەکان گەیشتنە نۆکەندەکە و

لە نێوان دوو کەنار دانرابوون. پەڕەشووتوانەکانی مات لەسەر پەرژینەکانەوە سەیری کاروانە بێ کۆتاییەکانیان دەکرد کە بەرەو بەری ئەفریقا بەسەر پردەکە دەپەڕینەوە. ئەریک شارۆن چێژی لە جۆشە سەرسوڕهێنەرەکەی سەربازەکانی وەرگرت، کاتێک لە نۆکەندەکە پەڕیەوە بە هوتافی "ئەریک" پادشای ئیسرائیل پێشوازی کرا.

لە ٢٤ی ئۆکتۆبەر شەڕ وەستا، لەشکری سێیەم گەمارۆدرابوو، پەڕەشووتوانەکانی مات بە درێژایی نۆکەندەکە خاکە بە پیتە کشتوکاڵییەکەی داگیر کردبوو و بە ئاراستەی باکور بەرەو ئیسماعیلییە لە پێشڕەویدابوو کە شارێکی گەورەی مسرە، هەمدیس پەڕەشووتوانەکان بە ئاراستەی باشور بۆ شاری سوێس لە پێشڕەویدا بوون، لیوای زرێپۆشی ئیسرائیل لە دووری ١٠١کیلۆمەتر "شەست و سێ میل" لە قاهیرەوە وەستان.

کاتی ئەوە هاتبوو هەر یەک لە ئیسرائیل و مسر چەکەکانیان دابنێنن و دەست بە گفتوگۆ بکەن. گفتوگۆکان لە دووری ١٠١ کیلۆمەتر دەستیان پێکرد، سەرەتا هاوێرکردنی هێزەکانی لێ وەبەرهات؛ پێنج ساڵ دواتر هەردوو وڵات ڕێککەوتنی کامپ دێڤد و لە ساڵانی دواتریشدا پەیماننامەی ئاشتیان واژوو کرد.

مۆشی یائلون(بوجی)، دواتر سەرۆک ئەرکان و وەزیری بەرگری

"شەڕی ڕۆژی کیپوور بەشێکە لە (دی ئێن ئەی) من.

بۆ من ڕاگەیاندنی شەڕەکە وەک برووسکی ڕۆژێکی ساماڵ وا بوو، من کەسێکی سڤیل، عەریفێکی یەدەگ، تازە زاوابووم. کۆماندۆکانی بەتالیۆنی پەنجای بارهەوایی ویستیان من بنێرنە کۆرسێکی ئەفسەران، بەڵام من نەمدەخواست بۆ خزمەتی هەمیشەیی واژوو بکەم و تەسریح بووم. لە

سەروپاژی ڕۆژی هاشاناه (سەری ساڵی نوێی جووان)، بە سکرتێری کیبووتزی گروفیت لە نەقەب هەڵبژێردرابووم. کاتێک کاتژمێر دووی پاشنیوەڕۆی ڕۆژی شەشی ئۆکتۆبەر دەست پێکردنی شەڕم پێ ڕاگەیەندرا، هەستم کرد لە پێیەکانمەوە ڕامدەکێشن و بۆ ئێوارەکەی لەگەڵ هەڤاڵەکانم لە لیوای ٢٤٧ی پەڕەشوتوانان خۆم لە بنکەی سیرکین بینیەوە. لە شازدەی ئۆکتۆبەر ئێمە بە پردی سەرئاو لە نۆکەندەکە پەڕینەوە. تۆپباران کراین و ئاسایشی پردەکە دابینکرا و لە شاری سوێس شەڕ کۆتاییهات. باشە، کاتێک تۆ خۆت لەناوجەرگەی شەڕ بدۆزیەوە، فڕۆکە هێرشت بکاتە سەر، بۆردومان بکرێیت و تۆپ و پێکدادان هەبێت... بیرم کردەوە کە مەحاڵە بە زیندوویی دەربچم. هەواڵی خراپ لەبارەی کەوتنی سەنگەرەکان بە درێژایی نۆکەندەکە و کوژران و برینداربوونی هاوڕێکانم گەیشت، لە لامدا هەستی بێ متمانەیی بە سەرکردە سیاسی و سەربازییەکان گەشەی کرد. هەستم بە بێهێزی خۆم کرد کە ڕەنگە وڵات بەرەو ڕووخان بڕوات! سەرکردەکان لە کوێن؟ هەواڵگری لە کوێیە؟ ئەو هەموو خەڵکە لە کوێن کە ئێمە متمانەمان پێیان بوو؟

بە خۆم گوت، ئەگەر لەو شەڕە بە زیندوویی دەرچووم کیبووتز بە بێ منیش بە باشی بەڕێوە دەچێت و لە سوپا دەمێنمەوە و وەک سەربازێکی هەمیشەیی بە فەرماندەی پۆڵ دەگەڕێمەوە. لەگەڵ خۆمدا بە ئاشتی ناژیم ئەگەر بگەڕێمەوە کیبووتز، دەبێت پێشینەکانم بگۆڕم.

لە کۆتایی شەڕدا بە دوای دۆزینەوەی بەتالیۆنی پەنجادا گەڕام کە لە سینا لە فڕگەی گیدی بڵاوە کرابوون و یا یا (کۆڵۆنێل یوباڵ یایر) فەرماندەی بەتالیۆن بوو. پێم گوت، یا یا من هاتووم و گەڕاومەتەوە ناو سوپا."

لە کاتێکدا پەڕەشوتوانان لە نۆکەندی سوێس پەڕینەوە، شـەڕێکی سـەخت لە "کـێڵگەی چینـی" هاوسـنووری ڕێگاکـانی بەرەو نۆکەنـدە دەچـوون، قەومـا. بەهۆی نا ئومێد بوون لە ئەدای فەرماندەی ناوچەی باشور، گۆڵدا مـائیر، حـایم بارلیڤی سەرۆکی ئەرکانی پێشووی بە فەرماندەی بەرەی باشوور دامەزراند.

## پاژی شازدەم
## فەرماندە... جێگری فەرماندە... جێگری دووەمی فەرماندە کوژرا...١٩٧٣

ئەگەر کێڵگەی چین وە قسە بێت و دوو شەوی یەک لە دوای یەکی شەڕێکی خوێناوی بگێڕێتەوە کە لە پایزی ١٩٧٣دا لەسەر ئاخەکەیدا ڕوویدا، یادی مردوو، بریندار، ساتە نا ئومێدەکان و کارە قارەمانێتییە تۆمارکراوەکان دەکاتەوە کە لە مێژووی هێزەکانی بەرگری ئیسرائیل و سوپای مسریدا جێماون.

لە ناوەڕاستی پەنجاکاندا پارچە عەردێک بە ڕوبەری ٥.٥ میل چوارگۆشە بە یارمەتی حکومەتی ژاپۆنی لە نیمچە دورگەی سینا لە نزیک نۆکەندی سوێس کرابوو بە کۆمەڵگەیەکی کشتوکاڵی و بە هەڵکەندنی خەندەقی گەورەی ئاودێری پارچە کرابوو. سەربازە ئیسرائیلییەکان لە ساڵی ١٩٦٧ لە شەڕی شەش ڕۆژەدا گەیشتبوونە ئەوێ لەبەرئەوەی نەیاندەتوانی جیاوازی لە نێوان ژاپۆنی و چینیدا بکەن، بۆیە ناوی "کێڵگەی چینیان" بەسەر کۆمەڵگە کشتوکاڵییەکەدا

بڕیبوو.

كێڵگەی چینی كەوتبووە باكوری دەریاچەی بیتەری گەورە كە لە هەردوو ڕێگەی سپایدەر و ڕاتڵی دەچووە نۆكەندەكە و چارڕیانە بەناوبانگەكەی نێوان ڕاتڵ و لیكزیكۆنی ناوی نهێنی ڕێگە نزیكەكە بوو. ئیسرائیل پلانی داگیركردنی كێڵگەكەی هەبوو بۆئەوەی ئەو كۆریدەرەی بۆ كەناڵەكە دەچوو بە ئازادی بمێنێتەوە، چونكە سەركەوتنی پەڕینەوەكەی مسۆگەر دەكرد(بڕوانە پاژی پازدەم). لە زۆر ڕووەوە داگیركردنی كێڵگەی چینی بۆ مانەوەی پردە سەرئاوەكە گرنگبوو.

ئەریك شارۆن كە بە ئەركی داگیركردنی كێڵگەی چینی و پەڕینەوە لە نۆكەندەكە ڕاسپێردرابوو، لە سەروپاژی ئەركەكەدا گوتی: "ئێمە پێشبینی هیچ سەرپرایزێك ناكەین، هیچ گیانلەبەرێك لە كێڵگەی چینیدا بوونی نییە. هێزەكەمان بێ تەقە دەجوڵێنەوە، بێئەوەی "شتێك" بكەین دەچینە ناوچەكە. تەواوی ئەو ناوە چۆڵە، بەڵام لە ڕاستیدا تەواو پێچەوانە كەوتەوە. پێشبینی ئیسرائیلییەكان لەو سەرپرایزە گەورەتر بوو لەوەی مەزەندەیان دەكرد.

شەوی ١٥ی ئۆكتۆبەر، لیوای ١٤ی زرێپۆش بە سەركردایەتی كۆڵۆنێل ئامنون ڕیشێف بە ئامانجی داگیركردنی كەناری ڕۆژهەڵاتی نۆكەند و باكوری هەردوو ڕێگەكە و پاراستنی پەڕینەوەی پەڕەشوتوانان بەرەو نۆكەندی سوێس جوڵەی كرد.  ئامنون ڕیشێف، كوڕێكی كەڵەگەتی لاوازی تێكسمڕاوی سمێل بابڕ بوو؛ هەمیشە سەرپشتی تانك شوێنی سرووشتی خۆی بوو، ئەو ئەفسەرە حەیفاییە، لە شەڕی شەش ڕۆژەدا لە سینا  و بەرزاییەكانی جۆلان كەرخی خۆی دەرخستبوو. لیواكەی، تاكە لیوای تانكبوو كە لە یەكەم ڕۆژی شەڕی كیپووردا، كاتێك لەشكری مسر پەلاماری ئیسرائیلیدا، بەرانگژیان بۆوە، بەڵام خراپ تێكشكا. دوای یەكەم ڕۆژی شەڕ ڕیشێف لە كۆی ٥٦ تانك تەنیا ١٤ تانكی مایەوە و لە سەدا ٩٠ی سەربازەكانیشی كوژران.

ڕیشێف زوو هاتەوە سەرخۆ و هێزێکی تازەی وەبەر خۆیدا و لیواکەی ڕێکخستەوە، ڕۆژانی پێشتر لە دژی زرێپۆشی مسری شەڕی کردبوو، ئەو شەوەش بە هیوای سەراسیمەی دوژمن بە تانک، نیوتۆنەکان، هێزەکانی زرێپۆش و پیادە پێشڕەویان کرد بێئەوەی بزانێ مسرییەکان چیان بۆ شاردووەتەوە، بەڵام لێیتونانت کۆڵۆنێل ئامرام میتزنای فەرماندەی بەتالیۆنی ٧٩ ترسێکی خراپی هەبوو، بۆیە بەر لە شەڕەکە نامەیەکی ماڵئاوایی بۆ هاوژینەکەی نووسی و دایە شوفێری جێبەکەی.

کاتژمێر نۆ و چارەکی ئەو ئێوارەیە، بەتالیۆنی سەرەنێزەی میتزنای گەیشتە ناوچەکە کە پێویستبوو ڕێگەی پەڕینەوەی سوێس دابین بکات، بەڵام بە خێرایی لەگەڵ تانک و زرێپۆشە سەرباز و تۆپ هەڵگرەکانی مسری بەرانگژی یەکدی بوونەوە و هەندێجار تەنیا چەند پێیەک لێک دوور بوون، دواتر میتزنا لە یادەوەریدا نووسیبووی، "یەکەم دژە هێرش لەسەر ڕێگەی ڕاتڵ بوو، لەنکاو لە هەموو لایەکەوە درانە بەر هێلفایەران. لە تەواوی تۆڕی پەیوەندی کردندا هیسترایەک هەبوو، فەرمانی لیوا بەمشێوەیە بوو: دەبێت تەقە لە هەر شتێک بکرێت کە دەجوڵێتەوە، تانک، تانکی تێکدەشکاند، بەتالیۆنی تانکی ١٨٤ تەقەی لە بەتالیۆنی ٧٩ دەکرد..."

بەتالیۆنی ئیسرائیل بە خوێنی خۆی ژمارەیەکی زۆری لە ئامانجەکانی مسری خاپوور کرد، بەڵام ئەو مووشەکەی بەر تانکەکەی میتزنا کەوت، ئەفسەرێک و تۆپهاوێژێکی ئۆپەراسیۆنەکەی کوشت، بەڵام میتزنا خۆی لە ئۆتۆمبیلەکە هەڵدا و بە خراپی بریندار بوو. بەتالیۆنی ١٨٤ کە لە پشت میتزنا بوو، کەوتە بەر لێزمەی تەقەیەکی قورس و زیانێکی گەورەی پێکەوت، بە زەحمەت نیوەی تانکەکانی توانیان لە چارڕیانی لێکزیکۆن-ڕاتڵ بپەڕنەوە. جەنگەکە گەیشتە دەوروبەری کێڵگەی چینی کە مسرییەکان تێیدا بە سەرباز و تانک و هەموو جۆرە چەکێک بە مووشەکی ساگەرەوە سەنگەریان گرتبوو کە

تازە لە یەكێتی سۆڤیەت بە دەستیان گەیشتبوو. ساگەر مووشەكێكی خود ڕێنوێنییە، لە جانتایەكی بچووك بە سەربازێك هەڵدەگیرێت. دواتر ئیسرائیلییەكان هەڵگری جانتاكەیان بە "گەشتیار" ناوزەد كرد، بەڵام گەشتیاری كوشندە بوون. هەر كاتێك تانكێكی ئیسرائیل دەركەوتبا گەشتیار جانتاكەی دەكردەوە و بە ڕیمۆت كۆنترۆڵ مووشەكەكەی هەڵیدەسوڕاند تا تانكەكەی دەتەقاندەوە. ئەو چەكە ژمارەیەك تانكی ئیسرائیلی تێكشكاند بێئەوەی بچێتە ناو تەواوی كێڵگەی چینی.

هەرزوو ناوچەكە زیاتر لە كێڵگەی كوشتن دەچوو. یەكێك لە ئەفسەرەكان دەڵێ: "هەستمان دەكرد بەر دیواری پۆڵاین دەكەوین، هەر كاتێك بە تانكەكانەوە بڕۆیشتباین، سەربازانی مسری لە خەندەقەكان قیت دەبوونەوە و ئێمەیان دەدایە بەر مووشەكان، ئێمەش بە ڕەشاش و تۆپی تانك وەڵاممان دەدانەوە. ئەوانمان لە پەلوپۆخست و بە كۆمەڵ لێمان كوشتن، هەمیشە لە شوێنەكانیان زیاتر دەردەكەوتن و دەیانكوتین، لە هەر وەجبەیەكدا ئێمە خەڵك و تانكی دیمان لە دەست دەدا."

ئامنون ڕیشێف لە تەك سەربازەكانیدا شەڕی دەكرد، بە پارچە و تۆپی دوژمن برینداربوو، لە شەڕێكی دەستەویەخەدا لەگەڵ مسرییەكاندا كەتیبەكەی لە پێنج تانكی دوژمن چواریانی تێكشكاند و پێنجەمەكە هەڵات. ڕیشێف ئەم ڕووداوەی لە بێتەلەكەیەوە ڕاگەیاند نەك بۆ خۆهەڵكێشان، بەڵكو بۆ دڵنیا كردنەوەی پیاوەكانی كە كۆڵۆنێلەكەیان لە تەكیاندا شەڕ دەكات.

لە ناوچەیەكی فرەواندا، تانكەكان دەسووتان و دەتەقینەوە. مەیدانی جەنگی بیابان هەرزوو بە سەدان ئۆتۆمبیلی سووتاو و پەككەوتوو داپۆشرا، بۆدی تانكی ئیسرائیلی و مسری لە پاڵ یەكدی كەوتبوون، كوژراو و بریندارەكان لەسەر لمەكە كەوتبوون، جلە سەربازییەكانیان دڕا بوون، دەمووچاویان بە سووتی تەقە ڕەش هەڵگەڕابوو، بۆیە جیاكردنەوەی

کوژراوەکانی مسـری لە کوژراوەکانی ئیسـرائیل مەحاڵ بوو. تۆپهاوێژێکی تانک ویستی بە شێوازێک برینداره ئیسرائیلییەکان بدۆزێتەوە و لە نێوان بریندارەکان بە عیبری لە بریندارەکانی دەپرسی: " ئایا تۆ جووی؟"لە ناوەڕاستی ئەو دۆزەخە کە بە تەقە و تەقینەوە و لاشەی مردووان دەوردرابوو، یەکێک لە بریندارەکان کە خوێنێکی زۆری لە دەستدابوو، بەڵام لە گاڵتەی خۆی نەکەوتبوو: یفتاح یاکۆڤ لە کیبووتزی مەنارە، برازای ئیسحاق ڕابین، قیژاندی: "بەڵی، بەڵام جووبوون لە خاکی ئیسرائیلدا کارێکی سەختە."

لەم قۆناغەدا، کۆلۆنێل ڕیشێف درکی بەوە کرد بەهۆی ئەو خۆڕاگرییە بە هێزەی مسرییەکان، ئەو قوربانییە زۆرەی لە ئیسرائیلییەکان کەوتبوّوه، پێویستە بە پەلە لیواکەی دووبارە ڕێکبخاتەوە کە لە کاتی شەڕکردندا پەرتەوازە ببوو، چونکە بەم بێسەروبەرییە بە ئامانجی بەتالیۆنەکەی نەدەگەیشت، لە بیرەوەرییەکانیدا دەڵێت: "لە دەوروبەرماندا، جبەخانەی چەک، سەدان لۆری و کەتیبەی تۆپ لە لایەن مسرییەکان جێهێڵدرابوون، دەتەقینەوە. سەربازە پیادەکانی مسر لە نێوان تانکەکان ڕایان دەکرد و بە بازووکە لێیانیان دەدان. هەر تاو نا تاوێک چوار پێنج تانکی مسری بە پانتایی نێوان شەشسەد پێنجسەد تەنیا بۆ جووت هەنگاوێک هێرشیان دەهێنا.

کاتژمێر ٤:٠٠ بەیانی ڕیشێف بۆ پاککردنەوەی چارڕیانەکە بە هێزێکی پەڕەشوتوانان و تانک هێرشێکی کرد، تەقەیەکی کوشندە بەرپابوو و سەربازەکان کەوتنە ناو تەقە. پەڕەشووتوانەکان هەوڵی دەربازبوونیاندا، بەڵام مسرییەکان سەریان لە دوویان ناو لە نزیکەوە تەقەیان لێ دەکردن. یەکێک لە یەکەکان لە هەوڵێکیدا بۆ کردنەوەی ڕێگەی ڕاتڵ لە ڕۆژئاواوە بۆ ڕۆژهەڵات، زۆربەی سەربازەکانی لە دەستدا کە ژمارەیان بیست و چوار کەس بوو. هەوڵی کردنەوەی ڕێگەی ڕاتڵ شکستی هێنا، بەڵام زۆربەی تانکە مسرییەکان تێکشکان کە بەشداری ئەو جەنگە بوون.

ئەو شەوە، کاتێک پەڕەشووتوانەکانی دانی مات لە نۆکەندەکە پەڕینەوە، شەڕی کێڵگەی چین گیانی ١٢١ جەنگاوەری ڕیشێفی کێشا؛ هەڵگرتنەوەی بریندارەکان لە ژێر لێزمەی تەقەدا تا کاتژمێرەکانی بەیانی درێژەی کێشا. لە کۆی نەوەد و حەوت تانکی ڕیشێف پەنجا و شەشیان تێکشکابوون. مسرییەکان لە داخستنی هەردوو ڕێگەی ڕاتڵ و سپایدەر سەرکەوتوو بوون. کێشەی گەورەی بەردەم هێزەکانی بەرگری ئیسرائیل کردنەوەی ڕێگە داخراوەکان و هێنانی پردەکانی پۆنتوون و ئاودیوکردنی سەربازانی ئیسرائیل بوو بۆ بەری دیکەی نۆکەندەکە. مۆشێ دایان، وەزیری بەرگری بە لە دەستدانەکان و هەوڵە شکستخواردووەکانی کردنەوەی ڕێگاکان بۆ نۆکەندەکە شۆکبوو، خوازیاری گەڕانەوەی پەڕەشووتوانەکانی مات بوو لە ترسی ئەوەی نەبادا لەسەر پردەکە کۆکوژ بکرێن، بەڵام بیرۆکەکەی لە لایەن سەرانی هێزی بەرگری ڕەت کرایەوە.

کردنەوەی ڕێگاکان، هێزی نوێی پێویستبوو، بۆ جێبەجێکردنی ئەم ئەرکە جەنگاوەرانی لیوای ٣٥ی زرێپۆش هەڵبژێردران و ئەرکەکەش بە بەتالیۆنی ٨٩٠ی پەڕەشوتوانان سپێردرا کە لە لایەن لێیتونانت کۆڵۆنێل ئیسحاق مۆردەخای سەرکردایەتی دەکرا.

لە ١٦ی ئۆکتۆبەر بەتالیۆنی ٨٩٠ لە پشت هێزەکانی مسر گەیشتبووە ئەبو ڕدیس لە باشووری ڕۆژئاوای سینا. لە پڕ مۆردەخای پەیوەندییەکی بە پەلەی لە ئوزی یایری، فەرماندەی لیوا پێگەیشت کە تایبەتبوو بە گۆڕینی ئەرکەکەوە: دابەزینەکە هەڵوەشایەوە، لەبڕی ئەوە دەبێت بەتالیۆنەکە بچێتە ناوچەی پەڕینەوە بۆ یارمەتیدانی ئەو یەکانەی لە نۆکەندەکە پەڕیونەتەوە، یایری گوتی: "ڕێگاکان داخراون یەک تانکیش ناتوانێت لە ڕێگەی سپایدەرەوە تێپەڕێت، بۆیە هێزی بەرگری چاوەڕێی کردنەوەی دەکەن."

مۆردەخای، کەسێکی زیخ و متمانە بەخۆ بوو، لە دایکبووی کوردستان بوو،

لە تەمەنـی پێـنج سـاڵیدا بـۆ ئیسـرائیل کـۆچی کردبـوو. دوای پێگەیشـتنی لە مۆشـاڤ پەیوەنـدی بە سـوپا کـرد و بەشـداری لە زۆر ئەرکـی پـڕ لە مەترسـی کۆماندۆ کردبوو، ئەو هەر بە زگماک جەنگاوەر بوو، زۆریش بە ژەنەڕاڵ ڕافـوڵ ئایتانی فەرماندەی پێشووی پەڕەشوتوانان سەرسامبوو، حەزی بەو ئەرکەی ئەبو ڕدیس نەبوو، بۆیە بە تەلەفۆنەکەی ئوزی گەشایەوە.

بە هەواڵەکە، سـەربازەکانی بەتـالیۆنی ٨٧٩یـش کەیفخـۆش بـوون و لە چـاوەڕوانی سـاتی بەشـداریکردن لە شـەڕ بـوون، دوای دە ڕۆژ لە ئامادەکارییەکان. چەند کاتژمێرێک دواتر بە فڕۆکەی هەرقل لە ئەبو ڕودیس بۆ ڕەفیدیم گوێزرانەوە کە بنکەیەکی گەورەی هێـزی ئاسـمانی ئیسـرائیل بـوو لە ڕۆژئاوای سینا؛ پاسەکان لە چاوەڕوانیاندا بوو بۆئەوەی بیانباتە کەمپی تاسا کە بارەگای هێڵـی پێشـەوەی شـارۆنی لێبـوو. ڕێگاکـان داخراوبـوون، بـۆیە دەبـوو بەتـالیۆنەکە هەر ئەو ئێـوارەیەی گەیشـتە کەمـپەکە ڕێگەکـان بکـاتەوە. بە درێژایی ئەو ماوەیە وەکو پێویست ئەرکەکە ڕوون نەبـوو، بەڵام بە مۆردەخـای گوترا "ڕێگاکانی ڕاتڵ و سپایدەر داخراون، هیچ ڕێگەیەک نیـیە بـۆ هێنـانەوەی بریندارەکان و ناردنی هێزی یارمەتیدەر، ئەرکی تۆ پاک کـردنەوەی ڕێگاکـانە لە مەفرەزەی دژە تانکی مسـرییەکان."

مۆردەخای وەڵامی دایەوە و گوتی: "ئەدی لەبارەی تۆپەکانەوە چی ؟"

یایری پێی گوت: "ئەوە کاتژمێرێک دەخایەنێت تـا ئەفسـەری هەمـاهەنگی تۆپخانە دەهێنرێت، ئێمەش کاتمان لەبەر دەستدا نییە."

هەر ئەمەش هۆکاربوو کە پەڕەشووتوانەکان بێ ئەفسەری هەماهەنگکـاری تۆپخـانە بچـنە شـەڕەکەوە، ئەوەش تەنیـا لە جەنگـدا ڕوون دەبێـتەوە کە ئامـادەنەبوونی ئەو چ وێرانکـارییەکی لـێ دەکەوێـتەوە. هەروەهـا فەرماندەکانیش هیچ زانیارییەکی نوێیان لەبارەی هێزەکانی مسـری لە کـێڵگەی

چینی لە هەواڵگرییەوە پێ نەگەیشتبوو کە شەوی پێشتر شەڕێکی خەستیان دژ بە هێزەکەی شارۆن کردبوو. ئەرکی پەڕەشووتوانەکان پاک کردنەوەی ڕێگاکان و ڕێگە گرتن بوو لە مسرییەکان نەبادا دزە بکەنە "کۆریدەرەکە" و دەست لە هێزەکانی ئیسرائیلی بوەشێنن، بەڵام لەسەر زەوی بارودۆخ شتێکی تەواو جودابوو.

بەتالیۆنی ٨٩٠ لە کەمپی تاساوە بە هەلیکۆپتەر بەرەو ڕێگەی سپایدەر گوێزرانەوە، لە کۆبوونەوەیەکی کورت لە خێمەکەی ژەنەڕاڵ ئەڤراهام ئادانا، هەر یەک لە یایری و مۆردەخای ڕێنماییان وەرگرت: سەربازانی بەتالیۆن دەستبەجێ بڵاو کران بۆئەوەی ڕێگاکان پاک بکەنەوە، داوای تانک و زرێپۆشی کەسی ڕەتکراوەیە، فەرماندەی فرقە بە باشی زانی هێرشێکی شەوانەی بێ ژاوەژاوی تانک بکرێت. بەهەرحاڵ: دەڵێت: "توانای تانکەکان لە شەودا سنووردارن". هەریەک لە داڤید ئیلازار، سەرۆکی ئەرکان و حایم بارلیڤ، فەرماندەی هێڵی پێشەوە گوشاریان خستە سەر یایری کە دەبێت هەر ئێستا بەتالیۆنەکەی دەست بەکار بێت و گوتیان: "ئەگەر بۆ بەیانی ڕێگاکان پاک نەکرێنەوە، مەترسی لەسەر ئەو هێزانە دروست دەبێت کە پێشتر لە نۆکەندەکە پەڕیونەتەوە. پێویستە ئێمە ئەوان بگێڕینەوە." مۆردەخای هەستی بە گەورەیی بەرپرسیارەتییەکەی سەر شانی کرد.

لە نیوەشەودا، بەتالیۆنی ٨٩٠ لە خاڵێک بە درێژایی ڕێگەی سپایدەر بە دوو ڕەتڵ بەرەو دووڕیانی ڕاتڵ جوڵایەوە. یەکەمجار پێشڕەوییەکە خێرا و سانا بوو، بەڵام هەرزوو سەربازەکان پاشماوە سووتا و تێکشکاوەکانی شەڕی شەوی پێشوویان بینی و بە تەنیشت نیوتۆنییەکی پڕ لە لاشەی کوژراوان ڕەتبوون، لەوبارەوە لێیتونانت کۆڵۆنێل ئامنون لیپکن شاهاک جێگری فەرماندەی لیوا دەگێڕێتەوە و دەڵێت: "لەوە دڵنیابووم کە ئەوە لاشەی سەربازانی مسرە، بەڵام کاتێک لێی نزیک کەوتمەوە، بۆم دەرکەوت ئەوانە هەموویان

پەڕەشووتوانانی ئیسـرائیلن کە بۆ من زۆر ناخ هەژێن بوو، بەڵام بـۆ یەکەمجـار لەوە گەیشتم ڕەنگە دۆخێک بێتە پێشەوە سـەربازانی ئیسـرائیل یەک لە دوای یەک بمرن و کەس نەبێت لاشەیان لابەرێت."

کاتژمێر ٢:٤٥ی بەیانی، یاکی لیڤی فەرماندەی کۆمپانیـای بـی کە لەبەرایـی بەتـالیۆنەکە جوڵابـوو، بە مۆردەخـای ڕاگەیانـد بەڕانگـژی دوژمـن بـووەتەوە و دەستڕێژیەکی قوڕس بە ناوەندی گرووپەکەی کەوتووە، فریاگوزارێک گێڕایەوە: "لە پـڕ هەمـووی لەگەڵ عەردی بـوونە یەک، چەنـد خولەکێـک دواتـر لیڤـیش کـوژرا. جـاکی حەکیمـی جێگـری شـوێنی گـرتەوە، پـاش چەنـد خـولەکێکی دی ئەویـش کـوژرا، دواتـر بێنزیـۆن ئـاتزمون کە جێگرێکـی دی بـوو فەرمانـدەیی بەتالیۆنەکەی لە ئەستۆ گرت."

پەڕەشووتوانەکان هەوڵیاندا سەرچاوەی تەقەکردنەکە بدۆزنەوە و بزانن کێ تەقەیان لیـدەکات، لێیتونانـت هێـزی دابـاش گێـڕایەوە: "وەسـتام و لە ڕێـگەی دووربینەکەمەوە هێزی مسـرییەکانم لە بەرامـبەر خۆمـدا بینـی، وام پێشـبینی کـرد ئەوانە چەنـد کەسـێکی ڕاوکەری تانـک بـن، بەڵام پێـدەچوو سـوپایەکی ڕێکخراو بن. فەرمانم بە پیاوەکانم کـرد تەقەیـان لـێ بـکەن و بیـانکوژن، بەڵام هیچ تەقەیەک نەکرا، جگە لە ئوزییەکەی خۆم نەبێت."

لەم قۆناغەدا، بۆ دەوردان و پەلامـاردانی ئەو مسـرییانەی هێرشـیان کـردە سەر پیاوەکانی لیڤی، مۆردەخـای پەلـی ئەهـارۆن مارجـاڵی نـارد، بەڵام هەرکە جـوڵانەوە تەقەیـان لێکـرا و مارجـاڵ بە سـەختی برینـداربوو؛ دواتـر بەهـۆی بـرینەکەیەوە مـرد. پاشـان بـۆ دەوردانـی مسـرییەکانی لای چەپ، پـۆلەکەی لێیتونانتی یەکەم، مناحم گوزلان نێـردرا. گـوزلان لەگەڵ هەشـت سـەربازی دی دەستیان بە ڕاکردن کرد، بەڵام دوای کەمتر لە دوو سەد پێ هەموویان کـوژران، ئاهو ناڵەی برینداران و داواکردنـی یـارمەتی و تەقەی زیاتریـان لێکـرا، هەردوو پەلەکە لە ناوچەی تەقە گیریان خوارد و بە تەڵەوەبوون، زەویـش لەبەر تۆپـان

دەکولا، لە هەموو لایەک دوکەڵ و تەقە بوو. بەمەش بۆ فەرماندەی بەتالیۆن ئاشکرابوو، جگە لە مەفرەزە نافەرمییەکان(ڕاوچی تانک)، بەڵکو هێزێکی تۆکمەی پاڵپشت بە تانک، مووشەکی دژە تانک، هاوەن و تۆپ لەوێ هەن.

مۆردەخای بۆ ڕزگارکردنی بریندارەکانی پەلی (بی)، پەلی (ئێچی) نارد. ئالی شۆرەک، فەرماندەی پەل بێتەلێکی وەرگرت و گوێی لێبوو کە فەرماندە کوژراوە...جێگری فەرماندە کوژراوە...جێگرێکی دیکەی فەرماندە کوژراوە...، هەر زوو خۆشی بریندار‌بوو، تەواوی شەوەکە سەربازەکان لە هەوڵی ڕزگارکردنی هەڤاڵەکانیاندا بوون و هەموویان لە سەر تەپۆڵکەیەک خڕکردنەوە، دواتر بە گردی برینداران ناوزەد کرا.

دەوروبەری کاتژمێر چوار، فەرماندەیی درکی بەوە کرد کە جەنگی کێڵگەی چینی زۆر بە خراپی دەڕوات، حاڵی بەتالیۆن کارەسات بوو، هەموو هەوڵێک بۆ دیاری کردنی شوێنی مسرییەکان و دەوردانی بە ئاژاوە کۆتاییهات و زیانی زیاتری لێکەوتەوە. بە لەبەرچاوگرتنی دۆخەکە، مۆردەخای فەرمانی پاشەکشەیدا. یەکێک لە جەنگاوەرەکان گێڕایەوە؛ "هەموومان قیت بووینەوە و شێتانە بەرەو نۆکەندەکە ڕامانکرد، گوللە بەسەرماندا فڕکەی بوو. لە نۆکەندەکە دیمەنێکی سامناکمان بینی- بەتالیۆنی تێکشکاوی پەڕەشوتوانان برینی خۆیان دەلێسیەوە، من شۆکبووم و گریام، وێستگەی فریاگوزاری مشتی بریندار بوو، بە مەبەستی هێناوە و هەڵگرتنەوەی برینداران مۆردەخای داوای یارمەتی تانک و زرێپۆشی کەسی کرد. دیاربوو هێرشەکەی سەر کێڵگەی چینی شکستی هێناوە. کاتێک جەنگ لەوپەڕی گەرمیدا بوو، گەمیەکان بەسەر ڕێگەی سپایدەر بەرەو نۆکەندەکە پێشڕەویان کردبوو، ئەوکاتەی مسرییەکان بە بەتالیۆنی پەڕەشوتوانانەوە سەرقاڵبوون.

ژمارەیەکی کەم لە نیوتۆنیەکانی(half-tracks) سەر بە یەکەی پەیدۆزی بامبا گەیشتن و کۆمەڵێک بریندار‌یان هەڵگرتەوە، بەڵام هەموو لە خۆرهەڵاتن

دەترسان، چونکە کاری هەڵگرتنەوەکەی قورستر دەکرد. کارمەنـدێکی دەسـتەی فریاگوزاری گێڕایەوە؛ "چوار جار ڕامکرد بریندارەکان هەڵگـرمەوە، بەڵام لە دوا جاردا سپێدە جێیهێشتین و مـن وشـک ببـوومەوە، هەرگیـز لە هـیچ شـوێنێکدا هێندەی ئەو شوێنە نەترساوم." کاتێک بریـندارەکانمان هەڵگـرتەوە، کارمەنـدی فریـاگوزارەکە قسـەی لەگەڵ فەرمانـدەی بەتـالیۆن کـرد، کاتێـک تەواو بـوو، هەستاوەتەوە و گولله تۆپێکی هاوەنی بەر کەوتـووە، لە سـاتێکدا لە هەڵگـری بریندار، خۆی بریندار‌بووە و چاوەڕێی ڕزگارکەری کردووە.

کاتژمێرێـک دواتـر بـۆ یارمەتیـدانی پەڕەشـووتوانان ژمـارەیەک تانـک بە فەرماندەیی یەهود باراک گەیشتن کە دوای بیستنی هەڵگیرسانی شـەڕ دەسـتی لە خوێندنەکەی لە ئەمەریکا هەڵگـرت و گەڕابـۆوە و یەکەی ١٠٠ی زرێپۆشـی دامەزراندبوو. باراک بە تانک و زرێپۆشی نەفەرهەڵگر گەیشت، بەڵام نەیتوانی بە شـــەو پێشـــڕەوی بکـــات، تەنـــانەت لەگەڵ کازیوەشـــدا نەیتـــوانی شـــوێنی پەڕەشـوتوانەکان دیـاری بکـات. مۆردەخـای بە بێـتەل بە بـاراکی ڕاگەیانـد بـۆ دیـاریکردنی شـوێنەکە ڕۆشـنە گـوللەیەک هەڵـدەدات، دواتـر پێویسـتە بە پەلەپـــروزێ بـــۆ شـــوێنە نـــوێیەکە بجـــوڵێتەوە، لەبەرئەوەی گشـــت تەقەی مسـرییەکان لەسەر بارەگای فەرماندەی بەتالیۆن چڕ دەبێـتەوە. بـاراک شـوێنی ڕۆشنە گوللەکەی دیاری کرد، بەڵام هەر بە ڕێگەوە تانکەکانی مووشـەک بـاران کران و هەندێکیان تێکشکاند، یەکەی ١٠٠ پاشەکشەی کـرد و لە دوای خۆیانـدا تانک و تاخمی تانکە سووتاوەکەیان جێهێشت.

بـارودۆخی نـاوچەکە بەرەو خراپتربـوو. مۆردەخـای فەرمـانی بە گشـت پیاوەکانی کـرد بچـنە نـاو چـاڵە ئاودێرییەکـانەوە. لە پـڕ دوو فـڕۆکەی مسـری هێرشیان هێنا، هەرزوو  یەکێکیان خستەخوارەوە، ئەوەی دیش لە بەرزاییـەوە بەرلەوەی باداتەوە خراخوارەوە.

کاتژمێر شەش، یایری فەرماندەی لیوا داوای مـۆڵەتی چـۆڵکردنی کـرد، بەڵام

ژەنەراڵ شاموئێل گۆنەن، فەرماندەی دەڤەری باشوور، داوکەی ڕەتکردەوە و گوتی؛ "بە هەر نرخێک بێت دەبێت شوێنی خۆمان پتەو بکەین؛ چونکە ئەگەری هێزی زیاتر و شوێنگرتنەوە نییە." گۆنەن پێیوابوو بوونی پەڕەشوتوانان لە ناوچەکە ڕێگە لە پێشڕەوی مسرییەکان بەرەو ڕێگەی سپایدەر دەگرێت، بەڵام تەنیا لە دوای هاتنە سەرهێڵی بارلیڤی فەرماندەی هێڵی پێشەوە مۆڵەتەکە درا و کاتژمێر ۱۱:۰۰ کردەی چۆڵکردنی پەڕەشووتوانان لە چاڵەکاندا دەستی پێکرد.

بۆ ماوەی حەڤدە کاتژمێر لە شەو تا نیوەڕۆ بەتالیۆنی ۸۹۰ی پەڕەشوتوانان بەرامبەر فرقەی ١٦ و یەکەکانی لەشکری دووەمی مسری جەنگا کە بە تانک، چەکی دژە تانک و تۆپ پڕچەکبوون. لەم جەنگەدا بەتالیۆنەکە چل سەربازی لە دەستدا لەگەڵ ۱۲۰ بریندار.

دوای شەڕە تانکی زیاتر کە تەواوی ڕۆژەکە درێژەی کێشا، مسرییەکان زیانێکی گەورەیان لێکەوت، کاتێک تێگەیشتن ناتوانن بەردەوامی بە شەڕ بدەن. هەر سەر لە ئێوارەوە فەرماندەیی مسر فەرمانی چۆڵکردنی کێڵگەی چینی بە هێزەکانیدا، کردەی چۆڵکردنەکە لە تاریکی شەو ئەنجامدرا، بەمەش ڕێگەکانی ڕاتڵ و سپایدەر بە تەواوی کرانەوە.

ئەو باجە قورسەی بۆ کردنەوەی ڕێگەکان درا ١٦١ کوژراو و سەدان برینداربوو، بەڵام ڕێگەکان کرانەوە و پەڕینەوەکە پارسەنگی شەڕی ڕۆژی کیپووری گۆڕی.

### ئیسحاق مۆردەخای، مەدالیای ئازایەتی پێ بەخشرا

"یەکێک لە ساتە هەرە سەختەکانی پێیدا تێپەڕیم، ئەوەبوو کە لەگەڵ سپێدە ڕووبەڕووی زنجیرەیەک شکاندنی بەتالیۆنەکە بوومەوە. لە کاتی

شەڕەکانی شەودا بۆ شوێنگرتنەوەی ئەفسەرە کوژراوەکان و بۆ ڕزگارکردنی جەنگاوەرانی ناو تانکە گڕگرتووەکان و بەردەوامیدان بە پتەوکردنی سەنگەرەکان فەرماندەی نوێم ڕەوان کرد، بەهاکان لەسەر تەپۆڵکە سەرئاوەڵەکان جێی باس نەبوون.

ساتێکی دیکەی سەخت ئەوکاتە بوو کە بارەگەکەم هاوەن و تۆپباران کرا و بەو سەربازەی لە لای چەپم وەستابوو گوت: ئێوە بۆ تەقە ناکەن؟ دواتر کە سەرم بەرزکردەوە و بینیم گوللەیەک بە سەری کەوتووە و تەواوبووە.

ئەو حەڤدە کاژێرە، سەخترین و ئاڵۆزترین کاژێرەکانی شەڕ بوو کە ڕووبەڕووی بەتالیۆنی پەڕەشوتوانان بێتەوە. پێویستبوو ئێمە بۆ ڕزگارکردنی برینداەکان و سەقامگیری هێڵی جەنگمان و ڕێگە گرتن لە گەیشتنی دوژمن بە ڕێگاکان و داخستنیان لێمان بەرامبەر هێزێکی گەورە و شەڕێکی کوشندەی دوژمن بوەستین."

لە باکور، سورییەکان بۆ بەرزاییەکانی جولان پێشڕەوییان کردبوو و چەند ئیسرائیلییەک لە هەوڵی وەستاندن و ڕزگارکردنی باکوری ئیسرائیلیدابوون.

## پاژی حەڤدەم
## دەریاچەی تەبەریاس دەبینم! ١٩٧٣

لە کۆبوونەوەی ئەرکانی گشتیدا کە لە کاتژمێر ٤:٤٥ی بەیانی سێیەم ڕۆژی شەڕی ڕۆژی کیپوور ئەنجامدرا، مۆشی دایان، وەزیری بەرگری فەرمانێکی چاوەڕوان نەکراوی دەرکرد: "نابێت لە بەرزاییەکانی جۆلان، تەنانەت بۆ یەک سانتیمەتریش پاشەکشە بکرێت. تەنانەت ئەگەر تەواوی هێزی زرێپۆشیش تیابچێت، دەبێت لە باکور بە ئەنجامێکی یەکلاکەرەوە بگەین. بەرزاییەکانی جۆلان نیشتیمانی ئێمەیە، ئەگەر لەوێ بشکێین و بڕووخێین، سورییەکان دەگەنە گەلی ئوردن. پێویستە هەموو کارێک بە بۆردومان کردنی دیمەشقیشەوە لەبەرچاو بگرین."

لە سێپتەمبەری ١٩٧٣ سورییەکان دەستیان بە پەلکێشکردن و کۆکردنەوەی هێزەکانیان لە بەرزاییەکانی جۆلان کرد. لەگەڵ دەستپێکی شەڕ لە مانگی سێپتەمبەر ژمارەی تانکەکانیان لە ٥٥٠ەوە گەیشتە ٩٠٠ تانک، سەرەڕای ١٤٠ تۆپخانە کە تەنیا دوو میل لە سنوور دوور بوون.

ئەمە پێشنیادێکی لێڵ بـوون، هەرچەنـدە ئاشـکرابوو کە سـوورییەکان پلانـی هێرشێکی فراوانیان بە دەستەوە بوو، بەڵام قەبارەی هێرشەکە دیارنەبوو. دواتر لە ڕێـگەی ئەو بەڵگەنامـانەی سـوریا لە پـاش شـەڕ بڵاوکـرانەوە، دەرکەوت سەرۆک ئەرکانی سوپای سوریا پلانـی داگیرکردنـی جـۆلانی لە مـاوەی بیسـت و چوار کاتژمێردا هەبووە. دەکـرێ ئێسـتا بگـوترێ ئەوان لەو ئامـانجە زۆر نزیـک بوونەوە، بەڵام لە شەڕێکی خوێناویدا وەستێندران.

لە ٦ی ئۆکتۆبەر، ژەنەڕاڵ ئیسحاق هۆفی(هاکا) فەرمانـدەی دەڤەری بـاکور بانگهێشـتی سـەرجەم ئەفسـەرە باڵاکـانی کـرد و ڕایگەیانـد ئەم ئێـوارە شـەڕ دەقەومێـت. پێشـتر لیـوای ٧ی زرێپـۆس وەک هێـزی یەدەگ بـڵاوەی کردبـوو، هـۆفی فەرمـانی بە چـۆڵکردنی ئاواییەکـانی ئیسـرائیلی کـرد، بەڵام زۆریـنەی ئاکنجیبووانی مۆشاڤ ڕامات ماگشیم ڕەتیان کردەوە تا پاشنیوەڕۆ چۆڵی بکەن. هۆفی پلانی بەرگری کردن لە جۆلانی خستە بەردەم ژەنەڕاڵ ڕافائیـل ئایتـان کە تازە فەرماندەی فرقەی لە باکور پێدرابوو. پێشـبینی ئەوە دەکـرا سـوورییەکان بە هێزێکی قەبەوە لە باکور سنوور ببەزێنن و لە قونەیتەرەوە بـێن کە ئیسـرائیل لە شەڕی شەش ڕۆژەدا داگیری کردبـوو. شـارەزایانی هێـزی بەرگـری ئیسـرائیل گوتیـان: سـوورییەکان لەو ڕێـگەوە دێـن، لەبەرئەوەی بە لای سـوورییەکانەوە قـونەیتەرە هـێما و ئامـانجی ڕزگـارکردنە. هەروەهـا لەو ڕێیەشـەوە دێـن کە دەچێتە پردە ستراتیژەکەی کچانی یاقوب لەسەر ڕووباری ئوردن. ڕەنـگە هێـزی دووەمیش بە ڕێگەی ڕافد گاپ لە باشورەوە بێتە ژوورەوە.

لەگەڵ ڕوودانی شەڕ، لیوای ٧ی زرێپـۆس بە فەرمانـدەی یـانوش بێنگـال بە پەلە بۆ بەرەی باکوری جۆلان گـوێزرایەوە و لیـوای ١٨٨ی ئیسـحاق بێنشـۆهام (برووسک) باراک نـاردرایە باشـور. لیـوای ٥١ی سـوریا لە سـنوور پەڕیەوە و لە سێ قۆڵەوە پێشڕەوی کرد و لە حەشـانیە تێپەڕی کە کەوتبـووە پشـت جـۆلان، بەرەو کەمپـی نـافخ و ڕێـگەی نەوت پێشـڕەوی کـرد. ئیسـحاق بێنشـۆهام لە

خوارووی حەشانییە سەنگەری گرتبوو و تانکەکانی بە درێژایی بەرەی شەڕ دامەزراندبوو. کاتژمێر ٩:٣٠ی شەو ئوری سیمچۆنی ئەفسەری بەشی ئۆپەراسیۆنی فەرماندەی باکور بە بێتەل پەیوەندی بە کۆلۆنێل بێنشۆهام کرد، "ئەفسەری ئۆپەراسیۆن قسە دەکات. سورییەکان وا بڵاو دەکەنەوە کە لە پشت ئێوەن و حەشانیە لە بن دەستیان بێت و بە کردەنی لە دووڕیانەکەی دوای حەشانیە بن."

بێنشۆهام بە نەرێنی وەڵامی دایەوە، ئەوان خواستی چوونە ئەوێندەریان هەبوو، بەڵام لە دووڕیانەکەدا لێیان تێکچووە... ئێستا وا تەقەیان لێدەکەم و لە باکورەوە سەرقاڵیان دەکەم.

چەند کاتژمێرێک دواتر لە شەڕی نافاخدا بێنشۆهام لەگەڵ جێگرەکەی کوژران، تاڕادەیەک لیوای باراک لە پەلوپۆ کەوتبوو. بە پێچەوانەی هەڵسەنگاندنەکانی هێزی بەرگری ئیسرائیل، بە کردەنی سورییەکان بڕیاریاندا بوو لە بەرەی فرەوان و تەختی باشوری جۆلانەوە هێرش بکەن. درکیان کردبوو ڕەنگە لەوێوە بکارن بە تانک هێرش بکەنە سەر بەرەی گەورە، بە پێچەوانەی ناوچە چیاکانی باکورەوە کە هێرشبەر ناچار دەبێت بە تاکە ڕەتڵێک پێشڕەوی بکات، ئەمەش لە بەرژەوەندی هێزی بەرگریکار دەبێت. لە ڕاستیدا لیوای باراک باجێکی قورسی ئەو هەڵسەنگاندنە هەڵەیەیدا.

بێنگال کە ڕزگاربوویەکی هۆلۆکۆست بوو، دواتر ئەو کارەساتەی شیکردەوە کە بەسەر لیوای باراکدا هات: "لە بارودۆخی بەرگرییەکی ڕۆتینیدا، بڵاوکردنەوەی هێزەکەت کارێکی باشە، بەڵام لە بارودۆخی شەڕدا، ئەو لۆژیکە کارەساتە. ئەوان تانکەکانیان بڵاوکردبۆوە، بەمەش تانکەکانیان کردبووە خۆراکی تۆپەکان."

لیوای باراک شەڕی مان و نەمانی کرد بۆ وەستاندنی لیوا سوورییەکانی

سـنووریان بەزانـدبوو، کەنـاڵی دژە تانکیـان دامەزرانـدبوو، مینیـان چانـدبوو، هەروەهـا لە تاریکیشـدا بە خێرایـی بەرەو جـۆلان دەجـولان، بەڵام لە کەمپـی نافاخ وەستێندران کە بارەگای سەرەکی ئایتانی لێبوو، دواتر هێزەکەی بەناچاری لەوێ پاشەکشەی کرد، هەروەها ڕزگاربووەکـانی لیـوای بـاراکیش پاشەکشـەیان کرد.

بارودۆخەکە مایەی نا ئومێدی بوو. لە ٧ی ئۆکتۆبەر بێتەلی ئیسـرائیل گوێی لە هاواری فەرماندەی لیـوای سـوریا بـوو کە قیژانـدبووی "دەریـاچەی تەبەریـا دەبینم" بە کردەنی لیواکەی کەمـتر لە دە کیلـۆمەتر لە دەریـاچەی جەلیلـی(بە عیبری کینەرێت)ەوە دووربوو.

دەبوو بە هەموو شێوەیەک بـۆ ڕێگەگـرتن لە هێرشـی خوێنـاوی سـوریا بـۆ سەر جەلیل و گەلی ئوردن شەڕ بکرێت. لە دووەم ڕۆژی شەڕدا، ئۆگدا موسا لە فـرقەی سـەربازانی یەدەگ بە سـەرکردایەتی ژەنەڕاڵ مۆشـی پیلید(موسـا) بـۆ جـۆلان نـاردرا. نوانـدنی ئەو جووتیـارە توونـدەی مۆشـاڤ نەهـال لە جەنگـی جۆلاندا زۆر بە قوڵی کاریگەری لە پسپۆرانی مۆزەخانەی زرێپۆشی ئەمەریکا لە فۆرت نۆکس، کینتاکی کرد کە لەپاڵ کەسایەتییە ئەفسـانەییەکانی وەک ژەنەڕاڵ جۆرج پاتۆن و فیلْد مارشاڵ ئیرون ڕومێل نازناوی "یەکێک لە پێنج فەرمانـدەی مێژوویی زرێپۆش" بە پیلید ببەخشن.

فەرمانـــــدەکانی هێڵـــــی پێشـــــەوە لەبەردەم ڕێگەچـــــارەیەکی چارەنووسسازدابوون: ئایا بۆ ڕێگەگرتن لە پەڕینەوەی سوورییەکان لە ڕووباری ئـوردن فـرقە بڵاوبـکەنەوە یـان دژە هێـرش بـکەن؟ دواجـار بە گوشـاری پیلیـد بڕیاردرا فرقەکە بە ئاراستەی ڕافید گاپ هێـرش بکـات، سـەرەڕای ئەو قـازانجە گەورەیەی تانکەکانی سوریا ئەنجامیاندابوو.

ژەنەڕاڵ هۆفی ئەوە شیدەکاتەوە؛ " ئێمە هیرش کردنمـان هەڵبـژارد، وێـڕای

ئەوەی تـۆ لە هێـرش کـردن تووشــی ڕیسـکی زیـاتر دەبیـت وەک ئەوەی لە بەرگریدا بیت، هەرچەندە لە هێرش کردندا زۆرتر بە دەسـت دەهێنـی... تـا لە بەرگریدا، چونکە دەشێ زیانی زۆر لە دوژمن بدەیت و دایڕمێنی، بەڵام ناتوانی بڕیار لە ئەنجامی جەنـگەکە بـدەیت... ئەگەر ئـێمە هێرشـەکەمان بـۆ قۆنـاغی دواتـردا جێهێشـتبا، ناچـار دەبـووین هێـرش بکەیـن کاتێـک بەسـەر چیـایەکە سـەردەکەوتن، لەبەرئەوەی سـوورییەکان بە کردەنـی لە پێچەکـانی دەریـاچەی تەبەریـا بـوون... ئەگەر سـوورییەکان کەمەکـی دی پێشـڕەویان بکردبـا، گەلـی ئـوردن و تەبەریـا دەکەوتە ژێـر دەسـتیان و جەنـگەکە قورسـتر دەبـوو... لە هێرشدا خێرایی گرنگە، لەبەرئەوەی کاتی خۆ ڕێکخستنەوە جێناهێڵێت."

سـپێدەی ٨ی ئۆکتـۆبەر فـرقەکەی پیلیـد گەیشـتە نـاو جەنـگ و لەسـەر بەرپەرچدانەوەی سوورییەکان لە باشوری جۆلان مکوڕ و پێـداگیربوو. جەنگـی لەسەرەخۆ و سست و لە ناوچەیەکی تەسـکی ئاشـکرا بـوو، دەرفەتـی مـانۆڕ و گرتنەبەری کارەکان نەبوو. هەر بە ڕێگاوە فرقەکە ڕامات ماگشیمی ڕزگـار کـرد کە تاکە ئاوەدانی ئیسـرائیل بوو کەوتبووە ژێر دەستی سوورییەکان. لە کۆتـایی ڕۆژی یەکەمی شـەڕدا پیاوەکـانی پیلیـد توانیـان دڕ بە پێکهـاتەی سـوورییەکان بدەن و دە میل و نیو پاشەکشەیان پێ بکەن.

ڕۆژی دواتر لە سـێ قـۆڵەوە شـەڕی سـوورییەکانیان کـرد: لە ڕۆژئـاوا دژ بە هێـزە کشـاوەکە، لە ڕۆژهەڵات دژ بە هێـزی هێرشـبەر و لە بـاکورەوە دژ بەو هێزانەی لە ژێر هێرشدا بوون. فرقەکە لیوا زرێپۆشەکەی ڕاماڵی و ڕافیـد گـاپی داخست، دواجار دەستی بەسەر حەشاشیەدا گرت و هێزە کشاوەکەی سووریای لە گـــاپ دەرکـــرد. بـــۆ ڕۆژی دواتـــر ســـوورییەکان بە تەواوی لە دەڤەرەکە وەدەرنران، واتە بە کەمتر لە سێ ڕۆژ فـرقەکەی پیلیـد بەرپەرچـی پێـنج لیـوای سووریای دایەوە و پـایگەی باشـوری تـۆڕی بارەگـای زرێپۆشـی لەنـاوبرد کە لە لایەن سوورییەکانەوە لە خاکی ئیسـرائیل دروست کرابوو.

هێرشی پیلید لەگەڵ فرقەی یەدەگ هاوئاهەنگ بوو کە لە لایەن ژەنەڕاڵ دان لانەرەوە سەرکردایەتی دەکرا کە شەوی شەممە لە کاتژمێرەکانی ڕوودانی شەڕ گەیشتبووە جۆلان و ڕۆژی یەکشەممە هێرشەکەی کرد. لانەر ئەندامی کیبووتز و لە دایکبووی نەمسا، لە شەڕی دووەمی جیهاندا بە پەڕەشووت لە یۆگۆسلاڤیا دابەزی و لەگەڵ پارتیزانەکانی تیتۆ دژی نازیەکان جەنگابوو. بەهۆی زیرەکییەکەی لە خانەنشینی بانگ کرابوویەوە بۆئەوەی لە شەڕی بەرزاییەکانی جۆلان سەرکردایەتی فرقە بکات. پیاوەکانی یارمەتیاندا لە وەستاندنی پێشڕەوی سووریا و هێزی پەیدۆزی عێراقیەوە کە بە پەلە هاتبووە هاری هێزی سوریا. هاوکات فرقەکەی ئایتانیش سوورییەکانی لە دەڤەری قونەیتەرە وەستاندبوو.

لە ناوچەی باکوری جۆلان لیوای ٧ی زرێپۆش لە شەڕکردن بەردەوامبوو. ئەڤیکدۆر کاهەلانی کە بەهۆی ئەو قارەمانێتییەی لە شەڕی شەش ڕۆژەدا نواندبووی ناوبانگەکەی پێش ناوەکەی کەوتبوو، سەکردایەتی لیوای ٧٧ی بۆ قونەیتەرە و بووستەر ڕیچ کرد. هەروەها دوو یەکەی دیکە بۆ دەڤەرەکە نێردران کە دواتر بە گەلی فرمێسک ناوزەد کرا. لەگەڵ دەست پێکردنی شەڕ فڕۆکەکانی سوریا دەستیان بە بۆردومان کرد و هێزی ئاسمانی ئیسرائیل خوێنی لەبەرچوو؛ لە ماوەی چەند کاتژمێرێکدا چیای هەمرۆن کەوت و بووە خاڵێکی چاودێری نایاب بۆ تەقەکردن لە هێزەکانی ئیسرائیل. لە شەودا یەکەکانی دیکەش ناوچەی گەلی فرمێسکیان چۆڵ کرد. لە لای خۆیەوە کاهەلانی بۆی دەرکەوت تەقەکانی سوریا لە شەویشدا توانادارن و تانکی ڕووسی ئامادەکراو بە تیشکی ژێر سوور بەکار دەهێنن و دەکرێ تەقە لە ئیسرائیلی دوژمن بکەن.

کاهەلانی گێڕایەوە، "تاخمی تانکەکانم هاواریان لێکردم کە ناتوانن سوورییەکان بوەستێنن. تانکەکانی ئیسرائیل کە پێشتر بە پلە یەک دادەنران، لە

پــڕ بــێ توانــایی خۆیــان دەرخســت. لە نــاو هێزەکەمــدا تەنیــا فەرمانــدە و شوفێرەکان چاویلکەی دژی تیشکی ژێر سووریان هەبوو نەک تۆپهاوێژەکان کە ئەوانــیش پێویســتیان پێــی هەبــوو. لە خــۆم پرســی، چــۆن ئــێمە دەتــوانین سوورییەکان بوەستێنین؟ من فەرمانـدەی بەتـالیۆنم، هەمـوو کەس ڕوو لە مـن دەکات و هەستم کرد پێشبینییەکان بە دی ناهێنم. من بەرپرسی دەڤەرەکەم و هەموویان بە جێبەجێ نەکردنی ئەرکەکە تاوانبارم دەکەن."

کاهلانی فەرمانی هەڵدانی ڕۆشـنە گـوللەی کـرد، دوای ئەوەی سـێ ڕۆشـنە گولله هەڵدرانە ئاسمان بۆی ئاشکرابوو کە ئەوە دوا گوللەیان بوو. سەربازەکانی ناو تانکەکان دوودڵ و شڵەژاو بوون و نەیاندەتوانی ئامانجی تۆپەکانیان ببیـنن یـان چـۆن پێشـڕەوی بـکەن. لەوکـاتەدا هێـزی ئاسـمانی سـوریا لە ئاسـمانەوە فلاشیان لێدا، بێگومان لە جۆری ئەو ڕوناکییە نەبوو کە کاهلانی بە دوایدا وێـڵ بوو.

فەرمـانی بە سـەربازەکانی کـرد "تیشـکە بنەوەشـەییەکان بکـوژێننەوە و دەتوانن کەمێک سەرتان لە قوللەی تانکەکـان بهێنـنە دەرەوە و بەرەو پێشـەوە بڕۆن" لە دەوروبەریاندا تانکی پەککەوتوو و گڕگرتوو هەبوو، بەڵام دیار نەبـوو کە ئایا تانکی ئیسـرائیلین یـان دوژمـنە. کـاهلانی ڕێنـوێنی پێـدان، "بوەسـتن و مەکینەکان بێدەنگ بـکەن، گـوێ بـۆ دەنگـی زنجیـری تانکەکانیـان هەڵـخەن و دەتوانن جێیان دەستنیشان بکەن".

سەربازەکان مەکینەکانیان کوژاندەوە، گوێیان بۆ دەنگی تانکەکـانی دوژمـن ڕاگرت و تەقەیـان کـرد. مووشـەک بە تـاریکییەوە نـرا، بەڵام ئەنجـامی هەبـوو، چونکە سوورییەکان وەستان. لە تاریکیدا سەختە تانکی دوژمن دیاری بکەیـت، نەخاسمە چەند مەترێک لە ئەولاتری هێزەکانی ئیسـرائیل بوون. تانکێک تەنیـا شەست و پێنج مەتر دوور لە کەهلانییەوە وەستابوو لوولەکەی ڕووی لە سوریا بوو، دەرکەوت تانکی تی٥٥ی سووری بوو و تەنیا لە دوا خولەکدا تەقەیـان لەو

و لە تانکێکی دیکەی سووری کرد کە لە پاڵی بوو. سوورییەکان هێندە نزیک ببوونەوە و بەشێوەیەک لەگەڵ ئیسرائیلییەکان تێکگیرابوون، هێزەکان بە جارێک تێکەڵاوی یەکدی ببوون.

لە بەرەبەیاندا، پیاوەکانی کاهەلانی بە دووری یەک میل لە سەنگەرەکانی ئیسرائیل١٣٠ تانکی سووریيان بینی. سوورییەکان دەستیان بە پێشڕەوی کردبوو، دوو سێ تۆپیان دەهاوێشت و بەرەوپێش دەجوڵانەوە. کاهەلانی فەرمانی بەو چواردە تانکە کرد کە مابوونەوە سەرکەونە سەنگەرەکانیان. لە جەنگی دواتردا زۆربەی ئەو ئەفسەرانەی لە قوللەی تانکەکانیان وەستابوون و دەرکەوتبوون کوژران. لە کۆتایی جەنگی ڕۆژی یەکشەممەدا تەنیا حەوت تانک مابوونەوە.

ڕۆژی دواتر، کاهەلانی فەرمانی ڕۆیشتن بۆ گەلی فرمێسکیدا. لە بێتەلەوە ڕافوڵ ئایتان پەیوەندی پێوە کرد و گوتی: من متمانەم بە تۆ هەیە، بە شێنەیی و هێمنی جەنگ بکە، دڵ لە دڵ مەدە، لێیان دەبەینەوە."

لە ٩ی ئۆکتۆبەر دوو لە سێی جۆلان لە بن دەستی سوورییەکان بوو. بێنگال، فەرماندەی لیوا مۆڵەتی کشانەوەی بەو پەلەدا کە لە گەلی فرمێسک شەڕی سوورییەکانی دەکرد. لە قونەیتەرەوە بانگی کاهلانی کرا؛ لە کاتی کشانەوەدا فڕۆکەکانی سوریا بە دوای دۆزینەوەی تانکەکان لەسەریان دەخولانەوە تا بیانکەنە نێچیری خۆیان. هەزار تۆپیان لەو ناوچەیەدا، زەوی دەهەژا. هەشت هەلیکۆپتەری سووری کە کۆماندۆی هەڵگرتبوو لە پشتیانەوە دابەزی لە نزیک ئەو ڕێگەی بۆ کیبووتز گۆنەن دەچوو کە وەک خاڵی یارمەتیدان و شوێنی هەڵگرتنی کوژراو و برینددارەکان بوو. کاهەلانی و پیاوەکانی هەستیان کرد کەوتوونەتە ناو تەڵە و بە داوێ وەبوونە.

لەم قۆناغەدا، بێنگال بڕیارێکی نوێیدا : ڕێنمایی بە کاهەلانیدا بگەڕێتەوە

گەلی فرمێسک و هەوڵ وەستاندنی سوورییەکان بدات. کاهەلانی بە تەنێ بۆی دەرچـوو، حەوت تـانکە مایەوەکەشـی لە پشـتەوە جێهێشـت تـا ئامـادەی پەیوەندیکردن پێوەی بن. کاتێک گەیشتە شوێنەکە، وێنەیەکی شڵەژاوی بینـی: تانکەکانی ئیسـرائیل لە پێچەکاندا دەکشێنەوە، بۆیە لە تورەییـدا ئـاگری گـرت، هەوڵیدا لە تۆڕی پەیوەندی لیواوە ئەوە بگەیەنێت، بەڵام ئەو نقـومی هـاواری فریامان کەون و بـگەنە هانامـان. دۆخەکە زۆر تەنـگ و تـاریکبوو، تەنیـا سـێ تانـک تۆپیـان دەهاوێشـت، لە کاتێکـدا سـوورییەکان ژمـارەیەکی زۆر تانکیـان هەبوو. خولەک بە خولەک هێڵی بەرگری ئیسـرائیل لە کـورتی دەدا. کـاهەلانی درکی بەوە کرد ئەگەر سوورییەکان لە هێڵی سەنگەری هێزی بەرگری ئیسـرائیل بپەڕنەوە، خاڵە ستراتیژەکەی ئیسـرائیل لە دەسـت دەچێـت، لە خـاکی تەختـدا ئەو ژمـارە تـانکەی سـوورییەکان دەبێـتە خـاڵی یەکـلاکەرەوە. بـۆیە بڕیـاری چوونەپێشـەوەیدا، کاتێـک بەرەپێشـچوو، بە ڕووبەڕووبـوونەوەی تانکەکـانی سوریا لە دووری سەد تا سێسەد پێ لە لای دەستە ڕاستیدا سەرسامبوو، بەخت یـاوەریبوو کە بەهـۆی تـۆز لەبەر چـاوی تانکەکـانی سـووری دیـار نەبـوو و سەربازانی سووریاش نەیاندەتوانی بزانن ئەوە کێیە.

کـاهەلان تـانکەکەی ڕاگـرت و هـاواری لە تۆپهـاوێژەکە کـرد، "بە پەلە بیتەقێنە" تۆپەکە بەر ناوەندی تانکێکی سووری کەوت و گڕی تێبەردا، بە حاڵ هەناسەیەکی ئاسودەییان هەڵکێشا، کاتێک سێ تانکی دی سـووری دەرکەوتـن، تۆپهاوێژەکە تەقەی لێکردن و ئاگری لە یەکێکی دیکە بەردا، لە کاتێک کاهەلان ئامـاژەی بـۆ تـانکی دووەم کـرد و هـاواری لە تۆپهـاوێژەکە کـرد "بیهـاوێژە، بیهاوێژە" بەڵام هـیچ تۆپێـک نەتەقێنـدرا و لـوولەکەی قەپـات بـوو. لەم سـاتە ناسکەدا دوو لە تاخمی تـانکەکە بە جۆشـەوە بـۆ دەرهێنـانی قەوانە بەتـاڵەکە دەست بەکاربوون و بەکردەنی بە نینۆکان دەریانهێنـا. لە دوا چـرکەدا قەوانەکە دەرهێنرا؛ تـۆپێکی دیـکە ڕۆیشـت و ڕاسـتەوخۆ بەر پێشـەوەی تـانکی سـووری

کەوت و سێیەم تانکیش تێکشکێندرا.

لە بێتەلەوە کاهەلان بە بێنگالی فەرمانـدەی لیـوای گـوت: "ئـێمە دەبێـت ئەوپەڕی هەوڵـی خۆمـان بـدەین تـا دەکرێـت تانکەکـان پەلکێشـی نـاوچەکە بکەین." ئەویش لە وەڵامدا گوتی: "هەر ئێستا دەست بەکار بن، تۆ فەرماندەی ناوچەکەیی و گشت هێزەکان بە تۆڕی بێتەلـی ئێـوە دەبەسـتمەوە، ئەڤیکـدۆر ئاگات لە خۆت بێت!"

ئەوە ساتی یەکـلاکەرەوەی جەنگـی جـۆلان بـوو. پرسـیارەکە ئەوەبـوو کـێ دەتوانێت یەکەمجار لەسەر گردەکان سەنگەر بگرێت کە نـزیکەی شـەش سـەد پێیەک دوور بوون. سەد و پەنجا تانکی سووری چـوونە نـاو گەلـیەکە کە تەنیـا کاهەلانی ڕووبەڕوویان مابووەوە و توانی لە نزیک گەلیەکە دە تانک تێکوپێک بشکێنێ لە کاتێکدا داوای یارمەتی لە لیوا کرد.

وێنەکەی بەردەمی سامناک بوو، جارێکی دیـکە لە بێـتەلەوە پەیوەنـدی بە بێنگـال کـرد و داوای لێکـرد هەر چ تـانکێکی بەردەسـت هەیە بـۆ وەسـتاندنی سوورییەکان ڕەوانەی ناوچەکە بکات. فەرماندەی لیوا ئەو بەتـالیۆنەی نـارد کە چەند میلێک لە واوەی باکور شەڕی دەکـرد، بەتـالیۆنەکە تەنیـا هەشـت تـانکی مابووەوە و بە پەلە بەرەو کاهەلانی ڕۆیشـت و لەپشـتیەوە وەسـتا، کـاهەلانی فەرمـانی پێکـردن زارگەلـیەکە دابـخەن تـا بتوانێـت بەرەو باشـوور بجوڵێـت و تەواوی تانکەکانی دی کۆبکاتەوە. کاتێـک بەرەو سـەنگەرە نـوێیەکە پێشـڕەوی کرد، یەکسـەر پێـنج لە تانکەکـانی بەتـالیۆنەکە تێکشـکێندران و فەرمانـدەکەی کوژرا. کاهەلانی یەکێک لەو تانکانەی ڕاسپارد زارگەلیـیەکە دابخـات کە گـوللە تۆپی تەواو ببوو و خۆشی بە تانکە ماوەکانی دیـکەی بەتـالیۆن بەرەو باشـوور ڕۆیشت و حەوت تانکی پەلێکی دیکە هاتنە ریزەکانییەوە.

لە پـڕ دەنگـی کـاهەلان بەهـۆی بریسـکەی تەقینەوەیەکـی گەورە نەمـا.

یەکێک لە سەربازەکان پەیوەندی بە جێگری فەرماندە کرد و کوژرانی کاهەلانی ڕاگەیاند. کاهەلانی توانای ڕەتکردنەوەی هەواڵەکەی نەبوو، لەبەرئەوەی ڕووبەڕووی تانکێکی دی ببۆوە و زیاتر فۆکەسی لەسەر تۆپهاوێژەکە بوو تا بێتەلەکە، بەڵام چەند خولەکێک دواتر ڕایگەیاند کە هەموو شتێک باشە و زیندووە.

لە بێتەلەوە ڕایگەیاند: "وێستگەکان، من کاهەلانم. هێزێکی گەورەی سووری بە دژی ئێمە جوڵایەوە... ئامانجمان داگیرکردنی سەنگەرەکانی سەر گردەکە و دواتر کۆنترۆڵ کردنی گەلیلەکەیە لە سەرەوەڕا... بڕۆنە پێشەوە و سەنگەرەکان بگرن و سوورییەکان لەناو بەرن." بەڵام بەهۆی ترس و تۆقەوە سەربازەکان هێرشیان نەبرد، کاهەلانی جارێکی دی پڕیدایە مایکرۆفۆنەکەیی، "بڕۆننە سوورییەکان و سەیریان بکەن چۆن بە باشی شەڕ دەکەن، سەیری ورەیان بکەن، بەڵام ئەوەی من لە ناو بەتالیۆنەکەماندا دەیبینم؟ ترسنۆکییە؟ ئێمە جووین! ئێمە ئیسرائیلین! چییە، ئێمە لەو خەڵکانە باشترین و ناشتوانین بەرپەرچیان بدەینەوە؟ دەی کوڕگەلان، من داوای جوڵانەوەتان لێدەکەم."

کاهەلانی بۆ خۆی تەواو چەرچ ببوو، ساتێک دواتر تانکێک دوای کەوت، دواتر یەکی دی و یەکی دی و یەکی دی....

سوورییەکان دەستیان بەسەر تەپۆڵکەکان گرتبوو و تانکەکانیان لە هێڵی بەرگری ئیسرائیل پەڕیبوونەتەوە، مێیر زامیر (پڵینگ)، فەرماندەی پۆڵ هەواڵی نزیکبوونەوەی تانکی دوژمنی لە پێش و لە پشت سەنگەرەکانی ڕاگەیاند؛ کە یەک تاکە تۆپیش نەماوە و گوتی: پێنج تانکی سووری هێرشیان کردۆتە سەر هێزەکانی پڵینگ، بەڵام مێجۆرێکی لاو بەناوی ئەڤینوام باروچین دوو ڕۆناکی کردەوە و هاواری کرد، "ئەوان تێکمان دەشکێنن." تانکە سوورییەکان بێ هیچ بەرپەرچدانەوەیەک لە هێزەکانی کاهەلانی نزیک کەوتنەوە و ژمارەیەک ئیسرائیلیان کوشت و بریندار کرد.

له بێتەلەوە بێنگال وەک برووسک تەقیەوە و گوتی: "کەس هەنگاوێک نەکشێتەوە!". دواتر لە گێڕانەوەی ساتە چارەنووسسازەکەدا گوتی: "بۆ بیست تا سی خولەک کەس کۆنترۆڵی بەسەر سەربازەکان نەمابوو، نە فەرماندەی پۆڵ، نە فەرماندەی بەتالیۆن و نە فەرماندەی لیوا. هەر کەس لە ڕاستە خۆی شەڕی دەکرد. من پلانی کشانەوەم هەبوو و مایکرۆفۆنەکەم گرتە دەست، بەڵام بە خۆمم گوت با کەمێکی دی چاوەڕێ بکەین.... پەیوەندیم بە ڕافوڵ کرد و گوتم: ئێمە ناتوانین لەوە زیاتر خۆمان ڕابگرین، ڕافوڵ داوای کرد تەنیا کەمێکی دی خۆمان بگرین."

کە شەڕ بەردەوامبوو، یەکەکانی ئیسرائیل لە ژێر گوشاری سوریا ڕووخان کە تەنیا سەد پێیەک ئەوانی لە داگیرکردن و کۆنترۆڵکردنی سەنگەرەکان جیا دەکردەوە و بڕیاری لە ئەنجامی شەڕەکە دەدا، بەڵام بە هەوڵێکی زۆر پێشڕەویان کرد و گەیشتنە شوێنی ویستراو و تەقەیان لە تانکەکانی سووری کرد. لەم ساتەدا یازدە تانک بە فەرماندەیی لێیتونانت کۆلۆنێل یوسی بێنهەنان گەیشتن و پەیوەندیان بە هێزەکانی کاهەلانی کرد. دواتر کاهەلانی گێڕایەوە و گوتی: "وەک شێت" تەقەمان لە سووورییەکان کرد و توانیمان نزیکەی ١٥٠ تانکیان تێکبشکێنین. لەنکاو سوورییەکان کشانەوە!

دواتر بێنگال گوتی: "دڵنیابووم کە جەنگەکە دەدۆڕێنین، ئەگەر جەنگ نیو کاتژمێری دی بخایەندبا، ئێمە دەدۆڕاین. بە هەر هۆکارێکەوە بوو بێت، سەرەتا سوورییەکان شکان و بڕیاری کشانەوەیاندا، ئەوان پێیانوابوو دەرفەتی بردنەوەیان نەبوو، ئەو ڕاستییەیان نەدەزانی کە بارودۆخی ئێمە مایەی نا ئومێدی بوو."

گریمانەکانی سەر زەوی ئەوەبوو کە پەیوەندی نێوان دوو هێزە شەڕکەرەکە دەستی بە پاشەکشە کرد. لە بێتەلەوە کاهەلانی هاواری کرد، "سەرکەوتن لەناو دەستماندایە! ئەوان کشانەوە و لەناویان دەبەین"

بێنگال وەڵامی دایەوە و گوتی: "ئێوە مەزنن و قارەمانی ئیسرائیلین، ئێوە هەمووتان قارەمان و ئەزیزن! ئاگاتان لە خۆتان بێت"

لە بێتەلەوە دەنگی ڕافوڵ ئایتانی فەرماندەی فرقە هات، "کوڕینە، ئێوە گەلی ئیسرائیلتان ڕزگار کرد."

بۆ ماوەی چوار ڕۆژ و سێ شەو بێ وەستان شەڕ بۆ وەستاندنی سوورییەکان بەردەوامبوو، پێویستبوو هێزە زرێپۆشە بەردەستەکانی ئیسرائیل بێ پشتیوانی هێزی ئاسمانی، پیادە، تۆپخانە، تیمی ئەندازیاری، سەکۆی دژە فڕۆکە و کەموکوڕییەکی خراپ لە پێداویستەکانیشەوە شەڕ بکەن. کاهەلانی گوتی: "هەستمان دەکرد وەک بڵێی میللەت دەستی لێ هەڵگرتووین، ئاخر ئێمە بە ڕێژەی یەک تانکی ئیسرائیل بەرامبەر هەشت تانکی سوریا فڕێدراینە ناو مەیدانی جەنگ، ئەوە بۆ ئێمە شۆکێکی گەورەبوو."

لەگەڵ ئەوەشدا سوورییەکان بەزین و پاشەکشەکی زۆر نارێکیان کرد، ٨٦٧ تانک و هەزاران ئۆتۆمبیلی دیکەی سەربازیان لە دوای خۆیان جێهێشت. کاهەلانی و هاوڕێکانی تەواوی ئەو شوێنانەیان گرتەوە کە لە دەستیاندا بوو، تەنانەت چوونە ناو خاکی سوریاشەوە.

لە کۆتایی شەڕەکەدا لیوای ٧ی زرێپۆش حەفتا و شەش جەنگاوەری لە دەستدا، بەڵام لە لای کاهەلانیەوە مەستی سەرکەوتن و خەفەتی کەسی تێکەڵاوی یەکدی ببوون، ئاخر ئەمانوئێلی برای لە شەڕی تانکدا لە سینا کوژرابوو، هەروەها ئیلانی برای هاوژینەکەی کە سەربازێکی دیکەی تانکبوو، ئەویش هاتبووە کوشتن. لە بەرامبەر ئەو پاڵەوانێتیەی کاهەلانی لە جەنگەکە نواندبووی، مەدالیای ڤالۆری پێ بەخشرا .

ئەڤیگدۆر کاهەلانی، دواتر جێگری فەرماندەی فەیلەق

لەگەڵ کوشتن لە کاتی شەڕدا مەینەتی زۆرم بینیـووە. یەکێـک لەوانەی نـاو خاکی سوریام لە یادە، من لە قولەی تانکەکە بووم، فڕۆکەیەکی سووری بەسەر تانکەکەمدا ڕەتبوو، بە ڕەشاش یەک ڕستە گـوللەی بەسـەر سـەرمدا هاوێشـت، بایدایەوە و لە پشـتەوەڕا بۆمـان هـات و منـیش نەمبینیبـوو، فۆکەسـم لەسـەر بەڕێوەچـوونی شـەڕ بـوو، ئەفسـەری ئۆپەراسـیۆنەکەم ئـاوڕی لە دواوەدا و فڕۆکەکەی بینی کە بە ئاراستەی ئێمە بـۆمبەکەی هەڵـداوەتە خـوارەوە و یەک بۆکسـی لە دەموچاومـدا و هـاواری کـرد، "بە پەلە وەرە ژوورەوە" مـن لەوە نەگەیشتبوون چی قەوماوە. چوومە ژوورە و لە لایەک دانیشـتم، بـۆمبەکە بەر تانکەکەم کەوت و گوێم لە تەقینەوەیەکی گەورەبوو و تێگەیشتم کە ئیدی من هیچی دی زیندوو نیم، سەرتاپای جەستەم ببووە باروت و دەستێکم بە خۆمـدا هێنا تا بزانم ئایا هەموو لایەکـم مـاوە، هەمـوو جەسـتەم دەلەرزی وەک بلێـی کارەبا لێیداوە.

سەرم هێنایە دەرەوە دوکەڵێکـی فەلامەرز و چاڵێکی بیسـت و شـەش پـێ قـوڵم لە چـواردەوری خـۆم بینـی. چـاوێکم بە ڕاسـتە و چەپەی خـۆم گێـرا و دیمەنێکی سامناکم بینی هەمـوو ئەو فەرمانـدانەی تانـک کە لە تەنیشـت مـن بوون و لە قولەکان وەستابوون و سـەریان بە دەرەوە بـوو، هـاتوونەتە کوشـتن، بەڵام لە یادم ماوە ساتی خۆشیش هەبووە: پـێش شـەڕ بەڵێنیـان پێـدابووین لە بەرامـبەر تێکشـکاندنی هەر تـانکێکی سـووری یەک سـندوق شـامپانیامان پـێ دەدرێت. لە کۆتایی شـەڕەکەدا لە سـەر تـانکەکەم دانیشـتم و دەسـتم کـرد بە ژماردنی تانکە سوورییە سووتاوەکانی ناو گەلییەکە تا بـزانم ژمارەیـان چەنـدە، بەڵام من ناتوانم سندوقە شامپانیاکان بژمێرم، لەبەرئەوەی زۆر زۆرن."

کاتێک شەڕ لە دوماهییەکەی نزیک بۆوە، لیوای گۆڵانی ئەوپەڕی هەوڵیدا بۆ

**گێرانەوە و گرتنەوەی "چاوی میللەت" - قەڵای هەرمون و کۆمەڵە ئەنتێلەکەی ئامێری چاودێری و گۆهداری.**

## پاژی هەژدەم
## چاوەکانی نەتەوە، ١٩٧٣

بێنی ماساسی قژبژی هیس لێکەوتوو گوتی: "نامەوێت چیدی تەماشای چیای هەمرون بکەم کە وەک ئاو خوێنی هاوڕێکانمی لێ ڕژاوە." بێنی کوڕێکی نەبەری بونیاد پتەوی خڕکەلە و یەکێک لە جەنگاوەرانی گوڵانی کڵاو سەوز بوو. دوای دوو کاتژمێر لە کۆتاییهاتنی شەڕە خوێناوییەکە، لەسەر چیای هەمرۆن لە چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنیدا، گوتی: یەکێک بوو لە پاڵەوانەکانی شەڕ و چاونەترسانە شەڕی سوورییەکانی کرد تا ئاڵای گوڵانی لەسەر شوێنەکە

بەرز كردەوە. پرسیاری پەیـامنێری تەلەفزیـۆنەكەی دووبـارە كـردەوە و گـوتی: "بۆچی شەڕی سوورییەكانم كرد؟ لەبەرئەوەی پێمان گوترابوو، چیـای هەمـرۆن چاوەكانی نەتەوەیە!"

هەمرۆن، قەڵایەک بوو لە سەر چیـای هەمـرۆن، كە پـڕ لە ئەنتێـل، ڕادار و خوانچەی باوڵئاسا بوو كە لە لایەن سەربازانی لیوای گۆلانییەوە بە دوورایییەكی كەم لەوبەری سـنوور بەڕێـوەدەبردرا، سـوورییەكان بارەگایەكیـان دروسـت كردبوو. لە سەرەتای هەڵگیرسانی شەڕی ڕۆژی كیپوور، قەڵایەكی ئیسـرائیل لە لایەن سـوورییەكانەوە دەسـتی بەسـەردا گیرابـوو. لە مـاوەی دوو كـاتژمێردا شەڕەكەمان دۆڕاند، لەو شەڕەدا سێزدە سـەربازی ئیسـرائیل كـوژران و سـی و یەک سەربازیش بە دیل گیران. شوێنەكە بەسەر دەشتاییەكانی سوریا زاڵ بوو و جۆرەها ئامێری ئەلیكترۆنیشی لێبوو، بـۆیە بـۆ ئیسـرائیل زۆر گرنـگ بـوو. ئەو زانیاریانەی بەهۆی سانسۆر و ئەنتێلەكانەوە كـۆدەكرانەوە، زانیـاری هەواڵگـری زۆر بە نـرخ بـوون. دوو ڕۆژ دواتـر یەكەیەكـی دەسـتەبژێری گـۆلانی هەوڵـی داگیركـردنەوەی هەمرۆنیـدا، بەڵام شـكان و بیسـت و پێـنج جەنگـاوەری لە دەستدا.

ئەمیـر درۆری، فەرمانـدە مەردە برینـدارەكەی گـۆلانی داوای لە سـەرۆک ئەركانی دەڤەری باكور كرد: "بۆ جارێكیتر هەمرۆن بۆ من ڕزگار بكە!"

لە شـازدەمین ڕۆژی شـەڕدا لە ٢١ی ئۆكتـۆبەردا، ژەنەڕاڵ هـۆفی، جێگـری پێشووی شارۆن لە جەنگی میڵتا و فەرماندەی ئێستای دەڤەری بـاكور بڕیاریـدا ئەو دەرفەتەی پێش ڕاگەیاندنی ئاگربەست بقۆزێتەوە و لە ڕێگەی ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنێک كە لە یەک كاتدا هەردوو بارەگای ئیسـرائیل و سـوورییەكان لە هەمـرۆن داگیـر بكـات. پـلانەكە بەمشـێوەیە بـوو: سـایەرەت ماتكـاڵ بە فەرماندەیی مێیجەر یۆنی نەتەنیاهۆ، لە نێوان هەردوو بارەگاكە وەک هێزێكی بەربەسـت جێگیـر بێـت؛ لیـوای پەڕەشـوت بارەگـای سـوورییەكان و لـوتكەی

هەمـرۆن بگرێـت، لیـوای گـۆلانی بە فەرمانـدەیی کۆلۆنێـل درۆری بارەگـاکەی ئیسـرائیل داگیر بکاتەوە.

دوای دوو هەفتەی شەڕ لەشـکر هـیلاک و مانـدوو ببـوو، لەگەڵ ئەوەشـدا دەبوو ئەرکەکە جێبەجێ بکرێت. بۆ دەست پێکردنـی هێرشـەکە کـاتژمێر ٦:٠٠ دیـــاریکرا، بەڵام کـــاتژمێر ٢:٠٠ هەلیکـــۆپتەری سیکۆرســـکی دەســـتی بە گواسـتنەوەی ٦٢٦ پەڕەشـوتوان لە دوو بەتـالیۆن لەگەڵ یەکەی ئەنـدازیاری و هاوەنی قـوڕس کـرد بـۆ خـاڵی دەسـت پێکـردن و  بارەگـای سـوورییەکان کە لە بەرزایی ٧٨١٢ پێ لەسەرووی ئاستی دەریا بوو. سوورییەکان تێبینی دابەزینـی پەڕەشوتوانەکانیان کردبوو، بۆیە ٢٤ فڕۆکەی مێگ ٢١ و پێنج هەلیکۆپتەری پـڕ کۆماندۆیان نارد تا ڕووبەڕووی پەڕەشوتوانان ببـنەوە، بەڵام فڕۆکەکـانی هێـزی ئاسمانی ئیسـرائیل دە مێگ و دوو هەلیکۆپتەریان خستە خوارەوە.

ئامـانجی یەکەمـی پەڕەشـوتوانان داگیرکردنـی بارەگـای پیتـولیم بـوو کە کەوتبـووە چوارڕیـانی یەکـلاکەرەوەی نێـوان ڕێگـای ترۆپکـی چیـا و بارەگـای سووری لە هەمرۆن. کاتێـک لە ڕێـگەی چـوون بەرەو چوارڕیـانەکە پەڕینـەوە، کەوتــنە بەر تەقەی دوژمــن و ئەفســەرێک کــوژرا. وێــڕای بەردەوامــی تەقە، جەنگـاوەران هێرشـیان کـردە سـەر هێزەکـانی سـووریا و ڕایـان مـاڵین و لە پێشـڕەوییەکانیاندا بەردەوامبـوون، سـێ کـاتژمێر دواتـر گەیشـتنە بارەگـای سـوورییەکان لە هەمــرۆن. لەگەڵ سـوورییەکان پێکیانــدا و دوازدە کەس لە سـوورییەکان کـوژران و ئەوانــی دی کشـانەوە. پەڕەشـوتوانەکان لە پەرژینــی چـواردەوری بارەگـاکە پەڕینـەوە و چـوونەژوورەوە و بۆیـان دەرکەوت کە چـۆڵ کـراوە و سـەربازانی سـوریا ڕایـانکردووە، دەسـتبەجێ شـەش ئۆتـۆمبیلی پـڕ لە سەرباز لە لایەن فەرمانـدەی سـوریاوە بـۆ یارمەتیـدان نێـردران، بەڵام لە لایەن پەڕەشوتوانەکان لێیان درا. کاتژمێر ٣:٢٥ی بەیانی فەرمانـدەی پەڕەشـوتوانەکان بە سەرووی خۆی ڕاگەیاند کە بارەگای سووورییەکان لە هەمرۆن لە بن دەستی

هێزی بەرگری ئیسرائیلدایە.

ئامانجە سەرەکییەکە داگیرکردنەوەی بارەگای ئیسـرائیل لە هەمرۆن بـوو کە پێدەچوو خوێناویتر و ئاڵۆزترینیان بێت، بۆیە نرخی گرتنەوەی بە خوێنی پەنجا کوژراو و هەشتا بریندار تەواو بوو.

پـێش جەنـگ، لێیتونـانتی یەکەم یگـال پاسـۆ کە یەکێـک لە فەرمانـدەی پۆڵەکان بوو قسەی بۆ سەربازەکانی کرد و گوتی: "ئاگاتان لە خۆتان بێـت، مـن پێویستیم بە هەمووتانە، بە هێواشـی کـار بـکەن و مێشـکتان بەکـاربهێنن. مـن هێرشـێکی بـێ خـاڵم نە گەرەکە؛ ئـێمە یەک لە دوای یەک ئەوان دەکـوژین." چەند کاتژمێرێک دواتر پاسۆ خۆی لە شەڕی گردی هەژدەدا کـوژرا کە بەشـێک بوو لە داگیرکردنی بارەگای ئیسـرائیل لە هەمرۆن.

سـەربازەکانی گـۆلانی لە سـێ قـۆڵەوە بەسـەر چیـاکە سـەرکەوتن، هێـزی سەرەکی سەر بە بەتالیۆن٥١ بە پێ سەرکەوتن کە نزیکەی گەیشـتبوونە ٥٢٩٥ پێ بەرزایـی. سـەرکەوتنەکە زۆر سـەخت بـوو، بە حەوت کـاتژمێر بە شـوێنێک گەیشتن کە بە پێچی تانک ناودێر بوو، سەرکەوتنەکە تا نیوەشەوی خایانـد و بە هێمنـی بەرێوەچـوو، هێنـدە هـێمن بـوو هەنـدێک پێیـانوابوو دەسـت بەسەرداگرتنەکەش هەروا نەرم و سانا دەبێت و سـوورییەکان هەڵاتـوون و بەو نزیکانە هەموو شتێک کۆتایی دێت. تەنیـا ٢٦٠٠ پـێ لە بارەگـاکە دابڕابـوون و هیچ شتێک دیـار نەبـوو کە بەرەو تەڵەی ئـاگر دەڕۆن. ئـاخر تۆپەکـانی هێـزی بەرگـری ئیسـرائیل بەر لە بە ڕێکەوتنیـان گشـت گردەکـانی سـەر ڕێگەکەیـانی تۆپبـاران کردبـوو، بەڵام تۆپەکـان لە نزیـک ئەو سـەربازانە دەکەوتـنەوە کە پێشڕەویان کردبوو، بۆیە فەرماندەی لیوای گۆلانی داوای لە تۆپخانە کرد جووت گردەکەی ئەولاتر تۆپباران بکات، وا دیاربوو تۆپخانەی ئیسـرائیل گـردی ژمـارە ١٦ی پاک کردۆتەوە، بەڵام لەسەر گردی ژمـارە ١٦ یەکەیەکـی گەورەی سـووریا خۆیان لە چواردە چاڵ و بن تاشەبەردەکانی دەوروبەر شاردبۆوە، جەنگاوەرانی

لیوای گۆلانیش بێ ئاگا بوون لەوەی چ چاوەڕێیان دەکات.

کاتژمێر ۰۰:۲ی بەیانی جەنگاوەرێـک کە لە بەرایـی لەشـکر دەڕۆیشـت لە پێچی تانکەوە گوێی لە دەنگە دەنگێک بوو، یەکسەر خۆی نەوی کرد، دواتر لە نێوان تاشەبەردەکانەوە هەستی بە شێوەی سەربازێک کـرد بەتـانییەی لە خـۆی پێچاوە و کڵاو گۆریەشی لەسەرە. سەربازە سوورییەکە سەری خۆی بەرزکردەوە بە زمـانی عەرەبـی گـوتی: "ئێـوە کـێن؟" ئیسـرائیلییەکە نەشـڵەژا یەکەمجـار چەکەکەی هەڵکێشـا و کوشـتی. لە وەڵامـدا لە هەمـوو لایەک تەقە هـات و لە بێتەل هاوار کرا " دژە هێرش!" دەستی پێکردووە.

جەنگێکی هوڤیانە قەوما، سوورییەکان بە بەکارهێنانی ڕەشاشی MAG ٥٨ کە بە تاڵانی لە ئیسـرائیل دەسـتیان کەوتبـوو لە قەدپاڵەکـانەوە بە لێـزانییەوە تەقەیـان لە جەنگـاوەرانی گـۆلانی کـرد و زیـانێکی زۆری خسـتەوە. پـۆلێکی دیـکەی گـۆلانی ڕووبەڕووی سـەربازانی سـووریا بـۆوە و لە پێکـدانانەکەدا جەنگاوەر و فەرماندەکەی برینداربوون.

دواتر داڤید تزارفاتی، جەنگاوەری گۆلانی گێڕایەوە و گوتی: "کاتژمێر دوو و نیو، گردی شازدە بووە جیهانێکی دی. گوێبیستی قیژەی ترسناک و هاوار و ناڵە و گریان بوو وەک بڵێی کۆکوژییە. بە خۆم گوت، "ئیدی ئەوەیە" کەس گوێی لە من نەبوو. ئەوە نوکتە نییە، بەڵکو ئەوە مردنە. من لە هەموو کەس دابڕابووم و بە توندی سەرم بە زەوی کەوت."

جەنـگە کوشـندەکە بەردەوامبـوو و تەقەش لەسـەر گردەکـان و لە هەمـوو لایەک وەک باران دەباری. لەو بێ سەروبەری و نـا دڵنیـاییەی کـام سـەنگەر لە لایەن هێزەکانی ئیسـرائیل دەستی بەسـەردا گیـراوە تۆپەکـانی تۆپخـانە زۆر لە نزیک سەربازەکانی هێزی بەرگری ئیسـرائیل دەکەوتنەوە کە لەسـەر گـردی ١٦ شەڕیان دەکرد و پارچەیەک بەر فەرماندەی بەتالیۆن و یاریدەدەرەکەی کەوت

و بە بێتەل داوای ڕاگرتنی تۆپەکانی کرد و فەرمانی بەکارهێنانی تەقەی ئاگادار کردنەوەیدا بۆ دڵنیابوون لە شوێنی هەر یەکەیەک کە لە کام بارەگایە، تەنیا دواتر جارێکی دی دەست بە تەقە بکەنەوە. دوای چێککردنەوە، بەتارییەکە دەستیان بە تەقە کردەوە، بەڵام ئەو ئەفسەرە هەماهەنگکارەی تۆپخانە کە لەگەڵ یەکەکان لە پەیوەندیدا بوو، کوژرا، بەهۆی پەیوەندییە بێتەلەکەوە، تۆپبارانەکەیش ڕاگیرا.

مۆتی لیڤی، جەنگاوەری گۆڵان گێڕایەوە، "گردەکە ببووە جەنگەڵ: دەمتوانی گوێم لە ئاهوناڵەی ئەو سەربازانە بێت کە بریندار ببوون، گوێم لە هەسەنی هاوڕێم بوو وەک کەسێکی خەوتوو لاکە لاکی بوو هاواری دەکرد "دایە! من مردم، مردا!" سەدا هەشتای پۆڵەکە دۆخیان زۆر خراپ بوو؛ پێنج مەتر لە سەرووممەوە بە زمانی عەرەبی گوێم لە هاواری شەڕ بوو، بە ڕاستی دۆخێکی تۆقێنەر بووا!"

کاتژمێر سێ درۆری فەرماندەی لیوا لەگەڵ ستافەکەی گەیشتە شوێنی جەنگ و بە سەربازەکانی گوت: "جێی خۆتان بگرن، بەو زووانە هێزی یارمەتیدەر لێرە دەبێت." داڤید تزارفاتی هاواری کردەوە، "پێویستە ئێمە بکشێینەوە، پێویستە بکشێینەوە، زۆرمان لێ کوژراو و بریندار بوونە!"

فەرماندەی لیوا وەڵامی دایەوە، "سەرباز هێمن بە، هێزی یەدەک بە ڕێگەوەن، شوێنەکەت بپارێزە"

کاتژمێر چوار، پەلی پایدۆزی لیوا بەرەو وێستگەی تەلەفریکی سەروو پێشڕەوی کرد، ئەندامەکانی پەلەکە لەبارەی قەبارەی هێزەکانی سووریا هیچیان نەدەزانی، ڤینیکی فەرماندەی پەل بە مەبەستی خۆئامادەکردن بۆ جەنگ و یارمەتیدانی بەتالیۆنی ٥١ ویستی ڕێگەی چوون بۆ پێچی تانک تاقی بکاتەوە. کاتێک بە ڕێگەکە پێشڕەوی کرد، سوورییەکان خۆیان لەناو چاڵەکان

شـاردبۆوە دایـانە بەر دەسـتڕێژان، لەگەڵ ئەوەشـدا بەر لە کەوتـن و لە خـوێن گەوزان تـوانی چەنـد گوللەیەکیـان پێـوە بنێـت. ئەو فریـاگوزارەی هەوڵیـدا بە هانایەوە بچێت، ئەویش گوللەی بەرکەوت و بریندار بوو.

کاتێک جەنگەکە زیـانی زۆرتـر و زیـاتری لـێکەوتەوە، فەرمانـدەی دەڤەری بـاکور ڕێنمایـی بە پەڕەشـوتوانانـدا خۆیـان ئامـادە بـکەن بـۆ تەواوکردنــی ئەو ئەرکەی بە لیــوای گــۆلانی ســپێردرابوو. دوای چەنــد خولەکێــک فەرمانــدەی ئۆپەراسیۆن بە مەبەستی یارمەتیدانی لیوای گۆلانی ڕێنمایی بە پەڕەشـوتوانانـدا لە بارەگای چیای هەمرۆنی سوورییەکان دابەزن. ئەو بەڵێـنە هەڵوەشـایەوە کە گـۆلانی بـۆ گـرتنەوەی بارەگـای سـووری لە هەمـرۆن دایبـوو، بەڵام گـۆلانی لە شەڕکردن بەردەوامبوو.

لە کاتژمێر چوار و پەنجا خولەک، پەلی ناوبراو خۆی لەنـاو گەرمەی شـەڕی گردی ژمارە ١٧ بینیەوە، هەرچەندە جەنگاوەران ئامادەی هێـرش بـردن بـوون، بەڵام درکیان بەوە نەکردبوو کە هێرش دەبەنە سەر پێکهاتەیەکی سووری کە لە هێزێکی قەبە پێکهاتووە و خۆیان لەنـاو سـی و پێـنج سـەنگەر قـایم کـردووە. پەلەکە بەرەو باکور لە دووەم پێچ دەستی بە پێشـڕەوی کـرد، بەڵام ڕاسـتەوخۆ بەسەر تەڵەی سوورییەکاندا کەوتن، شازدە جەنگاوەری لێ کوژرا و فەرماندەی پەلەکەش بە سەختی برینـداربوو، دوای دوو هەفـتە مـانەوەی لە نەخۆشـخانە مرد.

لە کاتژمێر پێنج و چـارەگ، درۆری فەرمانـدەی لیـواکە برینـداربوو، یـاهودا پیلید، فەرماندەی بەتالیۆنی ٥١ جێگەی گـرتەوە، بەڵام دوای چەنـد خولەکێـک ئەویـش برینـدار بـوو. مێـیجەر یوئـاڤ گـۆلان، ئەفسـەری ئۆپەراسـیۆنی لیـوا سـەرکردایەتی لیــواکەی گــرتە دەســت. گــۆلان لە شــەڕی نۆکەنــدی ســوێس برینداربوو و پێشـتریش هێـزی بەرگـری ئیسـرائیل دانـی بە پەککەوتەیـی ئەو نابوو. لەگەڵ ئەوەشدا پـێکەوە لەگەڵ هەڤاڵەکانیـدا شـەڕی دەکـرد و ڕەوانەی

جەنـگ کـرا، بڕیـاری تۆپبـارانی قوڕسـی بارەگـای هەمـرۆن و گـردی ١٧ درا کە هێـزی کۆمانـدۆی سـووریا لەوێ سـەنگەری گرتبـوو. ئەو هەمـوو مـاوەیە جەنگـاوەرانی گـۆڵان ئەو سـەنگەرەی جێنەهێشـت کە بە خـوێنێکی زۆر بە دەستیان هێنابوو و دوو لەسەر سێی جەنگاوەرانی یان کوژرابوون یان بریندار ببـوون. بێنـی ماسـاس کە یەکێـک لە قارەمـانی ئەو جەنـگە بـوو، لەگەڵ هەڤاڵەکانی مردنیان لەسـەر چیایەکە بەلاوە باشـتربوو لەوەی بـێ داگیرکردنـی بارەگاکە بگەڕێنەوە.

یەکەمجار سووریپەکان شکان، چونکە تۆپبارانی چڕ و شـێلگیری گۆڵانەکـان بە پاراستنی سەنگەرەکانیان بڕیاری لە ئەنجامی جەنگەکەدا. کاتژمێر هەشـت و چارەگ سووریپەکان لە مەیدانی جەنگ ڕایانکرد، لە ڕێگەی چوون بۆ بارەگـاکە جەنگاوەرانی گۆڵان دە کۆماندۆی دیکەی سـووریان لەنـاوبرد و بیستیشـیان بە دیل گرت. ئیسـرائیلییەکان لە ترسی بۆمبڕێژکردن بە پـارێزێکی زۆرەوە چـوونە ناو بارەگاکە.

کاتژمێر دە و پەنجا خولەکە، یۆئاڤ گۆڵان لە بێتەل ڕایگەیاند، "بارەگـاکە لە ناو دەستەکانمدایە! بارەگای هەمرۆنی ئیسـرائیل لەناو دەستماندایە! ئێستا ئێمە لێرەین و کێومالّی شوێنەکە دەکەین."

چەند خولەکێک دواتر، یەکێک لە ئەفسـەرانی گـۆلانی لە تـۆڕی پەیوەنـدی لیـوایەکەوە ڕایگەیانـد، "بـۆ گشـت وێسـتگەکانی سەرانسـەری جیهـان، ئـاڵا دەشـەکێتەوە!" بە کردەنـی دوای شـەڕێکی خوێنـاوی و بە باجـدانێکی زۆرەوە ئاڵای لیـوای گـۆڵانی و ئیســرائیل بەرز کـرایەوە. بێنـی ماسـاس و هەڤاڵەکـانی "چاوەکانی نەتەوەیان" گەڕاندەوە.

سەربازێک بەناوی ئەلالوف ئاوا شەڕەکەی پوخـت کـردەوە: کـێ هەمرۆنـی گەڕاندەوە؟ ئەمیر درۆری فەرماندەی لیوا؟ لە یەکەم گەڕدا برینداربوو و کەوتە

سەر زەوی. فەرماندەی بەتالیۆن؟ لە گەڕی دووەمدا ئەویش گـوللەی بەرکەوت و کەوت. من لەوان تورە نیم، ئەوان ئەفسەری مـن بـوون، بەڵام یگـاڵ پاسـۆ و سەربازە ئاساییەکان بـوون کە داگیریـان کـردەوە. مـن، مـۆتی لیڤـی، تزارفـاتی، ئیدی نەسیم، داهاری، ئەزۆت، بلوتستین: ئەوانەن کە بە مرۆڤخۆر و گیانفیدا و هیندەسوورەکان ناودەبرێن.

داڤید تزارفاتی، جەنگاوەری گۆلانی

"جەنگێکی دژواری خوێناوی بوو، بیرم لەوە نەدەکردەوە کە بە زینـدوویی بمێنمەوە، هەسـتێکم هەبـوو بەو زووانە منـیش دەگەمە کـاروانی مـردووان.... دوای تۆپبارانێکی زۆر کەوتم و توانای جوڵانەوە و کاردانەوەم نەبـوو. لە بـاری زیندەخەودا بووم و ویستی ژیـانم نەمـابوو.... لە هەمـوو شـتێکی چـواردەورم دابڕابووم، وەک بڵێی لەناو بڵقدا بم.

لە هەموو ژیانتدا یەکجار سـات دوات دەکەوێـت، ئەویـش ڕاسـتییە، بە هێزتـرین سـات کە دەرفەتـی بە هێـزی بەردەوامـی ژیـانی پێـدام.... کـاتژمێر هەشـتی بەیـانی بـوو کە هێشـتا لەسـەر زەوی بە بێکەڵکـی کەوتبـووم و فەرماندەی پەلەکەم، یگاڵ پاسۆیش کەوت، دوای ئەوەی کاتژمێر چوار گـوللەی بەرکەوت و بە دەنگێکی لاواز پێی گوتم، "داڤیـد تـۆ دەبێـت ببیـتە نـوێنەرانی ئەوانەی مـردن و لە بـارەی جەنـگەکەوە بە هەمـووان دەڵێیـت" . دواتـر داوای لێکردم داپۆشم، بەو دوا کەمە وزەیەی مابوو هەستایەوە و بەرەو سـەنگەری سوورییەکان ملی نـا، تەنـانەت لە دوا ساتەکانیشـیدا لە شـەڕ بەردەوامبـوو. لە کۆتـایی جەنـگەکەدا کاتێـک لاشـەی ئەوانەمـان هەڵـدەگرتەوە کە کوژرابـوون، لاشەی یگاڵ پاسۆشم لە نێوان لاشەی کوژراوەکاندا بینی.

# بەشی شەشەم
# مەترسی نیوکلیاری

**ئۆپێرا ١٩٨٢**

ساڵی ١٩٧٧ موناحیم بێگن، سەرکردەی پارتی لیکۆدی ڕاستڕەو هەڵبژاردنــی بــردەوە و بــۆ یەکەمجــار پــارتی کــاری لە دەســەڵات ئــاوت کــرد. ئەو کــورە

ئەتۆمييەی سەدام حوسێن لە عێـراق بونيـادی نـابوو بە مەترسـييەكی گەورەی سەر ئيسـرائيلی دەزانی، وێڕای بەرهەڵستی گەورە، بەڵام بڕياری وێران كردنيدا و ئۆپەراسيۆنی ئۆپێرای ئەنجامدا.

**ئەريزۆنا ٢٠٠٧**

ساڵی ٢٠٠١ ئاريێل شارۆن وەك سەرۆكی پارتی ليكۆد بە سەرۆك وەزيـران هەڵبژێردرا، دواتر لە ليكۆد جيابۆوە و پارتێكی نوێی بەناوی كاديما دامەزرانـد، بەڵام دوای ئەوەی ســەكتەی دڵ لێيــدا، يەهــود ئــۆڵمرت جــێگەی گــرتەوە و ئۆپەراسيۆنی ئەريزۆنای ئەنجامدا.

# پاژی نۆزدەم
# "ئۆپێرا" لە بەغدا و "ئەریزۆنا" لە سوریا
# ١٩٨١ و ٢٠٠٧

**ڕۆژی هەینی ٧ی حوزەیرانی ١٩٨١ لە پەراوێزی فیستیڤاڵی جەژنی شاڤۆت، ساڵیادی خودا پێدانی تەورات بە گەلی جوو لە چیای سینا، بە هەزاران جوو لە**

پەرستگاكان كۆببوونەوە و هەزاری دیكەش بە لایانەوە باشبوو لە كەنارئاوە زێڕینەكانی وڵات ئەو یادە بكەنەوە. كاتژمێر چواری پاشنیوەڕۆ ئاهەنگگێڕانی كەنارەكانی خواروی ئیلات خۆیان لەبەر تیشكی خۆرهەڵخستبوو، ڕێک لەو كاتەدا هەشت فڕۆكەیان بینی بە ئاسمانی شین و بێگەرد دەسوڕێنەوە و زۆر بە نزمی بەسەر كەنداوی ئیلات ڕووەو عەرەبی سعودیا تێپەڕین. فڕۆكە ئێف شازدەكان لە بنكەی ئاسمانی ئیتزیۆن لە سینا هەستابوو، هەشت فڕۆكەی ئیف پازدەش لە دواوەی بوون. بە ڕێكەوت لەو ساتەدا مەلیک حوسێنی پادشای ئوردن بە یەختەكەی لە گەشتی كەنداوەكە بوو، تەواوی ئەو فڕۆكانەی بینی كە لە ئاسمانی ناوچەكە تێپەڕین، بۆیە دەستبەجێ برووسكەیەكی هۆشداری بۆ سوپاكەی كرد كە ژمارەیەک فڕۆكەی وڵاتانی دراوسێ بە ئاسمانەوە دەبیندرێن، بەڵام لە برووسكەكەدا هۆكارەكەی باس نەكرابوو. ئەمە كارێكی باشبوو، چونكە فڕۆكەكانی هێزی ئاسمانی ئیسرائیل بە مەبەستی وێرانكردنی ئەو كورە ئەتۆمییەی سەدام حوسێنی بونیادی نابوو بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی ئۆپێرا بە ڕێگەوەبوون.

چەند ساڵێک زووتر پلانی ئەو ئۆپەراسیۆنە دەستی پێكردبوو. لە ٢٦ی ئابی ١٩٧٦ عێراق و حكومەتی فەڕەنسا بۆ بونیادنانی كورەی ئەتۆمی ڕێككەوتنێكیان واژوو كرد. فەڕەنسییەكان ئەو كورە ئەتۆمییەیان بە ئۆسیراق ناویان دەبرد و عێراقیش بە تەمموز، كە بە گوێرەی ڕێككەوتنەكە فەڕەنسا پابەندبوو بە پێدانی هەشتا كیلۆگرام بە ڕێژەی سەدا نەوەد و سێی یۆرانیۆمی پیتێنراو بە عێراق. ئەم بڕەیەش بۆ بەرهەمهێنانی بۆمبی ئەتۆمی بەس بوو. كاتێک ئیسرائیل لە ڕێگەی سەرچاوە هەواڵگرییەكانی ئەو ڕێككەوتنەی ئاشكرا كرد بۆ ڕێگە گرتن لە ڕادەست كردنی كورەكان بە عێراق هەڵمەتێكی دیپلۆماسی دەست پێكرد، چونكە بوونی چەكی ئەتۆمی لە دەست سەدام حوسێن دەبووە مەترسییەكی گەورە لەسەر بوونی ئیسرائیل. شاندی ئیسرائیل

لە پـاریس مەترسـییەکانی بـۆ هاوشـانە فەڕەنسـییەکان شـیکردەوە، بەڵام بـۆ بڕواهێنـان بە فەڕەنسـا کە لەگەڵ شـەیتان ڕێککەوتنیـان کـردووە گشـت هەوڵەکان شکستیان هێنا. بە پێی سەرچاوە بیانییەکـان، دواتـر تـۆرچەکە درایە دەسـت مۆسـاد، بـۆیە بەر لەوەی کـورە فەڕەنسـییەکە بـۆ عێـراق لە پـاپۆڕ باربکرێـت، ژمـارەیەک پـارچەی تێکشـکاند، بەڵام چـاک کـرایەوە و پرۆسـەی بونیاندانی کورەکە بەرەوپێشچوو، بڕیاربوو لە ماوەیەکی کـورت تەواو بکرێـت. دوای ئەوەی ساڵی ١٩٧٧ موناحیم بێگن بە سـەرۆک وەزیـران هەڵبژێـردرا، بەو ئەنجامە گەیشت کە تاکە ڕێکاری بەردەست بۆ لەناوبردنی ئەو کورە ئەتـۆمییە دەستێوەردانی سـەربازییە. لەو سـەروبەندە ئـایزەر وایزمـان، وەزیـری بەرگـری پێشنیاری ئەنجامـدانی ئۆپەراسـیۆنی سـەربازی کـرد، هەروەهـا ڕافـوڵ ئایتـان، سـەرک ئەرکـانی نـوێی هێـزی بەرگـری بەردی بنـاغەی ئەو ئەرکەی داڕشـت و جێبەجێکردنیشی بە داڤید ئایڤری، فەرماندەی هێزی ئاسمانی ئیسـرائیل سپارد. کۆلۆنێـل ئـاڤیم سـێڵای زیـخ لە بارەگـای هێـزی ئاسـمانی ئیسـرائیل لەگەڵ ژمـارەیەک ئەفسـەری لاوی دیـکە پلانێکـی وردی هەمەلایەنەی داڕشـت، نەخاسمە ئەوەش ئاشکرابوو کە کورەکە بۆ مانگی سێپتەمبەری ١٩٨١ دەکەوێتە کار، بـێگن بڕیاریـدابوو لە وەرزی بەهـار ئەو گـورزە بوەشـێنێت، ئەو بەرنـامە بەرابییەی لە لایەن هێزی ئاسمانی پێشکەشـکرا بە "گـردی تەقەمەنـی" نـاوەزەد کرابوو.

لە هەمـوو شـوێنێک، لە ئێـران پشـکدارێکی چاوەڕوان نەکـراو بـۆ هەوڵـی پلاندارێژەران پەیدا بـوو. لە ئێـران سـاڵی ١٩٧٩ شۆڕشـی ئیسـلامی ڕوویـدا، لە ئەنجامدا ئێران لە هاوپەیمانێکی جێ متمانەی ئەمەریکاوە بوو بە دوژمنی باوە کوشتەی ویلایەتە یەکگرتووەکان. پێشـتر ئیسـرائیل بـۆ دابـین کردنـی فـڕۆکەی ئێـف شـازدە سـەودایەکی لەگەڵ حکـومەتی ئەمریکـا کردبـوو، بەڵام وادەی ڕادەسـتکردنی مـابووی. دوای شۆڕشـی ئیسـلامی لە تـاران، ئەمریکـا پلانـی

ڕادەستکردنی فـڕۆکەی ئێـف شـازدەی بە ئێـران هەڵوەشـاندەوە، لەبـڕی ئەوە کۆشکی سپی ڕازیبوو بەر لە وادەی دیاریکراو ئەو فڕۆکانە بە ئیسـرائیل بدات.

دیاربوو لە جێبەجێکردنـی ئەم ئەرکەی عێـراق لە چـاو فڕۆکەکـانی دیـکەی هێزی ئاسـمانی ئیســرائیل، فـڕۆکەی ئێـف شـازدە گونجـاوترە، بە پێـی پـلانەکە دەبـوو هەشـت فـڕۆکەی جـۆری شـازدە ئەرکەکە جێبەجـێ بـکەن و هەشـت فڕۆکەی ئێف پازدە وەک یاوەر و بارەگای فەرماندە یاوەریان بکەن. فـڕۆکەوان و تاخمی فڕین بۆ ئەم ئەرکە بە نهێنی دەستیان بە ڕاهێنان کـرد و نمـوونەیەکی هاوشـێوەی کورەکەیـان لە بیابـانی نەقەب چێکـرد. سـەرۆک ئەرکـان خـۆی بەشداری لە پرۆڤەی هێرشـێکی ڕاهێنـانەکە کـرد بـۆئەوەی دڵنیـا بێـت کە ئایـا ڕاهێنـانەکە لە ئاسـت پێشـبینییەکانە یـان نـا. لە دومـاهی ڕاهێنـانەکە ژەنەڕاڵ ئایتـان هـیچ قسـەیەکی نەکـرد و بە فـڕۆکە تـایبەتییەکەی خـۆی بەرەو مـاڵ گەڕایەوە، سێڵا لە تەنیشتی دانیشتبوو، زۆریش مەراق بوو گـوێی لە بۆچـوونی فەرماندەی باڵا بێت، بەڵام ڕافول هەر بێدەنگ بوو.

ڕافوڵ ئایتـان لە نـاو دەسـتەبژێرانی سـوپای ئیســرائیل پێگەیەکـی تـایبەتی هەبـوو. ئەو سـەربازە ڕژد و کەمـدووە بە بـنەچە لە خێزانێکـی ڕەنجـبەری سەبۆتنیکەکانی ڕووسی بوو کە لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەم ببـوونە جـوو و بەرەو فەڵەستین کۆچیان کردبوو. سەبۆتنیکەکان لە جەلیـل نیشـتەجێ بـوون و بـوون بە یەکێـک لە جوتیـارە هەرە باشـەکانی ئیســرائیل. ڕافـوڵ لە کـێڵگەی مۆشاڤ تەل ئەداشیم هاتبووە دنیا و بە هەموو ژیانی تەنیا خەریکـی چانـدنی زەیتـوون و دارتاشـی بـوو. کاتێـک وەک جەنگـاوەرێکی چاونەترسـی پـاڵماچ و هێزی بەرگری ئیسـرائیل وەدەرکەوت، یەکێک لە ئەفسـەرە سـەرەتاکان بـوو کە پەیوەنـدی بە ڕیزەکـانی پەڕەشـووتوانانی ئەریـک شـارۆن کـرد. دوای ئەوەی لەگەڵ بەتـالیۆنەکەی لە میـتلا و هەڵمەتـی کـردنەوەی سـینادا خـۆی هەڵـدایە خوارەوە، چەندان نیشانەی سووری جەنگی وەرگرتبوو کە خڕیان بە بەرۆکیەوە

هەڵواسرابوون. بەشـداری لە گشـت شـەڕەکانی ئیسـرائیلدا کـردووە، لە شـەڕی شـەش ڕۆژەدا زۆر بە سـەختی برینـداربوو، هەروەهـا لەگەڵ پەڕەشـوتوانان چەندان ئەرکی کۆماندۆی جێبەجێ کردووە و لە شەڕی ڕۆژی کیپووردا یەکێـک بوو لە بەرگریکارە خۆڕاگرەکانی بەرزاییەکانی جۆلان. ساڵی ١٩٧٨ ئەم شەڕڤانە کەمـدووە لە جـێگەی مـۆتی گـوڕ بـوو بە سـەرۆک ئەرکـانی هێـزی بەرگـری ئیسـرائیل.

هەرچەندە دەیزانی ئاڤیم سێلا پەرۆشی بیستنی قسەیەکە، بەڵام لە گەشتی گەڕاوەنەوە بەرەو بـاکوردا بـۆ مـاوەیەکی درێـژ ورتەی لە دەم دەرنەهـات. دواجـار، دوای نیوکـاتژمێر فـڕین لە هەوادا منگەیەکـی لێـوە هـات و گـوتی: "حکومەت مۆڵەت دەدات." ئەڤیام سێلاش هەناسەیەکی ئاسودەیی هەڵکێشا.

لەگەڵ ئەوەی زۆرێـک لە فـیگەرە مەزنەکـانی دامەزراوەی ئاسـایش دژی ئەرکەکە بوون. وەک: یەهۆشوا ساگی، سەرۆکی هەواڵگری سـەربازی، ئیسـحاق هـۆفی، سـەرۆکی مۆسـاد، ئـایزەر وایزمـان کە دوای ئەوەی وەزارەتـی بەرگـری جێهێشت، ڕای خۆی گۆڕی، تەنانەت یگال یادین، جێگری سەرۆک وەزیران زۆر لەوە دوورتر ڕۆیشت و هەڕەشەی دەست لەکارکێشانەوەی کرد، بەڵام بێگن بە ئارامی و بە بەرنامەوە دەستی کرد بە بڕواهێنـانی کـابینەکەی لەبـارەی گرنگـی ئۆپەراسیۆنەکە کە لە کۆتاییدا توانی پشتیوانی کابینەکەی بە دەست بهێنێت. بۆ جێبەجێکردنی ئۆپەراسیۆنی گردی تەقەمەنـی، ڕۆژی ٧ی ئایـار دیـاریکرا و لەو ڕۆژەدا هەموو شتێک لە شوێنی خۆیدا بوو، فڕۆکەوانەکـان لەنـاو فڕۆکەکانیـان ڕووینشتبوون و خۆیان بـۆ فـڕین ئامـادەکردبوو. بـێگن نـامەیەکی لە پێرێسـی سەرکردەی ئۆپۆزیسیۆن و وەزیری پێشووی بەرگری پێگەیشـت کە تێیـدا داوای هەڵوەشانەوەی هێرشەکەی کردبوو نەبادا کۆمەڵگەی نێـودەوڵەتی وەڵامێکـی توونـدی هەبێـت و وەک وشـە وەرگیراوەکـانی پەڕتـووکی جێرمیـا ئیســرائیل کارکەنار بکرێت. بێگن لەوە ترسا ئەگەر پێرێس سەرکردەی ئۆپۆزیسیۆن شتێک

لە بارەی ئەركە نهێنییەكە بزانێت، ڕەنگە خەڵكی دیكەش بیزانن و نهێنییەكە دزە بكات، بەمەش ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی گردی تەقەمەنی دەكەوێتە ژێر مەترسییەوە، بۆیە بڕیاری دواخستنی ئەركەكەیدا، بەڵام هەرگیز دەستی لێ هەڵنەگرت و ئەركەكە بە ناوێكی نهێنی نوێ(ئۆپێرا، ڕێكەوتێكی نوێ- ٧ی حوزەیران) ناوزەد كرا.

زئیف ڕاز، فەرماندەی یەكێك لە پۆڵەكانی ئێف شازدە و دانیشتووی كیبووتزی جیفا لە باكوری ئیسرائیل لە سەرووی ئەو هەشت فڕۆكەیە دانرا كە هێرش دەبەنە سەر كورەكە، پۆلی دووەم بە فەرماندەیی ئەمیر ناچۆمی بوو، ئامۆس یەكێك لە فڕۆكەوانەكان بوو، دواتر بووە سەرۆكی هەواڵگری سەربازی و كاپتن ئیلام رامون-یش ئەندامی هەرە بچووكی گرووپەكە بوو. ڕامون كەسێكی كەم ئەزموون بوو، وەك ئەفسەری فڕۆكەوانی پۆڵ لەگەڵ گرووپەكەدا بوو، بەڵام بووە مایەی سەرنجڕاكێشانی ڕاز، كاتێك سەلماندی بێ تێكردنی بەنزین لە هەوادا، دەتوانرێت هێرشەكە بكرێت، وێڕای ئەوەی دووری گەشتەكە ٩٦٠ كیلۆمەتر بوو.

داڤید ئایڤری بڕیاریدا دەبێت فڕۆكەكان كاتێك مەكینەكانیان دەكەوێتە كار بە گاز كار بكەن، ئەمەش پرۆسەیەكی نا ئاسایی و پڕ ڕیسكبوو. هەمدیس فەرمانی بە فڕۆكەوانەكان كرد لە ڕێگەدا ئەو تانكییە سووتەمەنییانە تووڕ هەڵدەن كە دەكرێت لێ بكرێنەوە، وێڕای ئەوەی ئەوە بۆ سەر دوو بۆمبەكە كارێكی پڕ مەترسی بوو كە كێشی هەر یەكێكیان یەك تۆن و لە ژێر باڵەكانی هەر فڕۆكەیەكدا هەڵواسرابوون. جێبەجێكردنی ئەركەكە مەترسییەكی گەورە بوو: لەو كاتدا عێراق لەگەڵ ئێران لە گەرمەی شەڕێكی هوڤیانەدا بوو، بۆیە ئەگەر هەبوو كورەكان لە لایەن سەكۆی مووشەك و فڕۆكەی شەڕكەر بەرگری لێكراو بن. فڕۆكەوانەكان بێگومان بوون لەوەی فڕۆكە ئێف پازدەكان بە ناچاری دەبێت ڕووبەڕووی چەندان مێگی گەورە ببنەوە.

فڕۆکەوانەکان دەیانزانی ئەوان ڕیسکی گەورەیان لە پێشە، نەخاسمە ئەگەر لە لایەن دوژمنەوە هێرش بکرێت، چانسی مانەوەیان سفرە، تەنانەت ئەگەر هەر فڕۆکەیەک لێ بدرێت و فڕۆکەوانەکەی بە پەڕەشووتیش خۆی هەڵبدات، ئەوە بە سەدان میل دوور لە نیشتیمان لەسەر خاکی عێراق دەکەوێت و بە دیل دەگیرێت و لە ژێر ئەشکەنجەدا دەمرێت. لەگەڵ ئەوانەشدا، کاتێک فڕۆکەوانەکان گوێبیستی ئەرکەکە ببوون، هەر یەکەیان خوا خوای بوو لە نێوان تیمی هەڵبژێردراودا بێت.

ڕۆژی ٧ی حوزەیران هێرشەکە دەستی پێکرد، سەرەتا لە کەنداوی عەقەبە پەڕینەوە و بە ئاسمانی بیابانی باکوری عەرەبی سعودیا فڕین و لە باشوری ئوردنەوە چوونە ناو عێراق و ڕووباری فوراتیان بڕی کە نزیک ئامانجەکە بوو. یەکێک لە نیشانە دیارەکانی ڕێگەی فڕین دورگەی ناوەڕاستی دەریاچە بوو. ڕاز دەریاچەکەی بینی و کەوتە تاقیب کردنی دورگەکە، بەڵام هیچ دیار نەبوو، بۆیە گومانی لە کن دروست بوو کە ڕەنگە بەسەر دەریاچەیەکی هەڵەدا فڕی بن؟ دواتر زانیان بەهۆی بارینی بارانێکی بە خوڕ لە ناوچەکەدا ئاستی ئاو بەرزبۆتەوە و دورگەکە ژێر ئاو کەوتووە.

لە کۆتاییدا کورە ئەتۆمییەکەی مایەی شانازی سەدام حوسێن بوو، وەدەرکەوت و چواردەوری بە دیواری بەرگری بەرز و ئەستوور هەڵنرابوو. ڕاز لەگەڵ هەڤاڵەکانی پەیوەندی کرد و هانیدان زیاتر بەرز ببنەوە تا وەبەر تەل و ستوونە درێژەکانی کارەبای ئەو ناوچەیە نەکەون، بەڵام ئەوەی مایەی سەرسامی هەمووان بوو: هیچ بەرگرییەکی ئاسمانی لە شوێنەکە نەبوو، یەک تاکە مێگیش لە ئاسمانی ناوچەکە نەبوو، یەک تاکە مووشەکیشیان تێ نەگیردرا. چەند دانە تۆپێکی دژە فڕۆکە تەقێندران، بەڵام هەموویان خووتیان کرد.

فڕۆکەکان ڕووەو کورەکە هاتنە خوار و لە گۆشەی سی و پێنجەوە بۆمبەکانیان بەردایەوە، بەشێک لە تەقینەوەکان بەر ئەو گومبەزە کەوت کە

کورەکەی داپۆشیبوو، بۆمبەکانی دی کە قورمیشکراو بوون زیاتر ڕۆچوون و ناوەندی دامەزراوەکەیان تەقاندەوە، واتە ناوکە ڕاستەقینەکە. زۆربەی فڕۆکەوانەکان ئامانجی خۆیان پێکا، تەنیا فڕۆکەوانێک بۆمبەکەی لە هەیکەلێکی دراوسێی کورەکە کەوتەوە.

بە تێکڕایی فڕین بەسەر کورەکەدا تەنیا هەشتا چرکەی خایەند، دواتر فڕۆکەکان یەکسەر بەرەو ئیسرائیل گەڕانەوە. وەک ڕێوشوێنێکی پێویست داوایان لە فڕۆکەوان کرد خۆیان بناسێنن، بۆیە یەک لە دوای یەک وەکو "شارلی" هەموویان جگە لە ڕامۆن خۆیان ناساند، چونکە ڕامۆن وەڵامی بانگەوازی فەرماندەکانی نەدایەوە تەنیا لەکاتی لێپرسینەوە دەرکەوت ئەو ترسی هێرشکردنی لە مێگە تەپەکە هەبووە و پێیوابووە لەبەرئەوەی ئەو دوا فڕۆکەی گرووپەکەبوو، یەکسەر لەوی دەدات، هەروەها هێندە فۆکەسی لەسەر "جەنگی خەیاڵی" کردبۆوە، بۆیە وەڵامی بانگەوازەکەی فەرامۆش کردبوو، بەڵام لە کۆتاییدا زاری کردەوە کە کورە ونبووەکەی ئەرکەکە دۆزرایەوە. (بڕیار بوو ڕامۆن ببێتە یەکەم ئاسمانەوانی ئیسرائیل، بەڵام ساڵی ٢٠٠٣ لە ئەنجامی پێکدادانی کەشتی ئاسمانی کۆڵۆمبیا بە شێوەیەکی تراژیدی مرد).

لەگەڵ ئەوەشدا، فڕۆکەوانەکان دڵنیابوون کە لە ڕێگەی گەڕانەوەیاندا بۆ نیشتیمان فڕۆکە مێگەکانی عێراق بەرانگژیان دەبنەوە و ڕێگەیان پێ دەگرن: فڕۆکەکان لە بنکەی ئاسمانی H٣ لە ڕۆژئاوای عێراق نزیک سنووری ئوردن هەڵدەستن و کاتێک بەرەو ئیسرائیل دەگەڕێنەوە بە ئاسانی پەلاماریان دەدەن، بەڵام نە ئەوە ڕوویدا و نە یەک تاکە فڕۆکەی عێراقیش کەوتە دوایان، هەر شازدە فڕۆکەکە بە سەلامەتی گەیشتنەوە نیشتیمان.

پاشکۆی بالیۆزخانەیەکی بیانی کە ئەوکات لە بەغدا بوو گوتی، فەرماندەی بەرگری ئاسمانی کورەکە بۆ خۆی لە چایخانەیەکی بەغدا دانیشتبوو، بۆیە

بەرفەرمانەکانی نەیانتوانیبوو پێی بگەن، بەڵام ڕۆژی دواتر بە فەرمانی سەدام حوسێن لە گۆڕەپانێکی گشتیدا لە سێدارە درا.

لە هێرشەکەدا دە سەربازی عێراقی و ئەندازیارێکی فەڕەنسی کوژران کە لە هەیکەلێکی تەنیشت کورەکەدا بوون.

لە نیشتیماندا، هەواڵی ئەم ئۆپەراسیۆنە ناقۆڵایە بە خۆشی و شادییەکی گەورە پێشوازی لێکرا و بەرهەڵستکارانی ئەرکەکە، بێجگە لە شیمۆن پێریس هەموویان بە کۆمەڵ دانیان بە هەڵەی خۆیان نا و کەوتنە پیا هەڵدان بە ئەرکەکە و فڕۆکەوانەکان، بەڵام لە ئاستی وڵاتانی بیانی بەو جۆرە نەبوو، نێوەندە نێودەوڵەتییەکان ئیسرائیلیان تاوانبار کرد، تەنانەت ڕۆناڵد ڕێگن، سەرۆکی ئەمریکا کە دۆستی ئیسرائیل بوو، ئەویش چووە پاڵ کۆڕسی سەرکۆنەکاران و سزای سڕکردنی کاتی ڕادەستکردنی چەکی بە سەر ئیسرائیل سەپاند.

پێشبینی ناحەزان- گوایە سەدام حوسێن لە ماوەی ۲-۳ساڵی دیدا چەکی ناوەکی دروست دەکات- زۆر نا دروست بوو. ساڵی ۱۹۹۱ لە سەردەمی شەڕی کەنداودا هاوپەیمانەکانی ئیسرائیل تێگەیشتن کە ئەنجامدانی ئەو ئەرکە چەندە گرنگ بوو. دیک چینی کە لە حکومەتی بوش وەزیری بەرگری بوو (دواتر بوو بە جێگری سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکان) لە بەرامبەر ئەو کردەوە بوێر و داراماتیکەدا سوپاسی ئیسرائیلی کرد.

لە بەرامبەر بێ کەموکوڕی لە ئەرکەکەدا، سەرۆک ئەرکانی هێزی بەرگری ئیسرائیل زئیف ڕازی خەڵات کرد، بەڵام زئیف پێداگربوو کە هەموو بەشداربووەکان شایەنی مەدالیان. هەرچەندە فەرماندەیەکی هێزی ئاسمانی ئیسرائیل لە لێدوانێکدا گوتبووی: "لەبەرچی شایەنی مەدالیان؟ ئەوانە تەنیا لە یارییەک دەرکەوتن، تەنانەت تیمەکەی دی پێشیان لەناو یاریگە دانەنا." لێ

ئەو لێدوانە هەوڵی دەروونـی، بـوێری و پێـداگیریی فڕۆکەوانەکـانی وەلانـا کە چۆن ڕاسپاردەکەیان جێبەجێ کرد.

دوای بە کۆتاهـاتنی ئەرکەکە، ئیسـرائیل ڕێبـازی (دۆکـترایـن)ی بێگنـی بـڵاو کردەوە کە دەڵێت: "ئیسـرائیل لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕێگە بە هیچ وڵاتێکی دوژمن نادات پەرە بە تەکنۆلۆژیای ئەتۆمی بدات، لەبەر مەترسی بەکارهێنـانی چەکی ناوەکی لە دژی ئیسـرائیلدا."

## زئیف ڕاز، فڕۆکەوانی جەنگاوەر و سەرکردەی هێرشەکەی سەر عێراق

"بە گاڵتەوە. بە شتێکی دیکەی سەردەمی شەڕی ڕۆژی کیپـوور سـەربەرزم، لە ڕامات داڤید لە سیناوە بۆ بەڕانگژبوونەوەی فڕۆکەکانی دوژمن ڕەوانە کـرام. من فڕۆکەی فانتۆمم پێبوو، لە پـڕ فڕۆکەیەکـی مێـگ لەبەردەمـمان پەیـدابوو، فڕۆکەوانەکەم سێرەی لێگرت، لەبەر هەستکردن بە گەرمی فڕۆکەکە، مووشەکە ژێـر تیشـک سـوورەکان دەسـتیان بە ویـزە ویـز کـرد، بەڵام تەقەم نەکـرد. فڕۆکەوانەکەم هاواری کرد: زئیڤک بۆ نایهێنیتە خوارەوە، دەی بیهێنە خوارەوە! منیش هەر تەقەم نەکرد، چـونکە شـتێک لە لام ڕوون نەبـوو، بـۆ ئەم مـێگە بە تەنیـایە؟ بـۆ لێـرەیە؟ کاتێـک گەیشـتمە مـاوەی چوارسـەد مەترێـک و لەنکـاو بۆمبەکە تەقیەوە و فڕییە ئەوبەر. دواتر بینیم: ئەوە مێگ نەبوو، بەڵکو میراژی خۆمـان بـوو! دوای تێپەڕینـی چەنـدان سـاڵ بە مـاوەیەکی کـورت دوای دامەزراندنی پۆڵی هۆک، دێڤید ئایڤری فەرماندەی هێزی ئاسمانی بانگی کردم، بێگومان بۆ ئەو ئاسان نەبوو، چـونکە لە کـاتی مەشـقی فڕۆکەوانیمـدا مـن زۆر هەوڵم نەدەدا، ئەویش بە حاڵ باڵەکامی پێـدام و لێـی پرسـیم: بیـر لە کـورەی ناوەکی بەغدا بکەوە، مەودایەکی درێژ و بەرزاییەکی نـزم. ئایـا ئـێمە ئەوەمـان پێدەکرێت؟ من خۆم گەیانـدە لای ئـیلان ڕایمـۆن، ئەفسـەری فـڕۆکەوانەکەم و

پێـی گـوتم: ئەوە دەکرێـت. ئـێمە بـێ تێکـردنەوەی سـووتەمەنی لە هەوادا ئەوەمان کرد و ئەمەریکییەکـان باوەڕیـان نەدەکـرد، دواتـر کە گەڕاینەوە بـۆم دەرکەوت ئلیک شافێر کە یەکێک لە فڕۆکەوانەکان بوو بەر لە فڕین خەلەلێکی لە سیستەمی سووتەمەنی فڕۆکەکەی دۆزیبۆوە. لە باتی ئەوەی هەڵنەستێت و شوێنەکەی بە یەکێکی دی بـدات بە سـووتەمەنییەکی کەمـتر هەڵسـا و بـۆمبی خۆی وەشاند و بە دوا دڵۆپە سووتەمەنی نیشتەوە. من پێم گـوت: ئلیـک ئەوە کارێکی شێتانە بوو، بەڵام منیش لە شوێنی تۆ بام هەمان شتم دەکرد."

شازدە ساڵ دواتر، ئیسـرائیل بۆ دووەمجار پێڕەوی لە ڕێبازەکەی بێگن کرد.

لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠٠٧، بە پێی ڕاپۆرتە بیانییەکان دوو کارمەندی مۆسـاد خۆیان خزاندبووە ژووری گەورە بەرپرسێکی سوری لە هوتێـل کینسـینگتۆن لە لەنـــدەن و لاپتۆپەکەیـــان هـــاککرد و چاویـــان بە تەوای فایلەکـــانی ناویـــدا خشاندبوو. لاپتۆپەکە زانیاری نهێنی زۆر گرنگـی تێـدابووە، بەڵام لە هەموویـان کاریگەرتر بۆ مۆساد، ئاشکراکردنی دامەزراندنی کورەی ناوەکی بوو.

دۆکیومێنت و وێنەکانی مۆساد بە دەستی هێنابوون، دووپاتیان لە ڕاپـۆرتی سـەرچاوەیەکی نـامۆ و جـێ گومـان، عەلـی ڕەزا ئەسـغەری جێگـری وەزیـری بەرگری ئێران دەکردەوە کە چەند مانگ پێشتر لە ڕژێمـی ئێـران جیـاببووە و لە لێپرسینەوەکانیدا کە ئەمریکییەکان لەگەڵیاندا ئەنجامدا بـوو، ئاشـکرای کردبـوو کـورەیەکی نـاوەکی لە بیابـانی سـوریا وەک پـڕۆژەی هاوبەشـی نێـوان ئێـران، کۆریای باکور و سوریا بونیاد دەنرێت، ئێران تێچووەکەی لە ئەسـتۆ دەگرێـت و کۆریـــای بـــاکور پێویســـتییەکان دابـــین دەکـــات. وێـــنە ئاســـمانییەکان (سەتەلایتییەکان) دووپاتیان لەو زانیاریانە دەکردەوە: لە دێرزور لە ڕۆژهەڵاتی سوریا کورەیەکی ناوەکی هاوشێوەی کورەی یونگبیۆن لە کۆریـای بـاکور بونیـاد

دەنرێت، مۆساد هەندێ وێنەی دەستکەوتبوو کە تێیاندا کەسانی کوریای باکور لە شوێنەکە دیاربوون. پسپۆرانی ئیسرائیل سووربوون لەسەر ئەوەی بونیادنانی کورەکە گەیشتۆتە قۆناغی پێشکەوتوو و لە سێپتەمبەری ٢٠٠٨دا بە تەواوی دەکەوێتەکار.

مائیر دۆگان، سەرۆکی مۆساد و ئیهود ئۆلمرت سەرۆک وەزیران بە پەلە زانیارییەکانیان بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان بە ڕێ کرد. سوریا دوژمنی سوێندخۆری ئیسرائیل و هاوپەیمانی ئێران و ڕێکخراوی تیرۆریستی حزبوڵلا بوو، بۆیە ناکرێت ڕێگەی پەرەپێدانی چەکی کۆکوژی پێ بدرێت. لەگەڵ ئەوەشدا کاتێک زانیارییە هەواڵگرییەکان خرانە بەردەست دەزگای هەواڵگری ئەمریکا و کۆشکی سپی، ئەمریکییەکان بڕوایان نەهێنا و داوای بەڵگەی زیاتریان کرد، هاوکات سەرۆک بوش داوای دواخستنی هەر ئۆپەراسیۆنێکی کرد تا زانیاری هەواڵگری باوەڕپێکراوتر بە دەست دێت.

لە حوزەیرانی ٢٠٠٧، ژمارەیەک فڕۆکەی هێزی ئاسمانی ئیسرائیل بە مەبەستی چرکاندنی چەند وێنەیەکی کورەکە بە بەکارهێنانی بەرنامەی **Ofek7** لە ئاستێکی زۆر بەرزدا بە ئاسمانی ناوچەکەدا فڕین. ئەو وێنانەی چرکاندبوویان بە ڕوونی نیشانیان دەدا کە سوریا دەزگایەکی هاوشێوەی کورەی یۆنگبیۆنی کوریای باکوری چێ کردووە، هەروەها یەکەی ٨٢٠٠ی دەزگای گوهداری ئامان (بەشی هەواڵگری هێزی بەرگری ئیسرائیل) دەقی وتووێژێکی چڕی نێوان دیمەشق و پیۆنگیانگی بەرهەمهێنابوو، مۆساد وێنە فۆتۆگرافەکان و پارچە ڤیدیۆیەکی ناو کورەکەی هەموو پێکەوە دایە واشنتۆن، بەڵام کۆشکی سپی هێشتا ڕاڕابوو، چونکە ئەمەریکییەکان داوای بەڵگەی سەلمێنەریان دەکرد کە بەکردەنی مەوادی تیشکدار لە دێرزور هەیە.

هێزی بەرگری ئیسرائیل فەرمانی بە دەستهێنانی ئەو بەڵگە سەلمێنەرەیدا. بە پێی ڕاپۆرتی میدیاکانی نێودەوڵەتی ئەندامانی سایەرەت ماتکاڵ ژیانی

خۆیـان خسـتە مەترسـییەوە و بە دوو هەلیکـۆپتەر بەرەو دێـرزور فـڕین کە یەکێک لە نهێنیترین و پڕ پاسەوانترین ناوچەی دوژمنترین وڵاتی عەرەبـی بـوو، دوای دابەزین کەرەستەی تایبەتیان بۆ کۆکردنەوەی نموونەی خۆڵی تیشکدار لە دەوروبەری نـاوچەکە بەکارهێنـا کە لە ئیسـرائیلرا لەگەڵ خۆیـان بردبویـان. مشـتەکان نمـوونەی سـەلمێنەری مەترسـی ڕاسـتەقینە بـوو، درانە دەسـت ئەمریکییەکـان، سـتیفن هـادلی، ڕاوێژکـاری ئاسایشـی نەتەوەیـی جـۆرج بـوش مشـتەکانی بە "دەمـانچەی دوکەڵـی" نـاوزەد کـرد، بەڵام کاتێـک ئـۆلمرت بە تەلەفۆن قسەی لەگەڵ جۆرج بوش کرد، داوای لە ویلایەتە یەکگرتووەکـان کـرد بە مووشـەک کـورەکە بۆردومـان بکـات، بـوش پێـی گوتبـوو: ویـلایەتە یەکگرتووەکان هێرش ناکاتە سەر دەوڵەتێکی خـاوەن سـەروەری. ئـۆلمرت زۆر بەو وەڵامدانەوەیە نیگەران ببوو، بۆیە لە وەڵامدا گوتبـووی: "لەپێنـاو بەرگـری کردن لە خۆ، ئیسـرائیل خۆی دەیەوێ ئەو کارە بکات."

به کردار ئیسـرائیل کارەکەی جێبەجێ کرد

بە پێی ڕاپۆرتی ڕۆژنامەی سەندای تایمزی بەریتانی، کاتژمێر ١١ی ئێـوارەی ٤ی سـێپتەمبەری ٢٠٠٧ جەنگـاوەرانی یەکەی کۆمانـدۆی هێـزی ئاسـمانی شەڵداگ( کینگفیشەر) بە ئەرکێکی گرنگ ڕەوان کران و بە پەنادزێوە چوونە ناو سـوریا و لە دەوروبەری کـورەکە بارەگایـان دانـا. بـۆ ئامادەکـاریی هێرشـە چاوەڕوانکراوەکە، ئەرکی ئەو کۆماندۆیانە "بۆیەکردنی" دیواری کورەکە بـوو بە تیشکی لێزەری بە مەبەستی نیشانکردنی بۆ هێزی ئاسمانی و شەو و ڕۆژێک بە شاراوەیی لەوێ مانەوە. کاتژمێر ١١ی ئێوارەی ٥ی سێپتەمبەر دە فڕۆکەی ئێف ١٥ لە بـنکەی ئاسـمانی ڕامـات داڤیـد ڕووەو بـاکوری ڕۆژئـاوای دەریـای سـپی ناوەڕاست فڕین، لە ڕێگەدا لەو پۆڵە فڕۆکە سێ فڕۆکە جیـابوونەوە و گەڕانەوە بنکەی ناوبراو. ماقوڵە لەم قۆناغەدا مەزەندەی ئەوە بکرێت سـوپای ئیسـرائیل

بتوانێت هەوڵە ئەلیکترۆنییەکانی چالاک بکات بە مەبەستی سەر لێشێواندن لە ڕادارەکانی سوریا و وایان لێ بکات مەزەندە بکەن کە هەموویان گەڕاونەتەوە هەواری خۆیان. لە ڕاستیدا حەوتەکەی دی لە فڕینی خۆیان بە درێژایی سنووری تورکیا-سوریا ڕووە و ڕۆژهەڵات بەردەوامبوون و لە باکورەوە چوونە ناو خاکی سوریا و گەیشتنە ئامانجەکە و لە دوورەوە مووشەکی ماڤریکی ئاسمان بە زەوی و نیو تۆن بۆمبی زیرەکیان ئاراستەی دیوارە نیشانکراوەکە کرد و کورەکەیان بە تەواوی خاپوور کرد، گشت فڕۆکە و کۆماندۆکان بە سەلامەتی گەڕانەوە بنکەکە.

بە پێی ڕاپۆرتەکانی دواتر بڵاوبوونەوە، سەرکردەکانی ئیسرائیل لە فەرماندەی ناوەندی ناو بارەگای هێزی ئاسمانی بە دواداچوونی ئەرکەکەیان دەکرد و ترسی وەڵامدانەوەی سوریایان لێ نیشتبوو، نەخاسمە سوریا هەزاران مووشەکی هەبوو و لەباریاندابوو زیانی گەورە بە ئیسرائیل بگەیەنن. بۆیە ئۆلمرت بە پەلە بە تەلەفۆن قسەی لەگەڵ ئەردۆگان، سەرۆک وەزیرانی تورکیا کرد-ئەوکات پەیوەندی نێوان هەردوو وڵاتی تورکیا و سوریا لەوپەڕی باشیدا بوو- و داوای لێکرد بە سوریا بڵێت، ئیسرائیل چاوی لە شەڕ نییە.

سەرەتا حکومەتی تاساوی سوریا بێدەنگیی تەواوی لە هێرشەکە کرد. لە کۆتاییدا ئاژانسی هەواڵی سوریا ڕاگەیەندراوێکی بڵاو کردەوە: بە شەو فڕۆکە جەنگییەکانی ئیسرائیل دزەیان کردبووە ناو خاکی سوریا و "تەقەمەنیان هەڵدابووە سەر ناوچەیەکی بیابان" بێئەوەی هیچ زیانێکی لێبکەوێتەوە و فڕۆکەکانی سوریا "ئەوانیان دوورخستەوە"

بە پێچەوانەی بۆمبباران کردنی کورەکەی عێراق، ئەمجارە ئیسرائیل تەواو بێدەنگ بوو تا ئەمڕۆ دان بە وێران کردنی دەزگاکەی سوریا نەنراوە، بەڵام یەکێک لە نیشانە و بەڵگە جێماوەکانی ئەو ئەرکە، دۆزینەوەی تانکییەکی فڕێدراوی بەنزینی فڕۆکەیەکی ئیسرائیله لەناو خاکی تورکیا کە بە زمانی عیبری

لەسەری نووسراوە. هەرچەندە ئیسرائیل ڕەتی دەکاتەوە ئاسمانی تورکیای بەزاند بێت، پێدەچێت تورکیاش ئەو بانگەشەیەی قبوڵ بێت.

بە فەرمی ئیسرائیل دانی بەوە نەناوە هێزەکانی گورزیان لە دێرزور وەشاندبێت، بەڵام دووپاتکردنەوەیەک لە لایەن بنیامین نەتەنیاهۆ هەیە کە لە لایەن ئۆلمرت سەرۆک وەزیران زانیاری تەواوی لەسەر ئەرکەکە پێدراوە کە ئەوکات سەرکردەی ئۆپۆزیسیۆن بوو، چونکە لە دیدارێکی تەلەفزیۆنیدا بنیامین نەتەنیاهۆ گوتی: "کاتێک کابینەی حکومەت لە پێناو ئاسایشی ئیسرائیل کاری کرد، من پشتیوانی تەواوم لێی کرد... لێرەوە دەیڵێمەوە، من هاوبەشی ئەو کارە بووم و هەر لە ساتی یەکەمدا پشتیوانی تەواوی خۆم بۆی دەربڕی."

ساڵی دواتر ئۆپەراسیۆنی سوریا دوماهییەکی نامۆی دەبێت. ئێوارەی ۲ی ئاب لە خانووێێکی سەر کەنارە زیڕێنەکان لە باکوری سوریا لە نزیک بەندەری تەرتووس ئاهەنگێک بەڕێوەچوو، ئەو خانووەماڵی ژەنەڕاڵ محەمەد سلێمان، ڕاوێژکاری نزیکی سەرۆک ئەسەد و کەسایەتییەکی گەورەی پشت پەردەی دامەزراوەی ئاسایش بوو. لە کۆشکی کۆماری نووسینگەکەی لە پاڵ نووسینگەی ئەسەد بوو، بەڵام هەر پیاوی سێبەر بوو، تەنیا چەند کەسێکی کەم لە دامەزراوەی سیاسی و سەربازی ئەوەیان دەزانی.

سلێمانی یەکێک لە کەسایەتییە دەستپێکەکانی پرۆژەی ناوەکی سوریا بوو، هەر خۆشی سەرپەرشتی بونیادنان و لایەنی ئاسایشیی کورەکەی دەکرد (دیارە زۆر تێیدا سەرکەوتوو نەبوو)، ئیسرائیلییەکان هۆکاری بەوەجیان لەبەر دەست بوو کە سلێمانی دەست بە بونیادنانی کورەی نوێ دەکات، هەروەها بەرپرسی گواستنەوەی مووشەک و چەکی ئێرانی بۆ حزبوڵلای لوبنانی بوو، بۆیە خۆی خستبووە بەر سێرەی گوللەی ئیسرائیلەوە.

لە ئێوارە خوانەكەی كەناری زێڕینـدا، میوانەكـان لە بـانیژەی خـانووەكە لە چواردەوری مێزێكی گەورە دانیشتبوون و شەپۆڵەكانی دەریای سپی ناوەڕاست وردە وردە لە كەنارەكەی دەیـدا. میـوانە دڵخۆشـەكان تێبینـی دەركەوتنـی دوو كەسیان لە نێو شەپۆڵەكان نەكردبوو كە پۆشاكی ژێرئاویان لەبەردابـوو، كاتێـك قەناسـەكەیان لە ئـاو دەرهێنـا و دوو گوللەیـان لە تەختـی سـەری سـلێماندا و یەكسەر بە پێشەوەدا كەوتە سەر مێزی نانخواردنەكە. میوانەكان كاتێـك هـاتنە خوارەی خوێنیان بە نێوچەوانی سلێمانی بینی ئەوكات زانیان سـلێمان بە گـوللە لێیدراوە، تەقەكەرەكان هەر ئەوكات چوونەوە ناو ئاو و گەڕانەوە سەر كەشـتی دایك، بە پێی ڕاپۆرتی دەزگا ڕاگەیاندنەكانی بیـانی تەقەكەرەكـان گەڕابـوونەوە بـــنكەی شـــاتیت ١٣، ڕۆژنامەكـــانی بەریتانیـــا باســـیان لەوە كردبـــوو كە نیشانشـكێنەكان بە سـواری یەختێكـی ئیسـرائیلی خۆیـان گەیانـدبووە مـاڵی سلێمانی و هەر لەگەڵ لێدانیدا خۆیان ون كردبوو.

ئۆپەراسـیۆنەكە حكـومەتی سـوریای تاسـاند كە لە سـوریا شـوێنێك نەمـاوە سـەركردەكانی سـوریا تێیـدا هەسـت بە ئەمـان بـكەن، لە شـڵەژانی خۆیانـدا دەسـەڵاتداران ڕایانگەیانـد، "سـوریا بـۆ دیـاریكردنی شـوێنی ئەنجامـدەران لێكوڵینەوە دەكات" لە كاتێكـدا چەنـد مانگێـك دواتـر بـێ خسـتنەڕووی هـیچ وردەكارییەك مەدالیای ڕێزلێنان بە شایەتیت ١٣ درا. ئەمەش ئەو پرسیارەی بە دوای خۆیـدا هێنـا، ڕەنـگە لەبەرامـبەر ئەو ئۆپەراسـیۆنەدا بێـت كە لە ئـاوە هێمنەكەی كەنارە زێرینەكاندا بەڕێوەچووە.

# بەشی حەوتەم
# شەڕی لوبنان

ساڵی ١٩٨٢، بێگن و ئارییێل شارۆن، وەزیری بەرگری لەبارەی ئۆپەراسیۆنی ئاشتی دژ بە ڕێکخراوە تیرۆریستییەکانی لوبنان موشتومڕیان بوو کە بە فەرماندەی ڕافوڵ ئایتان، سەرۆک ئەرکانی هێزی بەرگری ئیسرائیل ئەنجام درا. شەڕەکە بە سەرکەوتنی ئیسرائیل کۆتاییهات، بەڵام کوشتنی سەدان هاووڵاتی سڤیل لە لایەن کەتائیبی مەسیحییەکانی لوبنان لە هەردوو کەمپی ئاوارەکانی سەبرا و شاتێلا ئۆپەراسیۆنەکەی لەکەدار کرد. هەرچەندە بە شەخسی دەستیان لە کۆکوژییەکەدا نەبوو، بەڵام سەرەنجام لە لایەن لێژنەی لێکۆڵینەوەی ئیسرائیل شارۆن لە پۆستەکەی دوورخرایەوە و هۆشدارییەکی توونديش بە ئایتان درا.

# پاژی بیستەم

## ئایا ڕەشاشیان هەبوو، ١٩٨٢

لێیتونانت کۆلۆنێل زڤیکا بارکای، فەرماندەی ڕشتەی هەندەسەی لیوای گۆلانی گێڕایەوە و گوتی: "بەیانییەکەی دوای شەڕەکەی شەو کە بە کردەنی بوفۆرت لە ژێر دەستمان بوو، دەمانزانی نرخێکی قورسمان بۆی داوە لە نزیکەوە سەیرێکی ئەنتێلەکانم کرد، ئەو ئەنتێلانەی لە هەر خاڵێکی چاودێری بوفۆرتەوە هەڕەشەکانی دەبینران، لەپڕ ویستی داگرتیانم لا دروست بوو، لەبەرئەوەی لە بەرچاومدا هێمای ئەگەری شەڕ بوو، بۆیە داوام لە ڕۆنی کرد ئالایەک بە تەنیشتییەوە هەڵواسێت. ڕۆنی ئالایەکی لە زرێپۆشێکی نەفەرهەڵگر لێکردەوە و بەسەری ئەنتێلەکەی هەڵواسی. ئەمە بۆ من ساتێکی شاد، خرۆش و هەناسە هەڵکێشان بوو کە ئالای ئیسرائیل ببینم لەسەر ئەو ئەنتێلە دەشەکێتەوە کە زۆر ڕقم لێیبوو."

جەنگی بوفۆرت لە کاتی یەکەم شەڕی لوبنان قەوما کە لە ٦ی حوزەیرانی ١٩٨٢ هەڵگیرسا. لە کاتی شەڕەکەدا سەربازانی گۆلانی لەو کەلاتانەی کە بە درێژایی چەندان ساڵ ببووە هێمایەکی هەڕەشە دژ بە شارۆچکەکانی باکوری ئیسرائیل و کیبووتیزمەکان، شەڕی تیرۆریستانی ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەڵەستینیان کرد. تیرۆریستەکان بە هەموو جۆرە چەکێکی هەیانبوو بە مووشەکیشەوە کەوتنە بۆردومانکردنی بانهاندلی جەلیل بە تایبەتی موتێلای سەر سنووری لوبنان، لە زۆر بۆنەدا هێزی ئاسمانی ئیسرائیل قەلاتەکەیان بۆردومان کرد بوو، بەڵام هەرگیز لە دەرکردنی تیرۆریستان سەرکەوتوو نەبوو کە لە تۆقاندنی دانیشتوانی باکوری ئیسرائیل بەردەوامبوون. هەر بۆیە قەلاتەکە نازناوی "دڕندەی" بەدەستهێنابوو.

قەڵای بوفۆرت لە سەدەی دوازدەم لەسەر چیایەک لە تەنیشت ڕووباری لیتانی بونیاد نرابوو و لە بنەڕەتەوە قەڵای خاچپەرستەکان بوو، بایەخە ستراتیژییەکەی زۆر گەورە بوو: تەنیا کەمتر لە چوارسەد پێ درێژ و ٢٣٥٠ پێ لە ئاستی دەریا بەرزتربوو و دەیڕوانییە سەر باشوری لوبنان و جەلیل و ئەو

ڕێگەیەی بەرەو شاری سەیدای لوبنان و پێدەشتە کەنارئاوەکان دەڕۆیشت.

دیارە ئامانج بە تەنێ داگیرکردنی بوفۆرت نەبوو؛ ئاخر بۆ هەردوولایەن هێمای هێز، باڵادەستی و سەپاندنی هەژموون بوو، بۆیە هەموو کەسێک بە ترسەوە لە قەڵاکەیان دەڕوانی کە وێنەی دڕندەی هەناسەئاگر یان گڕکانی وەرگرتبوو کە جگە لە گڕ و خۆڵەمێش، دوکەڵیشی لە مووشەک و تۆپەکانەوە فڕێ دەدا. هەر لەبەر ئەمە جەنگی ئەوێ سەخت و خوێناوی بوو، چونکە هەر ئالیەک لەوە گەیشتبوو کە سەرکەوتن بە مانای باڵادەستی بەسەر تەواوی ناوچەکە دێت.

ئەرکی داگیرکردنی بوفۆرت و سەنگەرە پتەوەکانی تەنیشتی بە یەکەی سایەرەتی گۆڵانی و کۆماندۆی لیواکە سپێردرا کە لە کاتە جیاوازەکانی ڕۆژ بۆ ماوەی ساڵ و نیوێک لە ڕێگەی بەکارهێنانی جۆرەها میتۆد مەشق و راهێنانیان لەسەر سیناریۆی جۆراوجۆری داگیرکردنی کردبوو: هێرشی هەلیکۆپتەر، زرێپۆشی نەفەرهەڵگر یان پیادەڕۆیی. ناردنی یەکەی ڕشتەی هەندەسەی لیوا بۆ داگیرکردنی بارەگای ئەنتێلەکانی باشوری بوفۆرت.

نیوەڕۆکەی، هێزی بەرگری ئیسرائیل بە لەشکری گۆڵانیەوە پەرژینی سنووریان بەزاند و ڕێی لوبنانیان گرتەبەر بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکەی حکومەت "داگیرکردنی هەموو شارۆچکەکانی باکوری ئیسرائیل لە دەرەوەی مەودای تەقەی تیرۆریستان لە لوبنان" ئەم بڕیارە لە لایەن موناحیم بێگن و وەزیرەکانی درا، دوای ماوەیەکی زۆر لە دان بەخۆداگرتنی ئیسرائیل بەرامبەر ژمارەیەک هێرشی تیرۆریستی و تەقەی بەردەوام لە شارۆچکەکانی باکور لە لایەن ڕێکخراوە تیرۆریستەکان بە شێوەیەکی سەرەکی ڕێکخراوی فەتح بە سەرکردایەتی یاسر عەرەفات کە ژمارەیان ٢٣٠٠٠ تیرۆرست دەبوو. تیرۆرستەکان بە گشت لایەکی "فەتحلاند" ناوچە نشێوەکانی ڕۆژئاوای چیای هەمرون، ناوچەکانی باشوری چیای لوبنان لەسەر تەپۆڵکەکانی نەبەتییە و

ناوچەی نێوان سور و بەیروت بڵاوەیان کردبوو.

له ١٩٧٨، ئیسرائیل ئۆپەراسیۆنی لیتانی کردبوو. هێزی بەرگری ئیسرائیل تیرۆرستانی بۆ کەنارئاوەکانی باکوری ڕووباری لیتانی پاڵدابوو؛ هێزی ئاشتیپارێزی نەتەوە یەکگرتووەکان دروستکرابوو، بەڵام تەنیا ئاشتیپارێز نەبوو، چونکە بە هۆیەوە تیرۆرستان هەناسەیان هاتبۆوە بەر و گەڕابونەوە سەر خووە چەپەڵەکانیان و له تەمموزی ١٩٨١ چالاکییەکانی گەیشتبووە ترۆپک، کاتێک بە تۆپ و مووشەک پەلاماری شارۆچکەکانی باکوری ئیسرائیلیاندا. له کۆتاییدا هەردوولا ڕێککەوتن، بەڵام ئیسرائیل دەیزانی ئەو ڕێککەوتنە درێژە ناکێشێت و دەبێت هێزی تیرۆرستان له باشووری لوبنان لەناو ببردرێت. بۆیە له ناوەندی ئۆپەراسیۆنەکانی هێزی بەرگری ئیسرائیل پلانەکانی ئۆپەراسیۆنی ئۆرانیم "دار ئورز" له دایکبوو. کارمەند و ئەفسەرانی ئیسرائیل بە نهێنی سەردانی لوبنانیان کرد و پەیوەندییەکی تۆکمەیان لەگەڵ کۆمەڵەی کریستانەکان و یەکە چەکدارەکانیان بەست، هەندێک له سەرکردەکانی ئیسرائیل نەخشەی هێزێکی هاوبەشیان لەگەڵ کریستانەکان دارشت و پێکەوە ئۆپەراسیۆنێکی ملیتاریان کرد، دواتر "سیستەمێکی نوێ" له لوبنان دامەزرا.

ئەوەی کۆتایی بە دان بەخۆداگرتن و چوونە شەڕی ئیسرائیل هێنا، هەوڵی تیرۆرکردنی شلۆمۆ ئەگرۆڤ، باڵیۆزی ئیسرائیل له بەریتانیای مەزن بوو کە له لایەن ژمارەیەک چەتەی تیرۆرست درا و له ئەنجامدا بە سەختی بریندابوو. موناحیم بێگن، سەرۆک وەزیران هەوڵیدا ئەو فاکتە بەوە فەرامۆش بکات کە ئەو تیرۆرستانە سەر بە باڵی هەڵگەڕاوەن و پەیوەندیان بە ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەڵەستینی سەر بە عەرەفات نییە. دواتر بێگن و ئاریێل شارۆن، وەزیری بەرگری پێداگیربوون کە دەبێت بۆ دانانی کۆتاییەک هێرشە تیرۆرستەکانی له لوبنان دەهۆنرانەوە، گورزێک له تیرۆرستانی فەتح

بوەشێندرێت. ئیدی بەرمەبنای نەخشەکانی ئۆرانیم هەڵمەتی ملیتاری دەستی پێکرد کە ئێستا بە پرۆسەی ئاشتی جەلیل ناودێرە.

کاروانی دورودرێژی زرێپۆشی نەفەرهەڵگر بە درێژایی ڕێگەی چوون بۆ لیتانی جوڵایەوە و ترافیکێکی دورودرێژیان دروست کرد، ئەمەش بە نۆرەی خۆی وادەی خشتەکەی دواخست و وایکرد کاتژمێر ٥ی پاشنیوەڕۆ ئینجا هێزەکانی گۆلانی لە ڕووباری لیتانی بپەڕنەوە ڕێگەی بوفۆرت، جەنگاوەران لەوە ئاگاداربوون کە جەنگ لە تاریکیدا ڕوودەدات. بارکاری گوتی: "لە کاتی گەشتەکەدا، ئێمە تیمی جەنگی شەومان ئامادە کرد و لەم ڕاستییە بێزار نەبووین، لەبەرئەوەی ئاشنایەتیمان لەگەڵ ئامانجەکە گشتگیربوو."

نادڤا پلاتی، ئەفسەری سایەرەت بە شێوەیەکی جیاواز ئەوە بە یاد دەهێنێتەوە و دەڵێت: "دوای ساڵێک لە ئامادەکاری و نزیکبوونەوەی هێرشی سەر بوفۆرت، ئێمە هێشتا ئامادە نەبووین. چونکە کەرەستەکان نەهاتبوونە ناو وڵات؛ سەربازەکان دوای چل و هەشت کاژێر نە نووستن تەواو وەئاگانەبوون، تانکەکان کێشەیان هەبوو و گیۆرا هارنیک(گۆنی) کە ماوەی ساڵ و نیوێک فەرماندەی سایەرەت بوو، هەروەها بە پسپۆری بوفۆرت دادەنرا، ڕۆژێک بەر لە دەست پێکردنەکە تەسریح کرا.

سەر لە ئێوارەیەکی زوو، کاتێک سایەرەت لە بوفۆرت نزیک کەوتەوە، مۆشێ کاپلینسکی، فەرمانەدەی نوێ لە هیکرڕا گوللەیەک بەر سنگی کەوت. گۆنی هارنیک دەستبەجێ گەیشتە ناوچەکە، کەسێکی شۆخ و ڕەقەلەی قژبژ بوو، کوڕی پیاوێکی موزیکژان و شاعیر بوو، سەرکردەیەکی کاریزمی بوو، سەربازەکانی دەیانپەرست. هاوڕێیەکی نزیکی گابی ئەشکەنازی، جێگری فەرماندەی لیوای گۆلانی بوو؛ چوار ساڵ پێشتر کاتێک ئەشکەنازی لە کاتی ئۆپەراسیۆنی لیتانی لە لوبنان بە سەختی برینداربوو، هارنیکی گەنج کە لە بەتالیۆنەکەیدا فەرمانەدەی دەستە بوو، سەرکردایەتی کرد و تا کۆتایی بە

سەرکەوتوویی ئەرکەکەی جێبەجێ کرد.

ئەشکەنازی، شەوەکەی کە بیستی گۆنی گەڕاوەتەوە بەرەی جەنگ، بە پەلە داوای لێکرد سەرکردایەتی سایەرەتی گۆلانی لە ئەستۆ بگرێت، بەڵام کاتێک بە زرێپۆشێکی نەفەرهەڵگر بە خێرایی بەو تاریکییە و بێ لایت بەرەو لای سەربازەکانی ڕۆیشت ماشێنەکەی بە بەردێکی دامێنی چیاکە کێشا و وەرگەڕا و خۆشی بریندار بوو، بەڵام هەستایەوە و بە غاردان تەواوی ڕێگەکەی بڕی.

کاتێک سەرباز و ئەفسەرەکان لە تۆڕی پەیوەندیکردن گوێیان لە دەنگی بوو کە گوتی: "بە ئەفسەری تۆڵەسەندنەوە بڵێ (ناوی نهێنی هارنیک بوو)" هەموو لە خۆشیاندا هەناسەی ئاسودەییان هەڵمژی، ئاخر ئەوان هەم بڕوایان پێی هەبوو هەم پێی سەرسامبوون و هەستیان بە ئارامی دەکرد. هارنیک دەستی بە سەپاندنی سیستەم و هەماهەنگی کردنی هەنگاوەکانی دادێی ئۆپەراسیۆنەکە کرد. هارنیک و بارکای ڕێککەوتوون سەربازانی بارکای سەرکردایەتی شەڕەکە بکەن و هارنیک شوێن پێیان بکەوێت. سەربازەکانی بارکای بە پیادە بەرەو ئاراستەکەیان ڕۆیشتن و گوتی: "سەرەتا سەرکەوتنە سەر بوفۆرت لە بەرایی گرووپێکی پێنج کەسیەوە هەستێکی ناخۆشبوو، چونکە ئاشکرابوو ئەگەر ئەوان تەقە بکەن یەکەمجار بەر من دەکەوێت. لە دووربینەکەمەوە سەیرم کرد و توانیم ئەو تیرۆرستە وەلابخەم کە لە ناوەندی سەنگەرەوە پاڵکەوتووە و سێرەی تفەنگەکەی لە منە، بۆیە فەرمانی تەقەمدا. لە هەمانکات دەسترێژێکی چڕ بە ئاراستەی ئێمە کرا، لە ئەنجامی ئەو دەسترێژەدا کە دواتر بۆم دەرکەوت بەو سەربازانەی سایەرەت کەوتبوو کە لە دواوە بوون."

بارکای و سەربازەکانی لە کێڵگە بە مینچێنراوەکەدا تێپەڕین و دزەیان کردە ناو وێستگەی ئەنتێلەکە، لە کۆندڕەکانی دەوروبەردا لەگەڵ تیرۆرستان تووشی شەڕێکی دەستە و یەخە هاتن، لەو پێکدانەدا سەردەستەی پزیشکان و

سەردەستەی تیمی ئێشکگران هەردووکیان برینداربوون، هەروەها لە مەودایەکی نزیکدا جەنگاوەرانی ئیسرائیل ژمارەیەک تیرۆرستیان کوشت، لە کۆتاییدا دەستەی هەندەسە بارەگای ئەنتێلەکەیان داگیر کرد.

دوابەدوای دەستەی ئەندازیاری، هێزەکەی هارنیک بەرەو قەڵاکە پێشڕەویان کرد، کاتێک سەربازەکان خەریکی سەرکەوتن بوون و لە باریکە ڕێگە بەردڕێژە سپیەکەی نزیک ڕێگەی چوون بۆ قەڵاکە تێپەڕین. وێنە تەڵخەکەی سپی دەرکەوت، مۆتی فەرماندەی دەستەی سایەرەت دەگێڕێتەوە و دەڵێت: "فەرمانی، بۆ پێشەوەم لە هارنیک وەرگرت! دەستمان بە غاردان کرد، پێویستبوو بە درێژایی ناوچەی شەڕ بە بەری ڕۆژئاوای بوفۆرت تێپەڕین، ئێمەیان بە بەر تەقەدا و دەمانبینی چۆن گوللە ڕاستەوخۆ بە ئاراستەمان دێت، ئاوڕم لە پشتەوە دایەوە تەنیا حەوت هەشت کەس مابوون. ئاخر کە دەستمان پێکرد بیست و یەک کەس بووین، بە هارنیکم گوت: سەربازەکانم ونکردووە و وەڵامی دامەوە: مۆتی بڕۆ پێشەوە، دوای تۆ ئەوان دەنێرم. من دەمزانی لەم خێرا چوونەپێشە لە ناوچەکەدا، ئەوان بە ئاسانی سەرمان دەبڕن، لەم هێرشەدا سێ کۆماندۆی سایەرەت کوژران.

لەگەڵ ئەوەشدا دەستەی سایەرەت لەژێر تەقەی بەردەوامی ڕەشاش لە پێشڕەوی بەرەو کۆندڕی ڕوو بە قەڵاکە بەردەوامبوو. سەردەستە و جەنگاوەرێک یەکەم کەس بوون خۆیان هەڵدایە ناو کۆندرەکان، لەبەر ئەوەی کۆندڕەکان تەسک بوون، جوڵانەوە لەناوی بەو هەموو کۆڵەپشت و چەکەوە کارێکی سەخت بوو، بەڵام ئەو دووانە بێ هیچ کێشەیەک بەردەوامبوون تا دوو ڕێژنە تەقە هەردووکیانی بەردایەوە و هەردووکیان مردن، بەڵام سێ سەربازی دی بە جانتایەک نارنجۆکەوە لە غاردان بەرەو ئامانجەکە بەردەوامبوون و هەموویان هەڵدایە ناو کۆندڕەکانەوە.

لەم کاتەدا، هارنیک بە پێنج سەربازەکەوە گەیشتە دەروازەی قەڵاکە، لە

هەمــوو لایەکــی چواردەوریــان تەقەیەکــی زۆر دەکــرا، ژمــارەیەکی زۆری تیرۆرستان کوژران و ئەوانی دی بـۆی دەرچـوون، بەڵام تیرۆرسـتێکی لاسـار لە سەنگەرێکی بچووک کە خۆی بە تۆڕێک حەشاردابوو دەسترێژێکی لە هارنیـک کرد و یەکسەر ئەو فەرماندە قەدرگرانەی کوشت.

جەنگاوەرە ماوەکان لە پاک کـردنەوەی شـوێنەکە بەردەوامبـوون و لەوە بە ئاگــابوون کە کێشــەی بنچینەییــان ئەو ســەنگەرانە بــوو کە تەقەی زۆریــان لێکرابـوو. دوو سـەرباز بە لەسـەر سـگ خشـین چـوون و بـۆمبێکی گەورەیـان هەڵدا ناوی و کشانەوە. ئەو گـورزە تەقینەوەیەکـی لـێکەوتەوە، هـیچ گومـانی نەهێشت کە سەنگەرەکە وێران بوو.

کاتژمێر ۱۰:۰۰ی شەو شەڕ تەواوبوو، سەربازەکان لاشەی سـی تیرۆرسـتیان ژمـارد، هێـزی گـۆلانی شـەش کـوژراو و نـۆ برینـداری هەبـوو، بەڵام هەواڵـی کوشتنی هارنیک گشت هێزی گۆلانی و فەرماندەی باڵای شۆک کرد. ئەڤیکـدۆر کـاهەلانی، پـاڵەوانی بەرزاییەکـانی جـۆلان ئێسـتا فەرمانـدەی فـرقەی جەئشـە توانای ڕووبەڕووبوونەوەی هەواڵەکەی نەبوو "دەمویست بڕوا بەخۆ بهێـنم کە هەڵەیەک هەیە و هەواڵێکی دیم پێدەگات، هەواڵـی یەکەم بەتـاڵ دەکـاتەوە، بەڵام ئەو هەواڵە هەر نەهات."

هاوڕێکانی گۆنی حەپاسـان کاتێـک زانیـان ڕایـا هـارنیکی دایکـی پێشـبینی ئایندەیەکی تاریکی بۆ کوڕەکەی کردبوو، کاتێک تەمەنی تەنیا چوار سـاڵبووە و شیعرێکی نووسیوە و دەڵێت:

من قوربانی بە نۆبەرەکەم نادەم

ئەوە من نیم.

کاتێک تەمەنی گۆنی شەش ساڵان بووە، ڕایا ئەم هۆنراوە ساردەی نووسیوە:

ئەو ڕۆژە بە چاو ئەبڵەقی لە بەرامبەر کارەساتێک دەوەستم
هەموو ژیانم، بەر لە هاتنی ئەم سبەینێیە سڕ دەبێت
منی بەردئاسا، ئاسنئاسا ناگریم
بە کردەنی هەست بە سووتاندن دەکەم
وشکی گەروم، ڕوانین و توڕەیی
شەو لە دوای شەو بە هەموو ژیانم بۆ ئەو ڕۆژە دەگرییێم....

ڕۆژی دوای داگیرکردنی بوفۆرت، هەلیکۆپتەرەکەی بێگن بە یاوەری شارۆنی وەزیری بەرگری لە نزیک قەڵا بەزیووەکە نیشتەوە. لە چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنیدا کە لە قەڵاکە ئەنجامیدا، بێگن گوتی: لە کاتی جەنگەکەدا هیچ سەربازێکی ئیسرائیلی نەکوژراوە، تەنانەت هیچ بریندارێکیشی نەبووە. دواتر دەرکەوت کەس لە خۆی ڕانەبینیوە سەرۆک وەزیران لە دوا ئەنجامی شەڕەکە ئاگادار بکاتەوە. ئەو پرسیارە بێ بەختە و هاوڕێ لەگەڵ پرسیارەکەی بۆ سەربازەکان: "ئایا ئەوان ڕەشاشیان هەبوو؟" لە ئاستی جەماوەر بە توڕەیی وەڵام درایەوە، نەخاسمە لە نێو ئەو باوانانەی ئازیزانیان لە جەنگەکەدا کوژرابوون یان بریندارببوون.

لەم کاتەدا، لە سێ ڕۆژی یەکەمی شەڕدا، جەنگی دژ بە تیرۆرستان سەرتاپای لوبنانی گرتەوە. فرقەی جەلیلی بۆ پێدەشتە کەنارئاوەکان تا ڕووباری لیتانی جوڵا، هێزێکی زرێپۆش بەرەو سەیدا پێشڕەوی کرد؛ فرقەی جەئش بەرەو شارۆچکەی نەبەتییە چووە پێش و فرقەی سینای لە نشێوەکانی چیای هەمرۆن شەڕی کرد، بەڵام خۆی لە پێکدادانی سورییەکان لە ناوچەکەدا بە دوورگرت، تەنانەت کاتێک تۆپبارانی هێزی بەرگری ئیسرائیلیشیان کرد.

لە ٩ی حوزەیران، دان بەخۆداگرتنی ئیسرائیل بەرامبەر سورییەکان

کۆتاییهات. داواکاری ئیسـرائیل بۆ کشانەوەی هێزەکانیان بۆ چەپەرەکانی پـێش شەڕ بێ وەڵام بوو، بۆیە ئیسـرائیل بڕیاریدا بە هەموو هێزییەوە کارێک بکات. (بڕوانە پاژی یازدەم.)

گابی ئەشکەنازی، جێگری فەرماندەی لیوای گۆلانی، دواتر سەرۆک ئەرکـانی هێزی بەرگری ئیسـرائیل

"وەک جێگــری فەرمانــدەی لیــوای گــۆلانی، لە کــاتی ئەم جەنــگەدا بە ژمـارەیەک سـاتی زۆر سـەخت تێـپەڕیم. یەکەمیـان ئەوە بـوو، کاتێـک پـێم ڕاگەیەندرا کە مۆشێ کاپلنیسکی سەردەستەی سـایەرەت بریـنـدارە، مـن گـۆنی هـارنیکم بـۆ جێگـرتنەوەی نـارد، سـێ چـوار خـولەک دواتـر هەواڵیـان نـارد کە زرێپۆشــە تـایبەتەکەی لە گونـدی ئـارنۆن لە نزیـک بوفـۆرت وەرگەڕاوە و بـۆ شوێنی سەربازەکانی بە پێ بە ڕاکردن ڕۆیشـتووە، لە کاتێکـدا پشـتی ئەزیەتـی زۆری پێگەیشـتبوو. مـن بە خـۆم گـوت: بڕبـڕەی پشـتی فەرمانـدە پێکـراوە و ئێستاش گۆنی لێم ونە.... بەڵام لە ماوەی چەند خولەکێکدا گـۆنی لە هەواڵـدێر دەرکەوت، قسەمان کرد کە جەنگ بەردەوامە و هەسـتم کـرد بـارودۆخ لە ژێـر کۆنترۆڵدایە.

دووەم ساتی سەخت، کۆتایی جەنگ بوو، کاتێک پێیان گوتم، گۆنی پێکەوە لەگەڵ پێنج جەنگاوەر کوژراون، ئەمـانە بە گشـتی بە ئـازاربوون. مـن و گـۆنی پێکەوە بە زۆر ناخۆشیدا تێپەڕبووینە، هەستم کـرد نەک تەنیـا فەرمانـدەیەکی نایـابم لە دەسـتچووە، بەڵکـو هـاوڕێیەکی بـاش و جەنگـاوەرێکی تـایبەتم لە دەستداوە.

وێرای ئەوەی پلانی ئەو جەنگە بۆ ڕۆژ دانربوو، بەڵام بە شەو جێبەجـێ کـرا، لە بارودۆخێکـدا کە فەرمانـدەکانی تێـدا کـوژرا، دەسـتەی سـایەرەت و

ئەنـدازیاران زۆر بە لێهـاتوویی شـەڕیان کـرد، هەمووشـی بەهـۆی جـۆرایەتی جەنگاوەران، فەرماندەکان و ئاشنابوونیان بە بورفۆرت بوو.

لە کۆتـایی جەنگـدا، کاتێـک لە بورفـۆرت دابەزیـمە خـوارەوە، بـڕوام نەدەکرد دوو گرێ ساڵ (بیست ساڵ) لەوێ بەسەر دەبەین و ساڵی ۲۰۰۰ مـن دەبـم بە فەرمانـدەی دەڤەری بـاکور و هێزەکـانی بوفـۆرت و هێـزی بەرگـری ئیسـرائیل لوبنان چۆڵ دەکەن."

سوپا و هێزی ئاسمانی سوریا بە شێوەیەک لە لوبنان ڕەفتار دەکەن وەک بڵێی بەشێک لە سوریا بێت. سەکۆی مووشەکی زەوی بە ئاسمانیان لە ناوچەی بیقاعی لوبنان دامەزراندبوو. لە کاتی شەڕ لەگەڵ لوبناندا، لەوانەیە ئیسرائیل ڕووبەڕووی مووشەک و فڕۆکەی شەڕکەری سوری بێتەوە.

# پاژی بیست و یەک

## کۆنسێرتێکی گەورەی پڕ لە ئامێر، ١٩٨٢

لە ٩ی حـــوزەیرانی ١٩٨٢، ســـێ ڕۆژ دوای دەســـتپێکردنی یەکەم شـــەڕی لوبنان، فڕۆکەوانانی هێـزی ئاسـمانی ئیســرائیل بە دەمـارگرژی و دوودڵییەکـی گەورەوە لە چـاوەڕوانی ئامـاژەی سـواربوون بە ئەرکێکـی هێـزی ئاسـمانی زۆر ئـاڵۆز بـوون: هێرشـبردنە سـەر سـەکۆی مووشـەکی سـوریا لە گەلـی بیقـاع. لە ئۆرشـەلیم حکـومەت لە بـارەی ئۆپەراسـیۆنەکە و کێشـمە کێشـی مەترسـی پەرەگـرتن لەگەڵ سـوریا کە لە ڕووی سیاسـی و ملیتـاری لە لوبنـان گلابـوو لە گفتوگۆ بەردەوامبوو و مشتومڕە توندەکە بـۆ چەنـدان کـاتژمێر درێـژەی کێشـا. سەرەنجام کـاتی دیـاریکراوی دەسـتپێکردنی ئۆپەراسـیۆنەکە وەپاشـخرا. داڤیـد ئـایڤری، فەرمانـدەی هێـزی ئاسـمانی لە نووسـینگەکەی دانیشـت و تەرکیـزی لەسەر دوا چەخماخەی مەیدانی جەنگ بـوو. کۆڵۆنێـل ئـاڤیەم سـێلا سـەرۆکی ئۆپەراسـیۆنی هێـزی ئاسـمانی ئیســرائیل گەڕێکـی بە نێـو فڕۆکەوانـان لێـدا و ئامادەکارییەکانی بەسەرکردەوە و بە مەبەستی هێورکردنەوەیان هانیدان.

کاتژمێر ١:٣٠ی پاشنیوەڕۆ، ڕافول ئایتان، سـەرۆکی ئەرکـانی هێـزی بەرگـری ئیسـرائیل لە نووسینگەی سەرۆک وەزیرانەوە بانگی فەرماندەی هێزی ئاسمانی کرد و پێی گوت: "کاتی کـارە، بەخـت یـاوەرت بێـت". کـاتژمێر دوو هێرشـەکە دەستی پێکرد.

کاتێک گلۆپی سەوز پێکرا، بیست و چوار فڕۆکەی ئێـف ٤ی سـەر بە پـۆڵی ١٠٥ی هێزی ئاسـمانی ئیســرائیلی چەکـدار بە مووشـەک هەڵسـان، لە پاڵیانـدا فڕۆکەی شەڕکەری سکای هۆک، کفیـر- دروسـتکراوی ئیســرائیل- و ئێـف ١٥ و ئێف ١٦، چەکدار بە مووشەکی گەرمی ئاسمان بە ئاسمان فڕین. لە لایەکی دی بۆ پاڵپشت کردنی هەوڵەکانی ئیسـرائیل بۆ پچڕاندنی ئەلیکترۆنی، زووتر هێـزی ئاسمانی فڕۆکەی ئاگـادارکردنەوەی هاوکئـای، بۆینـگ ٧٠٧ و درۆنـی زاهاڤـانی بەردەست خستبوو. لەوپەڕی گەرمی ئۆپەراسیۆنەکەدا نـزیکەی سـەد فـڕۆکەی

ئیسـرائیل لە ئاسمان بوون.

هەروەها سـوورییەکانیش سـەد فـڕۆکەی مێـگ ۲۱ و مێـگ ۲۳یـان ڕەوانەی مەیدانی جەنـگ کـردوو و نـۆزدە سـەکۆی مووشـەکەی زەوی بە ئاسـمانیان لە گەلی بیقاع داکوتی کە ئامادەی هێرشـی مووشـەکی زەوی بە ئاسـمانی SA-۳, SA-٦ و SA-٨ و لە سـەر پشـتی ماشـێنی هەرە پێشـکەوتووی پەرەپێـدراوی یەکێتی سۆڤیەت بوون.

مووشەکی زەوی بە ئاسمان سەرچاوەی ترۆمای هێـزی ئاسـمانی ئیسـرائیل بوو. ئاخر لە شەڕی داخوران(خوێناوی) لەگەڵ مسـر و شـەڕی ڕۆژی کیپـووردا مووشەکەکانی مسر بیرەوەری خراپیـان جێهێشـتبوو. ژەنەڕاڵ ئـایزەر وایزمـان، وەزیری پێشووی بەرگری گوزارە بەناوبانگەکەی "مووشەکی چەماندنەوەی باڵی فڕۆکەکان"ی داڕشت و تەکـانی بە فەرمانـدەکانی هێـزی ئاسـمانی ئیسـرائیلدا بەدوای دۆزینەوەی ڕێگەچارەی ئەو کێشە سـەختە بگەڕێـن، بـۆ مـاوەی پێـنج ساڵ کەسە بلیمەتەکانی هێزی ئاسمانی لەگەڵ ئەنـدامانی پیشەسـازی ملیتـاری کاریـان کـرد بـۆ پەرەپێـدانی تەکنۆلۆژیـایەک کە فڕۆکەکـان لە مووشـەکەکانی دوژمن بپارێزێت و باڵی فڕۆکەکان بۆ شوێنی سرووشتی خۆی بگەڕێنێتەوە.

ئێستا کاتی فەرمانەکە پێگەیشتووە: ئایا جارێکی دی مێشکی جـوو وەڵامـی دەبێت؟ ئایا مۆتەکەی فڕۆکەوانان بە کۆتا دێت؟ ئایا هێـزی بەرگـری ئیسـرائیل بەسەر ئاسمانی ناوچەکە زاڵ دەبێتەوە؟

جوڵەی کـردنەوەی هێرشـەکە بە نـاردنی درۆنەکـان بـۆ سـەر گەلـی بیقـاع دەسـتی پێکـرد کە بـۆ سـەر لێشـێواندن بـوو. پرۆفـایلی ڕاداری فـڕۆکەکە بە شێوەیەک دیزاین کرابوو کە تەواو لە فڕۆکەی شەڕکەر بچێـت و سـوورییەکان بە تەڵەکەوە بوون، وەک ئەوەی پلاندانەرانی ملیتاری بیریان کردبۆوە، سوورییەکان دەستبەجێ درۆنەکانیان دایە بەر مووشەکی زەوی بە ئاسـمان، بەمەش شـوێنی

دروستی سەکۆکانیان ئاشکرابوو کە لە بەرامبەردا بووە ئامانجی مووشەکە ئیسرائیلییە بەدوا گەڕانەکانی تیشک. هاوکات چاودێرە ئەلیکترۆنییە زەمینەکانی هێزی بەرگری ئیسرائیل شوێنی مووشەکەکانیان دیاری کرد و دەستیان بە تۆپبارانی کرد.

دواتر بیست و چوار فڕۆکەی فانتۆم پەیدا بوون، هەر یەکەیان دوو "کۆڵەمستی ئەرخەوانی" مووشەکی دژە تیشکیان هەڵگرتبوو کە لە ڕێگەی دۆزینەوەی گەرمی لە سیستمی فڕۆکە نیشانە لە دامەزراوەی ڕادار دەگرێت. فڕۆکەکان لە دووری بیست و دوو میلەوە مووشەکیان لە سەکۆکان گرت؛ لەگەڵ مووشەکی زئیفی زەوی بە زەوی کە چەکێکی کورت مەودای وێرانکەر بوو و لە ئیسرائیل پەرەی پێدرابوو. درۆنەکانیش بە درێژایی کات لە سەر ناوچەکە دەسوڕانەوە و ئەنجامەکانیان بۆ فەرماندەی ئۆپەراسیۆن دەگواستەوە.

دوای یەکەم شاڵاوی هێرشەکە بۆ ماوەی چەند خولەکێک مووشەکەکانی سوریا کپبوون، دواتر شاڵاوی دووەم دەستی پێکرد، چل فانتۆم، کفیر و سکای هۆکەکان جۆرەها بۆمبیان هاویشت، لەوانە بۆمبی هێشوویی کە سەکۆکان و تاخمەکەی تێکوپێک شکاند. شاڵاوی سێیەم دەرهەق بەو کەمە سەکۆیانە کرا کە مابوونەوە، لە ماوەی چل و پێنج خولەکدا هێرشەکە بە سەرکەوتوویی کۆتاییهات و زۆربەی سەکۆکان لەناوبردران.

لە کاتی هێرشەکەدا سورییەکان پەنجا و حەوت مووشەکی SA٦ یان هاوێشت، بەڵام توانیان یەک فڕۆکەی ئیسرائیلی بپێکن. بۆ چەندان خولەک فەرماندەی سوریا تەواو شپرزە بوون، کاتێک درکیان کرد سیستمی سەکۆکانیان بە تەواوی تێکدراون، فڕۆکە مێگەکانیان هەستاند، لە کاتی جەنگی ئاسمانیدا فڕۆکە ئێف ١٥ و ١٦-ەکانی ئیسرائیل بە بەکارهێنانی مووشەکی ئاسمان بە ئاسمان توانیان بیست و حەوت فڕۆکە بخەنە خوارە.

کۆڵۆنێل سێلا کە سەرپەرشتی بەڕێوەچوونی ئۆپەراسیۆنی زەمینی دەکرد دەڵێت: "لە گۆشەنیگای کردارییەوە، بە پێچەوانەی ئەوەی پلانبوو، هێرش بردنە سەر سەکۆی مووشەکەکان یەکێک لە ئەرکە هەرە سادەکان بوو کە تا ئێستا سەرپەرشتیم کردبێت. هەموو شتێک وەک کاتژمێر بەڕێوەچوو. لە ئاکامدا، تەنانەت دوای یەکەم هێرشی سەرکەوتووی فڕۆکە بۆ سەر سەکۆکان، فەرمانم پێکردن لە بۆمباران بەردەوام بن. چونکە پێشبینی ئەوەم کردبوو، هەر گۆڕانێک، ئێستێک یان گۆڕینێک ئاژاوە دروست دەکات و پێشڤەچوونی بابەتەکان پەک دەخات.

دوروبەری کاتژمێر ٤:٠٠ی پاشنیوەڕۆ سێلا بە بڕیارێک گەیشت کە دواتر وەک یەکێک لە سیما دیارەکانی ژیانی وەسفی کرد: ئۆپەراسیۆنەکە ڕاگرن، لەم قۆناغەدا بە کردەنی چواردە سەکۆمان وێران کردووە، کاتژمێرێک پێش شەوی ڕابردوو یەک فڕۆکەشمان لە دەست نەدابوو، پێموایە لەو ئەنجامە باشتر بە دەست ناهێنین. کاتێک گەڕامەوە سەر کورسیەکەم و هەناسەیەکم هەڵمژی و بە خۆم گوت "با بوەستین- کاری ئەمڕۆمان تەواو کرد. بە هەر حاڵ بۆ سبەینێ سەکۆی زیاتر دەهێنن."

سێلا چووە کن داڤید ئایڤری کە لەگەڵ ئیتانی سەرۆک ئەرکان سەرپەرشتکاری ئەرکەکە بوون، سێلا سەری بردە بن گوێی ئایڤری بۆئەوەی ئایتان گوێی لێ نەبێت و گوتی: "من داوای مۆڵەتی وەستانی ئۆپەراسیۆنەکە دەکەم، ئەمڕۆ لەوە زیاترمان پێ جێبەجێ ناکرێت، ئەوانەی ماون بەیانی لەناویان دەبەین."

ئایفری بۆ ساتێک بیری کردەوە و سەری ڕەزامەندی لەقاند، ئەو ژمارە فڕۆکەی بە ڕێگەی هێرشی زیاتر بوون لەسەر فەرمانی سێلا گەڕانەوە بنکەکانیان. ئارییێل شارۆن، وەزیری بەرگری حەزی بە بڕیارەکە نەبوو، تەنانەت لە دیدارێکیدا لەگەڵ ئایتان بە توندی ڕەخنەی گرت، بەڵام بیردۆزەکەی سێلا

كە شەو سورییەكان سەكۆی زیاتر دەبەنە گەلی بیقاع، بە ڕاست وەرگەڕا.

لە دوو ڕۆژی دواتــردا، بۆمبهاوێژەكــانی ئیســـرائیل بە یــاوەری فــڕۆكەی شــەڕكەرەوە دەســتیان بە بۆمببـاران كردنــی SA8 ی نــوێ كــرد كە ســورییەكان گواســتبوویانەوە، بەهــۆی ئیفلیجــی ســەكۆ بەرگرییەكــانی ســوریا، هێــزە ئاسمانییەكەی بۆ بەڕانگژبوونەوەی فڕۆكەكـانی ئیســرائیل، فـڕۆكەی نـاردن. لە شــەڕەكانی دواتــر فڕۆكەوانەكــانی ئیســـرائیل جــارێكی دی باڵادەســتبوون: لە چوارچێــوەی یەكەم شــەڕی لوبنــان هەشــتا و دوو فــڕۆكەی ســوریا كەوتــنە خوارەوە، هێزی ئیسـرائیل بە تەقەی زەمینی دوو فڕۆكەی لە دەستدا. لە كـاتی ڕوودانی هەڵـمەتەكەدا كە دواتـر بە "گەورەتـرین جەنگـی سـەردەمی فـڕۆكە" ناودێر كرا، لە هەردوولادا نزیكەی دوو سەد فڕۆكە تێیدا بەشدار بوون.

ئــایڤری گــوتی: "ئەم بــارودۆخە كە فڕۆكەكانمــان تێیــدا بــاڵا دەســتبوون و سورییەكان هەترەشیان نەمابوو، خەسڵەتێكی دەروونی گەورەی پــێ بەخشــین. وێــنە ئاســمانییەكانی بەری ســوریا زۆر نــاڕوون بــوون، ئــێمە بەهــۆی ئـامرازی ئەلیكترۆنییەوە تواناكانی بە ئامانج گــرتن و كــۆنترۆڵی ئەوانمـان پەک خســتبوو، واتە سورییەكان لە ناوچەی جەنگ زیاتر ئامانج بوون تا ڕێگر و كۆسپ بن.

ئایڤری كە لە كاتی هێرش كردنە سەر كورە ناوەكییەكەی عێراق فەرمانـدەی هێزی ئاسمانی بوو لە وەڵامی پرسیاری، خۆشترین ساتەكانیدا لەو جەنگەدا، بێ دووڵی وەڵامی دایەوە كاتی كۆتاییهاتنی هێرشی مووشـەكەكانی یەكەم شـەڕی لوبنان بوو "كاتێک ڕوون بوویەوە كە ئێمە لە وێرانكردنـی دەزگـای مووشـەكی سووریادا سەركەوتوو بـووین و هـیچ یەكێـک لە فڕۆكەكانمـان تێـک نەشـكاون، ساتی بەرزەفڕی ڕاستەقینەی ڕووح بـوو، ئـاخر ئەمە تێكۆشـانی تەواوی هێـزی ئاسمانی بوو- كە بۆخۆی كۆنسێرتێكی زەبەلاحی پڕ لە ئـامێری جۆراوجـۆر بـوو، بۆیە دەبوو هەر یەكێک ئاوازی دروست و تەواوی خۆی بژەنێت."

هێزی ئاسمانی پارێزگاری لە بڕیاری حکوومەت کرد و لە هێزی سەربازی سوریای نەدا نەبادا شەڕەکە لەگەڵ سوریا ببێتە شەڕێکی سەرتاسەری، لەگەڵ ئەوەشدا سەرکەوتنی ئۆپەراسیۆنەکە باڵادەستی تەواوی ئیسرائیلی بە ئاسمانی لوبنان بەخشی و وایکرد فڕۆکەکانی هێزی ئاسمانی ئازادانە یارمەتی هێزی وشکانی بەرگری ئیسرائیل بدەن. لە ١١ی حوزەیرانی ١٩٨٢، بە هۆی ناوبژیوانی فلیپ حەبیبی نوێنەری ئەمەریکا ئاگربەست لە نێوان ئیسرائیل و سوریا کرا.

ئەرکی ئۆپەراسیۆنی مۆڵ کریکت ١٩، بە یەکێک لە چوار ئەرکە هەرە گرنگەکانی مێژووی هێزی ئاسمانی هەژمار دەکرێت، سێ ئەرکەکەی دی بریتیبوون لە: ئۆپەراسیۆنی فۆکەس، هێرش کردنە سەر هێزی هاوبەشی عەرەبی لە شەڕی شەش ڕۆژەدا، ئۆپەراسیۆنی ئۆپێرا کە هێرش کرایە سەر دامەزراوەی ئەتۆمی عێراق لە ساڵی ١٩٨١ و ئۆپەراسیۆنی یۆناتان، ڕزگارکردنی بارمتەکانی عەنتابا لە ساڵی ١٩٧٦. هێزەکانی ڕۆژئاوا ئەرکەکەیان بە نموونەی سەرکەوتنی بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیای ڕۆژئاوا لە دژی ستراتیژی بەرگری سۆڤیەت وێنا کرد. ئەنجامەکانی هێرشەکە سەرسوڕمانێکی گەورەی لە نێو سەرکردە ملیتارەکانی پەیمانی وارشۆ دروست کرد و متمانەیان بە یەکێتی سۆڤیەت بەتایبەتی بەرامبەر دامەزراوەی مووشەکی زەوی بە ئاسمانی بلۆکی سۆڤیەتدا لەقی.

ئاڤیەم سێلا، فەرماندەی پۆلی فڕۆکە

"لەپێناو ئەو ئۆپەراسیۆنەدا بە یارمەتی تیمێکی گەورەی زانستی لە ئینستوتی وایزماندا، ئێمە پەرەمان بە کۆنترۆڵی کۆمپیوتەری و سیستمی پلاندا کە وایکرد بۆ هەلمەتی جۆراوجۆر و فەرمان ئامادە بین: بەڕێوەبردنی سەدان

فــڕۆکە بــۆ ڕووبەڕووبــوونەوەی ســەکۆی مووشــەک و دامەزراوەی ڕادار، سیســتمێکی دانیمیکــیە لە کــاتی دروســتیدا بە هەزاران گۆڕانکــارییەوە کــار دەکات. پرۆگرامی هەرە سەرەکی هارادیبوو (ئەرسەدۆکســی جــوو) بــوو کە لە بنێی براک، مناحیم کاروس دەژیـا کە خوێنـدنی فەرمـی تەواو نەکردبـوو، بەڵام زانیارییەکی فرەوان و دەگمەنی هەبوو. بەشداری هەموو پرۆگرامەکانی دەکـرد و لە کاتی کارکردندا لەگەڵ ئێمە بە جلکی سڤیلی لە چاڵدا دەنیشت.

لە کۆتایی ڕۆژدا، ئـێمە لە کۆبـوونەوەی شـەوانەدا گفتوگـۆی ئەو شـتانەمان دەکرد کە خوێندبوومان، گەیشـتمە کۆبـوونەوەیەک کە هەمـوو فەرمانـدەکانی پـۆڵ و فەرمانـدەکانی بـاڵ و فەرمانـدەکانی پێشـووی هێـزی ئاسـمانی تێیـدا بەشداربوون، لە پڕ هەموو هەستانەوە و بـۆ ئۆپەراسـیۆنە بێـوێنەکە چەپڵەیـان لێدا . مـن زۆر کـاریگەر بـووم، چـونکە ئەمجـۆرە شـتانە لە ناوەڕاسـتی شـەڕدا دەگـمەنە. پەیکەرێکـی بچـووکم وەرگـرت کە لەسـەری نووسرابـوو، بـۆ سـێڵا، بیریاری پشـت شـەڕی دژە مووشـەک، بۆچـوونەکەت بەدیهـات و جـارێکی دی سەربەرز وەستاینەوە. جەنگاوەرانی بنکەیB ی هێزی ئاسمانی."

# بەشی هەشتەم
# شەڕی تیرۆریزم

دوای شـەڕی سـاڵی ١٩٨٢ی لوبنـان، تیرۆریسـتانی ڕێکخـراوی ڕزگـاریخوازی فەڵەسـتین و سـەرکردەکانیان هەڵەتەی تـونس بـوون، لەوێ بەوپەڕی پارێزپاژییەوە دەژیـان و لە لایەن حکـومەتی تـونس پارێزگـاری دەکـران، بەڵام سـاڵی ١٩٨٨ شـامێری سـەرۆک وەزیـران ڕەزامەنـدی لەسـەر گـۆڕینی دۆخەکە نیشاندا.

# پاژی بیست و دووەم
# ئەبو جیهاد ئێمەی نارد، ۱۹۸۸

**لە ۷ی ئاداری ۱۹۸۸، پاسی دایكان، بۆیە وای پێ دەگوترا، چونكە زۆربەی سەرنشینەكانی كە لە بیئر شیڤاوە بۆ كورەی ناوەكی دیمونا دەچوون ئافرەت بوون. لە وێرانە چاڵێكی ڕێگەكە لەنكاو لە لایەن سێ پیاوەوە ڕێگەی پێ گیرا و وەستێندرا كە لە پاڵ ئۆتۆمبیلێكی سەربازی لە چەقی ڕێگە وەستابوون، دوای ئەوەی هاتنە ناو پاسەكە لە ڕاوەشاندن و بادانی تفەنگە ئۆتۆماتیكییەكانەوە سەرنشینەكان تێگەیشتن ئەوانە تیرۆریستی عەرەبن. ترس و تۆق پاسەكەی داگیركرد، سەرنشینەكان كە هەموویان كرێكاری كورەی دیمونە بوون تەنیا چل كەسیان توانیان ڕابكەن. تیرۆریستان دەستیان بەسەر پاسەكەدا گرت هەر نۆ ژن و دە پیاوەكەی مابوونەوە بە بارمتەی گرتن. دەستبەجێ هێزی تایبەتی ئیسرائیل گەیشتە شوێنەكە و چواردەوری ئۆتۆمبیلەكەیدا. لەبەرامبەر بەرهەڵدانی بارمتەكان تیرۆریستان داوای بەردانی زیندانیانی فەڵەستینیان لە پاژیخانەكانی ئیسرائیلدا كرد و هەڕەشەی ئەوەشیان كرد كە لە هەر كاتژمێرێكدا بارمتەیەك دەكوژن، یەكەم كەس كە كوژرا ڤیكتۆر ڕام بوو.**

**لە یەكەم ڕاپۆرتی هەواڵگری كە گەیشتە دەستی یەكەی ئیسرائیل ئاماژە بەوە درابوو كە تیرۆریستان سەر لەبەیانی زووی ئەو ڕۆژە لە ناوچەی سینای ژێر كۆنترۆڵی مسر لە سنوور پەڕیونەتەوە و لە ڕێی خۆیاندا جێبێكی سەربازیان ڕفاندووە. فەرمان بە جەنگاوەرانی یەكەی تایبەتی پاسەوانی سنووری ئیسرائیل(یەمام) درا هەڵكوتنە سەر پاسەكە، لە ئەنجامدا هەموو تیرۆریستەكان كوژران، بەڵام پێشتر ئەوان دوو ئافرەتی (ڕینا پازاركار شێراتزكی و مریەم بێن یایر) بە بارمتەگیراویان كوشتبوو. لە كاتی گفتوگۆیەكەدا یەكێك لە تیرۆریستان هاواری كرد و گوتی: "ئەبو جیهاد ئێمەی نارد!"**

نـاوی ئەبـو جیهـاد بە لای هەواڵگـری هێـزی بەرگـری ئیسـرائیل، نـاوێکی ئاشنابوو، ناوی ڕاستەقینەی ئەبـو جیهـاد خەلیـل ئەلـوەزیر بـوو، جێگـری یـاسر عەرەفات و سەرۆکی باڵی ملیتاری ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەڵەسـتین بـوو. لە ڕامەڵلا هاتبووە دنیا و لە کەمپی ئاوەرەکـان لە غەززە گەورە ببـوو، بەر لەوەی تەمەنی بگاتە بیست ساڵ گرووپێکی بەرخودانی لە لاوانی فەڵەستینی دروست کردبـــوو، ئەو گـــرووپە لە گـــرووپە یەکەمەکـــانی چـــوونە نـــاو ڕیزەکـــانی بـزووتنەوەکەی یـاسر عەرەفـات بـوو. ئەبـوو جیهـاد بە دانـانەوەی بۆمـب لە وێستگەی ئاوی نیشتیمانی لە یەکی مانگی کانوونی دووەمی ١٩٦٥دا لە یەکەم ئۆپەراسیۆنی فەتح لە نـاوچەی ئیسـرائیلدا بەشـدار بـووە. دوا بە دوای شـەڕی ڕۆژی کیپوور پلاندەری زنجیرەیەک پەلاماری تیرۆریستی دژی ئیسـرائیل بـوو، وەک هێرشەکەی ساڵی ١٩٧٤ی سەر نەهرییە کە چواری ئیسـرائیلی کـوژران و شەشـی دیـکەش برینـدار بـوون؛ هەروەهـا هەڵکوتـانە سـەر هوتێـل سـاڤۆ لە تەلئەڤیـڤ لە ٥ی ئـاداری ١٩٧٥ کە هەشـت بـارمتە و سـێ سـەربازی هێـزی بەرگری ئیسـرائیل کوژران، کۆلۆنێل ئـوزی یـایری یەکێـک لە کوژراوەکـان بـوو؛ تەقینەوەی بۆمبێکی گەورە لە مەیـدانێکی قەرەبـاڵغی زایـۆن لە ئۆرشـەلیم لە ڕێگەی بۆمبڕێژکردنی بەفرگرێکەوە کە بەهۆیەوە لە ٤ی تەمووزی ١٩٧٤ پـازدە کەس کوژرا؛ کوکـوژییەکەی ڕێـگەی کەنارئـاو لە ١١ی ئـاداری ١٩٧٨ کە سـی و پێـنج کەسـی تێـدا کـوژرا و کوشـتنی سـێ دەریـاوانی ئیسـرائیل لە لیماسـۆڵی قوبرس لە سێپتەمبەری ١٩٨٥دا.

لە ١٩٨٨دا، ئەبو جیهاد یەکەم یاخیبوونی سەربازی فەڵەستینی (ئینتیفـازە) بەڕێوەبرد کە بە هۆیەوە لە تێڕوانینی زۆر لە فەڵەستینییەکان سیمبوڵی خەبات دژی ئیسـرائیل بـوو. هاوسـەرگیری لەگەڵ ئینتیسـار ئەلـوەزیر (ئـوم جیهـاد) کردبوو کە ئـافرەتێکی مەزن و کـاریگەربوو، بە ڕاسـتی سـەرکردەیەکی لێهـاتوو بوو، سێ کوڕ و کچێکیان هەبـوو، دوای لەشکرکێشـی سـاڵی ١٩٨٢ی ئیسـرائیل

لەگەڵ هەڤاڵەکانی لە ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی ئیسرائیل ئاوارەی لوبنان بوو، چوار ساڵ دواتر دوورخرایەوە و لەگەڵ گشت سەرکردەکانی فەتح لە تونس ئاکنجیبوو.

ئەبو جیهاد، چەند ساڵێک پێشتر ڕووبەڕووی کوشتنی غافڵگیر هاتبۆوە و ژمارەیەک پلانیشی بۆ دارێژرابوو، لێ لە دوا ساتدا دەستی لێ هەڵدەگیردرا، بەڵام بە هەڵکوتانە سەر پاسی دایکان لە ئاداری ١٩٨٨دا، ئیدی جامەکە پڕبوو. دوا بە دوای پەلامارەکە، ژەنەڕاڵ ئامون لیپکین شاهاک، سەرۆکی بەشی هەواڵگری ملیتاری بەو ئەنجامە گەیشت کە دەبێت ئەبو جیهاد لەناو ببرێت و نەمێنێت. ژەنەڕاڵ لیپکین شاهاک دەیزانی باسی چ دەکات: خۆی پاڵەوانی پاڵەوانی درەوشاوەی ئۆپەراسیۆنی بەهاری لاوانی ساڵی ١٩٧٣ بوو. (بڕوانە پاژی چواردەم).

دان شۆمڕۆن، سەرۆک ئەرکانی نوێی هێزی بەرگری ئیسرائیل( عەقڵی پشت ئەرکی عەنتابا) لە ڕووی پرەنسیپیەوە ئەرکەکەی پەسن کرد و بەڕێوەبردن و ئامادەکارییەکانی بە ئیهود باراکی جێگری سپارد (فەرماندەی پێشووی سایەرەت ماتکاڵ). لە ڕواڵەتدا، پێدەچوو ئەرکێکی زۆر ئاڵۆز بێت، چونکە زیاتر لە ١٥٥٠ میل لە نیشتیمانەوە دووربوو، داوای یارمەتی لە مۆساد کرا. لەو کاتەی سەرکردەکانی فەتح لە تونس نیشتەجێبوون، مۆساد تۆڕی هەواڵگری خۆی فرەوان کردبوو، ئەندامەکانی لە تونس سەردانی تاخی(سیدی بو سەعید)یان کردبوو کە ماڵی ئەبو جیهادی لێبوو، وێنەی ماڵەکەیان گرتبوو، تەنانەت نەخشەیەکی وردی بینایە و ناوەوەشیان کێشابوو. کارمەندێکی ئافرەتی مۆساد بە هەنجەتێکی ساختە سەردانی ماڵەکەیانی کردبوو و ڕاپۆرتێکی تەژی لەسەر ناوماڵ و ناوەوەی بە مۆساد دابوو: ڕاڕەوێک لە دەروازەوە دەچێتە ژووری میوانان. دەرگای چوون بۆ ژووری خوێندنەوەی ئەبو جیهاد؛ دەرگایەکی دی بۆ ناندین؛ پێپلیکەی چوون بۆ نهۆمی دووەم کە

ژووری نووستنی ئەبو جیهاد، هاوژینەکەی و حەنانی کچی لێبوو. منداڵەکەی، نیزاڵی تەمەن دوو ساڵە لە ژووری باوانی دەخەوت، دوو کوڕە گەورەکەشی لە ویلایەتە یەکگرتووەکان دەیانخوێند.

پلانی ئۆپەراسیۆنەکە بەم شێوەیە داڕێژرابوو: کۆماندۆکانی سایەرەت ماتکاڵ بە کەشتی دەریایی ئیسرائیل لە کەنارئاوەکانی تونس نزیک دەکەونەوە. ئەندامانی شایەتەت ١٣، یەکەی کۆماندۆی دەریاوانی دەیانهێننە لێوارەکان و لەوێوە بە یارمەتی مۆساد دەگەیەنرێنە ماڵی ئەبو جیهاد. شایەتەت و دەریاوانان بە نهێنی نەخشەی لێوار و کەنارئاوەکانی تونسیان بۆ دابەزینی ئیسرائیل کێشابوو. فڕۆکەکانی هێزی ئاسمانی بۆ پەیدۆز نێردرابوون، هەواڵگری هێزی بەرگری بەر لە ئۆپەراسیۆنەکە دوا زانیاری خۆی ئەپدێیت کردبۆوە.

لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا ڕیسکەکان لەوپەڕی بەرزی مابوونەوە، هەر ڕووبەڕووبوونەوەیەک لەگەڵ هێزەکانی ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەڵەستین، لەشکری تونس یان پۆلیسی ناوخۆ کارەساتی لێ دەکەوێتەوە، ئەوەش ڕوون بوو کە پرۆسەی کشانەوەی هێزەکانی ئیسرائیلیان هەڵگرتنەوەی برینداره بەشداربووەکان لە چاو وڵاتێکی نزیک ئیسرائیل قورستر بوو. ئەو تاخەی ماڵی ئەبوو جیهادی لێبوو، ماڵی زۆرێک لە سەرکردەکانی ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی ئیسرائیلی لێبوو کە لە لایەن ئیسرائیل داواکراو بوون. دیارە پڕ لە ئێشکگری ڕاهێنراوی فەتح بوو. بۆیە هەر هەڵەیەک سەر بۆ جەنگ یان بە تەڵەوەبوونی سەربازانی هێزی بەرگری ئیسرائیل دەکێشێت، دیسان ڕەنگە ئۆپەراسیۆنەکە ئەنجامی سیاسی توندی لێبکەوێتەوە: تونس دوژمنێکی ئەکتیڤی ئیسرائیل نییە و کارێکی سەختە هۆکاری هێرشەکە بۆ تونسییەکان ڕوون بکرێتەوە. پرسیارێک ئیسحاق ڕابینی وەزیری بەرگری نیگەران و ڕاڕا کردبوو: چۆن دەکرێ بزانرێت ئەو شەوە، شەوی ئەرکەکە ئەبو جیهاد لە ماڵە؟

مۆساد بۆ ڕابینی دووپات کردەوە لە توانایاندا هەیە زانیاری دوا خولەک لە بارەی شوێنی مانەوەی ئەبو جیهاد لەناو ماڵەکەیدا بزانن و هیوادارن لە ڕێگەی ڕاپۆرتەکانی هەواڵگری و چاودێری وردەوە دڵنیا بن. لەم کاتەدا دوا ئامادەکارییەکانیش بەردەوامبوون، خانوویێکی هاوشێوەی خانووەکەی ئەبو جیهاد لە ئیسرائیل بۆ مەشقی دزەکردن و غافڵکوژی سایەرەت ماتکاڵ دروستکرا، هەروەها دەستەی ئەفسەرانی ئۆپەراسیۆن دیاریکران و هەر یەکەیان ئەرکێکی دیاریکراوی پێ سپێردرا.

هەروەها ئەو تیمەی دەچێتە نهۆمی دووەم و ئەو ئەفسەرەی تەقە لە ئەبو جیهاد دەکات، ئەوانیش دیاریکران، مۆشی یائلۆن، فەرماندەی سایەرەت ماتکاڵ سەرۆکایەتی ئۆپەراسیۆنەکەی کرد، بوگی، دوای شەڕی ڕۆژی کیپووری ساڵی ١٩٧٣ بە عەریف گەڕابۆوە خزمەت و ئێستا کۆڵۆنێڵە و یەکێک لە باشترین فەرماندەکانی سایەرەتە. لە کاتی ئامادەکارییەکانی ئەرکەکەدا، بوگی بڕیاریدا سەردانی ناوچەکە بکات، سەرەتا بەرەو ڕۆما فڕی، لەوێوە بە پاسپۆرتێکی ساختە بۆ تونس فڕی و لە لایەن کارمەندانی مۆساد بە گەشتێک برایە نزیک ماڵی ئەبو جیهاد، بۆ ڕۆژی دواتر یائلۆن لە ڕێگەی ڕۆما گەڕایەوە ئیسرائیل و پەیوەندی بە پیاوەکانیەوە کرد.

ڕۆژی چوارشەممە لە ١٣ی نیسان هێزەکە بە چوار بەلەم بە یاوەری ژێرئاوێک بە ڕێکەوت، کاری دوو لە بەلەمەکان گواستنەوەی یەکەی سایەرەت مەتکاڵ و شایەتەت ١٣بوو کە لە لایەن دوو بەلەمی دیکە دەپارێزران. یەکێک لە بەلەمەکان ناوەندی ئەلیکترۆنی پێشکەوتووی هەڵگرتبوو لە ژێر سەرپەرشتی باراک وەک ناوەندی فەرماندەیی بەکار دەهات، پێداویستی و یەکەی پزیشکی ئۆپەراسیۆنەکە لەناو بەلەمێکی دیکەیان بوو، سەرەتا کەشتییەکە ڕووەو باکوری ڕۆژئاوا بە ئاراستەی دورگەکانی یۆنان بە ڕێکەوت، دواتر بەرەو ڕۆژئاوا و پاشان بۆ باشور بایدایەوە تا گەیشتە کەنارئاوەکانی

تونس.

هەر ئەو ڕۆژە سێ کارمەندی مۆساد بە ناسنامەی ساختە بە ناوەکانی عایش ئەسەریدی، جۆرج نەجیب و ئوتاف ئەلیم(ئەوەیان ئافرەت بوو) بە سێ مینیپاسەوە کە لە کۆمپانیایەکی تونسی بەکرێیان گرتبوو لەو ناوە پەیدابوون، دووانیان ڤاکسواگۆن و یەکێکیان پیجۆ بوو.

ڕۆژی ١٥ی نیسان بەلەمی مووشەکەکان گەیشتە شوێنی خۆی. ئەو ڕۆژە ئیسرائیل ڕێگەی لە ناردنی نێردراوێک گرت کە لە لایەن بریکارانی فەرەنسییەوە بۆ ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەڵەستین نێردرابوو.

شەوەکەی دوو فڕۆکەی بۆینگ ٧٠٧ی سەر بە هێزی ئاسمانی ئیسرائیل گەیشتنە ئاسمانی تونس، یەکێکیان وەرگری نێردراوە ئەلیکترۆنییەکان بوو و ئەوی دییان پشتیوانی ئاسمانی و بەنزینی بۆ فڕۆکە جەنگییەکانی لە ناوچەکە دەسوڕانەوە دابین دەکرد.

ئۆپەراسیۆنەکە دەستی پێکرد، ژێرئاوەکە لە کەنارئاوی (ڕوادی تەنیشت رەئس قرتاج) نزیک بوویەوە و هەواڵیدا کە کەنارئاوەکە چۆڵە. دوو جووتە جەنگاوەری شایەتەت بە ژێرئاوێکی قەبارە بچووک (بەراز) گەیشتنە کەنارئاوەکە و چاویان بە سێ کارمەندەکەی مۆساد کەوت کە ئۆتۆمبیلە بە کرێگیراوەکانیان هێنابوو. ژێرئاوەکانی شایەتەت لە ڕێگەی بێتەلەوە هەواڵیاندا کە ئاسایشی کەنارئاوەکە پارێزراوە، یەکسەر پێنج قایەخ چوونە ناو دەریاکە و بیست کۆماندۆی سایەرەتیان بردە کەنارئاوەکە، خاڵی دابەزین زۆر لە سیدی بو زید دوور نەبوو. کۆماندۆکان دابەشی سەر چوار تیم بوون، تیمی A و B بۆ جێبەجێکردنی ئۆپەراسیۆنەکە، تیمی C و D بۆ دابینکردنی پاراستن، جەنگاوەرانی تیمی A و B دەمانچەی برێتای ٢٢ ملیمی بێدەنگ و منی ئوزیان پێبوو، ژمارەیەک ئەندامی تیمی C و D تفەنگ و نارنجۆکیان پێبوو. ئەندامانی

سایەرەت بۆ شاردنەوەی ڕەختەکانیان پاڵتۆی درێژیان لەبەربوو، هەروەها پۆتینی پاڵادیومیان پێدرابوو، ئامێری پەیوەندی کردنیان لەسەریان بەستابوو و هەگبەیەکی بچووکی پڕ لە فیشەک و پێداویستی فریاگوزاری سەرەتایی تێدابوو لەگەڵ دەمامکی دەموچاو شاردنەوە.

ئەو ئێوارەیە شین بێت، فەیاز ئەبو ڕەحمەی خزمی ئەبوو جیهادی دەستگیر کرد کە لە غەززە دادەنیشت، بەڵام دوای چەند کاتژمێرێک ئازاد کرا. لە ڕاستیدا دەستگیرکردنەکە یەک ئامانجی نهێنی لە پشتبوو: تا تەلەفۆن بۆ ئەبوو جیهاد لە تونس بکات تا بەهۆیەوە سیستمی گۆهداری مۆساد و هەواڵگری سەربازی پشتڕاست بن لەو ڕاستییەی کە سەرکردەکەی تیرۆریستان لە شارێکی باکوری ئەفریقایە.

کاتێک کاتژمێری H نزیک بۆوە لە دوا خولەکدا کۆسپێک هاتەڕێ، لە کاتێکدا سایەرەت ماتکاڵ لە کەنارئاوەکانی تونس لەوپەڕی ئامادەییدا بوون، پەیامێکی بە پەلە لە کارمەندێکی مۆساد گەیشت کە لەو ساتەدا ئەبوو جیهاد لە ماڵەوە نییە! بەڵکو لەگەڵ فاروق قەدومی، سەرکردەیەکی دیکەی فەڵەستین لەناو شار لە کۆبوونەوەدایە. بۆیە یەکەکە ناچار بوون چاوەڕێ بکەن. ئەمەش ڕیسکێکی گەورەبوو: یەکەیەکی هێزی بەرگری ئیسرائیل لە کەنارئاوێکی کارکەنار لەناو خاکی دوژمن لەسەر ئاو و ئاگر دانیشتوون کە هەزاران میل لە نیشتیمانەوە دوورە. یەک کاتژمێر و نیوی پڕ لە دەمارگرژی تێپەڕبوو پێش ئەوەی یائلۆن یەک وشەی پێ بگات کە ئەبوو جیهاد بە یاوەری دوو بۆیگارد گەڕاوەتەوە ماڵ کە یەکیان لە دەرەوە لەناو ئۆتۆمبیلەکە ماوەتەوە و ئەویدی لەگەڵیدا چووەتە ژوورەوە. جەنگاوەرانی سایەرەت تاویاندا ناو ئۆتۆمبیلەکانیان و دەستبەجێ بەرەو سیدی بو زید بە ڕێکەوتن و پاشماوە کۆنە ڕەشهەڵگەڕاوەکانی بەندەری قرتاجیان تێپەڕاند کە لێیەوە هانیباڵ لە ڕێگەی دەریاوە بۆ ئیسپانیا دژ بە ئیمپراتۆری ڕۆمانیا هەڵمەتە ئەفسانەییەکەی

کردبوو.

کەمێک پێش کاتژمێر ۲:۰۰ی بەیانی سەربازەکان گەیشتنە شوێنی خۆیان، ئۆتۆمبیلەکەی ئەبوو جیهاد لەبەردەم خانووەکەی ڕاگیرابوو، پاسەوانەکەی لەسەر کورسی شوفێر خەو بردبوویەوە. دوو جەنگاوەر لە ماشێنەکەی نزیک کەوتنەوە، یەکیان خۆی کردبووە ئافرەت، (خانمەکە) یەک بۆکسی گەورە چوکلێتی پێبوو کە دەمانچە بێدەنگەکەی دەستی شاردبۆوە. کاتێک گەیشتنە ئۆتۆمبیلەکە، یەکێکیان گوللەیەکی لەسەری ئێشکگرەکەدا، ئەویدیان بەرەو باخچەی چوار دەوری ماڵەکە جوڵایەوە، ئەوە لە کاتێکدا ئەندامانی تیمەکە بە یارمەتی ئامێرێکی کەمدەنگ دەرگا دارەکەیان شکاند. تیمی A و B چوونە ناو خانووەکە؛ هەر لە نهۆمی خوارەوە کۆماندۆکان ئێشکگرەکەی دیکە و باخچەوانێکی داماوی تونسیان کوشت کە ئەو شەوە لەوێ مابوویەوە، دواتر ئەندامانی تیمی A بەرەو ژووری نووستنی ئەبوو جیهاد و هاوژینەکەی تاویاندایە سەرەوە.

ئەبوو جیهاد هێشتا نەخەوتبوو، کاتژمێرێک زووتر بە ماچ کردن شەوباشی لە حەنانی کچە شازدە ساڵیەکەی کردبوو، دوای جێهێشتنی ژووری کچەکەی، لە نووسینگەکەی دەستی بە نووسینی نامە بۆ سەرکردەکانی ئینتیفازە لە ئیسرائیل کردبوو. بە بوونی ژاوەژاوێک لە دەرەوە تەنگاو بوو، بۆیە دەمانچەکەی گرتبووە دەست(دەمانچە دەسک زیوییە تایبەتەکەی) و بەرەو دەرگا وەرگەڕا. ئوم جیهاد درکی بەوە کردبوو کە چ ڕوودەدات، بۆیە هاواری کرد "ڤێردون، ڤێردون" وەک ئاماژەیەک بۆ شەقامی ڤێردون لە بەیروت، لەو باڵەخانەیەی لە ئۆپەراسیۆنی بەهاری لاوان کە سەرکردەکانی تیرۆریستانی لێ کوژرا.

کاتێک ئەبوو جیهاد دەرگاکەی کردەوە، چەند پیاوێکی دەمامکدار لەبەردەمی وەستاوە و چەکەکانیان هەڵکێشاوە، توانی بۆ لای دیوارەکە پاڵ بە

هاوژینەکەی بنیت و دەمانچەکەی هەڵکێشێت، بەڵام ئەفسەرەکەی بەرامبەری یەک مەخزەنی لێ بەتاڵ کرد و دواتر گشت تیمەکە هەمان کاریان کرد، ئەبوو جیهاد بەربۆوە و کەوتە بەردەم هاوژینەکەی. لە کاتێکدا هێشتا جەنگاوەران تەقەیان لە سەرکردە تیرۆریستەکە دەکرد، ئوم جیهاد بازیدایە لای مێردەکەی و خۆی بەسەر جەستەیدا و لاشەکەی لە باوەش گرت و هاواری لە پەلاماردەران کرد، "بەسە".

تەقەکەران ئازاریان بە ئوم جیهاد و حەنانی کچی نەگەیاند کە بە دەنگی تەقەکان و هەڵکوتانە سەر ژوورەکانیانەوە بە خەبەرهاتبوون، یەکێک بە زمانی عەرەبی لێیخوڕی "بڕۆ لای دایکت!" بەڵام ئەو بە چاوی خۆی بینی هێرشبەران لەسەر زەوی تەقە لە باوکی دەکەن، بۆ ساتێک بەرامبەر یەکێک لە کۆماندۆکان وەستا کە بێ دەمامک خۆی بە ژوورەکەیدا کردبوو، سەیری ڕوخساری کردبوو، گوتی: ڕوخسارێک هەرگیز لە بیری ناچێتەوە کە بە گوللە لەسەری باوکیدابوو. ئوم جیهاد و کچەکەی ئافرەتێکیان بینیبوو کە یاوەری یەکە ئیسرائیلییەکە بوو؛ تەواوی ئۆپەراسیۆنەکەی بە ڤیدۆ وێنە گرتبوو. نیزالی کوڕە دوو ساڵانەکە بە خەبەرهاتبوو و دەگریا، لە سەرروویەوە کۆماندۆیەکی سایەرەت وەستابوو لوولەی تفەنگەکەی لە بنمیچەکە کردبوو، بەڵام هیچ ئازارێکی منداڵەکەی نەدا. دواتر ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەڵەستین بڵاوی کردەوە کە هێرشبەران حەفتا گوللەیان تەقاندووە و پەنجا و دوویان بە ئەبو جیهاد کەوتبوون.

کۆماندۆکان بە پەلەپروزێ ژوورەکەیان جێهێشت و لە پێپلیکەکان هاتنە خوارەوە و پڕیاندایە بەڵگەنامە فەرمیەکان و هەندێ پێپەڕی دیکەشیان دۆزیەوە و قاسە بچووکەی ژووری خوێندنەوەشیان لە دیوارەکە پچڕاند و لەگەڵ خۆیاندا بردیان. لەسەرووی هەموانەوە گوێی لە دەنگی ئافرەتێک بوو بە زمانی فەڕەنسی هاواری لێیان دەکرد، پەلە بکەن: "Allez! Allez!".

ئۆپەراسیۆنەکە کەمتر لە پێنج خولەک درێژەی کێشا، کۆماندۆکان دەرپەڕینە دەرەوە و لەبەر دەرگای ماڵەکە وەستان و لەوێ فەرماندەکەیان دەیژماردن تا دڵنیا بێت کە تەواون. لە پەنجەرەکەیەوە، ئوم جیهاد سەیریانی دەکرد و تا بیست و چوار کەسی ژماردن، دواتر ئۆتۆمبیلەکانیان بەرەو کەنارئاوەکە پێیان پێوەنا، لەناو ئۆتۆمبیلەکاندا کۆماندۆکان سندوقێک خواردنەوە گازییەکانیان دۆزیەوە کە مۆساد بۆیان ئامادە کردبوو، بەلەمەکان لە کەنارئاوەکانەوە چاوەڕوانیان بوون و پێکەوە لەگەڵ کارمەندەکانی مۆساد کە بەشداری ئۆپەراسیۆنەکە بوو چوونە ناو دەریا کراوەکە. کارمەندانی دیکەی مۆساد لە تونس مانەوە و تەلەفۆنیان بۆ پۆلیس کرد کە ئۆتۆمبیلی هێرشبەران بینراون بەرەو شار ڕۆیشتوون.(ئاراستەی پێچەوانەی ڕێگەی دەربازبوون). پۆلیس سەرجەم ڕێگاکانی لە سیدی بو زیدەوە دەچوونە پایتەخت داخستن، سەرۆکی وڵات فەرمانی بە سەرجەم هێزەکانی وشکانی و هەلیکۆپتەرەکاندا و هەروەها فەرمانی داخستنی سەرجەم فڕۆکەخانە و بەندەرەکانیشیدا، جگە لە سێ ئۆتۆمبیلە بە کرێگیراوەکان کە لە کەنارئاوەکان جێهێڵدرابوون، هیچ شوێن پێیەکی ئیسرائیلییەکان نە دۆزرایەوە.

ڕۆژی دواتر ڕووداوەکە بووە مانشێتی سەرەکی میدیای جیهانی؛ هیچ گومانی تێدا نییە، ئەو ئۆپەراسیۆنە لە کاری ئیسرائیل دەچێت. ئەبو جیهاد کوژرا، بەڵام ناوەکەی لە بیر نەکرابوو. چەند ساڵ دواتر هاوژینە بلیمەتەکەی ئوم جیهاد لە حکومەتەکەی یاسر عەرەفات بوو بە وەزیر پاش دامەزراندنی دەسەڵاتی فەڵەستینی و خۆی و کچەکەی باسی غافڵکوژییەکەیان بۆ نووسەران و ڕۆژنامەنووسانی ئیسرائیلی کرد.

بنەماڵەی مریەم بێن یائیر کە لە هەڵکوتانە سەر پاسی دایک کوژرا

ڕاشێلی کچی مریەم بێن یائیر بە چاوی بە فرمێسکەوە گوتی: "کاتێک تیرۆریستێک بەرەو دایکم ڕووی وەرگێرا، دایکم لێی پاڕایەوە و گوتی: مانگی دادێ کچەکەم شوو دەکات، تکایە بە زەبیت پێمدا بێتەوە، بەڵام تەقەی لیکرد و کوشتی. ئەو بە ڕێگەی چوون بۆ ناوەندی لێکۆڵینەوەی ناوەکی بوو کە لەوێ سکرتێری جێبەجێکار بوو، کارتی بانگهێشتی ئاهەنگی زەماوەندی منی لەناو جانتاکەی بوو کە بردبووی بەسەر هەڤاڵەکانیدا دابەشی بکات.

ئلیاهوی هاوسەری بێن یائیر گوتی: هاوڕێکانم لە شەقام منیان بینی و پرسیان، چیە، گوێت لێ نەبووە؟ هێرش کراوەتە سەر پاسی دایک! بە پەلە خۆم گەیاندە نەخۆشخانەی سۆرۆکا، فرێیدای خوشکی خێزانم، کە لەوێ پەرستیاربوو پێی گوتم، تەواو بووە.

حیلانی کوڕی گوتی؛ دایکم، ئافرەتێکی جوان بوو، زۆر کەیفخۆش بوو، زمانی فەڕەنسی بە باشی دەزانی، لەو ڕۆژەی فەڕەنسییەکان ئەو کورەیان دروست کردبوو، ئەو لە ناوەندی لێکۆڵینەوەی ناوەکی کاری دەکرد. خێزانەکەی هەموو دنیای بوو، هیوادار بوو ڕۆژێک بێت واز بهێنێت و نەوەکەی گەورە بکات، بەڵام نەیبینی کە مرد تەمەنی تەنیا چل و شەش ساڵ بوو.

ئیلیاهو: ژەنەڕاڵ ئیسحاق مۆردەخای سەرەخۆشی لێکردین و هەموو ڕۆژ سەردانی دەکردین و قسەی لەگەڵدا دەکردین و وەک ئەندامێکی خێزانەکەمان وابوو.

ڕاشێل: ئێمە دەمانزانی ئەبوو جیهاد لە کوشتنەکەدا بەرپرسیارە، مردنی هەناسەیەکی ئاسودەی پێ بەخشین، بەڵام ئازارەکەمان وەک پێشتر هەر بە قوڵی و توندی دەمێنێتەوە.

ئێـــران دابیـــنکەری ســـەرەکی چەکە بە تـــایبەتی مووشـــەک بە ڕێکخـــراوە تیرۆریستەکانی غەززە، لەگەڵ ئەوەشدا لەبەرچاوی جیهـانی دەرەوە خـۆی بـێ گوناە دەردەخا، چونکە بارە چەکەکان لە سودان دەهێنرێنە خـوارەوە، دواتـر لە ڕێگەی سینای مسـرەوە یـان لە ڕێـگەی نۆکەنـدی سـوێس بـۆ ئاوەکـانی غەززە دەنێردرێن کە بەم دوایـیە ژێرئـاوە عەرەبە خۆجێیەکـان چاکیـان کـردۆتەوە. لە دواترین کەیسدا کۆمانـدۆکانی ئیســرائیل لە ئـاداری ٢٠١٤دا دەسـتیان بەسـەر بەلەمی کلۆس سیدا گرت کە بارە مووشەکی هەڵگرتبوو. بەناوبـانگترین ئەرکـی لەم جۆرە دەست بەسەردا گرتنی بارە چەکی کەشتی کارینا ئەی بوو.

# پاژی بیست و سێ
# کەشتییەکە لە کوێیە، ٢٠٠٢

کاتژمێر ٣:٥٨ی سەرلەبەیانی ٣ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٢، دوو بەلەمی چووپ لە جۆری مۆنیا لە تەنیشت کەشتی کارینا A دەڕۆیشتن کە بەرەو کەنداوی سوێس ڕێگەی گرتبوو، بە هۆی فلاشێکی ئەلیکترۆنییەوە، یەکەی کۆماندۆ ١٣ی ناو مۆریناکان بە چووستی لەناو بەلەمەکەوە سەرکەوتنە سەر کەشتیەکە، لە پڕ هەلیکۆپتەرەکان لە سەر سەریان دەرکەوتن و لە ڕێگەی پەتی هێرشەوە جەنگاوەری زیاتر بە خێرایی و بێ بەکارهێنانی چەک دابەزینە سەر کەشتییەکە و بەملاو بەولادا بڵاوەیان کرد. دەستبەجێ دەستیان کرد بە سۆراغکردنی ئەو بارە چەکەی کە لە ئێرانەوە بۆ دەسەڵاتی فەلەستین نێردرابوو.

هاوکات فڕۆکەی جەنگی هێزی ئاسمانی ئیسرائیل لەسەریان دەسوڕایەوە؛ هەلیکۆپتەری سیکۆرسکی کە ئەندامی یەکەی ٦٦٩ و تیمی ڕزگارکەری هێزی ئاسمانی هەڵگرتبوو، فڕۆکەیەک بۆ کۆکردنەوەی زانیاری هەواڵگری و وێنەی چاودێری و تێکردنەوەی بەنزین، بۆینگێکی ٧٠٧ وەک فەرماندەی ئۆپەراسیۆن بۆ شاوڵ مۆفاز، سەرۆک ئەرکان، یەدیدا یائیر، فەرمانددەی دەریاوانی، دان

هەوتز، فەرماندەی هێزی ئاسمانی و ژمارەیەک ئەفسەری باڵا بۆ نزیکەی دوو کاتژمێر لە ئاسمان مانەوە بۆ ئاگاداربوون کە لەسەر زەوی چ دەگوزەرێت. ئەفسەرێکی باڵا گێڕایەوە و گوتی: "گەشتێکی درێژ بوو، سێسەد میل لە کەنارئاوەکانی ئیسرائیل دووربوو، فڕۆکەکە قەرەباڵغ و سارد بوو."

تا دوا خولەکیش فەرماندەکانی ئەرکەکە دەترسان بەهۆی خراپی سەقا پەلامارەکە هەڵوەشێتەوە. شەپۆڵەکان نزیکەی دە پێیەک بەرز ببوونەوە، خێرایی با لە کاتژمێرێکدا نزیکەی چل میلێک دەبوو، ئاخر لەوەها سەقایەکدا سەوڵ لێدان کارێکی سەختبوو، تەنانەت کاری گواستنەوەی پەتەکە لە هەلیکۆپتەرەوە بۆ سەر پشتی کەشتییەکە قورستر دەبوو، بەڵام بە پێی سەرچاوەیەکی تەواو باوەڕپێکراو کارینا A بەرەو نۆکەندی سوێس لە دەریای سوور بوو، پێویستبوو هێزی بەرگری ئیسرائیل بۆ دەست بەسەرداگرتنی کەشتییەکە پێش ئەوەی بگاتە شوێنی خۆی ئەوەی لە توانایدایە بیکات.

جێگری ئەدمیراڵ، ئیلی ماروم(چینی)، نەخشەداڕێژەر و فەرمانداندەی مەیدانی کە لە لایەن پسپۆڕێکی لێهاتووی چاودێری سەقا یارمەتی دەدرا، تێگەیشتبوو ئەگەر چاوەڕێ بکەن کەشتییەکە بگاتە ئەو خاڵە بنەڕەتییەی لە پلانەکەدا بۆ ڕێگەگرتنی دیاریکراوە کە نزیکەی بیست و پێنج میل لە باشوری شەرم شێخ دووربوو، ڕەشەباکە دەگاتە ئەوپەڕی هێزی خۆی. دوای هەڵسەنگاندن و حساباتی زیاتر بڕیاریدا هێزەکەی بۆ خاڵێک بڕوات کە ١٥٠ میل لە باشوری کەنداوی سوێس دووربوو، واتە دووجار هێندەی ئەو شوێنە لە ئیسرائیل دوورترە کە پێشتر دیاریکرابوو. ئەفسەرانی شایەتەت کە گوێیان لەو پێشنیارە بوو، پێیان وا نەبوو ئەمە بکرێت، هەرچەندە ڕیسکی زیاتربوو، هەروەها لە بەشکردنی ئەو بەنزینە دڵنیا نەبوون کە هەلیکۆپتەر و بەلەمەکان هەیانە، بەڵام چینی مکوڕبوو و پێشنیاری کرد جەنگاوەران لەگەڵ خۆیاندا بەرمیلێکی سووتەمەنی ببەن بۆئەوەی لە دەریاوە بەنزین تێبکەنەوە و ئەو

هەلیکـۆپتەرانەی نـاتوانن زۆر لە ئاسـمان بخـولێنەوە بـۆ بەکارهێنـانی بە دەسـتهێنانی کـات هەمـاهەنگی تەواو لەگەڵ هێـزی دەریـایی بـکەن، بەمەش ئەرکەکە دەستی پێکرد.

چینـی کـوڕێکی مۆشـاڤی تەمەن چـل و حەوت سـاڵیبوو، بـاوکی کاتێـک نازییەکان دەسەڵاتیان گرتە دەست ئەڵمانیـای جێهێشـت و لە چـین نیشـتەجێ بوو، لەوێ خـاتوو چـای لـی مـارە کـرد کە کچـی ئـافرەتێکی جـووی ڕووسـی و باوکێکی چینی بوو. ئەو ژن و مێردە بۆ ئیسـرائیل کۆچیان کرد و چای لی نـاوی خـۆی کـرد بە لیـا، لەبەر شـێوەی چاوەکـانی هەڤاڵەکـانی لە ئەکادیمیـای ئەفسـەرانی دەریـایی نازنـاوی چینیـان پێـدا، لەبەر ڕوخسـارە ئاسـاییەکەی ڕۆژنـامەیەکی ئەمەریکـی بە ئەدمیـراله ئیسـرائیلییە چینیـیەکە نـاوی بردبـوو، خۆشی بە ئەفسەرە نایابەکە بەناوبانگ بوو. یەکێک لە هەڤاڵە دێرینەکـانی لە دیمانەیەکـی ڕۆژنامەوانیـدا گـوتی: "ئەو ڕاسـتییەی وای کردبـوو چینـی جیـاواز بێت، ناچاربوونی بوو هەمیشە وا پیشان بدات کە باشترە و زۆر بە خێرایی بـوو بە یەکێک لە هەرە باشەکان."

شـەوی پـێش ئۆپەراسـیۆنەکە بـۆ کـۆکردنەوەی زانیـاری فرەچەشـن و ئامادەکاریی ماوەیەکی ئـاڵۆز بـوو. هەمـوو کـارەکە ئەو دەمە دەسـتی پێکـرد، کاتێک هەندێ ڕاپۆرتی زۆر نهێنی ڕادەستی بارەگای سەرەکی هەواڵگری هێـزی بەرگری ئیسـرائیل کرا کە تایبەت بە پرسی بە قاچـاغ بردنـی چەک لە ئێـران بـۆ کەرتی غەززە بوون. ئەمە یەکەمجار نەبوو فەڵەستینییەکان لە ڕێگەی دەریا بۆ غەززە هەوڵی بە قاچاغ بردنـی چەک بـدەن. لە ئایـاری ٢٠٠١ هێـزی دەریـایی ئیسـرائیل دەستیان بەسەر سانتۆرینیدا گرت کە بەلەمێکی بچووک بوو، کاتێـک لە بارەگـــایەکی حزبـــوڵڵاوە لە لوبنـــان بەرەو غەززە دەچـــوو: لەناویـــدا ئیسـرائیلییەکان کۆگایەکی چەکیان دۆزیەوە: مووشەکی سـترێلای ڕووسـی بـوو کە فەڵەسـتینییەکان دەیانویسـت فڕۆکەکـانی هێـزی ئاسـمانی ئیسـرائیلی پـێ

بێخن. ئەمەش بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگر بوو کە یاسر عەرەفات کەسێکی دوو مەوج بـوو، لەلایەک لەگەڵ سـەرکردەکانی ڕۆژئـاوا باسـی ئاشـتی دەکـرد، لە لایەکی دیکەوە بە عەرەبی باسی لە جیهاد دەکرد.

ئەم دۆزیـــنەوەیە هۆشـــداری بە دەزگـــای هەواڵگـــری ئیســـرائیلدا: کە فەڵەستینییەکان پارەیەکی زۆریان بۆ کڕینـی کـۆنە کەشـتییەک داوە. سـەرۆکی هەواڵگری هێزی دەریایی گێڕایەوە و گوتی: "ئـێمە دەمـانزانی کەشـتی نـاوبراو بۆ ئەرکێک ئەو هەموو پارەیەی پێدراوە، بەڵام بـۆ شـاردنەوەی چالاکییەکانیـان هەمـوو شـتێکیان کردبـوو. ئەوان بە بەکارهێنـانی تەکنۆلۆژیـای تـایبەت وەک ئەرکێکی نهێنی هەڵسوکەوتیان دەکرد."

دەستبەجێ چالاکوانانی هەواڵگری کەوتنە تاقیـب کردنـی چـالاکی ئەوانەی لە کڕین و مامەڵەی کەشتییەکە بەشداربوون و بە دوای هەر زانیارییەک گەڕان کە ڕەنـگە گرێـی مەتەڵـی کەشـتی کارینـا A یـان بـۆ بکـاتەوە. لە سـەرەتای دیسـێمبەر پـارچە وێـنەی ئۆپەراسـیۆنێکی فەڵەسـتینییەکانیان کـۆکردەوە: لە هـاوینی ۲۰۰۱ کەشـتییەکە لە لایەن فەڵەسـتینییەک کـڕدراوە کە  فرەکۆمپانیـا بەکاردەهێنێـت. فەڵەسـتینییەکان لە ترسـی دۆزیـنەوەی لە لایەن مۆسـاد یـان ڕێکخراوە هەواڵگرییەکانی دی ناوی کەشتییەکەیان لە ڕیم کردبـووە کارینـا A، بەڵام مۆسادە چاو هەڵۆکان کەشتییەکەیان بینی لە لوبنانەوە بۆ پـۆڕت سـودان دەڕوا و لەوێ برنج، جلوبەرگ، یاری منداڵان و  پێداویستی ناوماڵی لـێ بـارکرا، بەڵام شـوێنێکی زۆریـش بـۆ ئەو چەکـانە هێڵـدرابۆوە کە لە دورگەی کیشـی کەنارئاوەکـانی ئێـران لە چـاوەڕوانی کەشـتییەکەدا بـوو. لە تـاریکی شـەودا پاپۆڕێکی ئێرانی هەشـتا کـۆنتێنەری بـارکردە نـاو کارینـا A، کە هەر یەکێکیـان نزیکەی هەشت سەد پاوەند چەکی هەڵگرتبوو.

تـاخمی پـاپۆرەکە کە بە فارسـی دەدوان لیسـتێکی تـایبەت بە نـاوەخنی کـۆنتێنەرەکە و ڕێنماییەکـی روونـی تەواوی گەشـتەکەیان ڕادەسـتی کـاپتنی

کەشتی کارینا A کرد. چەکەکان لەناو هەشتا کۆنتێنەری تۆکمەی سەرمۆری سەرئاو کەوتوو بارکران کە لە لایەن پیشەسازی ملیتاری ئێرانەوە دروست کرابوون. کاتێک کارینا A لە غەززە نزیک بۆوە، تاخمی کەشتییەکە کۆنتێنەرەکانیان فڕێدایە ناو ئاو، هەر کۆنتێنەرێک کونێکی بۆ ئاو یان هەوا تێدا بوو، کاتێک کونەکە پڕ لە ئاو دەبوو، کۆنتێنەرەکە نقوم دەبوو، دواتر ژێرئاوێک دەچوو و سویجەکەی بادەدا و هەوا جێگەی ئاوەکەی دەگرتەوە و کۆنتێنەرەکە سەرئاو دەکەوتەوە. لەم قۆناغەدا بەلەمی بچووک دەچوون و کۆنتێنەرەکانیان دەهێنانەیەوە کەنارئاوەکانی غەززە، دواتر لە لایەن پۆلیسی فەڵەستین کۆدەکرانەوە و بۆ تیرۆریستان دەهێنران.

دوای ئەوەی کەشتییەکە بار دەکرا، دەستی بە گەشتە بنەڕەتییەکەی دەکرد. هەرچەندە بە هۆی کێشەی تەکنیکییەوە ناچار بوو بۆ ماوەی دە ڕۆژ لە بەندەری حودەیدییەی یەمەن لەنگەر بگرێت. ئەم لەنگەرگرتنە کاتێکی ژیاری بۆ پلاندانان و ئامادەکاریی دەست بەسەرداگرتنی کەشتییەکە بە هێزی بەرگری ئیسرائیل بەخشی.

لە نووسینگەی شاوڵ مۆفاز، سەرۆکی ئەرکان گفتوگۆیەکی گەرموگوڕی لەگەڵ فەرماندە بەشداربووەکانی شایەتەت، هێزی ئاسمانی و کەسایەتییە هەواڵگرییەکان دەستی پێکرد، نەخشەکان بڵاوکرابوونەوە و پلانی ئۆپەراسیۆنەکە پێشکەش کرا؛ هەموو دەیانزانی ساتی خولگەیی نزیک بۆتەوە.

مۆفاز لە یەکێک لە کۆبوونەوەکان پرسیاری کرد: چ ناوێک لە ئۆپەراسیۆنەکە دەنێن؟

سەرۆکی فیرقەی ئۆپەراسیۆنی دەریایی وەڵامی دایەوە: کەشتی نوح.

مۆفاز بە زەردەخەنەوە: ناوێکی جوانە.

بەر لە گەیشتن بە دوا بڕیار، چینی بۆ سەرۆکی ئەرکانی ڕوونکردەوە

"هەموو شتێک لەسەر دۆزینەوەی کەشتییەکە وەستاوە. کاتێک دۆزیمانەوە، گشت شتەکانی دی تەنیا خشتەن.

مۆفاز هێشتا نارەحەت بوو، لە چینی پرسی: ئایا تۆ لەسەر یەکێک لە بەلەمە ئێشکگرەکان دەبیت؟

بەڵێ

تۆ دەزانی چۆن چارەسەری هەموو زانیارییە هەواڵگرییەکانی پەیوەست بە کەشتییەکە دەکەیت؟

بەڵێ

هەمدیس دەتوانی بە شێوەیەکی ئەرێنی بزانیت چ لەناویدا هەیە لەگەڵ ڕەهەندەکانی؟

بێ گومان

ئایا قەت لە گەرووی تیران بوویت؟

زۆرجار

ئێستا، دواتر چۆن لە گەرووی تیران کەشتی سەوڵ دەکەیت؟

زۆر زەحمەت نییە، هەموو ئەوەی دەمانەوێ بیزانین، چۆنیەتی کار پێکردنی ماشێنی کەشتییەکەیە.

مۆفاز هەڵوێستی خۆی پوخت کردەوە و گوتی: "من ناتوانم ڕیسک بە شکستی ئەم ئەرکە بکەم. ئەگەر دەزانن بارودۆخی دەریا وایە کە ناتوانرێت بکرێت. پێویستە بوەستن و جارێکی دی بیر بکەنەوە یان بە کاتی هەڵیدەسپێرین و چاوەڕێ دەکەین، بڵی بۆ ڕۆژێک یان لێ دەگەڕێین کەشتییەکە بە ڕێی خۆیدا بڕوات.

چەند ڕۆژێک پێش ئۆپەراسیۆنەکە، تیمەکە سەردانی ماڵی ئاریئـل شـارۆنی سەرۆک وەزیرانـی کـرد و وردەکـاری ئەرکەکەی پێشـکەش کـرد. شـارۆن گـوێی ڕادێـرا، پرسـیاری کـرد و داوای کـرد چاوێـک بە نەخشـەکە بخشـێنێ و پەسـنی بوێری ئۆپەراسیۆنەکەی کرد. دواتر یەکێک لە ئەندامانی شـایەتەت گێـڕایەوە و گوتی: "پاشان مۆڵەتیدا و ئەو ئاگادارییەشیدا کە سەرکەوتنی ئەرکەکە پشـت بە هەمـــاهەنگی پـــوختی نێـــوان کۆمانـــدۆکانی شـــایەتەت و فڕۆکەوانـــی هەلیکۆپتەرەکان دەبەستێ کە لە کـام خـاڵەوە دادەبەزن، "ئەمە وەک بـازدانی ناو لۆرییە لە ڕێگەیەکی پێچاوپێچدا"

هێشـتا هەنـدێ پـرس بە چارەسـەر نەکـراوی مـاوەنەتەوە: ئایـا تـاخمی کەشـتییەکە چەکـدارن؟ ئایـا چەکە شـاراوەکان بـۆمبڕێژن یـان تەوقیتکـراون بۆئەوەی لە دوورەوە بە ڕیمۆت کار بکات؟ ئایا چەکداری فەڵەسـتینی تێـدایە؟ ئەرکەکە خوێناوی دەبێت ئەگەر چەکداری فەڵەستینی کەشتییەکە بپـارێزن؟ بە مەبەسـتی چارەسـەرکردنی هەمـوو حـاڵەتێکی تەنگـانەیی بڕیاریـدا دکتـۆر و فریاگوزارانی شایەتەت دەبـێ بەشـێک لە تیمـی دەسـت بەسـەردا گـرتن بـن و هەلیکۆپتەرێکیش بۆ کاتی پێویست هەموو پێداویستییەکی نەشـتەرگەری تێـدا بێت.

شـــەوێک، بە مـــاوەیەکی کـــورت پـــێش ئەرکەکە، ســـەرۆک ئەرکـــان و فەرمانـدەکانی ئۆپەراسـیۆنەکە سـەیری پرۆڤەکەیـان دەکـرد کە کۆمانـدۆکانی شایەتەت بە دوو هەلیکۆپتەر هەڵیانکوتایە سەر کەشـتییەکی بازرگـانی، مۆفـاز زۆر لە مەشـــقەکە ڕازیبـــوو، دواتـــر کۆمانـــدۆکان ڕۆیشـــتنە ئـــیلات و لەوێ چاوەڕوانی هەڵکردنی گڵۆپی کەسک بوون، بەڵام مۆفاز و پسپۆرانی هەواڵگری هێشـتا بە دوا پرسـیار سـەرقاڵبوون: کەشـتییەکە لە کـوێیە؟ بـۆ نەتـوانراوە شـوێنەکەی بـدۆزرێتەوە؟ ئەوان لەوە بێگومـان بـوون کە کەشـتییەکە بەرەو کەنداوی سوێس بە ڕێـگەیە، بەڵام دوا ناسـنامەی بـزرە. چەنـد ڕۆژێـک دواتـر،

ڕێک لە ١ی جێنیوەری ٢٠٠٢، سەرۆک ئەرکان هەواڵێکی پێگەیشت کە شوێنی کارینا A دەست نیشان کراوە و چل میل لە باکوری جدەی عەرەبی سعودیایە، واتە چوار سەد میلێک لەو ناوچەیە دوورە کە بڕیارە پلانی دەست بەسەردا گرتنەکەی لێ جێبەجێ بکرێت، لە دوا ڕاپۆرت ئاماژە بەوە درابوو کە ناوی کارینا A زۆر بە ڕوونی لەسەر لاشەی کەشتییەکە بە زەقی نووسراوە.

بەرەبەیانی ڕۆژی D Day یەکەی هەمەچەشن بەرەو شوێنەکانیان جوڵانەوە، چینی سواری دۆڤارای بەلەمی ئێشکگریبوو، لە کاتێکدا ڕام ڕۆتنبێرگی فەرماندەی شایەتەت لەگەڵ جەنگاوەران سواری هەلیکۆپتەر ببوو. نزیکەی دوو کاتژمێر بەر لە H-Hour، مۆفاز و ئەفسەرانی هێزی دەریایی و هێزی ئاسمانی سواری بۆینگێکی تایبەت بوون و بەسەر ناوچەی دەریای سوور فڕین کە دەست بەسەردا گرتنەکەی لێ دەکرێتەوە.

تەنانەت بەر لە دست پێکردنی ئۆپەراسیۆنەکە، سەرنشینانی بۆینگەکە چاویان لە سکرینی چاودێری بڕیبوو و سەیری چینی و فەرماندەی تیمەکەیان لەناو دەریا دەکرد کە هەوڵی ناسینەوەی کارینا Aیان دەدا کە دواجار لەسەر ڕادار لە دووری بیست میل لە خاڵی دەست بەسەردا گرتنەکە لە ناوەڕاستی کۆمەڵێک کەشتی وەدەرکەوت. بە بەکارهێنانی جۆرەها نیشانە هەوڵیاندا بزانن کامە کەشتی کارینا Aیە، بەڵام تێیدا سەرکەوتوو نەبوون. فڕۆکەیەکی ئێشکگری هێزی ئاسمانی ئیسرائیلیش لەبەر چڕی تەمی سەر ڕووی ئاوەکە نەکاری ناسنامەی ئامانجەکە دیاری بکات، کەشتییەکی بچووکی جەنگی هێزی دەریایی خۆی لە گرووپە کەشتییەکە نزیک کردەوە، بەڵام بۆئەوەی نەناسرێتەوە چینی بە کەشتییەکی ئێشکگر لە پێشەوە و یەکێکی دیکەش لە دواوە و بەلەمە چوپەکەش لە ناوەڕاستدا بوو کە لە دوورەوە وەک یەک کەشتی گەورە دیاربوو.

لەناو بەلەمەکان و بۆینگەکە گرژیی پەرەی دەسەند و دەرفەت کورتر

دەبوویەوە، چونکە پێویستبوو بۆ کاتژمێر ٤:١٥ی بەیانی ئەرکەکە تەواو بـکەن؛ لەبەرئەوەی باڵەفڕەکان یەک خـولەک لەوە زیـاتر نەیانـدەتوانی لە نـاوچەکەدا بمێننەوە.

چینی لە حساب کردنی کات و پرسە جیۆگرافییەکـان بەردەوامبـوو، دواجـار بڕیاریدا کاتژمێر ٣:٤٥ ئۆپەراسیۆنەکە دەست پێ بکات.

ئەفسەرێکی شایەتەت پرسیاری کرد: کەشـتییەکە لە کـوێیە؟ ئەو نەفـرەتییە خۆی لە کوێ ون کردووە؟ ئایا بۆی دەرچووە؟

لە ناکـاو دەوروبەری ٤:٥ میـل دوور، ئەفســەرێکی هەواڵگـری شـایەتەت کەشتییەکەی بە چڕەدوکەڵێک و سێ کرێن و چارۆگەیەک لە ناوەڕاسـتیدا بینـی کە ئەمانە تایبەتمەندی بەرچاوی کارینا ئەی بوون، هەر زوو ڕاپۆرت بە زنجیری بارەگـای فەرمانـدە سـەرکەوت و شـادی دۆزیـنەوەی کەشـتییەکە ئەو نـاوەی داگرت.

کاتژمێر سێ و چل خـولەک بـوو، بـۆ زیـاتر نزیـک بـوونەوە لە کەشـتییەکە دەسـتیان بە جـوڵە کـرد و بەرە بەرە باشـتر دەردەکەوت، هێزەکـانی ئیســرائیل خێراییان زیاد کرد و تەواو لێی نزیک بوونەوە، ڕێک لە تەنیشـتی بـوون. شـاوڵ مۆفـاز جـارێکی دی داوای ڕوونکـردنەوەی کـرد، "ئەوە کەشــتییەکەیە، ئەوە کەشـتییەکەیە" لە خـوارەوە وەڵام درایەوە. سـاتی بڕیـاردان نـزیکە، هەمـوو ئەفسەرە باڵاکانی نـاو بـۆینگەکە بە سـکرینەکانیان چەسـپ ببـوون کە لەوێـوە چاویان لەسەر دەست بەسەرداگرتنەکە بوو، پرۆسەکە بە یەکێک لە فیلمەکـانی هۆلیود دەچوو.

کــاتژمێر چــوار لە ڕێــگەی کەشــتییە جەنگییەکــانەوە ئامــاژەی فلاشـــی ئەلیکترۆنی گەیشت کە ئاماژەی هەڵکردنی گلۆپی کەسـک بـوو بـۆ هەڵکوتـانە سـەر کەشـتی نـوح و دەلحـاز ئۆپەراسـیۆنەکە دەسـتی پێکـرد. لە سـەرەوە

ئەفسەرانی ناو بۆینگەکە جەنگاوەرانی شایەتەتیان بینی چۆن لە دەریا و ئاسمانەوە هەڵیانکوتایە سەر کارینا A و تاخمە سێزدە کەسییەکە حەپەسان کە زۆربەیان خەوتبوون. بەمەیش تێگەیشتن کە بێ تەقە لەسەر کەشتیەکە شوێن دەگرن و فەرماندەکانی شایەتەت دەناسنەوە کە بە دوای چەک دەگەڕێن. لە هەمووی گرنگتر کە مایەی باوەڕکردن نەبوو، ئۆپەراسیۆنەکە تەنیا حەوت خولەکی خایاند.

لەناو بۆینگەکە بە ئاشکرا گوێت لە هەناسەی ئاسودەیی دەبوو، مۆفاز، سەرۆک ئەرکان بە پەلە پەیوەندی بە ئەفسەرانی خوارەوە کرد و پیرۆزبایی لێکردن: 'ئێوە کارێکی نایابتان ئەنجامدا، لە سەرەوەڕا زۆر سەرسوڕهێنەر بوو. قۆناغی دادێ چییە؟"

کۆڵۆنێل ڕام نۆتنبێرگ وەڵامی دایەوە: "ئێمە دەست بەسەردا گرتنەکەمان تەواو کرد و هێزەکانمان کێوماڵ دەکەن."

مۆفاز پرسیاری کرد: ئایا شتێکتان دۆزیەوە، هەروەها پێداگیر بوو لە گەڕان بە دوای دۆزینەوەی چەک تا بۆ جیهان و ویلایەتە یەکگرتووەکان بە تایبەتی دەرکەوێت کە یاسر عەرەفات بە کردەی هێنانی چەک بە قاچاغ لە ئێران بۆ دەسەڵاتی فەڵەستینی سەرقاڵە.

فەرماندەکە وەڵامی دایەوە: "تا ئێستا هیچمان نە دۆزیوەتەوە، ئێستا دەچینە خوارەوە بۆ ئەمبارەکان، هەر کاتێک شتێکمان دۆزیەوە هەواڵت لێ دەگێڕینەوە."

چینی کە تازە چووبووە سەر کەشتییەکە لەگەڵ فەرماندەی شایەتەت بەرەو لای کارگۆکە ڕایکرد، لایتێکی لێدا، بەڵام چی نەدۆزیەوە، چەند خولەکێک بەسەر گەڕانیان تێپەڕی، بەڵام لە کیسە برنج، باڵە جل و یاری منداڵان زیاتر هیچی دیکەیان نەبینی، یەکێک لەوانەی دەگەڕا بە خەمبارییەوە گوتی:

"نەمانتوانی هیچ ببینینەوە نە چەک نە هاوەن." بۆ ساتێک گومان کەوتە ناو دڵمان: ئایا دەبێت ئەوە کەشتییە دروستەکە بێت؟ ئایا ئۆپەراسیۆنی کەشتی نوح شکستی هێنا؟ ئایا لە پێناو هیچدا ژیانی خۆیان خستۆتە مەترسی؟

دواتر مەسەلەکە وەرچەرخا، لە لێکۆڵینەوەیەکی خێرا و تووندا لەگەڵ کاپتن عومەر عەکاوی، کارمەندی وەزارەتی گواستنەوەی فەڵەستین، ئەنجام وەدەستهات. کۆماندۆیەکی شایەتەت کە کوڕێکی توونـد بوو، بێ هیچ ڕێزگرتنێک ڕایوەشاند و دانپێدانانەکە زۆر درێژەی نەکێشا، دواجار عەکاوی گوتی "لە ئەمباری پێشەوەیە."

لێیتونانت کۆڵۆنێک گی گێڕایەوە: " کۆماندۆکان ڕایانکردە لای کەوانەکە، سەرەتا وامان بیرکردەوە ئێمە هیچمان نەدۆزیوەتەوە، بەڵام یەکەم سندوق، دواتر دووەممان دۆزیەوە و هەستی شانازی بەسەرماندا زاڵبوو، چونکە یەکەمجاربوو ئەو بڕە چەکە بگرین، هەر کاتیوشایەکمان دەدۆزیەوە دەبووە چەپڵەڕیزان و کوڕەکان لە خۆشیان هەڵدەپەڕین."

سەربازەکان کەشتییەکەیان بەرەو کەنداوی ئیلات برد. یەکێک لە کۆماندۆکان ڕایکردە لای ئەفسەرەکەیی و گوتی: ئێمە دەمانەوێ ئاڵای ئیسرائیل بەرز بکەینەوە.

ئەفسەرەکە وەڵامی دایەوە: بەڵام ئێمە هیچ ئاڵایەکمان پێ نییە.

کۆماندۆکە گوتی: هەمانە، من لەگەڵ خۆمدا لەماڵەوە ئاڵایەکم هێناوە.

چەند کاتژمێرێک دواتر کەشتی کارینا A بە ئاڵای ئیسرائیلەوە لە ئیلات لەنگەری گرت. لە ئەنجامی گەڕانە بەرنامەڕێژەکەدا، دەرکەوت کەشتییەکە شەست و چوار تۆن چەکی بارکردبوو کە لە مووشەکی کاتیوشا، ساگەری دژە تانک، هاوەنی ئیسرائیلی (کە پێش هاتنە سەر دەسەڵاتی خومەینی بە ئێران درابوو)، قازیفە، مووشەکی ڕەعد، تفەنگ و مینی زەوی جۆراوجۆر پێکهاتبوو.

ئەفسەرێکی باڵا بە گاڵتەوە گوتی: "ئەمانە هەمووی تایبەت بە کاروباری ناوخۆی ئێران بوون، چونکە لە لایەن ئێرانییەکانی خۆمان، مۆفاز و هالوتز بە ئێرانییەکان درابوو (هەردوو ئەفسەرەکە بە بنەچە ئێرانی بوون)".

ڕۆژی دوای ئۆپەراسیۆنەکە، شارۆنی سەرۆک وەزیران لە کێڵگەکەیدا پێشوازی لە ژەنەڕاڵی ئەمەریکی ئەنتۆنی زینی کرد، لە کۆتایی دیدارەکەدا بە ئەنتۆنی گوت، "کاتێک ئەمڕۆ یاسر عەرەفات دەبینی، دەتوانی پێی بڵێیت با لەبارەی چارەنووسی بارە چەکی کەشتیی کارینا A تەنگاو نەبێت، ئێمە دەستمان بەسەردا گرتووە و لەناو دەستماندایە."

دوای بڵاوکردنەوەی چیرۆکەکە، بۆ ماوەیەکی درێژ ویلایەتە یەکگرتووەکان پەیوەندییەکانی لەگەڵ دەسەڵاتی فەلەستیندا پچڕاند. سەرۆک بوش گڕی گرت کە زانی عەرەفات درۆی لەگەڵدا کردووە، ئەمەش یەکێک لە هۆکارەکان بوو کە ئەمەریکا ڕەزامەندی لەسەر ئۆپەراسیۆنی قەڵغانی پارێزیدا.

شاوڵ مۆفاز، دواتر سەرۆک ئەرکانی هێزی بەرگری ئیسرائیل، پاشتر وەزیری بەرگری

"چیرۆکی کارینا A، لەپاڵ دابینکردنی پەنجا تۆن چەکی ئێران بۆ فەلەستینییەکان، جۆرێک لە ڕێککەوتنیش لە نێوانیاندا هەبوو کە فەلەستینییەکان لە بەرامبەر ئەو چەکەی لە ئێرانییەکان وەریدەگرن، لە چوارچێوەی دەسەڵاتی فەلەستیندا جێ پێیەک بە ئێران بدات، گرنگیەکەشی ئەوە بوو پاسداران بچنە ناو شارەکانی بەری ڕۆژئاوا.

کاتێک ئێمە زانیاری هەواڵگریمان لەوبارەوە پێگەیشت، ڕوون بوو لەپێناو گرتنی ئەو بارە چەکە دەبێت دەست بەسەر ئەو کەشتیەدا بگرین و وەک

سـەرکردەیەکی تیرۆریسـت ڕووی ڕاسـتەقینەی عەرەفـات بـۆ جیهـان ئاشـکرا بکەین.

دوای ئۆپەراسیۆنە سەرسوڕهێنەرەکەی شایەتەت و هێزی ئاسمانی، ئەریـک شارۆن بڕیاریدا بمنێرێتە کۆشکی سپی تا ئەو زانیارییە هەواڵگریانەی دەستمان کەوتبوو پێشکەشـی کۆنـدالیزا ڕایسـی ڕاوێژکـاری ئەمنـی قەومـی بـکەم بـۆ بە ئاشـکراکردنی ڕێککەوتنـی نێـوان عەرەفـات و ئێرانییەکـان. کاتێـک سـەیری بابەتەکەی کرد حەپەسا و یەکسەر ڕایکردە لای سەرۆک بوش، داوای کرد ئەگەر بتوانم لە واشنتۆن بمێـنمەوە، لە وەڵامـدا گـوتم: نـاتوانم لەبەرئەوەی ئینتیفـازە لەوپەڕی خراپیـدایە. ئەم زانیاریـانە بـووە هـۆی ڕاگەیانـدنە بەناوبـانگەکەی سەرۆک بوش کە دەسەڵاتی فەڵەستینی ڕێکخراوێکی تیرۆریستییە.

کێشەی ناوەندی ئۆپەراسیۆنەکە ناسینەوەی کەشتییەکە بوو، چونکە ترسـی ئەوە هەبوو ئەگەر سەدا سـەد نەتـوانین بیناسـینەوە، ڕەنـگە بە هەڵە کەشـتی وڵاتێکی دی بگرین، ئەمەش کێشەی گەورەی بۆ دروست دەکردین. سەرەنجام، کاتێک سواری فڕۆکەی بۆینگی بارەگای فەرماندە بووم، یەکەم شت کە پرسیارم لەبارەیەوە کرد، بینینی کەشتییەکە لەسەر ڕادار بوو."

ســاڵی ١٩٩٣، بە ئومێــدی گەیشــتن بە ڕێگەچــارەی ئاشــتی، ئیســــرائیل و ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەڵەستین ڕێککەوتنی ئۆسلۆیان واژوو کرد. بەداخەوە، ڕێککەوتنەکە شکستی هێنا و شەپۆلێکی نوێی تیرۆریستی سەرتاپای ئیسـرائیلی گرتەوە. دوای زیادبوونی کردەی خۆکوژیی فەڵەسـتینییەکان، شـارۆنی سـەرۆک وەزیـران و بنیـامین بـێن ئـیلازار دژ بە ڕێکخـراوە تیرۆریسـتییەکان هێرشـێکی فرەوانیان کردە سەر بەری ڕۆژئاوا کە لە لایەن شاول موفـازی سـەرۆک ئەرکـان

بەڕێوەبرا.

## پاژی بیست و چوارەم
## ساڵیادی هۆلۆکۆست لە چادرگەی نابلوس ٢٠٠٢

**لە شەوێکی باو و بۆرانی ٢٩ی ئاداری ٢٠٠٢، هێزێکی بەرگری ئیسرائیل ڕامەڵڵای پایتەختی دەسەڵاتی فەلەستینی یاسر عەرەفاتی داگیر کرد، سەربازەکان بێ هیچ ڕووبەڕووبوونەوەیەک بە پیادە هەڵیانکوتایە سەر بارەگای سەرەکی. ئاڤی پیلید، فەرماندەی یەکەی کۆماندۆی ئیگۆز، دواتر گێڕایەوە و گوتی: "ئێمە دەمانزانی بە لای فەلەستینییەکانەوە بارەگای سەرەکی (موقاتەعە) کۆتایی هێڵەکەیە و پیرۆزی پیرۆزەکانە بۆیە دڵنیابووین کە تا دوا فیشەک شەڕمان دەکەن، بەڵام دیاربوو بەهۆی داگیرکردنی موقاتەعە و تێکوپێکدانی بارەگای هێزی ئاسایشی فەلەستین لە بێیتونیا لە هەموو**

شوێنێکدا دەروونی ڕووخاندبوون و خۆیان ڕانەدەگرت.

ئەمەش سەرەتای ئۆپەراسیۆنی قەڵغانی خۆپارێزی بوو کە یەکێک لە ئۆپەراسیۆنە گەورەکانی هێزی بەرگری ئیسرائیل لە بەری ڕۆژئاوا بوو کە لە لایەن ئیسرائیل بە خاکی جودا و ساماریا ناو دەبرێت. ئامانج لەو هێرشە وەشاندنی گورز لە ڕێکخراوە تیرۆریستەکان و وەستانی شەپۆلی شاڵاوە تیرۆرییەکان بوو کە گەیشتبووە ژمارەیەکی لە ڕادەبەدەر. لە مانگەکانی بەری کە بە ئاداری ڕەش ناودێرە، بەهۆی ئەو پەلامارە تیرۆرییانە ١٣٥ ئیسرائیلی کوژرابوون، لەوانە یازدەیان کردەی خۆکوژی ناو سنوورەکانی بەر لە ١٩٦٧بوون و لە هەموویان ئاست نزمتر هێرشە تیرۆرییەکەی سەر هوتێلی پارک لە نیتانیا بوو: خۆکوژێک خۆی بە هوتێڵەکەدا کرد و سی میوانی هوتێلەکەی کوشت و ١٤٠ی دیکەی بریندار کرد.

وێنە ساماناکەکانی ئەو شەوە لە ئیسرائیل و سەرانسەری جیهان بڵاوبوونەوە، ئەمە ڕێگرییەکانی ئەمریکای بۆ وەڵامێکی ملیتارانەی ئیسرائیل نەهێشت. ڕۆژی دواتر، حکومەت مۆڵەتی بە ئۆپەراسیۆنی قەڵغانی خۆپارێزیدا و سی هەزار سەربازی یەدەگیشی مۆبیلایز کرد. ئەوانەی بۆ ئۆپەراسیۆنەکە بانگ کران، گۆلانی، نەهال، یفتاک و لیوای پەڕەشوتوانان و سەربازانی خزمەت و یەدەگەکانی هێزی پیادە و سوپای هاوەن و ئەندازیاری بوون. لە کنێست ئارییێل شارۆنی سەرۆک وەزیران ئامانجی ئۆپەراسیۆنەکەی ڕوون کردەوە: "سەربازان و فەرماندەکانی هێزی بەرگری ئیسرائیل بۆ دەستگیرکردنی تیرۆریستان دەچنە ناو ئەو شار و گوندانەی بوونەتە پەناگەیان، لە سەرووی هەمووشییەوە بۆ دەست گرتن بەسەر ئەو چەک و پێداویستانە کە بۆ لێدانی ئیسرائیلە، هەروەها بۆ ئاشکرا کردن و سڕینەوەی بارەگا، تاقیگە، کارگەکانی چەک دروستکردن و حەشارگەکانی تیرۆر دەنێردرێن."

لە ڕامەڵڵا هێزی بەرگری ئیسرائیل باڵەخانەکانی بارەگای موقاتەعەی خاپور

کرد، جگە لەو بینایە نەبێت کە عەرەفاتی تێدابوو. جەنگاوەرانی کۆماندۆی ئیگۆز تەواوی ژوورەکانی ئەو کۆریدۆرەیان داگیر کرد کە بەرەو نووسینگەی عەرەفات دەچوو، لە دەرەوەش تانکەکانی ئیسرائیل شوێنەکەیان گەمارۆدابوو. ناوەندی ڕاگرتنی موقاتەعە شوێنی ژمارەیەک تاوانباربوو کە لە چالاکی تیرۆری دژ بە ئیسرائیل گلابوون. سەرۆکی دەزگای هەواڵگری فەڵەستین بە نهێنی فەرمانی پێکردبوون بچنە بارەگای عەرەفات کە ڕەنگە ئەوێ بۆیان سەلامەتتر بێت. دوای ڕووبەڕووبوونەوەیەکی درێژ، ئەمریکییەکان هاتنە ناوەوە و بە چاودێری بەریتانیا هەڵاتووەکان بۆ گرتووخانەی ئەریحا گوێزرانەوە.

لە ڕامەڵڵا هێزەکانی بەرگری ئیسرائیل تاقیگەی چەکیان ئاشکرا کرد و دەستیان بەسەر ژمارەیەک پاسەوانی هەڵاتووەکان و کەرەستەدا گرت. لە ئاخر و ئۆخری شەڕەکە مەروان بەرغوتی، فەرماندەی باڵی سەربازی فەتحیان دەستگیر کرد، دواتر بە تاوانی ئەنجامدانی زنجیرە هێرشە تیرۆریستەکانی بە زیندانی کردنی هەتا هەتایی حوکمدرا.

لە ڕامەڵلاوە بۆ نابلوس کە نابلوس و چادرگەکەی بە قەڵای بەرخودان هەژماربوو بەهۆی کوڵانە تەنگ و پێچاوپێچەکانییەوە سەرچاوەی ترس و تۆقینی سەرۆک ئەرکانی هێزی بەرگری ئیسرائیل بوو کە لە ڕیسکی شەڕی ئەوێ زۆر نیگەران بوو. چادرگەکەیەکی پڕ دانیشتووان بوو، هەروەها خانووی بۆمبڕێژکراو، قەناس بەدەست و ژمارەیەکی زۆر تیرۆریستی تێدابوو، سەدانیان خۆیان لە کۆڵانە تەنگەکان حەشاردابوو. هێزی بەرگری لە هەموو جێگەیەک بۆمبی چاند و کۆنتێنەری گازی لە بن عەردی شاردەوە کە بۆ تەقاندنەوە ئامادە کرابوون. دەستەی سەربازانی هێزی بەرگری بەر لەوەی لە چادرگەکە نزیک بکەوەنەوە خۆیان تەوا سازدابوو، چونکە لە هەر گۆشەیەکی شەقامەکان چاوەڕێی سەرپرایزی خوێناوی بوون.

هێرشی سەر نابلوس ٥ی نیسان بە فەرماندەیی ژەنەڕاڵ ئیسحاق گەرشۆن

(جێری)، سەرۆکی فیرقەی جودا و ساماریا دەستی پێکرد بە هاماهەنگی لەگەڵ لیواکانی پەڕەشوتوانان کە لە ڕۆژئاواوە هاتبوو لەگەڵ گۆلانی کە لە باشورەوە نزیک کەوتبۆوە و لیوای هاوەنی یافتاک کە بەشی ڕۆژهەڵاتی شارەکەی بە کەمپە ئاوارە دوژمنەکانیشەوەی داگیر کردبوو. فەڵەستینییەکان ژمارەیەک مینیان لەناو لۆری و تانکییە ئاوەکانی ژێر ڕێگەکە چاندبوو، بەڵام تیمی ئەندازیاری هێزی بەرگری ئیسرائیل یەک بە یەکیان پوچەڵ کردەوە.

لە یەککاتدا پەڕەشوتوانان لە هەموو لایەکەوە هێرشیان کردە سەر چادرگەکە و چەکی نهێنیان میتۆدی جەنگی شۆڕشگێڕی بوو: تێپەڕینی دیوارەکان. پەڕەشوتوانان جۆرەها ئامێریان بۆ شکاندن و کونکردنی دیوارەکان پەرە پێدابوو بۆئەوەی بە ئاسانی ئەو ماڵ و ئەم ماڵ بکەن بێ ئەوەی پێ لەسەر شەقامەکاندا بنێن. ئەم میتۆدە بۆ یەکەمجار مانگ و نیوێک پێشتر لە کاتی گرتنی کەمپی باڵاتا بەکار هێنرابوو. لەمبارەوە ئەڤیڤ کوچاڤی ڕوونی کردەوە: "لە چادرگە قەرەباڵغەکەدا کە پڕ لە شەقامی تەنگ و لەمپەر بوو و قەناس بەدەستەکان لە هەموو گۆشەیەکدا هەبوون، ئێمە سیستمی جێگرەوەی شەڕمان پەرە پێدا: بۆ سەراسیمە کردنی دوژمن، تەنیا لە میانەی دیوار و بینایەکان جوڵاینەوە تا ئەوان بە تەنێ لە شەقامەکان بن و ئاشکرا بن. ئەم ستراتیژە وای لە دوژمن کرد لە هەموو لایەک و لە پشتەوە و لە سەرەوە بکەونە بەردەم تەقەکانمان"

لە چادرگەکە تیرۆریستان لە ژێر یەک فەرماندە بوون، زۆربەی چەکدارە هەڵاتووەکانی فەڵەستین و چەند حەماسێک خۆیان لەوێ قایم کردبوو، هەرچەندە تەنیا کلاشینکۆف و ئێم ١٦یان پێ بوو، بەڵام ئامادەبوون وەک شەهید بمرن، بەڵام سەربازانی هێزی بەرگری زۆر مکوڕ و خۆڕاگرتر بوون، شەڕی ماڵ بە ماڵیان کرد، ئامانجیش سنووردارکردنی بریندداربوونی جەنگاوەرانی هێزی بەرگری بوو. لە ئەنجامدا بڕیاردرا هەر چەند خولەکێک

هێزێکــی کــردەی بچــووک بــۆ ئەو مــاڵانە ڕەوان بکرێــت کە تیرۆریســتان سەنگەریان لێ دانابوو. چونکە تیرۆریستان تەقەیـان لـێ دەکـردن، بەمەش بـۆ قەناس بەدەستانی ئیسـرائیل ئاشکرا دەبوون کە لە بەرامـبەر بـوون. هێزەکـانی بەرگری ئیسـرائیلیش تەقەیان لەو فەڵەستینیانە دەکـرد کە لە شـوێنی پێشـبینی نەکراودا خۆیان بۆ تەقە کردن لە سوپای ئیسـرائیل ئامادە کردبوو.

بۆ سێیەم ڕۆژی شەڕ، هێزەکانی بەرگری ئیسـرائیل دەستیان بەسەر نزیکەی سێیەکی چادرگەکە داگرتبوو، لیێتونانت کۆڵۆنێل ئۆفەک بـوهریس، فەرمانـدەی بەتالیۆنی ٥١ دوای شەڕی موقاتەعە و جەنین سەربازەکانی بەناو نابلوس بـڵاوە کردبــوو کە لە دیــاریکردنی شــوێنی تــاقیگەی تەقەینەوەکــان و گرتنـــی هەڵاتووەکان بەرپرس بوو. هەروەها ئەرکی دەسـتگیرکردنی عەلـی حەیـدەری، یەکێـک لە ئەنـدازیارە باڵاکـانی حەماسـی پـێ ڕاسـپێردرابوو، ئامادەکـاری ئەو بۆمبەی کە لە هۆتێل پارک لە نەتانیادا تەقیەوە. لە کـاتی هەڵکوتـانە سـەر ئەو خانووەی تیرۆریستانی لێ دەمایەوە، دەستڕێژێک کرا و بە هۆیەوە فەرماندەی پەلـی لیـوای گـۆلانی کـوژرا و بوهریسـیش بە سـەختی برینـداربوو. دواجـار سەربازانی گۆلانی چوونە ناو خانووەکە و حەیدەری و تیرۆریسـتێکی دیکەیـان کوشت.

دەوروبەری کـاتژمێر ٧:٠٠ی بەیـانی ڕۆژی ٨ی نیسـان کە بـۆ هەمـووان لە ناکـاو بـوو، ژمـارەیەک فەڵەسـتینی لە یەکێـک لە خانووەکـانی چـادرگەکە بە دەســت بەرزکـردنەوە وەدەرکەوتـن، بەمەش خـۆ ڕادەسـتکردنی تیرۆریسـتان دەسـتی پێکـرد، ڕاپۆرتەکـانی هەمـوو کاتژمێرێـک دەگەیشـتن باسـیان لە خـۆ رادەستکردنی بە گرووپ دەکرد؛ بۆ پـاش نیـوەڕۆکەی لە ڕێـگەی شـین بێـت و کارگێری سڤیل، بۆردی حکومڕانی ئیسـرائیل لە بەری ڕۆژئاوا پێشنیاری تەسـلیم بــوونی زیــاتر کرابــوو. کــاتژمێر ٦:٣٠ی ئێــوارەی هەمــان ڕۆژ دوا چەکــدار خانووەکــانی چــادرگەی نابلوســی جێهێشــت کە دەســتیان بــۆ ئاســمان بەرز

کردبـۆەوە و وەک نیشـانەی تەسـلیمبوون ئـاڵایەکی سـپیان هەڵگرتبـوو. دوای حەفتـا و دوو کـاتژمێر شــەڕ، حەفتـا تیرۆریســت کــوژراون و سەدیشــیان تەسلیمبوون، بەڵام ئەو جەنگەی پەیوەندی گەورەی بە ئۆپەراسیۆنی قەڵغـانی خۆپارێزی هەبوو لە جەنین قەوما کە بەهـۆی زیانەکـانی لە ئیســرائیل کەوت، هەمیشە لە بیرەوەری دەمێنێتەوە کە بیسـت و سـێ کەس کـوژران و حەفتـا و پێنج کەسیش برینداربوون، هەروەها بەهۆی پڕۆپاگەندەی فەڵەستینییەکان کە ئیسـرائیل لە کەمپی ئاوارەی شارەکە ڕەشەکوژی ئەنجام داوە.

فەڵەسـتینە چەکـدارەکان لە ناوەنـدی چـادرگەکە گردبـوونەوە تەپکەیەکـی هەزار بــۆمبی تەقینەوەیــان دانــابوەوە و بۆسەشــیان لە کــۆڵانە تەنگەکــان دانـابوویەوە، بەڵام سـەربازانی ئیســرائیل بە یـارمەتی تانـک، هەلیکـۆپتەری هێرشبەر و بلدۆزەری ٩D چـوونە نـاو کەمـپەکە کە بـۆمبە چێنراوەکـانی پـاک کــردەوە و دەرگــا بۆمبڕێژەکــانی کــردەوە. بە هــۆی قەنــاس بە دەســتەکانی فەڵەستین پێشڕەوییەکە لە سەرخۆ و سەخت بوو.

لە حەوتەم ڕۆژدا، گرووپێک لە یەدەگەکانی سەر بە لیوای ناهشۆن بەسـەر بۆسەیەکدا کەوتن و سێزدە سـەربازیان کـوژران. لە هەوڵێکـدا بـۆ ڕزگـارکردنی بریندارەکان هەڤاڵەکانیان پەلاماری تیرۆریستانیاندا، بەڵام برینداری زیاتریاندا. لە پەلامارەکــانی دواتــردا، هێــزی بەرگــری ئیســـرائیل بڕیــاری گــۆڕینی ڕێوشـوێنەکەیدا و هەر خـانوویەکی دەڕوخانـد کە تیرۆریسـتان خۆیـان تێیـدا شاردبۆوە. سیاسەتەکە وریا کردنەوەی چەکدارانی فەڵەستینیشی لە خۆ دەگرت کە پێویستە خۆیان ڕادەست بکەن بەر لەوەی بڵـدۆزەرەکان دەسـت بە کـاربن کە بەهــۆیەوە ژمارەیەکیــان خۆیــان ڕادەســت کــرد کە زۆربەی گەورە تیرۆریستەکانی تێدا بوو. دوای پەلامارەکە مەحمـود تەوالـبەی ئەنـدامی بـاڵای جیهادی ئیسلامی کـوژرا پـاش ئەوەی ڕادەسـتبوونی ڕەتکـردەوە و بڵـدۆزەرەکە دیواری ئەو خانووەی بەسەردا ڕوخاند کە خۆی تێدا شاردبۆوە.

لە کـاتی شــەڕەکەدا پرۆپاگەنــدەی ئەوە بڵاوکــرایەوە کە هێــزی بەرگــری ئیســرائیل لە کەمپــی جەنــین ڕەشــەکوژی کــردووە؛ تەنـانەت فەڵەسـتینییەکان باسیان لە کوشتنی سێ هەزار کەس دەکرد، بـێ هـیچ لێکـۆڵینەوەیەک میـدیای نێــودەوڵەتی پرۆپاگەنــدەی فەڵەســتینییەکانی قبــوڵ کــرد تــا کــۆمیتەیەکی لێکۆڵینەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان گەیشت و ڕایانگەیاند کە ژمارەی دروسـت تەنیا پەنجاو شەش کەسە، لەولاشەوە هێزی بەرگری بانگەشـەی ئەوەی کـرد کە زۆربەی ئەوانەی کوژراون چەکدار بوونە.

شاری بێـتلەحم لە لایەن لیـوای ئۆرشـەلیمی یەدەگەکـانەوە گیـرا، یەکسـەر دوای چوونە ژوورەوەیان ژمارەیەک هەڵهاتوویـان دەسـتگیر کـرد و بە خێرایـی دەسـتیان بەسـەر کـۆنە شـاردا گـرت، بەڵام نـزیکەی چـل تیرۆریسـتی چەکـدار خۆیان لەناو کڵێسای نێیتڤیتی (المهد) قایم کردبوو. هێزی بەرگری ئیســرائیل لە بایەخی جیهـانی کڵێسـاکە تێدەگەیشـت، بـۆیە یەکەی کۆمانـدۆی شـاڵتاگی بـۆ گرتنی دەروازەکە ڕەوان کرد تا تیرۆریسـتان نەچـنە نـاو کڵێسـاکە، بەڵام هێـزی ئاسمانی کە سەربازەکانی هەڵگرتبوو درەنـگ کەوت، بـۆیە دەیـان تیرۆریسـت توانیـان خـۆ بگەیێنــنە نـاو کڵێسـاکە، چـونکە دڵنیـابوون هێزەکـانی ئیســرائیل ناتوانن بچن و دەستگیریان بکەن.

کۆڵۆنێــڵ عەبــدوڵلا داود، ســەرۆکی هەواڵگــری فەڵەســتین لە نــابلوس سەرکردایەتی چەکدارەکانی دەکرد، چل و شەش قەشەی کەنیسەکە و دوو سەد هاووڵاتی سڤیلی بە بارمتە گرت کە لە نێویاندا منداڵیش هەبوو. هێزی بەرگـری ئیسـرائیل بۆ ماوەی سی و چـوار ڕۆژ ئـابڵوقەی خسـتە سـەر کڵێسـاکە و ئـاو و خۆراکی لەسەر بڕی بۆ شکاندنی ویستی پیاوە داواکراوەکان. هاوکـات ڤاتیکـان هوشیاری بە ئیسـرائیلدا کڵێساکە نە ڕووخێنێت.

١٠ی ئایـار ڕووبەڕووبـوونەوەکە وەسـتا دوای ئەوەی ئیســرائیل قایـل بـوو سێزدە هەڵاتووەکان ڕادەستی شەش دەوڵەتی ئەوڕووپی بکات، هەروەها ٢٦ی

دیکەیان بۆ غەززە بگوازێتەوە. لە کاتی گەمارۆکەدا شەش فەڵەستینی کوژران و ئیسرائیل دەستی بەسەر هەندێک بەڵگەنامەدا گرت کە دانیشتوانی بێتلەحم بەتایبەتی کریستانەکان مەینەتی زۆریان بە دەست چەکدارەکانەوە بینیوە بەتایبەتی لیوای شەهید لە تەنزیمی ئەقسا.

لە ئەنجامی ئۆپەراسیۆنی قەڵغانی خۆپارێزی بە ماوەیەکی کورت پێنج تا شەش شاری فەڵەستین لە بەری ڕۆژئاوا بە کوشتنی سی و چوار سەربازی ئیسرائیلی داگیر کران، ئیسرائیل لە ڕاگرتنی شەپۆلی تیرۆر و لاوازکردنی توانای سەربازی دەسەڵاتی فەڵەستین، کارکەنارکردنی عەرەفات، دەستگیرکردنی ژمارەیەک هەڵاتووەکان، ئاشکراکردنی چەندایەتییەکی زۆر لە تەقەمەنی و چەک سەرکەوتوو بوو.

ئاڤیف کۆچاڤی، فەرماندەی لیوای پەڕەشوتوانان، دواتر بەڕێوەبەری هەواڵگری سەربازی

"جەنگی چادرگە لە ساڵیادی هۆلۆکۆست کۆتاییهات. تەواوی لیواکە بەناو چادرگەکە و نابلوس بڵاوکرابۆونەتەوە، دوای زنجیرەیەک جەنگی توند و سەرکەوتنی لێبڕاوانە بەسەر چەکدارەکان. بڕیارمدا نابێت لە ناساندنی ئەو ڕۆژە تایبەتە بوەستین، سیستمی دواندنی گشتی و بڵندگۆ و سافیرەی ئاگادارکردنەوەمان بەکارهێنا کە لە گشت ناوچەکە دەنگی دەدایەوە. چەند کاتژمێرێک دوای کۆتاییهاتنی شەڕ، هەموو سەربازانی لیوای پەڕەشوتوانان بۆ ڕێزگرتن لە قوربانییەکان وەستان.

بە ڕاستی ساتێکی پڕ لە سۆز و میهرەبانی بوو، لەبەر دوو هۆکاریش لە

بیردانگمــدا مــاوەتەوە: یەکەم، لەبەرئەوەی دووپاتمــان کــردەوە کە لە پێنــاو شکاندنی تیرۆر و بەرگری کردن لە هاووڵاتیان هیچ شوێنێک نییە ئێمە نەتوانین بــۆی نەچــین. دووەم، بەهــۆی داهێنــان و جێبەجێکردنــی ســەردەمیانەترین تاکتیــک، دووپاتمــان کــردەوە، هاوکــات دەتــوانین بە شــێوەیەکی پیشــەییانە و ئیتیکــانە دژی ژمــارەیەک تیرۆریســـت بجەنگــین، وێــڕای ئەوەی نــاوچەکە قەرەباڵغیش بێت. لەم جەنگەدا لە لایەن لیواکەوە زیاتر لە حەفتا تیرۆریست کوژران و سەد کەسیش بریندار کران یان دەستگیر کران.

شــەڕەکە بە خــۆ ڕادەســتکردنی تیرۆریســتان کۆتاییهــات: دوای ئەوەی لە هەمــوو لایەک گەمارۆمــان دان، ســـەرکردەکەیان پەیوەنــدی بە نــوێنەری هەمــاهەنگی دەڤەرەکە کــرد کە لە بارەگــای فەرمانــدە لەگەڵمــدابوو و داوای ڕێکخســتنی خۆبەدەســتەوەدانی خــۆیی و سێســەد لە پیاوەکــانی لێکــرد. ئــێمە مەسەلەکەمان ڕێکخســت و تیرۆریســتان چــوونە شــوێنێکی دیــاریکراو و لەوێ چەکەکانیان دانا و دەستگیرکران.

ئیســحاق گێرشــۆن(جێری)، فەرمانــدەی فیــرقەی بەری ڕۆژئــاوا، دواتــر لە فەرماندەیی بەرەی پێشەوەی نیشتیمان

"شــەڕی گشــتگیری دژ بە تیــرۆر لە جــودا و ســاماریا قەومــا، کاتێــک وەک فەرماندەی فیرقەی بەری ڕۆژئاوا دەست بەکاربووم. هێــزی بەرگــری ئیســـرائیل مــاوەی دە مانــگ بــوو شــەڕی تیرۆریســتانی دەکــرد، بەڵام بە هۆکارگەلێــک بە باشترین شێوە کاری خۆی نەکردبوو. هەســتم کــرد ئەرکــی قورســی دابینکردنــی ئاســـایش خـــراوەتە ئەســـتۆم و تێگەیشـــتم کە مـــن و ئەو هێـــزەی لەژێـــر دەسەڵاتمدایە، دەتوانین جیاوازی دروست بکەیــن. ئــێمە پــارادایمی کارەکەمــان گــۆڕی و ســەد ئۆپەراســیۆنی تــایبەتیمان کــرد کە هەنــدێکیان لەنــاو کەمپــی

ئاوارەکاندا بوو.

گۆڕینەکە لەسەر زەوی بەرهەمی هەبوو، هەروەها سەرکەوتنی بەرچاو بەدیهات، فەرماندەی زیاتر و بڕیارسازان لە ئاستی ستافی سەربازیدا بە ئەنجامێکی ماقوڵ گەیشتن، ئەرکی ئێمەیە بڕیار لە چارەنووسی ئەو شەڕە بدەین کە بەسەرماندا سەپێنراوە.

کاتێک مۆڵەت بە ئۆپەراسیۆنی قەڵغانی خۆپارێزی درا، دوو ئۆپەراسیۆنی زۆر هەستیار بە ئێمە سپێردرا: ڕامەڵلا و نابلوس، ڕامەڵلا شوێن و کورسی دەسەڵاتی عەرەفات و ناوەندی دەسەڵاتی فەڵەستین بوو؛ نابلوس پایتەختی تیرۆر بوو. خەسڵەتی ئۆپەراسیۆنەکە پێویستی بە چالاکی چڕی وەک دەستپێشخەری و دەستدرێژی، مکوڕبوون و بیرکردنەوەی داهێنەرانەی هاوشێوەی بەر لە قەڵغانی خۆپارێزی بوو. ئۆپەراسیۆنەکە ڕۆشنایی خستە سەر تێکەڵاوبوونی هەواڵگری گشت پێکهاتەکانی هێزی سەربازی لەپاڵ هاوئاهەنگییەکی توندوتۆڵ لەگەڵ شین بێت، دەزگای ئاسایشی ناوخۆدا.

لە ڕووی کردەنی و دەروونییەوە، قەڵغانی خۆپارێزی لە جودا و ساماریا خاڵی وەرچەرخانی تیرۆری فەڵەستینی بوو."

لە ساڵی ٢٠٠٥، ئارییێل شارۆن، سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل تاکلایەنە لە غەززە کشایەوە. نیشتەجێبووەکانی ئیسرائیل ناچاربوون ماڵەکانیان جێ بهێڵن و لە ئیسرائیل بە دوای ماڵێکی نوێ بگەڕێن. هێزی بەرگری ئیسرائیل تەواوی هێزەکانی لە غەززە کشاندەوە. سەرکردەکانی ئیسرائیل بەو هیوایە بوون

غەززە کە تەواو سەربەخۆیە هەموو هەوڵەکانی بۆ بونیادنانی ئابوورییەکی بوژاوە و کۆمەڵگەیەکی ئازاد و گەشاوە تەرخان بکات، بەڵام پێچەوانەی ئەمە ڕوویدا، ڕێکخراوی تیرۆریستی حەماس دەستی بەسەر دەسەڵات لە غەززەدا گرت و کردی بە بنکەیەکی هەمیشەیی هێرشی خوێناوی دژ بە هاووڵاتیانی سڤیلی ئیسرائیل.

# پاژی بیست و پێنجەم
# چیرۆکی نەیراوەی غەززە ٢٠٠٨، ٢٠١٢، ٢٠١٤

**"نیشانە شکاندن" ٢٠٠٨**

**کاتژمێر ١١:٣٠ی بەیانی ٢٧ی دێسەمبەری ٢٠٠٨، ژمارەیەک فڕۆکەی ئێف ١٥ لە سەرانسەری غەززە چەند شوێنێکیان بە ئامانج گرت. فڕۆکەی پێشڕەو لە ناوەڕاستی غەززە شاری عەرەفاتی بۆمباران کرد کە کۆمەڵگەیەکی گەورەی حکومەت بوو، هێرشەکە ئاهەنگی دەرچوونی قوتابیانی کۆلێژی پۆلیسی کردە ئامانج کە زۆربەیان ئەندامی عزەدین ئەلقەسام، تیمی کوشتنی سەر بە**

حەمـاس بـوون. فڕۆکەکـانی دی و چەنـد هەلیکۆپتەرێـک لە تەواوی غەززەدا هێرشێکی ئاسمانی چڕیان کردە سەر نزیکەی سەد ئامانجی حەمـاس. لە چەنـد خولەکێکی کەمـدا، بارەگـای فەرمانـدە، کۆگـای چەک، کۆگـای مووشـەکەکان و بارەگـای مەشـقکردنی ڕێکخراوەکەیـان تەفروتونـا کـرد. بەمەش ئۆپەراسـیۆنی نیشانە شکاندن دەستی پێکرد.

گەڕی یەکەمـی بۆمبـارانەکە حەماسـی شـپرزە کـرد کە بە هـۆیەوە سـەد و پەنجا و پێنج تیرۆریست کوژران کە هەشـتا و نۆیـان لە ئـاهەنگی دەرچـوانی پۆلیس بوون.

لە بەردەوامی هێرشەکەدا، هێزی ئاسـمانی بە بـۆمبی بـڕەری وێـرانکەر بـۆ ڕێگە گرتن لە بەقاچاخ ئاودیوکردنی چەک لە مسـرەوە، لە کۆریدۆری فلادلفی( باریکە ڕێیەکی تەسکی سنووری نێوان غەززە و مسـر) پەلاماری چـل تونێلیـدا، هەروەهـا بە ئامـانجی لاوازکردنـی حکـومڕانی حەمـاس پەلامـاری ژمـارەیەک ئامـانجی سـتراتیژی دیکەشـیدا: دەزگـا حکومییەکـان، سـتۆدیۆکانی تەلەفزیـۆن، گرتووخانەی ناوەندی، باڵەخانەی هەواڵگـری گشـتی، بارەگـای شـارەوانی بێـت حـانوون، زانکـۆی ئیسـلامی و چەنـدانی دی. لەوبـارەوە ڕان پـێکەر ڕۆنـێن، ژەنەڕاڵی پێشووی هێزی ئاسمانی ئیسـرائیل بە ئەمیر بۆهبۆتی ڕۆژنامەنووسـی گوت: 'ئێمە قسە لەسەر ژمارەیەکی زۆری بـاڵەفڕە لە نـاوچەیەکی زۆر بچـووک دەکەین کە ئامانجی هێرشکردنە سەر باڵەخانەکانی ناوچەیەکی قەرەبـاڵغ بـوو کە ئەگەر هەبوو لە ئەنجامی هەر هەڵەیەکـدا قوتابخـانەیەک یـان داینگـایەک بەرکەوتبا، بەڵام دروستییەکەی شـتێکی سەرسـوڕهێنەر و جێبەجێکردنەکەشـی نایاب بوو. من پێموانییە لە جیهاندا هێزی ئاسـمانی دیـکە هەبێـت، بەو ئاسـتە دروستە بەرزە ئەو جۆرە هێرشە ئەنجام بدات."

حکومەتی ئیسـرائیل بە سەرۆکایەتی ئیهود ئۆڵمرت بڕیاریدا هێرشی نیشان شکاندن بکات. پاش هێرشی بەرفرەوانـی هەزاران مووشـەکی قەسـام بـۆ سـەر

شار و شارۆچکەکانی نزیک غەززە کە چەندان مانگ دانیشتوانەکەی لە تـرس و لەرز دەژیـان و بە ناچـاری لە ژێرزەمینەکـان دەخەوتـن. بـارودۆخێکی زۆر دژواربوو؛ هیچ وڵاتێکی جیهان ئەوەی قبوڵ نەبوو هاووڵاتییە سڤیلەکانی ببـنە ئامانجی ڕۆکێتەکان. ئەو ئاگربەستەی بە ناوبژیوانی مسـرییەکان لە حوزەیرانی ٢٠٠٨ کرابـوو، بە تەواوی دارِمـا و نـاوچەی باشـووری ئیسـرائیل لەبەردەم شـەڕێکی ڕاسـتەقینەدا بـوو کە فەڵەسـتینەکان ڕۆکێتیـان دەهاوێشـت و ئیسـرائیلیش بە فڕۆکە بۆمبارانی دەکردنەوە، ئیدی لەسەر حسـابی دانیشـتوانی باشوور ئەو شێوازە بەردەوامبوو.

ئامانج لە کردەی نیشان شکاندن کۆتاییهێنان بە مووشەکەکانی فەڵەستین و تەفروتونا کردنی توانا کردەییەکانی حەماس و ڕێگە گرتن لە پڕچەك کـردنەوەی بوو.

هێزی بەرگری ئیسـرائیل مۆڵەت و دەسەڵاتی بە ئامانج گرتن و پاکتاوکردنی یەکە بە یەکەی سەرکردە باڵاکانی حەمـاس، جیهـادی ئیسـلامی، سـەعید سـیام، وەزیری ناوخۆی حکومەتی حەماس، ئەیاد سیامی برای و نزار ڕایـان، بەرپرسـی باڵای حەماسی هەبوو کە لە باڵی سیاسی حەماسدا کەسی سـێیەم بـوو. ڕایـان، کاتێک لە ئاسمانەوە ماڵەکەی بۆمباران کرا و خۆیی و هەژدە هـاوڕێ و خـزم و کەسـوکاری کـوژران، وێـڕای ئاگادارکردنەوەکـانی هێـزی ئاسـمانی ئیسـرائیل لە ماڵەکەیـدا مـابوونەوە. ئەو بینـایەی تێیـدا دەژیـا وەک بارەگـای فەرمانـدەیی، ناوەندی پەیوەندیکردن، کۆگـای چەک و تەقەمەنـی و دەروازەی تونێـل بەکـار دەهات.

ژەنەڕاڵ یۆئـاڤ گالانـت، فەرمانـدەی دەڤەری باشـور لە لێدوانێکیـدا بـۆ شـاموئێل حەدادی ڕۆژنـامەنووس دەڵێـت: "لە ڕابـردوودا، هەر فەرمانـدەیەکی حەماس خانوویێکی سێ نهۆمی بـۆ خـۆی دروسـت کردبـوو کە ژێـرزەمینەکەی کۆگای کەرەستەکان بوو، نهۆمی ناوەڕاست بارەگای فەرمانـدەیی بـوو و مـاڵ و

منداڵیش لە نهۆمی سێیەم دەژیان. بۆ چەندان ساڵ وایان مەزەندە دەکرد هێزی بەرگری ئیسرائیل لەو خانووانە نادات لەبەرئەوەی خانووی خێزانین، ئێمە ئەو پارادایمە(وێنە)مان گۆڕی و لە ڕێگەی تەلەفۆن و هەڵدانی بۆمبی بچکۆڵانەی بێ زیان بۆ سەر بانەکان خێزانەکانمان ئاگادار کردەوە. دواتر بینایەکان بۆمباران کران، بەمەش تیرۆریستانی حەماس خۆیان لەبەردەم ڕاستییەک بینییەوە کە نە شوێنێک بۆ بارەگای فەرماندەیی نە ماڵ بۆ خێزانەکانیان نەماوە."

لە ٣ی حوزەیران، هێزی بەرگری ئیسرائیل بە بۆردومان کردنی غەززە و دەروازەی هێزی وشکانی لە کۆتایی باکوری غەززە قۆناغی دووەمی هێرشەکەی دەست پێکرد. نیازی هێرشەکە داگیرکردنی ناوچەی هێرشە مووشەکیەکان بوو تا شاری غەززە لە تەواوی کەرتەکە داببڕێت و گورزی زیاتر لە حەماس بوەشێنێت بەتایبەتی لەو شوێنانەی هێزی ئاسمانی هیچ کاریگەرییەکی نەبوو، وەك: کۆگاکانی چەک، تونێلەکان، بارەگا فەرماندەییەکانی ژێرزەمینەکان، بۆ ئەمەش دە هەزار هێزی یەدەگ هاوشانی بیست هەزار سەربازی خزمەت بەشداربوون. سەرەتا هێزەکان لە ناوچە ئاوایەکان شەڕی بۆسەکان، خۆکوژەکان و خانووە بۆمبڕێژەکانیان کرد کە شەڕی ماڵ بە ماڵ و هەندێجاریش دەستەویەخە بوو، تەواوی ئەو خانووانە تەخت کران کە بۆ چالاکی تیرۆری بەکار دەهاتن یان بۆمبڕێژکرابوون. لە کاتی شەڕەکەدا بە لایەنی کەم نزیکەی شەش سەد خانوو وێران بوون.

هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر غەززە بە لیواکانی گۆڵانی، گیڤاتی و پەڕەشوت دەستی پێکرد و لە زۆر لا و ئاراستەی جیاوازەوە چوونە ناو کەرتەکە. تانکی مێرکاڤی سەر بە لیوای ١٨٨ی زرێپۆش کە لە شەڕی ڕۆژی کیپووردا بەرگری لە بەرزاییەکانی جۆلان کردبوو، ڕێگەی ڕەفح و خان یونسی بۆ غەززە داخست، بەمەش ڕێگەی لە گەیشتنی چەک بە حەماس بڕی. لیوای ٤٠١ کە بە (ڕێگا

ئاسـنینەکان) نـاودێر بـوو، لە لایەن نیشـتەجێبوویەکی پێشـووی نیتـزاریم لە ناوەندی کەرتەکە ناوچەی بەربەست یان ناوبڕ دروسـت کـرا، لە لای خـۆیەوە بەشـی ئەنـدازیاری هێـزی بەرگـری ئیسـرائیل بـۆ پـوچەڵکردنەوەی بـۆمبە چێنراوەکـان و خـانووە بۆمبڕێژەکـان مینـی ڕۆبـۆتی دەسـتەبەر کـرد، چـونکە ڕزگارکردنی ژیانی سەربازەکان ئەرکی هەرە لە پێشینە بوو؛ سەرەنجام بۆ ڕێـگە گرتن لە ڕیسـکە نـا پێویسـتەکان هەوڵێکـی گەورە خەرج کـرا، تەنـانەت ئەگەر لەسەر حسابی هاووڵاتیانی سڤیلیش بێت.

دوای جەنـگەکە ئەفسـەرێکی بـاڵا گـوتی: "تـا ڕادەیەک چـوونە نـاو غەززە خێرابـوو، ئـێمە هەسـتمان کـرد حەمـاس شـۆکبووە کە بە نـۆرەی خـۆی ئەو خۆراگرییەی لاواز کرد کە ئامـادەی کردبـوو. خانووەکـان زۆر لە یەکەوە نزیـک بوون و هەندێکیان بۆمبڕێژکرابوون. هەروەها ماتۆڕیشـیان بـۆ ڕفانـدن ئامـادە کردبـوو، هەر کاتژمێرێـک خۆکـوژێکی نێـرینە یـان مێیـنە هەوڵـی دەدا خـۆی پێماندا بتەقێنێتەوە، لە خانووە بۆمبڕێژکراوەکان چەنـد ڕاڕەوێکـمان دۆزیـیەوە کە بۆ تونێلی تایبەت بە ڕفاندنی سەربازەکان دەچوو."

لە ٦ی جێنـوەر، فەڵەسـتینییەکان پڕۆپاگەنـدەی ئەوەیـان بڵاوکـردەوە کە هاوەنێکی هێزی بەرگـری ئیسـرائیل سـی هـاووڵاتی کوشـتووە کە پەنایـان بـۆ قوتابخانەی فاهورا بردبوو و لە لایەن ئەنروا، ئاژانسی کاری فریاگوزاری نەتەوە یەکگرتووەکان بەڕێوە دەبرا. ئامانجی بۆردومانەکە گۆڕەپانی قوتابخـانەکە بـوو کە لێیەوە ڕۆکێتێک لە ئیسـرائیلەوە گیرابوو؛ لە وەڵامدا ئیسـرائیل سێ هاوەنی لە شـوێنەکە گـرت، دووانیـان لە گۆڕەپـانی قوتابخـانەکە کەوتـنەوە و دوو تیرۆریستی کوشت و هـاوەنی سـێیەمیش سـەری کـرد و بەهەڵە بەر هاوسـێی قوتابخـانەکە کەوتبـوو، بەڵام لە لێکـۆڵینەوەیەکی گلـۆب ئەنـد مێیلـی کەنەدی دەرکەوت کە نەک سی کەس، بەڵکو تەنیا سێ کەس کاتێک چـوونەتە دەرەوەی بینایەکە پارچەیان بەرکەوتووە و کوژراون.

تواناى خۆڕاگرى حەماس زۆر لەوە لاوازتر بوو کە ئیسرائیل مەزەندەى کردبوو، لە جەنگى نیشان شکاندندا، فەڵەستینییەکان ڕۆکێت بارانکردنى ناوچەکانى ئیسرائیلیان چڕ کردبۆوە، ٧٣٠ ڕۆکێتى ئاراستەى ئیسرائیل کرد کە ڕۆکێتى گرادى دوور مەوداشى تێدابوو و دەگەیشتە ئەشدود، ئەسقەلان، یاڤنا و بیئر شیڤا.

حەماس بە بەرنامە لە خانووى سڤیلەکانەوە تەقەى دەکرد و ڕیسککردن بە ژیانیانەوە بە لایەوە بابەت نەبوو. ئەفسەرێکى هێزى بەرگرى ئیسرائیل دۆکیومێنتێکى تایبەت بە بەرنامەى شەڕى حەماسى دۆزیەوە کە باسى لە بڵاوکردنەوەى تیمى تیرۆریستان لە نزیک مزگەوتەکان و چاندنى بۆمب و بومبڕێژکردنى قوتابخانە و باخچەى ئاژەڵان و ناوچە نیشتەجێبووە قەرەباڵغەکان دەکرد. یوڤاڵ دیسکن کە دواتر بووە سەرۆکى شین بێت، دەزگاى ئاسایشى ناوخۆى ئیسرائیل بە ڕۆژنامەنووسانى ڕاگەیاند و گوتى: 'بەشێکى گەورەى چالاکوانەکان خۆیان لە نەخۆشخانە و شیفا و نەخۆشخانەى لە دایکبوون حەشاردابوو، هەندێکیان جلوبەرگى پزیشک و برینپێچەکانیان پۆشیبوو."بەڕێوەبەرى شیفا بە توندى ئەم لێدوانەى ڕەتکردەوە.

ڕووداوێک کە کاریگەرى لە ویژدانى گشتى کرد، کوشتنى سێ کچى عزەدین ئەلعیش، پزیشکى فەڵەستینى بوو کە بۆ چەندین ساڵ لە نەخۆشخانەکانى ئیسرائیل کارى کردبوو. دوو تانکى هێزى بەرگرى ئیسرائیل ماڵەکەیان لە جەبالیە بۆردومان کرد و سێ کچى کوشت و یەکێکى دیکەش بریندار بوو. لە کاتى بۆردومانەکەدا دکتۆر ئەلعەیش قسەى بۆ شلۆمى ئاڵدار، پەیامنێرى کەناڵى ١٠ دەکرد و بە شێوەیەکى هیستریانە لە هاڕژنى گریانیدا و داواى لە پەیامنێرە هاوڕێکەى کرد، داوا لە هێزى بەرگرى ئیسرائیل بکات بۆردومانکردنى ماڵەکەى ڕابگرن. دواتر هێزى بەرگرى ئیسرائیل بانگەشەى ئەوەى کرد کە ئەوان بۆ ماڵەکەیان کردە ئامانج، چونکە لەوێوە تەقەیان

لێکراوە.

دوای بیست و دوو ڕۆژ، ئۆلمرتی سەرۆک وەزیران ئۆپەراسیۆنەکەی ڕاگرت و قۆناغی سێیەمی ڕەتکردەوە کە لە لایەن ژەنەڕاڵ گالانت بۆ دابڕینی کەرتی غەززە لە سینا پێشنیار کرابوو. ئۆلمرت تاکلایەنە ئاگربەستی ڕاگەیاند: "توانای ملیتاری و ژێرخانی حەماس گورزی قورسی بەرکەوتووە. جارێکی دی ئەو هەڵمەتە نوێیە توانا و هێزی بەرپەرچدانەوەی ئیسرائیلی سەلماندەوە."

لەم شەڕەدا لە ئیسرائیل سێزدە کەس کوژران کە دەیان سەرباز بوون. بە پێی مەزەندەی هێزی بەرگری ئیسرائیل ١١٦٦ فەڵەستینی کوژراون، ٧٠٩یان ئەندامی حەماس بوون. لە لای خۆیانەوە فەڵەستینییەکان باس لە کوژرانی ١٤١٧ کەس و وێرانبوونی چوار هەزار خانوو و ٤٨ بینایەی حکومەت دەکەن.

ئۆپەراسیۆنی نیشان شکاندن کاریگەرییەکی خراپی بەسەر وێنەی نێودەوڵەتی ئیسرائیل دانا. لە ١٥ی سێپتەمبەری ٢٠٠٩، ڕیچارد گۆڵدستۆن، دادوەری پێشووی باشوری ئەفریقا لە لایەن ئەنجوومەنی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان دامەزرێندرا و ڕاپۆرتێکی ڕادەستی نەتەوە یەکگرتووەکان کرد و ئیسرائیلی بە ئەنجامدانی تاوانی شەڕ و تاوانی دژە مرۆڤایەتی تۆمەتبار کرد.

هەرچەندە گۆڵدستۆن لە نیسانی ٢٠١١دا، لە وتارێکیدا لە ڕۆژنامەی واشنتۆن پۆستدا دانی بە تاوانی خۆیدا نا کە ڕاپۆرتەکەی دروست نەبوو و تاوانبارکردنی نا دادی دژ بە ئیسرائیل تێدا بووە و نووسیبووی؛ "ئەگەر ئەوکات ئەوانەم دەزانی کە دواتر زانیم، ڕاپۆرتەکەی گۆڵدستۆن شتێکی دیکەی جیاواز دەبوو."

یۆئاڤ گالانت، سەرۆکی فەرماندەیی باشوری ئیسرائیل

"ئێمە بۆ لاواز کردن و ناچارکردنی حەماس دەستمان بە شەڕ کرد تا بۆ ماوەیەکی درێژ مووشەک بارانەکانی ڕابگرێت. به دیدی خۆم پێویستبوو نوقرچێک لە هێزی حەماس بگیردرێت کە لە درێژەدانی بە ئامانج گرتنی هاوولاتیانی سڤیل و سەروەری ئیسرائیلدا باجێکی قورس دەدات. حەماس بە کاتوساتی کارەکە، هێزی هێرشەکە و چوونە ناوە فرەوانەکەی هێزەکان بۆ ناوچەکانی، هەروەها لە کشانەوەکە و خێرایی جێبەجێکردنەکە سەراسیمە بوو.

ئەوە یەکەمجار بوو هێزی بەرگری ئیسرائیل بەو شێوە گشتگیرییە گورز لە حەماس بوەشێنێت و بە شێوەیەکی چڕ و پڕ و بەردەوام ئەنجام بدرێت و بە هەزاران بۆمب لە سەدان ئامانج بدرێت کە بارەگای فەرماندەیی، ئەمباری چەک، تونێل، ئەمباری سووتەمەنی و دەزگای حکومی لە خۆ گرتبوو. مانۆرە زەمینییەکان لە لایەن بەتالیۆنە بەهێزەکانەوە ئەنجامدرا و لە هەر ساتێکدا دەتوانرا حەوت هەزار جەنگاوەر لەناو کەرتی غەززە ئامادەبن. هێزی بەرگری هەماهەنگییەکی تۆکمەی لە نێوان هەواڵگری، هێزی ئاسمانی و وشکانی دروست کردبوو.

دوو هەفتە دوای دەست پێکردنی ئۆپەراسیۆنەکە، پێشنیاری جێبەجێکردنی قۆناغی سێیەمی پلانە بنەڕەتییەکەم خستە بەردەم سەرۆک ئەرکان: دابڕانی کەرتی غەزە لە سینا لە ڕێگەی گەمارۆدان و داگیرکردنی ڕەفح. بەم پرۆسەیە ئەو هێڵی بۆڕیانە پەکیان دەکەوت کە بۆ بە قاچاغ گواستنەوەی چەک، خۆکوژ و شتی زیاتر بەکار دەهاتن، بەڵام پلانەکە بواری پێ نەدرا، لەبەرئەوەی ڕەنگە زیانی گەورەتری لێبکەوێتەوە.

چوار ساڵ دواتر...

کۆڵەکەی بەرگری، ٢٠١٢

بە گوێرەی ڕاپۆرتێکی ساندەی تایمزی لەندەنی، ئاماژەیەکی ئەلیکترۆنـی لە سیستمی فڕۆکەوانی درۆنێـک بریسـکەیدا کە بە ئاسـمانی مـزگەوت و کەمپـی پەنـابەرانی غەززە دەخـولایەوە. درۆنەکە ڕووەو ناوەنـدی غەززە خـۆی نەوی کرد و کامیراکانی سکانی شـەقامەکانیان کـرد و سـێرەی لە بـارهەڵگرێکی کیـای ڕەنـگ سـیلڤەری گـرت کە ئـامێرێکی هەڵگرتبـوو و لە دووڕیـانەکە پەڕیەوە و بەرەو شەقامی عومەر موختار پێچی کردەوە.

سەرنشینی کیایەکە ناوی ئەحمەد جەعبەری، سەرۆک ئەرکانی حەماس بـوو کە لە ساڵی ٢٠٠٣ەوە ببـووە فەرمانـدەی بـاڵی ملیتـاری حەمـاس دوای ئەوەی فەرماندەی پێشوو، محەمەد دیف بە هـۆی هێرشـێکی ئاسـمانیەوە بە سـەختی برینداربوو. جەعبەری ئەنـدامی یەکێـک لە عەشـیرەتەکانی خەلیـل بـوو کە بە هۆی کارە تیرۆرییەکانیەوە بۆ ماوەی سێزدە سـاڵ لە ئیسـرائیل زینـدانی بـوو. کاتێــک ســاڵی ١٩٩٥ بەر هەڵــدرا، بــووە کەســی ســەرەکی حەمــاس و پەیوەنــدەییەکانی دەرەوە، پـارە پەیـداکردن و پلانــی هێرشــە تیرۆرییەکـانی بەڕێــوە دەبــرد. هەروەهــا وەک ســەرۆک ئەرکــانی حەمــاس سەرپەرشــتی بەرهەمهێنانی چەک، بەکارهێنانی هاوەن، مووشەک، قاچاخی چەک و چـالاکی ملیتــاری و هەواڵگــری دیــکەی دەکــرد. جەعــبەری ڕێنــوێنی ژمــارەیەک ئۆپەراسـیۆنی تیـرۆری دژ بە هاووڵاتیـانی ئیســرائیلی و ڕاوەشـاندنی ڕۆکێتــی قەسام دژ بە ناوچەکانی ئیســرائیلی کردبـوو؛ هەر خۆشـی بەرپرسـی ڕفانـدنی جیلعاد شالیت و واژووکردنی ڕێککەوتننامەی گەڕانەوەی بوو.

بە لای هێزی بەرگـرییەوە، جەعـبەری تەمەن پەنجـا و دوو سـاڵە کەسـێکی کوشندە بـوو، خـۆی ئەوەی دەزانـی بـۆیە زۆر وریـا و بە ئاگـا بـوو، سـەرچاوە بیانییەکان بانگەشـەی ئەوە دەکەن کە شـوێنی مـانەوەی شـەوانەی خـۆی یـان بەکارهێنانی جۆری ئۆتۆمبیلەکەی بە کەس نەدەگوت؛ زۆر جـاریش جلـوبەرگی ژنانەی دەپۆشی. لە بیست و چوار کاتژمێری ڕابـروودا بە یـارمەتی کارمەنـدانی

شاباکەوە لە نـزیکەوە چـاودێری دەکـرا؛ ڕاپۆرتەکانیـان پەردەیـان لەسـەر شـەو مـانەوەی لە فـڵانە خـانوو و ڕاگرتنـی ئۆتـۆمبیلەکەی لە دەرەوە ئاشـکراکرد. لە ئاسمانەوەش فڕۆکە چاودێرییەکانی هێزی ئاسمانی سەر بە پـۆلی ١٠٠ی هێـزی ئاسـمانی لە مەڵاسـدا بـوون. ئیـدی کـاتژمێر ٣:٤٥ی پاشـنیوەڕۆی ڕۆژی ١٤ی نـۆڤێمبەر بەڕێـوەبەری ئۆپەراسـیۆنەکانی شـاباک لە تەلئەڤیـڤ تەلەفـۆنێکی چارەنووسســازی لە غەززەوە بـۆ کـرا: لە سـێ خـولەکەدا یەکێـک لە ڕیــزە ئۆتۆمبیلەکـانی کە لە خزمەتـی جەعبەریـدان لە غەززە دەڕواتە ناونیشـانێکی دیاریکراو، کارمەندەکەی شاباک ئەوەشی گوت دوای سی چرکەی دی ئاگـاداری زیاتر بەر دەست دەخات.

بێ ئەوەی کات بە فیڕۆ بدرێت، کەسێکی کـاریگەر لە تەلئەڤیـڤ بە یـۆرام کۆهین، سەرۆکی شاباکی ڕاگەیاند و ئەویش بە نۆرەی خۆی پەیوەندی بە بێنی گانتز، سەرۆک ئەرکان و بنیامین نەتەنیاهۆ، سـەرۆک وەزیـرانەوە کـرد، کاتێـک دوای سـی چـرکە لە شـەقامی عـومەر موختـارەوە زانیـاری پشـت ڕاسـتکراوە گەیشت، ئەمیکام نۆرکن، سـەرۆکی ئۆپەراسـیۆنی هێـزی ئاسـمان کە لە ژووری فەرمانـــدەیی لە بارەگـــایەکی ملیتـــاری لە تەلئەڤیـــڤ دانیشـــتبوو، ئامـــادە و چاوەڕوان بوو، درۆنەکەی هێزی ئاسـمانی لە ئۆتـۆمبیلەکەی جەعـبەری نزیـک بۆوە و ڕێک کاتژمێر ٣:٥٥، نۆرکن فەرمانی: "بڕۆ"ی پێدا!

سیستمی درۆنەکە سێرەی لە کیا سلڤەرەکە گرت و ئاماژەیەکی ئەلیکترۆنـی سیستمی تەقانـدنی درۆنەکەی چـالاک کـرد، دوو مووشـەک ڕووە و ئۆتـۆمبیلە ڕۆیشتن و تەقینەوەیەکی گەورە بە درێژایی هەردوو سایدی شەقامەکە دەنگـی دایەوە و ئۆتـۆمبیلەکەش لەنێـو دوکەڵـدا بزربـوو. کاتێـک دوکەڵەکە ڕەویەوە، خەڵکە پیادەڕۆکان لاشەی ئەحمەد جەعبەر و ڕائید عەتار، فەرماندەی فیـرقەی حەماسـیان لە باشـوور ڕاکێشـایە دەرەوە و هەزاران دانیشـتووی غەززە ڕژانە شوێنەکە و داوای تۆڵەکردنەوەیان دەکرد.

كاتژمێر ٤:٠٠ی پاشنیوەڕۆ، ئۆپەراسیۆنی كۆڵەكەی بەرگری دەستی پێكرد كە دوای سـنووری غەززە هەفـتەیەک پێشـتر دەسـتی پێكردبـوو، كاتێـک بەهـۆی هێرشـە مووشـەک و هـاوەنییە چڕەكـانی حەمـاس پێكـدادانە سـنوورییەكان گەیشتنە ئەوپەڕی و ڕۆكێتەكان لە كـۆمەڵگە ئیسـرائیلییەكانی نزیـک غەززە و هەردوو گەورە شاری ئەسقیلۆن و ئەشـدود كەوتـنەوە، ئیسـرائیل هیچـی دی توانـای بەرگەگرتنـی ئەو هێرشـانەی نەمـا كە لە چەنـد مـانگی ڕابـردوودا زۆر زیـادی كردبوو.حەمـاس هەر لە خـۆڕا بەنـدەكانی ئەو ئاگربەسـتەی شـكاند كە دوای ئۆپەراسـیۆنی نیشـان شـكاندن لەگەڵ ئیسـرائیل هەیبـوو، بـۆیە هێـزی بەرگـری ئیسـرائیل بـۆ بەرپەرچـدانەوە و بەرقەرا كردنـی هێمنـی ناچـاربوو جارێكی دی گورزێكی كەمەرشكێن لە حەماس بوەشێنی.

غافڵكوژی جەعبەری گورزێكی كوشندەی دەستپێكی ئۆپەراسیۆنەكە بوو كە لە كۆبـوونەوەی ڕۆژی پێشـتری كـابینەی حكومەت(سـەركردە سیاسـییەكانی دەزگای ناوخۆ) بە سەرۆكایەتی نەتەنیـاهۆ بڕیـاری لێـدرابوو كە ئیهـود بـاراک، وەزیری بەرگری، ئەڤیكدۆر لیبرمان، وەزیری دەرەوە و ئـاڤی دیچـتەر، وەزیـری بەرگـری بەرەی نـاوخۆی لە خـۆ دەگـرت. لە میـانەی سـەردانێكی هەر یەک لە سەرۆک وەزیران و وەزیری بەرگری بۆ ناوچە سنوورییەكانی باكوری ئیسـرائیل، بڕیـارەكە بە ڕاگەیانـدنی ئاشـتەوایی لە بـارەی غەززە لە دوكەڵێكـی تاریـک پێچرابوو، دیارە ئەم فێڵە بۆ ئەوە بوو جەعـبەری كە زۆر بـایەخی بە ئاسایشـی خۆی دەدا، ئەو ڕۆژە بیری لە لای ئەوە نەبێت كە هەر هەڵەیەک ژیانی لەسەر دادەنێت.

بە گشـتی جێبەجێكردنـی ئەركەكە بە هێـزی ئاسـمانی سـپێردرابوو، چـونكە ئیسـرائیل پەنـدی لە ئۆپەراسـیۆنی نیشـان شـكاندن وەرگرتبـوو كە بەهـۆی زیانگەیاندن بە هاووڵاتیانی سڤیلی فەڵەستینی لە سەرانسـەری جیهـان ڕەخـنە باران كرابوو. ئەمجارە ئیسـرائیل نەشـتەرگەری پزیشـكی هێنـایە بەرچـاو كە تـا

بـۆی دەلـوێ گـورز لە تیرۆرسـتان و مۆڵگەکانیـان بـدات و ژیـانی سـڤیلەکان پـارێزراو بێـت. چەنـد خولەکێـک دوای غـافڵکوژکردنی جەعـبەری، یەکەم هەڵمەتی فڕۆکەکانی هێزی ئاسمانی لێدانی غەززە، کەمپی مەشقی حەماس لە باکور و دەزگا و کۆگا و ئەو سەکۆیانە بێت کە شوێنی پێنج مووشـەکی فەجـری دوورهاوێژ بوون و مەودایان حەفتا و پێنج کیلۆمەتر بـوو و دەیـانتوانی بـگەنە تەلئەڤیڤ و ئۆرشەلیم. ئەمەش دەسـتکەوتێکی مەزنـی ملیتـاری و هەواڵگـری بــوو کە بەشــێوەیەک توانــای حەماســی بــۆ مووشــەک بــارانکردنی نــاوچە ئاوەدانەکــانی کەم دەکــردەوە و گــرژییە ســاڵەهاکان، هەوڵە نهێنییەکــانی ڕێکخـراوەکەی تـایبەت بە قاچـاخی چەک و بەرهەمهێنـانی مووشــەک خــاو دەکردەوە. لە کۆتایی ڕۆژی یەکەمـدا بە شـێوەیەکی گشـتی توانـای مووشـەکە سـتراتیژە دوور هاوێژەکـانی حەمـاس بە تەواوی تەفروتونـا کـرا، بەڵام دوای بە خۆهاتنەوەی لە شۆکی بەراییدا، حەماس بە تەواوی هێـزەوە وەڵامـی دایەوە و زیــاتر لە شەســت ڕۆکێتــی لە شــارۆچکەکانی باشــوری ئیســـرائیل گــرت، لە بەرامبەردا ئیسـرائیل یەکسەر گوومبەتی ئاسنی؛ سیستمی نوێی دژە مووشەکی وەگەڕخست و بیست و چوار مووشەکی تێکشکاند.

بۆ ئێوارەکەی، بۆ هاووڵاتیانی سڤیلی ئیسـرائیل ڕوون بـوویەوە کە کـردەکە تەنها یەک گورزوەشاندن نیـیە، بەڵکـو لەوانەیە بـۆ ڕۆژانـی داهـاتووش درێـژە بکێشـێت. بـۆیە لە ڕۆژی دووەمـی شـاڵاوەکەدا حەمـاس و جیهـادی ئیسـلامی دووبـارە دەسـتیان بە بۆردومـانی شـارۆچکەکانی نزیـک غەززە کـردەوە و بـۆ یەکەمجــار مووشـــەکیان لە ژمــارەیەک شـــارۆچکەی نەقەب، تەلئەڤیــڤ و ئۆرشەلیم گرت. لە تەلئەڤیڤ لە دوای جەنگی یەکەمی کەنـداوی سـاڵی ١٩٩١ خەڵکی گوێیان لە دەنگی سافیرەی ئاگادارکردنەوە بـوو، بەڵام گـورزی هەرە بە ئازار بەر کیرات ماڵاچی کەوت.

کـاتژمێر ٩:٥٢ی بەیـانی مووشـەکێکی گـراد بە باڵەخـانەیەکی نیشـتەجێبوو

كەوت كە بەهـۆیەوە سـێ كەس كـوژران و شەشـیش برینـداربوون كە دوویـان منـداڵ بـوون. هاوسـێیەک لە باڵەخـانەكە گـوتی: "لە كـاتی لێـدانی سـافیرەی ئاگـاداركردنەوە، ئـێمە چـووینە بـن پێبلیكـانەكە، دوای چەنـد خولەكێـک لە باڵەخانەكە گـوێمان لە تەقینەوەیەكـی گەورە بـوو، گـوێمان لە قیـژەی خەڵكـی نهۆمی سـەرەوە بـوو، دواتـر بیـنم هاوسـێكەمان بە دوو كیـژۆڵەی برینـدارەوە هـاتە خـوارەوە... ئەو هاوسـێیەمان كە كـوژرا لە بـاڵكۆنی خـۆی وەسـتابوو و خەریكی چركاندنی وێنەی مووشەكەكان بوو."

لەو سەدان مووشەكەی ئاراستەی ئیسـرائیل كران تەنیـا چەنـد مووشـەكێک ئامانجیان پێكا، بەڵام زیان و ترسـێكی زۆریـان نـایەوە، لەگەڵ ئەوەشـدا گەلـی ئیسـرائیل خۆگرانە وەڵامیان دایەوە و بـێ لەبەرچـاوگرتنی بۆچـوونە سیاسـی و كۆمەڵایەتییەكان پشتیوانی ئۆپەراسیۆنەكەیان كرد.

لە ١٥ی نـۆڤێمبەر، هێـزی ئاسـمانی بۆردومـانی ٤٥٠ ئامـانجی كـرد كە حەفتایان دژ بە سەكۆی ڕۆكێتەكـانی ژێـرزەوی بـوو. لە هەمـان كاتـدا سێسـەد ڕۆكێت و هاوەن ئاراسـتەی ئیسـرائیل كـران، سـەركردەكانی حەمـاس، مسـر و توركیا لە دژی ئیسـرائیل ئاگریـان دەكـردەوە، بەڵام جیهـانی ڕۆشـنگەر لایەكـی گرتبوو، سەركردەكانی یەكێتـی ئەوڕووپـا بە شـێوەیەكی تـا ڕادەیەک پشـتیوانی خۆیان بۆ مافی بەرگری كردن بە ئیسـرائیل دەربڕی، لە سەرووی هەموویـانەوە پشـتیوانیەكەی سـەرۆک بـاراک ئۆبامـای سـەرۆكی ئەمریكـا بـوو كە لاگیـری لە ئیسـرائیل كـرد و حەمـاس و جیهـادی ئیسـلامی بە تیرۆریسـت نـاوبرد. لە ژێـر گوشاری ئۆباما حوسنی موبارەكی سەرۆكی مسـر ئاراستەكەی گـۆڕی و كۆتـایی بە هێرشەكانی بۆ سەر ئیسـرائیل هێنا و بۆ گەیشـتن بە ئاگربەسـت دەسـتی بە كاری گەرموگـوڕ كـرد، بەڵام لەم سەروبەندەشـدا شـەڕ هەر بەردەوامبـوو. ڕۆژ دوای ڕۆژ فڕۆكەكانی هێزی ئاسمانی و كەشتییەكانی سەر بە هێزی دەریایی لە دەماری ناوەندی حەماسیان لە غەززە گیر دەكرد و حەماس و جیهادیش ڕۆژ لە

دوای ڕۆژ سەدان ڕۆکێتیان لە شارۆچکەکانی ئیسرائیل دەگرت.

لەگەڵ ئەوەی هێزی بەرگری ئیسرائیل کۆتێکی توندی لەسەر وەڵامەکانی سەپاندبوو، بەڵام ژەنەڕاڵ تاڵ روسۆ، فەرماندەی ناوچەی باشور گوتی: "هەر ڕۆژ پێویستبوو ڕووبەڕووی ئەو گرفتانە ببمەوە کە لە کاتی ئۆپەراسیۆنەکە سەریان هەڵدەدا. بۆ نموونە: ئێمە ڕاپۆرتێکی هەواڵگریمان پێگەیشت کە فەرماندەیەکی دیاری حەماس لە ماڵەکەیەتی و دەبوو بڕیار بدەین کە ئایا لەوێ بە ئامانجی بگرین یان نا؟ من بڕیارمدا هێرش ناکەینە سەری نەبادا خەڵکێک بەرکەون کە پەیوەندیان نییە. هەستیاری و وریایی هێزی بەرگری ئیسرائیل کە نابێ ئازاری هاووڵاتی بدرێت بووە دەلیڤەی ڕزگارکردنی زۆرێک لە فەرماندەکانی حەماس و جیهادی ئیسلامی."

هیشام قەندیل، سەرۆک وەزیرانی مسر سەردانی کەرتی غەززەی کرد و لە کاتی سەردانەکەیدا ئیسرائیل ئاگربەستی ڕاگەیاند، لە دوای ڕۆیشتنەوەی تیرۆریستان دوو مووشەکیان لە تەلئەڤیڤ و یەکێکیشیان لە ئۆرشەلیم گرت کە هەرسێکیان بەرپەرچدرانەوە و لە ناوچەیەکی کراوەی خۆیاندا کەوتنەوە. لە بەرامبەردا هێزی ئاسمانی ئیسرائیل هێرشیان کردە سەر تونێلە قاچاغەکان، تەلارە حکومییەکان، وێستگەی تەلەفزیۆن و پردەکان، بانکی ئیسلامی و بۆڕی گاز و نەوتی کەرتی غەززە. هەروەها فڕۆکەکانی هێزی ئاسمانی ئیسرائیل نووسینگەی ئیسماعیل هەنییەی سەرۆک وەزیرانی حەماسی کردە ئامانج کە خۆی لەوێ نەبوو. بێگومان لەگەڵ هەڤاڵەکانی خۆیان لە ژێرزەمینەکان شاردبۆوە، لە کاتێکدا خەڵکەکەش بە خوێنی خۆیان باجی پەلامارەکانی ئیسرائیلیان دەدا. پۆلی پێنجی گوومبەتی ئاسنی لە تەلئەڤیڤ جێگیر بوو و لە ماوەی یەک کاتژمێردا مووشەکێکی تێک دەشکاند. میری قەتەر، سەرۆک وەزیرانی تورکیا و بەرپرسە باڵاکانی حەماس و جیهادی ئیسلامی بە مەبەستی گفتوگۆکردن لەگەڵ مسر لەبارەی گێرانەوەی هێمنی گەیشتنە قاهیرە، بە

نهێنی ئیسـرائیلیش تامیر پاردۆ، سەرۆكی مسـری ڕەوان كرد.

لەگەڵ ئەوەشدا غەززە لە بۆردومانی خۆی بەردەوامبوو. لە ٢٠ی نـۆڤێمبەر كە خراپترین ڕۆژی شەڕ بوو لە كەرتی غەززەوە گورزێـك ڕۆكێـت هاوێشـتران، وێڕای سەركەوتنەكانی گوومبەتی ئاسنی ڕۆكێت و هاونەكـان بەر مـاڵێكی بیـئر شیڤا كەوتن و بە هۆیەوە لە ناوچەی ئەشكۆڵ سێ سەرباز كـوژران. لە ڕیشـۆن لێزیۆن ڕۆكێتێك سەرەوەی باڵەخانەیەكی سێ نهۆمی نیشـتەجێبوونی خەڵكـی ڕووخاند، بەڵام تەنیا سێ كەس بە سووكی بریندار بوون.

بۆ سبەینەكەی دوای میانگیرییەكی چڕی مسـر داوا لە فەڵەسـتینییەكان كـرا گشــت چـالاكییەكی دوژمنكـارانە ڕاگـرن و ئیســـرائیلیش كۆتـایی بە هێرشــە ئاسمانییەكانی بهێنێت.

بە تێكڕایــی ١٢٠ كەس لە فەڵەسـتینییەكان كـوژران كە زۆربەیـان چەكـدار بوون و ١٥٠٠ ڕۆكێتـیش لە ئیســـرائیل گیـران كە ٤١٣یـان لە لایەن گـوومبەتی ئاسنی تێك شكێنران.

ئۆپەراسیۆنی كۆڵەكەی بەرگری بێ ئەنجامێكی یەكلاییكەرەوە كۆتایی هات، ئیسـرائیل گورزێكی كاریگەری لە حەماس و جیهادی ئیسلامی وەشاند، ڕۆكێـت و مووشەك هاوێژەكانی تەفروتونا كرد و بەرپرسە باڵاكانی حەماسی پاكتاو كرد كە فەرماندەی باڵی ملیتاری یەكێكیان بوو، بەڵام حەمـاس و جیهـادی ئیسـلامی نەشكان و تا ڕاگەیاندنی ئاگربەست لە مووشـەك بـارانكردن بەردەوامبـوون. لە ژمـــارەیەك شـــاری باشـــوری ئیســـــرائیل خۆپیشـــاندانی خۆڕســـك داوای بەردەوامبوونی ئۆپەراسیۆنەكەیان لە حكومەت دەكرد، خۆپیشـاندەران لەسـەر ڕەتكردنەوەی ئەو ئاگربەستە لەرزۆك و كاتییە سـووربوون و مـاوەیەكی زۆری پێ ناچێت، ئیسـرائیل ناچار دەبێت هەڵمەتێكی دی دژ بە تیرۆریستانی غەززە دەست پێ بكاتەوە.

خۆپیشاندەران لەسەر هەق بوون، چونکە بیست مانگ دواتر جارێکی دی ئیسرائیل کەوتەوە سەر ڕێچکەی شەڕ.

لێوارێکی پارێزراو، ٢٠١٤

ئەو ئەفسەرەی پۆلیس کە شەوی ١٢ی حوزەیرانی ٢٠١٤ تەلەفۆنێکی بۆ هات و وەڵامی نەدایەوە، چونکە وایزانی بۆ گاڵتە پێکردنە، تەنیا دوای ئەوەی باوکێکی پەشۆکاو تەلەفۆنی کرد کە سێ هەرزەکار بە ناوەکانی ئەیال یفراچ (١٩ ساڵی٩، گیلاد شەهار (شازدە ساڵی) و نافتالی فرێنکل (شازدە ساڵی) کە قوتابی قوتابخانەی ئاینی بوون لە بلۆکی ئیتزیۆندا لە ڕێگەی گەڕانەوەیاندا بۆ ماڵەوە دیار نەماون. یەکێکیان مۆبایلەکەی بەکارهێناوە، بەڵام پەیوەندییەکەی پچڕاوە، هەر زوو پۆلیس ئۆتۆمبیلێکی سووتاوی لە نزیک گوندی دورای عەرەبان لە ڕۆژئاوای خەلیل دۆزیەوە. ئەمەش ڕوون بوو کە مێردمنداڵەکان ڕفێنراون و ئاگریش لە ئۆتۆمبیلە ڕفێنراوەکە بەردراوە و تیرۆریستان لەگەڵ ڕفێنراوەکانیان چوونەتە ناو ئۆتۆمبیلێکی دیکەوە.

لە تەواوی کەرتی غەززەدا سۆراغ و گەڕیانێکی نا پێشینەکراو بەڕێوەچوو، هەر زوو سەرچاوە باوەڕپێکراوەکان لە مەیدانەکەدا هەواڵیاندا کە مێردمنداڵەکان لە لایەن تیرۆریستانی حەماس ڕفێنراون؛ هێزی بەرگری دەستی بە دەستگیرکردنی ملیتارە بەدناوەکانی حەماس لە کەرتی غەززەدا کرد و هەزاران سەربازی ئیسرائیلی ڕەوانی شارۆچکە، گوند، کێڵگە، بێستان و ناوچەی دی کران کە ڕەنگە ڕفێنراوەکانیان لێ شاردبێتەوە یان نێژرابن.

تەواوی گەل بە هەناسە سوارییەوە لە تاقیبی ئەنجامی گەڕیانی بێ سەروشوێنەکان بوون. ئەرکەکەی هێزی بەرگری لە ژێر ناوی "برایان، بگەڕێننەوە" بوو، هەر سێ دایکە داماوەکان لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەکاندا

داوایان لە ڕفێنەران دەکرد کوڕەکانیان ئازاد بکەن و بە مەبەستی کۆبوونەوە سەردانی ئەنجوومەنی مافی مرۆڤی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکانیان(ئەنجوومەنێکی بەدناوی ئەنتی ئیسرائیل) لە ژنێف کرد کە ئەندامەکانی بە خوێن ساردییەوە گوێیان بۆ بانگەوازە سۆزدارانەکەی دایکەکان ڕادێرابوو، گەڕیانە تاقەت پروکێنەرەکە بۆ ماوەی هەژدە ڕۆژ بەردەوامبوو. پسپۆرانی هەواڵگری هێزی بەرگری ئیسرائیل ناسنامەی ڕفێنەرانی ئاشکرا کرد کە دوو چەکداری حەماس بوون. لەم هەڵمەتەدا ئەشکەوت، بیری ئاو، ماڵ نەما نە پشکندرێن و سەدان چەکداری حەماس دەستگیرکران و لێپێچینەوەیان لەگەڵدا کرا.

دواجار، مێردمنداڵەکان لە گۆڕێک لە ناوچەیەکی بەرداوی لە باکوری خەلیل دۆزرانەوە. ئیسرائیل بەو کوشتنە هوڤییە بێ بەزەییەی ئەو سێ مێردمنداڵە بێ گوناهانە داتەپی. لە سەرینی ئەمەوە سێ ئیسرائیلی باڵی ڕاستڕۆ منداڵێکی تەمەن شازدە ساڵی فەڵەستینیان بەناوی محەمەد ئەبو خزەیر ڕفاند و وەحشیانە کوشتیان. وێڕای ئەوەی پۆلیس ئەوانی دۆزیەوە و دەستگیری کردن، بەڵام تورەیی کۆمەڵگەی فەڵەستینی گەورە بوو و زۆر لە فەڵەستینییەکان کاتێک زانیان هەر سێ مێردمنداڵە ئیسرائیلییەکە تیرۆرکراون لە خۆشیان ڕژانە سەر شەقامەکان و ڕەقسیان دەکرد، بەڵام ئێستا لە بەرامبەر کوشتنی مێردمنداڵێکی خۆیان داوای تۆڵە دەکەن. خراپترین کاردانەوە لە لای خەڵکی کەرتی غەززە بوو، چونکە حەماس و جیهادی ئیسلامی دەستیان بە مووشەک بارانکردنی هاووڵاتیانی ئیسرائیل کردەوە. نەتەنیاهۆی سەرۆک وەزیران گەرەکی نەبوو جارێکی دی لە گەڕێکی نوێ ڕووبەڕووی حەماس بێتەوە و بە ئاشکرا ڕایگەیاند؛ "هێمنی بە هێمنی وەڵام دەدرێتەوە"، بەڵام قسەی شیرین کاری نەکرد، بەڵکو هێرشەکان زیادیان کرد. سەرەتا وەڵامدانەوەی هێزی بەرگری ئیسرائیل بە بۆمبباران کردنێکی پوخت لە دژی ئامانجی

ستراتیژی لە غەززە قەتیس بوو و لەگەڵەشیدا دووپاتی لە ئاگربەست دەکرد، بەڵام حەماس ڕانەوەستا. بۆیە ئیسرائیل هیچ ڕێکارێکی دیکەی نەبوو، ژمارەیەکی فرەوانی سەرباز و هاوەنی بردە سەر سنوور، لەگەڵ ئەوەی هێشتا سوپا ئاودیوی ناو غەززە نەبوو، نەتەنیاهو، یالۆنی وەزیری بەرگری و گانتزی سەرۆک ئەرکان ئەو ئاگربەستەیان قبوڵ کرد کە مسر پێشنیاری کردبوو، بەڵام حەماس دەمودەست ڕەتی کردەوە.

دواتر لە ١٧ی تەمموز لە نۆیەمین ڕۆژی پێکدانەکەدا گرووپێک چەکداری حەماس لە خاکی ئیسرائیل لە نزیک کیبووتزی سوفا دەرکەوتن، فەرماندەیەکی هێزی بەرگری ئیسرائیل بە تەقە لێیان هاتبووە دەست و هەندێکیانی لێ کوشتبوو، بەڵام دزەکەرەکان کوژراو و برینداەرکانی خۆیان هەڵگرت و لەو ناوە ون بوون وەک ئەوەی لە کونێکدا هاتبوون، دواتر دەرکەوت ئەوە تونێلێکی دەرچوونە کە لە میلێک زیاتر لە خاڵێکی ناوخۆی حەماس لەبەری کەرتی غەززەوە دوورە و لە ژێر پەرژینی سنوور زۆر لە دەرگەی کیبووتزەکە نزیکە.

دوو تونێلی دیکەی هێرش کردن لە ئۆکتۆبەری ٢٠١٣ەوە دۆزرابوونەوە و تێکدران، بەڵام تونێلە نوێکە بۆ خەڵکی سڤیل و سەربازەکان لە ناوچەی ئوتێف عەززە هەڕەشەیەکی کوشندە بوو. دوای گفتوگۆ و مشتومڕێکی دورودرێژ حکومەت فەرمانی بە هێزی بەرگری ئیسرائیل کرد هێرشی زەمینی بکاتە سەر کەرتی غەززە بە ئامانجی دۆزینەوە و تێکدانی تونێلەکان. شارەزایانی سەرباز و ژمارەیەک تانک لە سنوور پەڕینەوە و چوونە دەوروبەری شاری غەززە کە لە لایەن تۆپخانە و هێزی ئاسمانی پاڵشت کراو بوون، سەرەتا داوایان لە خەڵکی سڤیل کرد ئەو دەوروبەرە چۆڵ بکەن کە دەیانویست کردەکەی لێ ئەنجام بدەن؛ کۆڕەوێکی قەبە دەستی پێکرد، بەڵام لە هەمانکاتدا چەکدارانی حەماس ناوچەکەیان داگیر کرد، سەنگەریان دروست کرد و مینیان چاند و خانووەکانیان بۆمبڕێژ کرد کە شوێنی تونێلەکان بوون. سەرەنجام شەڕێکی قورسی شەقامی

لـێکەوتەوە. لە هەفتەکـانی داهـاتوودا هێـزی بەرگـری ئیسـرائیل ٣٢ تـونێلی هێرشی دۆزیەوە کە سەدان یارد و هەندێجار چەنـد کیلۆمەترێـک بـوون کە لە غەززەوە ٧٠ تـا ٧٥ پـێ لە ژێـر زەوی بـوون و لە کیبـووتزی ئیسـرائیل و گونـدەکانەوە نزیکبـوون. تونێلەکـان بە دیـواری کـۆنکریتی هەڵچنرابـوون و کارەبای بۆ دابین کرابوو، هەروەها کرابووە کۆگایەکی چەک و تەقەمەنی. باشە چ بەسەر باشوری ئیسـرائیلدا دەهـات، ئەگەر ئەو تـونێلانە نە دۆزرابـانەتەوە؟ ڕەنگە سەدان تیرۆریست یان زیاتر دزەیان بکردبایەتە ناو وڵات یـان خەڵکیـان بە بـارمتە بگرتبـا. بەخـت یـاوەر بـوو، لە ڕێـگەی دۆزیـنەوەی تونێلێـک، دەسـتکەوتێکی ئاسایشـی گەورە بـۆ ئیسـرائیل بەدەسـتهات، بەڵام ئەمەش تورەبـوونێکی گەورەی بەرامـبەر هێـزی بەرگـری ئیسـرائیل لـێکەوتەوە کە بـۆ پێشتر نەیان توانیبوو بیدۆزنەوە.

بـاجەکەی بەرز بـوو، چـونکە هێـزی بەرگـری ئیسـرائیل شەشـت و حەوت جەنگاوەری هەرە باشی لە دەستچوو کە زۆریان ئەفسەر بوون. خەڵکی غەززە مەینەتییەکی زۆریان بینی و زیاتر لە هەزار و شەش سەد کەسـیان کـوژران کە زۆربەیان تیرۆریست بوون، بەڵام ژمارەیەکی زۆریشیان منداڵ بوون. هەروەها لەسـەر وێرانکردنـی ژمـارەیەکی زۆری خـانوو ڕەخـنە لە هێـزی بەرگـری گیـرا، چـونکە تۆپەکـان ئاراسـتەی نـاوچەی دانیشـتوان کرابـوون و بۆردومـانی چەنـد قوتابخانەیەکی ئۆنروای کردبوو کە لە ئەنجامـدا ببـوونە ئـاوارە. هێـزی بەرگـری بانگەشەی ئەوەی کرد کە لەنـاو قوتابخـانە و مزگەتەکـانەوە تەقەیـان لێکـراوە، بەڵام ڕەخنەکانی ناوەوە و دەرەوەی سووک نەکرد.

دەرکەوت سـوپای نیزامـی ئەوەنـدەی ڕاهێنـانی بـۆ ڕووبەڕووبـوونەوەی سـوپایەکی نیزامـی لە مەیـدانی جەنـگ کـردووە، ئامادەکـاری بـۆ شـەڕی ڕێکخراوێکی تیرۆریستی نەکردبوو کە لەناو شار و شارۆچکەکان خۆی مەڵاسـدا بێت. هەموو ئۆپەراسیۆنەکانی ئیسـرائیل دژ بە ڕێکخراوە تیرۆریسـتەکان، وەک

ئۆپەراسیۆنی لیتانی، شەڕی یەکەم و دووەمی لوبنان، ئۆپەراسیۆنی ترێی تووڕە دژ بە حزبوڵڵا لە باشوری لوبنان(١٩٩٦) و سێ ئەرکە گەورەکەی غەززە بێ دوا ئەنجام بە کۆتا هاتوون. بۆیە لە ئایندەدا پێویستی دەکرد هێزی بەرگری ئیسرائیل لە شەڕی ڕێکخراوە تیرۆریستەکانی وەک حەماس، حزبوڵڵا و داعش میتۆدی نوێ و بەرهەمدار پەرە پێ بدات و چەندی بۆی دەلوێ دەست لە هاووڵاتیانی سڤیل بپارێزێت.

ئەرکی لێواری پارێزراو وەک ئەرکەکانی ڕابردوو بە ئاگربەست کۆتاییهات. لەگەڵ ئەوەی گشت داواکارییەکانی حەماس ڕەتکرانەوە و سەرکردەکانی لە ژێرزەمینەکانەوە هاتنە دەرەوە و بەسەر وێنەی وێرانەیەکی سامدار و لە دەستچووەکاندا کەوتن. سەرکەوتنی ئیسرائیل بەرچاو بوو، بەڵام یەکلاییکەرەوە نەبوو، چونکە هێشتا حەماس سەدا ٢٠ تا ٣٠ی تێکڕای ڕۆکێتەکانی مابوو، زۆربەی یەکە سەربازییەکان و سەرکردەکانیان ساغ و سەلامەت بوون. سەرکردەکانی ئیسرائیلیش دەبوو لەگەڵ گەلێکی تووڕە هەڵسوکەوت بکەن کە هەستی دەکرد جارێکی دی حەماس لە گورزی یەکلاییکەرەوە دەربازی بوو.

قارەمانی ڕاستەقینەی ئەرکی لێواری پارێزراو، سیستمی گومبەتی ئاسنی بوو کە لە ماوەی پەنجا ڕۆژەی شەڕدا لە تێکشکاندنی ٧٣٥ مووشەکی قەسام، گراد و ئێم٧٥ سەرکەوتوو بوو کە ئاراستەی ئاوەدانییەکانی ئیسرائیل کرابوون و وای کرد لە چۆڵەوانیدا بکەونە خوارەوە. گومبەتی ئاسنی لە ئۆپەراسیۆنی کۆڵەکەی بەرگریدا کەرخی خۆی دەرخستبوو، بەڵام ئەمجارە ئەنجامەکە ئێجگار زۆر بوو. لە ئۆپەراسیۆنی لێواری پارێزدا تەنیا ٢٢٤ مووشەک لە شار و شارەدێکانی ئیسرائیل کەوتنەوە و تەنیا پێنج کەس کوژران. هەروەها بە شێوەیەکی ڕێژەیی زیانی کەمی هێزی بەرگری ئیسرائیل وایکرد بێ گوشاری مەینەتی هاووڵاتیانی سڤیل ئەرکەکە جێبەجێ بکات. گومبەتی ئاسنی بە پاراستنی

خەڵکی سڤیلی ئیسـرائیل هاوسەنگی ململانێکەی گۆڕی.

گـومبەتی ئاسـنی لە کۆمەڵێـک ڕاداری زۆر هەسـتیار پێکهـاتبوو کە توانـای چـاودێری کردنـی مووشـەکێک تـا دووانـی هەبـوو؛ کۆمپیوتەرەکـانی توانـای دیـاریکردنێکی وردی مووشـەکەکانی دوژمنـی هەبـوو، بەهـۆیەوە پـۆلی دژە مووشەک دەیتوانی لە مووشەکەکانی دوژمن بـدات بەر لەوەی بـگەنە زەوی و هەر لە ئاسمانەوە دەتەقێنرانەوە.

دامەزرێنەری گومبەتی ئاسـنی، جـولەکەیەکی پـرچ گـروازەی سـمێڵ بـابڕی گەرموگـوڕی بە ڕەگەز مەغریبـی بە نـاوی ئەمیـر پیرەتـز بـوو کە ئەنـدامێکی پێشووی هێزی پەڕەشوتوان بـوو، بـۆ مـاوەی چەنـدین سـاڵ بە هـۆی سـەختی برینێکیەوە لە نەخۆشانە مابۆوە، دواتر بوو بە موختاری شـارۆچکەی سـدیرۆت کە تەنیا ٧.٣ کیلۆمەتر لە سنووری غەززە دوور بوو.

بە ماوەیەکی کورت دوای دامەزراندنی بە وەزیری بەرگـری لە سـاڵی ٢٠٠٦، وێڕای بەرهەڵستێکی توندی ژەنەڕاڵەکـان، وەزارەتـی بەرگـری و میـدیا، پیرەتـز فەرمانی بە سوپا کرد ئەنـدازیار و زاناکـان و بەشـێکی زۆری دەسـتەی سیاسـی فێری پرۆژەی بەرگـری کردنـی ئیسـرائیل لە ڕۆکێتەکـانی قەسـام و ئەوانـی دی بکەن، بەرپرسی پرۆژەکەش زانایەکی بلیمەت بوو بە ناوی دکتۆر دانی گۆڵد.

بیـانووی بەرهەڵسـتییەکە لەسـەر بنەمـای هەڕەشـەی سـنوورداری مووشـەکەکان، پێویسـتی تێچـووی پەرەپێـدانی سیسـتمی دژە مووشـەکی دی لەپـاڵ پـرۆژەی هاوبەشـی ئیسـرائیلی ئەمریکـی (ئەرۆ) بـۆ تێکشـکاندنی مووشـەکە دوور هاوێژەکـان بـوو؛ زۆرێـک لە پسـپۆران سیسـتمی لێـزەری نۆتیلوسیان پێ باشتر بوو و گاڵتەیان بە پرۆژەکەی وەزیر دەکرد کە هیچـی لـێ وەبەر نایەت.

ڕۆژنـامەیەکی بە ناوبانـگ لە لاپەڕەی یەکەمیـدا بە مانشـێتێکی گەورە

نووسیبووی: " گومبەتی ئاسنی هەر لە پێشدا سەر نەکەوتووە"

لەوانەیە ئەوان ڕاست بن، چونکە وەزیری بەرگری بەشێکی سەرنەکەوتنی شەڕی دووەمی لە ئەستۆدا بوو، نەخاسمە کاتێک وێنەگران، وێنەیەکی ئەویان بڵاوکردەوە کە بە دووربین سەیری مانۆڕی هێزی بەرگری ئەمریکای دەکرد، بەڵام پەردەی چاویلکەی دووربینەکەی لا نەبردبوو... پاش هەموو ئەوانە، سەرکردەی یەکێتی بازرگانی، سیاسەتکاران  بوو نەک ژەنەڕەڵەکان، باشە دەبێت چ لە پرسە ملیتاریەکان بزانێت؟

ئەوە ساڵی ٢٠٠٧ بوو، بەڵام لە ٢٠١٤ لە کات و دوای لێواری پارێز، میدیا و سەرکردەکانی ئیسرائیل لە پێشبڕکێدا بوون خۆیان بە ناوبانگ و نامە گوڵاوییە سوپاسگوزارییەکانی پیرەتز بشۆن کە بە تەنێ گومبەتی ئاسنی کردە ڕاستی و بەو سیستمە بچووکەی تێکشکاندن ڕێسای گەمەکەی گۆڕی و لەنکاو هەزاران مووشەکی بن دەستی حەماسی کردە شتێکی کۆن.

لە کاتی ئەرکی لێواری پارێزراو، پیشەسازی سەربازی ئیسرائیل نۆیەم سەکۆی گومبەتی ئاسنی ڕادەستی سوپا کرد. لە لێدوانێکیدا پیرەتز بە دانەرانی ئەم پەرتووکەی گوت: "بە سێزدە سەکۆ ئێمە دەتوانین هەموو شارەکامان و ناوچە ئاوەدانەکان بپارێزین؛ هەر کاتێک بیست و چوار سەکۆمان جێگیر کرد، هەموو خاکی ئیسرائیل سەلامەت دەبێت." ژەنەڕاڵ گابی ئەشکەنازی، سەرۆک ئەرکانی پێشوو کە دژی پرۆژەکە بوو ( بەڵام بە دڵسۆزی جێبەجێی کرد) بە گاڵتەوە گوتی: "بە دووربین یان بێ دووربین، ئەمیر پیرەتز لە ئێمە لە هەمووان دووربینتر بوو."

لە ٢٣ی سێپتەمبەر، نزیکەی سێ هەفتە دوای ئاگربەست، کۆماندۆکانی ئیسرائیل شوێنی دوو تیرۆرستەکەی حەماسیان دیاریکرد کە لە ١٧ی حوزەیران سێ مێردمنداڵەکەی ئیسرائیلیان کوشتبوو، هەر یەک لە عەمار ئەبو عیشە و

مەروان قەواسمە لە پێکدانێکی چەکداریدا لە خەلیل کوژران.

ئەمیر پیرەتز، وەزیری پێشووی بەرگری

"مانگێک دوای وەرگرتنی پۆستەکەم، دەستەی گشتی ئەرکانم بانگ کرد و داوام لێکردن، بۆچی ئێمە بۆ دژە چەکە هەرە سەرەتاییەکانی تیرۆریستان(قەسام) هیچ ڕێگەیەکمان نییە. لە وەڵامدا گوتیان دوو جۆرە هەڕەشە هەیە: تاکتیکی و ستراتیژی. تەنانەت قەسامەکان هەڕەشەی تاکتیکی نین: لە ماوەی حەوت ساڵ تەنیا حەوت کەسمان کوژراوە. واتە ساڵێ یەک کەس، بۆیە ئەمە نابێتە پاساو ملیۆنان دۆلار خەرج بکەین.

ئەمن پێم گوتن، با چیرۆکێکتان بۆ وەگێڕمەوە کە لە پیرەمێردێکی شەقامی سدیرۆتم بیستووە و گوتی: لە دێر زەمانەوە لە گوندەکەم لە مەغریب، پڕۆپاگەندەیەک گەیشتە بە تەمەنەکانی گوند، فریشتەی مەرگ دێتە گوندەکەمان و لە دوو هەفتەی داهاتوودا هەندێ گیان دەکێشێت، باشە چ بکەین؟ بە تەمەنەکان بڕیاریاندا بە خەڵکەکە ڕابگەیەنن. یەک، فریشتەی مەرگ دێت؛ دوو، لە دوو هەفتەی داهاتوودا دەگات؛ سێ، کەس نازانێت گیانی کێ دەکێشێت.

پیرەمێردەکە گوتی: ئەنجامی ئەمە چی بوو؟ هەموو خەڵکی ئاوایی ڕایان کرد.

ئەمن بە ژەنەڕاڵەکانم گوت: هەمان شت لەگەڵ ڕۆکێتەکانی قەسام ڕوویداوە. ئێمە نازانین کەی و لە کوێ دەدەن و کێش دەکوژرێت، بەڵام ژیانی لە هەزاران ئیسرائیلی هەراسان کردووە. ئەرکی ئێمەیە ژیانێکی ئاشتیان بۆ مسۆگەر بکەین. لەوانەیە هەڕەشەیەکی ستراتیژی و تاکتیکی سەر ژیانمان نەبێت، بەڵام هەڕەشەیەکی مۆڕاڵییە.

ئەوان ئەو قسەیەیان نەکرد، هەموویان دژم بوون. سوپا، پیشەسازییەکان،، هاووڵاتیان، سەربازان، کۆمێنتەرانی میدیا و نووسەران هەموویان هێرشیان کردە سەرم، تەواو هەستم بە تەنیایی کرد.

کاتێک مەسەلەکەم خستە بەردەم ئۆلمرتی سەرۆک وەزیران، ئەو دەستی خۆی لێ شوشت و گوتی: تۆ وەزیری بەرگری، بڕیار و بودجەی خۆتە. هەر هیچ نەبێت ڤیتۆی پرۆژەکەی نەکرد.

کاتێک دواجار بڕیاری بەرەوپێشبردنی پلانەکەمدا، جارێکی دیکە بەهۆی هەڵبژاردنی پرۆژەی گومبەتی ئاسنی لەبری نۆتیلۆس کە پشتی بە تێکشکاندنی مووشەکانی دوژمن بە لێزەر دەبەست، کەوتمەوە بەر هێرشان. ئەمن لەبەر دوو هۆ پرۆژەکەم ڕەتکردەوە: یەکەم، نۆتیلۆس جێگیرە و ناتوانرێت کەرەستەکان لە شوێنێکەوە بگوزرێنەوە شوێنێکی دی. دووەم، کاتێک ئاسمان هەور بێت، تیشکی لێزەری بە شێوەیەکی دروست کار ناکات. بەو مانایەی بە لایەنی کەمی ساڵێ سێ مانگ شارەدێ و شارەکانمان بێ بەرگری دەمێننەوە، بە پێچەوانەوە گومبەتی ئاسنی بە ئاسانی دەگوازرێتەوە و بە درێژایی ساڵ لە هەر کەشوهەوایەکدا کار دەکات.

ئەمن گومبەتی ئاسنیم پەسند کرد و جارێکی دی خۆم کارکەنار و بە سووک سەیرکردن بینییەوە. بۆ من دە مانگی داهاتوو مێردەزمە بوو، بەڵام ئەمڕۆ تەواوی گەل ستایشی گومبەتی ئاسنی دەکات، تەنانەت بووەتە کەیسێکی دەگمەنی پەیوەندییەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل. سەرۆکی ئەمریکا و کۆنگرێسمانەکانی ئەمەریکا لە تەک ساڵانە یارمەتییە سێ بلیۆن دۆلارەکە بۆ ئیسرائیل، دەنگیان بۆ بودجەی تایبەت بە گومبەتی ئاسنیدا. ئەمەش یەکەمجار بوو ئەمریکا بەشداری لە پرۆژەیەک بکات کە سەر بە پیشەسازی ئەمریکا نەبێت، تەنیا (شین و سپی) دەستکەوتێکی تەواوی ئیسرائیل بوو."

# کۆتایی
# گەڕانەوەی هۆزێکی ونبوو

# پاژی بیست و شەشەم

## لەناو جەرگەی ئەفریقاوە بۆ ئۆرشەلیم: ئۆپەراسیۆنی موسا

## (١٩٨٤) و ئۆپەراسیۆنی سۆلۆمۆن (١٩٩١)

لە شەوێکی مانگی ئۆکتۆبەری ١٩٨١، دوو بەلەمی جەنگی سەر بە هێزی دەریایی ئیسرائیل، مووشەک هەڵگری ڕاشێف و کیشیت بە نهێنی گەیشتنە کەنارئاوەکانی سودان، جەنگاوەرانی فلۆتیلا ١٣ بە قایەخی چووپ لە کەشتیەکان دابەزین و وەک ئاماژەیەک بۆ سەلامەتی ڕێگەی کەنارەکە هاوێنەی دەنگدانەوەی ڕاداریان لەسەر پێچەکان جێگیر کردبوو. ئەرکەکە، ئەرکێکی سەخت بوو؛ تاشەبەردەکان لە تەواوی ناوچەکە دانرابوون و جەنگاوەران بە نهێنی کاریان کرد، لەبەرئەوەی سودان وڵاتێکی دوژمن بوو. نەخشەی رێگەی گەیشتن بە کەنارەکەیان کێشابوو و چوار دەروازەیان دیاریکردبوو کە جۆرێک لە ئاسانکاری ئەرکی گەڕاندنەوەی جووەکانی ئەسیوپیا لە ڕێگەی سودان بۆ ئیسرائیل بوو.

بە کردەنی ئۆپەراسیۆنەکە لە ١٩٩٧ەوە دەستی پێکردبوو، کاتێک موناحیم بێگن، سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل بانگهێشتی ئیسحاق هۆفی، سەرۆکی مۆسادی کرد و پێی گوت: "جووەکانی ئەسیوپیام بۆ بگەڕێنەوە". بێگن ئەوەی دەزانی کە بەهۆی دۆخی نا سەقامگیری ڕژێمی مەنگستۆ میلا مریەمی دیکتاتۆری ئەسیوپیا، جووەکانی ئەو وڵاتە لە چ مەینەتێکدان، هەروەها ئەوەشی دەزانی کە ئەو کۆمەڵە ئەفسانە دێرینە چەندە پەرۆشن بەرەو ئیسرائیل کۆچ بکەن. ئەرکەکە خرایە ئەستۆی مۆساد؛ سەرەتا ژمارەیەکی بچووکیان لە ئەدیس ئەبابای پایتەختی ئەسیۆپیاوە هێنرانە ئیسرائیل، بەڵام مەنگستۆ بە خێرایی دەرگاکانی چوونە دەرەوەی وڵاتی داخستن، هەزاران جوو گوێیان لە بیرۆکەی گەڕانەوەیان لە عیبریە بۆ ئۆرشەلیم بوو، بۆیە بە پێیان ملی ڕێگەی خۆ گەیاندن بە سوودانی دراوسێیان گرتەبەر. لە ئەنجامی ئەو گەشتە دوورە هەزارانیان مردن و کەوتنە بەر ڕەحمەتی ڕووتکردن، ئاژەڵە کێویەکان،

نەخۆشی و برسێتی. گەشتەکە بۆ خـۆی داسـتانی مەینەتـی و قارەمـانێتی بـوو. کاتێک گەیشتنە سـودان زۆرینەیـان خـرانە نـاو کەمپـی ئـاوارانەوە و لە ترسـی دەسەڵاتداران و ئاوارەکانی دیکەی کەمپ ناسنامەی خۆیـان شـاردەوە. مۆسـاد لە ژێر جۆرەها پەردەوە ژمارەیەک کارمەندی خـۆی ڕەوانەی ئەسـیوپیا کـرد کە بۆ دەرکردنی جووەکان لە سودان بە باشترین شـێوە کـاری خۆیـان کـرد. لەسـەر داوای بـێگن، ئەنـوەر سـاداتی سـەرۆکی مسـر لەگەڵ جەعـفەر نـومەیری، دیکتاتۆری سودان لە پەیوەندیدا بوو بۆئەوەی داوای لـێ بکـات بە شـێوەیەکی دی سەیری هەڵاتنی جـووانی ئەسـیوپیا بکـات. نـومەیری بە بەرتیلێکـی گەورە قایل بوو، بەڵام تەنیا ژمارەیەکی کەم بە بەڵگەنامەی ڕاستینە یان ساختە توانای جێهێشتنی وڵاتیـان هەبـوو، لە کاتێکـدا زۆرینەیـان لە بـارودۆخێکی دژواردا لە کەمپەکان مانەوە.

دواتر بیرۆکەیەک سەری هەڵدا: لە ڕێگەی دەریـاوە لە سـودان بە یـارمەتی هێزی بەرگری ئیسـرائیل لەپاڵ کۆماندۆکانی فلۆتیلا ١٣ بهێنرێنەوە. کارمەنـدانی مۆسـاد کە یۆناتـان شـیفا، ئەمانوئێـل ئـالۆن و خەڵکـی دیکەشـی تێـدابوو، لە کەنارەکانی سودان شوێنێکی گەشتیاریان بە ناوی ئارۆیس پەیـدا کـرد کە کـاری چوونە ژێرئاوی و سەنتەری ڕێنوێنی گەشتیارانی ئەوڕووپایان دەکرد. شـوێنەکە لە گوندێکی چۆڵبووی دەکرد، بەڵام کۆمەڵێک چالاکی لێ دەکـرا کە گەشـتیاران بەوەیـان نەدەزانـی. لە شـەوە دیاریکراوەکانـدا سـتافەکە بە لـۆرییە کـۆن و شڕەکانەوە سەدان میلیـان دەبـڕی بـۆئەوەی لە خـاڵێکی دیـاریکراودا بە نهێنـی ژمارەیەک جوو هەڵگرن و بیانهێننە کەنارەکانی سـودانەوە. ئەو ئۆپەراسـیۆنە و ئۆپەراسیۆنەکانی دی کە ئەوکات لە سودان لە لایەن مۆساد بەڕێوە دەبـران، لە لایەن کارمەندێکی خـۆرت و ئـازا بە نـاوی یارمولـک بە نازنـاوی دانـی لیمـوری قژکاڵ سەرپەرشتی دەکرا.

لە ٨ی نـۆڤێمبەری ١٩٨١دا، کەشـتی بـات گەلیم(کچـی شـەپۆڵ) لە

بەندەری ئیلات بە ڕێکەوت کە مێیجەر ئیلان بوهریس، کەلوپەلی پزیشکی، ناندینی مەیدانی و چوار سەد تەختی نووستنی هەڵگرتبوو، ژمارەیەک ئەندامی فلۆتیلا١٣ و دوو بەلەمی کۆماندۆ بە ناوی سواڵۆز، هەروەها نۆ کەلوگە و بات گلیمیش قوڵابی بەرز کردبۆوە. مۆساد ناوی لە ئەرکەکە نا ئۆپەراسیۆنی برایان، ناوەکە پڕ بە پێست بوو، چونکە ڕێکخەران بە چاوی برا سەیری جووەکانی ئەسیوپیایان دەکرد.

لە ١١ی نۆڤێمبەر بات گلیم گەیشتە مەنزڵگەی خۆی کە شەوەکەی ژمارەیەک جوو بە بارهەڵگرێکی سەر بە چادر داپۆشراو گەیشتبوونە کەنارەکە کە لەترسی نەبادا لە لایەن سوپای سودان ڕێگری بکرێن چەند کاتژمێرێک بە ڕێگەوە بوون؛ لە گەشتەکەیاندا بە ناچاری دەبوو بە بازگەی سوپای سودان تێپەڕن، سەرنشینەکان بەهۆی گەشتە درێژەکەیانەوە تەواو شپرزە ببوون و هەندێکێشیان هەترشیان چوو کە سواری قایەغە چووپەکان کرابوون و دواتر هێنرابوونە سەر کەشتیەکە. زۆربەیان لە هەموو ژیانیاندا دەریایان نەبینیبوو؛ لەسەر کەشتی نان و مرەباو چایان پێدرا. ئیسرائیلییەکان بۆ بەخێرهێنانیان تیپێکی گۆرانیان دروست کردبوو، تەنانەت شاشەی تەلەفزیۆنیشیان بۆ دانابوون کە هەندێکیان هەرگیز شتی وایان نە بینیبوو. دوو ڕۆژ و نیو دواتر کەشتییەکە لە بنکەی شەرم شێخ لە سینا لەنگەری گرت کە ١٦٤ سەرنشینی لێ دابەزی.

دەستبەجێ ئامادەکاری بۆ گەشتی دووەم دەستی پێکرد و لە مانگی جێنەوەری ١٩٨٢، ٣٥١ کۆچبەری دیکەی هێنایە ئیسرائیل. سێیەم گەشت کە لە ئاداری ١٩٨٢ بەڕێوەچوو بە کارەسات کۆتاییهات: یەکێک لە بەلەمەکان کە کارمەندانی مۆسادی هەڵگرتبوو لە تاشە بەردەکان گیربوو، لە هەمانکاتدا لە ناکاو سەربازانی سودان پەیدابوون و هەڕەشەی تەقە لێکردنیان کرد. خۆشبەختانە فەرماندەی ئەرکەکە باش لێیان هاتە دەنگ و گوتی: ئەوە شێت

بووی؟ تۆ دەتەوێ تەقە لە گەشتیاران بکەیت؟ تۆ نابینی ئێمە بۆ ڕێکخستنی بردنە ژێرئاوی نوێنەران لێرەین؟ ئێمە کارمەندی وەزارەتی گەشتوگوزارین، گەشتیاران دەهێنینە وڵات و تۆش دەتەوێ تەقەیان لێ بکەیت؟ ئەو دەبەنگە کێیە تۆی کردووە بە ئەفسەر؟ فەرماندە ئینگلیزی زانەکە ڕووگیربوو، داوای لێبوردنی کرد و لەگەڵ سەربازەکانیەوە ڕۆیشتن. بە کردەنی چاویان لە قاچاخچیەکان دەگێڕا. بات گلیم بێ ڕووبەڕووبوونەوەی سەختی سەربار بە ڕێکەوت و ١٧٢ کۆچبەری دیکەی ڕادەستی ئیسرائیل کرد، هەرچەندە لە ئەنجامی ڕووداوەکە دەرکەوت کە ئەم میتۆدە مەترسیدارە و هیچی دی کار کردە نییە؛ بۆیە پێویستبوو بۆ هێنانە دەرەوەی جووانی ئەسیوپیا ڕێگەیەکی دی بدۆزرێتەوە.

سبەینەیەک، گەشتیارانی هاوینەهەوارەکە بۆیان ئاشکرابوو کە تەوای ستافەکە جگە لە خەڵکە لۆکاڵەکە کەسی دیکە دیار نییە. "ڕێنیشاندەران" کە لە ڕاستیدا کارمەندی مۆساد بوون، نامەیەکی لێبوردنی داخستنی شوێنەکەیان جێهێشتبوو کە گوایە بەهۆی بودجەوە بووە. گەشتیاران گەڕانەوە وڵاتەکانی خۆیان و تەواوی پارەی خۆیان وەرگرتەوە.

هەر ئەوکات لە ئیسرائیل بڕیاری گواستنەوەی کۆچبەران بە ڕێگەی دی درا، فڕۆکەی ڕینۆ ژمارەیەک کارمەندی مۆسادی هەڵگرت و فڕۆکەخانەیەکی فەرامۆشکراوی بەریتانی لە باشوری پۆرت سودانیان دۆزیەوە و تیمێکی تایبەتی هێزی ئاسمانی ئامادەی نیشتنەوە بوون بۆئەوەی جووانی ئەسیوپیا لە شوێنێکی نهێنی کۆبکرێنەوە و بهێنرێنە فڕۆکەخانەکە کە فرگەکەی بە تۆرچی تایبەتی ڕووناک کرابۆوە، بەڵام کاتێک ڕینۆکان نیشتنەوە ئەسیوپیەکان لە ترسان هەر ئەوە مابوو نەمرن، چونکە لە ژیانیاندا یەکەمجار بوو فڕۆکە ببینن بەو نەڕە نەڕە بەرەو ڕوویان بڕوات، زۆرێکیان هەڵاتن تەنیا ئەوکاتە گەڕانەوە کە ڕێکخەرە ئیسرائیلییەکان هێوریان کردنەوە. لە کۆتاییدا فڕۆکەکە بە ٢١٣

جووەوە بەرەو ئیسـرائیل گەڕایەوە.

ڕووداوەکەی فڕۆکەخـانە چەنـد وانەیەکـی گرنگـی بە ئەنـدامانی هێـزی ئاســمانی ئیســرائیل و مۆسـاددا: لە گەشـتی دادێـدا، فـڕۆکەکە بە ڕەمـپەوە بنیشێتەوە، جووەکانی ناو بارهەڵگری کۆچبەران ڕاستەوخۆ بچێتە ناو فـڕۆکەکە بێ ئەوەی ئەوان ئەو دڕندەیە ببینن کە بە نەڕە نەڕ ڕووبەڕوویـان دێـت، بەڵام دەسەڵاتدارانی سودان ئۆپەراسیۆنەکە و فڕۆکەخانەکەیان ئاشکرا کرد.

ئیسـرائیلییەکان ناوچەیەکی دیکەی نیشتنەوەیان دۆزیەوە کە نزیکەی چـل و شـەش کیلـۆمەتر لە پـۆرت سـودانەوە دوور بـوو، دواتـر بڕیـاری ڕێکخسـتنی پردێکی ئاسمانیاندا کە حەوت گەشتی فڕۆکەی ڕینۆ لە خۆ بگرێـت و هەر دوو سەد جوو بە فڕۆکەیەک بگـوازرێنەوە. ئەرکەکەش لە لایەن سـەرۆکی مۆسـاد و ژەنەڕاڵ ئـامۆس یـارۆن، سـەرۆکی نووسـینگەی پەڕەشـوتوانان سەرپەرشـتی بکرێـت. ئۆپەراسـیۆنەکە لە مـاوەی سـاڵانی ١٩٨٢ و ١٩٨٤ جێبەجـێ کـرا کە بەهۆیەوە ١٥٠٠ کۆچبەر هێنرانە ئیسـرائیل.

لە سەروپاژی هەر گەشتێکدا بارهەڵگرێک دەگەیشتە شـوێنی نیشـتنەوەکە و فڕگەکەی ڕووناک دەکردەوە، فڕۆکەکەی لە ئیسـرائیلەوە هاتبوو، دەنیشـتەوە و دواتر بایەدایەوە و دەرگا گەورەکەی کلکی دەکردەوە. ئەندامانی کۆماندۆی یەکەی هێزی شالداگ بە دوو ڕیز دەوەستان و ڕاڕەوێکیان لە شێوەی تونێل بـۆ دەرگاکەوە دروست دەکرد، کاتێک بارهەڵگرەکـان دەگەیشـتن کـۆچبەران بەنـاو تونێلەکەوە دەچـوونە نـاو فـڕۆکەکەوە و لەسـەر زەوی فـڕۆکەکە دادەنیشـتن و زۆربەیان هەر نەیاندەزانی کە لەناو فڕۆکەدان.

لە یەکێک لە گەشـتەکاندا، پیرەمێردێـک کە رابەری ئـایینی و کۆمەڵایەتیـان بوو، هەستایەوە و پرسیاری کرد، ئەفسەری باڵا کیهانە، تاخمی فڕۆکەکە ئەویان بردە لای ژەنەڕاڵ ئەڤیهۆ بێن نون کە سەر بە هێزی ئاسمانی بوو. پیرەمێـردەکە

لە بەرامبەری وەستا و  و لەسەرخۆ لەبەر پژدێنی شمشێرێکی کۆنی دەرهێنا و ڕووی لێی کرد و گوتی: تا ئێستا من لە چارەنووسیان بەرپرس بووم، لێرە بە دواوە تۆ بەرپرسی و شمشێرەکەی دایە دەستی بێن نون.

لە کۆتایی ١٩٨٤ ڕەوشی سودان ناسەقامگیرتر بوو؛ وڵاتەکە پێویستی بە یارمەتی مرۆیی و خۆراک بوو. ئیسرائیل سوودی لەو ڕەوشە وەرگرت و داوای لە ویلایەتە یەکگرتووەکان کرد لە بەرامبەر گۆڕینەوەی کۆچبەرە جووەکان یارمەتی سودان بدات. جۆرج بوشی جێگری سەرۆکی ئەمریکا هەرزوو وەڵامی دایەوە و ڕێنوێنی بە ستافی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە خەرتوومدا لەگەڵ نومەیری دەست بە گفتوگۆ بکەن. گفتوگۆکە سەرکەوتنی بەدەستهێنا و سوودان قایل بوو جووەکانی ئەسیوپیا بە ڕێگەی ئاسمانی بچنە دەرەوە بەو مەرجەی فڕۆکەکان ڕاستەوخۆ بەرەو ئیسرائیل نەفڕن، بەڵکو لە ڕێی دەوڵەتی سێیەمەوە بێت. مۆساد هێلێکی ئاسمانی  دیاری کرد کە خاوەنەکەی جوویێکی بەلژیکی بوو و ناوی لە ئۆپەراسیۆنەکە نا، ئۆپەراسیۆنی موسا: لە ماوەی چل و حەوت ڕۆژدا بۆینگە بەلژیکیەکە سی و شەش گەشتی کرد و ٧٨٠٠ جووی بۆ ئیسرائیل گواستەوە.

لە ئەنجامی دزە پێکردنێک لە لایەن سەرکردە ئیسرائیلییەکانەوە، هەواڵەکە گەیشتە میدیاکان، لە بەرامبەردا نومەیری ئۆپەراسیۆنەکەی ڕاگرت، بەڵام بوش نەوەستا، لە ئۆپەراسیۆنێکدا بەناوی شاژنی سەبا حەوت فڕۆکەی هەرقەڵی(ڕینۆ) سەر بە هێزی ئاسمانی ئەمریکا ڕەوانەی قەزارفی سودان کرد. فڕۆکە ئەمریکییەکان ئەو پێنج سەد جووەی لە سودان مابوونەوە ڕاستەوخۆ هێنایەوە بنکەی ئاسمانی ڕامونی ئیسرائیل. ئەم ئەرکە تاجی لەسەری هاوکاری نێوان هێزی ئاسمانی ئیسرائیل و ئەمریکا بۆ ئامانجێکی هاوبەش دانا کە ڕزگارکردنی جووانی ئەسیوپیا بوو.

هەرچەندە ئۆپەراسیۆنی موسا و شاژنە سەبا بە سەرکەوتوویی کۆتایهات،

بەڵام هێشتا هەزاران جوو لە ئەسیوپیا مابوونەوە و لە کاتی پرۆسەی هاتنە دەرەوەکەدا خێزانێکی زۆر لێک دابڕابوون، منداڵی وا هەبوو بێ باوانیان گەیشتبوونە ئیسرائیل و بە پێچەوانەوە. ئەم لێک دابڕانە بووە هۆی سەختی و مەرگەساتی گەورە بۆ جووەکانی ئەسوپیا لە ئیسرائیلدا. لە هەمانکاتدا شەڕێکی ناوخۆی کوشندە لە ئەسیوپیا قەوما و بۆ سەر ژیانی جووەکان مەترسی گەورە لە ئاسۆ دەرکەوت. نێردەکانی مۆساد و ئاژانسە جوولەکەکان هەزاران جوویان لە کەمپە کاتییەکانی ئەدیس ئەبابا لە چاوەڕوانی پەڕجوویەکدا کۆکردەوە تا بیانهێنێتە ئیسرائیل و پەڕجوویەکەش ڕوویدا.

لە مانگی ئایاری ١٩٩١، حەوت ساڵ پاش ئۆپەراسیۆنی موسا، ئۆپەراسیۆنی سۆلۆمۆن(سلێمان) دەستی پێکرد و لە گەرمەی شەڕی ناوخۆ جێبەجێ کرا، کاتێک هێزە یاخییە بەرهەڵستکارەکانی سەرۆک مەنگیستۆ لە هەموو لایەکەوە بەرەو ئەدیس ئەبابا لە پێشڕەویدا بوون. جارێکی دی جۆرج بوش کە ئەوکات سەرۆکی ئەمریکا بوو بە هانای ئیسرائیل هات و لە ئەنجامی ناوبژیوانییەکەیدا چەند ڕۆژێک بەر لە کەوتنی مەنگیستۆ، ڕێککەوتنێک لە نێوان ئیسرائیل و سەرۆکی ڕژێمی ڕووخاو هاتە کایەوە و بەهۆی کارێکی نهێنیی و وردی ئوری لوبریانی لە وەزارەتی دەرەوەی ئیسرائیل بە سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی ئیسحاق شامیری سەرۆک وەزیرانەوە، کارەکە بووە ڕاستی.

بە پێی ڕێککەوتنەکە دەبوو ئیسرائیل لە بەرامبەر هێنانی جووەکان، ٣٥ ملیۆن دۆلار بە مەنگیستۆ بدات. لە کاتێکدا ئەمەریکا بەڵێنی بە مەنگیستۆ و ژمارەیەک لە ئەندامە باڵاکانی ڕژێمەکەیدا کە بە پەنابەری دیپلۆماسی وەریان دەگرێت. لەولاشەوە لە بەرامبەر بڕێک پارەدا سەرکردەی یاخیبووان بە ڕێگە نەگرتن لە پرۆسەکە و پابەندبوون بە ئاگربەست قایل بوون. ئەو ئاگربەستە لە لایەن هێزەکانی حکومەت و یاخیبووەکان کرابوو، تەنیا بۆ سی و چوار کاتژمێر

بـوو، بـۆیە پێویسـتبوو بەر لەوەی شـەڕ دەسـت پێبکـاتەوە، ئیسـرائیل خـێرا جووەکان لە وڵات دەرکاتە دەرەوە.

ئەرکەکە لە لایەن ئامون لیپکین شـاهاک، جێگـری سـەرۆک ئەرکـانی هێـزی بەرگـری ئیسـرائیل سەرپەرشـتی دەکـرا و لەو سـی و چـوار کـاتژمێرەدا بەرپرسـیارێتی هێنـانی پـازدە هەزار جـووی بـۆ ئیسـرائیل لە ئەسـتۆ بـوو. لە ڕێکخستنی ئەرکەکەدا شتێکی بێ وێنە کرا، چونکە ئیسـرائیل هەموو شـتێک کە بفڕیـا ڕەوانەی ئەدیـس ئەبابـای دەکـرد. کۆمپانیـای ئەل ئـال سـی فـڕۆکەی نەفەرهەڵگـر و هێـزی ئاسـمانیش ژمـارەیەک فـڕۆکەی کـارگۆی ڕەوانە کـرد، هەروەها سەدان سەرباز لە یەکەی جۆراوجۆرەوە کە هێزی پیـادە و شـاڵداگ و پەڕەشـوتوانانی لە خـۆدەگرت ڕەوانەی ئەدیـس ئەبابـا کـران بە مەبەسـتی ڕێکخسـتنی کـۆچبەران و هێناوەیـان بە فـڕۆکە، بە تـایبەتی ئەو سـەربازە ئیسوپیانەی لە ڕێـگەی ئۆپەراسـیۆنی موسـاوە هێنرابـوونە ئیسـرائیل و ببـوونە بەشێک لە هێزی بەرگری ئیسـرائیل. دیمەنی سەربازانی ئەسیوپیا بە جلـوبەرگی هێزی بەرگری ئیسـرائیل کە زۆر شانازیان بە کـڵاو و پۆسـتاڵی سـوور و لۆگـۆی سیلڤەری پەڕەشوتوانان دەکرد، ئەم دیمەنە جۆش و خرۆشـێکی گەورەی لەنـاو کـۆچبەرە نوێکـان دروسـت کـرد، تەنـانەت پەڕەشـوتوانە هەرە بە هێزەکـانی ئەسـیوپیا- ئیسـرائیل نەیـانتوانی ئەسرینەکانیـان ڕابگـرن، ئەو سـەربازانەی بـۆ دابینکردنی ئاسایشی فڕۆکەخانەکە بڵاوەیان پێکرابوو، جووەکانیان هێنـایە نـاو فڕۆکە کە کرابوونە دوو گرووپ و هەر یەکێکیان ناوێکی بۆ دانرابـوو و سـەرەتا ژمارەکان بە جلوبەرگیان چەسپ کرا، بەڵام دواتر لە نێوچەوانیـان درا. لە چەنـد کاتژمێرێکدا بە سەرپەرشتی شاهاک ١٤٤٠٠ جوو بە فڕۆکە هێنرانە ئیسـرائیل.

وەک بەشێک لە ئۆپەراسیۆنەکە، بۆینگ ٧٤٧ بە هەڵگرتنی ١٠٨٧ سەرنشین ڕیکـۆردی جیهـانی شـکاند. لە گەشـتەکەدا منـداڵێک تـازە لە دایکبـوو، کەواتە ١٠٨٨ کۆچبەر لە ئیسـرائیل دابەزین.

جوویکی زۆر هێشتا لە ئەسیوپیا ماونەتەوە و هەمیشە بە ئاواتن کۆچی ئیسرائیل بکەن. لە شەڕی "سەرکەوتن" جووانی ئەسیوپیا بەشێکی زۆریان لە پشتەوە مانەوە. لە ئیسرائیلیشدا جووانی ئەسیوپیا ناچاربوون زۆر تێبکۆشن تا لە کۆمەڵگەی ئیسرائیلیدا جێیان بێتەوە و وەک جوو بناسرێن و بە چاوی یەکسان لێیان بڕواندرێت تا لەگەڵ ئەو کۆمەڵگە نوێیە ڕابێن.

بێنی گانتز، دواتر سەرۆک ئەرکانی هێزی بەرگری ئیسرائیل

"لە کاتی خزمەتکردنم لە ڕیزی سوپادا بەشداریم لە ژمارەیەک ئەرک کردووە کە هەندێکیان ئۆپەراسیۆنی نهێنی بوون و زیاتر لە جارێک ژیانم لە مەترسیدابووە: لە ڕووبەڕوونەوەی تیرۆریستاندا لە دەستدانی هەڤالانم بینیووە کە لە تەکەمدا کوژراون، بەڵام لە هێنانی جووانی ئەسیوپیا بۆ ئیسرائیل کە وەک فەرماندەی شاڵداگ تێیدا بەشداربووم، لە ڕوانگەی نیشتیمانییەوە لە هەموو ئەو ئۆپەراسیۆنانەی بەشداریم کردووە گرنگتر بوو، چونکە ئەم ئەرکە بە واتای چەمکی نیشتیمانی گەلی ئیسرائیل بوو بۆ ئەو بیرۆکەیەی(زایۆنیزم) کە تۆ دەتوانی جێبەجێی بکەیت، نەخاسمە ئەو قارەمانێتیانە بۆ تاکە کەس نەبوو، بەڵکو بۆ وڵات بوون.

من کوڕی ڕزگاربوویێکی هۆڵۆکۆستم و لە کاتی هێنانەوەکەدا هەمیشە بیرم لەوە دەکردەوە، ئەگەر ئەوکات دەوڵەتی خۆمان هەبوایە؛ ڕەنگە شتەکان جودا بونایە و جووانی ئەوڕووپا چۆن سەیر دەکران؟ لە ئەسیوپیا درکم بەوە کرد کە دەوڵەتی ئیسرائیل شتگەلێکی مەزن و بەهێز دەکات.

یادەوەریەکم هەیە تا ئێستا هەڵم گرتووە: لە تاریکیدا دابەزین و فڕۆکەکەمان جێهێشت کە وەک دڕندەیەکی ترسناک وابوو، گەیشتینە لای ئەو خەڵکەی لەسەر زەوی دانیشتبوون و بەتانی لە خۆیان پێچابوو، لە باوەشی

خۆمان ئەوانمان هێنایە ناو فڕۆکە و دەرگاکە داخرا و فڕی، فڕۆکەوانەکان گڵۆپەکانیان هەڵکرد و ئەوانیش زەق زەق بە ترسەوە سەیری ئێمەیان دەکرد و قسە کردن لەگەڵیاندا مەحاڵ بوو.

ئەو شتەی لە کاتی ئۆپەراسیۆنەکە زۆر لێی بێزاربووم، ئەو ساتە بوو کاتێک یەکەم کاروانی کۆچبەران لە فڕۆکەخانە هاتنە لامان و لەنکاو ژمارەیەکم بینی کە لە نێوچەوانیانەوە درابوو، ئەوە شێت و هاری کردم و داوام کرد هەر ئێستا ئەو ژمارانە فڕێ بدەن.

چاوم بە گۆرانیبێژێکی تیمی سەربازی کەوت بەر لەوەی گۆرانییە نیشتیمانییەکان بچڕێت، پێی گوتم: لە کاتی ئۆپەراسیۆنی سۆلۆمۆندا منداڵ بووە."